حکومــەتی هەرێمـــــــی کــــــــوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکـــــۆی سۆران – فاکـــەڵتیی ئـــاداب

# جوانیناسیی ئافرەت لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا

تێزێکە

## ڕزگـــار عومـــەر فـــەتاح

پێشکەشی  فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆرانی کردووە, بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە ئەدەبی کوردیدا

بە سەرپەرشتیی:

## پ. د. یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین

٢٠٢٢ زایینی    ٢٧٢٢ کوردی    ١٤٤٣ کۆچی

قال رسول الله (ص)

إن الله جميل يحب الجمال

(الفريدي,١٤٣٦هـ :١٧)

## پشتگیری

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی "جوانیناسیی ئافرەت لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە"دایە، قوتابی دکتۆرا "ڕزگار عومەر فەتاح" بە سەرپەرشتیی من لە بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە ئەدەبی کوردیدا.

**واژو**

**پ. د. یادگار ڕەسوول حەمەدەمین**

**ڕێکەوت: / /٢٠٢٢**

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ. ی. د.**
**سەرۆکـــی لیژنـــەی زانستی**
**لە بەشـــی زمـــــانی کـوردی**
**ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢**

## بڕیاری لیژنەی تاوتویکردن و هەڵسەنگاندن:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری تێزەکە کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ ببەخشرێت.

ناو: پ.د. پەخشان سابیر حەمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

ناو: پ. ی. د. هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور
ئەندام
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

ناو:پ.ی.د.دەریا جەمال حەویزی
ئەندام
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د. نیعمەتوڵا حامد نهێلی
ئەندام
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د سافیە محەمەد ئەحمەد
ئەندام
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

ناو: پ. د. یادگار ڕەسول حەمەدەمین
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی ئادابەوە پەسەندکرا.

د. کارمەند عەبدوڵا حەمەد
ڕاگری فاکەڵتیی ئـــاداب
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە:**

- بە گیانی پاکی دایک و باوکی ئازیزم، کە تاکو دوا هەناسەی ژیانیان، بە بێ وچان و بە بەردەوامی لە خەمی من دابوون و منییان بەو ڕۆژە گەیاند.

_ بە هاوسەری ژیانم (ڕۆژگار)، کە زەحمەتی و شەونخوونیی زۆری لەگەڵدا کێشام.

_ بە خوشک و برا ئازیزەکانم و هاوسەر و منداڵەکانیان.

_ بە کوڕی شیرینم ڕۆسۆ و هاوسەرەکەی بەهرە.

_ بە جگەر گۆشەکانم ڕاڤین و ڕاسان و ڕۆزا. کە لەماوەی خوێندنی دکتۆراکەمدا بەپێی پێویست نەمتوانی خزمەتییان بکەم،

_ بە شاعیری جوانیناس و مەزن قوبادی جەلیزادە.

_ بە هەموو ئەوانەی ئەگەر بە وشەیەکیش بێ هاوکارییان کردووم.

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ:

_ مامۆستای سەرپەرشتم (پ. د.  یادگار ڕەسوول حەمەدەمین) کە زۆر بە دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە وردەکانی کار ئاسانی بۆ کردم.

_ سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران و ڕاگرایەتیی فاکەڵتی ئاداب و  سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی  کە لە ماوەی خویندنەکەمدا  هاوکارییان کردووم.

_  هەریەکە لە زانکۆی کۆیە و ڕاپەڕین، کە هەلی خویندنی دکتۆرایان  بۆ ڕەخساندم.

_ هەموو ئەو مامۆستا ئازیزانەی لە ماوەی خویندنی دکتۆرادا  دڵسۆزانە و بە بێ ماندوو بوون،  بە بیری ورد و ڕینماییە بەسوودەکانیان بەهرەمەندیان کردین.

_ شاعیری جوانی و هەست ناسک قوبادی جەلیزادە کە سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی خستە بەردەستم.

_ هەموو ئەو بەڕێزانەی لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیاری پێویست یارمەتیان دام.

_ کارمەندانی کتێبخانەکانی ناوەندی لە زانکۆکانی کۆیە و سۆران و  هەولێر و سلێمانی.

## هێما و کورتکراوەکان

کورتکراوەکانی زمانی کوردی:

چ : چاپ

ژ: ژمارە

گ: گۆڤار

ڕ: ڕۆژنامە

ل: لاپەرە

و: وەرگێڕان

ب: بەرگ

د: دکتۆر

پ: پڕۆفیسۆر

ئا: ئامادەکردنی

س. پ: سەرچاوەی پێشوو

**کورتکراوەکانی زمانی عەرەبی:**

ت: ترجمة

د. ت: دون تاریخ

ع : عدد

ص: صفحه

ط: طبعة

ن.م : نفس مصدر

م : مجلة

# پێرستی ناوەڕۆک


| بـــــــــــابـــــەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | ١ |
| **دەروازە** | ٤ |
| **بەشی یەکەم: سەرەتایەک بۆ ناساندنی جوانیناسی_ئیستاتیکی------** | ٨ |
| .١ سەرەتا | ٩ |
| ١,١ زاراوە و چەمک و پێناسەی جوانیناسی | ٩ |
| ١,١,١ ئەدەبیات و جوانیی ئافرەت | ٢٠ |
| ٢,١,١ جوانی لە ڕێڕەوی مێژوودا | ٢٢ |
| ٢,١ بنچینەکانی جوانی | ٣٤ |
| ١,٢,١ بنچینەی سوودبەخشین | ٣٤ |
| ٢,٢,١ بنچینەی فێرکردن | ٣٥ |
| ٣,٢,١ بنچینەی ڕەوشتی | ٣٦ |
| ٤,٢,١ بنچینەی مێژوویی | ٣٨ |
| ٥,٢,١ بنچینەی دەروونی | ٣٩ |
| ٦,٢,١ بنچینەی کۆمەڵایەتی | ٤٢ |
| ٧,٢,١ بنچینەی ڕۆشنبیری | ٤٣ |
| ٣,١ کێشەکانی جوانی و پێوەر و سیماکانی | ٤٨ |
| ١,٣,١ کێشەکانی چێژی جوانی | ٥٠ |
| ٢,٣,١ کێشەکانی بەرهەمی هونەری | ٥٤ |
| ٣,٣,١ کێشەکانی جوانی و هەق و چاکە | ٥٩ |
| ٤,٣,١ کێشەکانی جوانی و هەستەکان و فسیۆلۆجیا | ٦١ |
| ٥,٣,١ پێوەر و سیماکانی دیاریکردنی جوانیی ئافرەت و چێژ و خۆشی | ٦٥ |
| ٦,٣,١ پێویستیە ڕۆحییەکان | ٦٧ |

| | |
|---|---|
| ٧,٣,١ جواني وەک خەسڵەتێکی ڕووکەشی و دەرەکی | ٧٠ |
| ٨,٣,١ پەیوەندییە تایبەتیەکان بەبابەتەوە | ٧١ |
| ٩,٣,١ باری دەروونیی چێژ و جوانیی دەق | ٧٤ |
| ١٠,٣,١ جوانیی ڕەها | ٧٦ |
| **بەشی دووەم: کاریگەری و بنەماکانی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا** | ٨١ |
| ٢. سەرەتا | ٨٢ |
| ١,٢ ئافرەت و چێژ و خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا | ٨٢ |
| ١,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی و خۆشەویستی و ڕۆمانسییەت | ٨٦ |
| ٢,١,٢ کاریگەری ئافرەت لە سەر ئارامی دەروونی | ١٠١ |
| ٣,١,٢ ڕەنگدانەوەی خۆشیی جوانی لە شیعرە کانی شاعیردا | ١١٠ |
| ١,٣,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و شادی و ڕوحی و هزری | ١١٣ |
| ٢,٣,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی خێر و چاکە | ١١٦ |
| ٣,٣,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و نەمری | ١٢١ |
| ٢,٢ جوانیی ئافرەت و کاریگەری هەستەکان لە شیعرەکانی جەلیزادەدا | ١٢٤ |
| ١,٢,٢ کاریگەری هەستگۆڕکێ لە شیعرەکانی شاعیردا | ١٢٤ |
| ٢,٢,٢ جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا | ١٢٨ |
| ٣,٢,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆرکێی بینین لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا | ١٣٠ |
| ٤,٢,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا | ١٤٤ |
| ٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستە نزمەکان لە شیعرەکانی شاعیردا | ١٥٤ |
| ١,٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بۆنکردن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا | ١٥٤ |
| ٢,٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا | ١٦١ |
| ٣,٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا | ١٦٧ |
| **بەشی سێیەم: جوانیی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا** | ١٧٤ |
| ٣. سەرەتا | ١٧٥ |
| ١,٣ جوانیی ناوەوە (ناوەڕۆک) | ١٧٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣,١,١ | ئافرەت و ژیان | ١٧٧ |
| ٣,١,٢ | ئافرەت وەک مرۆڤ و دایک, خوشک, هاوسەر، کچ، یار، دڵبەر | ١٨٠ |
| ٣,١,٣ | ئافرەت وەک تاک | ١٩٤ |
| ٣,١,٤ | ئافرەت وەک نیوەی کۆمەڵگە | ١٩٧ |
| ٣,١,٥ | ئافرەت وەک ئازار شکێن | ٢٠٢ |
| ٣,٢ | جوانیی جەستە (ڕوخسار) | ٢٠٥ |
| ٣,٢,١ | جەستەی ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و جوانی | ٢٦٠ |
| ٣,٢,٢ | جەستەی ئافرەت وەک کەرەستەی سێکسی | ٢٦٣ |
| ٣,٢,٣ | جەستەی ئافرەت وەک تێرکەری سێکسی | ٢٦٩ |
| ٣,٣ | ڕەهەندەکانی جوانیی ئافرەت: | ٢٨٠ |
| ٣,٣,١ | ئافرەت و بیری ئازادی | ٢٨١ |
| ٣,٣,٢ | ئافرەت و خاک و نیشتمان و نەتەوە | ٢٨٩ |
| ٣,٣,٣ | ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانیی سروشت | ٢٩٣ |
| ٤. | **ئەنجام** | ٣٠٧ |
| | **لیستی سەرچاوەکان** | ٣١٠ |
| | **پوختەی لێکۆلینەوە بە زمانی عەربی** | ٣٢٩ |
| | **پوختەی لیکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی** | ٣٣١ |

## پێرستی هێڵکاری و خشتە و چارتەکان


| ژمارەی هێڵکاری، خـشتە، چارت | ناونیشانی هێڵکــاری یان خشتە و چارت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | چەمکی جوانی لە لای بیرمەند و فەیلەسوفەکان | ١٩ |
| ٢ | جوانیناسی لە ڕێڕەوی مێژوودا | ٣٢ |
| ٣ | بنچینەکانی جوانیناسی | ٤٧ |
| ٤ | کێشەکانی جوانیناسی | ٦٤ |
| ٥ | پێوەر و سیماکانی جوانیناسیی ئافرەت | ٨٠ |
| ٦ | چێژی جوانیی ئافرەت | ٨٥ |
| ٧ | جەلیزادە پێش ناسین و خۆشەویستیی ئافرەت | ٨٨ |
| ٨ | جەلیزادە لە پاڵ جوانیی ئافرەت و بەبێ جوانیی ئافرەت | ١٠٤ |
| ٩ | جەلیزادە یەکسانە بە نیشتمانە زەلیلەکەی | ١٠٦ |
| ١٠ | خۆشی و جوانیی ئافرەت | ١١٢ |
| ١١ | جەلیزادە لە ژێر چاوی ئافرەت و دوور لە چاوی ئافرەت | ١٢٠ |
| ١٢ | ئافرەت و چێژی خۆشی جوانی | ١٢٣ |
| ١٣ | هەستەکانی مرۆڤ | ١٢٧ |
| ١٤ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بینین | ١٣٣ |
| ١٥ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن | ١٤٥ |
| ١٦ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بۆنکردن | ١٥٥ |
| ١٧ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی چەشتن | ١٦١ |
| ١٨ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بەرکەوتن | ١٦٧ |
| ١٩ | پێگە و ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت | ١٨٠ |
| ٢٠ | مرۆڤبوونی ئافرەت | ١٨٢ |
| ٢١ | تێڕوانینی هەر یەکە لە جەلیزادە و هاوسەرکەی | ١٨٨ |
| **خشتە/١** | لێکچوون و لێکنەچوونی پیاو و ژن | ١٩٤ |
| ٢٢ | جەلیزادە ئەگەر ئافرەتی لێ زیندان بکەن | ١٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | ڕۆڵی یار | ٢٠٤ |
| ٢٤ | پێگە و کاریگەریی مەمک | ٢٣٥ |
| ٢٥ | جەستەی ئافرەت | ٢٨٠ |
| ٢٦ | کچ پێش بوون و پاش بوونی بە پێشمەرگە | ٢٩٢ |
| **خشتە/٢** | **سەرجەمی گشتی وشە سەرەکییەکانی کۆنتێکستی جوانیی ئافرەت لە کۆی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا** | ٣٠٣ |
| **خشتە/٣** | **سەرجەمی گشتی وشە سەرەکییەکانی جوانیی ئافرەت، لە کۆی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا** | ٣٠٤ |
| **چارت** | **ڕێژەی سەدی وشە سەرەکییەکانی جوانیی ئافرەت لەکۆی شیعرەکانی جەلیزادەدا** | ٣٠٥ |

## پێشەکی

جوانیناسی لقێکە لە فەلسەفە، زادەی بیر و هزری مرۆڤە و بەرهەمی فیکری چەندین ساڵەی دوورودرێژی مرۆڤایەتییە، کە بەردەوام جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە و پێگەیەکی بەرز و بەهێز و کاریگەر و فراوانی لە ژیانی تایبەتیی مرۆڤدا هەبووە. بۆیە مرۆڤایەتی بەردەوام لەگەڵ جوانیدا و لەپێناو جوانیدا ژیاوە و هەمیشە وێڵ و شەیدای جوانی بووە و ویستوویەتی بزانێت جوانی چییە و چۆنە و لە چەمکی جوانی و سیحری جوانی تێبگات.

جوانیناسی و کایەکانی فەلسەفە لە بابەتی بوون و مەعریفە, بەهاناسی دا چڕ بۆتەوە و کاریگەرییەکی بەهێزیشی لە بوارەکانی عیرفان و فەلسەفەی ژیانی مرۆڤدا هەیە. کەواتە بۆ ئەوەی لە چییەتی جوانیناسی و چەمکی جوانیناسی تێبگەین، هەوڵمانداوە بەها و بنەما و پێکهاتەکانی جوانیناسی بناسین، تا بتوانین درک بە چێژ و خۆشیی جوانی یان بە پێچەوانەوە ناحەزی و ناشیرینی و ئازاربەخشیی شتەکان بکەین.

مرۆڤ دەشێ لە ڕێگای هەموو هەستە جۆراوجۆرەکانیەوە، نەک چەند هەستێکەوە چێژ و خۆشی تەواوەتی وەربگرێت. بۆیە کۆکردنەوەی هەموو هەستەکان بەسەریەکەوە و ڕێکخستن و لێکدانیان بەشێوەیەکی کۆدەست تاکە پێوەر و هەڵسەنگاندنە بۆ دەرخستنی حەقیقەتی جوانی. هەرچەندە هەندێک لە بیرمەندان پێیان وایە کە لەم جیهانی مەجازیەدا کۆکردنەوەی هەموو هەستەکان بەسەریەکەوە بەشێوەی  هەموویی و تەواوەتی کارێکی وا ئاسان نییە، بۆیە لەودیو جوانییە پارچەپارچەکراوەکاندا جوانییەکی تەواو و ڕەها هەیە، لەبەرئەوە هەرگیز بەبێ کۆکردنەوەی هەموو ئەم هەستانە ناتوانین جوانیی ڕاستەقینە بەدی بکەین، چونکە جوانیی ڕاستەقینە لەو جێگایەیە کە هەموو جوانییەکانی تێدا کۆکرابێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەکە لە هەستەکان بەشێک لە جوانییەکان نەک هەمووی پێشان دەدات، لە بەرئەوەی هەموو هەستەکان بەسەریەکەوە دەتوانن سەرجەمی جوانییەکی ڕەها و تەواو بخەنە ڕوو.

لە ڕاستیدا پرسی جوانی پێگەیەکی بەرزی لە نێو کایەکانی فەلسەفە و بوارە جیاوازەکانی ژیان و لە دید و هزری فەیلەسووفان و بیرمەندان و شاعیران و نووسەران و هونەرمەنداندا بەگشتی، لەلای جەلیزادەدا بەتایبەتی هەیە و کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. بە سەرچاوەیەکی گرنگی داهێنان و گۆڕانگاری  و جوداکاریش لەم ڕووەوە دانراوە.

## ناونیشانی تێزەکە:

ئەم تێزە کە بەناونیشانی (جوانیناسیی ئافرەت لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە)دا، دەرفەت و هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و تیشک خستنە سەر جوانیناسیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا، بۆ ئەوەی بتوانین لەم گۆشەنیگایەوە پایە و ئاستەکانی بنەماکانی جوانیناسی لەلای ئەم شاعیرەدا بخەینە ڕوو.

## هۆکار و گرنگی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

خودی جوانیناسی وەک بابەت، جیهانێکی فراوان و پڕ واتا و فەلسەفییە و زیاتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێ و چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، بە تایبەتیش جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیرێکی وەک جەلیزادەدا، بۆیە گرنگی و بایەخی ئەم بابەتەمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بینیوە کە ئەمانەن:-

١_ جوانیی ئافرەت و ڕەهەندە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی کاریگەرییەکی مەزن و سەرسوڕهێنەری لە سەر زیندوویەتی و نەمری دەقی شیعری و لایەنی ئیستاتیکییەتی شیعری هەیە, بەتایبەتیش لە شیعرەکانی شاعیردا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ لە بەردەم واتای دەق و داهێنان و جوانکاری دەق.

٢_ لیکۆڵینەوە لە جیهانی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا پێوەرێکی گرنگە بۆ دیاری کردنی ئاست و پایەکانی شیعری نوێی کوردی بە گشتی و شیعرەکانی شاعیر بە تایبەتی لە ڕووی داهێنان و گۆڕانکاری و جوداکارییەوە.

## ئامانجی تێزەکە:

ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەم تێزەدا، بەدەرخستنی چەندین باس و بابەتی شاراوەیە دەربارەی جوانیی ئافرەت و فەلسەفەی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا، کە بەپێی پێویست و لەئاستیکی بەرزدا و بەشێوەیەکی ئەکادیمی لای لێ نەکراوەتەوە.

## سنوور و چوارچێوەی تێزەکە:

سنووری ئەم تێزە لە بازنەی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا دەخولێتەوە و هەموو نموونەکانیش لە نێودەقە شیعرییەکانی شاعیردا خراونەتەڕوو.

## گیروگرفتی تێزەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ خستنەڕووی ئەو گیروگرفتانەی لەچوارچێوەی جوانیی ئافرەت و فەلسەفەی جوانی و بنچینەکانی جوانی و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی جوانی بۆتەوە، وەک کێشەکانی چێژی جوانی و بەرهەمی هونەری چین؟ یان کێشەکانی جوانی قورس و جوانیناسیی هەق و چاکە و جوانیناسیی هەستەکان کامانەن؟ کە لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە و بۆتە هۆی دیاریکردنی ئاستی جوانیناسی و پلەی شیعریەتی شاعیر لە لایەکەوە، پێگەی جوانیناسیی شیعری نوێی کوردی لە لایەکی دیکەوە.جگە لە هەندێ کێشە و گیروگرفتی دیکە، وەک کەمی سەرچاوەی تازە بە زمانی کوردی.

## میتۆدلۆژی و پێکهاتەی تێزەکە:

لە نووسینی ئەم تێزەدا بەپێی پێویستی لایەنە زانستی و هونەرییەکانی  و ڕەچاوکردنی شێوازی کارەکە، ڕێبازەکانی شیکاری، وەسفی، ئاماریمان  پەیڕەو کردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. سەرەتا لە بەشی یەکەمدا وەک دەروازەیەکی تیۆری باسمان لە چییەتیی جوانیناسیی و فەلسەفەی جوانی کردووە و لەڕووی تیۆرییەوە چەمک و بنچینە و تایبەتمەندییەکانیمان ڕوون کردۆتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر بیروبۆچوونی زانایان و نووسەرانمان، وەکو بنەمای سەرەکی وەرگرتووە، ئەگەرچی لە دەرخستنی ڕەهەندە مێژووییەکەی جەختمان خستۆتە سەر ئەو بیرمەندانەی کە بەم بابەتە کاریگەر بوونە و لەم بارەیەوە دوواون.

دواتریش لە بەشی دووەمدا، هەوڵمان داوە ئەو بنەما و تێگەیشتنەی کە لە مێتۆدی جوانیناسیی ئافرەت و فەلسەفەی جوانی دا هەیە، پراکتیزەی بکەین و شیعرەکانی جەلیزادەی پێ بخوێنینەوە. کە خۆی لە چێژ و خۆشی دەقی شیعری بەپێی هەستەکان  دۆزیتەوە. لەم ڕوانگەوە ئەوەندەی کرابێ هەموو ئەو هونەر و ئاماژانەمان لە بەرچاو گرتووە، کە لە ڕێگەیانەوە توانیمان وەک بەشێک لە کاریگەرییەکانی جوانیی ئافرەت بیانبینین.

بەڵام لە بەشی سێیەمدا زیاتر کارمان لە سەر ئەو بنەما و سەرچاوانەی جوانیناسیی شیعرەکانی جەلیزادە کردووە، کە لە جوانیی ئافرەت دا، لە هەردوو لایەنی دەرەوە و ناوەوەدا چڕبۆتەوە و ئاستێکی بەرز و بەهێز و کاریگەری لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە.

## دەروازە

### یەکەم: جوانیی ئافرەت:

هەموو ئەو شتانەی لە سروشتدا هەن و بەر هەستەکانی مرۆڤ کەوتوون، کەم تا زۆر کاریگەریان لە سەر هزر و ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤ دروستکردووە، بەشێوەیەک وای لێ کردووە زۆرجار هەستی سەرسام بوون بە شتەکان بەتایبەتیش شتە جوان و سەرنجڕاکێشەکان لە لای دروست بێت و بەند و گیرۆدەی بکات، تا ئەو ڕادەیەی لە بۆتەی حەز و خۆشەویستیی جوانیدا بتوێتەوە، هەر ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی جوانیناسی بێنێتە کایەوە، لە دەرئەنجامیشدا وەک زانستێکی تایبەتمەند و سەربەخۆ و فەلسەفی خۆی بنوێنێ. بێگومان هەستی جوانی و ڕامان و تێگەیشتن و لێکدانەوەی جوانی و جیهانبینی مرۆڤ لە گۆشەنیگای جوانییەوە، ژێدەری فەلسەفەی جوانی و هونەر بووە، کە هەر لە سەرەتاوە هاوشانی مرۆڤایەتی بووە و لەگەڵیدا گەشەی کردووە و هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە، تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ.

تا ڕادەیەکی زۆر ڕێژە و ئاستی جوانیناسی شتە بەرهەستەکان وا بەستەیە بە ڕەنگدانەوەی ژمارەی هەستەکان و ئاستی توانا و زەوق و سەلیقە و ئەزموون و باکگراوندی ڕۆشنبیری و جیهانبینی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان لە داڕشتنی بەرهەمەکانیاندا لە لایەکەوە، لە هەمان کاتدا توانای هزری و کاریگەری و تێگەیشتنی پەیاموەرگر لە لایەکی دیکەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، تاوەکو بتوانین بەم هۆیانەوە بڕیار لە سەر جوانی و ناشیرینی شتەکان بدەین. وێڕای ئەمانەش زۆربەی جار ئەو ژینگە و توانا و کایە هونەرییەی بەرهەمەکەی تێدا لە دایک بووە، کاریگەرییەکی مەزنی لە سەر جوانیی بەرهەمەکەدا بەرجەستە کردووە.

لە ڕووی بابەتیەوە، شتەکان لە خودی خۆیاندا جوانن، بێ ئەوەی مرۆڤ شتەکان بە جوان بزانێت و سیفەتی جوانییان پێ ببەخشێت. بەو واتایەی جوانی لە شتەکاندا بوونێکی سەربەخۆ و بابەتی هەیە، پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە نییە، لە بەرامبەردا لە ڕوانگەی خودییەوە جوانیی شتەکان تەنها بە خودی شتەکەوە وابەستە نییە. بۆیە هیچ شتێک لە خودی خۆیدا جوانییەکی بێ هاوتا و ڕەهای نییە، بەڵکو زیاتر بە کەسی سەرنج لێدەرەوە بەستراوەتەوە، واتە لە پاڵ جوانیی یەکەمی شتەکەدا کەسەکە ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی جوانی و ناشیرینی شتەکاندا بینیوە و جوانی و ناشیرینی شتەکانی دیاری کردووە، هەر بەم

پێوەر و پێوانەیەش بەهای  جوانی بە پێی کات و شوێن و ژینگە و بارودۆخ و ڕادەی حەز و ئارەزوو  و خواست و پێویستی بۆ شتەکە و تێڕوانین و ڕەوشی ژیانی کەسەکەوە گۆڕاوە. لە ڕاستیدا بابەتی جوانی هەر لە کۆنەوە پانتایەکی بەرینی لە نێو کایەکانی فەلسەفە و شیعر و ئەدەبیاتدا هەبووە و کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. دیارە ئەگەر ئەم ڕەنگدانەوەیە لە لای فەیلەسووف و ئایدیۆلۆژیەکان بەشێوەیەکی لۆژیکانە وێنا کرابێت، ئەوا لە لای شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دا  لە چوارچێوەی خەون و خەیاڵ دا خولاوەتەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ کردووە. جوانیناسیش یەکێکە لەو بابەتە فەلسەفیانەی کە کاریگەرییەکی گەورە و فراوانی لە بواری هونەری و شیعر و ئەدەبیاتدا هەبووە و هەیە. بە سەرچاوەیەکی  گرینگی داهێنان و گۆڕانگاری لەم ڕووەوە داندراوە، بەتایبەتیش لە بواری شیعریدا پاڵنەرێکی بەهێزی بەهرە و ئەفراندن و تازگەری بووە.

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی بە شێوازێکی ڕۆمانسی و جوانبینی بۆ خۆشەویستی و میهرەبانی ئافرەتی نووسیوە و ئافرەتی وەک  ڕەمزی جوانی و ئەویندارى و دەریای هەست و سۆز و وەفاداری  بینیوە. شاعیر خاوەنی زەوق و سەلیقە و ئەزموونێکی قووڵ و فراوانە و تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی داهێنان و تازەگەری لەمبارەیەوە بکات، بۆیە حەمەسەعید حەسەن لەمباریەوە دەڵێ: " من داوای ئەوە ناکەم شاعیرانی تر لاسایی ئەو بکەنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە کاروانی شیعری جێ نەمێنن، هەق وایە سعاتی شیعریان لەگەڵ سعاتی شیعری قوبادی جەلیزادە میقات بکەن، هەر لە سۆنگەی ئەوەوە نا  شیعر بە کامێرا دەنووسێت، لە بەرئەوەش لە دونیای شیعردا  خاوەنی نیشتمانی خۆیەتی'' (جەلیزادە،١٤:٢٠٢١).

## دووەم: پێشینەی بابەتی تێزەکە:

وێڕای هەبوونی چەند کارێکی ئەدەبی و ئەکادیمی سەبارەت بە شیعرەکانی جەلیزادە. لە گۆشەنیگای جیاوازەوە. بەڵام  بەها و پێگە و کاریگەری و زیندوویەتی شیعرەکانی شاعیر لە لایەکەوە و لە دایک بوونی بەرهەمی نوێ و بەچاپ گەیاندنی چەندەها دیوانی دیکە و زۆری و گەورەیی قەبارەی بەرهەمەکانی لە لایەکی دیکەوە، وای کردووە کە پێویستی بە کاری گەورەتر و فراوانتر و  جیاوازتر و تازەتر هەبێت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو بۆ ئەوەی لە سنوورێکی گشتگیر و بەرین و جیاواز و تازەدا  کار لە سەر  جوانیناسیی ئافرەت لە کۆی بەرهەمەکانی شاعیردا بکەین. کە خۆی لە دە (١٠) دیوانی شیعریدا  دەدۆزێتەوە کە لە خستنەڕووی  ژیان  و بەرهەمەکانیدا ئاماژەم پی کردوون. کە هەندێک لەم دیوانانە لە (٧٥٠)

لاپەڕە زیاترن، ئەمەش کارێکی زۆر سەخت و دژوارە. هەرچەندە  پێشتر  چەندەها کاری زۆر جوان و باش کراون لەم بارەیەوە، بەڵام زۆربەیان سەبارەت بە  چەند بابەتێکی زۆر دیاریکراو و سنووردار بووە و لەم کار و ڕوانگەی ئێمەوە جیاوازە، بۆ نموونە وەک ئەم کار و بەرهەمانەی خوارەوە:

_ حەویزی، دەریا(٢٠٠٨)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی. ئەم نامەیە زیاتر لە چوارچێوەی وێنەی ڕوونبیژی و هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا چڕبۆتەوە و تەنها کاری لە سەر دیوانی شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات کردووە، کە ئاماژەمان پێکردووە.
_ ساڵح، ڕێزان(٢٠١٣)، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی. ئەم نامەیە بەرهەمێکی بەراوردکارییە و دەربارەی پێگەی ئافرەتە لە لای هەریەکە لە جەلیزادە و نەزار قەبانیدا. ئەمەشیان بەشێوەیەکی گشتی تەنها کاری لەسەر دوو دیوان کردووە. کە ئەمانەن: ١_ دیوانی شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات. ٢_  دیوانی باخچەکانی مەلەک تاوس.

-_ موکریانی، کوردستان(٢٠٢٠)، وێنەی ڕەگەزی مێ لە دیوانی ژنێک لە جنسی باران، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی. ئەم کتێبە دەربارەی ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەتە لە وێنەی شیعریدا و لە کۆی دە دیواندا  تەنها لە یەک دیواندا کاری کردووە، کە ئەویش دیوانی ژنێک لە جنسی بارانە، لێرەدا نووسەر بە شێوەیەکی گشتی تیشکی خستۆتە سەر ڕەگەزی مێ و لە چوارچێوەی وێنەی شیعریدا  لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ کردووە.

-جگە لەم کارانە چەند نووسەرێکی دیکەش لێرە و لەوێ توێژینەوە و وتاریان دەربارەی شیعرەکانی شاعیر نووسیوە، یان لە بەرهەمەکانیاندا ئاماژەیان بە ڕۆڵ پێگەی شیعرەکانی شاعیر کردووە. بەڵام من تەنها ئاماژەم بەنامەی ئەکادیمی و کتێب کردووە.

## سێیەم: کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی قوبادی جەلیزادە:

قوبادی جەلیزادە یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی هاوچەرخی کوردی" لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کۆیەی ئەدەب و هونەر لە دایک بووە. لە ساڵانی ١٩٧٦_-١٩٧٧ کۆلیژی یاسای لە شاری بەغدا تەواو کردووە"(حەوێزی، ٢٠٠٩: ٣٠). لە هەندێک لە شارەکانی کوردستان

دادوەر بووە. چەندەها دیوانە شیعری بڵاوکردۆتەوە، کە بەشی هەرە زۆرییان لە چوارچێوەی بابەتی جوانیی ئافرەتدا چڕ بۆتەوە. وەک:

١_ شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات، ٢٠٠٧، چ ٢، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر. کە ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی لە خۆ گرتووە:

_ قەڵەمێکی ڕدێن سپی.

_تەمتومان.

_ سێدارەکانی بەهەشت.

_ هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست.

٢ _ باخچەکانی مەلەک تاوس، ٢٠١٢، چ١، دەزگای چاپ و بەخشی حەمدی، سلێمانی، ئەم کۆمەڵە بەرهەمەی لە خۆ گرتووە:

_ ڤان ئیرۆتیک.

_ خۆر لە ناو پەرداخێکی شکاودا.

_ ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە.

٣_ هایکۆکانی قوباد، ٢٠١٧، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٤_ بەردێک دەگرمە کیسەڵێک، ٢٠١٨، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٥_ کۆڵانە شینەکانی منداڵی، ٢٠١٨، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٦_ حصة العصافیر، ٢٠١٨، ط١، مطبعة پیرەمێرد، سلێمانی.

٧_ ژنێک لە جنسی باران، ٢٠١٩، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، کە ئەم بەرهەمانەی لە خۆ گرتووە: _ چاکەتێک لە کۆنە دەکرم. _ با لە سەر کۆلانەکەتانا دانیشتووە. _هایکۆکانی قوباد. _ ڕیتمێکی تر.

٨_ تیپی مۆسیقای خەرتەلە، ٢٠٢٠، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٩_ زمانی دادگاکان، ٢٠٢٠، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

١٠_ ئەو خودایەی دایکم خۆشی دەویست، ٢٠٢١، چ١، چاپخانەی تاران.

١١_ لە گەڕەکی باڵندانە ماڵەکەم، ٢٠٢١، چ١، چاپخانەی تاران.

## بەشی یەکەم: سەرەتایەک بۆ ناساندنی جوانیناسی_ئیستاتیکا


| | |
|---|---|
| ١,١ | زاراوە و چەمک و پێناسەی جوانیناسی |
| ١,١,١ | ئەدەبیات و جوانیی ئافرەت |
| ٢,١,١ | جوانی لە ڕێڕەوی مێژوودا |
| ٢,١ | بنچینەکانی جوانی |
| ١,٢,١ | بنچینەی سوودبەخشین |
| ٢,٢,١ | بنچینەی فێرکردن |
| ٣,٢,١ | بنچینەی ڕەوشتی |
| ٤,٢,١ | بنچینەی مێژوویی |
| ٥,٢,١ | بنچینەی دەروونی |
| ٦,٢,١ | بنچینەی کۆمەڵایەتی |
| ٧,٢,١ | بنچینەی ڕۆشنبیری |
| ٣,١ | کێشەکانی جوانی و پێوەر و سیماکانی دیاریکردنی جوانیی ئافرەت |
| ١,٣,١ | کێشەکانی چێژی جوانی |
| ٢,٣,١ | کێشەکانی بەرهەمی هونەری |
| ٣,٣,١ | جوانی و هەق و چاکە |
| ٤,٣,١ | کێشەکانی جوانی و هەستەکان و فسیۆلۆجیا |
| ٥,٣,١ | پێوەر و سیماکانی دیاریکردنی جوانیی ئافرەت و چێژ و خۆشی |
| ٦,٣,١ | پێویستیە ڕۆحییەکان |
| ٧,٣,١ | جوانی وەک خەسڵەتێکی ڕووکەشی و دەرەکی |
| ٨,٣,١ | پەیوەندییە تایبەتیەکان بەبابەتەوە |
| ٩,٣,١ | باری دەروونیی چێژ و جوانیی دەق |
| ١٠,٣,١ | جوانیی ڕەها |

## بەشی یەکەم: سەرەتایەک بۆ ناساندنی جوانیناسی _ ئیستاتیکا

### ١. سەرەتا

لەم بەشەدا هەوڵمانداوە، بەپێی پێویستی بابەتەکە لە گۆشەنیگای جوانیناسی و فەلسەفەی جوانییەوە، بە شێوەیەکی تیۆری باسی زاراوە و چەمک و پێناسەی جوانیناسی بکەین و مێژوو و بنچینە و تایبەتمەندییەکانی بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی زیاتر بنەما و بەها و پێکهاتەکانی جوانیناسیی بناسین، تاوەکو بەم هۆیەوە بتوانین ئاست و پایەکانی جوانیناسیی ئافرەت دیاری بکەین.

### ١,١ زاراوە و چەمک و پێناسەی جوانیناسی:

_ **زاراوە:** ئەگەر لە گۆشەنیگای مێژووییەوە بڕوانینە زاراوەی ئیستاتیکا، یان جوانیناسی و فەلسەفەی جوانی، ئەوا ڕەسەنایەتیی ئەم زاراوەیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ و فراوان و ڕەهەندێکی فەلسەفی لە خۆ گرتووە و بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین''ئیستاتیکا بە یەکێک لە لقەکانی فەلسەفە هەژماردەکرێت، کە بە سروشتی جوانی و چێژ و فەلسەفەی هونەرەوە پەیوەستە'' (Thomas Munro,1986: 80). بەڵام''دەستەواژەی ئیستاتیکا بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەلیکسەندەر گوتلیب بۆمگارتن (Alexander Gottlieb Baumgarten )ەوە لە ساڵی ١٧٣٥ داڕێژراوە. بۆ جیاکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە فەلسەفیانەی کە هەست و خەیاڵی لە لۆژیکەوە بەردەست خستووە'' (Guyer,Paul ,2014: 7).

هەروەها''بۆمگارتن یەکەم کەسە کە وشەی ئیستاتیکای لە کتێبێکدا بەکار هێناوە، کە لەو کتێبەدا باسی مەسەلەکانی زەوقی هونەری و پێکهێنەرەکانی کردووە. ئینجا ئەو وشەیە لە لایەن فەیلەسوفان و هونەرمەندان و ڕەخنەگرانەوە، بەمەبەستی گەیاندنی مانای(فەلسەفەی جوانی) یان بەیەکەوە گرێدانی (جوانی و هونەر) بەکار هاتووە'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٢).

لە ڕاستیدا ''وشەی ئیستاتیکا، کە لە ڕۆژگاری ئێستاماندا زۆر گوێبیستی بووینە، ئەم وشەیە لە ڕووی واتاوە تازەیە و تەمەنی سێ سەدە تێپەڕ ناکات. سەرچاوەی ئەم وشەیە لە زمانی ئەڵمانیدا، لە لایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی بۆمگارتن، دامەزرێنەری زانستی جوانی داڕێژراوە. هەرچەندە زاراوەی ئیستاتیکا لە بنەڕەتدا لە وشەی (Aesthesis) ی یۆنانی

کۆن وەرگیراوە. کە بە واتای درکپێکردنی هەستی هاتووە. لە سەدەی هەژدەوە چەندەها کتێب و لێکۆڵینەوە و نامە دەربارەی زانستی جوانی دەرکەوتووە و بڵاوبوونەتەوە. لەوانە: کتێبی (جوانیگەرایی) بۆمگارتن. هەروەها کتیبەکەی (کانت) بەناوی (ڕەخنە شای حکومدانە) کە بەندی یەکەمی بۆ بابەتی (ڕەخنە شای حوکمی جوانییە) تەرخان کردووە. دواتر کتیبەکەی (شیلەر) بەناوی (چەند نامەیەک دەربارەی پەروەردەی مرۆڤ و جوانی) لە دوای ئەمانەشدا (هیگل) وانەکانی سەبارەت بە جوانی خستۆتەڕوو، کە ئەگەر هیگل نەبوایە وەک جۆرج لۆکاش ئاماژەی پێکردووە، زانستی جوانی وەکو ئێستا نەدەبوو، دواتر لە سەدەی بیستەم زانستی جوانی بەشێوەیەکی گەورە و فراوان، بەتایبەتی لە ئەمەریکادا گەشەی کردووە'' (ابي يعلا، ٢٠١٧: ٢). بەڵام ڕایدەل پێی وایە''دەستەواژەی ئیستاتیکا بریتییە لە کاردانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ هونەر و کەلتوور و سروشت'' (Riedel,Tom,1999: 48)

ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا گەلێک زاراوە و ناوی تایبەتییان بۆ بەکارهێناوە، لەوانە لە لای عەرەبەکان (الجمالية) و لە لای فارسەکان (زیباشناسی) و لەلای کوردیش ئیستاتیکا یان جوانیناسی بەکار هاتووە. هەرچۆنێک بیت''ئیستاتیکا هەردوو سەرچاوەکانی جوانیی (سروشت و دەستکرد)ی لە خۆگرتووە، بە شێوەیەک بەم کاردانەوانەی کە لە مێشکدا ڕوویان داوە، لە ئەنجامی بەرکەوتن لەگەڵ هەموو ئەو شت و بابەتانەی جوانیدا وەک تێڕوانین لە تابلۆیەکی هونەری، گوێگرتن لە میوزیک، خوێندنەوەی شیعر، سەیرکردنی شانۆ، سەرنجدانی جوانی و سروشت ...هتد (Shelley, James,2017: 14).

_چەمک و پێناسەی جوانیناسی: بەڵام سەبارەت بەچەمک و پێناسەی جوانیناسی ئەوا گەلێک بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. دەتوانین بڵێین کە ''زانستی جوانیناسی، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاستییەکانی جوانی کۆڵیوەتەوە، کە دوو پۆلە، یەکەمیان حوکمی ویژدانییە، کە گوزارشتی لە هەستکردن بە چێژ و خۆشی یان ئازار و ناخۆشی کردووە. دووەمیان هونەر و بەرهەمەکانی هونەرین'' (عبدالعزيز، ٢٠٠٢: ١٦). بۆیە وەک دەبینین''لەبەرئەوەی هەستەکان بەهیچ شتێکەوە وابەستە نیین کە لە سنووری دەروونییەوە بەدەر بێت، بەڵکو هەمیشە شتێکی ڕیالیستییە، وا بەستەیە بە دەروونەوە، جا ئەگەر مرۆڤ لەم بارەیەوە لە دۆخێکی بەئاگایەوە بێت، یان نا'' (Hume, 1963: 238). هەر لەمبارەیەوە''بۆمگارتن مەعریفەی بۆ دوو بەش دابەش کردووە: لۆجیک و ئیستاتیکا، لۆجیک بەشێکە لە مەعریفەی عەقلی باڵا، ئیستاتیکاش بەشێکە لە مەعریفەی هەستی دونیا، لە هەمان کاتدا گوزارشتە لە هەست و سۆز و مەعریفەی هەستی'' (فضيلة، ٢٠١٨: ٢٠). کەچی ''ئەدگار موران پێی وایە،

جوانی بریتییه لەو هەستەی کە لە دیداری شتە قەشەنگ و دڵگیر و سەرنج ڕاکێشەکاندا بەرهەم دێت و دێتەکایەوە. جا ئەگەر ئەو جوانییە کارێکی هونەری بێت، یان جوانی دیمەنێکی سروشتی بێت، یان جوانیی ئافرەت بێت، لە هەست و سۆزێکی داهێنەرانەدا، کە وا لە هونەرمەندان و شاعیران دەکات، لەکاری داهێنەرانەدا، لە بێ ئاگایی بەهرەدا و ئاگایی سازاندا، هێزی پێ ببەخشێت'' (موران، ٢٠١٩: ١٤). بەپێی لێکدانەوە و تێڕوانینی دولوز ''شتە هونەرییەکان لە سەرەتادا سەربەخۆیە لە نموونە و دەڕوانێتە شوێنەواری هونەری. بە سیفەتی ئەوەی بەهۆی هەستەکانەوە بەکاردێت، کە جگە لەمانە هیچ شتێکی دیکە لە خودی خۆیدا بوونی نییە'' (Deleuze et Guattari ,1993 :183 ).

''زانستی جوانی بە کۆنترینی ئەو زانستانە دادەنرێت کە فەیلەسووفەکان قسەیان لە سەرکردووە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە لێکدانەوە فەلسەفییەکانی چینی و هیندی دا خۆی دەنوێنێ، فیلەسووفەکانی گریک و یۆنان پێیان وایە، کە جوانی بابەتی هونەرییە و ناشیرینیش لەگەڵیدا هەڵناکا. لەبەرئەوە جوانی زۆربەی هونەرەکانی گریکی گرتەوە. فەیلەسووفەکانی وەک هیراکلیت و دیمۆکریت لە پێش سوقرات و ئەفلاتونەوە لە یۆنان بۆچوونی ئیستاتیکیان هەبووە. بەڵام ئەفلاتوون ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەکردنی تێڕوانینی جوانیدا هەبووە، پێی وابوو کە هونەر لاسایکردنەوەی جوانییە، بەڵام چێژی جوانی لە گونجانی نێوان فۆڕمی کاری هونەری و جوانیی بیردا سەرهەڵدەدات. جوانی ڕەسەنیش بۆ بیرکردنەوەی جوان دەگەڕێتەوە، هەرچی ئەرستۆ بوو لایەنگری ئەو تیۆرییە هونەرییە بوو، کە پشتی بە لاسایکردنەوەی شیکردنەوەی ماددی دەبەستا، کە لە تێڕوانی ئەفلاتوون جیاواز بوو. بەو واتایەی کە هونەر تەنها کردارێکی فۆتۆکۆپی نییە، بەڵکو کردارێکی وێنەگرتنی هونەریی نموونەییە'' (رشید، ١٩٨٥: ٩).

بۆ تێگەیشتن لە چییەتیی جوانی و چەمک و پێناسەی جوانی تەنها ئەوە بەس نییە, بیرکردنەوە و تێڕامان و خوێندنەوەی کەسانێک و سەردەمانێکی دیاریکراو بکەینە پێوەر و پێوانەی جوانی، بەڵکو بۆ ئەوەی بە باشی لە پێناسە و چەمکی جوانی و لە ڕەهەندە شاراوەکانی جوانی تێبگەین،پێویستمان بەوەیە تەواوی بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانی بیرمەندان و نووسەرانی فەلسەفەی جوانی بخوێنینەوە و بۆ ڕابردووی جوانیناسی بگەڕێینەوە. چونکە ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە شۆڕبوونەوەیە بەناو قوڵایی جیهانە فەرامۆشکراوەکانی جوانی لە چوارچێوەی شیعردا، بەتایبەتی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا، لەناو سەردەمێکی تازە و دیدگایەکی تر، هەروەها هەڵوەستەکردنە لەسەر واتا و

چییەتی و شوناسی جوانی، قووڵ بوونەوەیە بۆ ناو دونیای پرسیارەکانی جوانی، بۆ سەرچاوە و چییەتی بیر و بەهای جوانی و بابەت و فۆرمی جوانی، بۆیە دەبێ تێڕامانێکی قووڵی واقیعبینانەمان بۆ پرسە گرینگەکانی جوانی و فەلسەفەی جوانی هەبێت، لە گۆشەنیگای وێستگە پەراویزخراوەکانی جوانیناسیدا پرسیارەکانمان چڕبێتەوە، چەندەها پرسیار سەبارەت بە واتای وێنە شاراوەکانی جوانیناسی بەرجەستە بکەین، پرسیار لە خودیەت و ڕەسەنایەتی، خەسڵەت، تایبەتمەندی، سیمایەکانی جوانیناسی بکەین. بە شوێن ئەو بنەما و بنچینانەدا بگەڕێن و ورد ببینەوە کە جوانی و چەمکی جوانیان لەسەر بنیات نراوە، دەبێ لە جیهانبینیی مرۆڤەکان و لە دیدگای فەیلەسووف و بیرمەند و تیۆر دانەرەکانی وەک: هیراکلیت و دیمۆکریت، سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، هۆراس، هیگل، کانت، سیمۆند، هۆگۆ، ئیبن سینا، غەزالی، ئیبن ئەلقەیوم، دەیانی دیکە، ڕا بمێنین و هەڵوەستە بکەین، کە پێناسە و شیکردنەوە و لێکدانەوانەیان بۆ جوانی کردووە، یان پێوانە و پێوەرەکانی جوانیان دەرخستووە. تاکو وەڵامی چییەتی جوانی بزانین و بنچینەکانی جوانیمان بۆ ڕوون بێتەوە. لەوەش تێ بگەین کە ئاخو بۆچی جگە لە جوانیی خوادا، کە جوانیی بێ هاوتا و ڕەهایە، هەموو جوانییەکانی دیکە لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکیتر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ.

پێویستە بۆ خوێندنەوەی جوانی بە گۆشەنیگای جیاواز و کەناڵی تازە شۆڕببینەوە، کار لەناو فۆڕمە پەراوێز خراوەکان بکەین، تاکو پرسیارگەلی زۆرتر لە سەرچییەتی جوانی و چەمکی جوانی و بەهای جوانی بکەین و قسە لەسەر کێشەکانی جوانی و شتە شاراوە و پەنهانییەکانی جوانی بکەین،

دەبێ لەناو تەواوی کایە زیندووەکانی چێژ و خۆشیی هەستەکانی جوانیناسیدا، تێڕوانین و شرۆڤەی فراوانمان هەبێت، لەهەمان کاتدا پێویستە ئاگاداری لایەنی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژیی مرۆڤ بین، تا لە گۆشەیەکی دیکەوە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی جوانی بچین. دەبێ ئەوە بزانین بە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ جوانی, یا هەڵوەستە لە سەرکردن دەتوانین بە ناخی گرفت و ئاریشەکانی ناساندنی چەمک و پێناسەی جوانیدا ڕۆچین. دەتوانین دەست بخەینە سەر تەواوی بۆچوونە شکست خواردووەکانی پێشوو سەبارەت بە جوانی, لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بە تێڕوانین و بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەمانە بکەین, کە بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ چەمک و پیناسەی جوانی، کەواتە بۆ ئەوەی پێناسەی جوانیناسی (ئیستاتیکا) بکەین دەبێت بزانیین ''جوانی بەتەواوەتی چییە؟ بە درێژایی مێژوو،

ئەم پرسیارە، سەرەڕای کەسانی ئاسایی، هۆش و بیر و هزری زۆرێک لە فەیلەسووفان و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان (مرۆڤناسی) و زانایان و ڕەخنەگرانی بواری هونەری سەرقاڵ کردووە، وە لە ماوەی هەزار ساڵ لە دیرۆکی فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا، چەندین تیۆر لە هەوڵدابووە، کە بە یەکێک لەم دوو ڕێگایە پێناسەی جوانی بکات،کە: ١_ یان بۆ سیما سەرەکییەکانی دیاردە سروشتییەکان و کارە هونەرییەکان دەگەڕێتەوە. ٢_ یان دەتوانرێت بە گشتی پێناسە بکرێت بەوەی کە بە ئەزموونەکانی مرۆڤ لە بواری جوانیدا، بەستراوەتەوە. ئاڕاستەی یەکەم بەشێوەیەکی بابەتیانە دەڕوانێتە جوانی، وەک شتێکی بنچینەیی بەپێی خودی ئەو شتە، جا هەرشتێک بێت، یان هەر کارێکی هونەری بێت، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە ئەزموونی بینەرەکەوە. بەڵام ئاڕاستەی دووەم، جوانی ئەو شتەیە کە لە چاوی بینەرکە یان سەرنج لیدەرەکەدایە. واتە وەک کارێکی خودی سەیری جوانی لەمبارەیەوە دەکات، وێڕای جیاوازی تێڕوانینیان'' (محسن, ٢٠٢٠: ٢).

فەیلەسووفی گریکی ''هیراکلیت سەبارەت بە جوانی، بڕوای وابوو، کە جوانی شتەکان ڕێژەیی و گۆڕاون و هیچ شتێکی چەسپاو لە بونەوەردا نییە'' (اوفسیانیکوف، ١٩٧٩: ١٤). هەروەها لە هەمان کاتدا ''دیمۆکریت جەخت لە سەر لاساییکردنەوەی شتەکان دەکاتەوە، پێی وایە مرۆڤ سەرتا لاسایی سروشتی کردۆتەوە، سروشتی بە سەرچاوەی سەرەکی کاری هونەری داناوە'' (مطر ،٢٠٠٣: ٢١). هەر لەم بارەیەوە ''سۆقرات جەخت لە سەر لایەنی ڕەوشتی دەکاتەوە و پێی وایە جوانی هاوواتای سوود و چاکە و بەهای ڕەوشتی بەرزە، کە نەزانەکان زۆر بە قورسی درک بە جوانیی شتەکان دەکەن''(جیمینیز،٢٠٠٩: ٢٢٩). وێڕای ئەمەش ''سۆقرات سەبارەت بە جوانی جیاوازی دەکات لە نێوان جوانی و بەهای ڕاستی و چاکەدا، بە بۆچوونی سۆقرات یەک هەقیقەت بۆ هونەر و ئاکار بوونی نییە، بەڵام لەلای گۆرگیاس چێژی جوانی بەستراوەتەوە بە پێوەری هەستی، جیاوازە لە لای هونەرمەندان و هونەر بێژاندا،، (مطر، ٢٠١٩: ٣٢).

به تێڕوانینی ''ئەفلاتوون،هەموو ئەو شتانەی کە چاک و باشن جوانن، هەموو ئەوشتانەش کەخراپن ناشیرینن. جوانی ڕەگەزێک نییە، یان خەسڵەتی شتێک نییە، جوانی لە خودی خۆیدا، ئەوا خوداوەند نموونەکەیەتی... جوانی شوێنەواری هونەرییە و ڕەنگدانەوەی جوانی ڕەهایە. هونەر بەرزبوونەوەیە بۆ لای خواوەند'' (کاید,٢٠١٧: ٨٣). ''ئەفلاتون پێی وابوو هونەر لاسایی کردنەوەی جوانییە، بەڵام چێژی جوانی لە گونجاندنی نێوان فۆڕمی کاری هونەری و بیری جواندا سەرهەڵدەدات و دێتەکایەوە، هەروەکو جوانیی ڕەسەن بۆ بیری

جوان و باش و سەرنج ڕاکێش و دڵگیر دەگەڕێتەوە'' (نور،٢٠١٠: ٩). لەهەمان کاتدا ''ئەرستۆ لەو باوەڕەدابوو، کە جوانی بریتییە لەو گونجان و ڕێکخستنەی لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی شتەکاندا هەیە، لەگەڵ قەبارەکەی، لەم بارەیەوە دەڵێت : شتی جوان چ بوونەوەرێکی زیندوو بێ و چ مادەیەک بێ و لە چەند بەشێک پێکهاتبێ، پێویستە نەک هەر ڕێکخستنی بەشەکانی ڕێک وپێک بێ، بەڵکو دەبێ قەبارەیەکی گونجاویشی هەبێ، چونکە جوانی پەیوەستە بە ڕێکخستن و بە قەبارەیەکی تایبەتەوە، هەریەکە لە بۆمگارتن، دیکارت،لایبنتزیش لەسەر هەمان باوەڕی ئەرستۆ جوانی لە گونجان و هارمۆنییەتدا بینیوەتەوە'' (حسین، ٢٠١٧: ٥). ئەمەش ئەوەی خستۆتە ڕوو''هەریەکە لە ئەفلاتون و ئەرستۆ پێیان وابووە، کە جوانی کارێکی بابەتییە، بەڵام فەیلەسووفەکانی وەک دیڤید هیوم و کانت پێیان وایە جوانی لە شتەکاندا نییە، بەڵکو کارێکی بەتەواوەتی خودییە و بە تێڕوانینی سەرنج لێدەرەوە بەستراوەتەوە، کەئەمەش ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ'' (محسن,٢٠٢٠: ٢).

بۆچوونی (کانت) سەبارەت بەجوانی'' بریتییە لە هەڵهێنجانی جوانی لە خەسڵەتەکانی چێژی ترۆپک و زاڵدا، کە دەڵێین ئەو شتە جوانە، ئەوە بابەتێکە بۆ ڕازی بوونێکی بەرز، دەستەواژەیەکی ناودارە، بەڵام لە ڕاستیدا وتەیەکی پوچ و بێ واتایە، چێژ لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی ئیستاتیکادا لە بەرامبەر بڕیاردانی ژیربێژی و مەعریفەیە، چونکە پشت بە زۆر لەم شتانە دەبەستێت کە وەک تاک تیاماندا هەیە. ئەگەرنا هەستکردنێکی زیندووە بەچێژی خۆشی و ئازاربەخش'' (عبدالجبار, ٢٠١٥: ١٤).

شایانی باسە '' ئیستاتیکای کانت به خاڵی وەچەرخانێکی گرنگ دادەنرێ لە پەرەسەندنی گشتی بیری ئیستاتیکیدا. ئەم فەلسەفە کۆمەڵێک مەسەلەی بنەڕەتی هێنانە پێش گرنگترینیان : مەسەلەی چییەتی جوانی و سروشتەکەی بوو … هیگڵ لە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی کانت دا دەڵێ: کانت خاڵە سەرەتایەکەی پێشکەشکرد بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستی هەموو ئەو شتانەی جوانن لە سروشتدا, کانت ڕۆڵێکی گەورەشی هەیە, لە پێکهێنانی تیۆرەکانی جوانی لە لای فیختە و هیگل بەتایبەتی. ئیستاتیکا بەشێکی گرنگە لە فەلسەفەی کانت و ناکۆکییەکی قووڵیشی گرتۆتە خۆی'' (میراودەلی,٢٠٠٥: ٥٧). لە دیدی زۆرێک لە نووسەراندا ''جوانی بریتییە لە یەکەی پەیوەندی وێنەیی لە درکاندنی هەستیماندا'' (ڕید،٢٠٠٧: ٣٢). هەر لەم بارەیەوە ''داڤید هیوم دەڵێ: جوانی تایبەتییەکی پێویست نییە لە خودی خۆیدا، بەڵکو تەنها لە هزری ئەوەدا بوونی هەیە، کە لە جوانیدا ڕادەمێنێ. هەروەها هەموو هزرێک بەشێوەیەکی

جیاواز درک بەجوانی دەکات. هیوم هەستکردن بە جوانی بۆ هەستکردن بە چێژ و خۆشی دەگەڕێنێتەوە. چێژی خۆشی و ئازار تەنها هاوڕێی پێویست نین بۆ جوانی و ناشیرینی (کرێتی)، بەڵکو ناوەرۆکی ئەوانن'' (الشمري، ٢٠١٧: ٣ ). ''بە پشت بەستن بەو بنەما تیۆرییەی کە بۆمگارتن خستوویەتە ڕوو، دەتوانین بڵێین کە زانستی جوانیناسی ئەو زانستەیە کە لە هەڵچوونەکانی مرۆڤ و هەست و سۆزەکانی و چالاکییەکانی و پەیوەندی بە جوانییەوە، لە خودی خۆیدا و لە بەرهەمەکانیدا، هەروەها لە چوارچێوەی ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییە دەکۆڵێتەوە. بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ وابەستە بێت بە شێوەی بەکارهێنان یان سوود و کەڵکی کردارەکەی'' (اونوکس, ١٩٨٥: ١٤). ''هیگل جوانی وادەبینێت کە چەشن و شێوازێکی دیاریکراوە بۆ نواندنی حەقیقەت و ڕاستی و دەرکەوتنی لە چوارچێوەیەکی هەستیدا. لەبەرئەوە هیگل وانەکانی دەربارەی زانستی جوانی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بیر و بۆچوونەکانی کانت دەخاتەڕوو. پێی وایە ئەوەی کانت پێیگەیشتووە لەم بارەیەوە دەرئەنجامی دابڕین و جیاکردنەوەی جیهانی بینراوە لە جیهانی شتەکانی ناوەوە و خود'' (بسطاويس, غانم، ١٩٩١: ١٠٠).

هەر لەم بارەیەوە ''تۆما ئەکوینی لە پێناسەکردنی جوانیدا دەڵێت : جوانی ئەو شتەیە کە بەیەکەم بینین ئاسودەیی دەبەخشێت، ئەوەش هەر لەبەرئەوەی شتێکە شایەنی لێ وردبوونەوەیە'' (شێخ حسین، ٢٠١٧: ٦). ''لە دیدی هایدیگەر ئیشی هونەری وێناکردنی هەقیقەتە، ئەو بۆچوونەی پێشەنگی بوونگەراکانە، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ بەشێوەیەک دیاری دەکات، کەدەتوانێ بەخۆی بگات، باوەڕی وایە مرۆڤ پێش دڵنیابوون لە بوونی هەقیقی سروشتی خۆی تەنهایە لەم جیهانەدا'' (مطر، ٢٠١٩: ١٦١).

هەرچەندە "فەلسەفەی هایدگەر وێڕای ئەوەی کە قسەکردنە لەسەر پرسی میتافیزیک و عەقل، لە هەمان کاتدا پرسیارە لە چییەتی شیعر و بنچینەی کاری هونەری، کە فەلسەفەی جوانی پێش ئەو لە ڕۆحدا دیاری کرد. بەو پێیەی کە تێڕوانینی هایدگەر، تێڕوانینە لە واتا و دیوێکی دیکە، کە عەقلە، کە بە واتای دەرکەوتن و ئاشکرابوون دێت'' (بوبنر، ١٩٨٧:٤٥).

بە بۆچوونی لیۆتۆلستۆی دوو جۆر پێناسەی جوانی هەن ''لە ڕاستیدا بێجگە لەمە پێناسەی دیکە ناتوانن هەبن، یەکیان پێناسەیەکی بەرهەستی عەینی و عیرفانییە کە پەیوەندی نێوان بەرهەست بوون و عیرفان لەگەڵ کەماڵی باڵای خوادا تێکەڵ دەکات و پێناسەیەکی خەیاڵی سەرسوڕهێنەرە کە لە سەر هیچ بنەمایەک ڕانەوەستاوە. ئەوەی تریان زۆر سادە و

شیاوی تێگەیشتنە، ئەویش پێناسەیەکی دەرهەستە " ذهنی "  ئەم پێناسەیە جوانی بەشتێک تێدەگات، کە دەبێتە هۆی چێژ وەرگرتنی ئێمە'' (لیۆتۆڵستۆی، ٢٠٠٩: ٥١) بەڵام سەبارەت بە چەمکی جوانیناسی دەتوانین بڵێین ''کانت چەمکی ئیستاتیکی لە بۆمگارتن وەرگرتووە، بۆمگارتن سەبارەت بە ئیستاتیکا دەڵێت لە ڕێگای ئیستاتیکا هەستم کرد دید و بۆچوونەکانم تەواو کاملن ، دواتر کانت مەبەستداری بۆ چەمکی ئیستاتیکا زیاد کرد، ئیستاتیکا لە لای بۆمگارتن  لە پلەی جیهاندا مابووەوە،  وەکو پرسی زانین بە پێوەری لۆژیکی دەپێورا''(مطر، ٢٠١٩: ١٠٧). شایانی باسە''تێڕوانینی لیبنتز بۆ چەمکی جوانی لەتێڕوانی نوسەرانی دیکەدا جیاوازە، بەشێوەیەکی قووڵ و لە ڕوحەوە سەرچاوەی گرتووە'' (الرفاعي، ٢٠٠٣: ٣٨٤).

نووسەری بەناوبانگ ''ولیم هوجارت(١٦٩٧-١٧٦٤) دەڵێ: سروشت سەرچاوەیەکی زیندووە بۆ بەهای جوانی'' (ابوريان، ١٩٨٧: ٣٨٦). کەچی''چەمکی جوانی لە لای ئەدمۆند بیرک (١٧٣٩_ ١٧٩٧) لە دوو جۆردا چڕدەبێتەوە، ئەوانیش: یەکەم: جوانی نایاب. دووەم: جوانی دڵگیر و سەرنجڕاکێش، ئیبن سینا لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (النجاة) دەڵێ:  بەهای جوانیی هەموو شتەکان،  بە پێی ڕادەی پێویستی مرۆڤ بۆ ئەو شتانە دیاری دەکرێت، ئەو پێناسەی ئیبن سینا بۆ جوانی، نزیکە لەو پێناسەی غەزالی بۆ جوانی، وێڕای هەبوونی کاتێکی دوور و درێژ لە نێوانیان و جیاوازی سەردەمیان'' (الرفاعي، ٢٠٠٣:  ٣٣٨).

 ئیمامی غەزالی ''جوانی دابەش دەکاتە سەر دووبەشی سەرەکی، کە ئەوانیش جوانیی دەرەوەو ناوەوەیە، جوانیی دەرەوە ئەو جوانییە هەستییە و بەرجەستەیەیە، کە لە ڕێی درککردنی هەستەکانەوە دێتەدی. خاسیەتەکانی بە هەموو شێوە و وێنەکانییەوە و ئەوشتانەی دەبینرێن و بەر چاودەکەون، بەچاو دیاری دەکرێن. بەڵام جوانیی ناوەوە گەورەترین و زۆرترین فراوانی و قووڵی هەیە، ئەم جۆرە جوانییە دەتوانرێت لە ڕێگای هەستێکی بەرز و بەهێزەوە درکی پێ بکرێت، ئەم جۆرەی جوانبینە بەوە جیادەکرێتەوە، کە خاوەنی بیر و تێڕوانینێکی قووڵ و هەستێکی جوان و دروست و دڵێکی درکێنەر بێت، بەچاوی دڵ و ڕووناکی بینایيە تیژ و بەهێزەکانی درک بە ڕەهەندە قووڵەکان بکات، تێیبگات و وەری بگرێت، واتە بە بۆچوونی ئەو، جوانیی وێنەی  دەرەوەی درکپێکراو بە چاوی سەر، لەگەڵ جوانیی وێنەی ناوەوەی دەرکپێکراو کە بەچاوی دڵ و ڕووناکایی درککردنێکی گەورە و بەهێز و قوڵەوە بەرجەستە دەبێت'' ( الرفاعی،٢٠٠٣: ٣٥).

هەروەها ''ئیبن ئەلقەیوم جوانی دابەش دەکاتە سەر دووبەش کە ئەمانەن: جوانیی ناوەکی و دەرەکی، جوانیی ناوەکی لە خودی خۆیدا داپۆشراوە.کە جوانییەکانی هۆش و هزر و زانست و پاک و بێگەردی و ئازایەتییە، ئەم جوانی ناوەکییە جێگای تێروانینی خوداوەندە بۆ بەندەکانی، بابەتی سەرنج لێدان و خۆشویستنیەتی، هەروەکو لە فەرموودەیەکی سەحیح دا ئاماژەی پێکراوە کە دەفەرمووێ: ان الله لاینظر الى صورکم و اموالکم و لکن ینظر الي قلوبکم واعمالکم. ئەم جوانییە شتێکی ناوەکییە، وێنەی دەرەوە یان ڕوخسار دەڕازێنیتەوە'' (مکي، ٢٠١٤: ٩). جگە لەمە '' ئیبن ئەلقەیوم جوانیی خودایی بۆ چوار بەش پۆلین کردووە: جوانیی خودی، جوانیی کردار، جوانیی سیفات، جوانیی ناوەکان'' (الجوزیة, ١٩٨٧: ٢٤٨).


هەرچۆنێک بێت''بەشێک لە نووسەران و ڕەخنەگران پێیان وایە کە ئیستاتیکا جوانی نییە و پێچەوانەکەی ڕاستە، بەڵکو جوانی بۆتە مەیدانیک بۆ ئیستاتیکا، واتە خودی ئیستاتیکا زانستێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە جوانی. کامە جۆری جوانییە کە ئیستاتیکا لێی دەکۆڵێتەوە؟ ئایا جوانیی سروشتە یان جوانیی هونەرییە؟ یان هەردووکیان بەیەکەوە.؟ لە ڕاستیدا دەشێ شتیکی ناشیرین جوان بکرێ، وەک بیابانی ڕووت، گردێکی بەرداوی وشک، لە مانەدا دەتوانرێ جوانترین و نایابترین وێنەی لێ دروست بکریت، ئەگەر بکەوێتە ژێر باس و دەستی هونەرمەندێکی شارەزا و بەئەزموون و خاوەن زەوق و سەلیقەی جوان. لەبەرئەوە جوانیی هونەری جەخت لە سەر داڕشتنی هونەری دەکاتەوە، داهێنان و توانای هونەرمەندی بەهرەدار و داهێنەر و دانای تێدا دەردەکەوێت. هەریەکە لە جوانیی هونەری و جوانیی سروشتی دەچنە ناو یەکترەوە، بەڵام دەقا و دەق وەک یەک و هاوتەریب و گونجاو نین، هەروەکو ئەو تابلۆیانەی دیمەنی سروشت کە لە لایەن هونەرمەندانەوە بەرجەستە دەبن، یان کاتێک شاعیران و نوسەران گوزارشت لە جوانیی سروشتی سیحراوی دەکەن، واتا بڕیاردان لەسەر جوانی یان ناشیرینی سروشت، بێگومان لە هەڵوێستێکی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، کانت هەریەکە لە جوانیی سروشتی و جوانیی هونەری لە یەکتر جیادەکاتەوە و دەڵێ: جوانیی سروشتی شتێکی سەرنج ڕاکێش و دڵگیرە، بەڵام جوانیی هونەری کارێکی جوان و دڵگیرە'' (جابي، ٢٠١٦: ١٤٣). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت''جوانی شتێکی ڕێژەییە، هەندێک پێیان وایە کە بەهۆی جیاوازی هەڵوێست و ئاستی هەستەکان و ئاگایی مرۆڤەوە ناتوانرێت پێناسەیەکی سنووردار و دیاریکراو بۆجوانی بکرێت، بۆیە بە پێی جیاوازی خولیا و حەز و ئارەزووەکانی کەسەکان بۆ سیماکانی جوانییەکی دیاریکراو، حوکمی تایبەتی لە سەر ئاست و ڕێژەی جوانیی شتەکان دەگۆڕێت'' (جاسم، ٢٠١٩: ٣١).

بەم شێوەیە''زانستی جوانیناسی بە دیاریکراوی، زانستی دۆزینەوەی هستەوەری هەستەکانە، چونکە لەم ڕێگایەوە لە جوانیناسی وەک زانستێکی نوێ تێدەگەین، یان بەدەربڕینێکی وردتر ئەم زانستە وەک بابەتێک بۆ یەکەمجار وەک لقێکی فەلسەفە سەریهەڵدا. لە سەردەمێکدا کە کارە هونەرییەکان لە هەست و سۆز لێوان لێو بوون و هەستی چێژ و سەرسامی و ترس و بەزەیی دەوروژاند'' (هیگل، ١٣٩٤: ٦١).

بابەتی''ئیستاتیکا گرینگی دەدات بەلێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی جوانی، وەکو ڕوخسارێکی جیاکەرەوەی کارەکانی هونەر، ئەو سەرەتا دروست و ساغانە پێشنیاز دەکات، کە حوکمدانە ئیستاتیکیەکان پشتیان پێ دەبەستێت، ئیستاتیکا خەریکی شیکردنەوەی ئەو چەمک و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە کە لەکاتی لێ وردبوونەوەی بابەتە ئیستاتیکییەکاندا پەیدا دەبێت'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٢).

بەوتەی پێرە ئاندرە ''لە کتێبی لیکۆڵینەوە لەبارەی جوانییەوە ساڵی١٧٤١، جوانی سێ جۆرە : -جوانیی خوایی، جوانیی سروشتی، جوانیی دەستکردی'' (لیۆتۆلستۆی، ٢٠٠٩: ٣٧). ''هەندێکی تریان جوانی لە پێداویستیدا دەبیننەوە و پێیان وایە جوانی شتەکان، لە ویستنی شتەکان دایە، بەو پێیەی هەر شتێک بووە پێداویستی، لە لامان جوان دەبێت، کەواتە جوانی لە سەرەتاییترین هەنگاوەکانیدا هەستپێکردنی ئەو شتەیە کە بەدیهێنەری ئەو ویستە توندەیە. جیاوازی ئەم شتە جوانە لەگەڵ ئەو شتە بەکەڵکە لە بنچینەدا تەنها لە کەم و زۆری پێویستیدایە'' (شێخ حسین، ٢٠١٧: ٦).

لەئەنجامی خوێندنەوە و تێگەیشتن و وردبوونەوە بۆ ئەم چەمک و پێناسانە دەتوانین بڵێین، جوانی بە هەردوو لایەنی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، دەچنە چوارچێوەی جوانیی خودیی و بابەتییەوە. جوانیی فۆڕم یان دەرەوە، زیاتر جوانییەکی ڕێژەییە و لە ڕێی هەستەکانەوە و بە تایبەتی بە هۆی چاوەکانەوە بەرجەستە دەبن، بەڵام جوانیی ناوەکی بەهۆی عەقڵ و دڵ و ڕۆحەوە درکی پێدەکەین، جگە لەمانەش جوانیی ڕەها بە پێچەوانەی جوانیی ڕێژەیی، جوانییەکی نموونەیی و تەواو و بێ وێنە و بێ هاوتا و بێ کەموکوڕییە، بەگۆڕانی کات و شوێن و سەردەم و کەسەکان ناگۆڕێت، هەمیشە بە بەردەوامی و زیندوویەتی، لە ترۆپکی جوانیدا دەمێنێتەوە.



هێلکاری_١ (چەمکی جوانی )
چەمکی جوانی لای بیرمەندو فەیلەسوفەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا
سەردەمی کۆن
گریگەکان (یۆنانی کۆن)
هیراکلیتس (جوانی شتەکان ڕێژەیی و گۆڕاون)
دیمۆکریتس (جەخت لەسەر لاسایی کردنەوەی شتەکان دەکاتەوە)
سوقرات (هەق و چاکە و جوانی ڕاستەقینە بەجوانی نموونەیی بەستراوەتەوە)
هێلینی
ئەفلاتوون (جوانی هەقیقەتێکی نورانییە، لە تاک و تەنهایی ڕەهادایە، ڕوح درکی پێدەکات )
ئەرستۆ (جوانی گونجانە، بەیەخدانە بە جوانی روخسار ، لە ڕێی هەستەکانەوە )
سەردەمی ناوەڕاست
مەسیحیەت
سانت ئۆغستس (سروشت سەرچاوەی جوانییە)
سانت تۆما ( جوانی کەماڵی و شیاوی تەواو )
ئیسلام
ئیبن سینا ( جوانی چاکەیە)
غەزالی ( جگە لە جوانی خوایی هیچ جوانی و چاکەی دیکە نییە)
گورگانی ( جوانی بە دڵەوە وابەستەیە)
ئیبن ئەلقەیوم (جوانی شتێکی ناوەکییە، وینەی دەرەوە یان ڕوخسار دەڕازێنێتەوە)
سەردەمی ڕێنیسانس
ئیتاڵیا
ئینگلتەرا
فەڕەنسا
ئەلبێرتی ( جوانی گونجاندن و ڕێکخستنە)
بێرگ (جوانی خەسڵەتێکی دەروونییە)
سەردەمی نوێ
سەدەی (١٨-١٩)
سەدەی(٢٠)
بۆمگارتن ( جوانی هەست و سۆزە لەگەڵ ڕەوشت ئاوێتە نابێت)
کانت ( جوانی چێژە بە بێ مەبەست و سوود)
هیگل ( جوانی بیرێکە گوزارشت لە یەکیتییەکی ڕاستەوخۆی نێوان و خود و بابەت دەکات )
تۆما ئەکوینی ( جوانی کارێکی خودییە بە سەرنج لێدەرەوە پەیوەستە )
کرۆتچە ( جوانی هەموو گوزارشتکردنێکی سەرکەوتووە )
هایدگەر (جوانی شێواندنی بوونی ڕاستەقینەیە)
فرۆید(جوانی ئەوهەستەیە بۆ هێنانەدی هەوەس و حەز و ئارەزوو)

### ١,١,١ ئەدەبیات و جوانیی ئافرەت:

پەیوەندیی جوانیی ئافرەت بە شیعر و ئەدەبیاتەوە، پەیوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێز و کاریگەرە, ڕیشەیەکی قووڵ و فراوان و زیاتر لە ڕەهەندێکی هەیە، ئافرەت سەرچاوەیەکی سەرەکی هێنانەکایەوەی  چێژ و خۆشی و هەست و سۆز و نەرم و نیانی و خۆشەویستییە، بە هەبوون و ئامادەبوونیشی سیمای جوانیی هەموو شتەکان پێکدەهێنێت، هەر بۆیە هەر لە کۆنەوە بۆتە جێگای بایەخی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان. تەنانەت زۆرێک لەمانە سەرتاپای بەرهەمەکانیان بۆ ستایشی جوانیی ئافرەت و ئیشق و خۆشەویستی ئافرەت تەرخان کردووە.

جوانیی ئافرەت بە هەردوو لایەنی دەرەوە و ناوەوەی، بۆتە هەوێنی چەندەها شاکاری مەزنی ئەدەبی و هونەری. وێنەی ئافرەت ڕووبەرێکی گەورە و بێ سنووری لە بەرهەمی شیعر و ئەدەبیاتی خۆماڵی و جیهانیش داگیرکردووە, هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئافرەت لە بوارەکانی دیکەدا لای لێ نەکرابێتەوە و فەرامۆش کرابێت، ئەوا بێگومان لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا پشکی شێری بەرکەوتووە. لە هەموو ڕوویەکەوە بێ هاوتایە و لە لوتکەدایە، بە تایبەتی لە وەسفی جوانی و ئیشق و ئەوین و خۆشەویستیدا، هەر بۆیە''هیچ کەسێک ئافرەتی تێنەپەڕاندووە، مەگەر بووبێتە ئیسفنج یان بزمار یان لادەرێکی ڕەگەزی'' (قباني، ١٩٨٤: ١٦).

لە کۆنەوە''ئەوەی وای لە مرۆڤ کردووە گرفتاری جوانی بێت، ئەو چێژەیە کە جوانی بە ژیانی بەخشیووە،بەڵام ئەو جوانییە پێویست نییە لە گوڵێکی ناسک و تەڕ و ڕوخسارێکی سپێدەدا، یان درەختێکی گەڵاداردا چڕ بکرێتەوە و قەتیس بکرێت، بەڵکو جوانی بەدوای گوڵی سیس و درەختی ڕووت و ڕوخساری شێواو و زام  و برینی خوێنبەربووشدا وێڵە، جوانی لە گوڵێکی سیس بوو یان لە درەختێکی ڕووت و قوتدا، جوانییەکی ون و شاراوەیە، هەموو کەسێک هەستی پێناکات. پێویستی بە هەوڵ و کۆشش و چاوێکی تیژ و دووربینە بۆ دۆزینەوەی'' (کاید، ٢٠١٧: ٨٣).

هەر چۆنێک بێت''پەیوەندی نێوان جوانی و ئەدەب و ژیان پەیوەندییەکی تێکەڵاوە، سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە و بەو پێیەی جوانی خۆی لە خۆیدا بەشێک لە چاکەشی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەو سروشتەی دەوروبەرمان بە شێوەیەک جوانی تێدا بەرجەستە بووە، کە هەستەکانی مرۆڤ بە تەنیا دەرەقەتی ئەوە نایەت ببێتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی و بە

تایبەتی لەکار و بەرهەمی ئەدەبیدا. فەلسەفەی کۆن لە سوقراتەوە هەمیشە لەسەر سێ بنەما کاری دەکرد. کە پەیوەندی نێوان ڕاستی و جوانی و چاکی بوو. ئیستاتیکا لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا تاڕادەیەکی زۆر سوودی بە زانستە سروشتییەکان گەیاندووە و سوودیشی لێ وەرگرتوون، بە تایبەتی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زۆربەی ڕێبازە ڕەخنەییە ئەدەبی و هونەرییەکانیش لە کێشەی نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆکدا کاریان بە جوانیناسی کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی دەقئاوێزانی ئەدەبی لە ڕەوتی ڕەخنەی نوێدا، بۆ دیاریکردنی ڕادەی وەرگرتن و جوان داڕشتنەوەی دەقی ئەدەبی وەک پێوەرێکی سەرەکی خۆی پشتی پێدەبەستێت، لە پەیوەندیی نێوان سروشت و هونەردا'' (حسین، ٢٠١٨: ٢).

بە دڵنیاییەوە''جوانیناسی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر داهێنانی هونەری هەیە، ئاماژە بۆ بەهای جوانی ئەو شتانە دەکات، کە داهێنەران بەرهەمیان هێناوە، یان درککردنە بە بابەتە هونەرییەکان'' (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٧٧). کەهەموو ئەمانەش لە ڕێگای شێوازی ئەدەبی و بەهۆی ڕەگەزەکانی شێوازی ئەدەبی دێتەکایەوە. هەر بۆیە دەبینین ''زمانی شیعر و ئەدەب، لە ڕووی داڕشتنەوە جیاوازە لە زمانی قسەکردنی ئاسایی، ئەم جیاوازییەش لەڕووی کەرەستە پێکهێنەرەکانی زمانەکەوە نییە، بەڵکو لەڕووی چۆنیەتی ڕیزبوون و جووڵەی پێکهێنەرەکانی زمانەوەیە. هەر لەبەر ئەمەشە چۆنیەتی داڕشتن لە شیعردا مەبەستێکی گرنگە، چونکە ئیحای تایبەتی دەداتەخوێنەر، بێگومان بایەخدان بە سیستەمی زمانەوانی بەشێکە لە هەوڵ و کۆششی ئەدەبی تازەگەری، زمان کۆمەڵە نیشانەیەکە، یان سیستەمێکە لە دروشمەکان و گوزارشت لە هزر دەکات. پێویستە دەقی تازە بنیادێکی تازە بخوڵقێنێ و دالەکان لە نێو جەرگەی دەقێکی کراوەدا سەما بکەن'' (سەعید، ٢٠١٤: ٤٤). تا ببێتە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو بۆ ئیستاتیکای ئەدەب و بابەتی جوانی و فەلسەفە.

ئیستاتیکا''لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە و لە دنیای جوانی و ڕیشەی جوانی دەکۆڵێتەوە، هەوڵ دەدات بە وردی لایەنی بیر و هزری جوانی هەڵبسەنگێنێت و هەموو ئەو ڕیشە و بنەمایانە بەدەربخات، کە دەستیان لە خوڵقاندنی جوانی و ڕەخساندنی ئەم لایەنە گرینگ و بەهادارە هەیە. جوانیی ئەدەب لە بنەڕەتدا ئەگەر کاری جوانی و گەیاندنی جیهانبینی نوێ و چێژێکی قووڵ کاریگەرانە نەبێت، هیچی تر نییە، بۆیە ئیستاتیکا بە قووڵی لەناو دڵی شیعر و ئەدەبدا دەبینرێت و میوانی سەر سفرە و خوانی جوانییەکانە. هەر لەبەرئەوەیە دەوترێت، جوانیناسی زانستێکە لە شعور و هەست و چێژەکان دەکۆڵێتەوە. کە دیمەنی شتە جوانەکان دەپارێزێت'' (عەلی، ٢٠٢٠: ١٢٠). ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە پرسی ئافرەت و

جوانیی ئافرت  لەو بابەتە بەهادارانەن کە تەواوی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی لە کایەی خۆیدا گیرۆدە کردووە، هەر ئەمەش وای کردووە، لە دێر زەمانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، هەستی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز و خوێندنەوە و لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە و ئافرەت بێتەکایەوە، لە نێو بەرهەمی شاعیران  و نووسەران  و هونەرمەنداندا ڕەنگ بداتەوە، یان ببێتە جێی تێڕامان و قسە لەسەرکردنی بیرمەندان و فەیلەسوفە گەورەکانی دنیا، بە تایبەتی لایەنی جوانیی ئافرەت لەو بابەتە گرنگ و سەردەمیانەیە کە وەک بابەتێکی فەلسەفی و زیندوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە سەرنجی هەوادارنی جوانیناسانی ئافرەتیان ڕاکێشاوە. تەنانەت بەشێک لەمانە لە ناو پرسی ئافرەت و جوانیی ئافرەت و عەشق و خۆشەویستی و خولیای جوانیی ئافرەتدا توانەتەوە و ژیان و بەرهەمەکانیشیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە و بوون بە بەشێک لە یەکتری.

## ٢,١,١  جوانی  لە ڕێڕەوی مێژوودا:

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ بایەخ و گرینگی بە جوانی و توێژینەوەی جوانی داوە، بۆتە بزوێنەری داهێنان و گۆڕانکاری. بۆیە''لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە، جوانی و شتە جوانەکان، زۆرێک لەبیرمەندان، فەیلەسوفەکان، ئەدیبەکان، شاعیران، هونەرمەندان، زانایانی سایکۆلۆجی، خەڵکانی دیکە بە شێوەیەکی گشتی، تووشی تێڕامان و سەرلێشێوان کردووە. بە هەبوونی فرە تێڕوانینی فەلسەفی و ڕەخنەیی و داهێنەرانە لەم بارەیەوە، شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازیش هاتۆتەکایەوە. ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کەوا جوانی تەنها شتێک نییە، جا بەرجەستەدار و فیزیاوی بێت، یان واتایی بێت و لەسەر زەوی نەبێت،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جوانی زۆرترین واتای هەیە'' (یونسي، ٢٠١٤:  ٢٢).

بێگومان''کارێکی زۆر قورسە بتوانین بە دیاری کراوی ساتەکانی  مێژووی هاتنەکایەوەی بیری جوانی بدۆزینەوە. هەروەها ئەو جوانیانەش ڕێگاکانی بە درێژایی مێژوو بڕیوە. دیارە چەندین تیۆر دەربارەی جوانی و هونەر هەیە. کە کاریگەری لەسەر مەعریفە و گەشەسەندنی زانست و هۆیەکانی ژیان و کۆمەڵگادا هەیە. دەتوانێت بەم هۆیەوە بەدوا داچوون  بۆ چەمکی جوانی و خاسیەتەکانی جوانی و فیکری فەلسەفەی گریکی بکات، جەختیش لەسەر بیروباوەڕەکانی سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ بکاتەوە، بۆ ناسینی

حەقیقەتی جوانی و خستنەڕووی پرس و بایەخەکانی. بەڕای سوقرات عەقڵ بنەمای مەعریفەی جوانی و خێر و چاکەیە. کە دوو ڕەگەزی پێوەری جوانین'' (عبد المجید, ٢٠٠٤: ٤٧). ''مرۆڤ هەر لە چاخەکانی بەر لە مێژووەوە, هەستی جوانی و جوانیخوازی هەبووە و تامەزرۆی جوانی بووە. هونەر لەوساتەوە لەدایک بووە، کە ئادەمیزاد هێشتا لە هەوەڵین لانکەی بوونی مرۆڤایەتیدا بووە. خۆ ئەگەر لە ژیانی ئادەمیزادی بەر لە مێژوو ورد بینەوە, دەبینین لەگەڵ ئەوەشدا ڕوخسارێکی درندانە و ڕەق و زبر و پڕ لە توند و تیژی هەبووە، دەبینین کاری هونەری ئەوتۆی تیا بەدیهاتوون کە شایانی سەرسامکردنن! ناچارین کە بیر لەوە بکەینەوە ئەم داهێنانە (گوزارشتکردنن لە جۆرە پێداویستی و ئاتاجێک جا هەرچییەک بێت ...یان وەڵامن بۆ بانگەوازێکی خاوەن تین و هێز و شێلگیرییەکی زۆر گەورە'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٢٣).

وەک دەزانین'' ئیستاتیکا مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ زیاتر لە پێنج سەدە بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەم جار لە لای یۆنانییەکاندا سەری هەڵداوە، بەکۆنترین زانستیش دادەنرێت, کە فەیلەسووفەکان و وتاربێژەکانی کاروباری فکری و هونەری و فەلسەفی بیروڕایی جیاواز یان خۆیان, بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت دەربارەی ئیستاتیکا خستۆتە ڕوو. لای گریکییەکان جوانی گرنگی و بەهای خۆی هەبوو, سۆقرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە بۆچوونە تیورییەکانی خۆیاندا بەگرنگیەوە لە ئیستاتیکایان ڕوانیوە. سۆقرات پێیوایە جوانیی نموونەی باڵایە, ناشێ هیچ شتێکی تر لە نرخ و بەهادا بگاتە پلە و پایەی جوانی, هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە جوانی لەشتەکاندا بە لایەنی سوودەوە بەستراوەتەوە، واتە هەرشتێک بەسوود بێت و مەبەستی باش بەدی بێنێ ئەو شتە جوانە. ئەفلاتوون جوانی بە بەها ڕەوشتییەکانەوە بەستابۆوە، پێی وابوو دەبێ چاکە و جوانی پێکەوە ببەسترێنەوە, دەربڕین بەوە جوان دەبێت, کە ڕاستگۆیانە گوزارشت بکات و لەمەعریفەوە سەرچاوەی گرتبێت، بۆ ئەوەی حەقی شتەکان بدات و ڕاستگۆبێت لە گواستنەوەی ڕاستییەکان'' (عەبدوڵا، ٢٠١١: ٢٧).

مێژووی سەرهەڵدانی ''جوانیناسی بە شێوەیەکی زانستی بۆ سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. یەکەم جار فەیلەسووفی ئەڵمانی ئەلێکساندێر گۆتلیب بۆمگارتن زاراوەی "aesthetics"کە پێشتر واتای باوەڕی هەستیاری هەبوو, لە کتێبێکدا کە هەر بەم ناوەوە بۆ ئەو لقە زانستییەی هەڵبژارد باسکردووە. لە ڕوانگەی بۆمگارتن، جوانی بریتییە لە تێگەیشتن لە ڕێگەی هەستەکان. زاراوەی ئەسێکتیک لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و واتای هەست یان

تیۆریی هەستەکان دەگەیەنێ, وشەی "aesthetics" لە فەرهەنگی یۆنانیدا واتە هەست، بەم پێیە جوانیناسی لقێکی تایبەتییە لە لێکۆڵینەوەی هەست و ویژدان. دوای بۆمگارتن  بە هەوڵی بیرمەندانێکی وەک کانت و هێگڵ، جوانیناسی وەک لقێک لە زانستە مرۆییەکان لە چوارچێوەی فەلسەفەی هونەردا پێناسە کرا, شاعیران و نووسەران گرنگی و بایەخی زۆر بە لایەنی جوانیناسیی بەرهەمەکانیان دەدەن و تەنانەت هەندێ جار بەرهەمەکانیان تەنیا لە پێناو پێشکەشکردنی جوانی و جوانیناسییە، چونکە لە ناو دونیای هونەر و ئەدەبدا ئێستاتیکا-یان جوانیناسی ئامانجێکی پیرۆزە. هەموو هونەرمەندێک بە شوێن جوانیدا هەڵوەدایە'' (قارەمانی، ئەحمەدی، ١٣٩ هەتاوی: ١٦٨).

لە ڕاستیدا خودی''ئیستاتیکا بریتییە لە مێژووی فەلسەفەی هونەر و دانانی پێودانگێک بۆ جیاکردنەوەی جوانی لە ناشیرینی و بایەخ پێدان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی هونەر (پەیکەر، وینە، شیعر، مۆسیقا...هتد.)، ئیستاتیکا خەریکی شیکردنەوەی ئەو چەمک و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە، کە لە کاتی لێ وردبوونەوەی بابەتە ئیستاتیکییەکان پەیدادەبن وە لە لایەن خۆیانەوە، هەموو ئەو بابەتانە دەگرنەخۆیان، کەتاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی دەدەن بەدەستەوە. وە مادام تاقیکردنەوەی ئیستاتیکی جۆرێکە لە جۆرەکانی باوەش کردنی مرۆڤ بە ژیاندا. ئەوا ئیستاتیکا لە پەیوەندی جوانیخوازانەی مرۆڤ بەجیهانەوە، لە جەوهەر و یاساکانی پەرەسەندنی هونەر و دەوری هونەر لەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵیتەوە'' (حەمەسالح، ٢٠١٣: ١١).

نووسەری بەناوبانگ''کرۆچە ١٨٦٦_-١٩٥٢ گەورەترین کاریگەری کردۆتە سەر ئیستاتیکا و تیۆریی ڕەخنەی ئەم سەردەمە،  کرۆچە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئیستاتیکیەوە بەرەو فەلسەفە ڕۆیشت، لەبەرئەوە شتێکی سروشتییە، کە خولیا فەلسەفەکەی ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی گیروگرفتەکانی ڕەخنەی ئیستاتیکی پێوەبێت. مەزنترین و بەناوبانگترین بەرهەمی کرۆچە کتێبی ئیستاتیکایە کە لە ساڵی (١٩٠٢) دا  نووسیوویە'' (حەمەساڵح، ٢٠١٣: ٥٩). دەتوانین بڵێین کرۆچە لەو بیرمەندە گەورانەیە کە زۆر بە قووڵی بە ناخی بابەتەکانی جوانیناسیدا شۆڕبۆتەوە و بەشێوەیەکی فەلسەفی تێڕامان و بیروباوەڕەکانی خۆی لەمبارەیەوە دەربڕیوە، بەمەش کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بابەتی فەلسەفی جوانی دروستکردووە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە ئەوەیە، کە بیرمەندی ئەڵمانی''ئەلیکساندەر  بۆمگارتن سەربەخۆیی بە زانستی جوانی بەخشی، بۆمگارتن پێی وایە، جوانی بریتییە لە دەرککردن لە ڕێگای هەستەکانەوە. ئەم وشەیە وشەیەکی یۆنانییە و مانای

هەست یان هەستەکان دەگەیەنێت'' (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٧٦).دیارە ئەگەر بەوردی لاپەڕەکانی مێژووی ئیستاتیکا هەڵدەینەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ''ئیستاتیکا بە سێ قۆناغی گرنگ تێپەڕبووە،یەکەمجارفەیلەسوفەکان بە لقێک لە لقەکانی زانستە پێوانەییەکانیان داناوە (Normative sciences ) ئەم زانستەش لە بایەخەکانی – هەق و چاکە و جوانی دەکۆڵنەوە و لە سێ بەش پێکدێن: لۆژیک (Logic ) کە باسی هەق دەکات. ڕەوشت (ethics )کە باسی چاکە دەکات و ئیستاتیکا (Aesthetics) کە باسی جوانی دەکات. ئەم زانستانە ڕوانگەی عەقڵی بەکاردەهێنن و حوکمی نرخ شوناسی و هەڵسەنگاندن دەردەکەن، قۆناغی دووەم، لە سەردەمی ڕەخنەگرییەوە دەست پێدەکات، جەختی لەسەر هەڵوێستی خۆیی دەکردەوە. قۆناغی سێیەم قۆناغێکی پۆزەتیڤ بوو، بەپێی ئەم فەلسەفەیە بیری ئادەمیزاد لە ڕواڵەت و ڕووداوە هەستییەکان و پەیوەندی یاساکانی نێوانیان بەولاوە هیچ نازانێت'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٣). هەرچۆنێک بێت هەریەکێک لەم قۆناغانە نرخ و بەها و پێگە و کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام جوانیناسی لە پاڵ هەموو ئەمانەدا خاسیەت و تایبەتمەندی و مێژوویەکی دوور و درێژی تایبەت بەخۆی هەیە و وەک پرسێکی گەورە و گرینگ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا چییەتی جوانی و فەلسەفەی جوانیناسی  هەمیشە وەک پرسیارێکی بێ وەڵام ماوەتەوە، وەک مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو  سەرنجی بیرمەندانی ڕاکێشاوە.

وەک دەبینین ''لە سەردەمی کانتیزمدا ئیستاتیکا تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند، لە جیاتی ئەوەی جوانی باوەڕێک بێ لە سەرووی تێگەیشتنی ئینسانەوە، بوو بە چەمکێک کە هەڵوێستی ڕەخنەیی_انتقادی بەرامبەری وەرگیرا، لەمەوە چەمکی جوانی لە بابەتییەوە گۆڕا بە ڕێژەیی – نیسبی و خۆیی ، ئیستاتیکا وازی لە زانستی ڕووت هێنا و  پشتی بە سایکۆلۆژیا  بەست'' (میراودەلی ،٢٠٠٥: ٥٣). ''دیکارت تیۆری ڕێژەیی (نسبی) لە جوانیدا هێنایە کایەوە، جوانی چییە؟ کەس ئەمە نازانێ، جوانی بە پێی وڵات دەگۆڕێ. لە هیندستان جوانی لە لێوی ئەستور و پفدراو و لوتی بەرین و پانەوەبوودا هەیە. لە پیرۆ جوانی لە گوێی گەورە دا هەیە، لە هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقا جوانی لە ملی درێژ دایە ...هتد واتە جوانی لە هەر وڵاتیک دا چەمکێکی تایبەتی خۆی هەیە. دیکارت و مونتانی و ڤۆڵتێر چەمکی جوانییان لە بابەتییەتی باوەڕی ئەفلاتوونەوە گوازتەوە  بۆ چەمکێکی بە گومان ...دیکارت باوەڕی وایە کە (زەوق) بڕیاری جوانی و دزێوی شت دەدا، بەر لەجوانی زەوق هەیە ...دەربارەی هونەر دیکارت باوەڕی وایە کە هونەر دەبێت، بەدوای پەیڕەوێکی  توند بکەوێ، کەهۆش فەرزی

دەکا. هونەرمەند دەبێت بە هێزی لۆژیکی فیکری قەناعەت بە خەڵک بکا'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٥٤). بەم شێوەیە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جوانیی و لیکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ شتە جوانەکان و تەنانەت پێوەر و پێوانەکانیشی بۆ جوانی، بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، بە پێی کات و شوێن و سەردەم و تێڕوانینی کەسەکان گۆڕاوە، ئەمەش وای کردووە، لە هەر سەردەم و قۆناغ و بارودۆخێکدا بەجۆرێک یان تێڕوانینێکی جیاواز بڕواننە جوانی شتەکان.

هونەر''لە سەدەکانی ناوەڕاستدا  بە گشتی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی کڵێسەوە و پیاوانی ئاینی. بەوچەشنەی لەگەڵ بیروڕای کڵێسەدا بگونجێ، هونەریان ئاراستە دەکرد و دەیانویست لە خزمەتی ئایندا بێت. نووسەر و هونەرمەندانیش بە پێچەوانەی قۆناغی کۆیلەیەتییەوە، چینێکی هەڵبژاردەی کۆمەڵ نەبوون، بەڵکو سەر بە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە هەژار و نەدارەکان بوون، لە قۆناغی یەکەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەرهەمی هونەرمەندان شقڵی ڕۆشنبیری و بێ بڕوایی بە ژیان و کوێرەوەری ئادەمیزادیان پێوە دیاربوو، خۆشیان هەستیان بەو حەقیقەتە کرد، پاش ئەوەی لەو ڕاستییە تێگەیشتن، کە تا چ ڕادەیەک ئەدەب و هونەر کار لە بیر و هۆشی جەماوەر دەکات، ناچاربوون بە شوێن ڕێگایەکی تردا بگەڕێن، بۆیە کەوتنە خۆ، تاوەکو هونەر بکەنە ئامرازێک بەهۆیەوە خزمەتی ئایدیالۆژیای پێ بکەن. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لە هەمان ڕوانگەی ڕەشبینییەوە، هەوڵیان دەدا، چی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی هەیە، لەبەرهەمەکانیان ڕەنگ بداتەوە و بەرجەستە بێت. بەم شێوەیە هونەری ئەم قۆناغە تا ڕادەیەکی باش لە ڕیالیزم نزیک بۆووە. هەرچەندە نائومێدی ژیان باڵی بەسەریاندا کێشابوو'' (مەزهەر، ٢٠٠٤: ٧,٩).

پاشان بزوتنەوەی ''ڕێنیسانس لەئەنجامی کۆمەڵێک هۆی ناوخۆیی و دەرەکی هاتەکایەوە، پێکەوە لەمنداڵدانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی  ئەوروپا، کاری خۆیان دەکرد. کەواتە ڕێنیسانس بە حوکمی ئەو واقیعەی تێیدا لەدایک بوو. چ لە شێوەی تێڕوانینیدا بۆ دیاردەکانی ژیان و چ لە بیرکردنەوەدا، ڕیبازێکی نوێی گرتەبەر، تەواو بەپێچەوانەی بیروڕای باوی کۆمەڵی کۆن و پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکانەوە بوو'' (مەزهەر،٢٠٠٤: ٢٤). بێگومان ڕێنیسانس لە ئیتاڵیا سەریهەڵداوە و لەوێوە بەرەو وڵاتانی دیکە ڕۆیشتووە،

لە ''گرینگترین تایبەتمەندییەکانی چاخی ڕینیسانیس هەریەکە لە تاکگەرایی، ئازادی فیکری، گەشەکردنی چێژی جوانی، خستنەڕووی مرۆڤگەرایی. لەم قۆناغەدا هەوڵیان دەدا ئاشتی لە نێوان ئەفلاتوون و ئەرستۆ بکەن، لە هەمان کاتدا هاوئاهەنگییەک لە نێوان یۆنان و ڕۆمان و

مەسیحییەت بەرپا بکەن'' (شەمیسا، ٢٠١٨: ٤٤). بەم پێیە وەک دەردەکەوێت''زانستی جوانی لە سەدەکانی ناوەڕاست جگە لە تێڕوانینەکانی تۆماس ئەکوینی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ دەربارەی جوانی بڵاونەکرایەوە، چونکە لەم کاتەدا زانستی جوانی ملکەچی تێڕوانینە ئاینییەکان بوو. جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە بەرزترین پلەی جوانی لە خوداوەنددا بوونی هەیە. کە گوزارشت لە ڕەسەنایەتی جوانی لە بوارەکانی هونەر و سروشتدا دەکات. ئەم تەوژمە ئاینییە پێی وابوو بۆ بەرجەستەکردنی جوانی و جیاکردنەوەی لە بابەتەکانی تر دەبێت ئەم سێ مەرجە هەبێت: تەواوەتی و بێ کەم و کوڕی ، گونجانی ڕاست و دروست، ڕوون و ئاشکرایی، تەواوەتی بێ کەموکوڕی بەرزترین پلەی جوانییە کە تەنها لە خواوەندی دروستکاردا هەیە. کە دەسەڵاتی بەسەر تەواوی سروشت و بونەوەراندا هەیە. نهێنی ئەمانەش جگە لە عارفەکانی خوداوەند هیچ کەسێک نایزانیت'' (لالو، ١٩٥٢: ١٠).

لە ئەنجامی ئەو هەمووە هەڵکشان و داکشانەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتەوە، لە ژێر کاریگەری هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و تێڕوانینە خودی و بابەتییەکاندا بیری ڕۆشنگەری و نوێخوازی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هاتەکایەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە ڕادەیەکی بەرچاو گەشەی سەند. بەمەش بزوتنەوەی ڕۆشنگەری هاتەکایەوە. کە بێگومان وەک دەردەکەوێت،''ڕۆشنگەرەکان کەسانی مەزن بوون، لە فەرەنسادا ئەوانە بوونە هۆی ڕۆشنکردنەوەی بیری خەڵک و ئامادەکردنیان بۆ شۆڕشی فەرەنسا، کە تا ئەوپەڕی شۆڕشگێڕیان تێدابوو، ڕەخنەیان لە هەموو بیروباوەڕ و یاسا و دەستورێک دەگرت و عەقلیان کردبووە تاکە پێوانەیەک، هەموو شتێک نەیدەتوانی مەعقولیەتی خۆی بسەلمێنێ، لە دژی دەوەستان. مەملەکەتی عەقل بە نەزەری ئەوان مەملەکەتی بورژوا بوو. خۆی لە دادوەری و یاساکانی بۆرژواکاندا دەدۆزیەوە'' (حوسێن، ٢٠٠٧: ٧). سەرەڕای ئەمانەش جوانیناسی بوو بووە جێگای بایەخی ڕەخنەگران و بیرمەندان، بەشێوەیەک جوانیناسی وەک بەشێکی گرینگی فەلسەفە هەژماردەکرا،

لە سەردەمی ڕۆشنگەری فەرەنسی و ئینگلیزیدا، ''زانستی جوانیناسی کاریگەری قووڵی لە گەشەکردنی تێڕوانینی جوانیدا هەبوو. لە ماوەی سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیا، هەروەها لەسەر فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی و ئەدەبی ئەڵمانیدا، لەسەرووی هەموویانەوە لە سەر بەرهەمەکانی لیسنگ و هێردەر و گۆتەی شاعیر و کانت و هیگل. هەروەها لە فەرەنساش نووسەرەکانی وەک ڤۆلتێر و مۆنتیسکۆ و دیدرۆ. بە تایبەتی دیدرۆ لەم بوارەدا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو، داوای دەکرد هونەر لە ناوەڕۆکی فکری و کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە. دیدرۆ

به ناودارترین بیرمەند و تیۆردانەری زانستی جوانیی مادی سەدەی هەژدە دادەنرێت، بەڵام زانستی جوانی لە سەردەمی ڕۆشنگەری ئینگلیزی بە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سروشتی هەستەکانی جوانی جیادەکرێتەوە، دەکەوێتە ژێر وردبینی هونەرییەوە'' (لالو، ١٩٥٢: ١١). هەر لە پێش ئەمانەدا و لەمبارەیەوە ''ئەرستۆ پرسێک سەبارەت بە فەلسەفەی جوانی دەوروژێنێت لە دوایدا ئەو پرسە فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەری سەرقاڵ دەکات بەتایبەتی (کانت، شوبنهاوەر، هێگل)، پرسەکە ئەوەیە: بۆچی دەنگ و ئاواز تایبەتن بە دەربڕینی داهێنەرانە، بەڵام لە وروژاندنی چێژ، ڕەنگ، شادی هەمان توانا و تایبەتمەندیان نییە'' (مطر، ٢٠١٩: ٧٧). دیارە ئەم پرسیارە و سەدان پرسیاری دیکە لە بابەتی جوانی سەرنجی بیرمەندانی جوانی ڕاکێشاوە و بیرکردنەوە و خەیاڵ و ئەندێشەی قووڵ و فراوانی لەم ڕووەوە لەلا دروستکردوون.

بەم شێوەیە ''جوانیناسیی مێژوویی لە سەردەمی نوێ و لە فەلسەفەی نوێدا بەتایبەتی دوای سەردەمی ڕێنیسانس، ئەو هونەرانەی جوانیان تیا بەدی دەکرا، بۆ سێ بەش دابەشکران، کە ئەوانیش شیعر و نووسین و تابلۆ و نەخش و نیگار و مۆسیقا بوون، کە بێگومان بە شێوازی جۆراوجۆر گوزارشتیان لێدەکرا. هەرچۆنێک بێت هیگڵی مەزن لە ڕێبازە دیالێکتیکەکەیەوە دەڕوانێتە جوانیناسیی و بە فەلسەفەی هونەری دادەنێ و بە پەرەسەندنی گیانی موتڵەقەوەی دەبەستێتەوە. بەلای هیگڵەوە هونەر و ئایین و فەلسەفە توند بەیەکترییەوە بەستراونەتەوە'' (عەزیز، ٢٠٠٥: ٧٩). لێرەدا دەتوانین بڵێین'' لە سیماکانی جوانیناسیی نوێ و سەردەمییانە ئەوەیە، کە ئەم زانستەی لە دەرەوەی مێژوو و سروشتی خۆی و باری خۆی بە شێوەیەکی ڕادیکالانە نوێکردۆتەوە، توێژینەوەی خۆی بۆ بابەتە تەکنیکییەکان لە شێوەی فەلسەفەی ڕۆحی جوانیناسیدا نوێکردۆتەوە،

هەرچۆنێک بێت ئەمە کۆتایی نەهاتووە، لە کاتێکدا بەردەوام گرفتی تازە و چارەسەری تازە لەمبارەیەوە بەبەردەوامی سەرهەڵدەدەن. کە ئەمەش دەبێتە داواکاری و خوازیاری سەرەتای ماوە و سەردەمێکی دیکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ماوەی پرس و تەمومژی جوانیناسی کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو وەک ئاشکرایە بەردەوام ململانێ لە نێوان جوانیی هەستی لە خۆیەوەیی و هەستی مەزندەیی و خودی لە لایەک و چەمکی دەروونی و هزر و تێڕوانینی مرۆڤ لە لایەکی دیکەوە هەیە'' (کرۆچە،١٣٩٣: ٢١). بەو پێیەی لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیدا لە میانەی تێڕامان و بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ گەردوون و ڕەگەزەکانی سروشت و دەوروبەری هەریەکە لە هونەر و ئایین و فەلسەفە شان بەشانی یەکتری

ڕۆیشتوون و کاریگەری لەسەر هۆشمەندی و تێڕوانینی ئادەمیزاد درووستکردووە. بەڵام ئەم بیرکردنەوە و تێڕوانینانە بە تێپەڕبوونی کات لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانی بە سەرداهاتووە. هەر بۆیە وەک دەردەکەوێت''بیرمەندانی فەلەسەفەی جوانی لە سەدەی نۆزدەدا، فێرکردن و هونەری لەیەکتر جیاکردەوە، تەنها لەسەر چێژدا ئۆقرەی گرت و جەختی لەسەر چێژی هونەری دەکردەوە'' (جونسون ، ١٩٨٦: ٢٨٦).

ئەگەر چاوێک بەمێژووی نوێی فەلسەفەی جوانیی عەرەبی و ئیسلامی بخشێنین دەبینین ''ڕەخنەگرە نوێخوازەکانی عەرەب هەڵوێستیکی دیکەیان لە بابەتی زانستی جوانیدا هەیە، کە کاریگەربوون بە فەلسەفەی کۆنی عەرەبی و فەلسەفەی یۆنانی، لەوانە دکتۆر شەوقی پێی وایە کە جوانی وەک خودی خۆی لە سروشتدایە، دواتر لە چوارچێوەی فەلسەفەی جوانیدا بۆ کاری هونەری گواستراوەتەوە. ئەم بیرمەندە لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ڕاستیدا جوانی لە خودی سروشتدایە، بەڵام ئەمە جێگای بایەخی بیرمەندانی فەلسەفەی جوانی نییە، چونکە ئەوانە بایەخ بەو جوانییە دەدەن کە لە چوارچێوەی کاری هونەریدایە'' (شوقی،١٩٧٢: ١١٨).

هەر چۆنێک بێت''مێژووی ئیستاتیکا هەمووی بریتییە لە مێژووی ململانێی نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم و خەباتی نێوان چینە کۆنەپەرستەکان و چینە پێشکەوتنخوازەکان، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا ڕوون دەکاتەوە'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٣).

ئەگەر لە قوتابخانە و ڕێبازەکانی ئەدەبی لە مێژووی جوانیناسی بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت''بیری جوانیناسی لە چاخی کلاسیک لە ماوەی نێوان چاخی شەش و سێی پێش زایین سەریهەڵدا، لای گریکییەکانیش چەند چەمکێکی پەیوەندیدار بە جوانی خۆیان نواند، هۆمیرۆس یەکێک لەوانەیە, کە لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، وەک وشەکانی ( جوان، نایاب، چاک، گونجاو) کە ئەمانە لە چوارچێوەی بیرۆکەی جوانی دەخولێنەوە''(اوفسیانیکوف، نوفا، ١٩٧٩: ٩). بەم شێوەیە دەبینین ''تێڕوانینی کلاسیکییەکان بۆ جوانی، بریتییە لە جەوهەری واقعیەت، کە ئەمەش بە تەواوەتی لە فۆڕمدا بەرجەستە بووە، یان بۆتە تەواوکەری فۆڕم لە خودی خۆیدا'' (عبد الحمید، ٢٠٠١: ١٤).

دیارە ''هونەری کلاسیکی، هەمان هونەری یۆنان و ڕۆمی کۆنە، شاعیرانی سەدەی حەڤدەهەمی فەرەنسا، دوابەدوای ڕاپەڕینێک کە هومانیزمی پێدەوترێ، ئەم هونەرە کۆنەیان کردە سەرمەشق و بەرهەمی خۆیان، بەگوێرەی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دیار کە لە ئەدەبیاتی یۆنان و ڕۆمی کۆنەوە، بە تایبەتی لە بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆوە وەرگرتبوو،

هەڵبەتە ئەم ڕاپەڕینە بە سەدەیەک بەرلەوەی لە فەرەنسادا پەیدا ببێ، لە ئیتاڵیا و ئیسپانیادا هاتبووە ئاراوە'' (حسيني،٢٠٠٦: ١٩). وەک دەردەکەوێت ''لە ڕوانگەی کلاسیکییەکانەوە هونەری ئەسڵی شاعیر یان نووسەر بریتی بوو، لە پەیڕەوکردنی وردی ئەم بنەما و یاسا و ڕێسایانە و نووسەرێک دەیتوانی بەرهەمی جوان بەرهەمبهێنێ، کە باشتر و زیاتر پابەندی یاساکانی قوتابخانەی کلاسیک بێ، جا لەبەر ئەمە ئەو نووسەرانەی  کە بەتەواوی پابەندی ئەم یاسایانە نەبوایەن، نەدەکرا بە نووسەری کلاسیک بژمێرێن'' (حسيني، ٢٠٠٦: ٢٨). بە تایبەتی ''کلاسیزمی ئەورووپی وەک ڕێبازێک سەرچاوەی بیری و فەلسەفەیی خۆی هەیە و لە سەر بنەمای ئەوان دامەزراوە، لە گرنگترین ئەوسەرچاوانەش: هونەری شیعری ئەرستۆ(٣٢٢_٣٨٤)پ.ز،هونەری شیعری هۆراس، نووسەرانی مەزنی گریک و ڕۆمانی. بەرهەمی نووسەرانی سەردەمی ڕێنسانس، هونەری شیعری بوالو'' (مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٤). کە هەموو ئەوانە ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگییان لە سەرهەڵدانی بیری جوانی و تیور و فەلسەفەی جوانی هەبوو.

لە ڕاستیدا لە قۆناغەکانی داهاتووداو بە پێی گەشەسەندن و گۆڕانی تێڕوانین و هزری مرۆڤەوە، شەپۆلی تازە و بۆچوونی تازە سەبارەت بە چەمکی ژیان و ئەدەب و هونەر و فکری جوانیناسی و فەلسەفەی جوانی هاتە کایەوە و نشونمای کرد. کە زۆر جیاواز بوو لە بیروبۆچوون و تیڕوانینەکانی پێشوو، ئەویش ''تێڕوانینی ڕۆمانسیزمییەکانە بۆ جوانی، کە لە ئیرادە و هەست و سۆز و خەیاڵەوە خۆی دەنوێنێ. لە گۆشەنیگای خودەوە شتە جوانەکان دەبینن، هەر لەو کاتەوەی لە لایەن سروشتییەکانەوە توانرا گونجاندن و لێکچوونێکی زۆری نێوان ڕۆمانسیزم  و سروشت بدۆزنەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و منداڵی، باوەشی سروشت، یەکێکە لەو خاسیەتە سەرەکییانەی ڕۆمانسیزم کە پێی دەناسرێتەوە'' (عبد الحميد، ٢٠٠١: ١٧). هەروەها ''جان جاک ڕۆسۆ داوای دەکرد کە مرۆڤ ئازاد بێت و کۆمەڵ بە هیچ کۆت و زنجیرێک نەبەسترێتەوە. بگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت'' (پیرباڵ، ٢٠٠٦: ٥٢). هەر هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی گەورە و بەهێز و فراوانی لەسەر گەشەسەندنی ڕەوتی جوانی و بیری جوانی لە مێژووی جوانیناسیدا هەبوو.

بێگومان لە شیعری ڕۆمانسییەت دا هەریەکە لە خۆشەویستی و سروشت و نیشتمان و ئافرەت و ئازادی پانتایەکی گەورە و فراوانیان گرتووە. بەرگری کردن لە چەوساوە و بێ دەسەڵاتان وەک بەرگری کردن لە مرۆڤ و گیانلەبەر و درەخت و گەلانی ژێر دەست و گەڕان بە دوای جیهانێکی نموونەیی کە دادپەروەری و یەکسانی و خۆشەویستی باڵی

بەسەردا کێشابێ'' (البرازي، ١٩٨٦: ١٩٤). کە ''ئەمانە بووبوونە بنەما و سەرچاوەیەکی گرینگی سەرهەڵدانی بەرهەمی جوان و هونەری پڕ ئیستاتیکا و داهێنان، دوا بەدوای ئەمە بیری ڕیالیستی لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری خودی و بابەتی و وەک کاردانەوەیەک لە دژی بیروباوەڕەکانی ڕۆمانسیزمی هاتە کایەوە، بە مەبەستی خستنەڕووی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لە چوارچێوەیەکی ڕیالیستیدا، بۆیە دەبینین تێڕوانینی ڕیالیزمییەکان بۆ جوانی تێڕوانینێکی ڕیالیستییە و پێیان وایە دەبێت جوانی لە بابەتی جوانیی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتبێت، لە ڕێگای عەقڵ و هۆشیارییەوە هەستی پێ بکرێت و لە هەست و سۆز و خەون و خەیاڵ و ئەندێشەوە بە دوور بێت'' (نور، ٢٠١١: ١٢).

جگە لەمانە ''تێڕوانینی شاعیرانی پەرناسیزم بۆ جوانی لە چوارچێوەی جوانیی هونەریدا چڕدەبێتەوە و هونەری پەتی بەلاوە پەسندە و تەنیا بایەخ بە جوانی فۆڕم و تەرز و چۆنیەتی دەربڕین دەدات، دژی ناوەڕۆکی سادە و بێ بایەخە. پێیان وایە شیعر سنعەتێکە دەتوانێت ئیلهام کۆنترۆڵ بکات و لە قاڵبێکی سنعەتکارانەی هونەری دایبڕێژێت'' (زیاب، ٢٠٠٥: ٢٤) بەم کردەوەیەش خۆیان لە بۆچوونی کلاسیکییەکان نزیک دەکردەوە، دژی ڕۆمانسیزم و هەر جۆرە شیعرێکی خودی دەوەستانەوە، تەنانەت هەندێ لەڕەخنەگران بە کلاسیزمی مۆدێرن ناویان دەبەن.

بنەماکانی ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە سەر بنەمای فەلسەفەی میتافیزیکی ئیستاتیکی دامەزراوە ...فۆڕم (ڕوخسار)یان بەمەبەستی سەرەکی هونەر دەزانی، بۆیە زۆرجار دەستەواژەی هەوادار و لایەنگرانی"هونەر بۆ هونەریان بۆ بەکاردەهێنان. ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی هەست و سۆزی شاعیران، تەنیا گرنگی دانە بە جوانی و ڕوخساری شیعر و کەوتنە دژایەتی کردنی مەسیحییەت و بیروباوەڕی ئایینی و دەربڕینی ترس و بێ ئومێدی لە هێندێک لە هۆنراوەکانیاندا، پەرناسیزم ڕێبازێکی یەکگرتوو نییە، لە کۆڕە فراوانییەکەیدا چەند ڕووگەیەکی هونەری جیاوازی گرتە خۆی، دروشمی کۆکەرەوەی ئەم ڕووگانە، دەربڕینی (هونەر بۆ هونەر) بوو'' (بەسیر، ٢٠١٥: ٢٢٦). لە ڕاستیدا وێڕای ئەو بابەت و قۆناغ و سەردەم و قوتابخانە مێژووییانەی سەبارەت بە مێژووی جوانیناسی و فەلسەفەی جوانی خرانە ڕوو، تیشکیان خرایە سەر، هێشتا لەمبارەیەوە چەندین بیروبۆچوونی جۆراوجۆر و تێڕوانینی دیکەی مێژوویی هەن.

## هێڵکاری_٢(جوانیناسی لە ڕێڕەوی مێژوودا)



**تەواوکەری هێڵکاری (٢)**

جوانیناسی  لە سەدەکانی ناوەڕاست و بیروڕایەکانی تۆماس ئەکوینی:

(ئەدەب و هونەر لە خزمەتی ئاین دابوو ، بەرزترین پلەی جوانی لە خوداوەندایە)

جوانیناسی لە سەردەمی ڕێنیسانس:

(بە پێچەوانەی بیروباوەڕی  کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی، جەختی لە سەر

ئازادی فیکری و گەشەکردنی چێژی جوانی و مرۆڤ بوون و تازەگەری دەکردەوە)

جوانیناسی لە سەردەمی ڕۆشنگەری:

پێشەنگەکان (لیسنگ، هێردەر، گۆتە ،ڤۆلتێر، مۆنتیسکۆ، دیدرۆ،  کانت ، شوبنهاوەر، هیگڵ)

جیاکردنەوەی هەستەکانی جوانی

هەستەکانی جوانی دەکەوێتە ژێر وردبینی هونەرییەوە

**مێژووی جوانیناسی بە پێی قوتابخانەکان**

- کلاسیزم ، پشت بەعەقلانییەت دەبەستێت
- ڕۆمانسیزم ،جەخت لە هەست و سۆز دەکاتەوە
- ڕیالیزم جوانی تێڕوانینێکی ڕیالیستییە
- پەرناسیزم،هونەر بۆ هونەر

## ٢,١ بنچینەکانی جوانی:

وەک ئاشکرایە، جوانی و جوانبینی کۆمەڵێک بنچینەی سەرەکی  لە خۆگرتووە، کە هەر یەکێک لەم بنچینانە ڕۆڵ و ئەرک و کاریگەرییەکی بەهێز و فراوانییان لە دیاری کردنی بەها و ئاستی جوانییدا هەیە، وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

### ١,٢,١ بنچینەی سوود بەخشین:

کاری ئەدەبی یان هونەری بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە، بەشیوەیەکی گشتی کە لە لایەن شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانەوە دێتەکایەوە، لە چوارچێوەی سوود و چێژ یان هەردووکیان بەیەکەوە، لێکدەدرێتەوە. دیارە ئەمەش لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دیکە دەگۆڕێ.

بەشێک لە نووسەران جوانی لە سودبەخشیندا دەبینن و پشت بە بنەمای سوود دەبەستن و چێژ و خۆشی ڕەت دەکەنەوە، یان بە پێچەوانەوە، وە زۆرێکیش لەمانە، لە هەوڵی ئەوەدان کە هاوسەنگییەک لەنێوان سوود و چێژ لە دارشتنی بەرهەمەکانیاندا دروست بکەن. ئەمەش لەسەر ئایدیا ، تێگەیشتن ، خولیا ، زەوق و سەلیقە ، پاشخانی ڕۆشنبیری و ئاستی جوانیناسیی، ئەو شاعیر و نووسەر و هونەرمەندە وەستاوە، کە بەرهەمەکانی هێناوەتە کایەوە، دیارە بنچینەی سوود وەک یەکێک لە بنچینە سەرەکییەکانی جوانیناسی، پێگەیەکی زۆر گەورە و بەهێز و کاریگەری لە جوانیناسیی ئافرەت و بابەتی فەلسەفیشدا هەیە، بەشێوەیەک سوود بۆتە ئامانج و مەبەستی هەرە لەپێشینەی زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسوفە مەزنەکانی وەک  سوقرات و ئەفلاتون.

هەر لە دێر زەمانەوە ''فەیلەسووف و بیرمەندان جوانی بە سوودەوە دەبەستنەوە، لەبەرئەوە ئەزەنفۆن (Xenophon) پێی وایە کە هەموو جوانییەک چاکە، وەهەر شتێکیش چاک بێت ئەوا جوانە، بەهەمان شێوە و تێڕوانین لە ڕووی سوودەکەیەوە. کەواتە جوانی و سود یەک شتن'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ٨٨). یان بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی میسالییەکان یان ڕەوشتییەکانەوە سوود و چاکە سەرچاوەی سەرەکی جوانییە و هەر شتێک بەسوود و باش بێت جوانە و بێ سوود و خراپ بێت ناشیرینە, لایەنگرانی ئەم بیروبۆچوونە زیاتر جەخت لە سەر جوانی ناوەوە و ناخ و ڕەوشتی ئافرەت دەکەنەوە. بەپێچەوانەی لایەنگرانی چێژ و خۆشی و هەوەسبازەکان،  زیاتر جەخت لەسەر جوانی دەرەوە و شێوە و ڕوخسار

و لاشە و جەستەی ئافرەت دەکەنەوە. هەربۆیە '' بۆ بەدیهێنانی سوود و مەبەستی ڕەوشتی باڵا. کە بە خۆشەویستی دەست پێدەکات و بۆ لای خۆی هانمان دەدات. شتێک کە نیمانە و هەوڵی گەیشتنی دەدەین جوانییە. بۆ ئەوەی بتوانین بەم هۆیەوە بە چێژو خۆشی و شادی بگەین'' (خلف،١٩٩٠: ١٤). لە لایەکی دیکەوە'' سوقرات کاتێ پێناسەی جوانی دەکات بۆ هاوڵاتیان، دەڵێت: پێویستە جوانی سوودی هەبێت، سوودیش هەمیشە بۆ مەبەستی چاکەی ئایدیال بێت'' (مطر، ٢٠١٩: ٢٧). چونکە بە بۆچوونی سوقرات و ئەفلاتوون و بەشێک لەو بیرمەند و شاعیر و نووسەرانەی کە بڕوایان بە فەلسەفەی سوود هەیە، جوانی ئەدەب و هونەر و شتەکان بە گشتی لە سوود و چاکە دەدۆزنەوە.

## ٢,٢,١ بنچینەی فێرکردن:

فێربوون و فێرکردن بەهایەکی بەرزی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، ئەمەش وایکردووە ببێتە جێگای بایەخ و گرینگی کۆمەڵگا بە هەموو چین و توێژەکانەوە بە گشتی و ئەدیب و هونەرمەندان بە تایبەتی. لە هەمان کاتدا ببێتە هۆکاری هێنانەکایەی جوانی و ڕەنگدانەوەی جوانی لە لای ئەوانەی خولیای فێربوون و فێرکردنن و جوانی لە فێربوندا دەبینن و ئەو شتانە یان ئەو ئافرەتانەیان پێ جوانە، کە لە توانا و بەهرەی فێرکردنەوە سەرچاوەیان گرتبێت و ئاستی فیرکردنیان تێدا بەرز بێت، بۆیە هەمیشە بۆ ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانیان و جوانی بەخشین بە بەرهەمەکانیان پەنا بۆ بنچینەی فێرکردن دەبن و بابەت و ناوەرۆکی فێرکردن لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە.

هەرچەندە ''بەپێی تێڕوانینی کۆن پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شاعیر و خوداوەند یان جندا هەبووە. لیبنتز دەڵێ: ئامانجی سەرەکی لە شیعردا ئەوەیە، پێویستە فێرکردنی حیکمەت و چاکەکاری لە ڕێگای قسەی نەستەق و پەندی پێشینان بێت سوودبەخش بێت'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ٩١). وەک دەردەکەوێت بیروڕای هەندێک لە بیرمەندان ئەوەیە کە حەز و خولیای فیربوون بەشێکە لە جوانی، چونکە لە تێڕوانینی ئەمانەدا فێرکردن هۆکاری جوانی بینییە ''لەدیدی ئەفلاتوون پێگەی خۆشەویستی گرینگییەکی بناغەیی بۆ تیۆری زانین هەیە، لەبەر ئەوەی هەقیقەت دەبەستێتەوە بەخۆشەویستی، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە بە ڕەهایی بەفۆڕمەکانی جوانی بگات، هاوکات خۆشەویستی دەکات بەدەسوێژی دیالێکتیکی زانینی فەلسەفە، کە لە دیالێکتیکی خۆشەویستی سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی ئاراستەکەی ڕووەو جیهانی ئایدیالە'' (مطر، ٢٠١٩: ٤٤). هەروەها هەر لەمبارەیەوە''ئەرستۆ

پێی وایە، فێربوونی چێژ وەرگرتن  تەنها تایبەت نییە بە فەلسەفە، بەڵکو لای هەموو کە سێک بوونی هەیە، لە هەمان کاتدا  لاڤۆنتین  پێی وایە، چێژی ئەدەب بۆ توانای ئەدەب دەگەڕێتەوە، بەڵام  ڕۆلان بارت لە گۆشەنیگایەکی دیکە و وردتر دەڕوانێتە چێژ و پێی وایە چێژ ئەوەیە کە دەبێتە مایەی ڕەزامەندی  و ڕێگەپێدانی هەست، بۆ بەدەستهێنان و  تێربوون و ئاسودەیی'' (ابو ناصر، ٢٠١٣:  ١٦). کەواتە دەتوانین بڵێین، بنچینەی فێرکردن کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر بەرجەستەکردنی جوانیدا هەیە، بەتایبەتی لە لای ئەوانەی کە فێرکردن بە بنەما و هەوێنی جوانی دەزانن، پێیان وایە ئەو شتانە یان ئەو کەسانە جوانن کە ئامانج  و مەبەستی فێرکردنیان لە پشتەوە بێت.

## ٣,٢,١  بنچینەی ڕەوشتی:

ڕەوشت بە یەکێک لە بە نرخترین و بە بەهاترین سەرمایەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخی خواوەندەکان و کتێبە ئاسمانییەکان و فەیلەسووفەکان و بیرمەندان و پیاوانی ئایینی و تەنانەت کۆمەڵگە جیاوازەکان بووە.  لە لای لایەنگرانی ئەم بیروبۆچونانەوە بە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی جوانی دادەنرێت، جوانیی ڕەوشت و ناوەڕۆک لە هەموو جوانییەکانی تر تەواوتر ، بەرزتر ، بەهێزتر و کاریگەرترە.

خوای گەورە و کتێبە ئاسمانییەکان جەخت لە سەر جوانیی ڕەوشت و جەوهەری مرۆڤەکان دەکەنەوە، بەهەمان شێوە ڕەوشتخوازەکانیش جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە و جوانی تەنها لە کردار و ڕەفتاری جوان و باش و چاک دەبینین و جوانیی ناوەکی دەخەنە سەرووی جوانیی دەرەکی و شێوە و ڕوخسار و بە پلەی نایاب و باڵا ئەژماردەکەن و جوانیی دەرەکیش دەخەنە ئاستی جوانیی نزم، بەشتێکی کەم و بێ بەها سەیری دەکەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، پێوەر و پێوانەکانی ڕەوشت کە دەبێتە هەوێن و سەرچاوەی جوانی، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە کۆمەڵگە و کەلتوورێکەوە بۆ کۆمەڵگا و کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت.

بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاست و پلە و پایەی جوانیناسیی شتەکان، بە پێی جیهانبینی هەریەکێک لەمانە بۆ ئەو بابەت و شتانە، لەم بارەیەوە. هەروەک دەبینین'' قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێک دا ئاماژەی  بە جوانی کردووە، خوای گەورە فێرمان دەکات کە جوانی تەنها بەهۆی ڕوانینی ڕوخسارەوە بەدەست نایەت، بەڵکو لەڕێی ناوەڕۆک و ماهییەتی ڕەوشتی جوان و نموونەیەوە بەدەست دێت، هەروەک کە سەبر و ئارامی پێویستە

که دەبێت جوان بێت، ئەگەر کارەسات یان هەر کۆست و بەڵایەکیش بێت'' (عوض الله, ٢٠٠٣: ٣٢٧). بێگومان ''دەتوانین ئەو بنەمایە بۆ دوو لق دابەش بکەین: کە ئەوانیش بنەمای ڕەوشتی و بنەمای ئایینین. بەڵام لە ڕاستیدا هەریەکە لەمانە یەک دارشتن و واتایان هەیە و لە ژینگە و کات و سەردەمی جیاوازدا لە جێگا و لە بڕی یەکتری بەکاردەهێنرێت. لە کاتێک لە کاتەکان لە لای ئەغریقیەکان غەریزەی جوانی ئاوێتەی هەستی ئایینی بووە و بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ٩٤).

هەرچۆنێک بێت، دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە''ڕەوشتی جوان و باش، ئەو جۆر و شێواز و ڕەفتارە چاک و خێر خوازانەیە کە لە ژیاندا هەن، جا ئەو ڕەفتارانە بەشێوەی دەرەکی و دیاربێت، یان لە ناوەوە و نادیار بێت، بە خواست و ویستی خودی مرۆڤەکان، بۆ بەدیهێنانی مەبەستێک دێتەکایەوە'' ( الشمراني، ٢٠١٠: ٥). بەم شێوەیە وەک دەردەکەوێت''پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جوانی هانی زۆر لە فەیلەسووفەکانی بۆ گرینگیدان بەجوانی داوە. هەوڵدان بۆ ڕەواکردنی ڕەوشت، لەم بارەیەوە ئەفلاتوون جەخت لەسەر ڕەوشت دەکاتەوە و پێی وایە چاکە مەرجێکە لە مەرجەکانی جوانی، هونەریش بەشێکە لە زانستی ڕەوشت، لە کۆمارەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە کار و ئەرکی هونەر کار و ئەرکێکی پەروەردەییە'' (جیدوري، ٢٠١٠: ٩٢) بۆیە ''جوانیی باش و نایاب لە ڕەوشت و کرداری جوان و باشدا بەرجەستە دەبێت. ئیبن ئەسیر سەبارەت بە جوانی دەڵێ: جوانی دەکەوێتە سەر وێنە و واتا'' (عبید، ٢٠٠٧: ٢٨٩).

لە ڕوانگەی ئایینەوە''ڕەوشتی جوان هەموو ئەو کار و هەڵوێست و ڕەفتارانەیە، کە لە قورئان و سونەتەکانی پێغەمبەرەوە سەرچاوەی گرتووە. وەک خوای گەورە دەفەرمووێ: وانک لعلى خلق عظیم'' (الشمراني، ٢٠١٠: ٥). هەروەها بەهەمان شێوە''کاتێ سۆکرات پرسیار لە ئەرکی هونەرمەند دەکات، دەپرسێ مەبەست چییە لە ئیشی هونەریدا ؟ کۆتایی دێنێت بەوەی هونەر دەبێت لە خزمەتی ئەخلاق بێت، پێویستە جوانی ئاراستەی چاکە کرابێت نەک چێژی هەستەکان ''(مطر ، ٢٠١٩: ٣٣). کەچی بە پێچەوانەی تێڕوانینە ئایینییەکان و ئەم بیروبۆچوونانەوە، بەلای کانتەوە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ نییە، کە جوانی و ڕەوشت پێکەوە گرێ بدات، گرنگیدان بە جوانی و هونەر ئەوە ناسەلمێنێ، کە خاوەن مەیل نیازێکی چاک، یان ڕەوشتێکی بەرزی هەبێت. لەگەڵ ئەوەدا گرنگیدان بە جوانیی ڕەوشت خۆی لە خۆیدا خاسییەتیکی ڕوحی چاکە. کاتێک مرڤ لەسەر ژیانی لێ وردبوونەوە و نقوم بوون، لەجوانی ڕەوشت ڕا دێت. ئەم جۆرە ژیانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ڕەوشت لە لای مرۆڤ پەرە

بسەنێت، بەڵام مەبەست لە جوانیی ڕەوشت ئەو جوانییە ڕواڵەتییە نییە، کە تەنها لێ ورد بوونەوەیەکی هەستی ئەزموونی لە لای ئێمە بەرپا دەکات، بەڵکو جوانی ئەو فۆڕم و دیمەنانەی سروشتە، کە جۆرە بایەخێکی عەقڵی و ڕەوشتییەتی بەرپا بکات''(حەمەسالح، ٢٠١٣: ٣٥). بە پێی بۆچوونی هەندێک لە بیرمەندان ''هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش حەز و هەست و سۆز و زانینن، حەز و ئارەزوو یەک شتن، هەست و سۆز یەک شتن، حەز شوێنەکەی لە تاریکییەوەیە، بێگومان حەز و ئارەزوو کۆگایەکە زیندوویەتی تێدا هەڵدەقوڵێت. بە تایبەتی لە ڕووی سێکسەوە. وە سۆز شوێنەکەی دڵە، خاوەنی هێز و هەڵسوڕێنەری خوێنە'' (ول دیورانت،٢٠٠٤: ٢٦).

لەژێر تیشکی ئەم بیروبۆچوونانەدا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە لە دیدی ڕەوشتییەکان و ئایینییەکانەوە جوانی و فەلسەفەی جوانی بریتییە: لە ڕەوشتی جوان و باش و چاک، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانە و لە دیدی بیرمەندانی ماتریالیزمی و هەندێک لە ڕوناکبیرانی دیکە، جوانی هێندە بە ڕەوشتەوە وابەستە نییە، ئەوەندەی کە بە هونەرەوە وابەستەیە. جا چ جوانیی ئافرەت و سروشت بێت یان هەر جوانییەکی دیکە بێت.

### ٤,٢,١ بنچینەی مێژوویی:

جوانی بە هەر هەموو جۆر و ڕەگەزەکانییەوە بەگشتی و جوانی ئافرەتیش بە تایبەتی, دیاردەیەکی سروشتی و مرۆییە. لە هەمان کاتیشدا مێژوو و کەلتوورو داب و نەریت زۆر کاریگەرن بەسەریەوە، بەڵام ڕیشەی سەرەکی لە ناخ و دەروونی مرۆڤ دایە. ئەگەرچی هەبوونی هاوسەنگی لە سەر شتە جوانەکانی سروشت، یان دەم و چاوی کەسێک, ئەو کەسە جوانتر دەکات، بەڵام جوانیی ڕوخسار تەنها بەرهەمی پاراستنی ئەم هاوسەنگیە نییە. بەڵکو ڕوخساری جوان پەیوەندی بە قژ و پەرچەم, چاو و برۆ, برژانگ, گۆنا, گەردەن, مل, گۆشەکانی شەویلکە، ڕەونەق و نەرم و نیانی ، فۆڕمی لێو و ددانەکان و شێوەی ڕوخساریەوە هەیە. لە پاڵ ئەمەنەشدا, پێست هۆکارێکی سەرەکی دیکەی جوانییە، چونکە دوا ڕووپۆشی ئێسکی دەم و چاوە، ڕەنگە پێستی ئەستوور ببێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەنگی ڕوخساری بشێوێنێ زۆر جوان دەرنەکەوێت، یان بە پێچەوانەوە پێستێکی جوان ناهێڵێت هەندێک کێشەی بچووکی ئێسکانەکانی دەم و چاو ببینرێت. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە مێژوو و کۆنتێکستی مێژوویی لە بواری جوانیناسیدا پێگە و کاریگەرییەکی گەورە و بەهێزی لە سەر پێوەر و پێوانەکانی جوانیدا هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە جوانی شتەکان ڕێژەیی

بێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە و لە سەردەمێکەوە  بۆ سەردەمێکی دیکە بگۆڕێ. ''هەموو بڕیاردانێکی جوانیناسی لە واقیعدا بڕیاردانێکی مێژووییە، چونکە هەر لە دەرچوونییەوە لەلایەن خاوەنەکەیەوە دەبێتە مێژوو. لەبەرئەوە هەموو بڕیاردانیکی مێژوویی ئەگەر ڕەها بێت، یان ڕێژەیی بەم شێوەیە بووە. هەروەک کرۆچە نوسەری وتاری ئیستاتیکا لە ئەنیسکلۆبیدیای (دائرة المعارف)ی بەریتانی دەڵێت: تا لە بابەتی بڕیاردان دوورتر بکەوینەوە، زیادبوونی ڕێژەی ئەم مێژووەی بڕیاردانە ئاشکرا و ڕوونتر دەردەکەوێت'' (اسماعیل، ١٩٨٦:  ٩٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بڕیاردان لەسەر جوانی پەیوەندییەکی بەهێزی بە مێژووەوە هەیە، چونکە بە پێی قۆناغەکانی مێژوو لەمبارەیەوە، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی جوانی و بڕیاری جوانیش دەگۆڕێت. هەر ئەمەش وایکردووە لە بڕیاردانی جوانیدا کات و سەردەمی مێژوویی جوانیی ئافرەتەکە یان شتەکە یان بابەتەکە لە بەرچاو بگیرێت.

### ٥,٢,١  بنچینەی دەروونی:

بنچینە و ڕەهەندی دەروونی لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی جوانیناسی و دیاریکردنی ئاست و پایەکانی جوانیی سروشت و ئافرەتە، چونکە لایەنی دەروونی وا لە مرۆڤ دەکات، کە تێڕوانین و هەڵویستەکانی سەبارەت بە جوانی، بە شێوازێکی ئەرێنی یان نەرێنی  بێتەکایەوە. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا  ئاست و پێگەی  جوانیی شتەکە یان ئافرەتەکە دەردەکەوێت، هەر بۆیە ئەو کەسانەی خاوەنی دەروونێکی  تەندروست و باش و جوانن ، بە شێوازێکی دروست و باش و جوانیش  بیردەکەنەوە و شتەکانیش بە باشی و جوانی دەبینن و بەباشی و جوانیش مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکەن، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

زانستی تازەی ''بواری سایکۆلۆژی سەلماندوویەتی کاریگەری سایکۆلۆژی لە گوزارشتکردنی هونەریدا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لەسەر بیرکردنەوەی زانستی و تێڕامان لە دیاردەی سروشتی، هەربۆیە زانا (پۆلی-pouly ) لەو باوەڕەدایە، کە لێکۆڵینەوە لە شتە دەرەکییەکان پێویستە شان بەشانی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی بڕوات'' (رایسر، ١٩٨٦: ١٧). چونکە بە دڵنیاییەوە هەڵویست و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی  جوانیناسی دەربارەی هەر بابەت و شتێک لە ژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی  ڕەهەندی دەروونی دەرناچێت و ناتوانێت لە ژێر ڕکێف و دەسەڵات  و فشاری دەروونی، خۆی دەرباز بکات. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە بنچینەی دەروونی ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی ئاست و

ڕێژەی جوانیی شتەکاندا هەیە. کە بێگومان ئەو دۆخە دەروونیەش لە ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە، لە کەس و ڕەگەز و سەردەمێکەوە بۆ کەس و ڕەگەز و سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. ''سایکۆلۆجیستەکانی کۆمەڵایەتی دەڵێن: ئەوەی لێکمان جیادەکاتەوە لەگەڵ مێینە، هێمای ململانێی زاڵ بوونە، ئەو وێژەیەی کەپیاو دەینوسێت نیگاری شۆخ و شەنگ دەکات و کاتێ فڵچە و پاڵێت بەدەستەوە دەگرێ یەکسەر بیر لەوە دەکاتەوە، کە لە شوێنە چێژییەکانی مێینە دەست پێبکات و لەو شوێنانە هەڵوێستە دەکات، وەکو خۆی لە نائاگاوە دەیەوێت هەموو شتەکان چێژ بەخش بێت'' (حەمەد ، بێ ساڵ: ١٥٩).

هەر لەمبارەیەوە دەبینین کە ''سۆکرات گرینگی نەدەدا بە جوانیی هەستی، ئەو جوانییەی هونەرمەندان و شاعیرانی سەردەمەکەی لە ئیشە هونەرییەکانیاندا وێنایان دەکرد، بەڵکو گرینگی بە جوانیی دەروون و ئیشی هونەری چاک دەدا . هەر بە پێی ئەو تێڕوانینە، سۆقرات و ئەفلاتون گرینگی بە جوانیی ناوەڕۆک دەدەن، بەو واتایەی جوانی دەروون چاکەی ئایدیالە'' (مطر، ٢٠١٩: ٣١).

هەروەها ''لە دیدی ئەفلاتون، جوانیی بابەتی خۆشەویستی دەروونە، لەبەرئەوەی دەروون بەسروشتی ئەندامە لە جیهانی عەقلی، کەواتە جوانی بەسروشتی لە دەروون نزیکە، نەک لە جیهانی واقعی، بۆیە دەروون بە شتی جوان ئاسودە دەبێت و خۆشی دەوێت، بەڵام ناشیرینی بە سروشتی لە واقعی مادی نزیکە. هەروەها دەڵێت هەر شتێک بە ئایدیای میسالی پێکهاتبێت بە ڕەهایی جوانە، کەواتە جوانی وێنا کراوی میسالیە، بەڵام ناجوان یان ناشیرین دوورە لە وێناکردنی میسالی'' (مطر ، ٢٠١٩: ٩٣).

ئەوەی پێویستە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە بیرمەند و فەیلەسووفەکانی وەک سۆقرات و ئەفلاتون لە دەرئەنجامدا گرنگی و بەهای ڕەهەندی دەروونی لە سەر جوانیناسیدا دەخەنە ڕوو، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەروون بە هۆشمەندی دەبەستنەوە. جگە لەمانە '' ئەگەر بنەمای کۆمەڵایەتی بایەخ بە لایەنی دەروونی کۆمەڵگا بە گشتی بدات، ئەوا لێرەدا بنەمای دەروونی بایەخ بە لایەنی دەروونی تاک دەدات، کەواتە لێرەدا تاک بابەتی قسەکردنە، ئەم کێشەیە لە سادەترین وێنەدا چڕدەبێتەوە لەوەی کە دۆخی کاری هونەری دەروونی کاریگەری لەسەر هەوادارانیدا دەبێت. ئەگەر ئەمەش لە تەنها قۆناغی دیدار و چێژدا بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی هەڵسەنگاندن و پێوانە لە بواری جوانی یان ناشیرین دا، لەوانەیە کێشەکە بەم شێوە سادەیە پەسەند بێت، ئەگەر ئێمە بچینە پاڵ ئەو وتەیە کە دەڵێ:

بڕیاردان لەسەر جوانی بڕیارێکی خودییە، دەنگی هەستەکانمانیش تایبەتین'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ١٠٥). لەهەمان کاتدا وەک دەزانین ''ناشیرینیش لایەنێکی نەرێنی جوانییە و دەچێتە بازنەی جوانییەوە. چونکە بە تێڕوانینی هەندێک لە هونەرمەندان وێنەی ناشیرینی و ئازاربەخش لە هونەردا بەهێزترین کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی هەیە. لە وینەگرتنی جوانی و شادی و خۆشی دا. دەتوانێت هەست و سۆزەکان بوروژێنێت'' (مصطفی، ٢٠٠٩: ١٢). بەم شێوەیە دەبینین ''ئیستاتیکییەکان پێیان وایە شیکردنەوەی دەروونی پاڵنەرێکە بۆ دۆزینەوەی هێما و ڕەمزەکان و ئەزموونە سایکۆلۆژییەکانیش لە هەندێک حاڵەتدا نرخ و بەهای هونەری دەزانن، بەڵام بەو شێوەیەش نا، کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی جوان بێت ئەوا ناوەڕۆکەکەشی جوانە'' (الشنیطي,١٩٧٩: ٤٧).

بە بۆچوونی''سوقرات دوو شت بەرامبەر یەک دەبن و وەک یەکن، کە ئەوانیش بیری خواوەندی و دەروونی مرۆڤانەیە، ئەو بەرامبەرییەش لەوادایە، هەروەکو چۆن بیری خواوەندی دەستی بەسەر جیهاندا دەگرێت، بە هەمان شێوەش دەروونی مرۆڤ دەست بەسەر جەستەدا دەگرێ'' (عبد المال، ٢٠٠٥: ١٢٣). هەروەها بەهەمان شێوە، بوونی حەقیقی یان هەریەکە لە لایەنی دەروون و جەستە یان ڕوخسار بۆتە جێگای تێڕامانی بیرمەندان و فەیلەسوفەکان، بۆیە وەک دەردەکەوێ''بوونی حەقیقی لای ئەفلاتوون ئەوەیە کە دەروون لە ناو جەستەدا زیندانییە و دەربازبوون و گەڕانەوەی نییە، بۆ بوونی باڵای خۆی، تەنیا بە پاک بوونەوە و گەڕانەوەی نەبیت، بۆ باڵادەستی ژێری تیایدا'' (عبد المال، ٢٠٠٥: ١٦٦).

کرۆچە جوانیناسی بە ڕەهەندی دەروونییەوە دەبەستێتەوە، بۆیە ''ئیستاتیکا لای کرۆچە زانستێکی وەسفی ناپێوانەییە چونکە شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی یەکەمین ئەرکی ڕوحی ئادەمیزادمان دەداتێ، کە ئەویش ئەرکی زەین ڕوونییە. لێرەوە کرۆچە ئیستاتیکا بە زانستی دەربڕین (science of expression ) ناودەبات و هونەر لە میتافیزیکا و لە زانست زیاتر پەسەند دەکات'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٠٦). وەک ئاشکرایە'' گەیشتن بەجوانی مەبەستی باڵای دەروونە، دەروون بە بەردەوامی ئارەزووی ئەو مەبەستە دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕامان بێبەش نەبێت، بەختەوەری بۆ ژیان بهێنیت، بەڵام ئەو دەروونانەی ناتوانن بە جوانی بگەن، ماندوو شەکەت و بەدبەختن،، (مطر، ٢٠١٩: ١٠٤). ئەوەش ئەمە دەگەیەنێ کە ڕەهەندی دەروونی لە دیاریکردنی ئاست و پایەکانی جوانیدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخی دەروونی ناتوانرێت بڕیارێکی ڕاست و دروست لەمبارەیەوە بدرێت.

## ٦.٢,١ بنچینەی کۆمەڵایەتی:

ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو بنچینە گرینگانەی کاریگەرییەکی بەهێز و فراوانی لە سەر بەهای جوانیناسیی ئافرەتدا هەیە و هۆکارێکە بۆ دیاریکردن و نیشاندنی پلەکانی جوانناسیی ئافرەت، لەبەرئەوەی ئەم بنچینەیە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی مرۆڤ سەبارەت بەجوانی دروست کردووە.

لە ڕاستیدا ''ئەرستۆ دەربارەی دیاردەی لاسایکردنەوە لە هونەردا دواوە، چاودێرییەکی تایبەتی کار و فەرمانی هونەرەکانی جوانی کردووە. بەشێوەیەک بابەتی لاسایکردنەوە بۆتە بابەتێکی گشتی نەک تایبەتی. بۆیە پێوەرێکیشیان بۆ تاقیکردنەوەی لاسایکردنەوەی ڕاستەقینەی شیعری داناوە، بەمەش بۆتە چاوگەی چێژ بەخشینێکی هەمیشەیی بە کۆمەڵگا، نەک تەنها ئەو چێژەی کە هونەرمەندان هەستی پێدەکەن لە داهێنانی کاری هونەریدا. بەڵکو دواتر هونەر دەبێتە کار و فرمانێکی زیندوو سەبارەت بە کۆمەڵگە و ئەو چێژەی تێدا دەردەکەوێ. بەم شێوەیە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی بڕوادارە، ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت، وە ناشتوانرێت هونەرێکی تاکەکەسی سەرهەڵبدات، ببێتە هۆی نەمانی پەیوەندی نێوان خۆی و کۆمەڵگا، بەمەش بەهادار و خواستی لە سەردەبێت، دەبێتە زامنی گەشەکردن و پێشکەوتن'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ١٠١). دەتوانین بڵێین''جوانی لقێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە، لە کرداری داهێناندا، بایەخێکی گەورەی لە هەڵویستی جوانیدا هەیە. هەڵوێستی هونەرمەند لە باری وەڵامدەرەوەیدا و لە چوارچێوەی ئاگایی جوانی بۆ درککردنی کۆمەڵگا، لە سەرەتا و لە کاتی ئێستادا و لە کۆتایی کرداری داهێنان دا بەرجەستە دەبێت'' (الهلالي, ٢٠٠٧: ١١٨).

سەرەڕای ئەمانەش لەم چوارچێوەیەدا، تێڕوانینی کۆمەڵگا و شاعیران و نووسەران بۆ ئافرەت بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، هەر بۆیە '' وێنەی ئافرەت لە شیعری نوێدا جیاوازە لە شیعری کۆن و جەخت لە سەر ڕەتکردنەوەی ئەو خولیا و کۆت و بەندانە دەکاتەوە کە لە لایەن کۆمەڵگای کۆندا بەسەریدا چەسپێنراوە، لە سەدەی بیستەمدا کە سەردەمی شارستانیەتیی و نەبوونی خێڵ و کۆچەریەتی، گەشەسەندنی شارەکانە بەدیاردەی خۆشگوزەرانی و بنیاتنان ، هەرهەموو ئەمانە لە شیعردا ڕەنگی داوەتەوە'' (محمد، ٢٠٢٠: ٦). لەم ڕوانگەیەشەوە '' لۆکاش دەڵێ: سەرچاوەکانی ئەزموونی جوانی هێشتا پاک و بێگەردە و بەکێشەکانی مرۆڤ پیس نەبووە، لەبەر ئەوە بەتێڕوانینی لۆکاش جوانی تاکە شتە کەدەتوانێت مرۆڤ لە توخمەکانی نەرێنی، کاڵفامی، نامۆیی، کە ستەم لە کەتواری

کۆمەڵایەتی دەکەن  پاک بکاتەوە'' (رجوب، ٢٠١٥: ٢٦١). بەڵام ''کانت لە دوایدا فەلسەفەکەی پەرە پێدەدا  و دەڵێ: حوکمی ئیستاتیکی پەتی دەشێ دوای دەرکردنی کەڵکێکی ئەزموونی  یا پراکتیکی بدەینەپاڵ. کانت، لێرەدا ئەوبڕیارە دەدات، کەجوان خۆی لە خۆیدا هیچ کەڵکێکی نییە، بەڵام کۆمەڵ ئەو کەڵکەی پێدەبەخشی...مادام ئادەمیزاد گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەوا زەوق (چەشە) وەکو دواوە وەکو بەهرەی حوکمدانی شتەکان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی پراکتیکی هەیە،، (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٧٠).

هەموو ئەم بیروبۆچوونانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ''ئیستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە، لە سەرەتا گشتییەکانی هەڵوێستی ئیستاتیکی ئادەمیزاد  بەرامبەر واقیع دەکۆڵێتەوە، هەروەکو فەلسەفە زانستێکی ئایدۆلۆژییە هەوڵدەدات کە چارەسەری گیروگرفتی پەیوەندی هۆشمەندی ئیستاتیکی و هونەرەکان بە بوونی کۆمەڵایەتی ، واتە ژیانی ئینسانییەوە بکات'' (میراودەلی ،٢٠٠٥: ١٤). کەواتە بنچینەی کۆمەڵایەتی لەو بنچینانەیە بەشداری لە دیاریکردنی ڕێژەی جوانیناسیی ئافرەت و شتەکان دەکات و گۆڕانکاری لە تێڕوانینی مرۆڤ لەم بارەیەوە دەکات.

### ٧ .٢،١  بنچینەی ڕۆشنبیری:

مرۆڤ بۆ ئەوەی بە جوانی ببینرێت، لە هەمان کاتدا کەسان و شتەکانیش بە جوانی ببینێت، پێویستی بە پاشخان و ئەزموونێکی گەورە و فراوانی ڕۆشنبیری گشتی هەیە، ڕێژەی جوانی بابەت و شتەکان بە ئاستی ڕۆشنبیری و دنیابینی کەسی سەرنج لێدەرەوە وابەستەییە. وێڕای هەبوونی جوانیی بنەڕەتی کە لە خودی شتەکەدا هەیە. یان بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین بەهای جوانی هەرشتێک یان بابەتێک وابەستییە بە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی سەرنج لێدەری شتەکەوە، چونکە تا زیاتر لە واتا و چەمکی بابەتەکە بگەین، نرخ و بەهای جوانە بابەتەکە زیاتر بەرزدەبێتەوە. هەر لە پاڵ ئەمانەشدا  ڕادەی حەز و خولیا و پێویستیمان بۆ شتەکە هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جوانیناسیمان بۆ شتەکان،  جا ئەگەر سروشتی  یان مرۆیی بێت، یان  دەقی شیعری یان ئەدەبی یان هەرکارێکی دیکەی هونەری یان فکری بێت، ''بونیادی جوانی لەسەر بیری گشتی یان کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو کاردەکات و بایەخ بە هەموو لایەنەکانی مەعریفەی مرۆڤایەتی دەدات. لە بوارەکانی زانستی زمان و ڕەخنەی ئەدەبیدا ناوبانگی دەرکردووە. دەتوانین لەچوارچێوەی پرۆگرامی ڕەخنەی ماتریالیدا پۆلینی بکەین، کرداری لێکۆڵینەوەی گشتی لە

کاری هونەریدا. بە واتای نیشانەگرتنی دیاردەکانی شێوە و گونجان و نەسەقی هونەرییە و دیاریکردنی ئەرکی ئەو گونجانەیە لەنێو کارەکەدا'' (حسین, ١٩٩٠: ٧٨).

جگە لە جوانیناسیی ئافرەت لە بواری ئەدەبی و شیعریشدا، ''دەق وەک بەرهەمێکی ئیستاتیکی سەیر دەکرێت و دوو گریمانەش هەڵدەگرێت ٠ دەقێکی خراپ یان باش ، ئەوەش لەسەر چەشەی ئەدەبی پەیام وەرگر ڕادەوەستێت. چەشەی ئەدەبیش دووجۆرە : چەشەی تایبەت و چەشەی گشتی٠ جۆری یەکەمیان لە بیروبۆچوونیکی بێ مەعریفییەوە دەبێت و هیچ شێوازیکی ڕەخنەیی ناگرێتەبەر. هەرچی جۆری دووەمیانە ڕەهەندی ئایدۆلۆژییەتێکی ڕەخنەییە و پەیام وەرگر بۆچوونێکی مەعریفی بۆ ئەو دەقانە هەیە کە وەریدەگرێت٠ ئینجا جارێکی تر بە قاڵبێکی تر دای دەڕێژێتەوە. ئەم ئەقڵیەتەش ئەقڵیەتێکی وەڵام دەرەوەیە بۆ هەموو گۆرانکارییەکانی دەورو پشت'' (عەبدولواحید, ٢٠٠٥: ١٤).

هەرچۆنێک بێت،ڕێژە و ئاستی جوانیناسی شتە بەرهەستەکان، وا بەستەیە بە ڕەنگدانەوەی ژمارەی هەستەکان، ئاستی توانا ، زەوق و سەلیقە، ئەزموون، باکگراوندی ڕۆشنبیری، جیهانبینی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندان لە داڕشتنی بەرهەمەکانیاندا لە لایەکەوە، لە هەمان کاتدا پلەی فیکری و کاریگەری و تێگەیشتنی پەیاموەرگر یان خوێنەر لە لایەکی دیکەوە کاریگەریەکی سەرەکی هەیە، تاوەکو بتوانین بەم هۆیانەوە بڕیار لە سەر جوانی و ناشیرینی شتەکان بدەین.

زۆربەی جار ئەو سروشت و بارودۆخ و ژینگە و کایە هونەرییەی بەرهەمەکەی تێدا لە دایک دەبێت، کاریگەریەکی گەورە و فراوانی لەسەر جوانیی بەرهەمەکە هەیە، شیعرێک لە خانەی بێ ئەزموونی دا و لە ناو ماڵ و زێد و وڵاتی خۆت چاوی هەڵێنا بێت، هەرگیز وەک ئەو شیعرە جوان و کاریگەر و بەهێز نییە لە چوارچێوەیەکی فیکری و هونەری بەرزدا و لەتاراوگە و ئاوارەیی و نامۆییدا لەدایک بوو بێت، شیعرێک وشەکانی نەرم و نیان و ناسک، و شۆخ و شەنگ و ڕازاوە بێت وەک پەڕەی گوڵ، لە ناخ و هزری شاعیرێکی عاشق و هەست ناسک نەبێت، بێگومان سەرهەڵنادات و چرۆ ناکا. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا جیهان پڕە لەو جوانییە پەنهانیانەی تاکوئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوە، تا ئێستا پەی پێ نەبراوە و بەپێی پێویست نەیان توانیوە بگەنە قوڵایی ئەو جوانیانە، هەروەکو چۆن شیعریش پڕە لەو وێنە شیعرانەی کە زیاتر لە جوانییەکی لە ناخیدا حەشارداوە و پێویستی بە دۆزینەوە و تێگەیشتن و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و خستنەڕووە، ''ئەنگلس کە یەکێکە لە فەیلەسووفانی

ماتریالیستی، جوانی وەک بەشێکی بەرچاو و خودی  لە سروشت و بەشێک لە کردەی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤدا هەڵدەسەنگێنێت. لە بەرامبەر بۆچوونی ماتریالیستی هەندێک لە فەیلەسووف و بیرمەندی تر ڕوانینێکی ئایدیالیستیان بۆ جوانی هەیە، لەو باوەڕەدان جوانی ڕاستییەکی ئایدیاییە و لە هەندێک لە شتەکاندا بەرجەستە دەبێت و وایان لێدەکات جوان بن، شتە جوانە بەرجەستەکان لە خودی خۆیاندا جوان نین، بەڵکو لەبەرئەوەی بیرۆکەی جوانیان تێدا دەردەکەوێ جوان دەبن، واتە جوانی ئایدیایی هۆی هەموو جوانییەکی بینراوە لەسەر زەویدا، جوانی لای ئایدیالیستەکان لەسەرووی ئەو جوانییە بینراوەیە، جاویدان و نەمر و ڕەهایە، بە گۆڕانی ڕۆژگار و بارودۆخ ناگۆڕێت'' (حسین، ٢٠١٧: ٨).


سەبارەت بە جوانی و وابەستە بوونی بە بنچینەی ڕۆشنبیرییەوە، دیاردەیەکی سادە و ساکار و تازە نییە، بەڵکو"لە ڕاستیدا کەلتوورێکی گەورە دەبینین، کە بەلای کەمەوە هەندێک لەو کەلتوورە بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بەکارە هونەرییەکان و سروشتی ئەو کارانە و پەیوەندی هونەر بە واقیع و سروشتی جوانییەوە، جا ئەو جوانییە لە سروشت و ئافرەتدا بیت، یان لە کاری هونەریدا بێت. هەندێک کەس ئەم ڕوانگە و ڕوانینە جوانییە، بۆ شارستانیەتە کۆنەکان دەگێڕنەوە'' (المجاهد، ٢٠١٣: ١٢).

سەبارەت بە جوانی ''هیگل لەو باوەڕەدایە هەموو ئەو شتانەی لە وجوود دایە، دیاردە بابەتی و ماتریالی و هزرییەکانن، دوا جار ڕوخساری ڕۆحی ڕەهان، جوانیی هونەری لای هیگڵ بەرزتر و باڵاترە لە جوانیی سروشتی، لەبەرئەوەی لە داهێنانی ڕۆحی ڕەهایە و جوانیی بیرۆکەیەکە لە زەینی مرۆڤ بەهۆی درک پێکردنمان بۆ جوانی  ئەو هەستی جوانییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، بە پێی جیاوازی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دەگۆڕێت، کەواتە هونەر لای ئەو پرۆسەیەکی عەقلییە و بەرزترین  ئاستی هونەری داهێنانە'' (حسین، ٢٠١٨: ٣٠) دیارە ''لە نێو مەودای شیعریدا، دروستکردنی وشە و گەمەکردن بە وشە، یەکێکە لە تەکنیکەکانی چنینی دەق، ئەوەی زمانی دەق چڕدەکاتەوە و جوانی بە پێکهاتە و داڕشتنی دەق دەبەخشێ، هەر وشەیە، ئەو گەمە زمانیانەی لەهەناوی شیعردا دەکرێن و زۆر جاریش فرە مانایی دەدا بە دەق، هەر بە گەوهەری وشە دێنە کایەوە، بۆیە شاعیر وێڵە بەدووی ئەو ڕێگایانەدا کە وشەی پێ دروست دەکرێت، یاخود وشەی ناچالاک و مردوون لەڕێگەی شیعرەکانیەوە، چالاکیان دەکەنەوە'' (عومەر، زاهیر،٢٠٢٠: ١٣٧).

بەشێوەیەکی گشتی بۆ چێژ وەرگرتن و جوانبینینی سروشت و ئافرەت و هەر شتێکی دیکە، یان "بۆ خۆشی وەرگرتن لە جوانی  ئەوەندە بەسە کە ئادەمیزاد زەوقی هەبێ. واتە توانستی وێناندنی شتەکە، داخۆ خۆشی تیایە یان ناخۆشی، یان هەڵسەنگاندنی شتەکە یان بابەتەکە داخۆ خۆشی بەخشە یان نا، بە بێ ئەوەی هیچ نیازێکی دیاری کراو لەگۆڕێ بێ.  بەڵام بۆ دووبارە دروست کردنەوەی جوانی، ئەوا تەنها زەوق بەس نییە، بەڵکو پێویستمان بە توانستێکی دیکە هەیە، کەئەویش: بلیمەتییە (عبقرية).بەلای کانتەوە هونەری جوان  بەرهەمی بلیمەتییە'' (میراودەلی، ٢٠٠٥:  ٥٧).

"بۆمگارتن جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان دەکات، باوەڕی وایە هەموو مرۆڤێک ناتوانێت بگات بە چێژی ناسک، تەنها ئەو کەسانەی  پسپۆرن ،واتا لە ڕێگای عەقڵ و لۆژیک بە هەڵهێنجان چێژی ناسک دیاری دەکرێت، لە سەر ئەو بنەمایە بڕیاری ئەوە جوانە بە ڕەهایی دەدرێت، لەبەرئەوەی پێویستە هونەرمەند وشیار بێت و ڕۆشنبیری فراوان بێت، واتا خوڵقێنەر بێت، چ لەبەرهەمهێنان و چ لە بڕیارداندا،،(مطر، ٢٠١٩: ١٠٨) تا بتوانرێت بەم هۆیەوە پرۆسەی جوانیی ئافرەت لە ئاستێکی بەرز و بەهێز و کاریگەردا بێتەکایەوە.

**هێڵکاری_٣(بنچینەکانی جوانیناسی)**



## ٣,١ کێشەکانی جوانی و پێوەر و سیماکانی:

بابەتی جوانی وەک هەموو بابەتێکی دیکە بێ کێشە و ئاریشە نییە، تەنانەت لە چەمک و پێناسەی جوانییەوە بگرە تا پێوەر و پێوانەکانی جوانی، ئەمەش بۆ فراوانی چەمکی جوانی و قووڵی ڕەگ و ڕیشەی جوانی دەگەڕێتەوە، وێڕای گۆشەنیگا و تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاواز بۆ جوانی، هەر ئەمەش وایکردووە زیاتر لە واتایەک و زۆرتر لە ڕەهەندێک لە خۆ بگرێت، لە دەرئەنجامیشدا ببێتە هۆی هێنانە کایەوەی چەندەها کێشەی جۆراوجۆر و بیروڕای جیاواز لەم بارەیەوە ''سوقرات دەڵێ: پێموایە کاتێک شتێک جوانە، تاقانە هۆی جوانییەکەی ئەوەیە کە بەدەربڕینی باشتر لە خودی جوانییەوە شتێکی بەرکەوتووە'' (ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ٧٤ ). لێرەدا دەبینین بنەمای جوانی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ تاک و تەنیایی دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش واتای خوداوەند دەگەیەنێ، وە یان دەشێ ئەوشتانەش لەخۆبگرێت کە کەم و دەگمەن و بێ وێنەن، ئەفلاتوونیش لەم بارەیەوە هەمان بۆچوونی هەیە. جگە لەمانە لە کایەی شیعری و ئەدەبیشدا، دیدگای فرە چەشن بەدی دەکەین.

هەروەها "نیچە لای وایە لە نێوان تەواوی نووسراوەکاندا، دەبێت ئەو دەقەمان تەواو خۆش بوێت، کە نووسەرێک یان شاعیرێک بە خوێنی خۆی نووسیبێتی، لێرەدا دەشێت مەبەستی نیچە لە خوێنی نووسیار ڕاستگۆیی و نوێبوونەوە بێت، ئاخر شاعیری جواننوس ئەگەر ئەم خوێنەی پاک بوو، ئەگەر خوێنی داهێنەرانەی بە ناو شادەمارەکانی شیعریدا هاتووچۆی کرد، جیهان لە ناو خۆیدا دەدۆزێتەوە، لە بچووکترین خەمی بوونیدا دژوارییەکانی جیهان دەنووسێتەوە. هەموو جیهان ناتوانێت شاعیرییەتی لە شاعیرێکی ڕاستەقینە بستێنێت کە خۆی شاعیرە، هەموو خەڵکی جیهانیش ناتوانن شاعیرێک بکەنە شاعیر کە بوونی ئەوەی تێدا نەبێت'' (بۆڵی،٢٠١٤: ٢٨).

لە ڕاستیدا هەندێک لە بیرمەندان پێیان وایە کێشەکانی جوانیناسی تەنها بریتی نییە لە جوانی، بەڵکو ناشیرینیش وەک بەشێک لە ئیستاتیکا دەگرێتەوە، چونکە "جوانی تەنها بابەتی ئیستاتیکا نییە، بەڵکو دزێویش بابەتێکی تری ئیستاتیکایە، ئەمەش لە ڕێگای وێنە و ئاواز و هێماکانەوە دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی سیفەتە جوانییەکانی. ئەگەرچی هونەر گرنگترین بابەتەکانی ئیستاتیکایە، بەڵام تاکە بابەتی نییە، بەڵکو سروشت و مرۆڤ و ئەو شوێنەوارانەی بەرهەمی دەهێنێت هاوشانی شوێنەوارەکانی هونەری پاراو بابەتی ئیستاتیکان، بەم جۆرە ئیستاتیکا دەبێتە ڕێبازێکی فەلسەفی لەکاتێکدا هونەر ئەزموونی تاکە

کەسییە، ئیستاتیکا جوانی و دزێوی دیاری دەکات و لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی شتی جوان یان دزێو، هەروەها لەجوانی سروشتی دەکۆڵێتەوە، وەک چۆن لە جوانی بەدیهێنرا و دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە هونەرەکان و جوانیی خود و جوانیی واتا دەکۆڵێتەوە'' (مستەفا، ٢٠٠٣: ٩). بێگومان " لە فەلسەفەی نوێدا بەتایبەتی دوای تیوری ڕێنیسانس ئەو هونەرانەی جوانییان تیا بەدی دەکرێت، دەکرێن بە سێ بەشەوە: یەکەم_ شیعر نووسین، جوانییەکانیان بە وشە دەردەبڕن و لە وشەدا دەرئەکەوێت. دووەم_ پەیکەر ، نیگار، تابلۆ، جوانییەکانیان بەوێنە دەردەبڕن. سێیەم_مۆسیقا ، جوانییەکەی لە ئاواز و دەنگەکەیدا هەستی پێدەکرێت'' (سالح،٢٠١٣: ١٣ ).

لە ڕاستیدا " ئەرکی ئیستاتیکا ئەوە نییە، یەکە یەکە جۆرەکانی جوانی بژمێرێت، بەڵکو وەک زانستێک گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی ماهییەتی جوانی، ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جوانی لەبابەتەکانداو جیاوازییەکانی جوانی لە سروشت و دیاردەکانی تری ژیاندا. دیارە لە هەر سەردەمێکدا تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان وەک یەک نییە و گۆڕانی بەسەردادێت، ئەم گۆڕانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باری ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسی و ئابوری و ...هتد سەردەمەکەوە هەیە، جوانی شتێکی ڕێژەییە، بۆیە ئیستاتیکا کاری ئەوە نییە یەک پێناسەی هەمیشەیی بۆ هونەر بکات، بەڵکو ئیستاتیکا دەبێتە زانستێکی تیۆری لە گرفتەکانی جوانی لە هونەردا دەکۆڵێتەوە، چونکە گرفتەکانیش بەردەوام لە گۆڕان و سەرهەڵدان دان، کەواتە ئیستاتیکاش بەردەوامی پەرەسەندنێکی هەمیشەییە '' (تاتانی، حوسین، ٢٠١٦: ٣٧). بەڵام "جوانی لای هەندێکی تر بەسەر چوار جۆردا دابەشکراوە، جوانیی هەستپێکراو، جوانیی هەستپێنەکراوی سروشتی، جوانیی مەعقولی بەهایی و جوانیی ڕەها. جوانیی هەستپێکراو ئەو جوانییەیە کەدەبێتە مایەی چێژی هەستەکی بۆ مرۆڤ، جوانیی هەستپێنەکراوی سروشتی وەکو جوانیی ئازادی و جوانیی زانست، جوانیی مەعقولی بەهایی وەکو دادپەروەری، حیکمەت، ئازایەتی، جوانیی ڕەها بەرزترین فۆرمی جوانی لە خۆدەگرێت'' (حسین، ٢٠١٧: ٩). هەرچۆنێک بێت''دوای خستنە ڕوو و تاقیکردنەوەی هەموو ئەو گریمانە و باوەڕانە لەگەڵ هیپیاس دا، سۆکرات بێ ئەنجام لەم گفتوگۆیە دێتە دەرەوە و هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بەناسینی چییەتی جوانی و بەدەستهێنانی پێناسەیەک بۆ خودی چەمکی جوانی بێ ئەنجام دەمێنێتەوە. سەرەنجام سۆقرات دەگاتە ئەو باوەڕە، گفتوگۆیەکەی بەوە کۆتایی پێدێنێت کە دەڵێت: جوانی دژوارە'' (حسین، ٢٠١٧: ١٥). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کێشەکانی جوانی زۆرە، وەک لە خوارەوە دەردەکەوێت.

### ١,٣,١ كێشەکانی چێژی جوانی:

یەکێکە لە کێشە زەق و دیار و سەرەکییەکانی جوانیناسی، کە لە مێژوویەکی دوور و درێژەوە، شان بەشانی جوانی هەبووە و بەردەوام بووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە بە هەبوونی کێشە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ وەک کێشەکانی هەست و سایکۆلۆژی و بایۆلۆژی و ڕۆشنبیری و کەلتوور و ڕەهەندەکانی دیکە, بوونەتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی کێشەکانی چێژی جوانی، چونکە وەک دەزانین چێژ هێندەی بە حەز و ئارەزوو و خولیا و زەوق و سەلیقەی سەرنج لێدەرەوە وابەستەیە، هێندە بە چێژی جوانی شتەکانەوە یان بابەتەکانەوە وابەستەنییە، بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەکانی چێژی جوانی بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لەسەر چێژ وەرگرەوە وەستاوە.

جێی تێبینییە ''هەرکات هەستەکانی مرۆڤ پێش بکەوێ، توانای لە بەرفراوان بوونی ئاسۆی مرۆڤیش زیاتر دەبێ، ئەگەریش ڕەگەزی هەست زیاتر بێ، هەستی مرۆڤ بە جوانی زیاتر دەبێ و هەستی ئیستاتیکاش لە دایک دەبێ، بەم پێوەرە و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین بڵێین، بە دروست بوونی مرۆڤ زانستی ئیستاتیکاش دروست بووە، ئەم بۆچوونەش کاتێک زیاتر دەسەلمێ یان دەگۆڕدرێ کە زیاتر بەشوێن شتەکانی مرۆڤی سەرەتاییدا گەڕان و دۆزینەوە و پشکنینی زیاتر بکرێ'' (المجاهد، ٢٠١٣: ١٣).

هەر سەبارەت بەمە "زانای جوانناسی فەرەنسی هاوچەرخ (فلدمان) لە کتێبەکەیدا (زانستی ئیستاتیکای هاوچەرخی فەرەنسا) دەڵێ: زانستی ئیستاتیکا، لێکۆڵینەوەیە لە بڕیارە جوانییەکانی خەڵکی. ئەندریا لالاندیش لە فەرهەنگە فەلسەفییەکەیدا، کورتی کردۆتەوە لە لێکۆلینەوەی بابەتی بڕیاری شیاوداری و چێژ'' (المجاهد، ٢٠١٣: ١٥). ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی گە "چێژ ئەو هێزەیە کە لە ئەنجامی دۆزینەوە و ئاگایی و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی جوانی و شێوازی خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی کاری هونەری لەم بوارەدا دێتەکایەوە و بەدەردەکەوێت'' (فتحی، ٢٠٠٩: ٢٠).

لە هەمان کاتدا "مەسەلەی زەوق و چێژ وەرگرتن و ئارەزوو و هەست کردن بەجوانی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی شارستانییەتەوە بەشێک بوون لە هەبوونی ئادەمیزاد، بەڵام وەک باس و لێکۆڵینەوە و بابەت ئەوا دیالۆگی هیپیاسی ئەفلاتوون، بە کۆنترین لێکۆڵینەوەی جوانیناسی ئەژمێردرێت. ئەفلاتوون لەم بەرهەمەیدا سروشتی هونەر و پەیوەندی بە ئاکارەوە و پەیوەندی هەردووکیان، بەنموونەی بەرزەوە باس ئەکات. ئینجا کێشەی جوانی

به تایبەتی جوانی و ڕێک و پێکی سروشت دەکاتە بەڵگەیەک بۆ ساغکردنەوەی بوونی ئافەریدەکار'' (حەمەسالح، ٢٠١٣:  ٢١). لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە"بابەتی ئیستاتیکای نویّ لە باسکردنی کێشەکانی جوانی، لە دوو کۆمەڵەی سەرەکیدا کورت دەبێتەوە کە ئەمانەن:

أ_کێشەکانی چێژی جوانی.     ب_کێشەکانی بەرهەمی هونەری.

ئەم کێشانە بە پێی سروشتی بارودۆخەکە هەمیشە ناتوانن پارێزگاری  لەسەر خاسیەت و جیاکاریەکانی خۆیان بکەن، لەژێر ڕۆشنایی خاڵی یەکەمدا دەتوانین بۆ ئەم کێشانەی خوارەوە بڕوانین:

١_کێشەکانی سایکۆلۆجی و فسیۆلۆجی، وەک ڕەسەنایەتی هەستی جوانی و سروشتەکەی و پەیوەندی بە ئەندێشە و هەست و کاریگەری وابەستەبوون، وەک دیاردە و بنەمای دەروونییە بۆ وروژاندنی جوانی.

٢_ئەو کێشانەی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی وێنە و ناوەڕۆکی شتەکان سەرهەڵدەدات، بڕیار لەسەر جوانییەکەی دەدات، یان سروشتی بڕیاردان لە سەر جوانی و جۆرەکانی جوانی، وەک پرسی شوێنکەوتەی بابەتییە  بۆ جوانی'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ٢٣). هەرچۆنێک بێت "دۆخی سایکۆلۆجی کاریگەرییەکی گەورە و بەهێزی لەسەر پرۆسەی چێژ وەرگرتن هەیە،  چونکە وەک دەزانین چێژ پرۆسەیەکی  هەڵچوونی دەروونی و کارتێکردنە بە پلەی یەکەم، کە ڕەنگدانەوە لە سەر مرۆڤ دروست دەکات'' (بن عربي، ٢٠١١: ٢٤). بێگومان ''وروژاندنی جوانی لە سەرچاوەکانی شیعری نویّ و هاوچەرخە، ئەو شیعرەی  کە بەچەندیەتی و فرەیی شێوەکانی دەبێتە فرە شێواز و فرە تەکنیک و تێڕوانینی جۆراوجۆر. کە بکەرەکانی جوانی بە وروژاندنی جوانییەکەی  بۆ هاندانی خوێنەر پشتی پێدەبەستێت''(شرتح، ٢٠١٧:  ٤) هەر لەم بارەیەوە زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسووفەکانی بواری جوانیناسی شیکردنەوە و لێکدانەوەی تێروتەسەلیان کردووە و هەست و نەست و سەرنجی خۆیان دەبڕیوە. ''کانت سەبارەت بە شیکردنەوەی جوانی، هەنگاوێکی دیکەی بەرەو پێشەوە نا، ئەمەش بە گەشەپێدانی تیۆری تایبەت لە پرسی دیاریکردنی جوانیدا. بە چەسپاندنی چوار سنوور بەسەر بڕیاردانی حەز و ئارەزوو و چێژدا. کە دەربارەی بڕیاردانی جوانییە لە چوار لایەنەوە: چۆنیەتی، چەندیەتی، ڕێژە، شێوە، بەڵام پاڵنەر بۆ ئەمانە لەوانەیە ئەوە بێت. هەوڵدان بە هەڵسانی جیاکارییەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان شتەکاندا، کە کامەیان جوانە لە

لایەک و وە کامەشیان زانستی ، یان ڕەوشتی یان  کارەکی یە لە لایەکی دیکەوە، لەگەڵ دڵنیا بوون لەوەی  کە ئەو چێژ و خۆشییەی لە درک کردنمان بە جوانی بەرهەم هاتووە و بەرجەستە بووە، بە بێ هۆکار و پەناگیری ئەندێشە و تێرامان یان خولیا و حەز و ئارەزوو'' (ا.نوکس، ١٩٨٥: ٤٥). جگە لەمە ''ئیستاتیکای کرێتی (ناشیرینی) لە میانەی چێژ و پەسندکردنی جوانیدا، دەکرێ بەوە وەسفی بکەین بەوەی، ئەزموونێکی ئیستاتیکایە لە سەر ئاستی چێژ و پەسندکردنی جوانیدا، لەڕووی خودی و بابەتییەوە. لە باسە گرینگ و بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوەکانی جوانی و ڕەخنەییەکانە، لە بوارەکانی تیۆری و پراکتیکیدا. زانستی جوانی بەش بەڕۆڵی خۆی گوزارشتە لە بیروڕای گۆڕانکاریە سەرەکییەکانی زانستی مەعریفەی هەستی و دەرکپێکردندا و بێ هێزکردنی سیستەمی دوگماتیزمی. ڕەخنەگری بواری ئیستاتیکا (دنی هویسمان )جەخت لە سەر گرنگی و پێویستی بەفەلسەفەکردنی چێژ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی جوانی ڕەنگدانەوەی ناشیرینییەکی دەگمەن یان دڵڕفێنێکی پوچ و بێ بەهاش بێت. بەمەش زانستی جوانی بنەماکانی جوانی لە تێڕوانینی کۆنی کلاسیکی دەربازبوو'' (نقرش، ٢٠١٣: ٣٦٧).

جێگای سەرنجە ''چێژی جوانی خۆشی و شادی ، چێژ، زەوق و حەز و ئارەزوو کلیلی سەرەکین لە کلیلەکانی دیاریکردنی جوانیدا. بەڵام ئەمانە بە تەنها بەس نین بۆ دیاریکردنی جوانی.  چونکە هەریەکە لە خۆشی و شادی و چێژ و زەوق و حەز و ئارەزوو، دەکرێ لە زۆرێک لە کاروبارەکان و شت و بابەتەکاندا بەدی بکرێ، کە پێویست نییە وەک بابەتەکانی جوانی و شوێنەواری جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت'' (عبد الرحیم،٢٠٢٠: ٣). هەر لەمبارەیەوە "هۆمیرۆس لە دەستپێکی کتێبی نۆیەمی ئۆدیسە لە زاری ئۆدیسەوە بە درکەوە گوتبووی کە جوانی و هونەر لەتەک چێژدا  پێکەوە گرێدراون، ئەمە وەک ڕایەکی باو لە نێو یۆنان بوو'' (ئەحمەدی،  ٢٠٠٨:  ٧١).

بە پێی تێڕوانینەکانی  گۆتە ''جوانی ئەوەیە، کە گەورەترین چێژمان پێبدات، شتێکە کە کۆمەڵێک وێنا کردن لە کورتترین ماوەی گونجاودا بە ئێمە دەبەخشێت. چێژێک کە لە جوانییەوە  بەدەست دێت ، باڵاترین مەعریفەیە کە مرۆڤ توانای بەدەستهێنانی هەیە، چونکە لە کورترین کاتی شیاودا هەست و دەرککردنی زۆر لەو معریفەیە لە لامان چێ دەبێت ''(حەمەسالح ،٢٠١٣: ٤٩) بەڵام ''چەمکی جوانی کە تاکەکانی کۆمەڵگا و سەردەمی ئێمە ئاوا بە توندی پێیەوە پابەندن، بەڕاستی چییە؟ جوانی بە مانا شاراوە و دەر هەستەکەی بەوە دەزانین، کە چێژێکی تایبەت دەدات بە ئێمە، بە مانا دیار و بەرهەستەکەشی بەو شتەی

دەزانین کە بەشێوەیەکی ڕەها و کامڵە، جوانی بەو مانایە تەنها لەبەرئەوە پەسندی دەکەین کە لە حاڵی دەرکەوتنی ئەم کەماڵی ڕەهایەدا، چێژیکی تایبەتی لێوە وەردەگرین، لەم ڕووەوە پێناسەی بەرهەستی جوانی شتێک نییە، جگە لە حاڵەتی ئاوەژووی پێناسە دەرهەستەکەی، لە ڕاستیدا هەردوو ماناکەی جوانی دەگۆڕین بۆ چێژێکی تایبەت کە لە لایەن ئێمەوە هەستی پێدەکرێت'' (لیۆتۆلستۆی، ٢٠٠٩: ٥٢).

جێگای ئاماژە پێکردنە"ئەو چێژەی کە مرۆڤ لە جوانی وەری دەگرێ ، پێیدەڵێن چێژ وەرگرتنی ئیستاتیکی، مرۆڤ کە جوانی بەرهەم دەهێنێ شانازی بەخۆیەوە دەکات، کە کارێکی جوانی کردووە، پێداویستی مرۆڤ بۆ جوانی، بۆ شتی نایاب و دڵگیر پێی دەوترێت پێداویستی ئیستاتیکی. زانست دەربارەی جوانی ژیان٠ لە هونەردا بەئیستاتیک ناودەبرێ. ئەم هەستی چێژ لە جوانی وەرگرتنە، تایبەتمەندی مرۆڤە و بە زگماکی لەگەڵیدایە'' (هاڵبێرگ،٢٠١٠: ٢١).

لەڕاستیدا ''کانت بە باشترین شێوە نیشانیداوە کە بنەما و بنچینەکانی چێژ چالاکییەکی نایاب و جیاواز لە هزردا پێک دێنێت، واتا یاری ئازادانەی ئەندێشە لە میانەی پەسندکردنی هەستی دروست کە تێیدا هەناسە بدات، کە ئەمەش تایبەتە بە ئادەمیزادەوە، بەڵام جیاوازی ئەم چالاکییانە و بەکاربردنی، واتای ئەوەنییە کە چالاکییەکان بەهای خۆیان نەبێت''(گراهام ، ١٣٩٤: ٣٤). جگە لەمە ''کانت جیاوازی لە نێوان شادی و جوانیدا دەکات، لەبەرئەوەی هەردووکیان ڤاکتەرن بۆ چێژێکی دیاریکراو، بەڵام چێژی شادی سوودی دەبێت، یان کاریگەرییەکی باشی بەسەر هەستەکانەوە دەبێت، کەواتە ڕەزامەند بوون یان چێژ بینین سەرچاوەکەی چاکەیە، کە پەیوەندی بە سوود و بە ویستەوە هەیە. بەڵام جوانی سەرچاوەکەی ڕامانە لەبەرئەوەی کاتێک ڕادەمێنین، هەست بە چێژ دەکەین، ئەو چێژەی چێژی ڕامانی پەتییە، جیاوازە لە چێژ بینیین بە ئەندامە بایۆلۆژییەکان یان بەدەستهێنانی چێژ لە کارێکی مەبەستیدار، کەواتە ئارەزوو پاشای بڕیاردانە لە سەر شتەکان، لە ڕێگای هەستکردن بەچێژ یان ئازار، بەمەرجێک دوور بێت لە هەموو سوودێک بەپێی ئەو دیاریکردنە، کانت بابەتی ئەو جۆرە چێژە ناودەنێت چێژی جوانی'' (مطر، ٢٠١٩: ١٠٨). چێژی جوانیش بەشیوەیەکی گشتی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە کات و سەردەمێکەوە بۆ کات و سەردەمێکی دیکە، لە کەلتوور و ژینگەیەکە وە بۆ کەلتوور و ژینگەیەکی دیکە دەگۆڕێت

### ٢,٣,١ کێشەکانی بەرهەمی هونەری:

لە ڕاستیدا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نییە، بێ کێشەی هونەری بێت و لە ڕەخنە بەدەر بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بە هەموو بەش و ڕەگەزەکانیەوە، هەر لەگەڵ سەرەتای لە دایک بوونییەوە، کۆمەڵێک کێشەش لەگەڵیدا لەدایک دەبێت. بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی دەچنە قاڵبی بەرهەمی هونەرییەوە، چونکە شاعیر یان نووسەر یان هونەرمەندی داهێنەر لە داڕشتن و نووسین و هێنانەکایەوەی بەرهەمەکانیدا هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە، بەرهەمەکەی لە چوارچێوەیەکی هونەری بەرز و بەهێز و کاریگەر و جوانییەکی دڵگیر و سەرنج ڕاکێش و بێ هاوتا بێنیتەکایەوە. کە بێگومان لە ئەنجامی ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە، چونکە لە دایک بوونی هەموو بەرهەمێکی هونەری جوان پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی فراوان و شارەزایی و ئەزموونێکی زۆر و زەوق و سەلیقەیەکی هونەریانە و دنیابینییەکی جوان هەیە. تاوەکو بتوانێت بەم هۆیەوە تازەگەری وداهێنان و گۆڕانکاری جوداکاری لە بەرهەمەکانیدا بکات، ڕۆڵێکی سەرەکی یان پێشرەو لە کاری نوێخوازی سەردەمەکەی خۆیدا ببینێت.

شتێکی ئاشکرایە ''جوانیی هونەری، ئەو جوانییە کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە، کە تا ئێستا بە ناوی هونەرەوە ناسراوە. هونەر دروستکردنی جوانییە، وە هەرشتێک مرۆڤ دروستی کردبێت و جوان بێت دەچێتە قاڵبی کاری هونەریەوە'' (عبد الرحیم، ٢٠٢٠: ٨). ئەگەرچی هەندێک پێیان وایە "هونەر هیچ شتیک نییە جگە لە دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ، کە هەندێک بە دەنگ، هەندێک بە وێنە، هەندێکی دیکە بە نووسین و جوڵانەوەی هونەری گوزارشت لە هەست و سۆزو ناخی خۆیان دەکەن، بۆ هێنانەدی خەون و خولیا و هیوا و وئاوات و ئامانجەکانی'' (العطا، ١٩٩٩: ١٣١).

بەم شیوەیە''بڕیاردانی جوانی یان ناشیرینی لەسەر هەستی هونەرمەند وەستاوە، ئەگەر ئەو بڕیاردانە ڕێگریمان لێ نەکات لە دۆزینەوەی چێژ لە کاری هونەریدا، ئەوا بێگومان هونەرمەندەکە لە گوزارشتکردنی ئەو هەستەدا سەرکەوتووبووە'' (اسماعیل،١٩٨٦: ٣٤ ). بەڵام ئەگەر ئەو هەستانە نەبوونە هاندەرێکی بەهێز بۆ دۆزینەوەی جوانی، ئەوا لە بەرجەستەکردنی بەرهەمێکی جوان و بەرزدا شکست دەهێنیت، وە لە سەرووی هەموویانەوە هەستی بینین کە یەکێکە لە هەستە باڵاکانی مرۆڤ پێگەیەکی مەزنی لە جوانبینینی شتەکان و لە دایک بوونی جوانیناسی هەیە. جگە لەمانەش'' ڕەنگەکان ڕۆڵێکی

گرینگیان لە دۆزینەوەی تەوەرەی جوانی هونەریدا هەیە، لە دەقی ئەدەبیدا. چونکە ڕەنگ لە گرینگترین و جوانترین دیاردەکانی سروشتە، وە لە پڕ بایەخترین ڕەگەزەکانی پێکهاتەی وێنەی ئەدەبیە، کە زۆررترین واتای هونەری و ئایینی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزی و ئەفسانەیی لەخۆ دەگرێت.'' (قاسمی, ممتحن, ١٣٩٠هـ : ٨٣).

بێگومان ''جوانیبینی ئەو تێڕوانینە پڕ داهێنان و دروستکەرەیە، کە نەسەق و واتای شیعری بەرز دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا بەپێی ئاستی نیشانە و ئاماژەکانی جوانی بەرز دەبێتەوە. جوانیبینی بە بەرهەمهێنان و شێوەی جوان و دڵگیر و داهێنانی جوان نەبێت بەرز نابێتەوە. ئەو کارلێکردن و ئاوێزانەی نێوان هەستەکانی جوانی و فۆرمی جوانی یە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی شیعری، کاری هونەری لە لایەن شاعیر و هونەرمەندی داهێنەر و تێڕاماودا، لە وزەی هەست و سۆزی کز و ناتەندروستدا چڕدەبێتەوە، کە لە دوورترین سنوورەکانیدا کەڵەکە بووە، لەسەر ئاڕاستە دیاریکراوەکاندا، لە دەرئەنجامی کپ بوونیدا و دەرباز بوون لێی. لێرەوە دەتوانین تێ بگەین کە تا چ ئاستێک دەتوانرێ هونەر ببێتە هەناسە'' (شرتح، ٢٠١٥: ٣). هەروەها دەتوانین بڵێین''هونەرمەند هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوە و گۆرینی جوانیی سروشتی بۆ جوانیی هونەر'' (شیخة، ٢٠٠٩: ٤٩٤).

لە هەمان کاتدا ''ئەفلاتون، گرنگی هونەرمەند لە توانستی خستنەڕووی هەقیقەت و وێناکردنی جوانی دیاری دەکات، بینینی هەقیقەت کاردەکاتە سەر هەڵچوون و چێژ بینین، بەڵام دوورکەوتنەوەی شاعیر لە ئیشی هونەری جوان، ئەوکاتە ئیشی هونەری کار دەکاتە سەرهەستەکان ...کاتێ شاعیر دەگات بە بەهرەی خوایی، پێویستە سەرچاوەی شیعرەکانی هەقیقەتی ئایدیال بێت، لەبەرئەوەی خواوەند ئەو بەهرەیەی پێدەبەخشێت، کەشاعیر پێویستییەتی بۆ ئەوەی پەیامی هەقیقەت بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت'' (مطر، ٢٠١٩: ٤٠). هەوەها لە پاڵ ئەمانەشدا ''زمانی شیعری بنەمای هەموو داهێنانێکی ئەدەبی و هونەرییە، لە هەمان کاتدا کەرەستەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەی شیعرییە، زمانی شیعری تەنها ئامرازێکی گوزراشت کردن نییە. بەڵکو هۆکارێکی بەهێزی دەربڕینی جوان و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی شاعیرە'' (مصطفى، ٢٠١٧: ١١).

ئاشکرایە هەریەکە لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان خودی خۆیان ڕۆڵ دەبینن لە جوانکردن و جوانی بەخشین و جوان پێشاندانی شتەکان، تەنانەت ئەگەر ئەو شتانە جوانیش نەبن یان بە واتایەکی دیکە ئەگەر ناشیرینیش بن. بۆیە " ولترت ستیس لە بارەی ناشیرینی

(کریّتی) یەوە دەڵێ: تێڕوانینمان سەبارەت بە کریّتی لەو دەرئەنجامە پەسندکراوە پێکهاتووە کە کریّتی دژی جوانی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە جۆرەکانی، یان جۆرێکە لە لاسایی و پاشکۆی ئیستاتیکا '' (نقرش ، ٢٠١٣: ٢٧٢). کەواتە ''هیچ بۆشایەک لە نێوان ئەزموونی جوانی و ژیانی کرداری ڕۆژانەدا نییە، بۆیە بە بۆچوونی (جۆن دیوی) هەر تێڕوانینێک بۆ هونەری جوانی، لە پەیوەندی نێوان هونەر و ئەزموونی ئاسایەوە دێتەکایەوە'' (جاسم, ٢٠١٢: ٥٦٤).

لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە ''بە تێڕوانینی برۆکلمان، هونەر  قسەی ئەندێشەیی کاریگەرە، داڕشتن و دانانی جوانی بیر و تێرامانەکانیەتی لە چوارچێوەی دەقدا'' (عبد المولي,٢٠٠٣: ٥). بەڵام ''بە باوەڕی مندرسن هونەر جوانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی شتێکی ڕاستەقینە و چاک، کە بە هەستێکی ناڕوون دەرک دەکرێت، بۆیە مەبەستی هونەر کەماڵی ئەخلاقییە'' (حەمەسالح،  ٢٠١٣: ٢٩). کەچی بە پێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونە'' تێگەیشتنی ئادمن بێرگ بۆ جوانی، تێگەیشتنێکی سادە و نێگەتیڤە لە زۆر ڕووەوە، بەڵکو لە هەندێک ڕووەوە ناڕاستیشە کە پێی وایە جوانی ئەو بزوێنەرەیە کە حەز و ئارەزووی سێکسی دەجوڵێنێ'' (الرباطي، ٢٠١٨: ٩). جگە لەمەش'' کانت جوانی وەک پردێک لە نێوان دوو جیهانی دەرهەست و بەرهەست دادەنێ، تام و چێژی وەدیهاتوو لە بەرهەمێکی هونەری، لە هەستەکانی تری مرۆڤ جیادەکاتەوە و ناویان دەنێت تام و چێژە بێلایەنەکان، لەم ڕوانگەیەوە، جوانی وەک دیاردەیەکی سەراسەر پەیوەندیدار بەهەستەوە ڕەچاو دەکرێ، کە خاوەن بایەخێکی ڕۆحی و دەروونییە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، هیگڵ جوانی بە وێنەی ڕەنگدانەوەی هەست ئامێزی هزر  لەقەڵەم دەدا و  گرینگی زۆری دەدایە باسە تیۆرییەکانی کانت '' (سەجادی،  مەحمودی،٢٠٠٤: ١٦٢).

تێڕوانینی هیگڵ سەبارەت بە جوانی بەرهەمی کاری هونەری لە چوارچێوەی بەرهەمی هونەری جواندا چڕدەبێتەوە و پێی وایە''بابەتی ئیستاتیکا، جوانیی سروشتی نییە بەڵکو جوانیی هونەرییە، هیگڵ جوانیی سروشتی دەداتە دواوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو،  کار داهێنانێکی خۆیی ئادەمیزادە و جوانی تەنها لەو شتانەدا هەیە و کە ئادەمیزاد دروستیان دەکات، بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە. جوانی لە مرۆڤدا داهێنانی ڕوحە ئافریدەی هۆشیارییە و بەرهەمی ئازادی یە، دیارە هەرشتێکیش بەرهەمی ڕوح بێت ڕوخساری ئەو وەردەگرێت و لە سروشت باڵاتر دەبێت'' (میراودەلی ،٢٠٠٥: ٧٩). ''بە بۆچوونی هیگڵ، کە هونەرمەند وێنەیەک دروست دەکات و دایدەهێنێت جوانتر و تەواوترە لەوەی کە لەم جیهانەدا دەبینرێت، وە هەروەها وەکو ئەرستۆ باوەڕی بەوەیە کە

ئەرکی هونەر بریتییە لە پاکردنەوەیەکی ئەخلاقی. هیگڵ هونەر دەکاتە دووبەشەوە :١_ هونەری بابەت: وەکو تەلارسازی و پەیکەرتاشی و وێنە. ٢_هونەری خودی: وەکو مۆسیقا و هۆنراوە'' (حەمەسالح ،٢٠٠٤: ٤٢). ''هەمیشە گریمان دەکەین کە هەرچییەک جوان بوو هونەرە، یان هونەر بە گشتی جوانە، هەرشتێکیش جوان نەبوو هونەر نییە و دزێویش لە هونەر بەدەرە. ئەم بە یەک زانینەی هونەر و جوانی ڕەگی گشت کۆسپێک لە هەست کردنمان دەربارەی هونەر بەدی دێت، تاوەکو لای کەسانێکیش کە بە ڕوویەکی گشتی سەبارەت بە کارتێکەری جوانیناسی Aesthetic هەستیارییەکی بەهێزیان هەیە، ئەم گریمانەیە لەم ڕووەوە پەیڕە و دەکەن کە هونەر جوانی نییە، لەبەرئەوەی هونەر بە پێی پێویست جوانی نییە'' (ڕید، ٢٠٠٧: ١٠).

بۆچوونی ''ئەلبێر کامۆ لەگەڵ فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچەدا کۆکە لەسەر ئەوەی: هیچ هونەرمەندێک نییە بتوانێت لەگەڵ کەتواردا هەڵبکات، چونکە ئەوە شەقڵی هونەرمەندە لە جیهان وەڕس بێت، وەلێ ئەوەشی دەخاتە سەر هیچ هونەرمەندێک نییە لەگەڵ ئەوەدا بتوانێت بە تەواوەتی خۆی لە کەتوار بێ نیاز بکات، ئەگەر داهێنانی هونەری لە جەوهەریدا بریتی بێت لە ڕەتدانەوەی جیهان و داواکردنی جۆرێ لە یەکێتی، کەچی ڕەتدانەوەی جیهان لە لایەن هونەرمەندەوە لەهەمان کاتدا بریتییە لەهەوڵدان بۆ گەڕان بە دوای ئەو جیهانە هونەرییەی کەدەیەوێت بۆخۆی بخوڵقێنێت (ئیبراهیم ، ٢٠١٣: ٢٨٨).

جێگای باسە ''جوانیی هونەری بەرزترە لە جوانیی سروشتی ، چونکەجوانیی هونەری بەرهەمی گیانە، لەبەر ئەوەی ڕووح بەرزترە لە سروشت بۆیە بەرزیەکەشی بۆ بەرهەمەکانی و بۆ هونەریش دەگوازرێتەوە'' (هیغل، ١٩٧٨: ٦). یان بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین''گوزارشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سوود بەخشین، کاتییە و بە تێپەڕبوونی کات دەتوێتەوە، بەڵام گوزارشتی هونەری بەدرێژایی زەمەن بەنەمری دەمێنێتەوە، ئەو کاتانەش، کە شاعیر و هونەرمەند شەپۆلی هاندانی داهێنانیان کپ دەبێتەوە، بەرهەمە هونەریەکانیان بە نەمری دەمێنێتەوە'' (مەحمود، ٢٠٠٥: ٢٣).

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێ، ئەوەیە: فەلسەفە بەگشت لقەکانییەوە، بەدەر لە ئیستاتیکا، پشت بەژیری و بنەمای لۆجیک دەبەستێ، ئایا دەکرێ لۆجیکی وشک و بێ گیان، پەنای ببرێتە بەر بۆ تاووتوکردنی بابەتی هونەر و جوانی؟ کەواتە جوانی چییە؟ کە مرۆڤ دەڵێ ئەمە، یان ئەوە جوانە، باسی چی دەکات؟ پێویستە چ مەرجێک لە بابەتێکدا هەبێ بۆ

ئەوەی خەسڵەتی جوانی پێ بدرێ؟ ئەی هونەر خۆی لەخۆیدا چییە و چ کاتێک پێی دەگوترێ هونەر؟ جیاوازی نێوان جوانی و ناشیرینی، نێوان هونەری سەرکەوتوو و سەرنەکەوتوو چییە؟ ڕۆڵی ژیریان ئەگەر نەبوو چێژ لێرەدا چۆنە و چییە؟ دەکرێ بابەتی جوانی و هونەر لەگەڵ بابەتی ئایین و ئاکار بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە؟جیاوازی نێوان بەهای جوانی و بەهای ئاکاریی و ئایینی بەچیدا لە یەکتری جیا دەکرێتەوە؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، دەرگای چوونە نێو جیهانی فەلسەفەی هونەر و جوانی دەخاتە سەر پشت. چێژ و زەوق و ئارەزوو و هەستکردن بە جوانی و دوورکەوتنەوە لە ناشیرینی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی شارستانیەتەوە بەشێک بوون لە هەبوون و ژیانی مرۆڤ، تەنانەت دەربڕینی ئەم هەستانە هونەری لێ کەوتووەتەوە. ئەو وێنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوت و لەسەر تاشەبەردە زەبەللاحەکان کێشراون، هەر لە سەرەتای ژیانەوە، ڕاستی و دروستی ئەم قسەیە دەسەلمێنن، بەڵام وەک باس و لێکۆڵینەوەی بابەت کە بە نووسین تۆمار کرابێ، ئەوە دیالۆگی (هیپیاسی ئەفلاتوون) بە کۆنترین سەرچاوەیەک دەژمێردرێ کە تێیدا بە زمانی سوکراتی مامۆستای سروشتیی هونەر و پێوەندی بە ئاکارەوە و ئەوجا پێوەندی هەردووکیان پێکەوە و بەجیا بە نموونەی بەرزەوە چییە، باسی کردووە؟ هەر لەوێدا کێشەی جوانی و ناجوانی، بە تایبەتی جوانی و نەرم و ڕێکوپێکی و هارمۆنی سروشتی کردووەتە بەڵگەیەک بۆ پشت ساردکردنەوەی هەبوونی هێزێکی سەروو سروشتی کە ئەو بە داهێنەر ناوی بردووە'' (عەزیز ، ٢٠٢٠: ١١٠ ).

هەرچۆنێک بێت''لەبەرئەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جوانی بەپێی سەردەم دەگۆڕێت، بۆیە کاری ئیستاتیکا ئەوەنییە یەک پێناسەی هەمیشەیی بۆ هونەر بکات، بەڵکو کاری ڕێکخستن و تازەکردنەوەی بەردەوامی گرفتەکانە، ئیستاتیکا زانستێکی تیۆرییە لە گرفتەکانی جوانی لە هونەردا دەکۆڵێتەوە، بڕیاردان لە سەرجوانی و ناشیرینی شتەکانی دەوروبەرمان بۆ خودی ئادەمیزاد و هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بابەتەکە و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەری دەگەڕێتەوە. هاوکات زۆر جار هونەرمەندان بابەتی ناشیرین و دزێو دەکاتە بابەتی هونەرەکەی و لە بۆتەی جوانیدا دایدەڕێژێتەوە'' (عەلی،٢٠٢٠: ١٢٠).

جوانیی بەرهەمی هونەری پەیوەندییەکی پتەوی بە سەرنج لێدەرەوە هەیە، لەبەرئەوەی ''بڕیاردانی جوانی و دزێوی شتەکان بۆ ئادەمیزاد خۆی و جۆری هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بابەتەکە و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەری دەگەڕێتەوە، لێرەوە زۆرجار

هونەرمەند بابەتی ناشیرین و دزێویش دەکات بە بابەتی هونەرەکەی و لە بۆتەی جوانیدا دای دەڕێژێت ''شاعیری کلاسیکی مەزنی کورد (نالی) خێڵیی چاوی دڵدارەکەی کە بەلای خەڵکەوە شتێکی دزێوە بەم جۆرە باس دەکات:

پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا

خێـل و قیچە یا تەرازوی نازی نەختێ سەر دەکـا ( میراودەلی ،٢٠٠٥: ١٣).

لێرەدا و لە ئەنجامی شیکردنەوە و تێگەیشتن بۆ ئەم بیروبۆچوونانە دەگەینە ئەم ڕاستیەیکە کێشەکانی بەرهەمی هونەری فرە لایەن و فرە ڕەنگە، دەتوانرێ زیاتر لە گۆشەنیگایەکەوە سەیر بکرێت و زۆرتر لە ڕەهەندێکەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی هێنانەکایەوەی بەرهەمی هونەری جوان و نایاب هێندەی پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی و ئەزموون و زەوق و سەلیقەی سەرنج لێدەرەکەوە هەیە ، هێندە پەیوەندی بە جوانیی شتەکەوە یان بابەتەکەوە نییە کە بۆتە هەوێن و سەرچاوەی لە دایک بوونی بەرهەمە هونەرییەکەوە. چونکە دەشێت لە شتە دزێو و ناشیرینەکانەوە شاکاری ئەدەبی جوان و نایاب و سەرنجڕاکێشی هونەری دروست بکرێت، وە بە پێچەوانەشەوە.

### ٣,٣,١ کێشەکانی جوانی و هەق و چاکە:

دیاریکردنی پێوەرو پێوانەکانی هەق و چاکە، لەو کێشانەیە کە ئاستەکانی جوانیناسی دیاری دەکات. چونکە هەر لە دێر زەمانەوە، بابەتی هەق و چاکە لەلایەن زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسوفەکانەوە، بە بنەمای سەرەکی جوانیناسی دانراوە. هەروەها لە لایەن خوداوەند و ئاینەکانیشەوە بەها و پێگەیەکی بەرز و بەهیز و کاریگەری هەبووە.'' پەیامبەری خوا (د.خ) دەفەرموویێت: ان الله جميل يحب الجمال, واتە خوا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت'' ( عوض الله،٢٠٠٣: ٣٦٤). ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە جوانی بە تایبەتی جوانیی هەق و چاکە لە سەرووی هەموو جوانییەکانەوەیە و بێ هاوتا و بێ وێنەیە. هەر بۆیە ئەو وێنانەی کە هەق و چاکەی لەخۆگرتووە، جێگای ناخە و بە ڕەوشتەوە وابەستەیە و بەچاوی دڵ دەبینرێت,

هەروەها هەموو جوانی و چاکەیەک خۆشەویستە، بۆیە وێنەی دەرەوە و ناوەوە، چاکە و جوانی دەیانگرێتەوە، وێنەی دەرەوە بەچاوی دەرەوە درکی پێدەکرێت، وێنەی ناوەوەش بە

چاوی ناوەوە، واتە بە چاوی دڵ درکی پێدەکرێت'' ( عوض الله،٢٠٠٣: ٣٥٨). بە هەمان شێوە ''لە تێڕوانینی ئەفلۆتیندا هونەر خوازیاری جوانی و چاکەیە، ئەمەش بەهەمان تێڕوانینەکانی ئەفلاتوونە، چونکە ئەفلاتوون باوەڕی وایە هونەرمەند لە هونەرەکەیدا لاسایی سروشت دەکاتەوە و سروشتیش لاسایکردنەوەی جیهانی ئایدیایە، کەواتە هونەرمەند دوو هەنگاو لە حەقیقەتەوە دوورە'' (حسین، ٢٠١٧: ٢٠).

بەم شێوەیە''بالاترین کەمالی چاکی کە نەک تەنها لەگەڵ جوانیدا هاوئاهەنگ نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک لایەنیشەوە دژیەتی، یەهودییەکان تەنانەت لەسەردەمی ئەشعیا کە یەکێک بوو لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل، ئاگاداری ئەو خاڵە بوون و وایان بیردەکردەوە کەجوانی دەبێت چاکیش بێت، ڕاستە کە بیرمەندە پێشڕەوەکانی یۆنان : سۆقرات، ئەفلاتوون و ئەرستۆ هەستیان کردبوو, کەدەشێت جوانی لەگەڵ چاکی دا نەگونجێت، سوقرات جوانی ڕاستەوخۆ بە پەیڕەوی چاکی دانابوو، ئەفلاتوون بۆ ئەوەی دوو چەمکەکە بکاتە یەک، باسی لە جوانیی ڕۆحانی کردبوو، ئەرستۆ خوازیاری کردەوەیەکی ئەخلاقی یان پاکبوونەوە بوو بوو لە هونەر، کە کار بکاتە سەر مرۆڤەکان. بەلام سەرەڕای هەموو ئەمانە، تەنانەت ئەو بیرمەندانەش نەیاندەتوانی چاوپۆشی لەوە بکەن کە جوانی و چاکی پێکەوە گونجاون، لەم ڕووەوە لەو سەردەمەدا وشەی لێکدراوی Kalokagatia جوانی و چاکی یان بەرەبەرە بەکاربرد، کە ئاماژە بوو بۆ ئەم یەکێتییە'' (لیۆتۆلستۆی ،٢٠٠٩: ٧٥). بۆیە''پێویستە هەموو دەروونێک، سەرکەوێ بۆ ئەو چاکەیەی ئارەزوویەتی، کاتێک دەروون بەم چاکەیە دەگات، ئەوە تێدەگا مەبەستی جوانی چییە؟ جوانی خودی چاکەیە، بێگومان جوانی بابەتی ئارەزووە بۆ هەمووان، بەلام هەموو دەروونێک ناگات بە چاکە، بەڵکو تەنها ئەم کەسانە پێیدەگەن، توانای گەیشتن بە ئیدیالیان هەیە'' (مطر ، ٢٠١٩: ١٠٣).

لەمبارەیەوە ''ڕاغب ئەسفەهانی پێی وایە حەز و خۆشەویستی، ئەو هێز و باوەڕەیە کە وادەبینێت یان وادادەنێت، ئەوەی هەیە خێر و چاکەیە، ئەمەش لە سێ ڕووەوەیە:یەکەم: حەز و خۆشەویستی چێژ و خۆشی، وەک حەز و خۆشەویستی پیاو بۆ ئافرەت، وە بەپێچەوانەوە.دووەم: حەز و خۆشەویستی بۆ سوود و قازانج وەک حەزی شتێک کەڵکی هەبێت، سێیەم: حەز و خۆشەویستی بۆ پێشکەوتن وەک خولیا بوونی زانست و زانیاری. سەعالیبی ئاماژە بە پلە و پایەکانی خۆشەویستی دەکات و دەڵێ: یەکەمین پلەو پایەی خۆشەویستی حەز و ئارەزووە کاتییەکانی دونیایە، دواتر پەیوەندییە، کە بەدڵەوە پەیوەستە. دواتر نرخ و بەها و قوربانیدانە، واتە خۆشەویستی بەهێز، پاشان عەشق. ئەمیش ناوی ئەو

چاکەیەیە لەو بڕەی کە ناوی خۆشەویستییە، دواتر کۆتایی و لوتکە، واتە سووتانی خۆشەویستی دڵ لەگەڵ ئەو چێژەی هەیەتی'' (محی الدین، ٢٠١٤: ١٠).

بە پێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونانە "هەندێک لە فەیلەسووفەکان سوورن لە سەر ئەوەی کە هونەر یان جوانی هیچ پەیوەندییەکی بە چاکە و خراپەوە نییە، واتە بەرهەمهێنانی هونەر پەیوەندیدار نییە بەوەی کە ئەم هونەرە هونەرێکی بەرزە، لەبەرئەوەی چاکە، یان ئەو هونەرە هونەرێکی نزمە، چونکە خراپە. هونەر خاوەنی ڕێسا و یاسای خۆیەتی جیاواز لەو یاسا و ڕێسایانەی تر کە لە هەر بابەتێکی تردا هەن، هونەر دەبێت لە ناو هونەردا بڕیاری هونەرێکی بەرز یان نزمی لەسەر بدرێت نەک لەدەرەوەی هونەر'' (حەمەسالح، ٢٠١٣: ٥٩).

بە باوەڕی'' هیگڵ، حەقیقەت و جوانی یەک شتن ، تەنیا جیاوازییەک کە هەیە ئەوەیە حەقیقەت تا جیگەیەک کە هەیە و لە خودی خۆیدا شیاوی تێڕامانە، بۆخۆی ئایدیایە وێناکردنە" بەڵام ئایدیا کاتێک کە لە دەرەوەدا دەردەکەوێت، نەک تەنیا دەبێتە حەقیقەت بۆ شعوری مرۆڤ بەڵکو جوانیش دەبێت، بەم جۆرە جوان دەرکەوتنی ئایدیایە'' (لیۆتۆڵستۆی، ٢٠٠٩: ٤١). لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەق و چاکە لە دیدگای بیرمەندە ئاینییەکان و میسالییەکاندا بە تاکە سەرچاوەی جوانی دادەنرێت و سەرچاوەیەکی سەرەکی جوانیناسییە، لە کاتێکدا هەق و چاکە لە گۆشەنیگای لایەنگرانی جوانی هونەری و ماتریالیستەکاندا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر جوانیناسیدا نییە، لە ڕوانگەی ئەمانەدا هەق و چاکە بە جوانی هونەری و جوانیناسیەوە وابەستە نییە، بەڵکو جوانیی شتەکان لە هەق و چاکەدایە.

## ٤,٣,١ کێشەکانی جوانی و هەستەکان و فسیۆلۆجیا:


دیارە هەریەکە لە هەستەکانی مرۆڤ بەهەستە باڵا و نزمەکانیشەوە لە پاڵ لایەنەکانی فیزیکی و فسیۆلۆجییەوە، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن لە هێنانەکایەی جوانیناسیدا، لە هەمان کاتدا کەموکورتی لاوازی لەمانەدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکانی جوانیناسی و لە دەرئەنجامیشدا کار دەکاتە سەر ئاست و پایەکانی جوانیناسی شتەکان، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین لە جوانیناسینی شتەکان و بابەتەکاندا سەرکەوتوو بین، دەبێت زاڵ بین بە سەر کێشەی هەستەکان و فسیۆلۆژی، تاکو لە جوانیناسی شتەکاندا شکست نەهێنین، هەر لەم

ڕوانگەوە وەک دەبینین ''جوانترین  جوانی یان بەهای جوانی لە لای گۆرگیاس،  پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی هەستەکانەوە هەبووە'' (مطر، ٢٠١٩:  ٢٢). هەروەها ''بە باوەڕی فیشەر ١٨٠٧_–١٨٨ جوانی وێناکردنێکە، بە شێوەیەکی بەرتەسک دەرکەوتووە. بەڵام وێناکردن دابەش دەکرێت و زنجیرەیەک وێناکردنی تریش پێکدێنێ، ویناکردنەکان خۆیان بەشێوەی هێڵێکی بەرز و نزم نیشان دەدەن. وێناکردن هەرچەندە لە پلەیەکی باڵابێت، لە جوانییەکی زۆرتر لە خۆدەگرێت، بەڵام نزمترین ئاستیش خاوەنی جوانییە، چونکە خاڵی پێکەوە بەسترانی پێویستی زنجیرەی وێناکردنەکە پێکدێنێ'' (حەمەسالح ،٢٠١٣: ٥٠).

ئەوەی کە دەمانەوێ لێرەدا تیشکی بخەینە سەر و جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە ''کەی و چۆن شتی جوان بە جوان دێتە بەرچاو؟ ئایا لە ناخ و سروشتی مرۆڤدا ڕەگەزێک هەیە ببێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ ئامادە بێت هەست بە جوانی بکات؟ ئەوجا پێوەندی نێوان جوان و هەستکردنی مرۆڤ چییە و چۆنە؟! کاتێک دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، ئەگەر مرۆڤ توانی پێوەندی نێوان بەهای جوانی و هەردوو بەهای ڕاستی (هەقیقەت) و چاکەکاری (خێر) دیار و دەستنیشان بکات و ڕوونی بکاتەوە، ئەمانە چ پێوەندییەکیان بە هونەرەوە هەیە بەگشت جۆر و ڕەگەز و بابەتەکانییەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێ دەڤەری جوانناسی تاڕادەیەک فراوانتر بکرێت، بەو پێیەی چالاکی ڕەخنەگرتنی هونەری بگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی خۆی لەخۆیدا جۆرێکیشە لە پەی پێبردنی هەستەکی، ئیستاتیکا پەیبردنی هەستەکی دەگرێتەوە، بێگومان پەیبردنی هەستەکی لەلای خۆیەوە پەیبردنە بە جوانی، کەوابوو فەلسەفەی جوانی و هونەر بەگشتی بریتییە لەو دوو ڕەهەندە: یەکەم: ڕەخنەگرتنی هونەریی بابەتەکانی هونەر و جوانی. دووەم: پەیبردنی هەستەکی بە بابەتەکانی ئیستاتیکا، ڕاستە وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە لەلایەن ئەلیکسەندەر بۆمگارتن داهێنراوە، بەڵام پێشتر لەلای ئەفلاتوون و ئەرستۆی قۆناغی یۆنان و لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕۆشنگەریدا پرۆسەی هونەر و جوانی و ڕەخنەگرتنی فەیلەسووفەکان بەدی دەکرێ و لەم سەردەمانەدا  چەند ئاڕاستە  و ڕێبازێکی گرنگی ئیستاتیکا دەستبەکارن'' (عەزیز ،٢٠٢٠: ١١٦). وێڕای ئەمانە هەریەکە لە'' (هیوم و لۆک و هوتشون ) هەندێک گریمانیان دەربارەی جوانی پێشکەش کردن. هوتشون دەڵێ: (ئەگەر ئێمە لە خۆماندا هەستی جوانیناسیمان نەبووایە، ئەوا دەشیا خانوو و باغ و جل و بەرگ ببینین و بە کەڵکیان بزانین، بەڵام هەرگیز نەماندەتوانی  بە جوانیان بزانین '' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٥٤).

له ڕاستیدا هەستی جوانیی ئەگەرچی له مرۆڤدا له ئاستیکی بەرزدا هەیە، بەڵام ئەو هەستە له گیانلەبەرانیشدا بەدی دەکرێت.''داروین کە تیۆری بایۆلۆژی دەربارەی جوانی هێنایە کایەوە، لەو باوەڕە دایە کە هەستی ئیستاتیکی لەسروشتی بایۆلۆژی گیان لەبەرەکاندا ڕەگی داکوتاوە و له هەموو گیانلەبەراندا ئەم هەستە هەیە. داروین باوەڕی وایە کە جوانیخوازی تایبەت نییە بە ئادەمیزادەوە، جۆرە دەنگ و ڕەنگێک هەن کە خۆشی چ بە مرۆڤ چ بە گیانلەبەرانی دیکەش دەبەخشن'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٢٥). کەواتە هەموو ئەو تێڕوانینانە دەمانگەیەنە ئەو بڕوایەی، کە گەیشتن بەئاست بەرزی هەستەکان و فسیۆلۆجیا بە واتای گەیشتن بە ئاست بەرزی جوانی شتەکان دێت، کە ئەمەش کاتێک دێتەکایەوە بەسەر کێشەکانی جوانیدا زاڵ بین، بەتایبەتی ئەوکێشانەی له چوارچێوەی جوانی هەستەکان و فسیۆلۆژیادا چڕدەبیتەوە و کاریگەریان له سەر پێوانه و پێوەرەکانی جوانیی ئافرەت هەیە.

**هێڵکاری_٤(کێشەکانی جوانیناسی)**



## ٥.٣,١ پێوەر و سیماكانی دیاریكردنی جوانیی ئافرەت و چێژ و خۆشی:

ئافرەت لە دیدی ڕەگەزی بەرامبەردا لە دیارترین و سەرەكیترین سەرچاوەی چێژ و خۆشی و جوانییە، تەنانەت كاتێک باسی چێژ و خۆشی و جوانی دەكرێت، یەكسەر ئافرەتمان دێتە پێش چاو، ئەمەش بۆ بەها و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت دەگەڕێتەوە. چونكە هەر لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە، ئافرەت بەهۆی ئەو هەمووە جوانی و میهرەبانییە و نەرم و نیانەی تێیدا بەرجەستە بووە. توانیوویەتی سەرنجی ڕەگەزی بەرامبەر ڕابكێشێت، تا ئاستی عاشق بوون و نقووم بوون و توانەوە لە دەریای خۆشەویستی خۆیدا.

جوانیی ئافرەت بۆتە هەوێن و ئیلهامی هەزارەها شاكاری ئەدەبی و هونەری و بەهێزترین و گەورەترین و فراوانترین ڕەنگدانەوەی لە سەر هۆشمەندی مرۆڤ و دیدگای مرۆڤ و ئاكار و ڕەفتار و هەڵوێست و ڕەوشت و كەسایەتی مرۆڤ دروستكردووە، بووە بەگرنگترین هاندەر و پاڵنەر بۆ هێنانە كایەی داهێنان و گۆڕانكاری جوانیناسی و لە دەرئەنجامیشدا چێژ و خۆشی جوانی لێ بدرەوشێتەوە. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە تێڕوانینی جیاواز و لێكدانەوەی جیاواز و پێوەر و پێوانەی جیاواز بەرامبەر بە ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی جوانی هەیە." كەواتە چێژ و خۆشی و جوانی ئافرەتیش ناتوانێت لەژێر كاریگەری پێوەر و پێوانەكانی سەردەمی خۆی دەربچێت، لە هەمان كاتدا ''تیۆری جوانی لای ئەوانەی كە پێوەری ڕەوشتی ڕەت دەكەنەوە، بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لە سەر هونەری جوان یان ئەدەبی جوان، پێیان وایە پێوەری جوانی و بڕیاردان لە سەری، لە سروشتی بابەتەكەوە، واتە لە شێوە و ڕوخسارەوە جا ئەگەر مرۆڤ بێت یان گەردوون یان شت یان دیاردەكان بێت، سەرچاوە دەگرێت '' ( جمعة، ٢٠٠٩: ١٥).

وەک ئاشكرایە"میكانیزمی چێژی جوانی بەگشتی ئەمانەن: یەكەم: بە ئاگابوون لە سەردەم و شت و هەڵویستەكان، كە دەبێتە كاردانەوەی كاری هەستكردن بەمانە. دووەم: خولیا و حەز و ئارەزووی بەرهەمهێن لە شتەكاندا بە قەناعەت و ڕازی بوونەوە.سێیەم: بە توانایی لە درككردنی ڕوونكردنەوەی زیاتر و دیاریكردنی ڕەگەزەكانی و بەرهەمهێنانی جوانی و هۆكارو پێویستییەكانی چێژی جوانی.٤_باوەڕبوون بە بەهای شتە چێژ بەخشەكان و دواتر بەرگریكردن لێی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو شتانەی لەگەڵیدا یەک ناگرێتەوە و مەترسی لەسەر كەمكردنەوەی بەها و هەبوونیدا دروست دەكات'' (حاكم، ١٩٩٠: ٩٣). لە ڕاستیدا ''چێژی جوانی لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا، لە شاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی دیكە و

لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دیکە، بەپێی پلە و ئاستی وروژاندنی جوانی کە هەریەکە لە ئەزموونەکان دەیوروژێنێ و دەگۆڕێت، بنیادنانی بەرهەمەکانی جوانیی کاریگەر دێنێتەکایەوە'' (شرتح، ٢٠١٦: ٤). هەندێک لە شاعیران و نووسەران بەشێوەیەک بە ئافرەتەوە وابەستەن و لە دنیای ئافرەتدا توانەتەوە، بوونەتە بەشێک لە سیحری ئافرەت و ئافرەتیش بۆتە بەشێک لەوان، بۆیە "نەزار قەبانی دەڵێت: ئافرەت نەبۆتە هۆی ناوبانگی من، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە شیعرەکانی منە بۆتە هۆکاری بەناوبانگ بوونی ئافرەت،(بەسینە) بەبێ شیعری جوانیی (بەدەوی)ی شاعیر زۆر وونە،(لەیلا عامری) بەبێ شیعرەکانی (قەیس) کچێکە کەس نایناسێ،(ئەلیزا)ش بەبێ شیعرەکانی (ئاراغۆن) ژنێکی فەرەنسیە وەک هەزارەها ژنی دیکەی سەر شەقامەکانی شانزیلیزێ و بۆلڤار و سان میشال'' (قبانی، ١٩٨٤: ٢٢).

ئافرەت بە هەردوو لایەنی جوانیی دەرەکی و ناوەوە, بەتایبەتیش جوانیی جەستە بەها و بایەخێکی زۆری لە بەخشینی چێژ و خۆشی و جوانیدا هەیە. لە سەرووی هەموو ئەوانەوە ''ڕەنگی سپی لە شیعری ڕۆژهەڵاتیدا پێگەیەکی بێسنوور و ئامادەیەکی زۆری هەیە، کە پەیوەستە بە جوانی ئافرەت و شکۆی پیاو و تیژی شمشێر و زرێ و پاریزەرەوە، لەهەمان کاتدا لە بواری ناموس و سەربەرزی هەموو واتایەکی خێر و چاکەدا دەخولێتەوە، کاتیک دەوترێت سپی بەواتای پاک و بێگەردی و خاڵی لەهەموو خەوش و کەموکورتییەک دێت'' (ممتحن, ١٣٩٠: ٨٧ ). هەرچۆنێک بێت دەکرێت "کۆڵەگە سەرەکییەکانی چێژی جوانی، لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١_هۆشیاری و پێگەیشتنی ئاسایی لە مرۆڤێکدا بوونی نییە، کە خاوەنی چێژی جوانیی تایبەتی خۆی نەبێت.

٢_ سەلیقەی جوانی نیشانەی هەبوونی ئامادەباشی و دەروونێکی جێگیرە.

٣_گەشەپێدانی ئامادەباشی دەروونی بۆ چێژی جوانی بە هۆکاری جۆراوجۆر.

٤_جیاوازی تاکەکەسی، نیشانەیە بۆ جیاوازی ئامادەباشی چێژی جوانی.

٥_تەمەن گرینگی خۆی هەیە، لە دیاریکردنی ڕوونی و ئاشکرایی ئامادەباشی چێژی جوانی.

٦_ژینگە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر واتای جوانی شیکردنەوە و لێکدانەوەی جوانیدا هەیە.( محمد، حامد، ٢٠٠٣: ٣). "کانت گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەزەتی جوانی بەستراوە بەخودی سەرنجدەرەوە نەک بە بابەتەوە، چونکە ئەگەر لەزەتەکەی بەسترابووایەوە بە

بابەتەوە ئەوا ئەوساکە دەبوو ئەو بابەتە بزانین، ئەمەش نابێت، چونکە مەیدانی عەقڵی تیوری دەگرێتەوە. بەم چەشنە ڕەوتی فۆرمالیستی بەسەر فەلسەفەی جوانی ئەو سەردەمەدا زاڵ بوو. ئامانجداری جوانی بابەت لە لای کانت تەنها لەوەدا وێناندنی بابەتەکە یەکسەر بەستراوەتەوە بە هەستی چێژەوە. ئەو ئامانجەش لە بابەتێکەوە پەیدا نابێت، بەڵکو لەخودی سەرنجدەرەوە پەیدا دەبێت و لێکدراوەتەوە ''(حەمەسالح ،٢٠١٣: ٣٤).

بێگومان "بە دڵنیاییەوە هەموو دەقێکی بەچێژ و خۆشی بەخش و پڕ داهێنان و گۆڕانکاری ڕەنگدانەوەی هەردوو دیوی ناوەوە و دەرەوەی شاعیر یان نووسەرەکەیە و بە ئەزموون و بارودۆخی ژینگە و ژیانییەوە بەندە، لە لایە کی ترەوە ڕۆلان بارتیش دەڵێ : دەقی خۆشی بەخش تەنها بەرهەمی پێشکەوتنی لۆژیکی ئۆرگانێکی و مێژوویی دەقی چێژبەخشە'' (بارت، ٢٠٠٧: ٤١)." چێژی جوانی لە ئارەزوو بینینی هونەری بەرجەستە دەکرێت، هەروەها لەهەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ناسینی هەقیقەتی دەرەکی، هونەرمەند مەبەستیەتی لەماوەی ئیشی هونەریدا، بابەتی بینراو بەڕوانینی ئاسایی وێنا بکات، کەسەرچاوەکەیان کات و شوێنی سنوورداربێت، بە ڕوانینێکی تایبەت ئەزموونیان بکات'' (مطر، ٢٠١٩: ١٨٧).

بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت و چێژ و خۆشی جوانی، هەمیشە لە پاڵ یەک و بەیەکەوە دێن و بەدەگمەن نەبێت لە یەکتری جودا نابنەوە، ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت، ئافرەت ببێتە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی ئەو بەرهەمانەی چێژ و خۆشی بەمرۆڤ دەبەخشن. ئەمەش وایکردوە کە چێژ و خۆشی و جوانیی ئافرەت وەک یەکێک لە دیارترین و زەقترین پێوەر و سیماکانی جوانیناسیی ئافرت دابنرێت.

## ٦،٣،١ پێویستییە ڕۆحییەکان:

وەک دەزانین بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ لە دوو لایەنی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش جەستە و ڕۆحە، جەستە کە بریتییە لە دیوی دەرەوەی مرۆڤ و جوانیی دەرەوە یان جوانیی جەستە دەگرێتەوە، لە بەرامبەردا رۆح بریتییە لە دیوی ناوەوەی مرۆڤ، جوانیی ناوەوە بەرجەستە دەکات، بێگومان هەریەکێک لەمانە، بە هەماهەنگی جوانیی ئافرەت پێکدەهێنن. وێڕای هەبوونی تێڕوانین و بیروڕای جیاواز سەبارەت بە جوانیی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەت، چونکە بەشێک لە مرۆڤەکان ئەوانەی پاڵپشتی لە ئایدیای ماتریالی دەکەن جەخت لە سەر جوانیی جەستە دەکەنەوە و کەمتر بەلای جوانی ناوەوە یان جوانی ڕۆحیدا دەچن، کەچی بە پێچەوانەوە لایەنگرانی ئایدیای میسالی زیاتر جەخت لە سەر جوانیی

ناوەوە و لایەنی ڕۆحی دەکەنەوە و لایان وایە کە جوانیی ڕۆحی لە سەرووی هەموو جوانییەکانەوەیە. ئەمەش هۆکارێکی گرینگە بۆ ئەوەی کە جوانیی ڕۆحی وەک پێوەر و سیمایەکی سەرەکی جوانی ئافرەت سەیر بکرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە ''چێژی جوانی، لە هەمان کاتدا چێژێکی تایبەتییە، کە بنەمایەکەی هەستە. بەڵام سروشتی ڕۆحی نە هەستییە و نە بایۆلۆجییە. بە واتایەکی دیکە جۆرەکانی چێژ و زەوق و حەزەکانی دیکە، هەر هەموویان تا ڕادەیەک بە توندی بە داواکاری و پێویستییە بایۆلۆجییەکانەوە بەستراوەتەوە. کە هەستەکان ڕاستەوخۆ دەیانەوێ. هەرچەندە چێژی جوانی دەچێتە ناو بەشی هەستەکانەوە، بەڵام وەڵام دەرەوەی پێداویستییە ڕۆحییەکانە، کە هەندێکیان پێویستی فکرییە تا پێویستی ڕۆحی، ئەمەش دەبێتە پێداویستی رۆحانی فیکری، کەوامان لێدەکات بڵێین: ئەوە چێژی ڕۆحییە یان چێژی ڕۆحی فکرییە'' (عبدالرحیم،٢٠٢٠: ٤).

هەروەها''بە پێی تێڕوانینی هیگل هەر کارێکی هونەری ئەگەر جوان نەبێت بەهونەر دانانرێت، جوانی گەیشتنە بە رۆحی ڕەها، ئەو ڕۆحەی کە بزوێنەری سەرەکی فەلسەفەی هونەرییە'' (الكنجي، ٢٠١٧: ٢ ). بەڵام''جوانی بەباوەڕی (شافتسبری) تەنها بە هۆی ڕۆحەوە دەناسرێت، خواوەند جوانیی سەرەکییە، جوانی و چاکی لە سەرچاوەیەکەوەن'' (حەمەسالح، ٢٠١٣: ٣٠). بەشێوەیەکی گشتی ''بابەتی ئیستاتیکا جوانیی سروشتی نییە، بەڵکو جوانیی هونەرییە، هیگڵ جوانیی سروشت دەداتە دواوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو، کار داهێنانێکی خودی ئادەمیزادە و جوانی تەنها لەو شتانەدا هەیە کە ئادەمیزاد دروستیان دەکا و بە تەواوەتی بەستراوە بە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە، ''(حەمەسالح ، ٢٠١٣: ٤٥).

وەک دەردەکەوێت تەنها جوانی پێویستییەکی ڕۆحی نییە، بەڵکو خۆشەویستیش کە لێکەوتەی جوانییە بە کاریگەریترین پێویستییەکانی ڕۆحی دادەنرێت، بە تایبەتیش خۆشەویستی ئافرەت، بە هەموو شێوە و جۆرەکانیەوە، ''خۆشەویستی ئەفلاتوونی بە تەواوی بریتییە لە گەڕان بە شوێن موتلەق و گیانیدا، گەڕانیش بە دوویی ئەو جوانییە ئارەزوو بوونە لە نەمری و لە بێگەردێتی. مرۆڤ بە هۆی ئەو خۆشەویستیەوە دەگاتە موتلەق و ڕۆحی لە سنوورەکانی خودی خۆی تێپەڕ دەکات و دەگا بە کۆکییە هەموویەکە و یەکێتی یە بنەڕەتییەکان'' ( میراودەلی، ٢٠٠٥: ٢٢). بۆیە دەتوانین بڵێین ''جوانی شتیکی ڕوحییە، مرۆڤەکان هەموویان موشتاقی جوانین، ئێمە لە زۆر شتدا بۆنموونە لە حەزەکانمادا جیاوازیمان هەیە، بەڵام لە گەڕان بەشوێن جوانیدا هەموومان کۆکین، مرۆڤەکان بەشوێن جوانیدا دەگەڕێن، بۆیە چەند مرۆڤ ڕوحانی بێت هێندەش جوان بینە، چەندەش جوانبین بێت

ئەوا مەولانا گوتەنی هێندەش مرۆڤترە، چونکە لەگەڵ رۆحی خۆیدا هاتۆتەوە'' (حەمەساڵح ،٢٠١٣: ١٢٤). لەڕاستیدا ''بەباوەڕی شافتسبری ساڵانی١٦٧٠ _ ١٧١٣ ئەوەی جوانە، هاوسەنگ و گونجاو و حەقیقیە و ئەویش کە لە یەک کاتدا هەم جوان و هەم حەقیقیە، دڵپەسەند و چاکە. جوانی بە باوەڕی شافتسبری تەنها بەهۆی ڕۆحەوە دەناسرێت، خواوەند جوانی سەرەکییە و جوانی و چاکی لە سەرچاوەیەکەوەن'' (لیۆتۆڵستۆی ،٢٠٠٩: ٣٦).ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جوانی و چاکە یان هەر یەکە لە جوانیی ناوەوە و دەرەوە بەیەکترییەوە بەستراون، بۆیە''ئەگەر تۆ ئەتەوێت فێر بێت چۆن بەم ڕێگە جاویدانەدا سەربکەویت، ئەوا ئەتوانیت لە گەنجیتدا لە جوانیی مادی، جوانیی جەستەوە دەست پێبکەیت، ئینجا سەرکەویت بۆ قۆناغێکی بەرزتر کە جوانیی ڕۆح و جوانیی جەستە لێک جیاکراونەتەوە، ئینجا لەو جوانییە ڕادەمینێت کە لە کار و ڕێکخستنە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، ئەوکاتە بێ بەهایی و کاڵی و کرچی جوانیی مادییەت بە بەراورد بە جوانیی ڕۆحی بۆ دەردەکەوێت'' (ئیمام ، ٢٠١٣: ١٨).

بە بڕوای ئەفلاتوون''ڕێگای گەیشتن بە حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەها عیشقە، بەو واتایەی عیشق ڕێگایەکە دەمانگەیەنێت بە ناسین و بینینی جوانیی ڕەها، ئەفلاتون لە گفتوگۆی (میوانی عەشق )دا لەو باوەڕەدایە عیشق سەرەتا لە جوانییە زەمینییەکانەوە دەست پێدەکات، دواتر وردە وردە قۆناغەکان دەبڕێت، تاوەکو دەگاتە جوانی ڕەها، وەک ئەوەی مرۆڤ سەرەتا عاشقی جەستەیەکی جوان دەبێت، دواتر پەی بەوە دەبات جوانیی جەستەیەک لەگەڵ جوانیی جەستەکانی تردا جیاوازی نییە و هەموو ئەو جوانییانە یەک بنەڕەت و سەرچاوەیان هەیە، دوای ئەوەی پەی بەوە دەبات جوانیی جەستە تێدەپەڕێنێت و بەرەو جوانیی ڕوحی هەنگاو دەنێت و بەجوانیی رۆحی دەگات. دوای ئەوەی لە جەستەوە بەرەو ڕۆح هەنگاو دەنێت و چاوی ڕۆحی دەکرێتەوە، لەگەڵ جوانییەک ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە سروشتێکی جیاواز لەهەموو جوانییەکاتی تری هەیە، ئەم جوانییەش جوانیی ڕەهایە، واتە جوانیی یەزدانییە کە بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو جوانییەکانە'' (حسین، ٢٠١٧: ١٦).

کەواتە دەکرێت جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە، کە جوانیی ئافرەت پێویستییەکی ڕۆحییە و هۆکارێکی چالاکە بۆ چێژ و خۆشی بەخشین، لەهەمان کاتدا ئافرەت وەک پێویستییەکی ڕۆحی، کاریگەرییەکی گەورە و بەهێزی لەسەر پێوەر و سیماکانی جوانییدا هەیە.

## ١. ٣. ٧ جوانی وەک خەسڵەتێکی ڕووکەشی و دەرەکی:

پێوەرەکانی جوانی لە ئافرەتدا جیاوازە و ناتواندرێ دیاری بکرێت یان بە یاسایەکی تایبەتەوە ببەسترێتەوە، چونکە جوانی بە تەنها بریتی نییە لە جوانیی ڕەوشت، بەڵکو زۆرجار زیاتر لە جوانیی ناوەوە جەخت لەسەر جوانیی بەژن و باڵا و شێوە و ڕوخساری ئافرەت دەکرێتەوە.''لە ڕاستیدا واقعێک هەیە کە تێیدا دەژین و ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، ئەویش ئەوەیە شێوەی جوانیی ڕوخساری دەم و چاو و ڕێکوپێکی هەموو بەشەکانی جەستە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر و بەهێز لە دیاریکردنی ئاستی جوانیی ئافرەت دەبینێت. وەک: ڕێکوپێکی ڕوخسار ، ئاکاری دەم و چاو، تەلیسمی نیگای چاوەکان، خاڵی سەرگۆنا و ڕوومەت، لێو و گەردن، مل و سینگ، جوانیی چاوی ڕەش، برژانگی درێژ، پەنجەی درێژ، باڵای بەرز، قەدی باریک...هتد بۆیە دەتوانین بڵێین جوانی خەسڵەتێکی دەرەکییە و بەپێی پێوانەی دیاریکردنی جوانی، ئەمە ئەوەیە کە جەخت لەسەر ڕووی جەستەی دەرەوەی بابەتی جوانی دەکاتەوە و دەبێتە خەسڵەتی وێنەی دەرەوەی بابەتی جوانی. بە واتای ئەوەی کە شایانی درکپێکردنە لەمیانەی کۆمەڵێک پێوانەی جوانی'' (عبدالرحيم،٢٠٢٠: ٤).

هەروەها جوانیی دەرەکی یان ڕوخسار لای خودا و کتێبە ئاسمانییەکانیش نرخ و بایەخی خۆی هەیە، بۆیە لە زۆرشوێندا بۆ گەلێک مەبەست لەمبارەیەوە ئاماژەی پێکراوە. بێگومان ''جوانی لە ڕوخسار و شێوەدا لەواتای ئارایشت (الزينه) بەرجەستە دەبێت، لەم ئایەتەی قورئاندا کە دەفەرموێت: (ولقد زينا السماء الدنيا بمصابيح)، واتە ئاسمانی ئەو دنیایەمان بە ڕوناکەرەوانە ڕازاندەوە، ئەو نموونە و وێنانە بۆ جوانی لە چوارچێوەی شێوە و ڕوخساردا لە ڕێی تێڕوانین و چێژ وەرگرتنی سەرپێی و ڕێکەوتەوە، لەلایەن هەستەکانەوە بۆ جوانیی ڕوخسار چاودێری دەکرێت، هزر ڕووناک دەکاتەوە و هەستەکان دەبزوێنێت و ڕێڕەوی ڕۆح دەکاتەوە و چێژ و خۆشی پێدەبەخشێت لەڕێی وێنە جوان و ڕازاوەکانی سروشت و گەردونەوە'' (عوض الله، ٢٠٠٣: ٣٢٨). کە لە هەموو ئەوانەدا ڕەنگەکان سەرچاوەی ڕازاندنەوە و ئارایشت کردن و جوانکارین، بۆیە ''بەکارهێنانی ڕەنگەکان لە لایەن شاعیرانەوە تەنها بەکارهێنانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەو بەکارهێنانە ملکەچە بۆ یاسای هێمایی تەواو و چەسپاو، بەشێوەی سروشتێکی مۆزیکی و هارمۆنی و نەرم و نیان و ناسکی دوا بەدوای یەک'' (مصطفى، ٢٠٠٩: ١٨). لێرەدا زیاتر جەخت لە جوانیی ڕووکەش و فۆڕم و ڕوخسار دەکرێتەوە، کەمتر بەلای جوانیی ناوەکی هەق و چاکەدا دەچێت، چونکە جوانیی ڕووکەش و فۆڕم لەگەڵ جوانیی ناوەوەدا تەواو لە یەکتری جیاوازن، هەربۆیە

''ئەفلاتوون دەڵێ: هەق و چاکە لەگەڵ جوانیدا، هیچ یەکێکیان لەگەڵ ئەوەی دیکەدا، بەرامبەر یەکتر و هاوتەریب نین'' ( أفلاطون، ١٩٩٤: ٢٠٧). لە ڕاستیدا ''کانت گەیشتە ئەو بڕوایەی کە جوانیی هونەر بەپێی تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە بابەتەکە لە هەموو شتێکی جوان و سەرنج ڕاکێش دەست پێدەکات، کە ڕادەی جوانیەکە دەوەستێتە سەر کەم و زۆری سەرنج ڕاکێشان. لە کۆتایدا کانت بایەخ بەشێوە دەدات نەک بەناوەڕۆک، هەموو شتێ لە ڕواڵەت دەست پێدەکات، ئینجا ناوەڕۆک بەدوایدا دێت. واتە ڕواڵەت ناوەڕۆک دروست دەکات بە تێگەیشتن لە فۆڕمالیزم'' (حەمەد، ٢٠٠٤: ٤٧). هەرچۆنێک بێت بە تێگەیشتن لەم بیروبۆچوونە جیاوازانەی بیرمەندانی جوانیناسی بەو ڕاستییە دەگەین، کەجوانیی دەرەکی یان جوانیی ڕواڵەت و ڕوخسار، ئەگەر لە جوانیی ناوەوە جوانتر و کاریگەرتر و سەرنج ڕاکێشتر نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە هاوتەریبە لەگەڵیدا و شان بەشانی ئەو دەڕوات. هەر ئەمەش وایکردووە کە ببێتە بنەمایەکی سەرەکی پێوەر و سیمای جوانیناسی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە، وەک پێوەرێکی جوانیناسی.

### ٨,٣,١ پەیوەندییە تایبەتییەکان بە بابەتەوە:

دیارە وەک دەزانین پەیوەندییە تایبەتییەکان بە بابەتەوە، پەیوەندییەکی توند و پتەوە و کاریگەرییەکی گەورەیان لە سەر یەکتردا هەیە، چونکە هەر یەکێک لە ئێمە تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی تایبەتیمان لەسەر بابەتەکان هەیە و بابەتەکانیش کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی جیاواز و جۆراوجۆریان لە سەر هەست و سۆز و هزر و دەروون و گۆشەنیگای تایبەتی ئێمە هەیە، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییە تایبەتییەکان بە بابەتەوە جۆرێک لە گونجان و نەسەق لە نێوان بەش و پارچەکانی شتەکاندا دەهێنێتە کایەوە، لە دەرئەنجامیشدا دەبێتە هۆکارێکی بەهێز و بنەڕەتی بۆ بەرجەستەکردنی جوانی، ڕۆڵێکی سەرەکیش لە دیاریکردنی جوانی و پێوەر و سیماکانی جوانیناسیدا دەگێڕێت. لەم چوارچێوەیەدا وەک دەزانین ''پەیوەندییە تایبەتییەکان بە بابەتەوە: یەکێکە لە پێوانەکانی دیاریکردنی جوانی و ئەو خەسڵەتانەی کە درک بە جوانی دەکات، کە بە بابەتەوە یان بەشوێنەواری جوانییەوە وابەستەیە، ڕێ نادات بە تێگەیشتنێک کە تێگەیشتنێکی ڕووکەشی، یان پێوانەیی بێت. وامان لێدەکات یەکسانی لەنێوانیاندا دروست بکەین، یەکسانیەکی پیتی یان

تەواو، کە بابەتەکانی جوانی دێنیتە کایەوە. خەسڵەتەکانی دیکەی جوانی کە ماوەتەوە وەک: گونجاندن، هاوتابوون، تەواوکەر...هتد'' (عبدالرحيم،٢٠٢٠ : ٥)

کانت بانگێشەی ئەوە دەکات''ئەزموونەکانمان لە بارەی جوانییەوە، ئەزموونە بۆ ئازادی، چونکە جوانی نیشانە و جیاکەرەوەیەکی بابەتی نییە بۆ شتەکان. لە تێڕوانینی کانتدا، کاتێک بڕیار لەسەر جوانیی جەستە یان شتێکی سروشتی یان کارێکی هونەری دەدەین، ئەوا ئێمە لە ڕاستیدا بڕیار لەسەر بابەتێک دەدەین کە لە دەرەوەی خودی خۆمانە، بەڵام دڵنیاین ئەو بابەتە کاریگەرییەکی دیاریکراوی لەسەرمان هەیە، کە لەوانەیە هەمان کاریگەریشی لەسەر هەموو ئەوانەی چاویان پێدەکەوێت و دەیبینن هەبیت'' (کانت ، ٢٠٢٠: ١٠٢). بەڵام هەموومان وەک یەک چێژ و خۆشی لە بینینی شتەکان وەرناگرین و ئاستی کاریگەرییەکەشی بەسەرمانەوە وەک یەک نابێت، هەر بۆیەش ناتوانین بە یەک ئاست و جۆر و شێوە گوزارشتی لێوە بکەین. بەڵکو هەریەکەمان بەشێوازێکی جیاواز گوزارشتی لێوەدەکەین، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بەرهەمی جۆراوجۆر لە ڕووی بەهاو ئاستی جوانیناسیەوە. بۆیە''کرۆچە پێی وایە کە جوانی بریتییە لە گوزارشتکرنێکی سەرکەوتوو. بەپێچەوانەوە ناشیرینی بریتییە لە گوزارشتکردنێکی شکست خواردوو'' (کاید، ٢٠١٧: ٨٤). بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین گوزارشتکردنی سەرکەوتووش وابەستەیە بە توانا و لێهاتوویی و ئەزموونی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی داڕشتنی بەرهەمەکە و شێوازی بەکارهێنان و دەربڕینیان، بۆ ئەوەی لەڕووی فۆڕم ناوەڕۆکەوە لە ئاستێکی بەرزی واتا و جوانیناسیدا دەرکەوێت.

هەروەها ''سۆسێر تیشک دەخاتە سەر کۆی هێما و ئاماژەکانی زمانی، لە هەمان کاتیشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو هێما و ئاماژانە بە تەنها بەبێ پەیوەندی یەکتری هیچ واتایەکیان نییە و نابەخشن. هەروەک (رومان یاکوبسون) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەرهەمهێنانی دەق و لێکدانەوەی پشت بەکۆدەکان دەبەستێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە واتا یان ئاماژەکان لە کۆدەکانەوە سەرچاوە دەگرێ'' (بوزقزی، ٢٠١٥: ١٩). بەڵام لە دیدی سۆقراتدا ''جوانی خاسیەت و تایبەتمەندییەک نییە، کە وابەستە بێت بە شتەکانەوە، بەڵکو مرۆڤ تا جلوبەرگ و گوڵ و شتەکانی دیکە و تا دوایی هەر هەموویان جوانن، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەوانەوە جوانی خۆی هەیە'' (دني هويسمان, ١٩٧٤: ١٢) بەم شێوەیە دەبینین''زانایانی ئیستاتیکا و فەلسەفەی هونەر کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازیان دەربارەی جوانی و هونەر هەیە. هەر بۆیە لەئەنجامدا کۆمەڵێک تیۆری جیاواز دەبینین، بە کورتی

دەربارەی ئایدیای جوانی سێ ڕەوت دەبینین ئەوانیش: یەکەم: ڕەوتی بابەتی. دووەم: ڕەوتی خودی. سێیەم: ڕەوتی بابەتی و خودی.

ڕەوتی بابەتی: ڕابەرانی ڕەوتی بابەتی پێیان وایە جوانی شتێکی سەربەخۆیە و لەدەرەوەی خود دایە، دیاردەیەکی بابەتییە و کاردەکاتە سەر میزاجی تاک، وە شتە جوانەکان تایبەتمەندییەکی سەربەخۆیان هەیە لەسەر عەقڵ، کە درکیان پێ دەکات. جوان هەر جوانە ئایا هەستی پێ بکرێت یان نا، خەڵکی بە گشتی هاوڕان لەسەرئەوەی کە شتی جوان چێژ دەدات، لە هەموو کات و شوێنێکدا بەڵام ڕەوتی خودی: کە لەدەرکەوترینیان (کانت)ە بڕیار بەسەرجوانیدا دەدات، بەوەی کە شتێکی خودی یە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و پەیوەندی بە سەرچاوەی سۆزی ئەوکەسەوە بۆ جوانییەکە هەیە، کە لە میزاجی تاکەوەیە نەک لە سروشتدا. هەرچی ڕەوتی بابەتی – خودییە: ژمارەیەک لە نووسەران و فەیلەسووفان لەو باوەڕەدان کە جوانی پەیوەندی نێوان شتی جوان و عەقلە کە درکی پێدەکات'' (حەمەساڵح، ٢٠١٣: ٦٨).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ''ئەدەبی سەرکەوتوو سنوری هەموو کردەوەیەک دەبەزێنی و لە تایبەتەوە بەرەو گشتی دەیبات، لەئەزموونی تاکەکەسییەوە دەگاتە ئاستی مرۆڤایەتییەوە. چونکە پەیامی شیعر ئاشکراکردنی بەهای جیهانە، جیهانی ئەزموونی زیندووی مرۆڤ'' (عەبدولواحید،٢٠٠٥: ١٩) بەڵام ''لە ڕوانگەی تیۆری بابەتیەوە، جوانی شتێکی دەرەکییە و لەدەرەوەی بوونی مرۆڤدا بوونی هەیە. واتە شتەکان لە خودی خۆیاندا جوانن، بێ ئەوەی مرۆڤ شتەکان بەجوان بزانێت و سیفەتی جوانییان پێببەخشێت. بەو واتایەی جوانی لەشتەکاندا بوونێکی سەربەخۆ و بابەتی هەیە، پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە نییە، لە بەرامبەر ئەم تیۆرەدا تیۆری خودی هەیە، کە پێچەوانەی تیۆری بابەتییە، لە ڕوانگەی تیۆری خودییەوە جوانی پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە، ئەوە هەستی جوانیناسییانەی مرۆڤە کە جوانی بە مرۆڤ دەبەخشێت، نەک ئەوەی شتەکان لە خودی خۆیاندا جوانبن و هیچ پەیوەندییەکیان بە خودی مرۆڤەوە نەبێت'' (حسین، ٢٠١٧: ٧). لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵەی، کە هەریەکە لە تایبەتی خود و بابەت تەواوکەری یەکترن و بەیەکەوە دەتوانن جوانی و فەلسەفەی جوانی بێنەکایەوە و هۆکارێکیش بن لە دیاریکردنی جوانی.

## ١.٣.٩ باری دەروونی و چێژ و جوانیناسیی دەق:

یەکێکی دیکە لە پێوەر و سیماکانی جوانیناسیی ئافرەت، ڕەهەندی دەروونییە، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هێنانە کایەی جوانی و جوانیناسیدا هەیە، چونکە ئەوەی دەبێتە بنەمای دیاریکردنی جوانی بۆ هەر شتێک بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندی دەروونییە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە کۆمەڵێک ڕەهەندی گرینگ بۆ پێوەری جوانی هەیە، بەڵام لە پاش کاریگەری لایەنی هۆشمەندی و هەستەکانی مرۆڤ، ڕەهەندی دەروونی دەست نیشانی ئاست و خەسڵەت و سیماکانی جوانی دەکات، پێگە و کاریگەری لایەنی جوانی و ناشیرینی شت و بابەتەکان دیاری دەکات، هەربۆیە ئەوانەی خاوەنی دەروونێکی ساغ و دروست و جوانن شتەکانیش بە جوانی دەبینن، وە بەپێچەوانەوە. هەرچۆنێک بێت ''پرس و بابەتی جوانی بەدرێژایی مێژوو تاوەکو بە ئەمڕۆش دەگات، بووەتە یەکێک لە پرسە هەرە گرنگەکان، کە مێشکی مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و لەناو هەریەکە لە بوارەکانی فەلسەفە، ئایین، هونەر، دەروونزانی و کۆمەڵناسی بایەخێکی زۆری پێدراوە و ڕاوبۆچوون و گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کراوە'' (حسین، ٢٠١٧: ٤).

لایەنی دەروونی وەک هۆکارێکی هێنانەکایەی جوانیناسی پشتی پێدەبەسترێت. بە سەرچاوەیەکی گرینگی بڕیاردانی جوانیناسیش دادەنرێت. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین بڕیاردان لەسەر جوانیناسی، هاوتەریبە لەگەڵ بڕیاردان لەسەر چێژ، واتە تا ڕادەیەکی زۆر ئاستی جوانیناسیی شتەکان، بە ئاستی خولیا و حەز و ئارەزوو و چێژ و خۆشییەوە بەستراوە، کە لەمەشدا هەستە باڵاکان و دڵ و دەروون و هۆشمەندی ڕۆڵێکی بەرز دەبینن، زۆرێک لە بیرمەندانی فەلسەفەی جوانی پێیان وایە. کە ''دڵ زۆر بەهێزتر و بەتینترە لە چاو لە درکپێکردندا، وە جوانی واتای درکپێکراو بە هۆش و هزر زۆر گەورەترە، لەو جوانییەی وێنەی ڕوخساری دەرەوە کە بەچاو دەبینرێت'' (الغزالی، ٢٠٠٢، ٢٩٨).

بوزانکیت لەمبارەیەوە دەڵێ: لە ڕاستیدا زانستی ئیستاتیکا هیچ مەرجێک ناخاتە سەر داهێنانی هونەر و چێژکردنی، بەڵام تێبینی دەکرێت ئەگەر ئەم تیۆرە تێکەڵ بە دەروونەکان بوو، وەهای لێهات ڕوحی سەردەمی پێکدەهێنا ، ئەوا دەست دەکات بە گۆڕانکاری لەو چەمک و بەهایانەی کە پێشتر بوونیان هەبووە. کاتێک کە لێکۆڵینەوە ئیستاتیکییەکان بوونە بەشێک لە ڕۆشنبیری هونەرکار و ڕوانینی جوانیی کەوتە نێو دەروونی چێژدارانەوە، ئەوە هونەرەکان و بڕیارە ئیستاتیکاییەکان و چێژەکانیش دەگۆڕێن. کەواتە ئیستاتیکا

پەیوەندی بە پەروەردەی هونەرییەوە هەیە، ئەم پەروەردەیە لە دەرەوە ناسەپێندرێ، بەڵکو بە قەناعەتی خۆیی و ناخی دێتەدی'' (المجاهد، ٢٠١٣: ١٩). "لێرەدا ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە چێژی دەقی شیعریی یان هەر بابەتێکی تری ئەدەبی بە تەنها بە ئەزموون و توانا و سە لیقە و شێواز و بەرزی دەق و بەرهەمی شاعیر و نووسەرەکەوە وابەستە نییە، بەڵکو بە سەردەم و ژینگە و حەز و خولیا و جوانبینی و ئاستی تێگەیشتن و ڕادەی ڕۆشنبیری خوێنەرەکەشەوە بەندە٠ بۆیە دەتوانین بڵێین شاعیر و خوێنەر هەردووکیان بەیەکەوە دەتوانن ئاست و جۆر و بەهای چێژی دەق دیاری بکەن.

نووسەری بەناوبانگ (ڕۆلان بارات) لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەگەر ئەم ڕستەیە، ئەم چیرۆکە ئەم ووشەیە بەچێژەوە دەخوێنمەوە، نەوەک لەبەرئەوەیە کە ئەمانە هەموویان بەتام و چێژەوە نووسراون، چێژێکی ئەوتۆ هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ ڕەنج و ماندوو بوونەکانی نووسەردا نییە. بە چێژەوە نووسینی من ، منی نووسەر گرەنتی چێژی خوێنەرەکەم دەکا٠ من دەبێ ئەو خوێنەرە بدۆزمەوە، بە بێ ئەوەی بزانم لە کوێ یە'' (پیربال، ٢٠٠٦: ١٢٨).

شتێکی ئاشکرایە ''مرۆڤ لە ژیاندا ئەو چێژانەی هەستیان پێدەکات، جیاوازن لە نێوان چێژی جەستەیی و دەروونیدا، چێژی تێربوون دوای نان خواردن و چێژی سەرکەوتن لە کارێکدا، چیژی سۆزداری لە کاتی پەیوەندی خۆشەویستیدا، چێژی یارمەتیدانی کەسانی کەم توانا، چێژ وەرگرتن لە دەنگی خۆش و دیمەنی جوان، هەموویان چێژن. چێژ وەرگرتن هەستێکی جوان و باڵایە و لە هەموو ڕەفتار و لادانێکی نامرۆیانە بەدەرە، ئەوانەی چێژ لە ئازاردانی کەسانی دیکە و وێرانی و قێزەوەنی دەبینن، ئەوانە کەسانی سروشتی نین، دەتوانین بڵێین تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی تاک خۆی لە خۆیدا چێژبەخشە و توانای هەستکردن بەچێژ یەکێکە لە خەسڵەتە باشەکانی، کە کەسێتی تەندروستی پێی جیادەکرێتەوە'' (جەمال، ٢٠٠٩: ٢٥٥). بۆیە دەتوانین بڵێین باری دەروونی لە جوانیناسیدا ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت ئاستی جوانیناسی یان پلەی شیعریەتی شاعیر لە چوارچێوەی جوانیناسییەوە دیاری بکرێت، کە زیندوویەتی بە دەقی شیعری یان ئەدەبی دەبەخشن و دەبنە هۆی داهێنان و گۆڕانکاری و جوداکاری.

## ١٠,٣,١ جوانیی ڕەها:

لە باسی جوانیدا دوو جۆر جوانی بەدی دەکەین، کە ئەوانیش جوانیی ڕێژەیی و جوانیی ڕەهایە، جوانیی ڕێژەیی جوانییەکی ناتەواو و پڕ کەم وکوڕییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە کاتێکەوە بۆکاتێکی دیکە دەگۆڕێت، وەک جوانیی ئاسایی یان سروشتی یان جوانیی ئەدەبی یان شیعری. بەڵام جوانیی ڕەها بە پێچەوانەی جوانیی ڕێژەییەوە، جوانییەکی تەواو و بێ هاوتا و بێ کەموکوڕییە، بە گۆڕانی کەس و شوێن و کات و سەردەم، گۆڕانی بەسەر دانایەت و ناگۆڕێت. وەک جوانیی خوایی، لە ڕوانگەی خواناسەکاندا.

ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین و تیشکی بخەینە سەر جوانی ڕەهایە، کە بابەتی سەرەکی هەوادارانی عارفەکان و جوانیی خودایە، هەر چۆنێک بێت ''بابەتی جوانی و درککردن بە جوانی کە زادەی جوانی ڕەهایە، بۆ ئەوەیە ئەم جوانی ڕەهایە بناسین، کە لێرەدا شتە جوانەکان دەکەوێتە بەر هەستی بینینەوە، بابەتەکانی جوانی، چێژی هونەریمان بەدەردەخا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێین سروشت هەر لە خودی خۆیدا جوانە، لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کە نیگای هونەرییە سروشت ڕووت دەکاتەوە، جارێکی دیکە سەر لە نوێ بەجوانی دروستی دەکاتەوە، بێگومان لە هەردوو بارەکەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بابەتی جوانی بوونێکی دژواری هەیە، وێڕای هەبوونی قووڵی و بەها و زیندوویەتی و لوتکەی مەزنی'' (ابراهیم، ٢٠١٤: ١٧). لەم بارەیەوە''پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (ان الله جميل يحب الجمال) واتە خوا خۆی جوانە و جوانیشی خۆش دەوێ'' (الفريدي, ١٤٣٦ه: ١٧). لە تێڕوانینی خواناساندا جوانیی ڕەها ئەو جوانییە کەتەنها شایانی خوای گەورەیە، کە تاک و تەنهایە و هیچ بوونەوەرێک هاوبەشی نییە، جوانیی خودایی بێبەرییە لە نواندن و خۆگونجاندن و لێکچوون. درک بەهەموو شتێک دەکات و دەزانێت'' (حسن ،٢٠١٠: ٢٢).

لەسەر بنەمای ڕوانینی ئایدیالیستیدا،'' ئەفلاتوون لەو باوەڕە دایە جوانیی ڕاستەقینە لەجیهانی مادەدا نییە، بەڵکو لە جیهانی باڵا دایە، ئەو جوانیەش جوانییەکی ڕاستەقینە و ڕەهایە، جوانییەکە ئەزەلی و ئەبەدییە، بەدرێژایی ڕۆژگار گۆڕان ڕێی تێنابات و کەم و زیاد ناکات، لەم بارەیەوە ئەفلاتوون لە گفتووگۆی (میوانی عیشق ) دا، لەبارەی جوانی ڕەهاوە دەڵێت : یەکەم ئەم جوانییە بوونەوەرێکی جاویدانییە کە نەدێتە بوون و نە لەناو دەچێت و نە مەزنتر دەبێت و نە بچوکتر. دووەم: بەو شێوەیە نییە کە لە ڕوویەکەوە جوان بێت و لە

ڕوویەکی ترەوە ناشیرین. یان هەندێک کات جوان بیت و هەندێک کات ناشیرین، یان بە بەراورد کردنی لەگەڵ شتیکدا جوان بێت، لە لایەکی ترەوە بە بەراورد کردنی لەگەڵ شتێکی تردا ناشیرین، یان لە شوێنیکدا جوان بێت و لە شوێنیکی تردا ناشیرین، یان بەشێکی جوان بێت و بەشەکەی تری ناشیرین، ئەم جوانییەش جوانییەکی یەزدانییە، جوانییەکە بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو جوانییەکانی ترە'' (حسین،٢٠١٧: ١٥). هەروەها '' ئەفلاتوون دەڵێ: دەبێ لەسەرەتای بوونی هەموو جوانییەکەوە جوانییەکی هەوەڵی هەبێ، کە ئەو شتانە جوان دەکا کە پێیان دەڵێن جوان. وە تەنها بە ئامادەبوونی ئەم جوانییە هەوەڵییە، بەهەر جۆرێ بێ ئەم شتانە جوان دەبن، ئەم جوانییە هەوەڵییە ئەو جوانییەی کە لە سەروو هەموو جوانییەکەوەیە، جوانیی ئایدیالە، جوانیی موتڵەق، جوانیی خودایی'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٢١).

بە پێی تێڕوانینی ئەرستۆ''جوانی ئەو شتەیە کە بابەتی بێت و ڕەها و تەواو بێت و سیفەتێکی دیاریکراوی هەبێت، سەرەتا و ناوەند و کۆتای هەبێت و بەشەکانی بەیەکەوە بەسترابن و بەدوای یەکتردا هاتبن'' (فیکوف، نوڤا، ١٩٧٥: ٢٤). هەروەها ئەفلاتوون دەڵێت: هەرکەسێک توانای بینین و ڕامان لە خودای هەبێت، بەجوانی دەگات یان دەبێتە خاوەنی ئایدیای جوانی یان زانیاری سەبارەت بەخودا دەبێت، بەبێ ئەوەی پێی بگات، ئەگەر بتوانین خودا ببینین، بەهرەمەند دەبین بەجوانییەکەی، دەبینە خاوەنی بەهرەیەکی زیندوو هەقیقەتی خۆشەویستی بۆ جوانی، کە جیاوازە لەسەرجەم جۆرەکانی دیکەی خۆشەویستی، ئەو خۆشەویستیانەی کەلەڕابردوو باوڕمان بەجوانییان کردبوو'' (مطر، ٢٠١٩: ٩٧). دەتوانین بڵێین ''جوانی و چاکە کتومت وەک یەکن، لێرەوە وەک ئەرکێکی ڕەوشتی، یان دەتوانین بڵێین وەک ئەرکێکی عیرفانی دەکەوێتە سەر شانمان. بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چاکە و جوانی، دەبێ سەرنج لە جوانیی ڕەها بدەین و ببین بەڕێبواری ناخی خۆمان و بە چاوی دڵ لە دیمەنی جیهان بڕوانین. مرۆڤ ئەگەر خۆی جوان نەکات، جوانی نابینێ. ئەگەر لەم پلەو پایە عیرفانییەی باسەکە خۆ دەرهاوێنە دەرێ لە جوانی، لەم جیهانەدا تێهزرین، دەگەینە خاڵێک کە وتارنامەی فلۆتین بەوە کۆتایی دێت: وەلێ بەهەرحاڵ جوانی لە جیهانی مەعقوڵ دایە، واتە شایانی دەرککردنە و هەڵبەت بەدەرک پێکردنی هەستەکیی ئێمەوە بەندە'' (ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ٨٩).

جێگای ئاماژە پێکردنە '' لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی فەلسەفەی ئەفلۆتین دا یەکتایی(احد) بنەڕەت و حەقیقەتی بوونە و هەموو شتەکانی تر دەرکەوتەی (احد)ن و (احد) سەرچاوەی بەدیهێنانی هەموو شتەکانی ترە، کەواتە حەقیقەتی جوانی و جوانی ڕەها (احد)ە و هەموو

جوانییەکانی تر دەرکەوتەی جوانی(احد)ن و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە'' (حسین،٢٠١٧: ١٩). هەربۆیە '' هەقیقەتی جوانی نموونەیەکی بەرجەستەی هەندێک لەو شتانەیە کە جوانی دەهێنێتە کایەوە، جوانیی هەستپێکراو بەتەنها لە خودی خۆیدا جوان نییە، بەڵکو ئەوە تێڕوانینی جوان و بیرکردنەوەی جوانە وا دەکات شتەکان بە جوانی ببینین، یا دەتوانین بڵێین جوانیی نموونەیی ئەو جوانییەیە، کە هۆکار و سەرچاوەی هەموو ئەو جوانییانەیە کە دەیانبینین، جوانی لە لای نموونەییەکان جوانییەکی هەمیشەیی و زیندوو و ڕەهایە، لە هیچ ڕەوش و بارودۆخێکدا گۆڕانی بەسەردانایەت و بە جیاوازی کات و شوێنیش جیاواز نابێت'' (ادیبیسي,٢٠١٢: ٤٣) ''جوانی کەرتی ڕوون و ئاشکرا نییە، ئەگەر بەجوانی تەواوەتی بەراوردبکرێت، چونکە جوانیی تەواوەتی شوێنی لە ناو دڵە. بەڵام جوانیی کەرتی قەرزارباری هەستی بینینە و کەمترین پەیوەندی بەواتای درک پێکردنی هزرەوە هەیە. لە سەربنەمای ئەمەدا هەریەکە لەمانە دابەش دەبێتە سەر سێ ڕەهەند کە ئەمانەن: بینینی دڵ، واتای هزری، وێنەی هەستی'' (حسن، ٢٠١٠: ٣٦).

بەلای هیگلەوە ''ئەرکی هونەر لە کۆمەڵگەدا جیاواز نییە لە ئەرکی ئایین و فەلسەفە، لەو سۆنگەیەوە کە هەریەکێک لەوان گوزارشت لە ڕۆح یاخود ڕەها دەکەن'' (میراودەلی، ٢٠١٢: ١٩). بەڵام ''بە باوەڕی بۆمگارتن بابەتی مەعریفەی لۆژیکی حەقیقەتە و بابەتی جوانیناسی یان"مەعریفەی هەستی جوانییە. جوانیی تەواو یان ڕەها ئەوەیە کە بە هاوکاری هەست دەناسرێتەوە. حەقیقەتی کامڵ یان ڕەها ئەوەیە کە بە عەقڵ دەناسرێتەوە. چاکەی تەواو یان ڕەها ئەوەیە کە لەڕێگای ئیرادەی ئەخلاقییەوە بەدەست دێت. بۆمگارتن جوانیی بەهاوسەنگی نێوان سیستەمی بەشەکان و پەیوەندی بەرامبەریان و پەیوەندیان لەگەڵ هەموو جوانیدا، پێناس کردووە، مەبەست و ئامانجی جوانی ڕازی کردن و هاندانی حەز و ئارەزووە، بە گووتەی کانت ڕاست دژی چۆنییەتی سەرەکی و نیشانەی تایبەتی جوانییە،

بۆمگارتن لە بارەی دەرکەوتنی جوانییەوە، باوەڕی وایە کە''باڵاترین دەرکەوتنی جوانی لە سروشتدا هەست پێدەکەین، بۆیە لەم ڕووەوە لاسایی کردنەوەی سروشت بە ووتەی بۆمگارتن باڵاترین مەسەلەی هونەرە، باوەڕێک بە تەواوی پێچەوانەی باوەڕی جوانیناسەکانی سەردەمی دواترە'' (لیۆتۆڵستۆی، ٢٠٠٩: ٣٤ ).


وێرای هەبوونی جوانییەکی بنەڕەتی لە شتەکاندا و جیاکردنەوەی جوانیی ڕەها لە جوانیی ڕێژەیی بە هۆی کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی زەق و دیارەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا

جگە لە جوانیی خوایی"شتێک نییە لە خۆیدا پێی بگوترێ جوانیی ڕەها و سەربەخۆ، بەڵکو مرۆڤ خۆی ئەو بڕیارە دەدات کامە و چی جوانە و چی ناجوانە! هەر بەو پێوەرە گشت بەها جوانییەکان و هونەرییەکان بەپێی کات و جێگا و بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و ڕەوشی ژیانی مرۆڤ گۆڕانیان بەسەردا دێت, دەکرێ شتێکی جوان لە لای دانا جوان بێ و لە لای توانا و لە چاوی زاناوە جوان نەبێ. ئایا هونەر هیچ پێوەندییەکی بەلۆجیک و ئاکارەوە هەیە، یان نا؟ یەکەمیان سەرگەرمی ڕاستییە و دووەمیان پابەندی بەهای چاکەکارییە، ناکرێ ئەو ڕۆڵە نادیدە بگیرێ کە جوانی و هونەر و کاری هونەری لە ژیانی مرۆڤدا دەیگێڕن " (عەزیز، ٢٠٢٠:١١٣). "(التوحيدى) وای دەبینێ کە جوانیی خوایی سەرچاوەی هەموو جوانییەکانە، تەنها ئەو جوانیی ڕەهایە کە لەسەر هەموو جوانییەکانی بوونەوەران و شتەکان ڕەنگی داوەتەوە" (بهنسى, ١٩٩٧: ٥٠).

هەروەها لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە وەک عاریفەکان ئەوانەن کە دڵیان براوە و مەستن، چونکە دڵبەر دڵی ئەوانی بردووە. ئەوان هەمیشە بە دوای جوانییەکانی دڵبەرەوەن، بۆیە لەلای عاریفەکان ئەگەر دڵبەر بوونی نەبێت جوانی بوونی نییە، چونکە دڵبەرێک دڵی ئەوانی بردووە و دڵی ئەوانی مەست و شەیدا کردووە، هەر بۆیە هەندێک لە عاریفەکان دەڵێن: هەر جوانییەک لێرە هەیە هەمووی جوانیی ڕەها و تەواوی خوا خۆیەتی، عاریفەکان لەوەدا کۆکن کە جوانیی ڕاستەقینە خۆشەویستییە، لەو شوێنەدا خۆشەویستی و عیشق دەردەکەوێ، ئەگەر جوانی هەبێت.

هەروەها "کاشانی دەڵێ : لە درک کردنی جوانی لە لای جوانیی خۆی، جوانییەکان لە عیرفاندا کە درکی پێدەکەین سێ پلەیە: کردەوەی خوا، سیفاتی خوا، زاتی خوا. بێگومان لە نێوان (جوانی _ الجمال) و (قەشەنگ ،شۆخ و شەنگ، دڵگیر، سەرنج ڕاکێش، باش_الجميل) جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە، جوانیی ڕەها و نموونەیی سەرچاوەی هەموو جوانییەکانی دیکەیە، جوانییەکی تەواوەتی و بێ کەم و کوڕی و بەردەوامە لە هیچ کات و شوێن و بارودۆخێکدا گۆڕانی بەسەردانایەت و ناگۆڕێت. بەپێی تێڕوانینی غەزالی جوانیی ڕەها تەنها لە خوداوەندا هەیە، چونکە تەنها جوانیی خوداوەند تەواو و ڕەهایە و بێ ناتەواوی و کەموکورتییە و بە هیچ شێوەیەک تەواوییەکەی گۆڕانی بەسەر دانایەت و زیادو کەم ناکات . بۆیە هەر بەڕەهایی دەمێنێتەوە" (ابراهاموڤ، ١٣٨٨ھ: ٧٣). بەڵام جوانییەکانی دیکە بەپێی گۆڕانی کات و شوێن و بارودۆخ و سەرنج لێدەرەکەوە دەگۆڕێت، ئەوەی دوێنێ جوان و دڵگیر و سەرنجڕاکێش بووە، مەرج نییە ئەمڕۆ جوان و سەرنجڕاکێش بێت.

## هێڵکاری_٥( پێوەر و سیماکانی جوانیی ئافرەت)



| | |
|---|---|
| بەشی دووەم: کاریگەری و بنەماکانی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا | |
| ٢. | سەرەتا |
| ١,٢ | ئافرەت و چێژ و خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا |
| ١,١,٢ | ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی و خۆشەویستی و ڕۆمانسییەت |
| ٢,١,٢ | کاریگەری ئافرەت لە سەر ئارامی دەروونی |
| ٣,١,٢ | ڕەنگدانەوەی خۆشیی جوانی لە شیعرە کانی شاعیردا |
| ١,٣,١,٢ | ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و شادی و ڕوحی و هزری |
| ٢,٣,١,٢ | ئافرەت وەک سەرچاوەی خێر و چاکە |
| ٣,٣,١,٢ | ئافرەت وەک سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و نەمری |
| ٢,٢ | جوانیی ئافرەت و کاریگەری هەستەکان لە شیعرەکانی جەلیزادەدا |
| ١,٢,٢ | کاریگەری هەستگۆڕکێ لە شیعرەکانی شاعیردا |
| ٢,٢,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا |
| ٣,٢,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا |
| ٤,٢,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا |
| ٣,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستە نزمەکان لە شیعرەکانی شاعیردا |
| ١,٣,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بۆنکردن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا |
| ٢,٣,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا |
| ٣,٣,٢ | جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا |

## بەشی دووەم: کاریگەری و بنەماکانی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا

### ٢. سەرەتا

**لەم بەشەدا هەوڵمانداوە، لە ژێر تیشکی بیرمەندانی فەلسەفەی جوانیدا، ئەو بنەما و تێگەیشتنەی کە لە میتۆدی جوانیناسیی ئافرەت و فەلسەفەی جوانیدا هەیە، پراکتیزە بکەین و شیعرەکانی جەلیزادەی پێ بخوێنینەوە، کە زیاتر خۆی لە چێژ و خۆشی و دەقی شیعری بەپێی هەستەکان دەدۆزێتەوە.**

### ١،٢ ئافرەت و چێژ و خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا:

سروشت سەرچاوەی هەموو ڕەگەزەکانی جوانییە، لە نێویشیاندا ڕەگەزی ئافرەت لەو ڕەگەزانەیە کە لە پاڵ جوانیی سروشتدا بەرزترین و کاریگەرترین پێگەی لە جوانیدا هەبووە و هەیە. بۆتە کانگای چێژ و خۆشی.

بێگومان هەر لە کۆنەوە جوانیی ئافرەت جێگای تێڕامان و حەز و ئارەزوو و بایەخی مرۆڤەکان بووە، لەبەرئەوە" سروشت بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی شاعیران، بەڵام هەرگیز چاوپۆشیان لە جوانی و نرخ و بەهای ژن نەکردووە و بەبێ خۆشەویستەکەیان هیچ چێژ و خۆشییان لە سروشت نەبینیووە و بەلایانەوە ئەو نرخەی نەبووە، چونکە جوانیی ئافرەت هێزێکی گەورە و وزەیەکی لەبن نەهاتووی ئەم ژیانەیە" (بەرزنجی،٢٠١٠: ١١٠).

لەڕاستیدا"دیاردەکانی جوانی لە گەردووندا بەپێی سروشتی شتەکان لە یەکتری جیاوازن، کە بە وێنەی جۆراوجۆر سەرنجی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان ڕادەکێشێ. بەڵام جوانی و ڕەوانبێژی و پاراوی لەم بارەیەوە. بەهۆی چەشن و شێوازی نوسینەوە لە لایەن ئەدیبانەوە دەبێت، جا ئەگەر شیعر یان پەخشان بێت" (بن قلية، ٢٠١٨: ٤). هەر بەم شێوەیە "لە ڕاستیدا کاتێک کە شاعیر وێنەی شیعری لە هۆنراوەیەکدا دەخولقێنی، وەختێک خوێنەری شیعردۆست و ڕەخنەگری لێهاتوو ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە، یان گوێیان لێدەبێت، هەست دەکەن هەر وێنەیەک لە ڕێگەی هەستێکەوە باشتر بۆی وەردەگیرێ، واتە چەندە ئەو وێنانە بە هەستی بینین و بەچاو وەریان دەگرین، دەبینین پتر بەهۆی هەستەکانی دیکەی مرۆڤ وەک بیستن و چێژکردن و بۆنکردن و هەستی دەست لێدانەوە ئەو وێنانە وەردەگرن" (شارەزا، ١٩٩٧: ٧). جگە لەمەش نووسەری فەڕەنسی (بۆدلێر١٨٢١_ ١٨٦٧) یەکەم کەسە کە بیرۆکەی هونەر بۆ هونەری خستە ڕوو. ناونیشانێکی واتاداری بۆ

دیوانەکەی خۆی دانا، بەناوی ( گوڵەکانی شەڕ ). بۆدلێر وای دەبینێ، کە بابەتی شیعری، خودی شیعر خۆیەتی. ئەو شیعرە مەزنەی کە شایەنی ناوی شیعرە، ئەوەیە کە لە نووسینیدا بەتەنیا  بۆ چێژ وەرگرتن دەنوسرێت.(ئەلمازی، ٢٠١٠: ٦٧)

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا کاتێک هەندێ  شەپۆلی تازەی ئەدەبی هاتنە کایەوە وەک پەرناسیەت، ئیدی شیعر و ئەدەب بە فۆرم  و ناوەڕۆکێکی جیاوازتر لە جاران خۆی نواند٠ هەرچەندە ئەم شەپۆلە زۆری نەخەیاند،  بەڵام ڕۆڵێکی گەورەی لە گۆڕانکاری لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا هەبوو، ئەمەش وای کرد گەلێک تێڕوانینی جیاواز و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەمەڕ دەقی شیعری بێتە کایەوە. بە تایبەتی لە لایەنەکانی سوود و چێژ و ئیستاتیکییەتی شیعری دا. ئەم شەپۆلە لە سەرەتای دروست بونیەوە دوو هەڵویست و ئاڕاستەی دژ بەیەکی بەخۆوە بینی: یەکەمیان کە بە سەرۆکایەتی (سانت سیمۆن) بوو، بڕوای بە فەلسەفەی سوود هەبوو لە ئەدەبدا، ڕای وابوو کە دەبێت ئەدەب لە خزمەتی پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵگەدا بێت و لایەنی هونەر و جوانیی فەرامۆش کرد بوو. بەڵام هەڵوێستی دووەم کە بەسەرۆکایەتی( ڤیکتۆر هۆگۆ ) بوو، بڕوای بە فەلسەفەی جوانی و هونەر بۆ هونەر بوو، لایەنی سوودی فەرامۆش کرد بوو، ئەم نووسەرە پێی وابوو کە مەرج نییە شاعیر یان نووسەر شتێک بنووسێت سوودی هەبێت، بەڵکو لایەنی هونەری و جوانی و چێژی بەلاوە گرنگ بوو'' (پیربال، ٢٠٠٦: ١٢٨).

هەروەها هۆراس سەبارەت بە ئامانج و مەبەستی  شیعری دەڵێت: ''ئامانجی شاعیر یان سوودبەخشینە یان چێژ بەخشینە، یاخود لە یەکاتدا  وروژاندنی چێژ و سوود بە خشینە، واتە جوانیی هونەر و ئەدەب و شیعر لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە دەبینێت. چێژ بە ڕوخسار و سوود بە ناوەرۆکەکەیەوە دەبەستێتەوە'' (فەتاح، ٢٠١٩: ١٤). تەنانەت ئەو بەرهەمانەش کە بابەتی ئافرەتیان لە خۆگرتووە و دەربارەی ئافرەت نووسراون، کۆمەڵێک مەبەست و ئامانج و ڕەهەندی فرە چەشنی هەیە. ئەمەش بۆ جیاوازی تێڕوانینی شاعیران  و نوسەران لەمبارەیەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین''چێژ وەرگرتن سیمایەکی خۆڕسکی بەهێزە، چونکە هەر مرۆڤیک چێژی تایبەتی خۆی هەیە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ پەروەردەکردن و دابونەریتی کۆمەڵگا و خێزان و ژینگە و دەروون و ڕۆشنبیرییەکەیدا بگونجێت'' (تەیب، ٢٠١٣:  ١٠). هەر چۆنێک بێت ''نووسەری دەق تا سەرکەوتووتر بێت لە پرۆسەی داهێنان و بەرهەمهێنانی  چێژ و خۆشی دەقدا، زیاتر دەقی چێژدار  و خۆشی بەخش بۆ خوێنەری دەق فەراهەم  دەکات، ئەگەرچی لە پاڵ ئەمانەشدا خودی خوێنەریش

ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەدا دەبینێت. کەواتە لێرەدا دە توانین بڵێین هەردوو لایەنی نووسەری دەق و خوێنەری دەق بەیەکەوە، به هاوبەشی پرۆسەکە دەهێنەکایەوە. چونکە پرۆسەی چێژی دەق کارێکی هەمەلایەنەیە و چەندین جەمسەری هەیە. هەر بۆیە ڕۆلان بارت باسی چێژی دەق له هەموو ڕەهەندەکانیەوە دەکات٠ زۆرجار لەگەڵ چێژەکانی سێکسی مرۆڤ بەراوردی دەکا و نموونەکان جوان لێک گرێدەدا '' (بارت، ٢٠٠٧: ٦).

سەرەڕای''هەبوونی چەندین جیاوازی له ڕووی تایبەتمەندی و وردی و ڕاستی و دروستی چێژەوە له نێوان کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، هیچ شتێک به ئەندازەی پیادەکردنی هونەری تایبەتی و توێژینەوە و تێڕامان یان بیرکردنەوە له جۆرێکی دیاریکراوی جوانی ناتوانێت بەخشندە بێت'' (هیوم, ١٣٩٩: ٨٩). کەچی'' ئەفلاتوون دەڵێت: نابێت ئەوەمان له بیر بچێت که چێژ بەخشراوێکی سروشتییە بۆ مرۆڤ له نێوان نێر و مێدا، بۆ بەرهەمهێنانی نەوە'' (عەبدولمەجید, ٢٠١٤: ١٦).ئەم بیر و بۆچونەش تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی خۆشەویستی نیوان نێر و مێدا یەک ناگرێتەوە.

هەرچۆنێک بیت''شاعیر و هونەرمەند بەر لەوەی هیچ پەیامێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد، هەبێت، یەکەم پەیامیان گەڕانه به دوای دۆزینەوەی جوانی و چێژ. جوانی و چێژی بێ ڕکابەریش لەئافرەتدا کۆبۆتەوە. بۆیە زۆر جار له لای جەلیزادەدا، ئافرەت نیشتمانی یەکەمە. لەشی ئافرەت گۆرانییەکە لەوەتەی خۆی ناسیوە گوێی لێ دەگرێ، ئەو گوێ گرتنەش تا دوا هەناسە درێژەی هەیە. تاکە چێژی ئارامبەخش لای جەلیزادە ئافرەتە و هەر ئافرەتە و هیچ جێگرەوەیەکی دیکەی نییە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).


ئەگەر له ڕووی جوانیناسییەوە خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ شیعرەکانی جەلیزادە بکەین، دەبینین سیماکانی چێژی جوانی له شیعرەکانیدا، ڕەنگدانەوەیەکی قوڵ و بەهێز و فراوانی هەیە، به تایبەتی ئەو چێژی جوانییەی که له جوانی و سروشتیی ئافرەتدا سەرچاوەی گرتووە، شاعیر هێندە تامەزرۆ و تینووی جوانییەکانی ئافرەتە و هێندە له عەشق و ئەوین و خۆشەویستی ئافرەتدا تواوەتەوە، سەراپای شیعرەکانی بوون به وێنەی ئافرەت، بەڵام جیاواز لەم وێنانەی له شیعری شاعیرانی دیکەدا هەیە، وێنەکانی ئافرەت له شیعرەکانی شاعیردا وێنەی جوان و ڕووت و تەڕن، به شێوازێکی دژه باو خۆیان دەنوێنن، که تایبەتە به قوبادی جەلیزادەوە و مۆرک و سیمایەکی تایبەتیی جەلیزادانەی هەڵگرتووە، که پێی دەناسرێتەوە و له شاعیرانی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئافرەت له گوتاری شیعری جەلیزادەدا

جیاواز لە لای هەموو کەسانی دیکە و شاعیرانی دیکەدا،''ئافرەت ئەو بەهەشتەیە هەمیشە تێیدا دەسووتێ، سووتان بۆ هەموو شتەکانی ئافرەت، بەجوانییەکانی دەرەوە و ناوەوە، شاعیری داهێنەر وەک درەختێکی باڵا بەرز و گەڵا و پۆپ سەوز وایە، بەردەوام چۆلەکەی بەسەرەوە هەڵدەنیشێت. جریوەی بەردەوامی ئەو چۆلەکانە بەشێکن لە هۆکاری ناوبانگییەکەی..ئەڵبەتە دەقەکان خۆشیان'' (جەلیزادە، دیدەنی:٢٠٢١).

هەروەها ئەگەر بەوردی لە تێڕوانین و گوتاری شیعری جەلیزادە بڕوانین, بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خۆشەویستی و خەون و خەیاڵ و ئەندێشەکانی جەلیزادە لە تاکە ئافرەتێک و تاکە لایەن و تاکە ڕەهەند و چەند بەشێکی کەم و بوار و سنورێکی دیاریکراوی جوانی و خۆشەویستی ئافرەتدا کۆ نەبۆتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە سنوور و ڕووبەرێکی دوور و درێژ و فراوانەوە، لە ئافرەتی ڕوانیوە و گوزارشتی لە ئافرەت کردووە و وێنەی ئافرەتی گرتووە، تا دەگاتە ئاستی ئیرۆتیک و سەرووتر.

لە دیدی جەلیزادەدا ''خۆشەویستیی ئەزەلی و ئەبەدی نییە. مرۆڤ ژن بێ یان پیاو، لە خۆشەویستیدا چەندین جار دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە, ژیان هەرگیز لە ئافرەتێکەوە دەست پێناکات و لە ئافرەتێکیشەوە کۆتایی نایەت. ئەوانە ساویلکە و کاڵفامن پێیان وابێت خۆشەویستی هەر جارێکە و دووبارە نابێتەوە. خۆشەویستی پرۆژەیەکی هەمیشەییە و زیندوویەتی بە ژیان دەبەخشێت, کەوتن و هەستانەوە یەکێکە لە سیماکانی خۆشەویستیی کە بەردەوامی بە ژیان دەدات و وا لە مرۆڤ دەکات باوەش بە هەموو ڕەنگە گەرمەکانی خۆشەویستیدا بکات. هەر تاکە ئافرەتێک تەنها ڕەنگێکە لەو ڕەنگانە و ڕەنگەکانی دیکە لای ئافرەتەکانی دیکەن'' (جەلیزادە, دیدەنی: ٢٠٢١). دەتوانین بڵێین چێژی جوانی دەکرێت بە دووبەشەوە، وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتە ڕوو.

هێڵکاری_٦ (چێژی جوانیی ئافرەت)



### ١,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی و چێژی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەت:

ئافرەت سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی جوانی و چێژی خۆشەویستییە، بۆیە بەهێزترین دەسەڵاتی شەڕ و خراپەکاری دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، گەورەترین جیهانی جوانی و خۆشەویستیش دێنێتە کایەوە.

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی لە پێناو جوانیی ئافرەت و خۆشەویستی ئافرەتدا ژیاوە و دەژی, هەر بۆیە دەبینین ''جوانی ئەو شتەیە تووشی سەرسامی و ڕامانی دەکات، دەیدوێنێ بەزمانێک کە زمانێکی جیهانییە تەنانەت کەسانی ئاسایی لێی تێدەگەن. هیچ شتێک خاڵی نییە لە جوانی، شاعیر جوانی لە هەموو شتێکدا دەبینێت. پێی وایە جوانی هەیە لە دەرەوەیە، جوانیش هەیە شاراوەیە، دەبێ بە وردی بەدوایدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە. ڕەنگە ئەو جوانییەی لە ڕووکەشی ئاسکدا هەبێت، هەمان جوانی لە دیوە شاراوەکەی مەیموونیشدا هەبێت'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).

لێرەدا وەک دەردەکەوێت شاعیر بە شێوازێکی جیاوازتر و قووڵتر و وردتر  دەڕوانێتە جوانی شتەکان، بە تایبەتی جوانیی ئافرەت، زۆر  بە دانایی و لێهاتووانە دەڕوانێتە هەردوو دیوی جوانییەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەت و زۆر وەستایانە، بە زمانێکی کاریگەر و بەهۆی ئەندێشە و خەیاڵکردنێکی فراوانەوە و  لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری بەرز و سەرنج ڕاکێشدا هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە. گوزارشتی لە خەم و ئێش و ئازارەکانی سەبارەت بە جوانیی ئافرەت  و خۆشەویستیی ئافرەت کردووە. چونکە وەک دەزانین '' یەکێک لە گرینگترین هەست و سۆزەکانی مرۆڤ، کە هەر لە کۆنەوە لە دوو توێی شیعری میللەتاندا هەیە، خۆشەویستییە. کە هۆکاری  کارامەیی و یادەوەری بووە و جۆش و خرۆشی بە شیعر و ئەدەب و هونەر بەخشیوە. ئەوین لە میانەی شادی و غەمدا ناسکترین و بەهێزترین و گەورەترین  بزوێنەری دڵە، لە هەمان کاتدا کۆڵەگەی سەرەکیی شیعر و ئەدەبیاتی لیریکی جیهانی پێکدەهێنیت'' (صبور، ١٣٨٢ھ: ٤٠٦). بە هەمان شێوە لە شیعرەکانی جەلیزادەشدا پێگەیەکی بەرز و بە هێز و کاریگەری هەیە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

کە ماچم کردی،

ئیتر کەس نەیناسیمەوە،

له بیابانەوە،

بووم بە هەور (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٦٧).

لێرەدا شاعیر هەست و نەست و خۆشەویستی خۆی لە چوارچێوەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی قووڵ و فراوان و کاریگەردا دەربڕیوە، ماچ لای شاعیر زیاتر لە ڕەهەندێک و زۆرتر لە واتایەک و خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ، ئەگەر ماچ لای کەسانی ئاسایی تەنها لە بازنەی هەستەکانی بەرکەوتن و چەشتنی هەوەسبازی بخولێتەوە، ئەوا لە لای جەلیزادە لە پاڵ ئەمانەدا هێماشە بۆ ئەوینداری و مرۆڤبوون و جوانیبەخشی و ژیانەوە، چونکە لە تێڕوانینی ئەودا، جگە لە ماچ هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت تەمەنی  پڕ وشکە ساڵی و بیابانی ئەو بکا بە هەور، بە باران، بە مێرگ،  بە ژیان و چێژی پێ ببەخشێت.

لە تێڕوانینی جەلیزادەدا ''ژن جوانییەکی هەرە جوانی بێ ڕکابەری تەواوی بوونەوەری سەر زەمین و ژێر زەمینی ئاسمان و بۆشاییەکانی فەزایە، لەهەر شتێکیشدا جوانی هەبێت پنتێکی جوانیی ژنە پەڕیوەتە پێکهاتەکەیەوە.  ژیان بەبێ ژن تابلۆیەکی بێ گیانی ڕەش و سپییە. ژن قوتابخانەیە بۆ فێربوونی میهرەبانی و دڵسۆزی و وەفا و قوربانیدان. ژن دایکی هەموو جوانییەکانە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). هەر ئەمانەش وایکردووە ببێتە سەرچاوەیەکی هەرە سەرەکی بەهرە و داهێنانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا، ئەمەش زۆر بەزەقی لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

پیاوێکی

ڕەش و سپی بووم،

ژنێک،

کە سەرتاپای  ڕۆحی ڕەنگ بوو،

قەڵەمەکەی، ڕەنگ کردم بە داهێنان،

وشەکانی، ڕەنگ کردم بە جورئەت،


قەسیدەکانی، ڕەنگ کردم  بە ڕاستگۆیی،

قەسیدەیەکی ناونام،

تا سەر ئێسقان ژن (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٢٦٨).

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی و لە جیهانی ئەندێشەیەکی فراوان و لە سنووری زمانێکی سادە و ساکار، بەڵام ناسک و کاریگەر و لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری جوان و سەرنجراکێشدا، گرینگی و ئاست و پایەکانی خۆشەویستی ژن و جوانیی ژنمان پێشان دەدات و پیمان دەڵێت: ژن سەرچاوەی هەموو داهێنان و ئازایەتی و ڕاستگۆیی و جوانییەکانە، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

هێڵکاری_٧ (جەلیزادە پێش ناسین و خۆشەویستیی ئافرەت)




جگە لەمە شاعیر لە کۆپڵە شیعرێکی دیکەدا، پایە و ئاستەکانی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەتی ئافرەت لە تەڕی و تەنکی و لووسیدا هاوتای ئاو دەکات، کە دیارە هەر یەکە لە وشەکانی (تەڕ، تەنک، لووس) جگە لەوەی ئاماژەیەکن بۆ جوانی و خۆشەویستی، لە هەمان کاتدا

ڕەهەندێکی سێکسی و چێژی جوانییان هەیە، وەک لەم نموونە شیعرەی شاعیردا دیار و ئاشکرایە کە دەڵێ:

تۆ لە ئاو دەچیت..

تەڕ تەڕ و

تەنک تەنک و

لووس لووس,

لە خەونی فریشتەکاندا؛

دەمێک؛ ڕێژنە بارانێکی پەمەیی و

ساتێک؛ کانییەکی لە هەنگوین و

سەروەختێک،

ڕووبارێک، لە شەکر و شیر (جەلیزادە, ٢٠١٩: ٤٦٥).

لێرەدا، ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم کۆپلە شیعرە بدەین، دەبینین لە دووبەشدا خۆی دەدۆزێتەوە، بەشی یەکەم لە گۆشەنیگای ڕۆمانسییەت و سێکسەوە، باس لە تەڕ و تەنک و لووسی ئافرەت کراوە و بە شێوەیەکی هونەری بەرز لە سیاقی لێکچوواندندا بە ئاوی باران چوێندراوە، هەرچی بەشی دووەمی ئەم کۆپڵە شیعرەیە باس لە چەند کاتێکی جیاجیای قۆناغەکانی تەمەن و ژیانی ئافرەت دەکات، کە دەمێک لە قۆناغی هەرزەکاریدا وەک ڕێژنە بارانێکی پەمەیی، کە بێگومان ڕەنگی پەمەیی ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی و گەرم و گوڕی و تامەزرۆیی و شەیدا بوون، لە قۆناغێکی دیکەدا ئافرەت لە کانییەکی هەنگوین دەچێت، مرۆڤ، بە تایبەتیش ڕەگەزی نێر بە خۆزگە و ئاواتەوەیە دەمی بەم هەنگوینە بگات، لە سەروەختێکیشدا ئافرەت لە ڕووبارێکی شەکر و شیر دەچێت لە شیرینی و سپیەتیدا و وەک خەونی فریشتەکان دێتە پێش چاو. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین"شیعری دڵداری گەورەترین شوێن و قەوارە و هەمەڕەنگترین لایەنی ئیبداعی لە شیعری جیهانیی هەموو سەردەمێک و هەموو وڵاتێک و قوتابخانەیەکدا گرتۆتەوە" (ڕەسوول، ١٩٩٠: ٦٢).

جگە لەمەش جەلیزادە  لەو شاعیرە ڕۆمانسییانەیە کە  بە بۆن و جوانی و خۆشەویستی تاکە گوڵێک تێر نابێت و دڵی ئارام نابێتەوە، وەک لەم کۆپڵە شیعرەدا،  کە بە ناونیشانی (گورگ)ە دەڵێ:

خۆزگە،

لە شەوێکی بەفرانباردا،

ژنان دەبوون بە گەلە گورگ و

من بە ڕانە مەڕ،

ڕانە مەڕێکی بێ سەگ،

ڕانە مەڕێکی بێ شوان!! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٤٦٨).

لێرەدا ئەگەر لە ڕوانگەی دەروونییەوە شرۆڤە بۆ ئەم شیعرە بکەین، دەبینین جەلیزادە بە ڕادەیەکی هێندە زۆر و بێ سنوور شێت و شەیدای ژنە، بۆیە جێگۆڕکێ  بە وێنە،  ڕۆڵ و ئەرک،  حەز و تاسە، کار و خەسڵەتی هەریەکە لە ڕەگەزی نێر و مێ، یان خۆی و ژن دەکات و بە شێوازێکی ناشاز پێچەوانەیان دەکاتەوە، بە شێوەیەک وەک ئەوەی باوە لە بری ئەوەی خۆی ڕۆڵی گورگ ببینێت و ڕۆڵی مەڕیش بە ژن بدات، هاتووە خۆی کردووە بە مەڕو ژنی بە گورگ چواندووە. وەک ئەوەی زۆر حەزی لێ بێت، بە بێ کێشە و بێ پاسەوان ژنان بیخۆن و ببێتە پاروویەکی چەور و ئاسان بۆ ژن. چونکە شاعیر بە ڕادەیەک ئاوات و تاسەی ئافرەتە، مردنیشی بە دەستی ئافرەت بە خۆشبەختی و ئاسودەیی دەزانێت. لە ڕاستیدا ''ئافرەت و هەست و سۆزی خۆشەویستی ئافرەت: ئەوپەڕی خۆشبەختی و چێژی  بەخشیوە، هیچ ژنێک لە ژیاندا  نەبویتە مایەی بەدبەختی، خۆشم نەبوومەتە مایەی بەدبەختی هیچ ژنێک. ژن مەزنە پایەی بە مەزنی دەهێڵێتەوە. ژن بوونەوەرێکە لێوان لێوە لە جوانی سۆز و خۆشەویستی و چێژ. دەبێ بە قەد ئەوەی لێی وەردەگرین دوو ئەوندە پێی ببەخشین. ژن هاوسەرە، هاوبەشە، بەرهەمهێنی جوانی و چێژ و میهرەبانییە. تێر بوون لە جوانیی ژن و چێژیی ژن سنووری نییە، برسی بوون بۆ ژن برسی بوونێکی هەمیشەییە. بیرکردنەوە لە پڕ بوون لە ژن، بیرکردنەوەیەکی ساویلکانەیە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،  حەز و تامەزرۆیی جەلیزادە بۆ ژن  لە ئاستێکدایە، هێز و توانای لێ بڕیوە، وەک لەم  کۆپلە  شیعرەدا دەڵێ:

ژن،

بوو بە یاسا و

نەمتوانی سەرپێچی بکەم،

ژن،

خستمیە سەر چۆک.

ژن،

زەلیلی کردم.

ژن،

ترسنۆکی کردم، ترسنۆک (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١٠٠).

لەم کۆپلە شیعرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەسەلمێت، کە جەلیزادە بە تەواوەتی و بە بێ هیچ مەرج و داوایەک ملکەچی هەموو یاسا و ڕیساکانی ئافرەت دەبێت و لە بەرامبەر ئافرەتدا، وەک کەسێکی ترسنۆک، وەک ئەسیر و دۆڕاوی جەنگ دەکەوێتە سەر چۆک و کڕنۆش بۆ شای ئافرەت دەبات. لەمانەش زیاتر جەلیزادە ڕاشکاوانە تر و بوێرانە تر و دژەباوانەتر، گوزارشت لەو حەز و ئارەزووە کپ کراوانەی ناخی خۆی بۆ ئافرەت دەکات و لە شیعری (چێڵ پەرست)دا دەڵێ:

خۆشمدەوێی،

خوای دەکرد،

هەر شەوە لە مەلهایەک دەڕەقسیت،

خوای دەکرد،

هەر رۆژە لەسەر سینگی پیاوێکدا،

ستیانەکەت جێ دەهێشت.

خۆشم دەوێی،

خوای دەکرد،

مانگا پەرست دەبووی.

خۆشم دەوێی،

ئیدی کەی کێشەیە،

خوای دەکرد،

قەحبەی موسڵێ دەبوی!؟ (جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٢٤).

لەم پارچە شیعرەدا، شاعیر بە پێچەوانەی هەموو شاعیرانی دیکە، وەک دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز، وەک شاعیرێکی یاخی و دژەباو بە بێ هیچ پەردە و پەنایەک دەچێتە ناخی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەتی ئافرەتەوە. دەیەوێ بە بێ شەرم و بوێرانە پەردە لەسەر ئەو هەمووە خۆشەویستی و حەز و ئارەزووانە هەڵبداتەوە کە بۆ ئافرەت هەیەتی. بە شێوەیەک شاعیر مەبەستییەتی پەیامی ئازادی ڕەها و ڕووت بوونەوەی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی بە گوێی کۆمەڵگادا بگەیەنێت، هەر بۆیە جەلیزادە بە ئاشکرا و ڕوونی، بێ پێچ پەنا هەوڵی داوە لە جەوهەری خۆشەویستی ڕۆمانسییەت و جوانی ئافرەت نزیک بێتەوە، کە زیاتر خۆی لە ڕووت بوونەوە و ئازادی ڕەها دەدۆزێتەوە. بۆیە ئازایانە بەشێک لە سنوورەکانی هێڵی سووری ئافرەت دەبەزێنێ و دەیەوێ هەموو جوانییەکانی ئافرەت بە هەردوو لایەنی دەرەوە و ناوەوە، لە تۆز و خۆڵی ڕۆژگار و مێژوو و کەلتوور و ئایین و ئایدیۆلۆژیا پاک بکاتەوە. بۆیە شاعیر کە دێتە سەر باسی خۆشەویستیی ئافرەت و ڕۆمانسییەتیی ئافرەت هەموو دیوار و بەربەستێکی نێوان خودی خۆی و ئافرەت دەڕوخێنێت و هیچ جۆرە سنوورێکی داب و نەریت و کۆمەڵایەتی و ئایینی ناهێڵێت.

ئەوەی لێرەدا جێی هەڵوەستەکردنە و جەلیزادە جیادەکاتەوە لە شاعیرانی دیکە ئەوەیە، جەلیزادە وەک شاعیرانی دیکە بە ترس و شەرمەوە قسە لەسەر ئەم جۆرە بابەتە ناکات، بەڵکو بوێرانە لە دەرگای بابەت گەلێک دەدات، کە تا ئێستا مەگەر بە دەگمەن، دەنا کەس ناوێرێت لێی نزیک بێتەوە، چونکە شاعیر حەز و ئارەزوو و خۆشەویستی ئافرەت زۆر لەوە گەورەتر و بەرزتر و پر بایەختر دادەنێت، لەوەی کە ئەو ئافرەتە هەر ڕۆژەی لە مەلهایەک سەما بکات، یان هەر شەوەی لەسەر سنگی پیاوێک بنوێت و دەرپێ و ستیانەکەی لەسەر سینگی پیاوێک بەجێبهێڵێ، یان مانگا پەرست بێت و هیچ ئایینیکی نەبێت، زۆر لەمانەش

سەخت و دژوارتر  و نەشاز و دژە باوتر بە ئایین و کەلتوور و کۆمەڵگا، ئەوەیە، بێباکە لەوەی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت ئەگەر قەحبەی موسڵیش بێت. کە بێگومان ئەو تەرزە دەربڕین و گوزارشتکردنە لە بابەت و خۆشەویستی ئافرەتدا، سیماو مۆرکیکی تایبەتە بە جەلیزادەوە و تا ئێستا لە شیعری کوردیدا، مەگەر زۆر بە دەگمەن دەنا بەرچاو ناکەوێت و لەم بوارەدا هیچ ڕکابەرێک و وێنە و هاوتای نییە. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ''بابەتی خۆشەویستی لای جەلیزادە و زۆربەی هۆنەرانی دی، پەیوەندییەکی بەتینی بە ئافرەتانەوە هەیە. شاعیر هەوڵیداوە لە نێو ئەو هۆنراوانەی دەچنە نێو ئەو باسەوە، ئازادانە ڕای خۆی دەربڕێت، لە نێو فەرهەنگی وشەکانیدا، ئەم پەیڤانە هەڵبژێرێت، کە دنیاییەک بێنێتە ئاراوە، کە تێیدا خۆشەویستییەکی بێ سنوور و بێ بەربەست و ڕەها ڕەنگ بداتەوە'' (موکریانی،٢٠٢٠: ٣٨). هەرچۆنێک بێت جەلیزادە بە پێی کات و سات و سەردەم و قۆناغەکانی تەمەن و بارودۆخی تایبەتی ژیانی خۆی، بە گەلێک شێوە و جۆر و قۆناغی خۆشەویستیدا تێپەڕیوە، هەر لە خۆشەویستی عەزرییەوە تا خۆشەویستی سەرەتایی. دیارە وەک دەزانین ''خۆشەویستی عەزری  ئەو عەشق و خۆشەویستییەیە، کە بە گەرمی هەست و سۆز و پەرۆشی دەدرەوشێتەوە. بەدیدار و گەیشتنەوە شاد دەبێت و بە دابڕان و جیابوونەوەش ئازار دەچێژێ. گرینگی پێدەرە بە هێزی کێشکردنی دڵبەرەکەی و سیحری نیگاکانی. بە درێژایی تەمەن جەخت لە سەر  یەک تاکە  عەشق و خۆشەویستی دەکاتەوە. هەندێک پێیان وایە کە خۆشەویستیی عەزری درێژکراوە و بەردەوامی عەشقی ئەفلاتوونییە لە لای یۆنانییەکان. کە ئەمەش دوورە لە ڕاستییەوە. چونکە عەشقی ئەفلاتونی لەسەر بنەمای خۆشەویستیی جوانی و چاکە بەرجەستە بووە، بەڵام خۆشەویستیی عەزری و پاک و دەست لێنەدراو لەسەر بنەمای هەست و سۆزێکی گڕگرتوو کە لێی بێبەشکراوە. هاتۆتەکایەوە، بەپێی ئەو بنچینەیە خۆشەویستی ئەفلاتونی خۆشەویستیی  پیاو بۆ پیاویش لەخۆ دەگرێت. بەڵام خۆشەویستی عەزری لە خۆشەویستی پیاو بۆ ژن چڕدەبێتەوە. جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی لە پاڵ خۆشەویستیی هەستی و سەرەتاییدا، لە هەندێ کات و قۆناغدا بە خۆشەویستیی عەزرییشدا  تێپەڕیوە و ئەزموون و چێژی لێ وەرگرتووە، وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت و دەڵێ:

بۆ عەشقی،

بێ سنووری تۆ،

دڵێک کەمە.

خودایە،

سپییەکەم کون کون کەو،

دڵێکی ترم بدەیە(جەلیزادە،٢٠١٢: ٣٣٠ ).

یان دەڵێ:

داگیرم کە...

مەهێڵە جگە لە تۆ،

گوڵێک لە ڕۆحمدا بپشکوێ،

پەپوولەیەک هەڵفڕێ،

ڕووبارێک هاژە بکات (جەلیزادە،٢٠١٢: ٣٥٩).

پاشان دەڵێ:

داگیرم کە...

جوانێک بە، دکتاتۆر،

ئەگەر لە شیعرێکمدا،

بۆنی ژنێکی دیکەت کرد،

لە وشەیەکمدا،

وێنەی ژنێکی ترت بینی،

ئەگەر لە پیتێکمدا، ترپەی پێی،

ژنێکی ترت بیست،

چاوی شیعرەکانم هەڵکۆڵە،

پەت بخەرە گەردەنی  وشەکانمەوە،

پیتەکانم غافڵ کوژکە،

کتێبەکانم بخەرە حەوزی تیزابەوە (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٣٦١).

لێرەدا وەک دەردەکەوێت مەدلوولی هەموو دالەکانی ناو ئەم کۆپلە شیعرانە لە خۆشەویستی عەزریدا چڕدەبێتەوە، ئەگەرچی بۆ ساتە وختێکی کەم  و چێژێکی کاتیش بێت، جەلیزادە، بۆ خۆشویستنی یارەکەی تەنیا  دڵیک بە کەم دەزانێت،  بۆیە داوا  لە خوا دەکات سینەی کون کون کات و لەبەرامبەردا  دڵێکی دیکەی پێبدات، جگە لەمەش وەک دڵدارێکی ڕاستەقینە و پاک، ڕوو دەکاتە دڵبەرەکی و داوای  ئەوەی لێدەکات وەک دەسەلاتدارێکی تاکرەو داگیری بکات و سەرتاپای ڕۆح و جەستەی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و نەهێڵێت بە لای  هیچ ئافرەتێکی دیکەوە بچێت. بەڵام ئەم خۆشەویستییە عەزریەی شاعیر زۆر ناخایەنێت و بەردەوام نابیت، چونکە  تێڕوانین و گوتاری شاعیر وەک هەموو شاعیرانی دیکە هەمیشە لە گۆڕان دابووە و بە چەسپاوی نەماوەتەوە. بەتایبەتیش جەلیزادە یەکێکە لەو کەسانەی ت اسەر ئێسقان بڕوای بە گۆڕانکاری و نوێ بوونەوە هەیە و دژی  هەموو یاسا و ڕێساو داب و نەریتێکی کۆن و دوگماتیزمە، کە ببێتە هۆی وابەستەکردن و سنووردارکردنی ڕووت بوونەوەی جوانی و ئازادییەکانی مرۆڤ، بەتایبەتیش ئازادیی ئافرەت.  بۆیە دەبینین هەر زوو لەم بازنەیە دەچێتە دەرەوە و بەرەو خۆشەویستی هەستی شۆڕ دەبێتەوە و هەنگاو دەنێت. دەیەوێت بۆ هەتا هەتایە لەوێدا هێلانەیەک بۆ خۆی چێ بکات، کە چێژ و خۆشی لێ وەربگرێت و دڵ و دەروونی تێدا ئارام بێتەوە. چونکە ئاشکرایە، خۆشەویستیی هەستی و بنەمای ئەو خۆشەویستییە، زیاتر چێژ وەرگرتنە لە ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت و ڕوخسار و ئاکار و بەژن و باڵا و دیوەی دەرەوەی ئافرەت لە ڕێگای هەستەوەرە جیاوازەکانی وەک (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن و بەرکەوتن) ەوە. لە خۆشەویستی ڕۆحی و جوانییەکانی دیوی ناوەوەی ئافرەت دوور دەکەوێتەوە، هەر وەک لەم شیعرەیدا کە بە ناونیشانی (تەنک تەنک)ە گوزارشت لەم ڕاستییە دەکات و دەڵێ:

تەڕ و تەنک و

نەرم و لووس،

من باسی تۆ دەکەم،

نەک باسی ئاو،

پاک و بێگەرد و

ڕووناک و گەرم،

من باسی تۆ دەکەم،

نەک باسی هەتاو،

بڵند و سپی و

بریقە دار و هێمن،

من باسی تۆ دەکەم،

نەک باسی مانگ،

پڕ لە گوڵ و سێبەر و کۆتر و پەپولە،

من باسی تۆ دەکەم،

نەک باسی دارستان(جەلیزادە،٢٠١٩:  ٧٨)

لێرەدا ئەگەر لێکدانەوەیەکی ئەدەبی و دەروونی بۆ ئەم شیعرە بکەین، پێکهاتەی شیعرەکە شیتەڵ بکەین، دەبینین شاعیر زیاتر ئەو وشانەی بەکار هێناوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی بینین و بەرکەوتنەوە، وەک وشەکانی( تەڕ، تەنک، نەرم،  لووس، پاک،  بێگەرد، ڕوناک، گەرم، بڵند، سپی، بریقە دار). کە ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە، بۆ گرینگیدانی شاعیر بە دیوی یەکەمی ئافرەت و دوورکەوتنەوە لە دیوی دووەمی ئافرەت. جگە لەمەش شاعیر لێرەدا ناوەستێت و هەوڵدەدات بۆ ئەوەی سوود لە هەموو هەستەوەرە جیاوازەکانی وەربگرێت، بۆ چێژوەرگرتن لە تەواوی جوانییەکانی ئافرەت، بەشێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، بۆیە دەبینین شاعیر لە پاڵ ئەمانەدا پەنا بۆ هەستی بۆنکردنیش دەبات، تا بەم هۆیەوە بتوانێت

بۆنی عەتری هەناسەی خۆشەویستەکەی بکات. وەک لەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

بە عەتر و بۆنی هەناسە،

بە وەنەوشەی زەردەخەنەت،

یەکجاری ڕۆحم داپۆشە،

دڵم وێران کە بە تاسە، (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٣٧٥).

شاعیر لێرەدا زیاتر مەبەستییەتی لە پاڵ هەستەکانی دیکەدا بەهۆی هەستی بۆنکردنیشەوە، چێژ لە ئافرەت وەربگرێت و ئاوێتەی خۆشەویستی و جوانییەکانی ئافرەت بێت، چونکە جەلیزادە وەک کەسێکی زۆر تامەزرۆ و تینووی ئافرەت، ناتوانێ تەنها بە هۆی هەستەکانی بینین و بەرکەوتنەوە ئەو گڕاو بڵێسەی خۆشەویستییەی بۆ ئافرەت هەیەتی، دابمرکێنیتەوە.

شاعیر لە خۆشەویستیدا، بڕوای بە تاک پەرستی نییە و خۆی بە تاکە ئافرەتێک نابەستێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو ئافرەتە هاوژینی خۆشی بێت، بۆیە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا ڕاستگۆیانە و بوێرانە گوزارشت لەم ڕاستییە دەکات و دەڵێ:

ئاخر من ژنێکم خۆشدەوێ،

ژنی من نییە!

لە هەموو شتێک دەترسم...

تەنانەت لە هەڵهاتنی پیاوە ترسنۆکەکانیش! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٩٦).

لێرەدا شاعیر باس لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە نامۆیە بە کەلتوور و کۆمەڵگەی کوردی، چونکە ئەو ژنێکی خۆش دەوێ، ژنی خۆی نییە بەڵکو ژنی پیاوێکی دیکەیە، هەر ئەمەش وای کردووە، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا بێت و لە هەموو شتێک بترسێت تەنانەت لە هەڵهاتنی پیاوە ترسنۆکەکانیش. بەڵام گڕی حەز و خۆشەویستی جەلیزادە بۆ ئافرەت و جوانیی ئافرەت لە گشت دیوار و بەربەستێکی کەلتووری و

کۆمەڵایەتی و ئایینی بەهێزترە، بۆیە هیچ شتێک نابێتە ڕێگر لە بینین و گەیشتنی بە جوانییەکانی ئافرەت، وەک لەم شیعرەیدا بە ناونیشانی (دیوار) دەردەکەوێت و دەڵێ:

ژنە شۆخەکانی وڵاتەکەم،

لێم ببورن،

گەر لە نێوان من و ئێوەدا،

هەزاران دیواری بەرلین هەبێ،

من هەر بە ڕووتی دەتانبینم،

بە ڕووتی!! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٤١٦).

ڕووتی لە لای جەلیزادە ئامانجی سەرەکیی و کۆتاییە و جوانی ئافرەت لە ڕووت بوونەوە دایە، شاعیر پێی وایە مرۆڤ بۆ ئەوەی هەر بە جوانی بمینێتەوە، دەبێت بۆ سەرەتای سروشتی خۆی بگەڕێتەوە کە ڕووت بوونەوەیە. بۆیە شاعیر هەمیشە ئافرەت بەڕووتی دەبینێت، تەنانەت ئەگەر خۆشیان باڵا پۆش بکەن، یان هەزاران بەربەست و دیوار لە نێوانیان دابێت، دیارە شاعیر هەر بەمانە دڵی ئاو ناخواتەوە، بۆیە لەپیناو خۆشەویستی و جوانیی ئافرەتدا ئامادەی هەموو باج و قوربانیدانێکی گەورەیە و دەڵێ:

لە هەر شوێنێ وێنەیەکی منت بینی،

لە هەر کاتێ ناوی منت بیست،

لە هەرکات و شوێنێ شیعری منت خوێندەوە،

دەست بخەرە سەر سەری،

جوتە کۆترەکەی سەر سینگت و بڵێ:

ئۆوە...قوبادە

ئەو پیاوە عاشقەی،

وازی لە کورسی دادوەری هێنا و

بوو بە نۆکەری مەمک (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٠٢).

لێرەدا شاعیر لە چوارچێوەیەکی ئیرۆتیکانە، چەند وێنەیەکی شیعری جوان و کاریگەر و سەرنج ڕاکێشمان پێشان دەدات، کاتێک چێژ و خۆشی ژیان لەمەمکدا دەدۆزێتەوە و مەمک بە جووتە کۆترێکی دندوک پەمەیی دەچوێنێت، کە لە سەر سینگیدا هەڵ نیشتوون، بۆیە حەز و خولیای لە ڕادەبەدەری شاعیر بۆ مەمک، وای لێکردووە لەم پێناوەدا واز لە کورسی دادوەری بهێنێت و ببێتە نۆکەری مەمک، باج و قوربانی گەورە لەم پێناوەدا بدات. کە ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕەهەند لە خۆدەگرێت: یەکەمیان وابەستەیە بە بەرزی ئاستی قوربانیدان و حەز و ئارەزووی لە ڕادەبەدەر و تامەزرۆیی شاعیر بۆ جوانی ئافرەت و ئەندامەکانی، دووەمیان دەرخەری ئەوەیە کە شاعیر دەیەوێ شکۆی ئافرەت بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ و تێڕوانینی کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە و بە بەرز و پیرۆز و بەهادارییەوە سەیر بکرێت. دیارە وێڕای کاریگەری خۆشەویستی عەزری و هەستی لە شیعرەکانی شاعیردا"خۆشەویستی سەرەتایش پێگەیەکی گەورەی هەیە. چونکە ئەم تەرزە خۆشەویستییە، وەک ئەزموونێکی خۆشەویستی پێنەگەیشتوو و سەرەتاییە، یان وەک خۆشەویستیی هەرزەکارییە، کە خەیاڵ بنەماکەیەتی" (الخفاف، ١٩٩٩: ٧٩). ئەمەش لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنی لاویەتی شاعیردا، تا ئاستێکی بەرز بەدی دەکرێت، وەک لەم نموونە شیعرییەی شاعیر خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:

کە باران خۆش دەکاتەوە،

تۆ دادەکەیت.

ئیتر چەترەکان دەشکێنم.

هەر جارێک دەنگت دەبیستم،

تەڕ تەڕ دەبم،

تۆ ژنێکی لە جنسی باران(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٨٥).

جەلیزادە جیاواز لە شاعیرانی دیکە، خۆشەویستەکەی لە تەڕی و تەنکی و لووسی و جوانیدا، بە باران دەچوێنێت، جگە لەمەش شاعیر نەک بە بینینی ئازیزەکەی، بەڵکو تەنها بە بیستنی دەنگی، تەڕ تەڕ دەبێت، وەک ئاوی ژیانەوە، هەموو شتێکی زیندوو لە ئەوەوە پەیدا

دەبێت. چونکە خۆشەویستەکەی لە ڕەگەزی ئاو و بارانە. هەر لەم چوارچێوەیەداو لە سنووری خۆشەویستی سەرەتاییدا، شاعیر بە جیهانی خەیاڵێکی قووڵ و فراواندا گوزەر دەکا و چەندین وێنەی شیعری خۆشەویستی سەرەتایمان پیشان دەدات، وەک لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا دەڵێ:

بەر لەوەی دەستی تۆ،

بە قەدی درەختەوە ببینم،

نە دەستم لا ئەزیز بووە،

نە درەختم خۆش ویستووە،

نە چۆلەکە (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٣٨٢).

ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە و لەبەر چاوی بگرین، ئەوەیە کە جەلیزادە ئافرەت یان خۆشەویستەکەی بە سەرچاوەی هەموو جوانییەکان بە جوانیی سروشتیشەوە دەزانێت، لەبەرئەوەی لە دید و خەیاڵی شاعیردا، سروشت جوانییەکانی لە ئافرەتەوە وەرگرتووە، واتە پێش ئەوەی یار دەستی بخاتە قەدی دار نە درەخت و چۆلەکە وا خۆشەویست بووە، نە دەستیش وا ئازیز و پیرۆز بووە. شایانی باسە شاعیر لەسەردەمی لاویەتیدا و لە قۆناغی خۆشەویستی سەرەتاییدا، زمان و خەیاڵ و ئەندێشە و وێنە شیعرییەکانیشی سادە و ساکارن، بەڵام جوان و ناسک و دڵگیر و کاریگەرن، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێ کە دەڵێ:

هۆ کچە،

منداڵ و ناسکەکە،

هۆ ئازیز،

مەهێڵە پیر ببم،

مەهێڵە چۆک دادەم،

بۆ پایز (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٤٣٣).

لیرەدا داوای شاعیر لە خۆشەویستە جوان و مندالّ و ناسکەکەی ئەوەیە، کە ببێتە شاسواری خەونەکانی و دەستی بگرێت و خۆشی و شادی و ئاسودەیی پێ ببەخشێت، تاکو هەر بە گەنجی بمێنێتەوە و پیر نەبێت. جگە لەمانە ئەگەرچی شاعیر لە یەک کاتدا لەگەلّ چەندین ئافرەت بووە و چەندین ئافرەتی خۆشویستووە. بەلاّم هەرگیز فێلّ و درۆی لە گەلّیان نەکردووە، جگە لە بەخشینی چێژ و ڕێز و خۆشەویستی، وە بە پێچەوانەشەوە هیچ ئامانج و مەبەستێکی دیکەی نەبووە، ئەگەرچی لە ڕوانگەی هەندێک کەسانەوە'' ئەو کارە ئەدەبییە و شیعریانەی کە ناچنە چوارچێوەی سۆفیزمەوە و بەرهەمی ڕۆمانسیزمیین، وا دادەنین کە ئافرەتانی عاشق تینووی خوێن و دلّرەقی و خیانەت و بێ وەفایین، ئەم تێڕوانینە لە کاتێکدایە کە خۆشەویستی لە سەر بنەمای پەیوەندییەکی یەکسان و دادپەروەری نەبووە، لەمبارەیەوە ئافرەتیش مافی هەلّبژاردن و گوزارشت لێکردنی حەز و ئارەزوو و هیوا و ئاواتەکانی نەبووە'' (علیلو, ١٣٩٢: ٥٦). هەر لەمبارەیەوە دەتوانین بلّێین جەلیزادە هەموو پەیوەندییەکانی لەگەلّ ئافرەتدا، لە سەر بنەمای حەز و خولیای هاوبەش و ئارەزوومەندانە بووە و لە بازنەی هەست و سۆز و خۆشەویستی ئافرەتدا خولاوەتەوە. ئەمەش زۆر بە ڕوونی لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەلّێ:

بێ ئەخلاقی من،

هەر ئەوەیە،

ژنم خۆش دەوێ (جەلیزادە، ٢٠١٧: ١١٢).

لێرەدا شاعیر ئەستۆپاکی خۆیمان پیشان دەدات و پێی وایە کە لە ڕۆژژمێری ژیانیدا، هیچ زولّم و خیانەت و بێ وەفاییەک یان بێ ڕەوشتییەک بەدێ ناکات، مەگەر ئەوە نەبێت کە شێت و شەیدای جوانیی ئافرەت بووە و ئافرەتی خۆش ویستووە.

## ٢,١,٢ کاریگەری ئافرەت لە سەر ئارامی دەروونی:

دیارە وەک دەزانین ئافرەت چ وەک: دایک، خوشک، کچ و هاوسەر، نەک هەر ڕۆلّ و بایەخێکی گەورە و بەهێزی لە بەرجەستەکردنی ئارامی دەروونیدا هەیە، بەلّکو بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ئارامی دەروونی دادەنرێت، هەر ئەمەشە هۆکار و سیحری هاتنەکایەی هەزارەها ئەفسانە و داستان و شاکاری ئەدەبی و هونەری گەورەن، لە پالّ

ڕەهەند و لێکەوتەکانی دیکەدا  لەم بارەیەوە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی. هەندێک لە فەیلەسووف و ڕووناکبیرانی تر، جوانی بەهەستەکانی مرۆڤەوە دەبەستنەوە، بۆ چێژ وەرگرتن لە جوانی. مارکس دەڵێ: ''هەستەکانی ئیستاتیک وەها هەستێکن، دەبنە سەرچاوەی چێژ وەرگرتن''  (تەبەری، ١٩٩١: ١١). ئەمەش تەواو لەگەڵ بۆچوونی دەروونزانەکان یەک دەگرێتەوە کە ''دەڵێن ئەو هێزەی کە جوانیی دەقی ئەدەبی پێ دەپێوین، پێی دەوترێت: چێژ، کە مرۆڤ هەست بە خۆشی و چێژ دەکات لە دەقە هونەریەکاندا و ئەم پێوەرە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی  دیکە دەگۆڕێت'' (محەمەد، ١٩٩٨: ٢٦).  لە ڕاستیدا وێڕای هەبوونی تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە بەها و پێگەی ئافرەت، لە نێو کۆمەڵگادا، بە پێی جیاوازی نەتەوە، ئایین، کەلتوور و ئاستی هۆشیاری مرۆڤەکان،  بەڵام هەمیشە ئافرەت لەلای زۆربەی ئایین و نەتەوەکان و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، سیمبولی جوانی و هەست و سۆز و خۆشەویستی و ئارامی و میهرەبانی بووە، ڕەنگە هەر ئەمەش گەورەترین هاندەر و پاڵنەر بێت بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئایدیای جوانی و پیرۆزی ئافرەت لە هزر و گوتاری شیعری جەلیزادەدا ڕەنگبداتەوە. ئافرەتبینی جەلیزادە لە وێنەیەکی زۆر ئەرێنی و جوان و سەنگین و بەرز و ناوازەدا  خۆی بنوێنێ, لە ڕاستیدا  تێڕوانینی شاعیر بۆ ئافرەت ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ و بەربڵاوی هەیە، ئافرەت لای ئەو گۆچانی سیحرییە، وەدیهێنەری گشت خۆزگە و ئاواتەکانە، لە یەک کاتدا  ژیان و مردنە، ژیانە کاتێک لەگەڵ ئافرەت و  لە باخچە جوانەکانی ئارامی ئافرەتدایە، بە پێچەوانەوە  خەم و ئازار و مەرگە، وەک لەم  پارچە شیعرەدا  بە ناونیشانی (ڤان ئیرۆتیک)خۆی دەنوێنێ و دەڵێ:

لە تاڵە ئاڵتونییەکانی قژت،

باڵێکم بۆ بچنە،

تا بۆ باخچە هەڵواسراوەکانی ئارامی ،

پێی هەڵفڕم (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٠).

جەلیزادە بەو پەڕی متمانەوە باوەڕی وایە، کە هەموو ئەندامەکانی ئافرەت، لە تاڵە قژەکانی سەرییەوە تاکو بنی پێیی، بە جوانی و خۆشەویستی و ئاسودەیی و ئارامییەوە تەژییە. بۆیە شاعیر داوا لە دڵبەرەکەی دەکات، لە تاڵە ئاڵتونییەکانی قژی کە وەک تیشکی خۆر دەدرەوشێتەوە، باڵێکی بۆ بچنێت، تا بەم هۆیەوە بتوانێت بۆ ئامێزی باخچە

هەڵواسراوەکانی ئارامی هەڵفڕێت و لەوێدا هەناسەیەکی قووڵی پڕ چێژی خۆشەویستی و ئارامی هەڵمژێت،

هەروەها شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی دیکەدا، زۆر بە توندی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە جگە لە جوانیی ئافرەت، چێژ لە هیچ ڕەگەزێکی دیکەی سروشت نابینێت و پێی وایە مانگ و ئەستێرە و هەتاو، جوانی لە ئافرەتەوە وەردەگرن، هەریەک لەمانە بەبێ جوانیی ئافرەت، جگە لە تەنێکی سوتماک و بێ بەها شتێکی دیکە نین، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت و دەڵێ:

مانگ و ئەستێرە و هەتاو،

هەموو شتێکم هەیە،

هەموو شتێک...

بەڵام تۆم نیت.

تۆ کێڵگەی پیاوێکی دیکەی.

من تۆم نیت،

کەواتە هیچم نییە،

هیچ،

هیچ ،

کەواتە من؛


سواڵکەرترین،

سواڵکەری سەر زەویم (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١١٦).

ئافرەت لە لای قوبادی جەلیزادە جوانترین و باشترین و گرینگترین و بە چێژترین و خۆشەویسترینە، هەربۆیە شاعیر بە خاوەنداریەتی و هەبوونی جوانیی ئافرەتەوە خۆی بە

دەوڵەمەندترین، خۆشبەختترین، گەورەترین، دەسەڵاتدارترین، ئاسوودە و دڵخۆشترین مرۆڤی سەر زەوی دەزانێت، بە نەبوونی جوانی ئافرەتیش، خۆی بە هەژارترین و بەدبەخترین و بچووکترین و بێ دەسەڵاترین و خەمبارترین مرۆڤی سەرزەوی دەزانێت، تا دەگاتە ئاستی هیچ و سواڵکەرترین، سواڵکەری سەر زەوی. هەرچۆنێک بێت دەتوانین پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە ئافرەت بەهەردوو لایەنی دەرەکی و ناوەکییەوە، واتا هەم لە ڕووی جوانیی لەش و لار، قەد و باڵا ، شۆخ و شەنگی جەستەیەوە، هەم لە ڕووی جوانیی هزر و بیر، ڕەوشت، هەست و سۆز و خۆشەویستییەوە کاریگەریی لەسەر مرۆڤ بە گشتی و ڕەگەزی نێر بە تایبەتی دروستکردووە. کە دیارە ئاستی کاریگەری هەر یەکە لە جوانیی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەتیش، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمیکی دیکە و لە کۆمەڵگە و کەلتوورێکەوە بۆ کۆمەڵگە و کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت، پێگە و بەهای هەریەکێک لەمانە بەرز و نزم دەبێتەوە. وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:

هێڵکاری ـ٨ (جەلیزادە لە پاڵ جوانیی ئافرەت و بە بێ جوانیی ئافرەت)



بێگومان لە پارچە شیعرێکی دیکەدا، شاعیر باس لە بایەخ و نرخ و بەها و کاریگەری جوانیی جەستە لەسەر ئاوەز و هزر و دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات، لەبەرئەوەی ''جەستە لە پلەی یەکەمە و هەموو جوانییەکانی دیکەی ژن، دوای جەستە دێن. چونکە جەستە بۆ ئەوە دروست بووە چێژ وەرگرێت و چێژ ببەخشێت. شاعیر ئەوە بە ئەرکی یەکەمی جەستە دەزانێت. ڕای وایە دەبێ ئەو کەلتوورە بەرد باران بکرێت، کە جەستەی پیرۆزی کردووە بە عەورەت. دیارە کە باسی جەستە دەکرێت باسی پیرۆزی جەستەی هەردوو ڕەگەزەکەیە، وەک چۆن ئافرەت بۆ پیاو سەرچاوەی چێژە، پیاوانیش هەمان شت. لەئاوێتە بوونی جەستەدا، نە ژن تیا سالارە نە پیاو. بەڵکو جەستە خۆی هەموو شتێکە. هەڵەن ئەو ژنانەی کە دەڵێن زۆربەی پیاوان ژن وەک کاڵا سەیر دەکەن، بیریان دەچێتەوە لە خۆشەویستی و سێکسی هاوسەنگدا، هەردوولا چێژ بەیەکتری دەبەخشن'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١/٤/١). ئەم بیروبۆچوونەش بەشێوەیەکی جوان و ئیستاتیکی بەرز لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ:

دەبا یاسایەکی نوێ،

بۆ پەیوەندی،

جەستە بە جەستەوە داڕێژین،

یاسایەک لە بەرژەوەندی،

گوڵە پەمەییەکانی لەش بێت و

لەگەڵ ئیقاعی پەپوولە،

ژیارخوازەکانی سەردەمدا ،

هاوڕێ بێت.

من و نیشتمانە زەلیلەکەم،

لەیەک دەچین،

ئەو هەر ڕۆژە،

پیاوێک داگیری دەکات و


من هەر ڕۆژە ژنێک!

ئەو شمشێری یاخی بوونی هەڵکێشاوە و

من شمشێری تەسلیم بوون ! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٢٩٧).

جەلیزادە لەم شیعرەدا، كە لە دەروونێكی پڕ ئەزموون و هەست و سۆزێكی ڕاستەقینەوە هەڵقوڵاوە، داوای داڕشتن و هێنانەكایەوەی یاسایەک دەكات كە تەژی بێت بە ئازادی جەستە و ڕووت بوونەوە، دوور لە هەموو فشارێكی فەرهەنگی و كەلتووری و كۆمەڵایەتی و ئایینی. یاسایەک لەگەڵ گوڵە پەمەییەكانی جەستەی ژندا هاوتا بێت و بە جوانیی پەپولەكان ئاشنا بێت، لەهەمان كاتدا لە وێنەیەكی دیكەدا شاعیر وێنەی لێكچواندنی خۆی و نیشتمانە زەلیلەكەی دەخاتەڕوو، كە چۆن نیشتمانەكەی هەر ڕۆژەی داگیركەرێک دەیخاتە ژێر ڕكیفی خۆیەوە و داگیری دەكات، لە بەرامبەردا شمشیری یاخی بوون بەرزدەكاتەوە، بەڵام كاتێک شاعیر هەر ڕۆژە ژنێک داگیری دەكات، كەچی بە پێچەوانەی نیشتمانەكەی، شمشێری تەسلیم بوون هەڵدەكێشێت، وەک لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا دەردەكەوێت:

هێڵكاری _٩ (جەلیزادە یەكسانە بە نیشتمانە زلیلەكەی)




دیارە ئافرەتبینی جەلیزادە زۆر جیاوازە لە تێڕوانینی كەسانی دیكەدا، ئەگەر ئافرەت بەلای زۆرێک لە مرۆڤەكان تەنها جێ بەجێكردنی ئەركی دایكایەتی و هاوسەریەتی و خوشكایەتی و هاوڕێیەتی بێت، ئەوا لە لای قوبادی جەلیزادەدا ئافرەت سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و گەنجییەتی و خۆڕاگری و گەشبینی و وزە پێدان و بایەخ پێدانی خودی و

خۆ جوانكردن و ئارامی دەروونییە، ئەمەش بە زەقی لەم كۆپلە شیعرانەدا بەدی دەكرێت كە دەڵێت:

بەرد بوو بە كانی.

چاوت بڕییە بیابانێک،

بیابان بوو بە دەریا،

دەستت دا لە گەڵای دارێک،

گەڵا بوو بە كۆتر.

تا بمكەی بە پەلكەزێڕینە؛ ماچمكە.(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٦٥).

یاخود دەڵێ:

یەكسەر بوو بە پەنجەرە،

كە گوێی لە پێكەنینی تۆ بوو،دیوار،

تۆ لە ژوورەكەی خۆتا ڕووت دەبیتەوە،

كەچی لێرە،

كتێبەكانم دەبن بە گوڵ فرۆش(جەلیزادە،٢٠٢٠: ٢٣٦)،

لەم شیعرەدا شاعیر ئەندامەكانی جەستەی ئافرەت تا ئەوپەڕی بەرزو پیرۆز و جوان دەنرخێنێت، بە شێوەیەک، ئەگەر پێ بخاتە سەر بەرد دەبێت بەكانی و دەست لە گەڵای دار بدات، دەبێت بە كۆتر، هەر بۆیە داوا لە یارەكەی دەكات ماچی بكات تا ببێتە پەلكە زێڕینە، كاتیكیش یار پێدەكەنێت دیوار دەبێت بە پەنجەرە، ئەو دەمەش دڵبەر لە ژوورەكەی خۆیدا ڕووت دەبێتەوە، كتێبەكان لە ژوورەكەی شاعیردا دەبن بە گوڵفرۆش، بەم شێوەیە شاعیر چەندەها وێنەی شیعری بەرز و بەهێز و كاریگەرمان پیشان دەدات، بەمەش تا ڕادەیەكی زۆر توانیویەتی داهێنان و گۆڕانكاری و جوداكاری لە شیعرەكانیدا بێنێتە كایەوە. دیارە وەک دەزانین ''لەڕووی جەستەییەوە ئەوە شتێكی سروشتییە، لەگەڵ هەڵكشانی تەمەن،

بەشێک لەهێزی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ ڕوو لە کزی دەکات. نە چاو چاوی جارانە، نە گوێ، نە قاچ، نە بۆن، نە ددان و ئەوانی دیکەش. ئەمە پڕۆسەیەکە هەموومرۆڤێک پێی تێپەڕ دەبێت. هەموو بوارەکانی ژین ڕوو لە کەمی دەکات. دیارە ئەوە بە گشتی و بۆ زۆرینە ڕاستە، چ مێ چ نێر. بەڵام ڕێزپەڕیش هەیە، کەبەر ئەو گۆڕانکاریانە ناکەوێ. قوبادی هەرزەکاری و قوبادی چەند ساڵ پێش ئێستا نییە. بەڵام مرۆڤدۆست و ژیاندۆست و ژندۆستە، سیستەمی بەرگری لەخەڵکی دیکە بەهیز ترە و توانای مانەوەی بە گەنجی پترە. مانەوە پێویستی بە وەرزشی دەروونییە، پێویستی بە ڕەگەزی بەرامبەرە، هێزە کزبوەکان بەرەو گەشانەوە ببات . ئەم خۆ مانەوە و نەکەوتنە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەمە لایەن و هەمە ڕەنگە. کە ڕەنگە سەرەکییەکەی خۆشەویستی ژنە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ١ /٢٠٢١/٤) چونکە بەلای قوبادی جەلیزداوە، جگە لە ژن هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت ڕۆح و جەستە پارچە پارچەکانی مرۆڤ کۆبکاتەوە. وەک لەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێ:

ئەو ژنە،

لەناو ستیانێکی ڕەشدا،

پارچە هەلا هەلا بووەکانی دڵم،

کۆدەکاتەوە.(جەلیزادە،٢٠١٩: ٢٤٦)

دواتر دەڵێ:

کە سەیری چاوەکانتم کرد،

بووم بە جۆگەیەک گۆرانی.

ئێستا گوێم، لە شڵپەشڵپی میلۆدی و

دارژانی نۆتەیە. .(جەلیزادە, ٢٠١٩: ٤٦٨).

جەلیزادە لێرەدا وەک شاعیرێکی خاوەن ئەزموون و شارەزا و سەلیقەی جوانی بە شێوەیەکی زۆر هونەرییانە مامەلە لەگەڵ وشە و دەستەواژەکان دەکات و وەستایانە لەدارشتنی شیعرەکانیدا بەکاریان دەهێنیت، تا بتوانیت بەم هۆیەوە جوانترین و کاریگەرترین گوزارشت لە جوانی ئافرەتدا بکات، هەست و نەستی لەمبارەیەوە دەرببڕێت، جگە لەمە

شاعیر لیرەدا چەند دیمەنیکی جیاوازمان پیشان دەدات. لە دیمەنی یەکەمدا: ژنێک لە ناو ستیانێکی ڕەشدا وەک مانگ و ئەستێرە وایە کە لە تاریکای شەودا دەدرەوشێتەوە. دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی پارچەکانی دڵی شاعیر. لە دیمەنی دووەمدا شاعیر کاتێک سەیری یارەکەی دەکات دەبیت بە جۆگەیەک گۆرانی، گوێبیستی شڵپە شڵپی میلۆدی و دابارانی نۆتەیە، کە هەموو ئەوانە لە چەندین لاوە کاریگەرییان لەسەر شاعیر دروستکردووە.

ئەگەر ئافرەت تەنها هۆکارێک و مۆتیڤێک بووبێت، بۆ بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک کار و کاردانەوە و دیاریکردنی ڕەفتار و ڕەوشت و تێڕوانین و ڕەهەند و لێکەوتەی جیاواز لە کەسانی دیکەدا، ئەوا ئافرەت لە لای جەلیزادە سەرچاوەیەکی بەهێزی خودخۆشویستن و بایەخدان بە خود و جوانی خود بووە، هەربۆیە ئافرەت پاڵنەرێکی هەمیشەیی و بەردەوامی وزە پێدان و خۆ جوانکردن و خۆگەنج کردنەوەی شاعیر بووە، بە شێوەیەک شەرمی لە خود فەرامۆشی خۆی بەرامبەر ژنان کردووە، زۆر لە تیر و توانجی ڕەخنەی ژنان ترساوە. هەر ئەمەش وای لە شاعیر کردووە تەنها شەرم لەژن بکا و پیاو جێی ئەو بایەخە نەبێت. بە شێوەیەک بەلایەوە ئاسانە بە جلێکی شڕ و جەستەیەکی چلکنەوە بچێتە کۆڕی دانیشتنی پیاوان. بەڵام هەرگیز بەرامبەر ژن، ئەو بوێریەی تیدا نەبێت. ژن ڕۆڵێکی مەزنی هەیە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆش بوێ و بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابێت بە لاوی بمێنێتەوە. ئەگەر جەستەش خیانەتی لێ بکات. بەڵام ناخی، ناخی کوڕێکی ژندۆست و جوان دۆست و ژیاندۆست و عاشقە، ئەمەش لەم کۆپلە شیعرەدا بە ئاشکرا دیارە. کە دەڵێ:

پەرداخێک،

شەڕابی لێوتم بدەیە،

تا پڕ ببمەوە،

لە جریوە جریوەی لاویەتی(جەلیزادە، ٢٠١ : ١٩).

شاعیر وەک هەمیشە بوێرانە هەست و نەستی سۆزداری خۆی بەرامبەر ڕەگەزی مێ دەردەبڕێت و دەیەوێت لە ڕێگای ماچی لێوی خۆشەویستەکەیەوە، کە لێرەدا بە پەرداخێک شەراب چوێندراوە، جارێکی دیکە شاد و مەست بێتەوە و پڕبێتەوە لە جریوە جریوەی جوانی و لاویەتی.

### ٣,١,٢ ڕەنگدانەوەی خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا:

ڕێبازە فەلسەفییەکانی ئەدەبی زۆربەیان بە شوێن چێژ و خۆشی و شادییەوە وێڵن، لەبەرئەوە بابەتی خۆشی و شادی لەو بابەتە مرۆڤایەتییە کاریگەر و گرنگانەیە، کە هانی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی داوە تا لەم بارەیەوە بەهرە و توانا و ڕۆڵی خۆیان بخەنە گەڕ، چونکە خۆشی و شادیی دەق، یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە ئاست و پایەکانی جوانیناسیی دەقی بەرز و بەهێز کردۆتەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەرجەستەکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەری دەق و سەرنج ڕاکێشانی، لەبەرئەوە هەمیشە مرۆڤەکان لە خەم و خولیای ئەو شتانە دان کە نیانە، یان بۆشایی و کەموکورتی لە ژیانیان دروست کردووە، بۆیە دەبینین کورتە باڵاکان خەونیان بە باڵای بەرزەوە بینوە و پێیان وایە خۆشی و شادی لە باڵای بەرزدایە. هەژارەکانیش خۆشی و شادی لە سەروەت و سامان و دەوڵەمەندیدا بینیوە، ڕوخسار ناشیرینەکانیش شادیان لە جوانیدا بەدی کردووە و کەسانێکیش شادیان لە هەوسبازی چڕکردۆتەوە، هەرچۆنێک بێت''جوانی بە لە ئەستۆگرتنی ئەو بیرو باوەڕە ڕەخنەییانە هەڵدەستێت، کە وابەستەیە بە بوارەکانی جوانییەوە. وەک: سروشتی هونەری جوان چییە؟ چ شتێک هونەرمەندی داهێنەر لە ناهونەرمەند جیادەکاتەوە؟ وە چ جۆرە ئەزموونێک چێژ و خۆشی بە هونەر دەبەخشیٚ؟ بۆچی ئەم ئەزموونە بەهادارە؟'' (ستولینتز، ١٩٨١: ٧٠). بێگومان هەموو ئەمانە پرسیارگەلێکن کە چەندین بیروڕای جیاوازیان لەم بارەیەوە هێناوەتە کایەوە، کە بەشیکییان جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە.

ئەگەرچی "شیعر گوزارشت لە ئەزموونێک دەکات، کە دەربڕینەکان بەشێوەیەکی چڕ کۆدەکاتەوە'' (الیزا بیث, ١٩٦١: ١٠). بەڵام بەهرە و ئەزموون و توانا و زەوق و سەلیقە و جوانبینی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانیش ڕۆڵێکی سەرەکی و گرینگیان لە داهێنانی بەرهەمی جوان و ناوازەدا هەیە، لە دەرئەنجامیشدا هۆکارێکی کاریگەریشە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم ڕێگایەوە جوانی و نەمری و زیندوویەتی بە بەرهەمەکەی ببەخشێت. بۆیە"بۆ خۆشی وەرگرتن لە جوانی ئەوەندە بەسە کە ئادەمیزاد زەوقی هەبێت. واتە توانستی وێناندنی شتەکەی هەبێت، داخۆ خۆشی تیایە یان ناخۆشی. یان هەڵسەنگاندنی شتەکە یان بابەتەکە، داخۆ خۆشی بەخشە یان نا، بەبیٚ ئەوەی هیچ نیازێکی دیاریکراو لە گۆڕیٚ بیٚ. کەواتە بۆ هێنانەکایەی پرۆسەی خۆشیی دەق یان دەقی خۆشی بەخش ئەزموون و زەوق و سەلیقەی هونەری و لایەنی ڕوخسار و ئیستاتیکییەت و تازەگەری، پڕ بایەخترە نەک لایەنی ئایدیا و ناوەڕۆک. چونکە مرۆڤ وەکو غەریزەیەک هەر لە سەرەتاوە حەز بە شتی


تازە و نویێ دەکات، هەموو شتێکی تازە و نوێش چێژ و خۆشی پێدەگەیەنێت. ئینجا ئەوشتە یان ئەو بەرهەمە کەم تا زۆر سوودبەخش بێ یان نا'' (میراودەلی، ٢٠٠٥:  ٦٥). هەر لەم بارەیەوە ''ڕۆلان بارت جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە و بۆ چەمک و پێناسەی خۆشی دوو خاڵ دەست نیشان دەکات: یەکەمیان هەموو تازەیەک خۆشی بەخشە. دووەمیان ئەوەیە بنەما بەربڵاوییە، بێ بنەما خۆشی بەخشە'' (گەرمیانی،٢٠١٠: ٢١ ).

قوبادی جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەنی فەرهەنگێکی تازەی وشەی شیعری و کاریگەری تایبەت بەخۆیەتی و لەم بوارەدا ڕێچکەی خۆی دۆزیوەتەوە و بەشێوەیەک توانیویەتی شیعرەکانی بکاتە فەرهەنگێکی تایبەت بە وشە و زمانی مێینە. کە چەندەها وشەی سادە و ساکار و جوان و ناسک و وروژێنەر و کاریگەری تایبەت بەجیهانی ئافرەتی لە خۆگرتووە.'' زمانی شاعیر زمانێکی پڕ چێژی وشەی کوردی پەتییە و دوورە لە بەکارهێنانی وشەی سواو و قورسی بێگانە. بەڵکو بە پێچەوانەوە شاعیر وەستایانە و هونەرییانە یاری بە وشە کردووە، بە شێوەیەکی زۆر زیرەک و سیحراویانە وشەکانی لە جێگا و شوێنی پێویستدا، لە ناو دەقی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. لە هەردوو لایەنی سیمۆلۆژی و ئیستاتیکییەتی زمانەوە، گیانی تازەگەری و زیندوویەتی و بەردەوامی و چێژ و خۆشی پێ بەخشیوە.

لەم بارەیەوە (ئەکرەمی میهرداد) دەڵێ: شیعری قوباد پێمان دەڵێ: لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و نەریتی  و ئەدەبی هەتا ئێستا دوور دەکەومەوە و بە شێوازی تایبەتی خۆی و زمانی کورت خایان و دابڕان، لە مانا پێش وەختەکان دەنووسێ، واتە زمانی شیعری قوبادی جەلیزادە  زمانێکی پڕ چێژ و خۆشی بەخشە، زمانێکی سادە و ساکار بەڵام بارگاوییە بە هونەرەکانی جوانکاریی زمان. بۆ ئەوەی وشەکان بتوانن سەرمەستانە چێژ و لەزەت  لە شەرابە کۆنینە و تازەکانی نێو کاسەی نەمرایەتی و نەمری وەربگرن.  لەگەڵ فریشتە باڵ عاتیفەکانی جوانی بکەونە ناو تەقسی سەمایەکی سەرشێتانە'' (فەتاح، ٢٠١٥: ٧٢). بەم هۆیەشەوە  شاعیر  توانیویەتی جوانی و جیهانی ئافرەت بکاتە سەرچاوەی فەرهەنگی شیعرەکانی و داهێنان و گۆڕانکاری و جوداکاری بکات، خۆشی و شادی لە شیعرەکانیدا بێنێتە کایەوە و کاریگەری لە سەر خوێنەری دەق دروست بکات. بەڵام لە بارەی جوانیی ئافرەت وەک سەرچاوەیەکی گرنگی وێنەی شعری، عەزرا پاوند، دەڵێت: وێنە تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆزە لە چرکەیەک لە چرکەکانی ژیاندا. واتە وێنە لە کاتی تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆز و خەیاڵدا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە داهێنانێکی تەواوی بیر. (نازک الملائکە)

دەڵێت: نەبوونی وێنە لە ناو شیعردا زۆر لە جوانی و ڕەسەنایەتی لە دەست دەدات '' (گەردی، ٢٠٠٤: ٤١). ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە وێنەی شیعری سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکیی خۆشی بەخشە بە دەق و خوێنەری دەق. کە شاعیر یان نووسەر بە هۆی زەوق و سەلیقە و ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە لە جوانییەوە هەڵیدەهێنجێت، بە تایبەتی لە چوارچێوەی جوانیی ئافرەتدا، دواتریش لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاریگەری و ڕەنگدانەوە لەسەر سیما و شێوازی دەق و خوێنەری دەق دروست دەکات.

هێڵکاری_١٠ (خۆشی جوانیی ئافرەت)



### ١,٣,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و شادی، ڕۆحی و هزری:

ئافرەت و جوانیی ئافرەت، جگە لەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکیی چێژە، لە هەمان کاتدا گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکاری هێنانەکایەەی خۆشی و شادییە، لە هەردوو لایەنی ڕوحی و هزری مرۆڤەوە. چونکە هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانێت بە بێ ئافرەت بە ترۆپکی خۆشیی و شادییەکانی بگات. ئافرەت و ڕەهەند و لێکەوتەکانی جوانیی ئافرەت گەورەترین پێگەی لە پێکهاتەی خۆشی و شادییەکانی مرۆڤ پێکهیناوە. بە شێوەیەک کاریگەرییەکی فراوانی لە سەر لایەنی ڕۆحی و هزریی مرۆڤ دروست کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین زۆربەی مرۆڤەکان بە بێ جوانیی ئافرەت ناتوانن ژیان بە جوانی ببین و ڕۆحیان ئاسوودە بێت و هزریان ساغ و تەواو و دروست بێت. جا ئەو جوانییە جوانیی دەرەوە یان جوانیی ناوەوەی ئافرەت بێت. جەلیزادە لەو شاعیرە ژندۆست و دژە باوانەیە، کە هەمیشە و بە بەردەوامی بە پێچەوانەی هەموو پیاوانی دیکە لە پێناو ژن و بۆ ژن ژیاوە، هەموو تەمەنیشی لەگەڵ ژن و خولیاکانی ژندا بەسەر بردووە، خۆشی و شادی تەنها و تەنها لە جوانیی ئافرەتدا بینیوە، تاکە بۆشاییەک لە ژیانی جەلیزادەدا بوونی هەبێت و ئازاربەخش بوو بێت تەنها ئافرەت بووە. هەموو هیوا و ئومێد حەز و مەبەستێکی لە چوارچێوەی خۆشەویستی و جوانی ئافرەتدا هەڵچنیووە. جەلیزادە بە پێچەوانەی ئەو شەپۆڵ و کەلتوور و ئاڕاستانەی دژ بە ماف و خەون و خولیایی ئافرەتان، لە فکری پیاو سالارییەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕاشکاوانە هەستی خۆی دەربڕیوە: ''من لە پیاو فێری وەفاداری و دڵسۆزی و سۆز و خۆشەویستی نەبووم. من تا ئیستاش خوێندکاری قوتابخانەیەکم کە ژن وانەی تێدا دەڵێتەوە. گەر ژندۆست نەبوومایە ڕەنگە لە بڕی شاعیر بوون ، ڕاوکەرێکی کۆتر و ئاسک کوژ بومایە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١) جەلیزادە بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە، پەیامەکەی دەربارەی خۆشیبەخشی جوانیی ئافرەت ئاڕاستە کردووە، وەک لەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

بمدەرێ،

چەپکێ تریفەی مەمکەکانتم بدەرێ،

تا لە شەوی ئەنگوستە چاوا،

بەشوێن گوڵە ونبووەکانی،

بەختەوەریدا،

بگەڕێم (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٠).

لێرەدا شاعیر بۆ ئەوەی بگات بە لوتکەی بەختەوەری و ڕۆحی شاد و ئاسوودە بێت و بیر و هزری ڕۆشن بێت، لە وێنەیەکی شیعری هونەری جوان و ناسک و ناوازەدا، داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات، چەپکێ تریفەی مەمکە توند و سپی و ڕەونەقدارەکانی بداتێ، کە وەک ئەڵماس و گەوهەر دەدرەوشێنەوە، تا بەم هۆیەوە بتوانێت بە شوێن گوڵە ونبووەکانی بەختەوەریی خۆیدا بگەڕێت و بە باخچەی ئاواتەکانی بگات، کە چەندەها ساڵە بە شوێنیدا وێڵە و لە پێناویدا تێدەکۆشێت.

جگە لەمەش وەک دەردەکەوێت، شیعری جەلیزادە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی لە گۆڕانی بیروباوەڕ و جیهانبینی کۆمەڵگا و گۆڕانی زەوق و سەلیقەی مرۆڤدا هەیە. ئەمە خۆی لەخۆیدا مژدە بەخشە. ڕەوتی ئافرەتبینی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا، بەرەو کردنەوەی پەنجەرە داخراوەکانی کۆمەڵگا و ڕێکخستنەوەیەتی و داماڵینیەتی لە کەلتوورێکی هێنراو و ناحەز کە نامۆیە بە کوردەواری. لە سەروی هەموو ئەوانەوە، جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی کە بەوپەڕی ئازادییەوە بۆ جوانی و میهرەبانی ئافرەت دەنووسێت و ڕەخنە لەو کەلتوورە کۆنە دەگرێت، کە دەبنە هۆی ناشیرین کردن و فەوتاندنی جوانییەکانی ئافرەت، لەهەمان کاتیشدا بایەخ و پێگە و بەهای جوانیی ئافرەت بەشێوەیەکی هزری لە ژیانی مرۆڤدا دەخاتە ڕوو. وەک لەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێ:

ئێمە،

بە ئاشکرا،

پیاو دەکوژین،

بە دزیەوە،

یەکتری ماچ دەکەین (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٤).

شاعیر لێرەدا لەڕێگای ئەو پەیامە شیعرییەوە، لە گۆشەنیگای هزریەوە دەیەوێت لە لایەکەوە سەرزەنشتی کۆمەڵگاکەی بکات، لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگاکەی لەو خەوە قووڵ و دوور و درێژە هەڵبستێنێت و هۆشیاری بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت دیاردە چەوت ناشیرینەکان لە

نەریت و دیاردە ڕاست و دروست و ژیارییەکان جیا بکاتەوە، چیدیکە بە ئاشکرا پیاو نەکوژرێت و بە دزیەوەش ماچ نەکرێت. هزری مرۆڤ ڕۆشن بکاتەوە.

هەروەها ئامانجی سەرەکی شاعیر پیشاندان و گواستنەوەی جوانی و میهرەبانی و پیرۆزی ئافرەتە لە بازنەی شیعر و ئەدەبیاتەوە بۆ شەقام و کۆمەڵگا. وروژاندنی ئەو پرسیارەیە، کە بۆ دەبێت کوشتن بە ئاشکرا و خۆشەویستی بە دزییەوە بێت؟ هەرچۆنێک بێت،جەلیزادە بە پلەی یەکەم خۆشیی و شادیی ڕوحی و هزری لە جوانیی ئافرەتدا دەدۆزیتەوە و کەمتر خۆشی و شادی لە جوانیی سروشتدا بەدی دەکات. ڕاستی ئەم بۆچوونەش لەم پارچە شیعرەدا بەزەقی خۆی دەنوێنێت، کە دەڵێ:

خۆر پیر دەبێت و

تۆش هەر،

گزنگی جوانیت.

مانگ هەڵدەوەرێت و

تۆ هەر،

ڕێژنە ڕووناکی چلچرای،

وەرە؛ پڕم کە لە هاژەی منداڵی و

لە ورشە ورشی جوانیت.

وەرە؛ چرچەکانی ڕۆحم لێ بسێنەوە،

وەرە؛ دام تەکێنە لە تۆزی پیری (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٥٥).

یاخود دەڵێ:

بمبەرە بەر ڕێژنە بارانی دیدەت،

با بیابانی ڕۆح،

سەوز بێتەوە لەمەستی (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٣).

ا ئەگەر لە دیدێکی  قووڵ و فکری و بابەتییەوە، بە وردی سەیری وێنەکان بکەین و شرۆڤە و لێکدانەوەی شیعرییان بۆ بکەین، ئەوا کۆمەڵێک وێنە و بیر و تێڕوانینی جوان بەدی دەکەین، کە هەموویان هێما و ئاماژەن بۆ شادی و خۆشی بەخشیی ئافرەت و زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویدان،  شاعیر  لە وێنەی یەکەمدا داوا لە یارەکەی دەکات، پڕی بکات لە هاژە هاژی منداڵی و ورشە ورشی جوانی. لە وێنەی دووەمیشدا داوا دەکات چرچییەکانی لە کۆڵ بکاتەوە و دایتەکێنێت لە تۆزی پیری، لەوێنەی سێیەمیشدا شاعیر خۆشەویستەکەی  بە سەرچاوەی مانەوە و ئاسودەیی دڵ و ڕۆح و ژیان دەزانێت، بۆیە داوا لە دڵخوازەکەی دەکات بیباتە بەر ڕێژنە بارانی چاوەکانی، تا بەم هۆیەوە بیابانی ڕۆحی سەوز بێتەوە. کە هەموو ئەوانە زیاتر لە ڕەهەندێکی هەیە و زۆرتر لە واتایەک لەخۆدەگرێت، ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی بەخش و ئاسودەیی ڕۆحی و هزری پیشان دەدات.

### ٢,٣,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی خێر و چاکە:

ئافرەت ژێدەری ژیانە و پاڵنەری بوون و بەردەوامییە، هاندەری گشت چالاکییەکانی مرۆڤە، جوانیی ئافرەتیش ئاوێنەی ڕەوا و ڕاستییە، ئەگەرچی بنەمایەکی چەسپاوی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەپێی دیدی کەسەکان و ڕێژەی جوانییەکە، پێوانەی تایبەتی دەبێت. لە دیرۆکی زۆر کۆنەوە ''بیرمەند و فەیلەسووفەکان تێڕوانینی هزریان بۆ جوانی هەیە، پێیان وایە کە بەهاکانی جوانیی ڕەهان و ناگۆڕێن، خێر و جوانیش دەستکردی مرۆڤ نین، بەڵکو بەشێکن لە پێکهاتەی بوونەوە'' (فرحان،  ١٩٨٩: ٤٩). بێگومان هەر یەکە لە  جوانی و ڕاستی لە بۆتەیەکدا تواونەتەوە و وەها ئاوێتەی یەکتر بوون، کە هەرگیز توانای لێک جیاکردنەوەیان نییە، بۆیە شاعیری فەرەنسی  (ئەلفرێد دی مۆسیە) دەڵێ: ''ڕاستی نییە بێ جوانی بێ، جوانیش نییە بێ ڕاستی بێ'' (هلال, ١٩٨١: ١٧) بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە جوانی لە هەموو شتێکدا هەبێت و لای هەموو کەسێک وەک یەک بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە جوانیی شتەکان و پێوەری ئەو جوانییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت، هەر وەک ''دێڤید هیوم, حوکمی ئەوە دەدات، کە جوانی لە چاوی وەرگرەکە، یا بینەرەکە دایە'' (بریسلیر, ٢٠٠٢:  ٣٣). لە نێوان مرۆڤ و جوانیدا هێزێکی موگناتیسی بەهێز هەیە، کە وای لە مرۆڤ کردووە لە سنووری ئەم خولگەیەدا بسووڕێتەوە و نەتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات.

چونکە ''جوانی ئەو ڕاستییە جەخت لەسەر کێشکردنی هونەرمەند بۆ لای خۆی دەکات، لە هەمان کاتدا لە سەرووی خێر و ڕەوادایە، چونکە خێر و ڕەوا هەمیشە جوانە، هونەرمەندی داهێنەر بەدوایدا دەگەڕێ'' ( محمود، ١٩٩١: ٣٠).

جوانی پێویستییەکی ژیان و هونەرە، بێ جوانی هیچ کام لەمانە دروست و تەواو نابن و پرۆسەی داهێنان و گۆڕانکاری ڕوو نادات، ''بەهای جوانی ئامانجی هێنانە کایەی گونجان و ڕێکخستن و جوانییە لە کاری هونەری دا'' (محمود, ١٩٩١: ٣٠). ئەرستۆ دەڵێت: ''داڕشتنەوە لە شیعردا، مرۆڤەکان باشتر یان خراپتر، یان وەکو خۆیان وێنا دەکات، بەو پێیە، شاعیرەکان وەکو تابلۆکێشەکانن، بۆنموونە (پۆلیگنۆتیس) وێنەی کەسەکان چاکتر لە خۆیان وێنا دەکات، (باویسۆن) خراپتر لە خۆیان وێنا دەکات، بەڵام (دیۆنسیۆس) کەسەکان وەکو خۆیان وێنا دەکات'' (مطر ، ٢٠١٩: ٧٥).

هەروەها ''سۆقرات تا کۆتایی ژیانی ناکۆک بوو لەگەڵ شاعیران و هونەرمەندان، لەبەر ئەوەی کارە هونەرەکانیان لە پێناوی وێناکردن و خستنەڕووی چاکەی ڕەهاو ئەخلاقی بەرزدا نەبووە. بە گشتی هونەری چاک و بۆچوونی جوان فاکتەرن بۆ خزمەتی ژیان، سۆقرات دەیکات بە دەستنوێژێک بۆ سەرجەم هونەرمەندان، پێویستە مرۆڤ ئاڕاستەی چاکە بکەن. وەک پیتاگۆرییەکان ئارستەیان دەکرد. پێویستە دەربڕین لە پێناوی دۆزینەوەی هەقیقەت و ڕاستی بێت''(مطر, ٢٠١٩: ٣٣).

دیارە دەتوانین بڵێین ئەم بیروبۆچوونانەی سۆقرات و فەیلەسووفەکانی دیکەی دوای ئەو، کاریگەرییەکی بەرز و بەهێزیان لەسەر شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دروست کردووە، بەشێوەیەک زۆریک لەمانە بابەتی خێرو چاکە، کە لە سەرچاوەی ئافرەت و جوانی ئافرەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بووە بەهەوێن و کەرەستەی چەندین بەرهەم و شاکاری ئەدەبی هونەری لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

شاعیرانی کورد بەگشتی و جەلیزادە بە تایبەتی یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسک و جوانبینانەی کە هەمیشە و بە بەردەوامی ڕەگەزی مێینە و ئافرەت و جوانیی ئافرەتی بە سەرچاوەی خێر و چاکە داناوە و هەموو شتێکی جوان و خێر و چاکەی لە جوانی ئافرەتدا چڕ کردۆتەوە، ئەم دیاردەیەش بە تەواوەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرەی شاعیردا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

چاوەکانی تۆ نەبوونایە،

بێ زەوق دەبووم...

پەلکە زێڕینەم،

ڕادەستی باران دەکردەوە.

بارانم دەدایەوە هەور.

هەورم دەدایەوە هەڵم،

دەریام ڕادەستی وشکانی دەکرد.

دەنگی بەسۆزت نەبوایە،

سەرسەری دەبووم.

هەر شەوە،

لە مەیخانەیەکدا،

بەد مەست.

گڵاسم دەگرتە سەری بارمەنەکان.

هەر شەوە،

لە سەر سینگی ژنێکدا،

دەڕشامەوە.

هەر شەوە،

لە بنکەیەکی پۆلیسدا،

ڕۆژم دەکردەوە.

پاکیی تۆ نەبوایە،

حاکمێکی بەرتیل خۆر دەبووم.

تەرازووی عەدالەتم،

دەخستە بن پێم.


گەل و نیشتمانم،

دەدا بە پوولێک (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٢٠).

لەم دەقەدا ئافرەت بووە بە چەقی هەموو خێر و چاکە و جوانییەکان، بە شێوەیەک هەموو ڕێگاکانی جوانیی خێر و چاکە بۆ بوونی ئافرەت دەگەڕێتەوە، لە دیدی جەلیزادەدا، لە کوێدا ئافرەت هەبێت، ژیان، خۆشەویستی، بەردەوامی، وەفا، پاکی، ڕاستگۆیی، زەوق و سەلیقە، باران، کۆلکە زێڕینە، ئاو، ئاوەدانی، یەکسانی، دادپەروەری، ئاشتی، تەبایی، ئاسوودەیی، هێمنی، ئارامی، ڕێز، خۆشەویستی، پیرۆزیی گەل و نیشتمان هەیە.

جەلیزادە زۆر بە توندی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەگەر چاوەکانی یار نەبووایە، ئەوا بێ هەست و نابینا و بێ زەوق و سەلیقە دەبووم... ئەگەر جوانی ئافرەت نەبووایە، خۆم لە پەلکە زێڕینە و باران و هەور دەشاردەوە و بەلاوەم دەنا، چونکە بە تەڕی باران بێزار و وەڕس دەبووم، بینینی هەوریش بەرچاوی تەنگ و ژیانی ڕەش و تاریک دەکردم. بۆیە دەریای ئاسوودەیم وشکی دەکرد، چونکە ئەگەر دەنگی بە سۆز و نەرم و ناسکی ئافرەت نەبوایە، دڵڕەق و بێ بەزەیی و سەرسەری دەبووم. هەر ڕۆژە لە کەلاوەیەکدا و هەر شەوە لە مەیخانەیەکدا، بەدمەست دەبووم، شەڕفرۆشیم دەکرد و گڵاسم دەگرتە سەری بارمەنەکان. هەر شەوە، لە سەر سینگی ژنێکدا، دەڕشامەوە. ئەگەر جوانی و خۆشەویستیی ئافرەت نەبوایە، هەر شەوە، لە بنکەیەکی پۆلیسدا، ڕۆژم دەکردەوە. ئەگەر پاکیی و هێزی خۆشەویستیی ئافرەت نەبوایە، حاکمێکی خوار و خێچ و بەرتیل خۆر دەبووم. تەرازووی عەدالەتم دەخستە بن پێم. گەل و نیشتمانیش لە هەموو بەهایەکی ڕەوشتی، مرۆیی دادەماڵرا و هیچ نرخ و بایەخێکی نەدەبوو، هەر هەموویم بە پولێک دەفرۆشت. وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

هێڵکاری _١١ (جەلیزادە لە ژێر چاوی ئافرەت و دوور لە چاوی ئافرەت)



### ٣,٣,١,٢ ئافرەت وەک سەرچاوەی زیندویێتی، بەردەوامی و نەمری:

ئافرەت بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵگە و گەشەسەندنیەتی، لە هەمان کاتدا لە گرینگترین ڕەگەزەکانی خێزان و بونیادی خێزانە، چونکە ئافرەت بە دریژایی مێژوو و سەردەمە جیاوازەکان پێشەنگی قوربانیدان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی و ڕامیاری و جوڵانەوە نیشتمانی و نەتەوەیەکاندا هەبووە.

لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، لە مەیدانی شیعر و ئەدەبیات و پرسە گرینگەکانی دیکەی وەک خۆشەویستی و ژیانیشدا چ وەک دایک، کچ، خوشک، هاوسەر ، هاوڕێ، یار و دڵبەر سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و نەمری بووە. هەر ئەمانەش وای لێکردووە ببێتە جێگای بایەخی ئایینە جیاوازەکان لە لایەک و شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و ڕوناکبیران و کۆمەڵناسان، لەلایەکی دیکەوە. ئافرەت سەرچاوەیەکی سەرەکی هەست و سۆز و میهرەبانییە، بە هەبوونیشی گشت جوانییەک دێتە کایەوە. ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە گەشەپێدان و بەردەوامی کۆمەڵگەدا هەیە. پاڵپشتێکی بەهێزی هەموو گۆڕانکارییەک و داهێنانێکی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانە. ئەمەش هۆکارێکی پڕ بایەخە بۆ گەشەپێدانی توانستی فیکری و جەستەیی. جەلیزادە وەک مێناسێکی شارەزا هاوشانی زیندوویەتی و بەردەوامیی جوانیی ئافرەت ڕۆیشتووە و بۆ ساتێکیش لە میحرابی جوانیی ئافرەتدا دوور نەکەوتۆتەوە، بەڵکو بێ وچان بەهرە و خورپە و سروشی لە جوانیی ئافرەتەوە وەرگرتووە و لە بەرامبەریشدا لە بەرهەمەکانیدا نەمری و زیندوویەتی بە بابەتی ئافرەت و جوانیی ئافرەت بەخشیوە. بەم هۆیەشەوە داهێنان و گۆڕانکاری لە شیعرەکانیدا کردووە، ئەمەش نموونەیەکە لەم کۆپلە شیعرانەی جەلیزادە لەم بارەیەوە، کە دەڵێ:

ژنێک؛

پێی حەیفە پیر ببم،

پێی گوناهە،

نەخۆش کەوم.

پێی کفرە بمرم (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٢٤).

یاخود دەڵێ:

بمدەیە...

خەنجەرێک بۆ زیندووبوونەوە،


کوڵینگێک، تا لە شەتاوی عیشقدا،

گۆڕی نەمری پێ هەڵکەنم! (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢١).

لێرەدا لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی واقعی بۆ ئەم کۆپلە شیعرانە، کە هەر هەموویان لە خولگەی بابەتەکانی ئافرەت و زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویداندا دەسوڕێنەوە. کۆمەڵێک وێنە و تێڕوانینی جۆراوجۆرمان لە لا بەرجەستە دەبێت. کە شاعیر توانیویەتی هەر یەکێک لەم وێنانە لە فۆرم و ناوەرۆکێکی زۆر نایاب و واتادار و جوان و سەرنجڕاکیش و ئیستاتیکی و پر داهێنان و تازەگەری دابڕێژێت. لە وێنەی یەکەمدا، شاعیر باس لە ڕۆڵ و گرینگی و کاریگەری پاڵنەر و هۆکاری جوانیی ئافرەت دەکات، بۆ هێشتنەوەی مرۆڤ بەگەنجی و ڕیگری کردنی لە کەوتن و مردنی. چونکە جەلیزادە پێمان دەڵێ: ئەوە تەنها ئافرەتە کە پێی حەیفە پیر بم و پێی گوناهە نەخۆش کەوم و پێی تاوانە بمرم، کەواتە تاکە شتێک هۆکاری مانەوەی شاعیر بێت بە گەنجی و ساغ و تەندروست و زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویدان. تەنها و تەنها هەر ئافرەتە. بەڵام لە وێنەی دووەمدا شاعیر داوای خەنجەرێک و کوڵینگێک لە خۆشەویستەکەی دەکات، یەکەمیان بۆ زیندووبوونەوە، دووەمیشیان بۆ نەمری.

بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو ئەو وێنانەدا، شاعیر جەخت لەسەر کاڵنەبوونەوەی ئەزەلی خۆشەویستییەکی قووڵ و گەورە و بە هێز و فراوان بۆ ئافرەت دەکاتەوە، شاعیر لە ڕێگای خەیاڵ و ئەندێشەی خودی خۆیەوە، بۆ جیهانی زیندوویەتی و نەمری دەڕوانێ، کە جوانی ئافرەت سەرچاوەکەیەتی، بە شێوەیەک ئافرەتبینی جەلیزادە لە زۆر کاتدا لە دۆخی ئاسایی دەچێتە دەرەوە و بەرە و جیهانی فەنتازی و ئەفسانەیی شۆڕ دەبێتەوە. چونکە ئەم تەرزە وەسفەی شاعیر بۆ جوانیی ئافرەت و خۆشەویستەکەی ئەوەمان پێدەڵێت: کە لە دیدی جەلیزادەدا جاویدانیی مرۆڤ و بەسەوزی مانەوەی جوانی و خۆشەویستی تەنها لە جوانی و خۆشەویستی ئافرەتدا بەرجەستە دەبێت و دێتەکایەوە. وەک لەم هێلکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:

هێڵکاری_١٢ (ئافرەت و چێژ و خۆشیی جوانی)



## ٢,٢ جوانیی ئافرەت و کاریگەریی هەستەکان لە شیعرەکانی جەلیزادەدا:

وەک ئاشکرایە جوانیی ئافرەت کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر هەستەکانی مرۆڤدا هەیە، بە پێچەوانەوە هەستەکانیش ڕۆڵ و ئەرکێکی سەرەکییان لە دیاریکردنی ئاست و پایەکانی جوانیی ئافرەتدا هەیە. وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:-

### ١,٢,٢ کاریگەری هەستگۆڕکێ لە شیعرەکانی شاعیردا:


هەستگۆڕکێ یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگ و سەرەکییانەی کە جوانیناسیی شیعری لەسەر بونیاد نراوە، بەتایبەتی ئەو هەستانەی لە بازنەی جوانیی ئافرەتدا دەخولێنەوە. هەر بۆیە شاعیران بە مەبەستی بەخشینی ئیستاتیکا بە شیعرەکانیان پەنایان بۆ بەکارهێنانی هەستگۆڕکێ بردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین،''زۆربەی زانایانی جوانیناسی لە سەر ئەوە کۆکن، کە ئەزموونی جوانی، ئەزموونێکی خودییە. هیچ گومانی تێدانییە، لێرەدا بابەتی دەرەکی ئامادەییەکی مادی هەستیاری هەیە، بەڵام هەستەکانی جوانی ئەزموونێکی خودییە، تابلۆی هونەری، پەیکەر، دیمەنێکی سروشتی، ئاوازی مۆسیقا بەستەیەکی شیعری، بابەتی مادیی هەستییە، بوونێکی فیزیکی هەیە، بەڵام جوانی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی هەستەکان و ئەزموونی خودی'' (حلبي، ٢٠٢٠: ١٦٤). لە پاڵ ئەمەدا هونەری هەستگۆرکێ پشت بە جۆرەکانی پەیوەندی نێوان هەستەکان دەبەستێ و لە ئەنجامی جێگۆڕکێی هەستەکان دێتە کایەوە. ''دیارە هەر لە کۆنەوە هەستگۆڕکێ گەلێک ناوی تایبەتی و زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە. وەک دەزانین لە ئەدەبیاتی کوردیدا زاراوەی هەستگۆڕکێ بەکارهاتووە و لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی ( تراسل الحواس) بەکاردێت . لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بە زاراوەی(حس امیزی) ناودەبرێت، وە لە ئەدەبیاتی رۆژئاواییدا(Synethesia _ سینسزی) پێدەوترێت. ئەو وشەیە لە زمانی یۆنانیدا بەواتای پەیوەندی نێوان هەستە تێکەڵاوەکان دێ'' (کریمی،١٣٨٧: ١٣٨). بەڵام لە ڕووی شوناسەوە ''هەستگۆڕکێ بریتییە لە بەکارهێنانی میتافۆری هەستەکان، یاخود ئەو دەستەواژە و دەربڕینانەی پەیوەندییان بەهەستەکانەوە هەیە، لە لایەن نوسەرەوە'' ( O'Malley, G, 1957: 391). یان دەتوانین بڵێین: ''هەستگۆڕکێ هۆکارێکە بۆ بەیەک بەستنەوەی هونەرەکان لە ڕێگای یەکەی دەروونی هەستەکانەوە، کە ئەمەش بۆ گواستنەوەی خاسیەتەکانی هەستێک بۆ هەستێکی دیکە دەگەڕێتەوە. وەک گۆڕینی دەقێک بۆ تۆنێک یان تۆنێک بۆ ڕەنگێک یان بۆنێک یان تامێک. چونکە سروشتی هەریەکە لە هونەرەکانی وەک شیعر، وێنەکێشان، مۆسیقا، پەیکەرتاشی،

هەڵپەڕکێ هتد... ئەمانە هەموویان بە شێوازێک لە شێوازەکان جێگای بایەخی هەستەوەرە جیاوازەکانن، کە لە ڕووی لێکچوون و کاریگەرییەوە هاوبەشیان تێدا بەدی دەکرێت'' (marks,1984: 427). هەرچۆنێک بێت ''هەستەکان ناتوانن درک بە هەموو ئەو ڕاستییانە بکەن، کە لە جیهاندا بوونیان هەیە و چواردەورەی ئێمەیان تەنیووە. چونکە توانای مرۆڤ بۆ درک پێکردنی شتەکان بە گەلێک هۆکارەوە وابەستەیە. هەر ئەمەش وای کردووە کەلێنێک لەمبارەیەوە دروست بێت'' (مصلوح،١٩٨٠: ٢٨٢). بۆیە ''دەتوانین تەکنیکی هەستگۆڕکێ لە سێ ئاراستەدا چڕبکەینەوە، وەک: تەکنیکی هونەری، تەکنیکی دەروونی و تەکنیکی بینراو'' (عبدالله،٢٠١٠: ٢٠١). کە ئەمانەش لە دەرئەنجامدا ڕۆڵیان لە بەرجەستەکردنی جوانیناسیی دەقدا هەیە، بەڵام ''بەلای جاحزەوە جوانی ئەوەیە کە بەهۆی عەقڵەوە یان هەستەکانەوە درکی پێدەکەین، لەبەرئەوە بۆ ئەم کارەش دوو حوکمی داناوە: یەکەمیان حوکمی دیار و دەرەوەیە بۆهەستەکان. دووەمیان حوکمی ناوەوە و ناخە بۆ عەقڵ، عەقلیش بەڵگەیە و هەستی ڕاستەقینەیە'' (بنت عبدالعزیز,٢٠٠٢: ١٨). لەم بارەیەوە، ''شاعیر ئەزموونی شیعری لە هەستە ڕاستەوخۆیەکانەوە دەست پێدەکات، کە لە ڕەگەزەکانی واقعی بەرجەستەوە وەریدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەم وەرگرتنە سەرەتاییە ناوەستێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەمانە بۆ توانا و عەمبارکراوی دەروونی و ڕۆشنبیری و شارستانی و کەلتووری و تێدەپەڕێنێت'' (العیاضي,٢٠١٣: ١٤). یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی هەستگۆڕکێ وەرگرتنی هەستێکی دیکەیە، کە جگە لەو وێنە شیعرییانەی کە وابەستەیە بە هەستی بینینەوە و پانتایەکی فراوانی لە زمان و وێژەی هونەریدا هەیە، لە بواری شێواز و قەبارە و خاسیەتەکانی و تاریکی و ڕووناکیدا، بەڵام هەستەکانی دیکە وەک هەستی بۆنکردن، ئاخافتن و وێژەکانی سنووردارن. وەک بۆنی توند و گونجاو و خۆش و ناخۆش. یان دەستەواژە وێژەییەکانی هەستی بەرکەوتنیش وەک نەرم و نیان و شل و ڕەق و لووس و زبر و سارد و گەرم، زۆر فراوان نین وەک سنووری هەستی بینین. هەروەها دەربارەی دەنگ و هەستی بیستن، وەک سیفەتەکانی گڕ و زل و کەم و هێواش و ترسناک و کز. دەتوانین بڵێین چالاکترین هەستەکانی مرۆڤ هەستی بینینە کە ئەوپەڕی پشکی لە چالاکی ئاگایی هەستیدا هەیە''(کدکنی ، ١٣٥٨: ٢٧٤). بێگومان ''توانا و ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینیت لە هێنانە کایەوە و داهێنانی ڕەمزی خودیدا و زیندوو هێشتنەوە و بەردەوامیدان بەم ڕەمزە. چونکە ڕەمز بە دوو شتی سەرەکییەوە پەیوەستە، ئەویش هەستی تایبەتی و شێوازی تایبەتییە. ئەوە ئەزموونی شیعرییە کە خوازیاری بەکارهێنانی ڕەمزە، ئینجا کۆن بێت یان تازە، بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو هەست و بیرەی هەڵیگرتووە، بەڵام

له شێوازی تایبەتیدا شاعیر ڕەمزێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ، بۆ گوزارشتکردنی واتایەک بە واتایەکی دیکە، کە ئەو ڕەمزە لەگەڵ شێوازەکەی بگونجێ'' (مصطفى,٢٠٠٣: ١٧٨). ''شاعیری فەرەنسی بۆدلێر یەکەم کەس بووە، بەشێوەیەکی تیۆری باسی هەستگۆرکێی کردووە و لە شیعرەکانیدا بە کاریهیناوە. لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڵێ: جێگای سەرسوڕمانە کە دەنگ ناتوانێ بە ڕەنگ خۆیی بنوێنێ، ڕەنگەکانیش ناتوانن بیرێک لە بارەی ئاوازەوە بەدەستەوە بدەن، وە دەنگ و ڕەنگیش لە گوزارشتکردنی بیردا بەکارنایەن '' (زهر ، ٢٠٠٥: ١٩٤). دیارترین هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی هەستگۆرکێ ئەمانەن:''هۆکار و مەبەستی ئیستاتیکی، هۆکاری دەروونی، هۆکاری خودی و بابەتی، هۆکاری لاسایی کردنەوە'' (فەتاح، ٢٠١٩: ١٦٠). وێڕای ئەمانەش ''یەکێک لەو کەرەستانەی کە لە ئافراندنی جوانیدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە زمانە، لە بەستێنی شیعر و لە جەستەی دەقێکی شیعریدا بە ئیلهامێکی سیحراوی بەرجەستە دەبێ. شیعر، دەربڕی هەموو ئەو هەست و نەست و سۆز و خەیاڵانەیە کە لە ناخی شیعرێکدا پەنگی خواردۆتەوە و بە زمانێکی خەیاڵاوی و هونەری دەردەبڕدرێ. شیعر ئەو دونیا خەیاڵاویەیە کە لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و لە فۆڕمی وشە و لە بەستێنی زماندا دێتە ڕسکان. ئامانجی سەرەکیی شاعیر لە شیعرەکانیدا، نواندنی لێهاتوویی لە ئافراندنی جوانی و یاریکردن بە وشە و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەتی پڕ لە هێما و وێنەی شیعرییە. ئەرکی شاعیر بەرزکردنەوەی زمانە، لە شێوە گشتییەکەیەوە بۆ دەنگێکی تایبەتی، کە لە ڕێگای جیهانبینی و بەهرەی خۆیەوە لە ڕێکترین و کاریگەرترین شێوەدا وێنا دەکرێ و دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی نیشانە و دەنگ و ئاوازەکانی بەشێوەیەکی ناوازە. لە شرۆڤەی هونەردا، شیعر، هونەری کەلامییە و بەهۆی ئەوەی لە چوارچێوەی زماندا ئاراستە دەکرێ، زیاتر لە هونەرەکانی تر پەیوەندیی بە گوێگرەوە هەیە و کاتێک ئاوێتەی جوانی دەبێ، دەتوانی بەجۆرێک قەناعەتی دەروونی بە گوێگر بگەیەنێ. (ئەدگار ئالێن پۆ) لە شرۆڤەی شیعردا دەڵێت: شاعیر بەچاکە و خراپە یان دزێوی کاری نییە، تەنیا جوانییە مێشکی دەتەنێ. ئەرکی شاعیر گەیشتنە بە جوانییەکی بەربڵاو، کە جوانیی دونیا شەبەقێک لەوە'' (قارەمانی، ئەحمەدی، ١٣٩٦ هـ : ١٦٩)جەلیزادە لەو شاعیرە دیارانەیە، کە توانیویەتی بە هەستە جوان و ناسک و بەرزەکانی، هونەرەکانی هەستگۆڕکێ لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات و لەمبارەیەوە داهینان و تازەگەری بکات. جەلیزادە لەسەرجەمی شیعرەکانیدا، بەتایبەتیش''لە نێو هۆنراوەکانی دیوانی ژنیک لە جنسی باراند ا، زۆر وێنەی شیعریی جوان و کاریگەر، بە وشەی پڕ لە واتا داڕێژراون، کە بەڵگەن بۆ ڕەسەنایەتی ئەزموونی شیعری جەلیزادە، شاعیر لە ڕێگەی شێوازی تایبەتی خۆی،

توانیویەتی لە زۆر باردا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات'' (موکریانی،٢٠٢٠: ١٣). بەشێوەیەک شاعیر توانیویەتی بەهۆی ئەزموون و زەوق و سەلیقە و توانا و لێهاتوویی خۆیەوە لە بواری هەستگۆرکێی شیعریدا، بە سوود وەرگرتن لە هەستە باڵاکان و نزمەکانیشەوە، جوانترین و بەرزترین داهێنان و تازەگەری ئیستاتیکی بە شیعرەکانی ببەخشێت. وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:

**هێڵکاری_١٣(هەستەکانی مرۆڤ)**



## ٢_٢_٢جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا:

هەستەکانی مرۆڤ بە گشتی و هەستە باڵاکان بە تایبەتی پێگەیەکی گەورە و فراوانی لە دیاریکردنی جوانیی ئافرەتدا هەیە، هەستەکانی بینین و بیستن لەو هەستانەن دەچنە چوارچێوەی هەستە باڵاکانەوە. لە کۆ هەستەکانی مرۆڤدا، هەستی بینین بە پلەی یەکەم و هەستی بیستنیش بە پلەی دووەم دێت، هەرچی هەستەکانی دیکەی وەک بۆنکردن و چەشتن و تامکردنە دەچنە چوارچێوەی هەستە نزمەکانەوە. سنوور و کاریگەرییەکەی کەمتر و بێهێزترە. جگە لەمانەش مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک هەستەوەری ترە کە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە باری دەروونی و هۆشەکی مرۆڤەوە هەیە. وەک هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی و  ئومێد و نائومیدی و گەشبینی و ڕەشبینی، هتد.

ئەوەی لێرەدا دەمانەویت جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە، کە هەستە باڵاکان هۆکارێکی زۆر سەرەکی و گرینگن بۆ خستنەڕوو و پیشاندان و دیاریکردنی ئاستەکانی جوانی بەگشتی و ئاستی جوانیی ئافرەت بەتایبەتی، چونکە مرۆڤ بەبێ بوونی ئەو هەستانە یان لاوازی و کزی  هەستەکانی، هەرگیز ناتوانێت بە جوانی و بە باشی ڕووی جوانی شتەکان ببینێت و چێژ و خۆشییان لێ وەربگرێت. لە سەرووی هەموویانەوە هەستە باڵاکان ڕۆڵێکی دیار و زەق و بەرچاویان لەمبارەیەوە هەیە. هەرچەندە  بەکارهێنان و کۆکردنەوەی هەموو هەستەکان لە کەسێکدا، بۆ  بینینی جوانی شتەکان کاریگەریی زیاترە. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، مرۆڤ بە لە دەستدانی یەکێک لە هەستەکانی  یان بەشێک لە هەستەکانی ناتوانێت  چێژ و خۆشی لە جوانیی شتەکان یان جوانیی ئافرەت ببینێت، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، بە لە دەستدانی  یان کزبوونی هەستیکی یان چەند هەستێکی، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی هەستەکانی دیکەی. ڕەنگە چاکترین بەڵگەش بۆ ئەمە مرۆڤی نابینا بێت، کە بە لە دەستدانی  هەستی بینینی، یان بینایی چاوی، هەستەکانی دیکەی بەهێز دەبن و  وەک جێگرەوەیەک بۆ هەستی بینین ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و تا ڕادەیەکی باش دەتوانن بە ئەرکی بینین هەستن، بە شێوەیەک بە چاوی دڵ و ڕۆح و ئاوەز  دەتوانن شتەکان وێنا بکەن. بێگومان ئەمەش پەیوەندیی بە لایەنی ڕۆحی و دەروونی و هۆشەکی و هزرییەوە هەیە. هەر بۆیە دەبینین ''دیکارت کە  لە دیارترین فەیلەسووفەکانی سەردەمی نوێیە، جەخت لەسەر پرەنسیبی ڕێژەیی لە جوانیدا دەکاتەوە. پرەنسیبێک دادەنێت، لە پەیوەندیی نێوان هەست و ئەقڵدا کە هەردووکیان بەشدارن لە هەستکردن بە چێژی جوانی. هەروەها دەڵێ: ئەم دوو هێزەی عەقڵ و هەست بەشدارن  لە هەڵسەنگاندنی جوانی و چێژی هونەریدا، ئیبن سینا

باوەڕی وایە دوو جۆر جوانی هەیە: جوانییەکی زەمینی و دونیایی، کە جوانییەکی کەمە. جوانییەکی خودایی کە جوانییەکی گەورە و فراوانە،، (حەمەسالّح ،٢٠١٣: ٦٤). هەر لەم بارەیەوە ''بۆمگارتن دەڵێ: هەموو شتێکی جوان نابێتە ئارامگیری دەروون، دەقە جوانەکان بە پێوەری هەستە باڵایەکاندا سنوورێک لە نێوان پرۆسەکانی پەرچەکرداری هزر دادەنێت. بەمەش کرداری مێشک ڕوودەدات بۆ لێک جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کاری دەقە هونەرییەکان، ئیستاتیکایی دەق و لێکترازانی هزری ئەبستمۆلۆژیا، لەگەڵ هزری وەهم ڕادەگەیەنێت. بەپێی ئاستی تێفکرینی بنیامین بلوم، کە کاری باڵا بۆ کردارە هزرییە مەعریفییەکان لە بەرزترین پلەی کارکردنیدا سنووری ئیستاتیکا دیاری دەکات. بەهۆی چێژ وەرگرتنەوە، لە کارە هونەرییەکانی دەستکرد و سروشتی، ئیستاتیکا وەک چەمکێکی فەلسەفی، هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت دەدات، واتە گەڕانەوەی دیالێکتیکیانەی بۆ کردارە خودی و بابەتییەکانی مرۆڤ'' (حەمەد،٢٠٠٤: ٤٥).

هەروەها ''هربرت رید، پێناسەی جوانی دەکات بە پشت بەستن لە سەر بنەڕەتی هەستی، کە دەڵێ: یەک خستنی پەیوەندییە لە نێوان شتەکان و دەرک کردنیان لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە، وە لەو باوەڕە دایە کە هەستکردن بەجوانی لە کاتێکەوە بۆ کاتیکی تر دەگۆڕێت، ئەکرێت شتێک لە کاتیکدا جوان بێت و لەکاتییێکی تردا ناشیرین،، (حەمەسالّح ،٢٠١٣: ٧٦). هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی جیاوازی ئاستی جوانیی شتەکان لە لای کەسی سەرنج لێدەرەوە. هەستەکانی مرۆڤ بە هەردوو بەشی هەستە باڵاکان و نزمەکانیشەوە، یارمەتیدەرێکی سەرەکین بۆ هێنانە کایەی هەستگۆڕکێ و دیاریکردنی ئاستی جوانیی لە لای مرۆڤ، بەتایبەتی جوانیی ئافرەت. بۆیە دەتوانین بڵێین: ''ڕۆڵی هەستگۆڕکێ لە بواری ئەدەب و شیعردا زۆر گەورە و کاریگەرە، هانی ئەندێشە و خەیاڵ دەدات و هێز و وزەی شیعری بە ئەدەب دەبەخشێت، بۆیە بە بەکارهێنانی هەستگۆڕکێ لە بواری ئەدەبیدا ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم خەیاڵ و تێڕوانینی شاعیران و نووسەران دروست دەبێت. '' (عبدالله،٢٠١٠: ٢٤٩). هەر لەم چوارچێوەیەدا و بە هۆی هەستەکانەوە. ئیستاتیکییەت و جوانیی شیعری دێتە کایەوە. لە پاڵ ئەمەشدا ''ئەدەبی داهێنەر هەوڵدەدات بۆ سەلماندنی ڕۆڵی ئەرێنی خۆی و کاریگەری لە ژیاندا، شتە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ و نهێنییە دوور و ئاڵۆزەکان بخاتەڕو'' (غزوان، عناد، ١٩٩٤: ١٠٨). کە لە ڕاستیدا بەرجەستەکردنی جوانیی ئافرەتیش زیاتر بە هۆی هەستە باڵاکانی مرۆڤەوە دیتەکایەوە، کە لە هەستەکانی بینین و بیستندا چڕ دەبێتەوە. وێڕای کاریگەریی هەستە نزمەکانیش.

### ٣,٢,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا:

ئافرەت وەک ژێدەرێکی جوانیبەخش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستەوەرەکانی مرۆڤدا هەیە. بەتایبەتی هەستی بینین، یەکێکە لەو هەستە هەرە بەهێز و بەهادارانەی کە پانتاییەکی لە ڕادەبەدەری لە بەرجەستەکردنی جوانیی ئافرەتدا هەیە. بەڕادەیەکی کەمتر لە هەستەکانی دیکەدا بەدی دەکرێت. چونکە ''هەستکردن کردارێکی زانستییە کە بەم هۆیەوە کەسەکە دەتوانێت لە ژینگە و دەوروبەری خۆی تێبگات و خۆی لەگەڵ بگونجێنی، لە ماوەی ئەو چەشن و شێوازە شیاوەی کە لەژێر ڕۆشنایی واتا و لێکدانەوەی شتەکان دێتە کایەوە، ئەوەش بەقەد کرداری کۆکردنەوەی لاسایی هەستە جیاوازەکانە لە جیهانی دەرەوەدا و شرۆڤەکردن و ڕێکخستنی لە نواندنەکانی ژیرییەکی دیاریکراودا. بۆ پێکهێنانی ئەزموونەکان و کۆکردنەوە و زەخیرەکردنی لە یادەوەرییەکاندا، کە بەم هۆیەوە ببێتە نموونەی خاڵی سەرچاوە و ڕێبەر بۆ ئەو شێواز و چالاکییانەی کە پەنای بۆ دەبردرێت، لەماوەی کرداری کارلێکردن و گونجاندن لەگەڵ سنوور و دەوروبەری خۆیدا '' (یاسین،٢٠١٤: ١٦).

لە سەرووی هەموویانەوە هەستی بینین ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی ئاستی جوانیی ئافرەتدا هەیە، چونکە مرۆڤ بە پلەی یەکەم بەهۆی چاوەوە دەتوانێ جوانی شتەکان، بەتایبەتیش جوانیی دەرەوەی شتەکان ببینێت، بۆیە لەم بارەیەوە زۆر سەختە هیچ هەستێکی دیکە بتوانێت بە تەواوەتی جێگای هەستی بینین بگرێتەوە. جگە لەمەش بینینی جوانیی شتەکان، یان جوانیی ئافرەت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆش دەکاتە سەر بیر و هزر و خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤ، بۆیە دەتوانین بڵێین:'' ئەگەر جوانی بابەتی خەیاڵ و ئەندێشە بوو بێت، بێگومان دەبێت لایەنی هەستە درک پێکراوەکە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری بکاتە سەر بینەر و گوێگر و چێژوەرگر'' (بن عربي, ٢٠٠٩: ١٠٣).

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ''پێگەی هەستی بینین لە ژیانی مرۆڤدا، کاریگەرییەکی مەزن و فراوانی هەیە، هەستەکان سەرچاوەی سەرەکیی کۆکردنەوەی زانیارییەکانن، بە واتای وشە بایەخێکی بەهێزی لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە، هەست بە شتەکانی دەوروبەری خۆی بکات و لەگەڵیدا بژی و خۆی لەگەڵ بگونجێنێت، لە هەمان کاتیشدا مەرجێکی سەرەکی و یەکەمە بۆ کرداری فێربوون، زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە جیهانی دەرەوەدا بە دەستی دەهێنین، لەڕێگای هەستی بینینەوەیە. ڕێژەی ئەو زانیارییانەی بەم هۆیەوە لە لایەن تاکەوە بەدەست دێت لە کۆی سەرجەمی

زانیارییەکانیدا دەگاتە لە سەدا (٧٠ _ ٩٠ ) ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات. کە هەستی بینین گرنگترین هەستە بە بەراورد لەگەڵ هەستەکانی تردا. چونکە لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە مرۆڤ هەمیشە یان زۆربەی جار بڕوا بەو شتە دەکات کە دەیبینێت'' (یاسین،٢٠١٤: ١٦). قەبارە، شێوە، جۆر و ڕەنگ لەو سیما و خەسڵەتانەن کە بەو هۆیەوە شتەکانی پێ دەناسینەوە و ئاستی جوانیی شتەکانمان بۆ دەردەخات. بە تایبەتی''ڕەنگ بابەتێکی ئاڵۆزە و بەشێکە لە ئەزموونی ئیدراک و سروشتی مرۆڤ بۆ جیهانی بینراو، ڕەنگ بە تەنها کاریگەری لە سەر توانای مرۆڤ بۆ جیاکردنەوەی شتەکان نییە، بەڵکو کاریگەریی لە سەر گۆڕینی میزاج و زەوق و سەلیقە و هەستەکانیش هەیە.

دیارە ڕەنگەکان لە جوانترین ئەو شتانەن، کە ژیانی مرۆڤی بە پیت و بەرەکەت کردووە و کاریگەری خستۆتە سەری. جوانی بێ هاوتا و سەرسوڕهێنەر و گەورە و بەهاداری لەسەردا زێدەکردووە، بەشێوەیەک نە دیاری دەکرێ و نە دەخرێتە چوارچێوەی وەسف و خەیاڵەوە'' (قاسمی، ممتحن, ١٣٩٠: ٨٤). ''حەز و ئارەزووی مرۆڤ بۆ ڕەنگەکان لە خودی خۆیدا و پەسندکردنی بەسەر کەسانی دیکەدا، بە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی خودی و تاکییەوە بەستراوە، کە گرینگترینیان جیاوازی سروشت و حەز و ئارەزوو و خێرایی کاریگەری و لەسەرەخۆیی و ئاست و پلەی هەژێن و هەڵچوون و ئاگایی و هەستەکانە. جۆری ڕەنگەکانیش گوزارشت لە کەسەکە و توانای کەسەکە لەسەر سەرنج ڕاکێشان و کاریگەرەکەی دەکات'' (مصطفی، ٢٠٠٩: ٢٠). بۆیە دەبینین''هەموو مرۆڤێک هەندێک لە ڕەنگەکان زیاتر پەسند دەکات و خۆشی دەوێت، هەندێکیشیانی خۆش ناوێت و ڕەتی دەکاتەوە. هەڵبژاردنی ڕەنگەکان و پەسندکرن و ڕەتکردنەوەیان، بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆری فیزیۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕەمزی و حەز و ئارەزوو و زەوق و سەلیقە دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ هەریەک لە ڕەنگەکانیش واتایەکی هەیە، کە لەدەرئەنجامی کاریگەری دەروونی و فیزیۆلۆجی لەسەرمرۆڤ هاتۆتە کایەوە'' (قاسمی، ممتحن, ١٣٩٠: ٨٥ ).

بێگومان هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەیەکی فراوان لە سەر هەستەکان دروست دەکەن و لە دەرئەنجامیشدا دەبێتە هۆی هێنانە کایەی هەستگۆرکێ. لە پاڵ ئەمەشدا ''گرینگی وێنەی هەستگۆڕکێ، زیاتر ئاشکراکردن و زەقکردنەوەیەتی لە چوارچێوەی گشتی شیعردا و لە ماوەی لێکەوتەکانی واتادا، لە واقعی دەروونێکی زیندوودا. کە دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی وێنەی تر لە دڵی کەسانی دیکەدا'' (المحادين، ١٩٨٦: ١٥٧). جگە لەمەش


''هەستگۆرکێیەکی نهێنی لە نێوان جیهانی مادی و مەعنەوییەکە هەیە، بەڵام گونجاندنی نێوانیان، ئەوانەی هستگۆرکێی بینراون یان نەبینراون دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر، کە بتوانێت بەهای هەستگۆرکێیەکان لە نێو دیاردەکانی جیهانی مادیدا لە دوای هەموو شتە ڕۆحییەکاندا بدۆزێتەوە. وەک ئاشکرایە گەشەکردن و پێشکەوتنی تیۆری هەستگۆڕکێ لەسەر دەستی ڕەمزیەکان بوو، کە هەستان بە کرداری ئاوێتەکردن لەنێوان زیاتر لە دووهەستدا، لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا. شایانی باسە هەستگۆڕکێ لە قوتابخانە ئەدەبیەکانی دیکەدا، بۆ نموونە قوتابخانەی ڕۆمانسیزم بوونی هەبوو. بەڵام پەرەسەندن و پێشکەوتنی لەسەر دەستی ڕەمزییەکان هاتەکایەوە'' (عرفت پور، سليمانی، ٢٠١٤: ٦٦).

هەرچۆنێک بێت دیاردەکانی سروشت بە هەموو جۆر و ڕەگەزەکانییەوە، بەر هەستەکانی مرۆڤ دەکەون، هەربۆیە''وێنەی هەستی، ئەو دیاردانەی کە مرۆڤ لە سروشت هەستیان پێدەکات، بەشێوەیەکی هونەری دەیانخاتە ڕوو، هەستی بینراویش بەهۆی وشەوە دەگوازرێتەوە و بە پێنج هەستەکە درکی پێدەکەین، دیارە ئەو گوێزانەوەیەش بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی نییە، بەڵکو شاعیر گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدات و وێنەی شیعری خۆی لێ دروست دەکات. (ڕیتشاردز) دەڵێ: قەسیدە بەوێنەی شیعری دەست پێدەکات، پاشان وێنە دوای وێنە دێ و لە بەردەوامیدان، لە دەروونی خوێنەردا، شەپۆلێکی هەستی چێ دەکات. هەستە گشتییەکانیش بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە، شاعیر پرۆسەی داهێنانی خۆی لا دەست پێدەکات'' (مەعروف، ٢٠٠٣: ١٢٣).

وێڕای ئەمانەش''لادان لە واقعییەت بنەمایەکی بەهێزە، بۆ ئەوەی شاعیر لە دەریایی خەون و ئەندێشەدا نقوم بکات و لەگەڵ جیهانی بینین و هەستەکانی دیکەدا،دەست لەملانێ بکات'' (عكام، ١٩٨٥: ١٥٦).

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی لە بواری هەستگۆڕکێی شیعری و جوانیی ئافرەتدا ڕۆڵێکی مەزن و بەرچاوی هەیە و مامەڵەیەکی نایابی لەگەڵ بابەتەکانی جوانیی هەست و ئافرەتدا کردووە و سوودی لە هەموو هەستەکان بینیوە، گۆڕانکاری و تازەگەری لەمبارەیەوە کردووە. بە پلەی یەکەمیش بە هۆی هەستی بینینەوە توانیویەتی وێنەی جوان و سەرنجڕاکێش دروست بکات، ببێتە مایەی سەرسوورمان و بەرجەستەکردنی جوانییەکی شیعری لە ڕادەبەدەر. وەک لەم هێڵکاریەدا خراوەتە ڕوو.

هێڵکاری_١٤(جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بینین)




### ١،٣،٢،٢ هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی بیستندا:

هەستی بینین یەکێکە لە گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەرترین ئەو هەستانەی کە ڕەنگدانەوەیەکی سەرەکی و قووڵ و فراوانی لە داهێنانی کاری شیعری و ئەدەبی و هونەریدا هەیە و شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان لە هێنانە کایەوەی بەرهەمەکانیاندا سوود و بەهرەی لێ وەردەگرن و پەنای بۆدەبەن. هەر بۆیە ئەم هەستە لە سیاقی هونەرەکانی هەستگۆڕکێدا بەگشتی و لەگەڵ هەستی بیستندا بەتایبەتی، لە چوارچێوەی هەستی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا، لە ئاستێکی بەرز دایە. وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت و دەڵێت:

کۆپلەی یەکەم:

خرمە خرمی تەرزەیە،

ڕادەکەمە بن **<u>کەپری شیعرێک</u>**،

دەشێ ژنێک،

ملوانکە مرواریەکانی وروژانی،

لێ پسابێت (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٢٦٨).

جەلیزادە لە هێنانە کایەی هەستگۆڕکێدا شارەزاییەکی باشی هەبووە، بۆیە لێرەدا دەبینین ، شاعیر لە دێڕە شیعری (ڕادەکەمە بن کەپری شیعرێک) وەستایانە و هونەریانە و بەشێوازێکی جوان،  جێگا و ئەرکی بینین و بیستنی (کەپر و شیعر)ی گۆڕیوە و بەهۆی جێگۆڕکێی  هەستەکانی بینین و بیستنەوە لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە گوزارشتی لە هەست و نەستی خۆی کردووە و جوانترین و بەرزترین وێنەی شیعری لە چوارچێوەی کۆنتێکستی جوانیی ئافرەتدا  پیشانداوە.

کۆپلەی دووەم:

دەمە و ئێواران،

پۆلێک چۆلەکە دێن و

بە دنووک ڕووت ڕووتت دەکەنەوە.

لە باخچە،

جلەکانت بە شەونم دەشۆن،

بەسەر **<u>لقی جریوەوە</u>** هەڵی دەواسن.(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٧٣).

لێرەدا، شاعیر بەو پەڕی جوانکارییەوە هەست و نەستی خۆی  بە شێوەی هەستگۆڕکێ، لەم کۆپلە شیعرەدا دەربڕیوە و لە دێڕە شیعری (بەسەر لقی جریوەوە هەڵی دەواسن)  بە زەوق و سەلیقەیەکی جوانەوە جیگۆرکێی بە ئەرک و شوێنی وشەکانی ( لق و جریوە)وە کردووە و  وێنەیەکی شیعری لە چوارچێوەی هەستگۆڕکیی بینین و بیستندا بونیاد ناوە، وێڕای بەکارهێنانی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوان  کە ئاست و پایەکانی شیعرەکەی بەرزکردۆتەوە.

کۆپلەی سێیەم:

هەر کە تەوقەی لەگەڵ دەکەم،

باسکم دەبێ بە ڕووباری  وشەو،

سینگم بە **<u>چیمەنی شیعر</u>** (جەلیزادە، ٢٠١٩:  ٣٤١).

لەم پارچە شیعرەدا زۆر بەزقی پێگەی هەستگۆڕکێ و بەهای وێنە شیعرییەکانی شاعیر دەردەکەوێت، لێرەدا شاعیر بە وشە ناسکەکانی دلگیرترین تابلۆی خۆشەویستی ئافرەتمان بە شێوەیەکی ئیرۆتیکانە و هەستگۆڕکێیانە بۆ دەکێشێت، وشەی (چیمەن) کە دەکەوێتە بەر هەستی بینینەوە، لەگەڵ وشەی (شیعر) کە دەکەوێتە بەر هەستی بیستنەوە، بەکارهێناوە و جێگاو ڕۆڵیانی گۆڕیوەتەوە، بەمەش توانیویەتی بایەخ و کاریگەری ئەم تەرزە هەستگۆڕکێیە لە شیعرەکانی بخاتەڕوو.

کۆپلەی چوارەم:

بەم زریان و کڕێوەیە..

پەنجەکانم دە چلورەن،

بەسەر **<u>بەژنی تەنیاییدا</u>**،

شۆڕبوونەوە.

لیوەکانم ..وەک پەڕەی گوڵی بەر باران،

سەرمایانە و هەر دەلەرزن. (جەلیزادە، ۲۰۰۷: ۱۲۲).

لەم کۆپلە شیعرەدا، سەرەڕای هەبوونی خەیاڵێکی قووڵ و هەست و سۆزێکی ڕاستەقینە، شاعیر هەوڵیداوە پەیامەکەی لە هەستگۆڕکێیەکی سەرنجڕکێشدا بخاتەڕوو، جەلیزادە لە دێڕە شیعری (بەسەر **بەژنی تەنیاییدا)** زیرەکانە جێگۆڕکێی بە شوێن و ئەرکی وشەکانی (بەژن و تەنیایی) کردووە، کە دەچنە ژێر سێبەری کاریگەری ڕەهەندەکانی ئافرەتەوە و توانیویەتی جوانترین وێنەی شیعری لە سیاقی هەستگۆڕکێدا بەرجەستە بکات.

کۆپڵەی پێنجەم:

سەرما زمانی بەست،

بە **<u>هەتاوی یادەوەری</u>** .(جەلیزادە،۲۰۱۷: ۹۵ ).

شاعیر لێرەدا بەهۆی هەستەکانی بینین و بیستنەوە لە دەستەواژەی (هەتاو و یادەوەری)دا، توانیویەتی وێنەیەکی ناسک و کاریگەر بەرهەم بهێنێت، کە لێوان لێوە لە داهێنان و جوانکاری شیعریدا.

کۆپلەی شەشەم:

دەتبەمە بەر ئاوێنەی قەسیدەیەک و

**به ده پەنجەی وشەیەکم،**

سەر و پرچت شانە دەکەم.

دەچینە ژووری نوستنەکە،

گلۆپەکان دەکوژێنمەوە،

بە ماچێک داتدەگیرسێنم و

بە سەرینە پەمەییەکانت دەڵێم؛

هاوسەرە قاچاخەکەی، ئەم ژنە میهرەبانە، منم ! (جەلیزادە،٢٠١٨ : ٦٤٠).

جەلیزادە لەم پارچە شیعرەدا ، لە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی قووڵ و فراواندا، هەست و نەستی خۆی بەرامبەر جوانیی ئافرەت دەردەبڕێت و بە زمانێکی سادە و ساکار و ناسک و شیرین، لە سیاقی هەستگۆرکێدا و بەهۆی جێگۆرکێی ئەرک و شوێنی وشەکانی (پەنجە و وشە) ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی بینین و بیستنەوە وێنەیەکی شیعری ڕازاوەی هێناوەتە کایە.

کۆپڵەی حەوتەم:

هەڵدەکۆڵم ناوت،

لە سەر **سمتی با**،

مەمکی ئاو،

ناولەپی بەفر و

پشتە دەستی باران (جەلیزادە،٢٠٢١: ١٦٥).

شاعیر لێرەدا وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک وێنەی جوان و سەرنجڕاکیش و ڕۆمانسی و ئیرۆتیکیمان پیشان دەدات، لە هەمان کاتدا بەهۆی وشەکانی (سمت و با) کە دەکەونە بەر هەستەکانی بینین و بیستنەوە، لە دێڕە شیعری (لەسەر سمتی با). وێنەیەکی هونەری هەستگۆڕکێی بونیاد ناوە، بەمەش ئاستی ئیستاتیکییەتی شیعری و داهێنان و تازەگەری و گۆڕانکاری لە شیعرەکانیدا بەرزکردۆتەوە.

## ٢،٣،٢،٢ هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی بۆنکردندا:

بۆنکردن لە بنەما گرینگەکانی چێژ و خۆشی و جوانییە و ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە سەر دڵ و دەروون و هەست و سۆزی مرۆڤ بە گشتی و شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان بە تایبەتی هەیە. بۆنی خۆش، بە پلەی یەکەمیش بۆنی ئافرەت و ئەو بۆنانەی لە بەژن و باڵای شۆخ و شەنگی ئافرەتەوە مەیسەر دەبێت، لە ڕووبەرێکی فراواندا لە شیعرەکانی جەلیزادەدا ڕەنگیداوەتەوە و پێگەیەکی گەورەی داگیرکردووە، ئافرەت لای شاعیر، گوڵە، گوڵدانە، گوڵاوە، کانیی عەتر و دەریای ئارامی و خۆشییە، بۆیە شاعیر حەزدەکات هەمیشە بۆنی ئافرەتی لێ بێت و بە بۆنی ئافرەت مەست و سەرخۆش بێت، تا ئەو ڕادەیەی سەراپای شیعرەکانی بە جوانیی ئافرەت ڕازاندۆتەوە و بۆنی ئافرەتیان لێ دێت، چونکە ئەگەر هەستی بۆنکردن لە لای کەسانی دیکەدا زیاتر لە کار و ئەرک و جۆرێک لە خۆ بگرێت، ئەوا کار و ئەرکی هەستی بۆنکردن لە لای جەلیزادەدا بە پلەی یەکەم لە بۆنکردنی سەر و زلف و سینگ و مەمک و شوێنە هەستیارەکانی دیکەی ئافرەتدا چڕدەبێتەوە، هەر ئەمەش وای لە شاعیر کردووە، هەستی بینین لەگەڵ هەستی بۆنکردندا، لە سیاقی هەستگۆرکێدا لە سنوورێکی فراواندا بەکاربهێنێت. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە کە دەڵێ:

ڕێنادات،

بەگوڵ بڵێم : **<u>بەیانی عەترت</u>** باش،

خۆشکی من.

سبحەینەیەک بەر دەرگەم پێ دەگرێ،

جەنگ (جەلیزادە، ٢٠١٨: ١٥٠).

لێرەدا شاعیر وەک هەمیشە، بۆ ئەوەی نرخ و بەهای شیعرەکانی بەرز بکاتەوە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە، گۆڕانکاری لە ناوەرۆک و فۆڕمی شیعرەکانیدا بکات و لە ئاستی پێشکەوتنە ژیارییەکان و دونیای سەردەم بێت و وەڵامی داواکاریەکانی مۆدێرنیزم بێت، بۆیە جەلیزادە لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕێگای ئەزموون و شارەزایی و توانای تایبەتی خۆییەوە، پەرەی بە هونەری ئیستاتیکای شیعرەکانی داوە و بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر هەستگۆڕکێ لە شیعرەکانیدا، لە دێڕە شیعری (بەیانی عەترت باش)  وشەکانی (بەیانی و عەتر) دەکەونە بەر هەستەکانی  بینین و بۆنکردنەوە و  لەو هەستانەن کە تاڕادەیەکی  زۆر جێگای بایەخی شاعیر بووە و  بە هۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکیانەوە چەندین وێنەی شیعری جوان و نایاب و کاریگەری هێناوەتە کایەوە،

یاخود دەڵێ:

تا باخێک گوڵ و **<u>جۆگەیەک عەترت</u>**،

لێ بدزێت،

لە سەری کۆڵانەکەتانا،

دانیشتووە،

با  (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٣٩٤).

لەم  پارچە شیعرەدا شاعیر  بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی بینین و بۆنکردن،  بە هۆی جێگۆڕکێی  شوێن و ئەرکی وشەکانی ( جۆگە و عەتر )توانیویەتی وێنەیەکی شیعری ڕۆمانسی بەرجەستە بکات و ئاستی ئیستاتیکییەتی شیعرەکانی بەرز بکاتەوە. هەروەها شاعیر لە نموونەیەکی دیکەدا وەک لە خوارەوە خراوەتە ڕوو، پێگەی جوانی ئافرەتمان لەسیاقی هەستگۆڕکێدا پێشان دەدات.

یاخود دەڵێ:

باخێکم لێ دەرکەوت،

تژی لە گوڵی گۆرانی و

لە **<u>چۆلەکە عەتر</u>** و

له پەپوولەی موزیک (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٢٦٤).

جەلیزادە وەک شاعیرێکی باڵا دەست و ئەندێشە فراوان و شارەزا چەند وێنەیەکی دیکە لە جوانییئافرەت و بۆنی ئافرەت لە چوارچێوەی هەستەکانی بینین و بۆنکردن، دەخاتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە دێڕە شیعری (لە چۆلەکە عەتر)دا پەنای بۆ گۆڕینی شوێن و ئەرکی هەستەکانی ئەم وشانە بردووە و جوانترین وێنەی شیعری لێ دروستکردووە.

## ٣,٣,٢,٢ هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی چەشتندا:

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی بە ڕاشکاوی لە بەشێک لە شیعرەکانیدا، هەستی هەوەسبازیی خۆی بەرامبەر بە چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت دەردەبڕێت و ناکەوێتە ژێر هیچ فشارێکی ئایینی، کەلتووری، کۆمەڵایەتییەوە، زۆر ئازایانە و بە بێ ئاوردانەوە و گوێگرتن لە قسەی خەڵک، وەک شاعیرێکی نوێخواز و ڕێچکەشکێن و قوربانی، سەدان وێنەی شیعریی جوانیی هەستگۆرکێی بینین لەگەڵ چەشتندا لە شیعرەکانیدا چێکردووە، کە بەشێک لەو وێنە شیعرییانەی شاعیر کە لە هەستەکانی بینین و چەشتنەوە سەرچاوەی گرتووە، دەچنە خانەی شیعری ئیرۆتیکەوە، کە لە لای شاعیرانی دیکەدا، لەو ئاستەدا زۆر بە کەمی بەر چاو دەکەوێت ئەمەش نموونەیەکی زەقە لەمبارەیەوە. کە دەڵێ:

ئەو ژنە،

لە وەتەی مێردەکەی سەفەری کردووە،

بە ڕووتی دەخەوێت.

هەورێکە پڕە لە **<u>بارینی لەزەت</u>** (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٧٤).

جەلیزادە لەم پارچە شیعرەدا، لە وێنەیەکی هەستگۆڕکێدا، ئاماژە بە حەز و ئارەزوویەکی سێکیسی کپکراوی ئافرەت دەکات، کە لە دووری هاوژینەکەیدا بووە بە هەورێکی پڕ لە بارانی لەزەت و بە ڕووتی لە چاوەڕوانی کەسێک دایە، لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە وشەکانی ( بارین و لەزەت) لە دێڕە شیعری ( هەورێکە پڕە لە بارینی لەزەت) کەوتوونەتە بەر هەستەکانی بینین و چەشتنەوە و بەهۆی گۆڕینی جێگا و ڕۆڵی هەستەکانیشەوە وێنەیەکی هەستی شیعری بەرجەستەکردووە.

هەروەها شاعیر لەم نموونەی خوارەوەشدا، بە هۆی ئەم هەست و سۆز و ئەزموونە کاریگەر و بەرزەی لەمبارەیەوە هەیەتی، چەندین وینەی شیعری نایاب و هەستگۆڕکێی شیعری پیشانداوە، وەک دەڵێ:

کە جووت دەبم،

لەگەڵ بەژنی **چیای خەمت** ،

خوڕەی خوێنی برینێکت هەڵمدەگرێ و

شۆڕم دەکاتەوە قورگی شیوی ڕەزان،

سەر دەکەمە بن هەر دارێ،

حاجی قادر دانیشتووە و

**پەرە سیخاری خەمێکی** تەڕ دەکات و

بە ژیلەمۆی شیعرەکانی،

ئازارێک دادەگیرسینێ! (جەلیزادە،٢٠٠٧: ١١٦).

کۆیەی قشت و خنجیلانە،

کۆیەی مەزن ،

لە نێو منداڵدانی گڕا لە دایک بووی،

ئازار گۆرانی بۆ گوتووی،

**مەمکی خەفەت** گۆشی کردووی.

تۆ ئەو بووکەی، لە باوەشی،

کەژاوەی فرمیسک و خوێنا،

هەنگاو دەنێی،

کەزی سەدان شەوی یەڵدا دەهۆنییەوە و

هەر بەڕێوەی. (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١١٦).

جێگای ئاماژە پێکردنە لەم پارچە شیعرەدا، چەندین وێنەی شیعری دەبینین، کە دەکەونە بەرهەستەکانی بینین و چەشتن لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، وەک وشەکانی (چیایی خەم، پەڕە سیخاری خەفەت، مەمکی خەفەت) کە بەهۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی ئەم وشانەوە هەستگۆڕکێیان هێناوەتە کایەوە، بەم کارەش شاعیر توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر جوانکاری و زیندوویەتی و نەمری بە شیعرەکانی ببەخشێت.

هەروەها ئەگەر چاو بەو پارچە شیعرانەی خوارەوەدا بخشێنین، جگە لەو فۆرم و ناوەرۆکە نایابەی شیعرەکان لە خۆیان گرتووە، چەندین وێنەی شیعری لە قاڵبی هەستگۆرکێشدا بەدی دەکەین، بە تایبەتیش ئەو وێنانەی دەکەونە بەر هەستەکانی بینین و چەشتنەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت:

کە گەڕانەوە شار،

هەموو شتێکیان پێچایەوە،

تەنانەت شیشێکی گۆشت پرژان و

مڵاکێکی چاو و خوێدانێکیان بیر نەچوو،

کەچی تەرمی من و تۆیان،

لە بن **<u>سنۆبەرە خەمگینەکاندا،</u>**

بەتەنیایی، بە جێهێشت! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٧).

یاخود دەڵێ:

ئیدی کەرەنتینە،

نایەڵێ بەر یەکتر بکەوین،

من دەستم بووە بە حەزیای پێنج سەر،

تۆ دەمت بووە بە **ئەشكەوتی ژەهر** (جەلیزادە، ۲۰۲۱: ۲۰۷).

یاخود دەڵێ:

. ئەو **قومبەلەی لەزەتە** چی بوو،

شەو لەناو پێخەفەکەمدا تەقییە وە!؟ (جەلیزادە، ۲۰۲۱: ۲۱۲).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرە رۆمانسی هەست بزوێنانەدا چەندین وێنەی شیعری هەستگۆڕکێ بەدی دەکەین، کە هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی بینین و چەشتنەوە، وەک دەستەواژەکانی (**سنۆبەرە خەمگینەکان** ، **ئەشكەوتی ژەهر** ، **قومبەلەی لەزەت**) ، کە بە هۆی گۆڕینی شوێن و ئەرکییانەوە هەستگۆرکێی شیعری بونیاد نراوە.

## ٤,٣,٢,٢ هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا:

ڕۆڵ و ئەرکی هەستگۆڕکێی بینین و بەرکەوتن لە لای جەلیزادەدا، مۆرکێکی تایبەتی هەیە و لەگەڵ شیعری شاعیرانی دیکەدا، جیاوازە. چونکە بە پلەی یەکەم جوانبینی ئافرەت سەرچاوە و هەوێنی سەرەکی هاتنەکایەوەی هەستی بەرکەوتن و هونەری هەستگۆڕکێیە لە شیعرەکانی شاعیردا ، کە لە وێنە و سیما و شیوازێکی جەلیزادانەدا خۆی دەنوێنێ و لەم ڕووەوە لە شیعری هیچ شاعیرێکی دیکە ناچێت. ئەمەش بۆ حەز و خولیایی شاعیر بۆ جوانی و بێژ و خۆشیی ئافرەت لەلایەک و تواناو زەوق و سەلیقە و تێڕوانینیی تایبەتی جەلیزادە بۆ ڕەگەزی مێ لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە. لە ئافرەتبینی و جیهانبینی جەلیزادەدا، هەستی بینین جگە لە وەرگرتنی چێژ و خۆشی جوانی، لە هەمان کاتیشدا وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە هەستی بەرکەوتن، چونکە ئەم هەستە لە شیعرەکانی جەلیزادەدا خەسڵەتێکی هەستی باڵای وەرگرتووە. ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەو بڕوا بەهێزەی شاعیر بگەڕێتەوە، کە لە بەرکەوتنی لەگەڵ جەستەی ئافرەتدا چڕدەبێتەوە و دەبێتە کێڵگەیەکی چێژ و خۆشیی بەخش بۆ شاعیر. جگە لە مانەش هەستی بینین و بەرکەوتن تەنها روخسار و ڕواڵەتی دەرەوەی ئافرەتی نەکردۆتە ئامانج، بەڵکو زۆر بەوردی بەرەو شوینە هەرە

هەستیارەکانی  ئافرەت شۆڕ دەبێتەوە کە سەرچاوەی ترۆپکی چێژ و خۆشین، ئەمەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، وەک لەم نموونەیەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:

وردە شەپۆلێکی سپی،

لە پێ و بەلەکتەوە، هەڵکشا و

ڕژایە کەنداوی ناوکتەوە،

مایۆکەت پڕ بوو، لە وردە ماسی وروژان،

لە ناو لمی کزردا، لە سەر دەم  پاڵ کەوتی

**تیشک بە پەنجە نەرمەکانی،**

شان و ملی شێلای،

کە هاتیتە سەر پشت،

مەمکەکانت،

دوو ڕەوەزە مەرجان بوون (جەلیزادە،  ٢٠١٩: ١٥٨).

یاخود دەڵێ:

هەموو **ڕەنگە گەرمەکانت،**

خستە ناو جانتای سەفەر،

ئێستا شار،

پڕە لە خۆڵەمێشی ژن (جەلیزادە، ٢٠١٢:  ١٦٤).

یاخود دەڵێ:

بە پشتی کووڕ و بە **گۆچانێکی شلەتێنەوە،**

ئاو دیو بوو،

هاوین (جەلیزادە، ٢٠١٧: ٦٧).

یاخود دەڵێ:

لەئینجانەی دوو " لەپ " ی من دا،

پەنجەکانی،

دە چڵە **نێرگزی، گەرمن.**

دوو گلۆپی نیۆنن،

دوور بەدوور دەدرەوشێنەوە (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٦٠٤).


لێرەدا لەم کۆپلە شیعرانەدا، شاعیر تێڕوانین و هەست و نەستی خۆی بە شێوەیەکی ڕۆمانسییانە بەرامبەر خۆشەویستەکەی دەربڕیوە، بەڵام بە زمانێکی ناسک و شیرین و لە چوارچێوەی هونەرێکی بەرزی هەستگۆڕکێدا و بەهۆی هەستەکانی بینین و بەرکەوتنەوە، ئەمەش زۆر بەزەقی لە دەستەواژەکانی (تیشک بە پەنجە نەرمەکانی، ڕەنگی گەرم، گۆچانی شلەتێن، نێرگزی گەرم)دا، بەدی دەکرێت کە بوونەتە هۆکاری هێنانەکایەی هەستگۆڕکێی شیعری و سەرچاوەی ئیستاتیکییەتیی شیعری لە شیعرەکانیی شاعیردا.

## ٤,٢,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا:

هەستی بیستن لەو هەستانەیە کە ڕۆڵ و کاریگەری لە هەستی بینیندا هێندە کەمتر نییە. بەتایبەتی لەلای کەسانی نابینادا ئەم هەستە زۆر جار لە ئاستی هەستی بینیندایە و لەوانەشە هەندیک جار لە ئاستی هەستی بینینیشدا بەرزتر بێتەوە، چونکە کەناڵەکانی وەرگرتنی چێژ و خۆشی لە لای مرۆڤەکان وەک یەک و لە یەک ئاستدا نییە. زۆرێک لە مرۆڤەکان هیندەی چێژ و خۆشی لەو شتانە وەردەگرن کە بەهۆی هەستی بیستنەوە پێی دەگات، هێندە لە ڕێگای کەناڵ و هەستەکانی دیکەوە پێی ناگات. بۆ نموونە هەندێک کات،

هێندەی چێژ و خۆشیی  لە گۆرانییەک  کە بە ڕێگای بیستراوەوە وەری دەگرین زۆر زیاتر و کاریگەرترە، لە گۆرانییەگ کە بە ڕیگای هۆکارێکی بینراوەوە پێمان دەگات. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەتوانرێت زۆر جار لە ڕێگای هەستی بیستنەوە  چێژ و خۆشی زیاتر وەربگرین، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان لە پاڵ هەستی بینیندا  بایەخ بە هەستی بیستن  بدەن و لە ناو  بەرهەمەکانیاندا  ڕەنگبداتەوە. وێڕای ئەمانەش هەستی بیستن هۆکار و پاڵنەریکی بەهێزە،  بۆ ئاڵوگۆڕ و پێدان و وەرگرتنی زانیاری و هەستەکانی خۆشی و ناخۆشی و تۆمارکردنی  وێنە و ڕووداوەکان، لە ڕێگای دەنگ و ئاوازە جۆرا وجۆرەکانەوە. سەرەڕای ئەمانەش  ''پەیوەندی  لە نیوان هەستی بیستن و تەواوی هەستە درک پێکردنەکانی دیکەدا هەیە، کە ئەمەش ئاوازێکی تایبەتی ناوەوە دێنێتە کایەوە، کە زۆرترین پەیوەست بوونی بە جووڵەی خودەوە هەیە'' (الهاشمي، ١٩٨٨، ٢٧١). هەروەها هەستی بیستن بە پێچەوانەی هەستی بینینەوە، دەتوانرێ لە تاریکیشدا پەنای بۆ ببردرێت و سوودی لێ وەربگیرێ. دیارە لەمبارەیەوە ، جەلیزادە بەتایبەتی توانیویەتی لە ئاستێکی بەرز و فراواندا هەستی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا لە سیاقی هەستگۆڕکیدا لە شیعرەکانیدا بەکاربهێنێ و توانای هونەری و ئیستاتیکای شیعری لە چوارچێوەی جوانیی ئافرەتدا بخاتە ڕوو، وەک لەم هێلکاریەدا  دەردەکەوێت.

هێڵکاری_١٥(جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن)



## ١,٤,٢,٢ هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بینیندا:

هەستەکانی بیستن و بینین کە زیاتر لە دەنگ و ڕەنگدا چڕ دەبنەوە و بەهۆی ئاوێتەکردن و جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکییانەوە، لە لایەن شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانەوە کرداری هەستگۆڕکێ دێتە کایەوە، دەبێتە بنەمایەک و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هێنانە کایەی جوانیی شیعری، بە تایبەتیش بابەتی جوانیی ئافرەت. دیارە هیچ شاعیرێک نییە، کەم تا زۆر بۆ بەرزکردنەوەی  پلەی شیعری و ئیستاتیکییەتی شیعری، پەنا بۆ هەستەکانی بینین و بیستن نەبات و لە سیاقی هەستگۆڕکێدا بەکاریان نەهێنیت، بێگومان ئەمەش سیمایەکی زەق و دیاری شیعری تازەی شاعیرانی هاوچەرخە. چونکە شاعیرانی نوێخواز، هونەرەکانی هەستگۆڕکێ و بابەتەکانی جوانیی ئافرەت بە بنەما و هۆکاری زیندوویەتی و بەردەوامی و نەمری دەقی شیعری دەزانن. نرخ و بەهای شیعری لە هەبوونی ئەمانەدا دەدۆزنەوە. هەر بۆیە زۆربەی شاعیران توانای هونەری و شیعری خۆیان لەم بوارەدا خستۆتەگەڕ.

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرە جوانناس و هەست ناسکانەی لە ڕووبەرێکی فراواندا، ئەم دوو هەستەی ئاوێتە کردووە و لە سیاقی هەستگۆڕکیدا بەکاریهێناوە و  بە هۆی ئەو ئەزموون و خەیاڵ و ئەندیشە فراوانە و  باکگراوەندە هونەری و ڕۆشنبیرییەی لەم بارەیەوە هەیبووە. لە ڕاستیدا جەلیزادە هەم لە جوانبینی ڕەنگ و شێوەی  ئافرەتدا، هەم لە جوانبیستنی دەنگ و چرپە و ئاوازی  ئافرەتدا بە خۆشی و ناخۆشیەکانیشییەوە بە توانا بووە. شاعیر  هەندێک جار لە بزەیەک، لە نیگایەک،  لە ڕامانێکی ئافرەتدا،  چیرۆکێکی دوور و درێژ دەخوێنێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە بیستنی هەناسەیەک ، چرپەیەک ، دەنگێگ  و ئاوازێکی ئافرەتدا جوانترین  شیعر دەهۆنێتەوە. هەستەکانی بیستن و بینین تەنها هۆکارێک نین بۆ بیستن و دیتن، بەڵکو ئاسۆیەکی بێ سنوورن، بۆ ڕازاندنەوەی شیعری و جیهانبینی و جوانیی ئافرەت. ئەمەش لەم کۆپلە شیعرەدا زۆر بە جوانی دەردەکەوێت کە دەڵێ:

ئەم بەیانییە با،

بە تاڵە تیشکی پەشیمانی قژی بەست و

لە دەرگای مالی پەپوولەی دا.

دوور دووریش ،

کەوێتەوە،

من ، گوێم هەر،

لە **پێکەنینی بارانە** (جەلیزادە، ٢٠١٧: ٨٦)

لێرەدا جەلیزادە وەک هەمیشە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە لایەکەوە هەست و نەستی خۆی بە جوانترین شێوە بەرامبەر خۆشەویستەکەی دەرببڕێت و چێژ و خۆشیی دەق بە خوێنەر یان پەیاموەرگر بگەیەنێت، هەر یەکە لە با کە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر و پەپوولە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی مێ بەکەس کردووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی شیعرەکانی لە بەرگ و فۆرمێکی تازە و نوێ و سەرنجڕاکێشدا برازێنێتەوە، پەنای بۆ هونەرەکانی هەستگۆڕکێ بردووە، بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە هەستە جۆراوجۆرەکان بینیوە، لێرەدا شاعیر لە دەستەواژەی ( لە پێکەنینی باران) دا، بەهۆی جێگۆڕکێی ئەرک و شوێنی وشەکانی (پێکەنین و باران ) ەوە، کە بەر هەستەکانی بیستن و بینین دەکەون، وێنەیەکی ڕازاوە و کاریگەری ڕۆمانسی دروست کردووە .

هەروەها لەم کۆپلە شیعرەشدا شاعیر، بە ڕەنگ و سیمایەکی دیکە هەستگۆڕکێیەکی جوانیی هونەری دروستکردووە وەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێت:

لەچەکێک و

**قەسیدەیەکی ڕووتی** فەروخ،

ژنە ئێرانی (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٥١٢).

لێرەدا شاعیر لە ستایشی جوانی و ناسکی و ژنە ئێرانیدا و لە تەڕی و ڕووتی و چێژ بەخشی شیعرەکانی فروغی فروغ زادەدا، لە دێرە شیعری ( قەسیدەیەکی ڕووتی فەروغ )دا و بەهۆی وشەکانی ( قەسیدە، ڕووت ) کە دەکەونە بەر هەستەکانی بیستن و بینینەوە، وێنەیەکی شیعری دڵگیر و بە سۆزی لە چوارچێوەی هەستگۆڕکێدا هێناوەتە کایەوە.

## ٢,٤,٢,٢ هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا:

سەرەڕای ئەوەی هەستی بیستن لەگەڵ هەستە بەرزەکاندا وەک هەستی بینین پێگەیەکی گەورە و بەهێزی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم هەستە لەگەڵ هەستە نزمەکانیشدا، وەک

هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە ئاوێتەکردنی هەستی بیستن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا لەو توانا هونەرییە ناوازانەیە کە شاعیران پەنایان بۆ بردووە، جەلیزادە لەو شاعیرانەیە داهێنانی خۆی لەم بوارەدا نیشانداوە، هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم هەستانەوە پەیامی شیعری خۆی بە جوانترین و باشترین وێنە و شێوەی هونەری بگەیەنێتە پەیام وەرگرەوە. چونکە شاعیر دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت و بە هۆی هەر هەستێکەوە بێت، چێژ و خۆشی لە جوانییەکانی ئافرەت ببینێت و لە هەمان کاتیشدا ڕووی گەش و جوانی ئافرەتیش لە ڕێگای ئەم هەستانەوە بەرجەستە بکات. هەر بۆیە ئەگەر تەماشای شیعرەکانی جەلیزادە بکەین بە چاویلکەی ئەدەبەوە تێی بڕوانین و بە ناخی شیعرەکانیدا شۆڕ بینەوە. دەبینین هەستی بیستن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا، بۆتە سەرچاوە و هەوێنی چەندین وێنەی شیعریی جوان و ناسک و دڵڕفێن، یان بۆتە کەرەستەیەکی بەهادار و جوان بۆ هێنانە کایەی هەستگۆڕکێی شیعری، کە جەلیزادە پەنای بۆ بردووە. هەروەک لەم نموونە شیعرەی شاعیردا دەردەکەوێت، کە دەڵێ:

باخ تەژی،

لە ویتە ویتی گوڵ،

لە **<u>ڕێژنە عەتری</u>** چۆلەکە،

دڵنیام تۆ،

بێرانە تێپەڕیویت (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٧١).

جەلیزادە، لێرەدا سەرسامیی خۆی بەرامبەر جوانیی ئافرەت پێشان دەدات و ئافرەت بەسەرچاوەی هەموو جوانییەکانی دیکەی سروشت دەزانێت، هەموو جوانییەکان بە گشتی لە جوانیی ئافرەتدا دەبینێتەوە، بۆیە کاتیک دەبینێت باخ بە ویتە ویتی گوڵ تەژی بووە و بە بۆنی چۆلەکەش بۆنخۆش بووە، جوانی بایس ئاسا هۆکارەکەی بۆ یارەکەی دەگەڕێنیتەوە، کە بە وێدا تێپەڕیوە، لە هەمان کاتدا شاعیر وێڕای خستنەڕووی خەیاڵ و ئەندێشە فراوانەکانی لە وێنەیەکی شیعریی بەرزدا، لە گۆشەیەکی دیکەی شیعرەکانییەوە و بە هۆی هەستەکانی بیستن و بۆنکردنەوە کە لە دێڕە شیعری (ڕێژنە عەتری چۆلەکە) دا خۆی دەنوێنێ، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، وێنەیەکی شیعری بەرز و بەهێز و کاریگەری بەرجەستەکردووە.

### ٣,٤,٢,٢ هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی چەشتندا:

دیارە بەهۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرینگەی هەستی بیستن هەیەتی، وای کردووە پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ هەستی چەشتندا هەبێت، وێڕای هەبوونی پەیوەندییەکی بەرزیش لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا. هەستی بیستن لەو هەستە کاریگەرانەیە لەگەڵ هەستی چەشتندا، پانتاییەکی بەرینی لە دروستکردنی چێژ و خۆشی لە سیاقی هەستگۆڕکێدا دروستکردووە. چونکە هەستی بیستن لەو هەستانەیە لە دوای هەستی بینیندا بە پلەی دووەم، زۆرجاریش تا پلەی یەکەمیش کاریگەریی لە سەر هۆش و هەست و نەست و دەروون و گوتار و بیرکردنەوەی مرۆڤ دروست دەکات، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ حەز و ئارەزووی مرۆڤ دەوروژێنێت و بەرەو دنیایی ڕۆمانسییەت و فانتازیای ئافرەت ئاڕاستەی دەکات. لەوانەشە هەندێک جار بەرەو هەوەسبازیش شۆڕ ببێتەوە.

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرە دژە باو و سەرکێشانەی شیعرەکانی بۆتە ئاوێنەیەک بۆ جیهانی جوانیی ئافرەت و هەموو جوانییەکانیی ئافرەتی بە جوانییەکانیی دەرەوە و ناوەوە و بە هەموو بەشەکانی جەستەوە، لە درشتەوە تا ورد، لە ئەندامە ئاساییەکانییەوە تا ئەندامە هەرە هەستیار و وروژێنەرەکانی وەک عەورەتی تێدا ڕەنگداوەتەوە. جەلیزادە لەو دەنگ و ڕەنگە جیاوازانەیە، هیچ کاتێک درێخی لە پێشاندانی هەست و نەستە جوانەکانی ئافرەت نەکردووە. هەر ئەمانەش هۆکاری سەرەکیین بۆ ڕەنگدانەوەی جوانیی ئافرەت و هونەرەکانی هەستگۆڕکێ، لە سەرووی هەمووشیانەوە هەستگۆرکێی بیستن و چەشتن بەو ئاستە بەرزە، لە شیعرەکانی شاعیردا. ئەمانەش جوانترین نموونەن لەمبارەیەوە. شاعیر لە شیعری (ژنە گەزۆ) دا دەڵێ:

لە نێوان دوو لقی ئەو درەختە،

تک

تک

هەنگوین

دادەچۆڕێت.

پەلەکانی جۆگەی شیرن،

گەلاکانی شەونمی لینج،

ئەو درەختە باران و ترێ و پەنیر و

کەلافەی ئاوریشم  و گەزۆی پێوەیە،

درەختێک شەلاڵ لە چۆلەکەی ورووژان،

دوو گیان ،

**<u>لە جریوە جریوی لەزەت،</u>**

ئەو درەختە غەریبە،

درەخت نییە، ژنە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٦٠).

یاخود دەڵێ:

گوێی جارانم،

شەقەی باڵی کۆتری مێ،

خورە خوڕی،

ڕووباری سەر بە گروازە،

گریانی وەخت و بێ وەختی،

مۆمی پەنجەکانی مامڵێ.

قاقای گەرمی، شەوی درەنگی کچە جیران،

**<u>ناڵە ناڵی خەمە تاڵەکانی</u>** نالی

ئاخ و ئۆفی،

ژنە درۆزنانەی سەرسەرین (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٥٠٢).

یاخود دەڵێ:

باڵێکیان،

لە ورشەی وروژان و،

باڵێک لە **موزیکی لەزەت** (جەلیزادە، ٢٠١٨: ١٥٣)

یاخود دەڵێ:

تیشکی ژیان،

لەپەنجەرەی ژینەوە،

وردە وردە،

دەڕژێتە **هەناسەی شیرین**.

**روحی شیرین** تەژی دەکاتەوە،

لە **زەردە خەنەی هەنگوین** (جەلیزادە،٢٠٢٠ : ٩٥).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرانەدا، شاعیر وێرای ئەوەی ئەو هەمووە هەست و نەستە جوانانەی خۆی کە بەرهەمی ئەزموون و باکگراوندی ڕۆشنبیری و خۆشەویستی و جوانیی ئافرەتن، لەم وێنە شیعرییانەدا بەشێوازیکی هونەری و ئیستاتیکی پیشانداوە، لە هەمان کاتدا جەلیزادە پەنای بۆ هەستەوەرەکان و هونەرەکانی هەستگۆڕکێ بردووە، هەستی بیستن و چەشتن لەو هەستانەیە کە شاعیر سوودی لێ وەرگرتووە و لەم کۆپلە شیعرانەدا بەکاریهێناوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە دێڕە شیعرەکانی(لە جریوە جریوی لەزەت، ناڵە ناڵی خەمە تاڵەکانی ناڵی، موزیکی لەزەت، هەناسەی شیرین، رۆحی شیرین، زەردە خەنەی هەنگوین) دا، کە هەر هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی (بیستن ، چەشتن) ەوە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، چەندین وێنەی جۆراوجۆری جوان و ڕازاوە و کاریگەریی هەستی دروست کردووە. بەمەش توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر چێژ و خۆشی و نەمری بە شیعرەکانی ببەخشێت.

## ٤,٤,٢,٢ هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا:

هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا لەو هەستانەن پایەکی پتەویان لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا، لە نێویشیاندا لە شیعرەکانی جەلیزادەدا هەیە. شاعیر بە هۆی ئەو تین و تاو و پەرۆشیی و حەز و خولیا و تامەزرۆییەی بۆ جوانیی ئافرەت لە لایەکەوە، ئەو تونا و ئەزموون و زەوق و سەلیقە و جوانیناسییەی هەیەتی، توانیویەتی کۆمەڵێک دەقی شیعری لە چوارچێوەی هونەری هەستگۆڕکێی بیستن و بەرکەوتن بێنێتە کایەوە، بەشێوەیەک ببێتە هۆی دەرخستنی جوانییە شاراوەکانی ئافرەت و شکاندنی تینوویەتیی خوێنەر لەمبارەیەوە، جەلیزادە لەو شاعیرانەیە کە بڕوای بە هەستی بەرکەوتن هەیە و حەزی لە هەستی بەرکەوتنە و چێژ لە هەستی بەرکەوتن وەردەگرێ، زۆر زیاتر لە چێژ وەرگرتنی ڕۆحی، ئەمەش لە سیاقی هەستگۆڕکێدا لە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگی داوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە دەڵێ:

ئەمشەو ساردە و

بە لێفەی **<u>شیعرێکی گەرم</u>**

ئەو ئەندامە وردیلانەت دائەپۆشم (جەلیزادە، ۲۰۷: ۲۱۸)

شاعیر لەو کاتەوەی خۆی ناسیوە و هەستی بە جوانییەکانی ژیان کردووە، لە پێناوی ئافرەت و بۆ جوانیی ئافرەت ژیاوە، چونکە ئەندامی وردیلە ئاماژەیە بۆ جەستەی ئافرەت، جگە لەمە لێرەدا وەک دەردەکەوێت شاعیر دەیەوێ لە شەوە سارد و توشەکاندا بە شیعرە گەرمەکانی داپپۆشیت و هێز و تینی پێ بەخشێت. لە لایەکی دیکەوە شاعیر لە دەستەواژەی (بە لێفەی شیعریکی گەرم)دا بە هۆی وشەکانی (شیعر و گەرم)ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی (بیستن و بەرکەوتن)ەوە لە چوارچێوەی هونەرەکانی هەستگۆڕکێدا، وێنەنەیەکی شیعری جوانی داڕشتووە. هەروەها شاعیر لە وێنەیەکی شیعری دیکەدا، کە لە خولگەی هەستگۆرکێدا دەخولێتەوە، وێنەیەکی هەستی ڕازاوەی خستۆتە ڕوو کە دەڵێ:

گوێم لە **<u>پێکەنینێکی نەرمە</u>**..

لە چرپەی ئەو چۆڕە وێسکییە دەچێت.

کە لە دەمی بوتڵێکی مل درێژەوە،

برژێتە پەرداخێکی، سەرخۆش (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٦٠٥).

شاعیر لێرەدا  بە هۆی وشەکانی ( پێکەنین و نەرم)ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی بیستن و بەرکەوتنەوە و ئاماژەشە بۆ پێکەنینی ئافرەت، لە میانی هەستگۆڕکێدا ڕەنگڕێژی وشەکانی کردووە، بە شێوەیەکی هونەری  بالآ چەندین دیمەنی چێژ بەخشی لە شیعرەکانیدا خستۆتەڕوو.

هەروەها لەم نموونەیەکی دیکەدا  شاعیر دەیەوێ بەرگی دابو نەریت و کەلتوور و ئایین لە شیعرەکانی داماڵێت و بەرە و ئیرۆتیکییەت و سێکس شۆربێتەوە. وەک لەم کۆپلەی خوارەوەدا دەردەکەوێت و دەڵێ:

دەنگت،

دەنگی ژنێکی مەستە،

دوای ئۆرگازم،

لەسەر پشت پاڵکەوتبێت و

بە **<u>هەناسەیەکی گەرمەوە</u>** بڵێ:

وەییی مردم (جەلیزادە،٢٠٢٠: ٢٠٩).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون  دەبێتەوە، کە خۆشەویستی جوانیی ئافرەت و هەست و سۆزی ڕۆمانسییەت و شەهوانییەت، لەو بابەتە سەرەکیانەن  جەلیزادەی بۆ لای خۆی کێشکردووە، جگە لەمەش شاعیر ملی بۆ هیچ بەربەست و فشارێکی ئایینی و کۆمەلآیەتی و کەلتووری کەچ نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە  زۆرجار بوێرانە هێلی سووری لە پێناو جوانی  و خۆشەویستی و هەوەسبازی ئافرەتدا بەزاندووە، ئەمەش بە تەواوەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیر لەم پارچە شیعرەدا و لە دێڕە شیعری ( بە هەناسەیەکی گەرمەوە) بە هۆی جێگۆرکێی  شوێن و ئەرکی وشەکانی (هەناسە، گەرم)ەوە کە دەکەونە بەرهەستی  بیستن و بەرکەوتنەوە، لە چوارچێوەی هونەرەکانی هەستگۆڕکێدا وێنەیەکی  شیعریی  جوان و بە چێژی هێناوەتە کایەوە.

### ٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستە نزمەکان لە شیعرەکانی شاعیردا:

ئەگەرچی هەستە نزمەکان وەک هەستەکانی (بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن) بە بەراورد لەگەڵ هەستە بەرزەکاندا، وەک هەستەکانی (بینین و بیستن) ڕۆڵ و ئەرک و سنوور و کاریگەریی و لێکەوتەکانی، کەمتر و دیاریکراوتر و بێهێز تر و لاوازترن، بەڵام ئەمانە هەرگیز لە ڕۆڵ و بەها و ئاست و پایەکانی ئەم هەستانە لە کرداری هەستگۆڕکێ و دەرخستنی ئاست و پێگەی جوانیی ئافرەت کەم ناکانەوە. بەڵکو زۆرجار بەهۆی مرۆڤی هەستیار و هەست ناسکەوە، یان شاعیری خاوەن ئەزموون و جوانناسەوە، نرخ و بەهای ئەم هەستانە بۆ ئاستی هەستە باڵاکان بەرزدەبنەوە.


جەلیزادە لەو شاعیرانەیە زۆر بە قووڵی و فراوانی بە ناخی هەستەکاندا شۆڕبۆتەوە و سوود و بەهرەی لێ وەرگرتووە، ئیستاتیکییەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە، چونکە جەلیزادە هەر لە سەرەتای ژیانی شاعیرییەوە، هەوڵیداوە خۆی بێ، خۆی وەک شاعیرێکی سەرکێش و جوانپەرست و عەشقی ئافرەت، بۆیە هەمیشە تێکۆشاوە بۆ ئەوەی شێعرەکانی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی مەینەت و ئازارەکانی ئافرەت بێ. شاعیر بۆتە ئاوێنەیەک بۆ دەرخستنی سیما و ڕوخساری ڕاستەقینەی واقیعیی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، هەروەها لایەنەکانی جوانیی ئافرەتی کوردی لە کۆمەڵگایی مرۆییدا پیشانداوە. بە تایبەتی ڕەهەندەکانی جوانی و عەشق و خۆشەویستی ئافرەت و دایکایەتی و ئازار و ژانەکانی، ئافرەت وەک مرۆڤێکی یەکسان لە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاردا، بەشێوەیەک شاعیر بۆ ئەوەی بگاتە دوا وێستگە و ترۆپکی جوانیی ئافرەت، ڕکابەری و ململانێی لە نێوان هەموو هەستەکاندا دروستکردووە، تا لە پرۆسەی جوانیی ئافرەتدا هیچ لە هەستەکانی فەرامۆش نەکات و هەستەکانی (بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن)یش بە هەمان ئاستی هەستە باڵاکان سوود و بەهرەیان لێ وەربگرێت.

### ١,٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بۆنکردن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا:

هەندێک لە شاعیران بۆ ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانیان و گەیاندنی پەیامەکانیان لە چوارچێوەی هونەری هەستگۆڕکێدا، پەنایان بۆ ئەم هەستە بردووە، بۆن و بەرامی ئافرەت و گوڵ و ڕەیحانە و بۆنە جۆراجۆرەکانی دیکە، جێگای بایەخ و سەرنجڕاکێشانی شاعیران

بووه. کەم تا زۆر لە داڕشتنی شیعریدا و لە بەرجەستەکردنی وینەی شیعریدا سوود و بەهرەیان لێ وەرگرتووە. بۆیە دەتوانین بڵێین. '' هونەرمەندی داهێنەر ئەو کەسەیە کە پشت بە درکاندنی هەستەکان بۆ دروست بوونی وێنەی تازە دەبەستێت، کە وا دەکات وەرگر کاریگەر بێت لەگەڵی و هەستی پێ بکات و چێژێکی هونەری و ویژدانی پێبدات'' (حەوێزی, ٢٠٠٩: ١١٧). لە سەرووی ئەمانەوە جەلیزادە لەو شاعیرە جواننناس و داهینەرانەیە لە بەکارهێنانی هەستی بۆنکردنیشدا توانایەکی زۆر و دەستێکی باڵای هەبووە. ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی هەستی بۆنکردنیش لە پاڵ هەستەکانی دیکەدا پێگەیەکی گەورە و بەهێزی هەبێت. وەک لەم هێڵکارییەدا خۆی دەنوێنێت.

هێڵکاری_١٦(جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بۆنکردن)




### ١,١,٣,٢ هەستگۆڕکێی بۆنکردن لەگەڵ هەستی بینیندا:

هەرچەندە هەستی بۆنکردن لەگەڵ هەستی بینیندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بەدی ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەستانە لە سیاقی هەستگۆڕکێدا جێگای بایەخ بووە و هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئەم هەستانە لە شیعرەکانیدا ڕەنگ بداتەوە و زیندوویەتی و بەردەوامی بە شیعرەکانی ببەخشن. ئەمەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا دیارە وەک لە کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

لە ئێوارەوە،

عەتری رووتی،

دەدەین لە جەستەمانا.

لە پەنجەرەوە،

جلەکانمان،

دەفرۆشین بە مانگ (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٦٤٠).

ئەگەر بمانەوێت لە جوانی و خۆشەویستی و میهرەبانی ئافرەت تێبگەین، دەبێت شیعرەکانی جەلیزادە بخوێنینەوە و بە ناخیدا ڕۆچیین، جوانیی ئافرەت بە لای جەلیزادەوە ئەگەر دیوی ناوەوەی بریتی بێت لە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و وەفاداری و نەرم و نیانی و میهرەبانی، بێگومان دیوی دەرەوەی لە شۆخ و شەنگی بەژن و باڵا و ئەندامە جوان و سەرنجڕاکێشەکان و شوێنە هەستیار و وروژێنەرەکانی جەستە یی ئافرەتدا چڕدەبێتەوە. بۆیە شاعیر هەمیشە لە پاڵ جوانیی ناوەوەی ئافرەتدا، جوانی لە ڕووتی ئافرەتدا دەبینێت و چێژ و خۆشی پێدەبەخشیت، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی بەهێز و کاریگەری لە سەر شیعرەکانی شاعیر دروست کردووە، بۆیە دەبینین لێرەدا شاعیر پەنای بۆ هەستەکان بردووە و لە دێڕە شیعری (عەتری ڕووتی)دا، بەهۆی جێگۆڕکێی ئەرک و شوێنی وشەکانی (عەتر، ڕووت)ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی بۆنکردن و بینینەوە لە میانی هەستگۆڕکێدا، وێنەیەکی دڵگیری دروست کردووە.

هەروەها جەلیزادە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەشدا، بە مەرامێکی دیکە و بە فۆرم و ناوەرۆکێکی دیکە، دیمەنێکی هەستگۆڕکێی تازەمان پیشان دەدات، کە دەڵێ:

بۆنی،

هەموو شتێکت لێ دەکەم..

بۆنی گوڵ،

بۆنی پەپوولە،

بۆنی پاکیزەیی،

بۆنی تۆ،

تەنانەت بۆنی خۆم!

ئەی بۆ بەردبارانت دەکەین! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٦٤٥).

لێرەدا شاعیر لە پێناو خۆشەویستیی ئافرەت و هێشتنەوەی جوانیی ئافرەتدا پەیامێکی شیعری ڕەخنە ئامێزی ئاڕاستەی کۆمەڵگا کردووە، کە بەرد بارانی ئافرەت دەکات، لە کاتێکدا هەموو جوانییەکان و بۆنی گوڵ و بۆنی پەپوولە و بۆنی پاکیزەیی لە ئافرەتەوە وەردەگرێت. لەم کۆپلەیەدا شاعیر لە دێرە شیعری (بۆنی پاکیزەیی)دا، بەهۆی جێگۆڕکێیی ئەرک و شوێنی وشەکانی (بۆن ، پاکیزە)یەوە، لە سیاقی هەستگۆڕکیدا، وێنەیەکی هەستی کاریگەری بەرجەستەکردووە.

## ٢,١,٣,٢ هەستگۆڕکیی بۆنکردن لەگەڵ هەستی بیستندا:

لە ڕاستیدا بایەخدان بەم هەستانە لە لایەن جەلیزادەوەش بابەتێکی ڕوون و بەرچاوە، چونکە هەستەکانی بۆنکردن و بیستن لەو هەستانەن شاعیر پەنای بۆ بردووە. تا بەم هۆیەوە گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی بکات و پەی بە جوانیی ئافرەت ببات، وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێت:

**<u>بۆنی شیعرەکانت</u>** کردم...

هەموو حەرفێکم،

بووە باخ! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٠٥).

لێرەدا شاعیر لە لایەکەوە باس لە گەورەیی سیحری جوانیی ئافرەت دەکات، کاتێک بۆنی شیعرێکی دەکات، هەموو پیتەکانی شاعیر دەکاتە گوڵستان و باخ، لە لایەکی دیکەوە دەیەوێت لە ڕێگای هونەرەکانی هەستگۆڕکێوە، وەک لە دێرە شیعری (بۆنی شیعرەکانت کردم ) لایەنی ئیستاتیکای شیعرەکانی بەرزبکاتەوە، هەر بۆیە بەهۆی جێگۆڕکێی وشەکانی (بۆن، شیعر)ەوە کە دەکەونە بەر هەستەکانی (بۆنکردن و بیستن)ەوە وێنەیەکی شیعریی جوانمان پیشان بدات. هەر لەمبارەیەوە شاعیر لە چەندین کۆپڵە شیعری دیکەدا، بە شێواز و فۆرم و بابەتی جۆراوجۆر پایە و ئاستەکانی هەستگۆڕکێمان لە شیعرەکانی خۆیدا پێشان دەدات و دەڵێ:

من تا ڕۆژی قیامەت،

مەحکوم بە عەشقی ژنێکی تر،

مەحکوم بە **<u>عەتری خیانەت</u>** (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٨٢).

یاخود دەڵێ:

پۆلێک،

ڕەشە ڕەیحانەی بێ هیوا،

سەریان نابوو.

بەسەرشانی یەکەوە.

**<u>بۆنی دڵە خورپەیان</u>**،

دەگەیشتە پارکی منارە (جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٩٣ ).

لێرەدا لەم پارچە شیعرانەدا، جەلیزادە وێڕای ئەوەی ئەو هەمووە هەست و نەستە جوانانەی خۆی سەبارەت بە جوانیی ئافرەت دەربڕیوە، لە هەمان کاتیشدا هەوڵیداوە لە پاڵ جوانیی واتا و بابەتی شیعریدا، فۆڕم و ڕوخساری شیعرەکانیشی بە جوانترین و تازەترین شێوە برازێنێتەوە و پێگە و بەهای ئیستاتیکیەت و جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانیدا بەرزبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بۆ هەستەوەرەکان و هونەرەکانی هەستگۆڕکێ بردووە، هەستی (بۆنکردن و بیستن) لەو هەستانەیە کە شاعیر سوودی لێ وەرگرتووە و لەم کۆپلە شیعرانەدا بەکاریهێناوە.

بۆ ئەم مەبەستە لە دێڕە شیعرەکانی(عەتری خیانەت، بۆنی دڵە خورپەیان)دا، کە هەردووکیان دەکەونە بەر هەستەکانی (بۆنکردن، بیستن) ەوە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا ڕازاوەترین وێنەی هەستی دروست کردووە. بەمەش توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر چێژ و خۆشی و تازەگەری لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات.

### ٣,١,٣,٢ هەستگۆڕکێی بۆنکردن لەگەڵ هەستی چەشتندا:

ئەگەرچی هەموو هەستەکان بەهادارن و ڕۆڵی سەرەکییان لە هێنانەکایەی هونەرەکانی هەستگۆرکێدا هەیە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم هەستانە لە لای شاعیران وەک یەک نییە، جەلیزادە لەو شاعیرە دڵتەڕ و هەست جوانانەیە، کە بە جوانی شتەکان دەبینێت و بە جوانیش گوزارشتیان لێدەکات، بە تایبەتی ئەو هەستانەی دەچنە خانەی هستگۆڕکێ و لە چوارچێوەی جوانیی ئافرەتدا بەکارهاتوون. ئەمەش چەند نموونەیەکی جیاوازە لە هەستی بۆنکردن و چەشتندا، لە چوارچێوەی هەستگۆرکیدا و لە شیعرەکانیدا کە دەڵێ:

پژمینی پەپوولەیەکی ساوایە،

لەهەڵمژینی،

شووشەیەک**<u>عەتریتیژ</u>**،

پرمەی گریانی گەڵای ناو ئینجانەیەکە،

بۆ شنەی باخێکی گشتی.

لەسەر مەمکێکی خز (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٩٦).

یاخود دەڵێ:

تەنیا **<u>بۆنی وەرسیی</u>**،

تەنیا **<u>بۆنی تەنیایی</u>**،

قژم دەکەم بە باڵ و

دەبم بە پەروانە و هەڵدەفڕم.(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٣٧).

یاخود دەڵێ:

کە ئێوارە دادێ، دەڕژێنە ماڵەکەم..

زۆربەیان بە؛ قات و بۆینباخەوەن،

پاک پاک خۆیان بە عەتر ششتووە،

کەچی کرێکارەکە، بەجلی ئیشەوە دێ!

لەبن باڵەکانیدا، **بۆنی ماندوو بوون** هەڵدەمژم (جەلیزادە،٢٠٢٠: ٥٠).

شاعیر لەم پارچە شیعرانەدا ، لە گۆشەنیگای جوانیی ئافرەتەوە لە ژیان دەڕوانێت و جوانی و خۆشیی ژیان لە چێژ و خۆشی جوانیی ئافرەتدا دەدۆزێتەوە، بۆیە لەپاڵ ئەمەدا ئامانجی شاعیر ئەوە بووە بۆن و ڕەنگی جوانیی ئافرەت بکاتە هەوێن و سەرچاوەی داڕشتنی شیعرەکانی و بەردەوامی و زیندوویەتی بە شیعرەکانی ببەخشێت. بەهای جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانیدا بەرز بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش جەلیزادە پەنای بۆ هەستە جۆراوجۆرەکان بردووە و هونەرەکانی هەستگۆڕکێی بەکارهێناوە، هەستی (بۆنکردن و چەشتن) لەو هەستانەیە، کە شاعیر لە ئاستێکی بەرزدا پشتی پێ بەستووە. بۆ ئەم مەبەستەش لە دێڕە شیعرەکانی(لە هەڵمژینی شوشەیەک عەتری تیژ، تەنیا بۆنی وەرسیی، تەنیا بۆنی تەنیایی، لەبن باڵەکانیدا، بۆنی ماندوو بوون هەڵدەمژم)دا ، کە هەر هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی (بۆنکردن، چەشتن) ەوە، بە هۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی ئەم وشانەوە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، ڕازاوەترین وێنەی هەستی دروست کردووە، تا لەم دەروازەیەوە ئاستی کاریگەری و جوانیی ئافرەت، لە چوارچێوەی هەستگۆڕکێدا، لە شیعرەکانیدا بەرز بکاتەوە.

## ٤,١,٣,٢ هەستگۆڕکێی بۆنکردن لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا:


شاعیران بە مەبەستی ڕازاندنەوەی دەقە شیعرەکانیان و گەیاندنی پەیام و هەست و نەستی خۆیان، بەردەوام پەنا بۆ هەستە جۆراوجۆرەکان دەبن و لە شێوەی هونەری هەستگۆڕکێدا بەرجەستەی دەکەن. لە ناویشیاندا هەریەکە لە هەستەکانی بۆنکردن و بەرکەوتن لەو هەستانەن، کە لە شیعرەکانی جەلیزادەدا بەرچاو ناکەوێت، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ نەگونجان و بێهێزی سروشتی ئەم هەستانە لەگەڵ یەکتردا، لە بونیادنان و دروست کردنی هەستگۆڕکێدا دەگەڕێتەوە.

## ٢,٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا:

هەستی چەشتن لەم جۆرە هەستانەیە کە زیاتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی چەشتنی شتەکاندا دێتەکایەوە، یان دەتوانین بڵێین:''ئەو جۆرە هەستەیە کە لە ڕێگای چەشتنەوە هەستی پێدەکەین . وەک شیرینی و تاڵی و ترشی و سوێری و تفتی و تیژی ... هتد، کە بە هەمان شێوەی هەستەکانی دیکەی مرۆڤ، یارمەتیدەرێکی بە هێز و کاریگەری شاعیرە، بۆئەوەی بتوانێت لە ڕێگای تام و چەشتنەوە لە چوارچێوەی هەستگۆڕکێوە وێنەی شتەکان بۆ خوێنەر بگوازێتەوە. ئەمەش توانا و لێهاتوویی و ئەزموون و سەلیقەی شاعیر لەم بارەیەوە دەسەلمێنێ، کە چۆن هەستەکانی خۆی بەکاردەهێنێ و لە بنیاتی دەقی شیعریدا سوودیان لێ وەردەگرێ'' (فەتاح، ٢٠١٩: ١٦٣).

جەلیزادە لەوشاعیرانەیە، کە توانیوێتی لە ڕێگای هەستەکانیەوە، لە نێویشیاندا هەستی چەشتن، جوانترین وێنەی شیعری بێنێتە کایەوە. شاعیر زۆر گرفتار و تینووی چەشتنی جوانییەکانی ئافرەتە، تاکە ژوان و تاکە وێستگە و تاکە هەست و جوانی ئافرەتێک نای حەسێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام بە شوێن چەشتنی ژوانی تازە و جوانیی تازە و ئافرەتی تازەوەیە، ئەو پێی وایە تێر بوون لە جوانیی ئافرەتدا کارێکی ئەستەمە، بۆیە هەمیشە بە دوای جوانیی ئافرەتەوەیە، لەم بارەیەوە هەموو هەستەکانی بەکارخستووە، هەستی چەشتنیش لە پاڵ هەستەکانی دیکەدا، پانتاییەکی بەرینی لە شیعرەکانی شاعیردا داگیرکردووە و بۆتە چاوگەیەکی لەبن نەهاتووی هەستگۆڕکێی شیعری و داهێنانی شیعری، وەک لەم هێلکارییەدا دەردەکەوێت.

هێڵکاری_١٧(جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی چەشتن)



### ١,٢,٣,٢ هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستی بینیندا:

دیارە وەک دەزانین هەموو ئەو شتانەی لە سروشت و ژینگە و دەوروبەرمان هەن، کەم تا زۆر و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەری لە سەر مرۆڤەکان یان شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دروست دەکەن، دەبنە هۆی هێنانەکایەوەی وێنەی شیعری. هەر بۆیە ئەو شتانەی بەرهەستەکانی مرۆڤ دەکەون لە سەر دڵ و دەروون و ئاوەز و گوتار و تێڕوانینەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، جا چ بەهۆی هەستە دیارەکانەوە یان نادیارەکانەوە بێت، لە ڕاستیدا هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستی بینیندا ڕۆڵێکی گرینگیان لەم بارەیەوە لە شیعری شاعیراندا هەیە.

جەلیزادە بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانی تاڕادەیەکی زۆر پشتی بەم جۆرە هەستانە بەستووە. لە قاڵبی هەستگۆڕکێدا بەکاری هێناون. لەم ڕێگایەشەوە بەشێوازێکی هونەری سەرکەوتوو جوانیی ئافرەتی دەرخستووە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

بەقەد باڵات،

پەتێک لە ستیانەکانی تۆو

سێدارەیەک،

لە <u>**خەمە سپیدارەکانی**</u> من،

ئەمشەو،

خۆم بە بالکۆنی شوقەکەدا،

هەڵدەواسم! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٥).

یاخود دەڵێ:

دەچمەوە،

بۆ خەون،

بۆ **<u>لەزەتی خەیاڵ</u>**،

بۆ ئەو دەمەی: ژنێک،

بەردەرگای دەشوشت و

ماکسییە تەڕ و پەمەیەکەی،

بە پوز و ڕانە خڕە سپییەکانییەوە،

دەچەسپێ (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٢٠٥).

جەلیزادە لێرەدا، لەم کۆپلە شیعرە تەڕ و جوان و ناسکانەدا ، لە پەنجەرەی هەست و سۆز و خۆشەویستی جوانی ئافرەتەوە سەیری ژیان دەکات و تام و چێژ و خۆشی ژیان لە جوانی و میهرەبانی و بەخشندەیی ئافرەتدا دەبینێت. لەبەرئەوە هەمیشە خەون و خەیاڵ و خولیا و تێڕامانی شاعیر لە چەقی سەرەکی جیهانبینی و جوانیی ئافرەتدا چڕ دەبێتەوە،

شاعیر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پەنای بۆ هەستە جۆراوجۆرەکان بردووە و هونەرەکانی هەستگۆڕکێی بەکارهێناوە، هەستی (چەشتن و بینین) لەو هەستانەیە کە شاعیر لە ئاستێکی بەرزدا پشتی پێ بەستووە. بۆ ئەم مەبەستەش لە دەستەواژەکانی (لە **<u>خەمە سپیدارەکانی</u>** من، بۆ **<u>لە زەتی خەیاڵ</u>**، ئاوایی)دا ، کە هەر هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی (چەشتن ، بینین) ەوە، بە هۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی ئەم وشانەوە، لە چوارچێوەی هەستگۆڕکێدا، چەندین وێنەی هەستی جوان و کاریگەری بەرجەستەکردووە، تا بەم هۆیەوە نرخ و بەهای جوانیی ئافرەت، لە سیاقی هەستگۆرکیدا، لە شیعرەکانیدا بەرزبکاتەوە و داهێنان و گۆڕانکاری تێدا بکات.

### ٢,٢,٣,٢ هەستگۆڕکیی چەشتن لەگەڵ هەستی بیستندا:

هەستگۆڕکێی چەشتن جگە لەوەی لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا زۆر کۆک و گونجاو و ڕێکە، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ هەستی بیستنیشدا کۆک و تەبان و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. هەر لەبەر ئەوە هەستەکانی چەشتن و بیستن ڕووبەرێکی گەورەیان لە جوانیی

ئافرەت و هەستگۆڕکێی شیعریدا داگیرکردوە. بە شێوەیەک بۆتە پاڵنەرێک بۆ جوانیی بەخشی شیعری شاعیران.

جەلیزادە لەم گۆشەیەشەوەجوانیی ئافرەتی بەرجەستە کردووە و لە ئافرەتی ڕوانییوە. تا بتوانێت بەم هۆیەوە بەهای جوانیی شیعرەکانی بەرز بکاتەوە. بەتایبەتیش ئەو جوانییانەی لە بازنەی جوانیی ئافرەتدا دەخولێنەوە، وەک لەم نموونە شیعرییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

بێ ئومێد بووم،

لەو ئافرەتە چەنەبازەی،

نەمتوانی،

نەرمەی گوێ درێژەکانی،

لە جامخانەی زێڕینگرانەوە،

پەلکێش کەمە،

شلپە شلپی،

شەڵڵالە **<u>شیرینەکانی</u>** **<u>شیعر</u>** (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٥٢٤).

یاخود دەڵێ:

من ژنێکم خۆشدەوێ،

ژنی پیاوێکی ترە،

چەند **<u>شیرینە؛ گەمژەیی</u>** (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٢٣١).

لێرەدا شاعیر لەم دوو پارچە شیعرە ڕۆمانسییەدا، بە شێوەیەکی ڕەخنە ئامێز دەربارەی پرسی ئافرەت و خۆشەویستیی ئافرەت دەدوێ، لە دوو ئاڕاستەی دژ بەیەکدا گوزارشت لە بیروبۆچون و تێڕوانین و عەقلیەتی کۆمەڵگاکەی دەکات، لە لایەکەوە بێ ئومێدە لەوەی

بتوانێت حەز و خولیا و خەونی ئافرەت لە سنووری خشڵ و زێرەوە بگوازێتەوە بۆ سنووری جیهانی ئەدەب و شیعر.

لە لایەکی دیکەوە شاعیر ڕەخنە لە خودی خۆشی دەگرێت و خۆی بە گەمژە دەزانێت، کاتێک ژنێکی خۆش دەوێ، هاوژینی خۆی نییە و ژنی پیاوێکی دیکەیە. وێڕای ئەمانە شاعیر لە بایەخدان بە لایەنی هونەری و ئیستاتیکای شیعرەکانیشیدا باڵا دەست بووە، بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لە هەستەوەرە جیاوازەکان وەرگرتووە، هەستی (چەشتن و بیستن) لەو هەستە کاریگەر و بایەخدارانەیە، کە شاعیر لە ئاستێکی باڵا و فراواندا پشتی پێ بەستووە. بۆ ئەم مەبەستەش لە دێڕە شیعرەکانی(شەڵڵاڵە **<u>شیرینەکانی</u>** **<u>شیعر</u>**، چەند **<u>شیرینە؛ گەمژەیی</u>** ، )دا ، کە هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی (چەشتن ، بیستن) ەوە، بە هۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی وشەکانی (شیرین، شیعر، شیرین، گەمژەیی) لە سیاقی هەستگۆڕکێدا،وێنەیەکی شیعری سەرنجڕاکێشی لەمبارەیەوە، هێناوەتە کایەوە، تا بەم هۆیەوە پێگەی جوانیی ئافرەت، لە شیعرەکانیدا بگەیەنێتە ئاستی شاکارە شیعرییە زیندووەکانی دونیا.

### ٣,٢,٣,٢ هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا:

شتێکی ئاسایی و دروستە، ئەگەر بڵێین لە زۆر کاتدا هەستی چەشتن لەگەڵ هەستە نزمەکانی دیکەدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، هەر بۆیە هەمیشە شاعیران چێژ و خۆشییان لە بۆنکردنی شتە بۆنخۆشەکاندا وەرگرتووە، بە شێوەیەک زۆرجار مەست و بێهۆشی کردوون. بە تایبەتیش جەلیزادە زۆر ئاڵودەی بۆنی خۆشی ئافرەتان بووە و چێژ و خۆشی لێ وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی نە گونجان و ناسازی سروشت و بونیاد و پێکهاتەی ئەم جۆرە هەستانە لەگەڵ یەکتریدا، بۆ هێنانە کایەوە و بەرجەستەکردنی هونەرەکانی هەستگۆڕکێ، هۆکارێکی بەهێزبووە، بۆ ئەوەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگ نەداتەوە، کەم تا زۆر پێگەیەکی ئەوتۆی نەبێت.

### ٤,٢,٣,٢ هەستگۆڕکێی چەشتن لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا:

هەستەکانی چەشتن و بەرکەوتن بە پێچەوانەی هەموو هەستەکانی دیکە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زۆر بە توندی بەیەکەوە گرێدراون و چاوگەی سەرەکی چێژ و خۆشیی بەخشن بە مرۆڤ، هۆکارێکی گرینگیشن بۆ کەم کردنەوەی فشاری دەروونی و بەخشینی ئارامی بە گیان. هەستی چەشتن و بەرکەوتن لە لای ئەوانەی سەر بە ڕەوتی ڕۆمانسیزمین و لە بۆتەی جوانیی ئافرەت و عەشق و خۆشەویستی جەستە و بەژن و باڵای ئافرەتدا تواونەتەوە، لە ئاستێکی بەرز دایە.

جەلیزادە لەو شاعیرە دڵ تەڕ و ژندۆست و جوانپەرستانەیە، بەهرە و سوودێکی بێ سنووری لە هەستەکانی چەشتن و بەرکەوتندا وەرگرتووە، بەڵام بونیاد و سروشتی ئەم هەستانە بە شێوەیەک لە سیاقی هونەرەکانی هەستگۆڕکیدا بەرجەستە بووە، وای کردووە، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبێت و زۆر بەکەمی لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە ئەوش نموونەیەکە لەمبارەیەوە. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

خودایە،

**<u>ژەهرێکی خەست</u>** ببارێنە،

تا هەرچی برین و

درزێکی لەشی ژنە،

یەک بگرێتەوە (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٢٧).

لێرەدا شاعیر داوا لە خودا دەکات، ژەهرێکی خەستی وا ببارێنێت، هەرچی دەرز و کونە هەستیارەکانی جەستەی ژنە، یەک بگرێتەوە و داخرێت، چونکە ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی شاعیر جگە لە بیری ژن و پرسی ژن لە هەموو بیر و پرس و شتێکی دیکە دوور بکەوێتەوە، دیارە ئەم تێڕوانینە لە قۆناغێکی کورت و دیاریکراو و بارودۆخێکی دەروونی هەڵچوو و ناسەقامگیرەوە، هەڵقوڵاوە، بەڵام لە ڕووی بایەخدان بە لایەنی ئیستاتیکای شیعرەکانی، شاعیر لەهەوڵی ئەوەدابووە وێنەیەکی شیعری کاریگەر لە میانەی هەستگۆڕکێدا و لە دێرە شیعری( **<u>ژەهرێکی خەست بارێنە</u>**) بە هۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی وشەکانی


(ژەهر و خەست)ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی چەشتن و بەرکەوتنەوە، وێنەیەکی شیعری جوان و واتاداری بەرجەستە کردووە.

### ٣,٣,٢ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا:

هەستی بەرکەوتن لەو هەستانەیە کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی لەگەڵ شتە مادییەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دێتە کایەوە، چونکە ''زۆربەی هەستەکان توانای ئاگامەندیان هەیە، وەکو هەستی بینین و بیستن، بەڵام هەستەکانی چەشتن، بۆنکردن، بەرکەوتن، توانای ئاگامەندیان نییە، ئەو هەستانە تەنها کار لەسەر شتی مادی دەکەن، هەروەها بە تەواوی لەلایەن حەزەوە کۆنترۆل کراوە'' (مطر، ٢٠١٩: ١٣٣). جگە لە مانەش هەستی بەرکەوتن کاریگەرییەکی خێرا و بەهێزی لە سەر مرۆڤ هەیە و هۆیەکە بۆ وروژاندنی حەز و ئارەزوو، هەر بۆیە مرۆڤ لە ڕێگای هەستی بەرکەوتنەوە زیاتر لە هەوەسبازی و شەهوەتبازی نزیک دەبێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەرکی ئەم هەستە زیاتر چێژ وەرگرتنە لە ڕێگای جەستە و شتە مادی و بەرجەستەکانەوە، نەک شتە واتایی و رۆحییەکان، بۆیە هەستی بەرکەوتن هۆکار و هاندەر و پاڵنەرێکی سەرەکیی گرینگە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە جوانیی دەرەکی و جەستەیی نزیک بێتەوە و پشت لە جوانیی ناوەکی ڕۆحی بکات.

شاعیرانی ڕۆمانسی و سەردەمی نوێ و هاوچەرخ، بە پێچەوانەی عارفەکان، تەواو و کۆی جوانییەکان لە جوانیی جەستەی ئافرەتدا دەدۆزنەوە، کە زیاتر بەهۆی بەرکەوتنەوە دێتەکایەوە. وێڕای ئەمانەش هەستی بەرکەوتن لە چوارچێوەی هەستگۆڕکێدا و لە بابەتی جوانیی ئافرەتدا. لە لای شاعیران بەگشتی، لە شیعرەکانی جەلیزادەدا بە تایبەتی پایەیەکی بەرز و کاریگەری هەیە. چونکە جوانیی جەستە کە سەرچاوەیەکە بۆ هەستی بەرکەوتن لە لای شاعیردا، لە ئاستێکی باڵا و نایاب دایە. وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

هێڵکاری_١٨ (جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بەرکەوتن)



## ١,٣,٣,٢ هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستی بینیندا:

لە ڕاستیدا هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستی بینیندا، لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا جێگایەکی بەرز و باڵای هەیە. سەرچاوەیەکی بەسوودیشە بۆ هاتنەکایەی وێنەی شیعری جوان و تازە. بەتایبەتیش لە لای شاعیرانی نوێخواز، چونکە هەستەکانی بەرکەوتن و بینین لەو هەستە کاریگەرانەن. کە بوونەتە بنەمای چێژ و خۆشیی دەق و ڕەنگدانەوەیەکی قووڵ و فراوانی دروست کردووە. جەلیزادە لەو شاعیرە هەست ناسک و جوانیناسانەیە، تا ئاستێکی بەرز، سوود و بەهرەی لەم هەستانە وەرگرتووە، کە لە چوارچێوەی هەستگۆڕکێ و جوانیی ئافرەتدان. ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر پەرش و بڵاو لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

بۆت بکرایە..

دەبووی بە زیندە سێبەرێ،

هەنگاوەکانت دەژماردم،

**<u>بە نەرمە</u>** **<u>غار</u>** لەگەڵ نووکی پێنووسەکەم،

ڕێگەت دەبڕی (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١٩٨).

یاخود دەڵێ:

مانگ تریفەی بەرهەم دەهێنا،

**<u>نەرم نەرم دەیڕوانی</u>** ..

کەچی نەیدەزانی،

من پێم گوت:

ئێرە سلێمانییە، سلێمانی (جەلیزادە، ٢٠١٧: ١٣١).

لێرەدا، لەم دوو پارچە شیعرەدا شاعیر وەک هەمیشە خەیاڵ و ئەندێشەکانی لە بابەتی ئافرەتدا دەخولێتەوە و لە ڕوانگەی ئافرەتەوە دەڕوانێتە ژیان و ژینگە و دەوروبەری خۆی،

دەیەویَ  بەهۆی بابەتی ئافرەتەوە، شیعرەکانی برازێنێتەوە،  بۆیە هەستەکانی (بەرکەوتن ، بینین) لەو هەستانەن کە شاعیر پەنای بۆ بردوون، بۆ هێنانەدی ئەو مەرامەش لە دێرە شیعرەکانی(بە **نەرمە غار** لەگەڵ نووکی پێنووسەکەم، **نەرم نەرم دەیروانی** ..)دا ، کە هەر هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی (بەرکەوتن، بینین) ەوە، بەهۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی ئەم وشانەوە، بە یارمەتی هونەرەکانی هەستگۆڕکێوە،  چەند وێنەیەکی  شیعریی تازە و ڕەنگینی خستۆتەڕوو.

## ٢,٣,٣,٢  هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستی بیستندا:

هەرچەندە هەستەکانی بەرکەوتن و بیستن لە ڕووی فیزیکییەوە کەمتر بەیەکترییەوە وابەستەن، بەڵام لە ڕووی واتایی و ئایدیا و وێنە و ئەندێشەی شیعرییەوە، بە تایبەتیش  لە بواری هەستگۆڕکێی شیعریدا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و پتەو لە نێوانیاندا هەیە. چونکە ئەم هەستانە لە لای شاعیرانی ڕۆمانسیزمی و نوێخوازانی وەک جەلیزادە، بۆتە دەروازەیەکی گەورە، بۆ خەیاڵکردن و ئەفراندن و داهێنانی تازە،  لە ڕاستیدا  دەتوانین بڵێین: لەبەرئەوەی شاعیر بە هەموو شتێکی ئافرەت سەرسامە و بە بینین و بیستنی هەر شتێکی ئافرەتیش شاگەشگە دەبێت و چێژ و خۆشی لێ وەردەگرێت، بۆیە هیچ کاتێک هیچ لە هەستەکانی خۆی، بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ئافرەت و جوانیی ئافرەتدا فەرامۆش نەکردووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕادەبەدەر کۆی هەست و نەستەکانی خۆی بە باڵا و نزمەوە و دیار و نادیارەوە بەکارهێناوە. چونکە بابەتیی ئافرەت و جوانیی ئافرەت، لە لای جەلیزادەدا، واتا ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو. ئافرەت هێزێکی ڕووناکی لە بن نەهاتووە، سەرتاپای ژیان و فکر و هزر و دڵ و دەروون و خەون و خەیاڵ و سیما و گوتاری شیعری جەلیزادەی داگیرکردووە. هەر ئەمەش وایکردووە ئەم هەستانە بەشێوەیەکی بەرین لە شیعرەکانیدا، لە سیاقی هەستگۆڕکێی شیعریدا ڕەنگ بداتەوە، هەر وەک لەم نموونە شیعرییەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

شاعیرێکی بریندارم،

هاتووم لە دەورت گەڕێم و

**گەرمە شینت** بۆ بگێرم.

بگریم وەک ئەو دەروێشانەی ،

لەسەر مەزاری حوسێندا،

بە لا دادێن لە حەشمەتا (جەلیزادە،٢٠٠٧: ٩١).

یاخود دەڵێ:

سرووەی بەیان،

لق و پەلی شەنگەبی دەژەنی..

باخ سەرڕێژ بوو،

لە **<u>نەرمە موزیکی</u>** گیتار (جەلیزادە، ٢٠٢١: ١٦٩).

لێرەدا، لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەدا، جەلیزادە وەک شاعیرێکی عاشق و دڵ بریندار، خۆی دەچوێنێ بە دەروێشەکانی مەزاری حوسێنییەی شیعە مەزهەبەکان، وەک چۆن ئەوان دەگرین و گەرمە شین بۆ حوسێن دەگێڕن، شاعیریش بەهەمان شێوە بە چاوێکی پڕ فرمێسک و گریانەوە و بە دڵێکی بریندار و پڕ حەسرەت و عەشق و خۆشەویستییەوە، لە پێناوی دڵبەرەکەیدا مەست و سەرخۆش بووە، لە حەشمەتا بە لا دادێت.

بەڵام لەکۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا و لە دیمەنێکی جیاوازی دیکەدا، شاعیر، بە هەستێکی تر و تێڕوانینێکی تر، گوزارشت لە حەز و تاسە و ئەوینەکەی دەکات و لە سنووری خەیاڵ و ئەندێشەیەکی گەشبینی فراوانەوە، وێنەی ژیان دەکێشێت، بەڵام لە ڕووی داڕشتنی هونەری هەستگۆرکێی ئەم کۆپلە شیعرانەوە، شاعیر لە هەریەکە لە دێرە شیعرەکانی (**<u>گەرمە</u>** **<u>شینت</u>** بۆ بگێڕم. لە **<u>نەرمە موزیک</u>**ی گیتار)دا، بەهۆی جێگۆڕکێی ئەرک و شوێنی وشەکانی (گەرم، شین _ نەرم، موزیک)ەوە، کە هەموویان دەکەونە بەرهەستەکانی بەرکەوتن و بیستنەوە، چەند وێنەیەکی دڵگیر و ناوازەی لە قاڵبی هەستگۆڕکێدا خستۆتە ڕوو.

## ٣,٣,٣,٢ هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا:

هەستەکانی بەرکەوتن و بۆنکردن، بەڵام  لە لای جەلیزادەدا لە ئاستێکی زۆر بەرز و کاریگەر دایە، چونک شاعیر بە پێشەنگی بەکارهێنانی ئەو جۆرە هەستانە لە شیعری هاوچەرخ دادەنرێت، کە سیما و  چێژ و خۆشی جوانیی ئافرەتی لە خۆگرتووە. یان بە واتایەکی دیکە  شاعیر توانیویەتی جۆرە بابەت  و خەیاڵ و ڕوخسار و وێنەیەکی ژنانە لە شیعرەکانیدا بێنێتە کایەوە، کە لە ڕابردوو و لە ئیستاشدا هاوتای کەمە، چونکە شیعرەکانی جەلیزادە لە ژندۆستی و جوانیی ئافرەتدا لە ئاستێکی بەرز دایە، کەم شاعیر و نوسەر هەیە بە شێوەیەی ئەو، بەم ئاستە بەرز و فراوان و گەورەیە و بەم فۆرم و ناوەڕۆکە تازەیە، گوزارشت لە جوانی ئافرەت بکات. ئەمەش لە زۆربەی  وێنە شیعرییەکانی شاعیردا ڕوون و ئاشکرایە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

گوێم نەدایێ...

کە بە خونچەیەکی ساوا،

__شنەیەک عەتری،__

بۆ ناردبووی؛

باخچە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٣٨٤).

لێرەدا شاعیر، لە وێنەیەکی  شیعری سەرنجڕاکێش و تازەدا، زیرەکانە و هونەریانە هەموو ڕەگەزەکانی سروشت بە کەس دەکات و لە هەر هەمووشیاندا بۆنی ئافرەتیان لێ دەکات، بۆیە لەدیدی جەلیزادە دا ئەگەر سروشت لە جوانیی ئافرەت دابماڵرێت، بێ تام و ڕەنگ و  بۆن دەمێنێتەوە، ئەمەش حەز و خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری شاعیر بۆ ئافرەت دەردەخات،

جەلیزادە هەوڵیداوە بە هەستە جۆراوجۆرەکانی و هونەرەکانی هەستگۆڕکێوە ئاست و پایەی شیعرەکانی بەرزبکاتەوە، بۆیە وەک دەبینین لە دێڕە شیعری (__**شنەیەک عەتری بۆ ناردبووی**__) دا،  بەهۆی جێگۆڕکێی وشەکانی ( **شنە، عەتر**) ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی بەرکەوتن و بۆنکردنەوە، وێنەیەکی  پڕ لە واتا و جوانی پێشانداوە.

### ٤,٣,٣,٢ هەستگۆڕکێی بەرکەوتن لەگەڵ هەستی چەشتندا:

وەک ئاشکرایە، جوانیی بەژن و باڵا و جەستە لە ژیانی ئافرەتدا، ڕووبەرێکی بەرینی داگیرکردووە، هەریەکێکیش بە پێیی تێڕوانین و ئاستی ڕۆشنبیری و هزری، ڕێژەی زەوق و سەلیقە و خولیا و حەز و ئارەزووی بۆ ئافرەت، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم جوانییەوە و چێژ و خۆشی لێ وەرگرتووە. بێگومان گوتاری جەلیزادە لەمبارەیەوە، گوتارێکی جیاوازە و لە شیعری هیچ شاعیرێکی تر ناچێت، چونکە ئەو باس و بابەتانەی سەبارەت بە ئافرەت گوزارشتی لێکردووە و ئەو وێنە شیعرییە ئیرۆتیکیانە و سێکسییانەی شاعیر لەم چوارچێوەیەدا، کێشاویەتی. هیچ شاعیرێکی دیکە بەم ئاست و قەوارەیە خۆی لێ نەداوە. کە دیارە لەم ڕووەوەش هەستەکانی بەرکەوتن و چەشتن بشکی شێریان لە هەستگۆڕکێیی شیعریدا، لەم ڕووەوە بەرکەوتووە. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا زۆر بە زەقی دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

ناو گەڵی سابوون،

تژی بووە،

<u>لە لینجی حەز.</u>

لیفکە خۆی،

لە قەڵشەکانی لەشت،

دەخشێنێ (جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٢١٣).

لە گۆشەنیگای ئەم کۆپڵە شیعرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، شاعیر لە هەموو شت و بابەت و ڕەگەزەکانی سروشت و گەردووندا، بە ورد و درشتەوە، بەجوان و ناحەزەوە، بە زیندوو و نازیندەوە. بە خاوەن ئاوەز و بێ ئاوەزەوە، بە هەستیار و بێ هەستەوە، وێنەی جوانیی و ئەڤینی و ئیرۆتیکی ئافرەتی تێدا دەبینێت، شان بەشانی جوانییەکانی ناوەوەی ئافرەت. لە بەرئەوە وەک دەبینین شاعیر لە ئەنجامی بە کەس کردنی هەندێک لەو ڕەگەز و شتانە بۆ نێر و مێ و دواتر چواندنیان بەو ئەندام و جێگا هەستیارانەی کە ڕەهەند و لێکەوتە و دەرهاویشتەی وروژاندن و سێکسیان هەیە، دەیەوێت خۆی خاڵی بکاتەوە لەو

بارگاوییە بەرز و بەهێزەی بۆ ئافرەت هەیەتی، جگە لەمانەش شاعیر مەبەستیەتی هەر لەم گۆشەیەشەوە، ئاستی جوانیی ئافرەت لەشیعرەکانیدا پێشان بدات، بۆیە پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هونەرەکانی جێگۆڕکێ و لە دێڕە شیعری ( لە لینجی حەز)دا  کە ئاماژەیەکی سێکسی زەقی لە خۆگرتووە، بەهۆی جێگۆڕکێی ئەرک و شوێنی  هەردوو وشەکانی (لینج ، حەز)ەوە. کە دەکەونە بەر هەستەکانی بەرکەوتن و چەشتنەوە، وێنەیەکی شیعری سێکسی بەرجەستە کردووە، کە بە دەگمەن نەبێت،ئەم تەرزە وێنە شیعریانە، لە شیعری شاعیرانی دیکەدا بەرچاوناکەوێت. بێگومان ئەمەش توانا و لێهاتوویی و شارەزایی و نوێخوازی شاعیر لەمبارەیەوە پیشان دەدات.

لە ئەنجامی هەموو ئەوانەدا،دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە قوبادی جەلیزادە، تاڕادەیەکی زۆر سوودی لە هونەرەکانی هەستگۆڕکێ وەرگرتووە و ئیستاتیکییەتی شیعرەکانی پێ بەرزکردۆتەوە.

| بەشی سێیەم: جوانیی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا | |
|---|---|
| ٣. | سەرەتا |
| ١,٣ | جوانیی ناوەوە (ناوەڕۆک) |
| ١,١,٣ | ئافرەت و ژیان |
| ٢,١,٣ | ئافرەت وەک مرۆڤ و دایک, خوشک, هاوسەر، کچ، یار، دڵبەر |
| ٣,١,٣ | ئافرەت وەک تاک |
| ٤,١,٣ | ئافرەت وەک نیوەی کۆمەڵگا |
| ٥,١,٣ | ئافرەت وەک ئازار شکێن |
| ٢,٣ | جوانیی جەستە (ڕوخسار) |
| ١,٢,٣ | جەستەی ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و جوانی |
| ٢,٢,٣ | جەستەی ئافرەت وەک کەرەستەی سێکسی |
| ٣,٢,٣ | جەستەی ئافرەت وەک تێرکەری سێکسی |
| ٣,٣ | ڕەهەندەکانی جوانیی ئافرەت: |
| ١,٣,٣ | ئافرەت و بیری ئازادی |
| ٢,٣,٣ | ئافرەت و خاک و نیشتمان و نەتەوە |
| ٣,٣,٣ | ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانیی سروشت |

## بەشی سێیەم: جوانیی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا:

### ٣. سەرەتا:

جوانیی ئافرەت لە پاڵ ڕەهەندە گرنگەکانی جوانییدا، بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەمیان بە شێوەیەکی شاراوە و نادیارە و زیاتر ناخ و ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە و دەچێتە چوارچێوەی جوانیی ڕۆحییەوە، بەڵام بەشی دووەمیان بەشێوەیەکی دیار و دەرەکییە و دەچێتە خانەی جوانیی ڕوخسار و دەرەوە، وەک لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:-

### ١,٣ جوانیی ناوەوە (ناوەڕۆک):

جوانی بە هەردوو دیوەکانی ناوەوە و دەرەوە، کاریگەرییەکی بەرز و بەهێز و فراوانی لەسەر هزر و دڵ و دەروون و هەست و سۆز و دیدگای مرۆڤ هەیە. بۆیە ''جوانیی ناوەوە بایەخێکی گەورەی لە پەیوەندی نێوان جوانی و بەهاکەیدا هەیە، بەڵام لە پەیوەندی جوانییەوە و دیدی بابەتییەوە بۆ دیدی خودی بەرهەم دێت. بۆ نموونە کچێک کە بە جوانییە نایاب و دڵڕفێنەکەی نقومی خەیاڵمان دەکات و باڵ بەسەر هەڵچوونەکانمان دەکێشێت، ئەگەر کاتێک سووک یان نەزان یان شێت و بێ ڕەوشت ...هتد بێت، ئەوکاتە جوانییە دڵڕفێن و گەورەکەی لە درکپێکردنی هەستیدا، بۆ جوانییەکی کاڵ و بێ ڕەنگ و سارد و سڕ و بێ تام و چێژ دەگۆڕێت'' (عبد الرحیم، ٢٠٢٠: ٥). ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە هەر یەکە لە جوانیی ناوەوە و دەرەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزیان لە سەر یەکتری هەیە، تا ئەو ڕادەیەی کە جوانی یان ناشیرینی هەریەکێک لەم لایەنانە ڕەنگدانەوەیەکی زەق و دیاری لە سەر لایەنەکەی دیکەدا دەبێت، هەرچەندە ئاستی ئەم کاریگەرییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بە پێی تێڕوانین و ئاستی فیکری و شێوازی بیرکردنەوە و بارودۆخ و ژینگە و کەلتوور و سەردەمەکەوە دەگۆڕێت.

''بەپێی تێڕوانینی غەزالی، لە جوانیدا دوو ئاست بوونی هەیە: ئاستی جوانیی دەرەکی، کە بەهۆی هەستەکانەوە پێیان دەگەین، ئاستی جوانیی ناخ کە بە هۆی چاوی دڵەوە درکی

پێدەکەین، بێگومان ئەو کەسانە دەتوانن بەدەستی بهێنن کە لە ئەزموونی جوانیدا بەتەواوی پێگەیشتبن'' (شکیر، ٢٠١١: ٥٦). جگە لەمەش لەمبارەیەوە غەزالی دەڵێ: ''درک پێکردنی دڵ زۆر لە چاو بەهێزترە، جوانیی واتا کە هۆش و هزر درکی پێدەکات، زۆر گەورەترە لەو جوانییەی بە دەرەوەیە و بەچاو دەبینرێت'' (حسن، ٢٠١٠: ٣٦). چونکە لە دیدی بڕوادار و ڕەوشتییەکان و عارفەکاندا جوانیی ڕاستەقینە ئەو جوانییەیە کە شاراوەیە و لە قووڵایی ناخدایە و بە چاوی دڵ دەبینرێت و ئارامی و زیندوویەتی و بەردەوامی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە پێچەوانەی جوانیی دەرەوە، جوانییەکی کاتی ڕووکەشییە و بۆ ماوەیەکی کورتە و زوو کۆتایی پێدێت.

بێگومان''چەندین خەسڵەت بۆ جوانیی ناوەوە هەیە گرینگترینیان ئەمانەن:-نەخشەسازی و تووش بوون بە خۆشەویستی، بایەخ نەدان بە ناو و ناوبانگ، متمانە و نەرمونیانی لە قسەکردندا، سەربەخۆیی، بایەخدان بە کەسانی دیکە، هۆش و هزری کراوە، بیرکردنەوەی ئەرێنی، مەعریفەی فراوان، ژیری کۆمەڵایەتی...هتد'' (بکري، ٢٠٢٠: ٤ ).

لە ژێر تیشکی ئەم بیروبۆچوونانەدا دەتوانین بڵێین: ''بۆ گەشەکردنی جوانیی ناوەوە پێویستە ئەمانە لە بەرچاو بگیرێت: یەکەم: کۆشش بەرەو بیرمەندی، بە تێڕامان و بیرکردنەوە. دووەم: فێربوونی بەخشندەیی. سێیەم: دەربازبوون لە هەست و بیرکردنەوەی نەرێنی و خراپ'' (ابو داود، ٢٠١٨: ٣). هەرچەندە دیدی جیاواز سەبارەت بە بەرجەستەکردنی جوانی و هێنانەکایەوەی جوانی لەمبارەیەوە هەیە ''لاڤۆنتین پێی وایە نەرم و نیانی لە جوانی جوانترە'' (القداح، ٢٠١٥: ٣٢). هەروەها ''ئایینەکان نیشانە گەلێکن لەو تێگەیشتنە باڵایانەی ژیان لە سەردەمێکی دیاریکراو و کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا، لە بەردەستی پێشڕەوترین تاکەکان دان، دواتر هەموو خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی ڕەها، نزیکی ئەم تێگەیشتنە و دینەوەن، بۆیە لەم ڕووەوە ئەوە تەنیا ئایینەکانن، کە بەردەوام وەک بنەڕەتی هەڵسەنگاندنی هەستەکان خۆیان نواندووە، ئەگەر ئەم هەستانە خەڵک نزیک بکەنەوە، لەو ئامانجەی کە ئایین دیاری کردوون و لەگەڵیاندا هاوڕابن و ڕەتیان نەکەنەوە چاک و ئەگەریش خەڵک ئەو ئامانجانە دوور بخەنەوە لەگەڵیاندا هاوڕا نەبن و ڕەتیان بکەنەوە خراپن'' (حەمەساڵح، ٢٠١٣: ١٣٥). ئەمەش لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەوانەی چاکەیان کردۆتە بنەمای جوانی بەتەواوی یەک دەگرێتەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنە هەموو ئەو تێڕوانینانە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە ڕاستەوە بۆ چەپ لە شیعرەکانی جەلیزادەدا بە شێواز و سیمایەکی دیکەدا خۆی دەنوێنێ کە تایبەتە بە خودی جەلیزادەوە و مۆرکی جەلیزادەی پێوە دیارە. کە لەم بوارانەی جوانیی ئافرەت دا خۆی دەنوێنێ. کە لە خوارەوەدا هاتووە:

## ١،١،٣ ئافرەت و ژیان:

ئافرەت واتا ژیان، واتا زیندوویەتی و تازەبوونەوە و بەردەوامی، چونکە ئافرەت بە بنەمایەکی گرینگ و سەرەکیی جوانکردن و گەشەپێدانی ژیان و بونیادی خێزان و کۆمەڵگە دادەنرێت. لە هەمان کاتدا چەندین ڕۆڵی گەورە و بەهادار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەگێڕێ، وەک خۆ سەپاندن و بەشدار بوون لە هەموو لایەنێکی پڕاکتیکیدا، لە پاڵ لایەنی مەعنەویدا. لە سەرووی هەموو ئەمانەوەش لایەنی جوانی و خۆشەویستی و هەست و سۆزداری لە دیارترین و کاریگەرترین ڕەنگدانەوەی سیماکانی ئافرەتە لە ژیاندا.

دەتوانین بڵێین ''خۆشەویستی و ڕق لە بنچینەدا و لە خودی مرۆڤایەتیدا، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و دروست بوونییەوە لە سەر ڕووی زەوی هەبووە. دیارترین نموونەش بۆ ئەمە چیرۆکی قابیل و هابیلە، مرۆڤ ناتوانێت بە بێ هەست و سۆز بوونی هەبێت. چونکە هەست و سۆز زیندوویەتی بە جوڵەی ژیان دەبەخشێت'' (محیالدین، ٢٠١٤: ١٧). بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر لە کۆنەوە تێڕوانینی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز بەرامبەر بە ئافرەت و پرسیی ئافرەت هەبووە. هەر بۆیە ''ڕوانینێک سەبارەت بە ژن، کە لەلای کۆمەڵ هەیە و دەبێتە کۆدی ژن لە زەینی مرۆڤی ئەو کۆمەڵە لەکاتی بیرکردنەوە لە ژن و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژندا. ژنبینی پەیوەندی هەیە بەدنیابینی مرۆڤەکانیشەوە. لە دیدەگایەکی مرۆڤانەی یەکسان خوازەوە ژن وەکو بوونەوەرێکی کامڵ و بێ کەموکوڕی دەبینرێت، بۆیە شایان بە هەموو مافەکانیشی دەزاندرێت'' (قەرەداغی، ٢٠١٨: ٢٥).

ئەو ژیانەی ئێمە تێیدا دەیین، بە ڕەنگە جوان و جۆراوجۆر و گونجاوەکانی جیادەبێتەوە. لەبەرئەوە خوای گەورە وای کردووە بوونەوەرەکان بە شێوەی جۆراوجۆر و فرە ڕەنگییەوە جوان بن، بۆیە جوانی پێگەیەکی پڕ بایەخی هەیە. چونکە بۆتە بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤدا و تێکەڵی هەموو کاروبارەکانی بووە. بەشێوەیەک ئەستەمە وێنای جیهانمان بێ ئافرەت ڕەنگ بکەین. بەتایبەتی ''ئافرەت لە شیعری ئەڤینیدا جوان، نەرم ونیان، دەم بەخەندە، بە هێز و ژیربێژ، ڕازاوە، شیرین، بۆنخۆشە، ئافرەت کاریگەرە بەسەر پیاوەوە. بۆتە کرۆکی

بابەتەکانی و هۆشی داگیرکردووە. بەمەش دڵخۆشە. بە پێگەیشتنی یار شادمان و بە جودایی و کۆچیشی خەم و ئازار دەچێژێ، بە دیداری دڵبەرەکەشی نەبێت هۆش و بیر و ئەندێشەی ئارام نابێتەوە. دیداری ڕۆحەکان بۆ هەتاهەتایی سروشت پڕ لە سەوزایی و جوانیی بەهەشت دەکا'' (الحوراني، ٢٠٠٧: ٤٣).

هەر سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە ژیاندا، گابریل گارسیا مارکز، لە کتێبی (ژیان بۆ دووبارە گێڕاندنەوە) دا دەڵێت:'' ژنان پارێزەری جیهانن. لە هەمان کاتدا کە ئێمەی پیاوان مێژووی خۆمان بە دڕندایەتی ڕێک دەخەین و هینی ئەوانیش کە مەبەستی ئافرەتانە تێکدەدەین'' (نور افروز، ٢٠١٢: ٧٠). لە کاتێکدا ئافرەت ڕۆڵێکی ئەرێنی فراوانی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد هەیە، ئەمەش پاڵنەر و هاندەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی جوانیی خۆشییەکانی ژیان سەیر بکرێ و ببێتە هەوێن و بەهرەی هەزارەها شاکاری ئەدەبی و هونەری و شیعری زۆر بەرز و گەورە، چونکە ئەدەب بەتایبەتیش شیعر ڕەنگدانەوەی ناخی شاعیر و واقعی ژیانە بەهەموو ڕەنگ و دەنگ و واتاکاییەوە. هەر لەمبارەیەوە '' هێردەر دەڵێ: شیعری ڕەسەن ئەوەیە کە دەربڕینی هەست بێت، لە هەمان کاتدا شیللی دەڵێ : شیعر وێنەیەکی زیندووی ورشەدارە و وێنەی ژیان بە هەموو سیحر و جوانییەکەوە ئەگرێ'' (ڕەسوول, ١٩٩٠: ٢٤).

شیعرەکانی جەلیزادە لەو تەرزە شیعرانەیە، کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی پڕاوپڕە لە ڕەنگ و دەنگ و تامی ئافرەت، ئافرەت لە دیدی جەلیزادەدا جوانییەکی هەمیشەیی و چێژ و ئارام بەخشییەکی بەردەوامی تێدایە، بۆیە ئافرەت لە لای شاعیر وەکو ئەستێرە و خۆرەتاو دەبرسکێتەوە و بۆنی نێرگز و تامی هەنگوین و واتای ژیان دەدات. ئەمەش زۆر بە زەقی لەم کۆپلە شیعرەی شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە کە دەڵێ:

**<u>ژنەکان</u>** بە مردوویش دەبریقێنەوە،

**<u>ژنەکان</u>** کە دەشمرن،

پڕن لە چڵە نێرگزی ژیان،

ئێستا دەزانم،

**ژنە** دراوسێکەمان،

درەختێک بوو لە هەنگوین! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٤٠).

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر جەخت لە بەردەوامی و زیندوویەتی جوانیی ئافرەت دەکاتەوە و لەو باوەڕەدایە ئافرەت سەرچاوەی هەموو جوانییەکانە و تام و ڕەنگ و جوانییەکی تایبەتی و هەمیشەیشی هەیە، کە لە هیچ بوونەوەرێکی دیکەدا نییە، چونکە لە دیدی شاعیردا تاکە شتێک کە بە مردوویش تام و بۆنی ژیانی لێ دێت و وەک نێرگز بۆنخۆش و وەک هەنگوین شیرینە تەنها ئافرەتە و هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت ڕۆڵی ئەو ببینێت و جێگای ئەو بگرێتەوە.

## ٢,١,٣ ئافرەت وەک: (مرۆڤ، دایک، خوشک، هاوسەر، کچ، یار، دڵبەر):

جوانیی ئافرەت یان ''ئەزموونی جوانی، ئەزموونێکی مرۆڤایەتی بەرزی نایابە، کە جوانی و هێمنی و ئارامی و متمانە بەدەروون دەبەخشێت، وامان لێ دەکات درک بە سەرووی سنووری شتەکان بکەین'' (حلبي، ٢٠٢٠: ١٧٢). ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە بواری شیعری و ئەدەبی و هونەریدا ڕەنگیداوەتەوە، بە پلەی یەکەم کاریگەری لە سەر هەستی جوانیبینی و مرۆڤ بوونی شاعیراندا بەرجەستە کردووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە فروغی فروغزاد دەڵێ: ''شاعیر بوون ، واتە مرۆڤ بوون'' (خواجات، ١٣٩١: ١٦). جگە لە مانەش ئافرەت زیاتر لە ڕۆڵ و ئەرکێک و زۆرتر لە وێنە و شێوەیەک و بە گەلێک قۆناغ و خەسڵەت و تایبەتمەندی فرە چەشندا تێپەڕیوە، لە خودی ئافرەتەوە بگرە وەک مرۆڤ و سەرچاوە، تاکو ئافرەت وەک دایک، خوشک، هاوسەر، کچ، هاورێ و دڵبەر وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

هێڵکاری _١٩ (پێگە و ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت)




**_ ئافرەت وەک مرۆڤ:**

ئافرەت لەو هۆکارە زۆر سەرەکی و گرینگ و بەهادارانەیە کە بەردەوام و بەشێوەیەکی خێرا و ئەرێنی ووزە بە مرۆڤ بوون و مرۆڤایەتی دەبەخشێت. بە ڕادەیەک توانای مرۆڤ بوونی ئافرەت و هەست و سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی و بەزەیی ئافرەت، لە ئاستیکی بەرز و لە ڕووبەرێکی فراوانی بێ سنووردا دەخولێتەوە. ئافرەت گەورەترین و بەهێزترین هاندەر و پاڵنەر و ئومێد بەخشە بۆ ژیانبوون و مرۆڤ بوون و بەردەوامبوونی خۆشی و جوانییەکان، ژیان بێ ئافرەت وەک ئاسمانێکی بێ خۆر و مانگ و ئەستێرە و درەختێکی بێ گەڵا و گوڵ و بەر وایە، هیچ تام و بۆن و ڕەنگێکی نییە، بۆیە لە هەموو تەمەن و قۆناغ و

بوار و هەڵومەرجەکانی ژیانیدا پێگەیەکی گەورەی لە ڕەنگڕێژ کردنی نەخشەی جیهاندا داگیرکردووە. ڕەگەزی مێ چ وەک مرۆڤ، چ وەک دایک و کچ و خوشک و هاوسەر و یار و دڵبەر، هەوێن و سەرچاوەن بۆ مرۆڤ بوون، بۆ خۆشی و جوانی، ئەمەش وەک سیمایەکی دیار و زەق لە شیعری شاعیراندا بەگشتی و لە شیعرەکانی جەلیزادەدا بەتایبەتی ڕەنگداوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

ژن،

هەر بە تۆ دەکرێ،

دووپشک بکەی بە پەپوولە.

پەرسیلە پڕ کەی لە هەنگوین،

قەتماغە ببەخشیتە برین،


ئاگر چەک بکەیت و

شەڕ بوەستێنیت،

لانە چێکەیتەوە بۆ ئەڤین. (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٥٢٦).

لێرەدا شاعیر زۆر بە قووڵی دەڕوانێتە ئافرەت و لایەنی ڕواڵەت و ڕووکەشی دەرەوەی ئافرەت فەرامۆش دەکات و بە ناخی دیووی دووەمی ئافرەتدا شۆڕ دەبێتەوە و خەسڵەتە جوانەکانی ناوەوەی ئافرەت دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەک توانای مرۆڤ بوونی ئافرەت لە هەق و چاکەکاریدا دەخاتە ڕوو. کە وەک فریاد ڕەسێک بۆ ژیان و مرۆڤایەتی خۆی بنوێنێت، چونکە لە دیدی شاعیردا تەنها ئافرەتە کە دەتوانێت بە سۆز و خۆشەویستی و نەرم و نیانی میهرەبانی خۆی، دووپشک بکاتە پەپوولە و پەرسیلە پڕ بکات لە هەنگوین و برین بکاتە قەتماغە و ساڕێژی بکات، شەڕ و ناخۆشی و ئاگر بۆ ئاشتی و خۆشی و ئاوەدانی بگۆڕێت. لانەی عەشق و ئەوین دروست بکات. وەک لەم هێلکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

هێڵکاری_٢٠ (مرۆڤ بوونی ئافرەت)




## _ ئافرەت وەک دایک:

ئەرک و ڕۆڵی ئافرەت وەک دایک، لە گرنگترین و بەهادارترین و پیرۆزترین سیماکانی مرۆڤایەتییە. کە لە قۆناغەکانی سەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتییەوە و تا ئێستاش جێگای شانازی و هەڵوەستە لەسەرکردنە، دایک ئەو مرۆڤە مەزنەیە کە جگە لەوەی بۆتە سەرچاوە و هەوێنی سەدان و هەزاران شاکاری شیعری و ئەدەبی و هونەری، لە هەمان کاتدا لە کتێبە ئاسمانییەکانیشدا خوای گەورە چەندین جار ئاماژەی بە بایەخ و گەورەیی ئافرەت کردووە. هەروەک دەزانین'' بەپێی تێڕوانینی ئاینی ئیسلام بەهەشت لە ژێر پێی دایکان دایە، ئەمەش بۆ بایەخ و گرینگی پێگەیی ئافرەت وەک دایک لە نێو کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی پێگەی ئافرەت یان دایک لە بواری ئەدەبی و هونەری و شیعریشدا لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە'' (عبدالله، ١٤٢٢هـ : ١٠). لە ڕاستیدا لە ئایینەکانی دیکە و لە لای میللەتە جیاوازەکانیشدا ئافرەت پانتاییەکی بەرینی لە سەر شانۆی ژیاندا هەبووە. دیارە ڕێز و خۆشەویستی ئافرەت و ''جوانترین وێنای فەلسەفی لەم دیمەنەدا بەدی دەکرێت کە هەمیشە لە پاڵ دایکایەتییە پیرۆز و پڕ بەرهەمەکەی منداڵ لە کۆڵ بوونیدا، هاوبەشی ژیان و کار و بەرهەمهێنانی کردووە، واتا تای تەرازووی مەحکەمانەی ڕاگرتووە''

(عەبدولمەجید,٢٠١٤: ٦٦). لە ڕاستیدا دایک نەک تەنها  لە ئەرک و بوارەکانی ژیاندا, بەڵکو لە جیهانی شیعر و ئەدەب و هونەریشدا ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی  هەبووە, بە تایبەتیش لە شیعرەکانی جەلیزادەدا ''دایک لە خۆشەویستی شاعیردا  بەشی شێری بەرکەوتووە، بۆیە تا مابوو شیعری بۆ وتووە، دوای مردنیشی دەیان شیعری بۆ نووسیووە. خۆشەویستی دایک لە ژیانی جەلیزادەدا، نەمرترین خۆشەویستی بووە'' (جەلیزادە, دیدەنی: ٢٠٢١).  وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا خۆی دەنوێنێ، کە بە پێی تەمەن و هەل و مەرج و قۆناغەکانی دایکایەتی ڕەنگیداوەتەوە، کە دەڵێ:

(١)

چەند تاریکن،

ئەو ماڵانەی،

**<u>دایک</u>** لانکیان لێ ناژەنێ،

چەند دڵ توندن ،

ئەو مەمکانەی،

ساوا دەمیان تێ ناژەنێ..!  (جەلیزادە،٢٠٠٧: ٨٦).

(٢) دواتر دەڵێ:

کەزیەکانی **<u>دایکم</u>**،

تەژین لە تاڵە تیشک،

هەر کە دەیانکاتەوە،

شەویش بێت،

ماڵەکان پڕ دەبێت لە نور (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٣٤١).

(٣) یان دەڵێ :

تا ماڵئاوایی لێکردین،

نەمانهێشت جەرگی بسوتێ،

ئێمە **دایکمان**،

لە نیشتیمانەکەمان خۆشتر دەویست(جەلیزادە، ٢٠٢١: ١٣٤).

(٤) پاشان دەڵێ:

بە پیری هەتیو دەبم،

بەم زووانە،

**دایکم** دەمرێ (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٦٠٤).

(٥) هەروەها دەڵێ:

لە چارۆگە و

تەختی نووستنی **دایکم**،

کەشتییەک چێ دەکەم،

پێی دەچمە بەهەشت (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٧٠٠).

لەم کۆپلە شیعرانەدا شاعیر لە چەندین جێگادا ئاماژەی بە دایک کردووە، کە هەر یەکێکیش لەم ئاماژە و دالانە چەندەها واتا و مەدلولی قووڵ و فراوانی لە خۆگرتووە، دایک لە گۆشەنیگای شاعیردا لە گرینگترین و بەهاترین و لە پێشترین و پیرۆزترین خواست و ئامانج و پێویستییەکانیمرۆڤایەتییە، بە شێوەیەک هیچ شتێک ناتوانێت جێگای دایک بگرێتەوە، یان ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە نەبوونی دایکدا دروست دەبێت، تەنانەت شاعیر ئەو ماڵانە بە تاریک و خامۆش دەزانێت کە دایکی تێدا نییە و لانکی تێدا ڕاناژەنرێت و ئەو مەمکانەش بە دڵتەنگ خەمبار دەزانێت کە منداڵ نایانمژێت و دەمیان تێدا ناژەنێت، لە مەش زیاتر لە تێڕوانینی شاعیردا کەزییەکانی دایک پڕشنگی خۆر و تیشکی هەتاون هەر کە دەیانکاتەوە شەویش بێت دەبێتە ڕۆژ و ماڵە تاریکەکانیش ڕۆشن دەکاتەوە. بۆیە شاعیر دایکی بە نیشتمانی یەکەمی خۆی دەزانێت. بەو ڕادەیەی لە ئیستادا و بە پیریش بە لە

دەستدانی دایکی خۆی بە هەتیو دەزانێت. لەمەش زیاتر جەلیزادە بەرزتر و پیرۆزتر لە دایک دەڕوانێت تا ئەو ئاستەی بەهۆی پیرۆزیی چارۆگە و تەختی نووستنی دایکییەوە دەیەوێت بچێتە بەهەشت.

جگە لەمانە ''وێنەی دایک لای جەلیزادە هەندێک جار ئامادەییەکی باشی هەیە، وێنەکان ڕەنگە ڕۆژانە دووبارەببنەوە و ئەو کار و کردەوانە لە خۆیان دەگرن، کە مانای خۆشەویستی، سۆزداری، پاکی، هاوژینێتی و دایکایەتییان لێ دەچۆڕێتە. شاعیر لە لەیادکردنی دایکیدا وەسفی هەستپێکراوی دەرەکیی دایکی ناکات، وەک ڕوخساری، چاوی، برۆی، قەد و باڵای، بەڵکو ناخی جوانی بەرجەستە دەکات، کە چۆن لە هەڵسوو کەوت و جۆری پەیوەندی بە هاوژینی ڕەنگیداوەتەوە'' (موکریانی، ٢٠٢٠: ٢٨). وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

لە بڵندترین نهۆمی،

هوتێلێکی ٥ ئەستێرە،

دابەزیوم.

کەچی پێم خۆشە،

بە هەمان فڕۆکە،

هەڵفڕمەوە (کۆیە ).

بچمەوە ناو خانوویەکی شەرقییەوە،

**دایکم** مەنجەڵێک ئاوم بۆ گەرم کات و

لە سەرشۆرەکەی بە سابوونێکی ڕەقی و

لیفکەیەکی زوور زوور خۆم بشۆم،

زرینگەی جام و

شڵپە شڵپی ئاو،

بگاتە ئەو دیوی حەوشەکە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٩٩).

لێرەدا جەلیزادە  ئاونگی خۆشەویستییەکی کاریگەری ڕاستەقینەی دایکی لێ دەچۆڕێتەوە، خۆشەویستییەک کە لە هەست و سۆزێکی قووڵ و فراواندا نقووم بووە، هەر بۆیە دەیەوێ ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت لە بەرزترین لوتکەوە و  لە خۆشترین شوێنەوە بۆ باوەشی ڕابردوو و منداڵی  بگەڕێتەوە، بۆ ئەوساتانەی لە حەوشەی خانوویەکی شەرقیدا بە سابوونی ڕەقی و بەو ئاوەی کە دایکی بۆی گەرم کرد بوو، خۆی دەشۆری، واتە  بە سادەیی، بەڵام بێ خەم دەژیا.

**_ ئافرەت وەک خوشک:**

پێگە و کاریگەری و خۆشەویستی خوشک لە چوارچێوەی خێزاندا، هیچی کەمتر نییە لە هەر ئەندامێکی دیکەی نێو خێزان، بەڵکو زۆرجار بایەخ و گرینگی خوشک تا ئاستێکی هەرە بەرز بەدی دەکرێت، بەهۆی ئەو ئەرک و ڕۆڵە بەهادارەی  لە نێو خێزاندا هەیەتی، ئەگەرچی هەندێک جار و لە هەندێک کۆمەڵگادا بە هۆی پاڵنەری ئایینی و کۆمەڵایەتی و دابونەریت و کەلتوورەوە ڕووبەڕووی  توندوتیژی و چەوسانەوە دەبنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر کەمکردنەوەی جوانی و پیرۆزی و بایەخییان لەم بارەیەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ڕەنگدانەوەیەکی بەرز و بەهێز و کاریگەری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا هەبێت. وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

<u>**خوشکم**</u> بە،

کە پێڵاوێکی تەنگم کردە پێم و

پەنجەکانی ئەزیەت دام،

بڵێ کاکە،

گۆرەوییەکی تەنکتر،

بکە پێت ( جەلیزادە،٢٠٢٠: ٥٩).

لێرەدا لە بابەتی ئافرەت وەک خوشکدا،  شاعیر بەهۆی زمانێکی سادە و ساکار و لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری ڕیالیستیدا، خەمخۆری  و جوانیی خوشکمان بۆ براکەی پیشان دەدات و ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە لە نێوانیاندایە دەیخاتە ڕوو.

## ـ ئافرەت وەک هاوسەر:

ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت چ وەک هاوسەر، یان هاوبەش و هاوژینی پیاو هیچی لە ڕۆڵ و ئەرکی دایک لە بونیاتی خێزاندا کەمتر نییە، هەرچەندە''خێزان یەکەم وێنەی کۆبوونەوەی مرۆڤایەتییە و لە هەمان کاتدا کۆبوونەوەیەکی سروشتییە، بۆ هێنانەدی تێرکردنی پێویستییە ڕۆژانەییە دووبارە بووەکان '' (عبد الفتاح، ١٩٩٨: ١٤). بێگومان شتێکی ئاساییە کە ''ئەوەی لەماڵەکەی خۆیدا بارانی سۆز و ڕیز و خۆشەویستی نەبارێنێ ناتوانێ دڵۆپێک خۆشەویستی بە ژنانی دەرەوەی ماڵەکەی ببەخشێت، خۆشەویستیی و نزیک بوونەوە لەگەڵ ژنی دەرەوەی ماڵ، دەبێ ببێتە هۆی ئەوەی ناوەوەی ماڵ تژی تر بێت لە خۆشەویستی و ڕێز، تێکەڵ بوونی ئەو دوو خۆشەویستییە ماڵ دەکاتە بەهەشت'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئافرەت لە بەڕێوەبردن و کاروباری خێزاندا شان بەشانی پیاو بووە و لەگەڵ پیاودا هاوتەریب بووە، سۆز و خۆشەویستی ئافرەت لە لای هاوبەشەکەی زۆرجار لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەهێز تر و کاریگەرتر بووە، هەر بۆیە ئەم تێڕوانینە لەم گۆشەنیگایەوە بۆ شاعیریش تا ڕادەیەک تێڕوانینێکی هەڵە نییە، وێڕای هەبوونی چەندین چیرۆکی خۆشەویستی لە دەرەوەی بازنەی خێزان و هاوسەرگیریدا، بۆیە بابەت و پرسی خۆشەویستیی ئافرەت وەک هاوسەر و تێڕوانینی شاعیر لەمبارەیەوە جێگای بایەخ و هەڵوەستەکردنە. ئەمەش لە شیعرەکانی جەلیزادەدا ڕەنگیداوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ:

(1) **ژنەکەم،**

هاتۆتە سەر بالکۆنەکە،

دەڕوانێتە ئاسمان،

لە دیتنی هەموو فڕندە و فڕۆکەیەکدا ،

دەمدینێ (جەلیزادە، ٢٠١٧: ٩٨).

(2) یان دەڵێ:

دەگەڕێینەوە سلێمانی ..

من و **هاوسەرەکەم** و جانتاکەم،


بەڵام چاوم،

لە سەر زیخە کزرەکانی کەنار،

جێدەهێڵم (جەلیزادە، ٢٠١٧: ١٢٩).

لەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا، جەلیزادە لە لایەکەوە زۆر ڕاستگۆیانە هەست و نەست و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر هاوسەرەکەی دەردەبڕێت و ستایشی جوانی و چاکی و ڕۆشنفکری و دڵ گەورەیی هاوژینەکەی دەکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دیمەنێکی جیاواز لەوەی پێشووترمان پیشان دەدات، چونکە کاتێ شاعیر سەفەر دەکات، هاوسەرەکەی دێتە سەر بالکۆنی ماڵەکەیان و لە دیتنی هەموو فڕندە و فڕۆکەیەکدا جەلیزادە دەبینێت، بەڵام جەلیزادە بە پێچەوانەی هاوسەرەکەی کە بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە، چاوەکانی لە سەر زیخە کزرەکانی کەنار ئاوەکان، جێ دەهێڵێت، کە پڕ بوو لە ئافرەتی ڕووت، ئەمەش وێنەیەکی دژیەک و پێچەوانەمان پێشان دەدات، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەویت:

هێڵکاری_٢١(تێڕوانینی هەر یەکە لە جەلیزادە و هاوسەرکەی)



## ـ ئافرەت وەک کچ:

ڕۆڵ و ئەرکی ڕەگەزی مێ یان ئافرەت  لە سەردەم و قۆناغی کچێنیدا، لە تەمەنە جیاوازەکاندا، ڕۆڵ و ئەرکێکی جوان و ناسک و بایەخدارە، بەتایبەتی قۆناغی پێگەیشتن و ئامادەکاری بۆ هێنانە کایەوەی هاوسەرگیری و دروست بوونی خێزان و دایکایەتی، لە پاڵ خەبات و تێکۆشانی  مرۆڤایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتییدا، چونکە لەم کاتانەدا کچان لە وەرزی بەهاری تەمەنی جوانی دان و لە هەموو ڕوویەکەوە لە گەشەکردن و نەشوونما دان. کە زۆرجار دەبنە هەوێن و سەرچاوەی عەشق و ئەویننداری و ڕەنگدانەوەیەکی سەرنجڕاکێش و بێ وێنە لە بەرهەمەکانی شاعیران و نووسەران و هونەرمەنداندا بەرجەستە دەکەن. بۆیە دەبینین ڕەگەزی مێ یان کچ و ژن لە شیعرەکانی شاعیردا پانتاییەکی بەرینی هەیە، لەسەرەتاوە تا کۆتایی بریتییە لە بابەتی ئافرەت و گوزارشتکردن لە ڕەهەندەکانی ئافرەت، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی قۆناغی کچێنی.کە شاعیر جوانی و خۆشەویستی تەنها لە کچی خۆیدا چڕ نەکردۆتەوە، بەڵکو لەلای هەموو کچێکدا دەیبینێت. وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

<u>**کچم**</u>...

<u>**کچی**</u> ئەم ڕۆژگارە،

نێرەمووک و بێ دەمارە،

هێشتا لە پشتی باوکت بووی،

دوو پارچە شیعری زێڕینم،

لە گلێنەی چاوەکانما توانەوە و

بۆم کردیتە جووتێ گوارە،

زۆر لەمێژ بوو خەوم دەدی،

بە کۆرپەیەکی خرپن و

ڕەشکێنەی وەک دەنکە ترێ (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٢١٦).

لێرەدا شاعیر دەیەوێ پەیامی خۆی بە کچەکەی بگەیەنێت، کە هێمایە بۆ هەموو کچانی ئەو ڕۆژگارە نێرەموک و بێ ئیرادەیە، هەروەها بە پێچەوانەی ڕوانگەی پیاوسالاری و بیری کۆنەپەرستی و خێڵەکییەوە، بۆ سەرەتا و قۆناغە یەکەمینەکانی تەمەنی ڕەگەزی مێینە شۆڕبۆتەوە و لە بری ئەوەی دڵخۆش بێت بەو نزایەی کە پێیدەڵێن بە باوکی کوڕان بی، خەون بە لەدایک بوونی کۆرپەیەکی کچۆڵەی جوان و خرپنەوە دەبینێت، کە بیلبیلەی چاوەکانی وەک دەنکە ترێ ڕەش و جوان بێت. ئەمەش سەلمێنەری بەها و پێگەی ڕەگەزی مێ یان ئافرەتە لە هزر و بیر و شیعرەکانی شاعیردا،

لە سەردەم و قۆناغێکی دیکە و تێڕوانینێکی دیکەدا، کە لە چوارچێوەی ئەویندارى و ڕۆمانسیەتدا چڕدەبێتەوە، شاعیر لە گۆشەنیگای هەست و سۆز و خۆشەویستییەوە. لە ئافرەت دەڕوانێت و جوانیبینی ئافرەت بە ڕادەیەک بەرز دەبێتەوە هەموو جوانییەک لە چاوەکانی ئەودا دەبینێت. هەروەک لەم کۆپڵە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

گەر **<u>کچێکی</u>**،

گەڕەکەکەتان چاوی شین بوو،

ئیدی هیچ مانایەکی نامێنێ،

سەیرکردنی ئاسمان و

دەریا و زەریاکان (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٣١٩).

لەم کۆپلە شیعرەدا سەرسامبوونی جەلیزادەمان بە جوانیی چاوی شینی کچان، جا کچی خۆی بێت یان هی دیکە، بۆ دەردەکەوێت و شاعیر پێی وایە کاتێک چاوی شین بە دەرەوە بێت، ئیتر هەموو جوانییەکانی دیکە نرخ و بەهایان نامێنێت، سەیرکردنی ئاسمان و دەریا و زەریاکانیش بێ واتا و بێ هودە دەبێت.

شاعیر لە لایەکی دیکەو لە دیمەنێکی دیکەدا وێنەیەکی شیعریی جوان و سەرنجڕاکێشمان لە چوارچێوەی ئەندێشەیەکی فراوان و بەهۆی زمانێکی سادە و ساکار و ناسک و جوانەوە بە شێوەی لێکچوو پیشان دەدات کە دەڵێ:

بەیەکەوە،

سنگییان خڕ دەکەن،

دار هەرمێکان و

**کچە** عازەبەکانی گوند (جەلیزادە، ٢٠١٧: ٢٥).

جەلیزادە هێندە کەوتۆتە ژێر سێبەری جوانیی ئافرەتەوە، بۆیە هەموو ڕەگەز و جوانییەکانی سروشتی لێ بۆتە ئەندامە دڵگیر و سەرنجڕاکێشەکانی ئافرەت و هەموو شتێک بە ئافرەت دەبینێت. شاعیر هەرمێ و سینگی کچە عازەبەکانی گوند لە خڕیدا بەیەکتر دەچووێنێ و وێنەیەکی شیعری ڕۆمانسی جوانی لێ بەرجەستە دەکات. جگە لەمە ئافرەتبینی شاعیر تەنها لە جوانی جەستەدا ناوەستێ، بەڵکو بۆ ئاستێکی باڵاتر بەرز دەبێتەوە، ئەویش بابەتی شەڕ و ئاشتییە لە لای ئافرەت، کە لای شاعیر دەنگ و ڕەنگ و تام و واتایەکی دیکەی هەیە. وەک لەم کۆپلّە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

شەڕە بەفری،

**کچانی** زانکۆیە،

تاکە شەڕێک،

ئازیزتر لە ئاشتی و

سپی تر لە کۆتر (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٦٣١).

لێرەدا شاعیر وێنەی شەڕە بەفری کچانمان  بە تام و بۆی ئاشتی و جوانیی  بۆ دەکێشێت، کە سپیتر و جوانتر و خۆشەویستر بێت لە کۆتری ئاشتی. وێڕای ئەمانەش شاعیر لە قوڵایی بیروباوەڕێکی پاک و بێگەرد و ڕاستەقینەی نیشتمانی و نەتەوایەتیشەوە وێنەی  کچی کوردمان بۆ دەکێشێت و ڕۆڵ و ئەرک و وەفا و دڵسۆزی ئەوانمان بەرامبەر بە گەل و نیشتمانەکەیان، بۆ دەخوێنێتەوە. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێ:

**کچە** بەجەرگەکانی قەندیل ...

بە ئاگر لێویان سور دەکەن،

دیدەیان بە barووت دەڕێژن!

قژیان داوەتە دەست ڕەشەبا،

لە نێو هەگبەیاندا،

تەنیا یەک شانە،

شانەی تفەنگ (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١٠٤).

لێرەدا جەلیزادە لە دیمەنێکی جوان و شۆڕشگێڕانەدا خەباتی سەخت و دژوار و بوێرانەی ئافرەتیی کوردمان بەرامبەر بە داگیرکەرانی کورد پیشان دەدات، کە چۆن بە پێچەوانەی هەموو ئافرەتانی جیهان، کچە بە جەرگەکانی قەندیل لە بری سوراو لێویان بە ئاگر سوور دەکەن، چاوەکانیشیان لە بری کل بە barووت ڕەش دەکەن، قژ و پەرچەمی شێواویشیان لەبری شانە بە ڕەشەبا و گەردەلوولی جەنگ شانە و تیف تیفە دەکەن، چونکە ئەوان جگە لە شانەی تفەنگ شانەی دیکە لە هەگبەکانیان دا نییە، هەروەها ئەم کچانە تەنها عاشقی یەک شتن ئەویش عەشقی گەل و نیشتمانیی کوردستانە.

## ـ ئافرەت وەک یار و دڵبەر:

هەر لە کۆنەوە جوانی و خۆشەویستیی ئافرەت جێگای سەرنج و تێرامانی ڕەگەزی بەرامبەر بووە و لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەشێوەیەک "خۆشەویستیی ئافرەت بەهۆی هەبوونی پێگەیەکی بەرز لە کۆمەڵگادا، ڕووبەرێکی فراوانی لە شیعری کۆن و نوێدا داگیرکردووە. هاندەر و پاڵنەرێکی بەهێزی داهێنان بووە، لە جەنگ و خۆشی و ناخۆشیشدا فریادڕەس بووە. ئامادەییەکی بەرز و بەهێزیشی لە شیعردا هەبووە'' (محیالدین، ٢٠١٤: ٢٠) ئەگەر ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا مافی پێشێل کرابێت، بەڵام لە شیعر و ئەدەبیاتدا پشکی شێری بەرکەوتووە. ئافرەت یان یار و دڵبەر لەو دیاردانەیە کە ڕەنگدانەوەیەکی بەرزی لە ژیانی جەلیزادەدا هەیە و ڕووبەرێکی گەورە و فراوانیشی لە شیعرەکانی داگیرکردووە، تەنانەت بەشی زۆری شیعرەکانییان بۆ وەسف و ستایشی جوانیی ئافرەت نووسراون یان سیمایی جوانی ئافرەتییان پێوە دیارە و بۆنی ئافرەتییان لێ دێت و لە کۆنتێکستیی ئافرەتدا دەخولێنەوە.

خۆشەویستیی ئافرەت یان یار و دڵبەر لە شیعرەکانی شاعیردا بە چەندین فۆرمی جیاواز خۆی دەنوێنێ، ئەمەش بەو بارودۆخە دەروونییە و تێڕوانین و ئایدیا و کات و شوێنەوە وابەستەیە کە بوونەتە هەوێن و سەرچاوەی شیعرەکانی. جەلیزادە زۆربەی کات لە بابەتی جوانیی ئافرەت و خۆشەویستەکەیدا بەرز ڕۆیشتووە و تەنانەت زیدەڕۆیشی کردووە، کاتێک هەموو جوانییەکانی سروشت لە بۆتەی جوانیی ئافرەتدا دەتوێنێتەوە، چونکە شاعیر هەمیشە ویستوویەتی جوانییەکانی ئافرەت و دڵبەرەکەی لە سەرووی هەموو جوانییەکانی دیکەوە دابنێت و پیشان بدات، بۆیە دەبینین شاعیر لە ستایشی دڵبەرەکەیدا وێنەیەکی جوانیی ڕۆمانسی، جوانتر و کاریگەرتر و بەهادارتر لە هەر وێنەیەکی دیکەدا دەخاتە ڕوو. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

شەڕە تەقەیە،

لەبەر دەرگاکەمانا،

کەچی من چاوم بڕیوەتە،

جلە تەڕەکانی تۆ،

کە بەسەر تەنافێکی پەمەییەوەن (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٨٥).

لەم کۆپلە شیعرەدا جوانبینیی ئافرەت و تێڕوانین و بایەخ و گرینگی جەلیزادە بۆ ئافرەت لە ئاستێکی هێندە بەرز دایە. کە هیچ شتێک تەنانەت شەڕە تەقەش ڕووی پێ وەرناسووڕێنێت، بۆ ئەوەی جگە لە جەستەی ئافرەت و جلە تەڕەکانیی ئافرەت چاوەکانی ببڕێتە هیچ شتێکی دیکە. جگە لەمە مەبەستی سەرەکیی شاعیر لەم پارچە شیعرەدا زیاتر خستنەڕووی دوو ئاراستەی دژیەک و پێچەوانەیە، ئاڕاستەیەک کە لە کەلتوور و دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی و بیری تاریکی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە، لە خۆخۆری و ململانێی و شەڕە تەقەی عەقڵی چەق بەستووی ژەنگاوی بەملاوە چیدیکە نازانێت و بیر لە هیچی دیکە ناکاتەوە. ئاڕاستەیەکی دیکەش یان ئاڕاستەی دووەم کە خودی شاعیر ڕابەرایەتی دەکات لە جیهانێکی دیکە دایە و بە شێوەیەکی جوانبیر و جوانبین و جوان کردار، لە بابەتیی ئافرەت و پرس و خۆشەویستیی ئافرەتدا خۆی دەنوێنێت. تەنها و تەنها چاوی دەبڕێتە جلە تەڕەکانی دڵبەرەکەی کە بەسەر تەنافێکی پەمەییەوەن و خەون بە جوانیی و ڕووتی جەستەیی ئافرەت و جیهانێکی جوان و هێمن و ڕۆمانسییەوە دەبینێت.

### ٣,١,٣ ئافرەت وەک تاک:

ئافرەت وەک تاک ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕانکارییەکانی جیهاندا هەیە، نەک تەنها لە بواری کۆمەڵایەتی و ئاییندا، بەڵکو لە بواری گەشەپێدان و ئاراستەکردنی کەسان و کۆمەڵگاکانیشدا لە ڕووی هزری و دەروونی و هەڵسوکەوتەوە، بە مەبەستی هێنانە کایەی ژیانێکی تازە و ئارام و ئاسوودە. لە هەمان کاتدا حەز و ئارەزوویەکی بەرزی بۆ تەواوکردن و هاوسەنگیی ژیانی ئادەمیزاد هەیە، لە پاڵ ئەمانەشدا لە ڕوانگەی مرۆڤ بوونییەوە هاندەر و پاڵنەر و هۆکارێکی بەهێزە بۆ خاوەنداریەتی ڕۆڵی ئافرەت وەک تاک لە نێو کۆمەڵگا و ژیانیشدا، بە شێوەیەک نەک خودی خۆی بەڵکو کاریگەری لە سەر بەرامبەرەکەشیدا بۆ بنیاتنانی مرۆڤایەتی و بەرجەستەکردنی کۆمەڵگایەکی جوان و بەختەوەر هەیە، جگە لەمەش ''ڕەگەزی مێ یان ئافرەتبوون شان بە شانی ئەدەب، ئامادەییەکی پتەو و بەهێزی لە ژیان و کۆمەڵدا هەیە، لێرەدا ڕەنگە بووترێت لە ڕێگەی شیعر و شاعیرانەوە جۆرە دانپیانانێک بکرێت بە بوون و ڕەگەزی ئافرەت کە بوونێکی چالاک و کارامەیە، بۆ پێشخستنی کۆمەڵ، ئەمەش لە کاتێکدا باوەڕێک سەری هەڵدا، کە ئافرەت هیچ کات لە پیاو کەمتر نییە ، وە هیچ جیاوازییەکی فیکری و زانیاری لە بنەڕەتدا لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا نییە، هەر وەک شێوازگەری ئەمەی سەلماندووە لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە کە باس لە دەست نیشانکردنی پەیوەندییەکانی لێکچوون و لەیەک نەچوون دەکات، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

خشتەی _١ (لێکچوون و لێکنەچوونی پیاو و ژن)

| | مرۆڤ | نێر | مێ | توانا | ژیری | بیر | هەست و سۆز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پیاو :** | + | + | | + | + | + | + |
| **ئافرەت :** | + | | _ | + | + | + | + |

بەم پێیە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دووانەدا نەدەکرا جگە لە جیاوازی بایۆلۆجی (نێر – مێ) بەرامبەر بەم هەڵوێستە مرۆڤانە و فیکرییانەی شاعیر، پێویستی سەرشانی ئافرەتیش ئەوەبوو، کە لە لایەکەوە هێزی خۆی بخاتە پاڵ هێزی شاعیر و لە لایەکی تر بیر لە کەسێتی خۆی بکاتەوە، بە مانایەکی تر ئەرکی ئافرەت بۆ ئەو سەردەمە لادان بوو لە سیستەم و

نەریتە سەپێنراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، تاکو لە بوونێکی ناباوی نەخوێندەوارەوە بگوازرێتەوە بۆ بوونێکی خوێندەواری باو، بەم پێیە لە پێناو ئەو ئامانجەدا دەشێت بگوترێت کە جۆرە پەیوەندی و دراوسێتی و جێ گۆڕکێیەک لە نێوان شاعیر و ئافرەتدا، کاری پۆزەتیڤی خۆیان دەکەن، تاکو هەردوو بە جووتە یان تاک، وێنەیەکی پەیوەستی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی بکەنە چوارچێوەی کارەکانیان'' (مەجید، ٢٠٠٦: ١٤٢). سەرەڕای ئەمانەش''هەستی کەسەکان لە خۆشەویستیدا جەختکردنە لەسەر کەسێکی دیکە، یان بۆ شتێکی دیکەیە، بۆ خاڵی کردنەوەی هەست و سۆزی خۆی. ئەم هەست و سۆزەش هەموو بوون و قەوارەیەکی مرۆڤ لە جەستە و هزر و ڕۆح بە تەواوەتی دەگرێتەوە. کە چەندەها هەست و سۆزی تێدا ئاوێتە دەبێ'' (محیالدین، ٢٠١٤: ١٤). بەڵام ''لە تێڕوانینی شاعیراندا زۆرجار تاکە ئافرەتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەوێدا ئافرەتێک گوزارشتە لە هەموو مێینەیەک و جەستەیەکیش وێنەیەکە بۆ هەموو جەستەکانی دیکە. تاکە ناوێکیش هێمایە بۆ هەموو ناوەکانی دیکە'' (الوهایبي، المنصف، ١٩٨٧: ١٤٢).

لە ڕاستیدا وێنەی ژن لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا نەسەقێکی ئایدۆلۆجییە و بەرجەستەی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە دەکات دژی وێنەکانی پیاو و نا ئامادەیی ژن، کە بۆتە نەسەقێکی ڕۆشنبیری لە ناو ئەو بنیاتە کۆمەڵایەتییە، بۆ ئەوەی چیتر تاکەکانی کۆمەڵ و لەناویاندا تاکی ژن مافەکانی پێشێل نەکرێت، لەبەر ئەوە نەسەقە کۆمەڵایەتییەکان جیانابنەوە و سەربەخۆ نین لەگەڵ دیاردە خودییەکاندا، چەمکە زمانییەکانیش بەشدارن لە نا ئامادەیی وێنەیی ژن دا، چونکە بەرهەمی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەن و زمانیش پەیوەندییەکی بەتینی هەیە، لەگەڵ ڕۆشنبیرییە مادی و مەعنەوییەکاندا'' (محەمەد، ٢٠٠٩: ٧١). کە هەموو ئەو تێڕوانینانە سەلمێنەری ئەوەن ئافرەت وەک تاک لە شیعرەکانیی جەلیزادەدا لە ئاستێکی بەرز دایە و پانتاییەکی بەرینی هەیە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

پڕاو پڕم لە ژن،

لە جەستە ئاگرینەکەمدا، دڵ هی ژنە،

تاڵێکی پرچم هی من، تاڵێکی هی ژن،

گوێیەکم هی ژن و گوێیەکم هی من،

چاوێکی هی خۆم و چاوێکی هی ژن،

لێوێکم هـــــی ژن و لێوێکم هی من،

باڵێکم هـــــی مـــن، باڵێکم هی ژن،

قاچێکم هــــی ژن و قاچێکم هی من،

خودایە ژنم لــــێ زیندان نەکـــــەی،

دەنـــــــا نیوەی سەرم دەڕووتێتەوە،

دەنا گوێیەکم کەڕ دەبێ،

دەنا چاوێکم کوێر دەبێ،

دەنا لێوێکـــم دەوەرێت.


دەنــا باڵێـــــکم دەپەڕێ.

دەنـــــــا شەل دەبـــــم،

بە دار شەق ڕێدەکـــەم!! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٦٨٧).

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر بە ئاشکرا و بێ هیچ سانسۆرێک بانگەشە بۆ بایەخ و پڕ بوونی خۆی لە ئافرەت دەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر شاعیر لە حەز و خولیا و خۆشەویستیی ئافرەت دابماڵین، وەک درەختێکی ڕووت و قووت و بێ گەڵا و گوڵ و بەرهەم دەمێنێتەوە. بۆیە جەلیزادە ئەگەر تاڵێکی سەری، گوێیەکی، چاوێکی، لێوێکی، باڵێکی، لاقێکی بە هی خۆی بزانێت، ئەوا تاڵەکەی دیکە، گوێیەکەی دیکە، چاوەکەی دیکە، لێوەکەی دیکە، باڵەکەی دیکە و لاقەکەی دیکە بە هی ئافرەت دەزانێت، بۆیە ئەگەر ئافرەتی لێ زیندان بکەن و لێی دوور بخەنەوە نیوەی سەری دەڕووتێتەوە، گوێیەکی کەڕ دەبێ، چاوێکی کوێر دەبێ، لێوێکی دەوەرێت و شەل دەبێ و بە دار شەق ڕێدەکا و باڵێکی دەپەڕێت، چونکە ئافرەت وەک تاک لە لای جەلیزادە واتا بوون، واتا بەردەوامی و هەموو ژیان، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ:

هێڵکاری _٢٢(جەلیزادە ئەگەر ئافرەتی لێ زیندان بکەن)




### ٤،١،٣ ئافرەت وەک نیوەی کۆمەڵگە:

بزوتنەوەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە پەرەسەندن و بەرەو پێش چووندا پشت بە مرۆڤ دەبەستێت، لەبەر ئەوە پەنا بۆ وزە و تواناکانی مرۆڤ دەبات، گرنگترین کاری وەبەرهێنانیش لە هەموو وڵاتێکی تازە پێشکەوتوودا گەشەپێدانی سامانی مرۆییە، کە بێگومان ئافرەت یان ڕەگەزی مێ نیوەی ئەو سامانە مرۆییە پێکدەهێنێت، کە لە بەرنامەی کاری گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا پشتی پێدەبەستێت، جگە لەم پێگە و ڕۆڵە مەزنانەی ئافرەت لە بوارە جۆراجۆرەکانی دیکەی ژیاندا هەیەتی. هەر ئەمەش وای کردووە تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاواز سەبارەت بە چەمک و ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت بێتە کایەوە.

لە ڕاستیدا ''تێگەیشتنی سیمون دی بڤوار سەبارەت بە چەمکی ژن، کە چەمکێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەم چەمکە بە گوێرەی دروست بوونی شارستانییەتی و کۆمەڵایەتی بەدرێژایی مێژوو هاتۆتە کایەوە، سیمون لەو باوەڕەدایە، کە هیچ کەسێک بە ژنی لە دایک نەبووە، بەڵکو وردە وردە گۆڕاوە بووە بەژن، واتە بە شێوەیەکی گشتی ئەمە کۆمەڵگایە بڕیار لەسەر ژن بوونی دەدات و ناوی ژن بوونی بەسەردا دەسەپێنێت، لەم پڕۆسەیەدا ڕەگەزی نێر وەک بوونەوەرێکی چالاک و ئازا و زیرەک و داهێنەر، بەڵام ڕەگەزی مێ وەک بوونەوەرێکی کەموکورت و ناتەواو و ترسنۆک و سۆزدار و لاسایی کەرەرەوە سەیر دەکرێ'' (ابراهیمی، ١٣٩٢هـ : ٧١). هەر لەمبارەیەوە ''ئەرستۆ لە سەر بنیاتی هەردوو لایەنی

عەقڵی و ناعەقڵی نەفس، هەوڵی پاساودانی ئەو بیرۆکەیە دەدات کە دەڵێت: گروپێک بە سروشتی خۆیان حاکمن و هەندێکی تریان بە سروشت مەحکومن، ڕێک هاوشێوەی ئەوەی لایەنێکی نەفس (لایەنی ناعەقڵی) ملکەچە بۆ لایەنێکی تر (لایەنی عەقڵی) بەمەش سروشت هیچ کارێکی نابەجێ و بێ هودە ناکات، خۆی ژنی ناچارکردووە ملکەچی حوکمی پیاو بێت، چونکە توانای عەقلی کەمترە،لایەنی نائەقلیش وەک هەڵچوون و سۆز و شەهوەت ... هتد بەسەریدا زاڵە. کەسانێکی زۆر بەم بەڵگە ناڕاستە چەواشە بوون ڕایان وایە ژن بەحوکمی سروشت، نەک بە حوکمی پەروەردە و کۆمەڵگە و نەریت و ژینگە و ...هتد سۆزاوییە و زوو کاریگەر دەبێت'' (ئیمام، ٢٠١٣: ٩٩). بەم شێوەیە دەبینین لای ئەرستۆ "مرۆڤ گیاندارێکی شارستانییە، واتا ناتوانێت لە دەرەوەی شاردا بژی، ئەوەی کە دەتوانێت خواوەندە، چونکە کامڵە پێویستی بەکەس نییە، هەروەها ئاژەڵیش هیچی لەو شتانە ناوێت کەمرۆڤ پێویستی پێیەتی'' (عەبدول مەجید، ٢٠١٤: ٣٣). هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: '' ژن لە لای زۆرێک لە کۆمەڵگادا وەک ناونیشانی دەردێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێ. بۆیە ژن بوون چەند جوانە هێندەش بە ئازارە'' (خاکی، ١٣٩٥هـ : ٢٣٣). جگە لەمانەش''لە ڕوانگەی ئایین و شەریعەتیشەوە ڕۆڵ و ئامادەیی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا نەک هەر دروستە بەڵکو گرنگ و پێویستیشە، خوداوەند جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا نەکردووە، بە یەکسانی مافەکانی پێداون'' (عطاشی، ١٣٩٦هـ : ١٠٤).

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وێرای هەبوونی چەندەها یاسا و ڕێسا دەربارەی ڕۆڵ و پێگەیی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، کەچی چەوسانەوەی ئافرەت هەر بەردەوام بووە،''هەژاری و بێبەش بوون و ململانێی چینایەتی لە گرینگترین نیشانەکانی کۆمەڵگای نەخۆشە، بێگومان لە کۆمەڵگەی هەژاردا بە هۆکاری نەمانی دادوەری کۆمەڵایەتی و سیستەمی ئابوری، تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەموو مافەکانی کۆمەڵایەتی بێبەشە, لە دەرئەنجامی ئەمانەشدا کێشەی چینایەتی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا لە زیادبوون و بەرەوپێش چوون دایە'' (رخشندە نیا، ١٣٩٣هـ : ٣٥ ). لە ڕاستیدا ''یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دنیای مۆدێرن، گۆڕانکاری پیشەسازی و ئابوری و ڕۆشنبیرییە، لە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپایی، پرسی ئافرەت و تێروانینی تازە سەبارەت بە پێگە و مافەکانی ئافرەت هەیە، هەروەها دەربارەی ئامادەیی و ڕەنگاوڕەنگی و کاریگەری ئافرەت لە بوارەکانی ئابوری و ڕامیاری و فەرهەنگیدا، کە لەوانەیە ورده ورده گۆڕانکاری ڕۆشنبیری پیاو سالاری زاڵ لە کۆمەڵگەدا بینێتەکایەوە و هاوسەنگی تەرازووی هێز لە نێوان ئافرەت و پیاودا لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکات'' (متحد،

١٣٩٦هـ : ٨٥). جێگای ئاماژە پێکردنە ''قوبادی جەلیزادە تاکە شاعیرە بوێرانە گوتارەکەی خۆی ئاراستەی ئەو نەسەقە باڵایانە دەکات و گومانی و لێڵی دەخاتە سەریان و بەرەو خانەی پرسیاریان دەبات، بێ گوێدانە، ئامرازەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەهۆی فۆرمی ژن و بە مێینەکردنی دەقەکانیەوە و قسە لەسەر پەراوێزبووەکانی ژیان دەکات، شاعیر بەهایەکی نوێ دەداتە گوتار و بەرەو کرانەوە و ئازادی و مرۆڤایەتیان دەبات، خودی شاعیریش خۆی لە سەرووی بەرهەمەکەوە دەبینرێ و گوتارەکەشی ئاڕاستەی ئەو نەسەقە باڵایانە دەکات و تێکیان دەشکێنێ و بەرەو سیستەمێکی تر جووڵە دەکات، وەک خۆی دەڵێت، ئەگەر بە گشتی سەیری لایەنی کەلتووری فەرهەنگی کوردی بکەین، دەبینین کۆمەڵێک نەسەق و دیاردەی زاڵ تێیدا باڵا دەستە و ڕەنگیداوەتەوە، زیاتریش سەرچاوەکەی هەڵسوکەوت و نەریت و ژیانی ڕۆژانە و زۆرجاریش یاساکانە، دەبنە خەوشێکی تایبەت، لێرەوە نایەکسانی و ناڕۆشنی لەناو ئەندامانی کۆمەڵ بڵاودەبێتەوە هۆکارەکەشی باڵادەستی گوتاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە بە هەمان تێگەیشتنەوە ئەندامانی کۆمەڵ سەیری ڕەگەزی ژن دەکەن، ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئێمە لەم ڕووەوە بتوانین بۆچوونەکانی خۆمانی تێدا دەربڕین و بیسەلمێنین کە فەرهەنگی کوردی لەم سەدەیەدا پێویستی بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئەم نەسەقە زاڵانە هەیە'' (محەمەد، ٢٠٠٩: ٦٧).

بە لای شاعیرەوە ''ژن نیوەی کۆمەڵ نییە وەک دەڵێن بەڵکو هەر هەموویەتی. ئافرەت ئەو کێڵگە پیرۆزەیە کە مرۆڤ و خێزان بەرهەم دێنێت و پەروەردەی دەکات و گەشەی پێدەدات. ئەو دروستکەری ڕایەڵەی پەیوەندی خۆشەویستییە لە نێوان خیزانێکدا و لەوێشەوە بۆ تەواوی کۆمەڵگە. ژن لە کۆمەڵگەادا سمبولی ئاشتی و ئارامی و خۆشەویستییە. دەرچەی دڵنیایی هەموو کۆمەڵگەیەکە، هەر سەردەمەو ڕۆڵێک دەبینێ کە ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەیەتی، کەلتوورەکان ڕۆڵی ژن دیاری دەکەن لە بنیاتنانی کۆمەڵگای دروست و نادروست. ژن لای ئێمە جیاوازە لە ژنی کۆمەڵگەیەکی ئەوروپایی. لە کۆمەڵگەی بە کۆیلەکردنی ژندا ، ژن ڕۆڵی ئاژەڵ دەبینێت. بەڵام ئێستا ژنی کورد لە کۆت و کەلەپچە شکاندنایە، لەهەوڵی خۆ دەربازکردنە لە سیستەمی پیاو سالاری. جولانەوەی فیمینزم لە گەشەسەندن دایە. وردە وردە ژنی کورد دێتە ناو ئەو کایانەی بە شوێنی خۆی زانیوە. ژن ئێستا پزیشکە مامۆستای زانکۆیە و دادوەرە.... ژن سەرکردەیە. وەزیرە، سەرۆکی پەرلەمانە. ئەوەندە هۆشیار بووە ئیدی ستەمی پیاو پەسند ناکات. بەڵام دەرئەنجام ئازاد بوونی تەواوی ژنی کورد لە ئازاد بوونی ئابوورییەکەیدایە. سەربەخۆیی دارایی و ئابووری

ژن، سەرەبەخۆیی بۆ ژن مسۆگەر دەکات و ئازایانەتر دەنگی ئازادی هەڵدەبڕێ. تەنانەت ئابووریی سەربەخۆیی هۆکاری مسۆگەر بوونی بژێوی ژیانە ژن لە کۆیلایەتی دەرباز دەکات'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).بەها کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە نێو زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا هەیە. "شاعیر چەمکی بەها وەکو فاکتەرێکی کاریگەر لە نمایشکردنی ژن و جەستەی ژن و پێوەندی ژن بە پیاودا بەرجەستە دەکات. دیارە هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی سیستەمی بەهای تایبەتی خۆیەتی، چونکە ئەمە ڕێکخەری گشتی کاروباری کۆمەڵگەیە و یەک تێڕوانین بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەا دروستدەکات، بۆیە سیستەمی بەها ڕەنگدانەوەی کۆی گشتی ویژدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانە. جەلیزادە وەکو شاعیرێک بەردەوام هەوڵدەدات لەدەرەوەی تێڕوانینی باوی کۆمەڵگەدا تەماشای ژن بکات و لەم بارەیەوە بۆ بەها تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەیە، بە تایبەت لەبارەی بەهایی ژن لە نێو شیعرەکانیدا، دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێک شیعر بکەین کە لە بنەڕەتدا جگە لەوەی پیاهەڵدانە بە لەش و لاری ژن، بەڵام لەسەر ڕوانینی بەها و بەخشینی بەهایەکی تازە بە ژن دامەزراوە، بێگومان چەمکی بەها لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسیکیتر. بەڵام ئەوەی شاعیرێکی وەکو قوباد لە کەسێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، تێڕوانینی پڕ بەهایانەی شاعیرە بۆ پێگەی ژن و جوانی و ژیان'' (مەولود، ٢٠١١: ٩٢). وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(1) ڕۆژگارێکە،

باوەش دەکەین بە یەکترا،

کەچی وەکو ئاو و چەوری،

تێکەڵ نابین،

دەبێ بە شوێن،

موستەحیلێکا بگەڕێین.

یا من بکا بە چەوری،

یا تۆ بکا بە ئاو!! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١٢٨).

(2) یاخود دەڵێ:

پێم خۆشە،

ئەو شەوەی دەمرم،

تۆ لەوێ بیت،

تەنیا  تۆ،

تا ببینیت کە شاعیرەکان،

چەند بە ناسکی دەمرن،

حەز دەکەم،

ئەو شەوەی دەمرم،

پێم لە سێبەری کچێک نەنابێت،

دڵی ژنێکم نەشکاندبێت،

ئیدی  پیاوەکان کێشە نین! (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٢٨٨).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوە دەبینین شاعیر زیاتر لە گۆشە نیگای کۆمەڵایەتییەوە قسە لەسەر بابەتی  ئافرەت دەکات و وەک  پارێزەر و بەرگریکارێک لە پاڵ ئافرەت دەوەستێت و دژی هەموو ئەو کەلتوورە چەق بەستووانەی کۆمەڵگا و ئەو یاسا و ڕێسا کۆنەپەرستانە دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەست لە بەردەم حەز و خواستەکانی ئافرەت  و وەک ئاو و چەوری ناهێڵیت بەمەرامەکانی بگات، هەر بۆیە شاعیر بە پێچەوانەی هەموو ئەو بیرە تاریکانەی کۆمەڵگاوە هەوڵی تێک و پێک شکاندنی ئەو دیوار و دەستوورانە دەدات، کە دەبێتە هۆی درێژەدان بە چەوسانەوە و ستەم و پێشێلکردنی مافی ئافرەتان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. جگە لەمەش شاعیر هێندە بە تەنگ خۆشەویستی و بەهایی ئافرەتەوەیە، بە شێوەیەک خۆزگە و هیوا و ئاواتی هەرە گەورەی ئەوەیە کە تاکو دوا هەناسەی  ژیانی و تا ئەو ساتەی دەمرێت، پێی لە سێبەری کچێک نەنێت و دڵی  ئافرەتێک نەشکێنێت و نەبێتە هۆی ئازاری ئافرەتان،  بەڵکو ببێتە فریاد ڕەسێک بۆ ئافرەتان، ئیدی پیاوەکان کێشە نین، ئەمەش بە تەواوەتی پشتگیری  و خەباتی  فیکری و ڕۆشنبیری شاعیرمان  بۆ  ماف و ئازادی ئافرەت لە چوارچێوەی  کۆمەڵگایەکی یەکسان و داپەروەر بۆ دەردەخات.

### ٥,١,٣ ئافرەت وەک ئازار شکێن:

وێڕای هەبوونی ئەو ئامادەییە گرینگانەی ئافرەت لە بوارە جیاوازەکاندا هەیەتی. وەک سەرچاوە و هۆکارێکی ئازارشکێنیش دادەنرێت،چونکە ئافرەت لە یەک کاتدا دەتوانێت ببێتە چاوگەی جوانی و چێژ و خۆشی بەخشین، هەر بۆیە لە کۆنەوە تاکو ئێستاش ئافرەت جێگای بایەخی ڕەگەزی نێر بووە و پایە و پێگەی لە لوتکە دابووە. بە شێوەیەک بۆتە هەوێنی سەدان و هەزاران ئەفسانە، داستان، چیرۆک، شیعر، شانامە و شاکاری ئەدەبی، بە تایبەتی جوانیی ئافرەت بە پلەی یەکەم کاریگەرییەکی بەرز و بەهێز و فراوانیی لە سەر هەست و نەست و لایەنی دەروونی مرۆڤ هەیە، زۆر جار دەبێتە مایەی چێژ و خۆشی و ئارام بوونەوە و ئازارشکێن. بە پێچەوانەوەش هەندێک جاریش کاریگەری نەرێنی و ئازاربەخش لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعر و ئەدەبیاتدا ڕەنگیداوەتەوە.

تۆما ئەکوینی دەڵێت: ''جوانی ئەوشتەیە، کە بەیەکەم بینین ئاسوودەیی دەبەخشێت، ئەوەش هەر لەبەرئەوەی شتێکە شایەنی لێ وردبوونەوەیە. جوانی شتێکی ڕێژەییە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە چەندییەتی شتە جوانەکان کەم و زیاد دەکەن، دیسان جوانی شتێکە هەر بە چاو نابینرێت و هەر پەیوەندی بە وێنەی بینراو و ڕواڵەت و هەستی بینینەوە نییە، بەڵکو زۆرجاری دیکە پەیوەندی بە ڕەوشت و بەرجەستە بوونی بەهای ژیاری و ڕەوشتەکانەوە هەیە و بە چاوی عەقڵ دەبینرێت. ئیدی هەیە لایەنی ڕواڵەتیی جوانی بەلاوە گرنگترە و هەشە هەموو جوانی بە لایەنی ڕوح و ناوەوەی مرۆڤەکان دەبەستێتەوە و لەوێوە بڕیار دەدات، کامە جوانە و کامە جوان نییە'' (عەبدوڵا، ٢٠١١: ٢٥). هەرچۆنێک بێت "هەریەکە لە ناشیرینی و جوانیی هەستەکان دەوروژێنێ، جا ئەگەر هەستەکان نەرێنی بێت، وەک ڕەشبینی، ئازار، هەست و سۆزی ناخۆش و ڕق و کینە...هتد، یان ئەرێنی بێ وەک پەسندکردن و پێخۆش بوون و هاوڕابوون، کۆی ئەمانە هەمووی هەست و سۆز و ئاگایی ئیستاتیکایی لاسایی و واقعیین'' (حسن،٢٠١٠: ١١٥). بەم شێوەیە جوانیی ئافرەت لە لای زۆرێک لە شاعیران لە دوندی جوانیی خۆشی بەخشی دایە، تەنانەت هەموو جوانییەکان لە جوانیی ئافرەتدا دەبیننەوە. ئیلهامی شیعری لە هەموو شتێکی جوان وەردەگرن، لە هەموو شتێکیش زیاتر جوانیی ئافرەت بەهرەی شیعرییان دەورووژێنێ.

به شێوەیەکی گشتی ''حەزی خۆشەویستی، حەز و ئارەزووی بنیادنان و بنەمای پێکهێنانی خێزانە، کە ئەمەش خانەی یەکەمی خێزانە'' (محی‌الدین, ٢٠١٤: ١٣). بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە لە هەموو کات و شوێنێکدا و لە لای هەموو کەسێک وەک یەک نییە، بەڵکو زۆر جیاوازە و لە گۆڕاندایە. بەتایبەتی لە لای جەلیزادە چەمک و واتایەکی دیکەی هەیە، کە زیاتر لە خۆشەویستییەکی قووڵ و ڕۆمانسیدا خۆی دەدۆزێتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

(١)

درۆیە،

درێژترین شەوی ساڵ نییە،

ئەو شەوەی تۆ لە باوەشی مندا خەوتی،

کورتترین شەو بوو،

شەوی یەڵدا (جەلیزادە، ٢٠٢١: ١٩).

(2)

یاخود دەڵێ:

ژنە تازەکەم،

هەنگ لە خەو ڕاست دەکاتەوە،

بۆ خڕکردنەوەی هەڵاڵەی بەختەوەری،

پۆل پۆل،

دەیانێرێتە شاخ (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٥٧)،

(3) یاخود دەڵێ:

تا تۆ پێنەکەنیت،

کەسماڵی هەنگوینی،


پێنەدەزانی (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٧٤).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرانەدا شاعیر جەخت لە سەر چێژ و خۆشیی ئافرەت وەک ئازارشکێن دەکاتەوە. لە کۆپڵەی یەکەمدا جەلیزادە لە وێنەیەکی شیعری بەرزدا باسی شەوی یەڵدا دەکات کە درێژترین شەوی ساڵە، بەڵام لە باوەشیی یاردا ئەمە ئاوەژوو دەبێتەوە بۆ کورتترین شەوی ساڵ، وەک ئاماژەیەک بۆ خۆشیی و شادی و ئارام بەخشی و ئازار شکێنیی باوەشیی یار.

هەروەها لە کۆپلەی دووەمدا شاعیر جەخت لەسەر ئافرەت یان دڵبەرەکەی دەکاتەوە وەک لانەی بەختەوەری، کاتێک خۆشەویستەکەی پۆل پۆل هەنگ کە سیمبولی خۆشی و شیرینی و پاکی و بێگەردییە عاشقی باخچە و گوڵە بۆ کۆکردنەوەی شیلەی شیرین و ئاسودەیی دەنێرێت. تا بە خۆشەویستەکەی ببەخشێت.

هەرچی کۆلەی سێیەمە گوزارشتە لە خۆشەویستییەکی شیرینی قووڵ و فراوان، بۆیە لە گۆشەنیگای شاعیردا تا خۆشەویستەکەی پێنەکەنێ کەس ماڵی هەنگوینی کە هێمایە بۆ شیرینی و خۆشی و شادی پێ نەدەزانی. وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:

**هێڵکاری_ ٢٣(ڕۆڵی یار)**



## ٢,٣ جوانیی جەستە (ڕوخسار):

بێگومان جوانیی جەستەی ئافرەت، تەنها له خودی جەستە یاخود لاشە و تەنی ئافرەتدا چڕ نەبۆتەوە، بەڵكو كاریگەری جل و بەرگ و ئارایشت و هۆكارگەلێكی دیكەشی بە سەرەوە هەیە، بەڵام دیارە جەستە لە پلەی یەكەم و جوانی ئارایشت و ڕازاندنەوە و جل و بەرگ و بابەتەكانی دیكەش پلەی دووەمیان داگیركردووە.

**پلەی یەكەم: جوانیی جەستە:** وێنەی جوانیی جەستەی ئافرەت لە شیعرەكانی قوبادی جەلیزادەدا تەنها لە چوارچێوەی تاكە ئەندامێك یان چەند ئەندامێكی جەستەیی ئافرەتدا چڕنابێتەوە، بەڵكو سەرتاپای ئەندامانی جەستەی لە تەوقی سەرەوە تا بنی پێی دەگرێتەوە. بەتایبەتی ئەو جێگایانەی جوان، دڵگیر، سەرنجڕاكێش و هەستیارن. چونكە هەمیشە ''جوانی، ڕەهەند و بەهایەكی مرۆڤایەتی هەیە، لە لایەن كۆمەڵگاكانەوە و لە سەردەمە جیاوازەكانی مێژوودا چاودێری و تێبینی كراوە، بە پێی هێماكان و ئەو پێوەرە كۆمەڵایەتییە دیاریكراوانەی زانیویانە هەوڵی چەسپاندنی دراوە، مەبەستیش لە بابەتی جوانی، پشكنین و دۆزینەوە و ڕوونكردنەوەی مێناسییە لە چوارچێوەی چەمكی جوانیی ئافرەت و جەستەی ئافرەتدا و دەرخستنی لە سەر ڕووی واقیعدا. '' (بن عبداللة، ٢٠٠٥: ١٧). بێگومان''چەند وشەیەكی هاو واتا بۆ گوزارشتكردن لە كۆبەشەكانی مرۆڤ هەیە، وەك وشەكانی تەن، لاشە، جەستە.

١_تەن(الجسم): ئەوەیە كە درێژی و پانی و قووڵی هەبێت، تەن ناوێكی گشتییە تایبەتە بە جورم و كەسەوە. بەو واتایەی هەموو شتێك درێژی و پانی و قووڵی هەیە و بەم هۆكارەوە گشت شتەكان بە جیاوازی خەسڵەت و تایبەتمەندی و سروشتەكانیانەوە بەرجەستەن، بۆ نموونە تەنی ئاسمانی، تەنی ئاژەڵی، تەنی مرۆیی، هەروەها ئەو شتانەی لەچوارچێوەی ئەم واتایەدا خۆی دەنوێنێ.

٢_لاشە(البدن): ئەوەیە كە جگە لە سەر هەموو بەشەكانی مرۆڤ دەگرێتەوە.

٣_ جەستە(الجسد): ئەم وشەیە چەندین واتا لەخۆدەگرێت، لە فەرهەنگی فیرۆز ئابادی جەستە (الجسد) بە واتای جسمی مرۆڤ و جن و فریشتە هاتووە'' (زروقی، ٢٠١٣: ١٥). لەڕاستیدا ''بابەتی جەستە بابەتێكی دڕكاوییە، لادان و ئاڵۆزییەكی زۆری تیدایە، چونكە وەك ئاشكرایە بیروباوەڕ و فیكر و تێڕوانین و كەش و هەوای ئایینی زۆر بەتوندی لە شێوە و دەربڕیندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. قسە كردن لە سەر بابەتی جەستە لە ڕووی ڕەوشتەوە

قەدەغەیە، بەهۆی ئەوەی بیرۆکەکەی بە حەرام و گوناحەوە، وەک ئافرەت و سێکس بەستراوەتەوە. ئەمەش ئەو کارەیە کە لە نرخ و بەهای جەستە و بەدڕەفتار و هەڵپەرستەکانی کەم دەکاتەوە'' (زروقی، ٢٠١٣: ١١). هەرچەندە ''بەردەوام گوێبیستی ئەوە دەبین، کە جوانی بریتییە لە جوانیی ڕۆح، بەڵام لە ڕاستیدا کاتیک بەراوردی نێوان جوانییەکانیی ئافرەتان دەکەین، ئەوا جوانی شیوە و ڕوخسار و جەستەی دەرەوە زۆرترین چانسی گرنگی پێدانی هەیە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانە لە هەر جێگاو شوێنێک بێت. هەرچۆنێک بێت جوانیی ئافرەت جوانیی ڕۆحی یان جەستە بێت، لە کۆتایدا کۆمەڵێک پێوەر و پێوانە لە لای هەموو کۆمەڵگاکان بە جیاوازی ڕۆشنبیریان و بیروباوەڕیانیشەوە، بۆ جوانیی ئافرەت هەیە.

بە درێژایی مێژووی سەردەمە جیاوازەکانەوە، جوانی و بایەخدان بەجوانی و پێگەیەکی گەورە و بەهێزی لە ژیانی ئافرەتدا هەبووە، بۆیە دەبینین زۆرێک لە ئافرەتان تا ئەوپەڕی توانا هەوڵ بۆ ڕازاندنەوە و جوان کردنی جەستەی خۆیان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا و هەرچەندە پێوەر و پێوانەکانی جوانی لە هەموو شوێنێکدا دیاریکراوە'' (بكري, ٢٠٢٠: ٤). هەرچۆنێک بێت''هەستکردن بە جوانی لە پێشەنگ و یەکەمینەکانی هەستکردن و جوانییە، مرۆڤیش عاشقی جوانیی جەستەیە، لە سەرووی هەموویانەوە، جوانیی چاوەکان یان جوانیی ڕوخسار دواتر بەشەکانی دیکەی جەستە، هەر لە کۆنەوە شاعیران گۆرانییان بە سەر جەستەیی جوان و دڵڕفین و دەرەوەی ئافرەتاندا وتووە. ئەمەش هەر لە لای یۆنانییەکاندا نەبووە، بەڵکو لەلای زۆربەی نەتەوەکانی دیکەشدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەگەر لەم بارەیەوە پرسیار بکرێت، ئایا جوانیی ئافرەت شتێکی دەرەکی و بەرجەستەییە یان ناوەکی و واتاییە، زۆربەی بۆچوونەکان لە قۆناغی یەکەمدا، لە سەر جوانیی جەستەیی مرۆڤ، بە تایبەتی جەستەی دەرەوەی ئافرەت کۆکن، دواتر بەرەو جوانیی ناخ و جوانیی واتایی شۆڕ دەبنەوە'' (الحاوي, ١٩٨٦: ١٤). بەم شێوەیە ''بایەخدانی شاعیرانی کۆن بە ئافرەت و وێناکردن و بینینی ئافرەت لە وێنەی جەستەدا، بایەخدانێکی بێ سنوورە و لە هەمان کاتدا پێگەیەکی گەورە و فراوانی لە شیعری غەزەل و ستایشدا داگیرکردووە، لە کاتێکدا وێنەی جەستەی ئافرەت بە هەموو وردەکاری و لێکدانەوە مێتاسییەکانییەوە، حەز و ئارەزوو و خۆشەویستی بۆ جەستەی ئافرەت، وێنەی ئافرەتی لە شیعردا پێکهێناوە، بەڵام بابەتی ئافرەت لە شیعری تازەدا، لەگەڵ بابەتی دیکەدا ئاوێتەبووە، لە چوارچێوەی ڕەمزدا گوزارشتی لێکراوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری خەسڵەتەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و

ئابووری ...هتد'' (الموسی، ١٩٩١: ٤٤). جگە لەمەش ''زۆرێک لە کەسان جوانیی ئافرەت لە بەش و ئەندامەکانی جەستەی ئافرەتدا دەبیننەوە، وەک: جوانیی شێوە و ڕوخساری دەم و چاو، گەورە و فراوانی چاو و برۆ، لێو و دەم و ددان ، قورگ و مل، گوێچکە، سینگ و مەمک، قژی درێژ، سک، بەرزی بەژن و باڵا، دەستەکان و قۆڵ و باسک، قەد و کەمەرەی تەنگ و باریک،...هتد'' (الکیلانی، ٢٠١٦: ٢). هەرچەندە '' لە ماوەیەکی دوور و درێژدا و بەدرێژایی مێژوویی فیرعەونی میسری، پێوانە و پێوەرەکانی جوانی بۆ جەستەی ئافرەت گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، تەنها گۆڕانکارییەکی سوک و کەم نەبێت، نموونەی ئەم پێوەرانەش بۆ جوانیی ئافرەت، شۆخ و شەنگی و شیک و سەرنج ڕاکێش و ناسک و نەرم و نیان و گەش، کە خاوەنی دوو مەمکی بچوک و سمتیکی خنجیلانە، کە زۆر گەورە و گۆشتن نەبێت، لەگەڵ ئاکارێکی تەنک و ناسک و شێوە و ڕوخسارێکی بادەمی'' (زیادة، ٢٠١٠، ٢١١). لە لای زۆربەی میللەتانی جیهان ''جوانیی پێستی سپی لە گرینگترین پێوەرەکانی جوانیی ژنە. شایەنی باسە تایبەتمەندی ڕەنگی سپی لەکەلتوور و فەرهەنگی کۆن و نوێدا، بە واتای پاک و بێگەردی و خاوێنی و ئاشتی و هێمای جوانی بەشێوەیەکی گشتی دێت.'' (قاسمی, ممتحن, ١٣٩٠هـ : ٨٨ ).

سەرەڕای ئەمانە ''بایەخی شاعیران بە جەستەیی ئافرەت، لەوپەڕی قووڵی و وردی دایە، بەبێ گوێدان و ڕەچاوکردنی هەموو ئەو چەمک و تێگەیشتن و تێڕوانینانەی ڕابردوو لەم بارەیەوە هەبووە. یەکەمین هەنگاو لە سەر ئەو ڕێگایەدا کە دەبێت تێبگەین ئەوەیە کە ئافرەت لە بابەتی شیعریدا، ئافرەتێکی شیعرییە، هیچ پەیوەندییەکی بەم ئافرەتەوە یان ئافرەتێکی دیکەوە نییە. کە لە واقیعدا ناسیویانن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئافرەتی شیعری ئەو ئافرەتەیە کە بوونیکی خەیاڵی لە شیعردا هەیە و ئامادەیەکی ڕاستەقینەی نییە، لە هەمان کاتدا جەستەکەی جەستەیەکی شیعرییە'' (الجهاد، ٢٠٠٧: ٢٨٣). هەر لەم ڕووەوە ''هنری بیرکسون ئاماژە بە گرنگی و بایەخی ئەو هەستانەی درک پێکردن دەکات، کە پەیوەندیدارە بەجوانیی جوڵانەوە جەستەیەکانی ئافرەتەوە، دوای دۆزینەوەی درکەکانی هەستی، کە وەکو جۆرێک لە ئاسودەیی و سانایی لەو جوڵانەوەیە دەرەکییانەی جەستەیی ئافرەت خۆی دەنوێنێ، کە لە هەموو بارەکاندا بۆ هەست و سۆز و ئاگایی مرۆڤ و هەستکردنی بە خۆ گونجان دەگەڕێتەوە'' ( مصطفي، ٢٠١٨: ٣). لە پاڵ ئەمانەدا ''تایبەتمەندییەکانی جەستە لە تێڕوانینی ئابووری و فەرهەنگی ونەریتی ئاساییەوە یان خۆماڵییەوە، ئەو تایبەتمەندییە کە لەلایەن تازەگەرایەوە، لە گشت لایەنێکەوە گەمارۆ دراوە.

بەمەبەستی وەستاندن و پەکخستنی ئاراستەکانی و شێواندنی چەمکی وێنەکانی ڕابردوو'' (العتوم,٢٠١٦: ١٤). هەروەها ''بەپێی قسەی دیوتیما ئێمە نابێ لە چوارچێوەی جوانیی جەستەدا خۆمان ببەستینەوە، بەڵکو ئەبێ لەو جەستەیە وەکو پەیژەیەک کەڵک وەرگرین و لە جوانییەکەوە بۆ جوانییەکی تر بچینە سەر، تاکو لە ئاکامدا لە جوانیی جەستەوە ئەگەینە جوانیی زەین، لە کۆتایدا ئەگەین بە ئایدیایی(جوانیی ڕەها و ساکار و هەتا هەتایی)، جەستەی مرۆڤ لەم جوانییە بێبەش و دوور خراوەتەوە، جوانیی جەستە و جوانیی جیهان تەنیا ڕەنگدانەوە و نواندنەوەی دەست تێبراوی ئەو جوانییە ڕەهایەیە'' (سەجادی، مەحمودی، ٢٠٠٤: ٣٨). شایانی باسە ''هۆنراوەکانی جەلیزادە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، کە لە نێو بوێژانی سەردەمی خۆی جیاوازی دەکاتەوە، زۆربەی هۆنراوەکانی وەک چەند تابۆیەک وان، کە جەستەیی ژن بەڕووتی بەرجەستە دەکەن، ئەم جۆرە هۆنینەوە لای هەڵبەستوانانی هاوچەرخی خۆی کەمتر بەرچاو دەکەوێت'' (موکریانی, ٢٠٢٠: ٦٩). ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخ و ژینگەیە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر تێیدا ژیاوە، کە دەڵێ: '' گەشتی ژیانی من و ژن وەک جەستە لەسەردەمی منالیمەوە دەست پێ دەکات, کاتێک دایکم لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆ حەمامی گشتی و دەیان ژنم بە ڕووتی دەبینی. حەمام یەکەم پێشانگای بەرفراوانی هەفتانە بوو, کە من دەیان تابلۆی هەمە ڕەنگم تایادا دەبینی ، بۆ من ئێستاش ئەو پێشانگایەیە، تابلۆکانی کاڵ نەبوونەتەوە. سەدان گرتەی ئەو سەردەمە لەبەر چاوی مندا تا هەنووکە لە جوڵەی شێتانەدان. ئەم کاروانە و ئەم پێشانگایە بەردەوام لەیادەوەریمدا نمایش دەکرێت. پاشان لە هەرزەکاری و تا ئیستا و کامڵ بوونی تەمەنیش، بەشێکی هەرە گرنگی ژیانمە و لێم نابێتەوە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). هەر بۆیە دەڵێ''زۆر ڕقم لە خەونە، خەون خەڵەتێنەرە، مرۆڤ دەستخەڕۆ دەکات، فانتازیا و خەیاڵ هەرگیز بۆ من بەس نییە و بەس نەبووە بۆ خولڤاندنی دەقێکی داهێنەرانە بۆ ژن، گەر وەک واقع بەری نەکەوتبم و لە ڕووی جەستەییەوە تێکەڵی نەبێت. ژنی شیعرەکانی من پەری ناو ئەفسانەکان نین. هەرگیز لە ناو مانگەوە دامنەبەزاندوون، ڕاشکاوانە دەڵێت''جوانیی ڕوخسار و جەستەیی ژن، لە پێشی پێشەوە دێ. گەر جوانی و جەستەی وروژێنەری ژن، لە ژن بستێنیتەوە چی دەمینێتەوە. ئەوەی پێشی دەگوترێ ڕۆح یان خۆشەویستیی ڕۆحی لای جەلیزادەدا، جگە لە وەهم شتێکی تر نییە...ڕەش کردنەوەی جەستەیی ژن و خۆ خەریک کردن بە ڕۆحەوە خۆ دزینەوەیە لە پیرۆزترین جوانی و چێژ. کاتێک دەڵێین ڕوحیان جوانە واتە هەڵس وکەوتیان جوانە کە ئەویش جوڵە و کرداری مادین'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).بەم شێوەیە دەبینین جوانیی

دەرەوە  لە لای  شاعیر لە پێشەوەی هەرە جوانییەکانی دیکەیە. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

تاکە،

درەختی بەهەشتە، لەش،

ڕۆح سێبەرەکەیەتی (جەلیزادە،٢٠١٢: ٢٦٧)

لەم کۆپڵە شیعرەدا، شاعیر زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری جوانیی دەرەوەی ئافرەت و زۆرتر سەرسامە بە جوانیی ڕووکەش و ڕوخساری ئافرەتەوە، نەک دیوی ناوەوەیی ئافرەت و جوانیی ڕوحیی ئافرەت، لەبەر ئەوەی جەلیزادە بە شاعیری ژن ناسراوە، بۆیە ئاساییە کە بابەتی خۆشەویستی بە هەموو شێوەیەک لە هەموو ڕەنگێکدا لە شیعرەکانیدا  ئامادەییان هەبێت و خۆشەویستی ببێتە هەوێنی  شیعرەکانی شاعیر، بە تایبەتیش جوانیی بەژن و باڵا و جەستە ''چونکە سەرەتای هەموو پەیوەندییەکی نێر و مێ لە جەستە و ڕوخسارەوە دەست پێدەکات، واتە خۆشەویستی ئەوەندەی پەیوەندییەکی مادی و جەستەییە، نیو ئەوەندە پەیوەندییەکی ڕۆحانی نییە، سەرەتا جەستە پاشان مەسەلەی ڕۆح دێتە کایەوە، واتە هەمیشە لە پەیوەندی خۆشەویستیدا جەستە پێش ڕۆح دەکەوێت,  قوباد لەو شاعیرانەیە، کە بە کەرەستە و زاراوەیەکی زمانی زۆرەوە لە هەموو بۆنەیەکدا دەقێک دەکاتە پاساو بۆ ئەوەی وەسفی جوانی و جەستەی ژنمان بۆ بکات،  بە تێڕامانێکی ورد و بە چاوێکی شاعیرانە، لە هەموو شوێن و پێگەیەکی جەستەی ژندا بڕوانێت، بە جۆرێک ڕەنگە بتوانین ئەوەش بڵێین کە قوباد شاعیرێکی تەواو (ئیرۆتیکییانەیە) بە مانا فەلسەفییەکەی، چونکە شیعرەکانی قوباد ئەگەرچی پڕن لە جەستە، بەڵام جەستە بە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ جۆشدانی خەیاڵ و سۆز، بەڵکو جەستە دەبێتە پردێک بۆ بە یەک گەیشتن. تێڕوانینی قوباد بۆ جەستەی ژن،زیاتر تێڕوانینێکی میتافیزیکییانەیە، لەوەی تێڕوانینێکی نزم و شەهوەتبازانە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی قوباد پڕە لە شەهوەت و سۆز و هەستێکی جوان بەرامبەر بە جەستەی ژن، زمانی شیعری قوباد هەڵگەڕانەوەیە بەسەر چەمکی پیاو سالاری و زمانی نێرینەییدا، چونکە لەنێو شیعری کوردیدا (مەسەلەی نێرینەیی) لە لای شاعیرە پیاوەکاندا بەردەوام ئەوەندە زاڵبووە، بە شێوەیەک جەستەی ژن بووەتە مەیدانی خۆ بەتاڵکردنەوە و نیشاندانی پیاوەتی. لە کاتێکدا لەلای قوباد، ئێمە مامەڵەیەکی میهرەبانانە بۆ جوانیی ژن و جەستە و ناسکیی جەستە بەدیدەکەین، ئەوەش تێڕوانینێکی تەواو پێچەوانەیە لە ئاست هەموو شاعیرانی تردا ''

(مەولود، ٢٠١١: ١٢١). لە ڕاستیدا بابەتی جوانیی جەستەیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزادەدا لە دیاردەیەکی ئاسایی تێپەریوە و بەرەو ئالودە بوون و هەندێک جاریش بۆ ئاستی کڕنۆش بردن ڕۆیشتووە. ئەمەش بە زەقی لەم کۆپلە شیعرەدا ڕەنگیداوەتەوە کە دەڵێ:

چیم بۆ نەکردی،

هێندەم کڕنۆش برد،

بۆ بەژن و باڵات،

تەمەن کلۆر بوو،

وەک پیرەداریێ،

دڵم ئەگەرچی کڵۆی بەفربوو،

لە ژێر پێخوستی ئازاری قورسا،

ژەنگی هەڵهێنا و

ڕزی بە جاریێ!! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١١٨).

لەم کۆپلە شیعرەدا کە شاعیر زیاتر حەز و خولیا و هۆگر بوونی خۆی بۆ بەژن و باڵا و جوانیی ڕووکەشیی ئافرەت پیشان دەدات، ،وێڕای ئەوەی کە تەمەنی گەنجی وەک پیرەدارێکی کز و لاواز و وشک هەڵاتوو، بەرەو پیری و گلۆر بوونەوە دەڕوات و دڵە بچکۆلانەکەشی لە ژێر پێخوستی ئازاری قورس و خەم و ناخۆشی و ڕەشەبای پایز و دووریدا، ژەنگ هەڵدەهێنیت و دەڕزێت. بەڵام هێشتاجەخت لە سەر خۆشەویستییەکی گەرم و گوڕ و بێ هاوتا بۆ ئەویندارەکەی دەکاتەوە. لە هەمووشی گرنگتر و زەقتر ئەوەیە کە شاعیر تەنها بە باسکردن و جوانبینی چەند بابەت و ڕەگەز و چەشن و وێنە و دیمەنێکی جوانیی ئافرەت جۆش و خرۆشی خۆشەویستی دانامرکێت، بەڵکو جوانیی هەموو گەردوون لە جوانیی ئافرەتدا دەبینێت و جەستەی ئافرەت بە هەموو ئەندامەکانییەوە لە درشتەوە تا ورد و لە ئەندامە ئاساییەکانەوە تا ئەندامە هەرە هەستییار و ورووژێنەرەکان و لە بینراوەوە بۆ نەبینراوەکان و لە ڕێگا پێدراوەوە بۆ قەدەغەکراوەکان و لە حەڵالەوە بۆ

حەرام، دەکاتە هەوێن و سەرچاوە و بنەما و کەرەستەی شیعرەکانی و هەر لەترۆپکەوە ( قژ و تەوقەسەر)ی تا ناوەڕاست (ناوک و کەمەر و سمت عەورەت)ی هەتاکو کۆتایی (پێ و پاژنە پێی و پەنجەکان)ی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، وەک لەخوارەوە هاتووە:

**ـ سەر ، دەم و چاو، ڕوو:**

هەموو ئەمانە بە پێوەر و پلەی یەکەم دادەنرێن بۆ دیاریکردنی ئاستی جوانیی ئافرەت، چونکە سەر یان دەموچاو ڕووکاری هەرە زەق و دیاری مرۆڤە و بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکارە بۆ دەرخستنی لایەنی جوانیی ئافرەت لە پاڵ ئەندامەکانی دیکەی جەستەدا، ئەمەش وای کردووە ببێتە جێگای باسی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە. بە تایبەتی لە لای ئەو شاعیرانەی ئاڵودەی جوانیی ئافرەت و جەستەیی ئافرەتن، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا بەدی دەکرێت، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ:

(١)

مانگ،

بە دەست و پەنجەی تریفە،

**سەر** و پرچ و

شان و ملی،

لە بەفر دادەتەکێنێت (جەلیزادە، ٢٠١٢: ١٥٤).

(٢) یاخود دەڵێ:

گەر -با- بوومایە،

تەنیا شەرم،

بە ژن دەفرۆشت.

بە قژ **دەم و چاویم** دادەپۆشی و

بەپەلە تەنوورەکەییم،

هەڵدەدایەوە (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٣٢٣).

شاعیر لەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا بە شێوەی لێکچواندن چەند وێنەیەکی شیعری جوانی کێشاوە و بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هێنانە کایەی ئامانجە شیعرییەکانی سوودی لە ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سروشت وەرگرتووە، تا بتوانێت بەو هۆیەوە گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و پەیامی شیعری خۆی سەبارەت بە جوانیی ئافرەت و جەستەی ئافرەت بخاتە ڕوو،

جێگای ئاماژە پێکردنە، شاعیر لە کۆپلەی یەکەمدا وێنەی ئافرەتێکمان لە چەشنی مانگ پیشان دەدات، کە بە دەست و پەنجەکانی کە لە نەرمی و ناسکی و جوانییدا لە تریفە دەچێت و خەریکە سەر و پرچ و شان و ملی لە بەفر دادەتەکێنێت و خاوێنی دەکاتەوە. بەڵام لە کۆپلەی دووەمدا، شاعیر دیسان بە سوود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی سروشتەوە، وەک ڕەگەزی با دیمەنێکی دیکەی شیعریمان پیشان دەدات و لەوێدا خۆزگە بە با دەخوازێت تا بتوانێت وەکو ئەو شەڕی ئاشقانە بە ئافرەتان بفرۆشێت و بە قژ و پەرچەمیان دەم و چاویان داپۆشێت و بەدەستەکانیشی تەنورەکانییان هەڵبداتەوە. کە بێگومان هەڵدانەوەی تەنورەش ئاماژەیە بۆ حەز و خولیای شاعیر بۆ جوانیی جەستەی ئافرەت لە ڕووی هەوەسبازی و سێکسەوە.

**ــ قژ و پەرچەم:**

بێگومان قژ و پەرچەم یەکێکە لەو بەشە گرنگانەی کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر جوانیی مرۆڤ بە نێر و مێوە هەیە. بەتایبەتیش قژ بە تاجی سەر چوێندراوە. بۆیە هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخی خودی ئافرەتان بووە، بەوەی کە هەمیشە و بە بەردەوامی خەریکی ڕازاندنەوە و ئارایشتی قژ و پەرچەمییان بوون و پەنایان بۆ چەندەها کەرەستە و جۆر و شێوازی ئارایشتکردنی قژیان بردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بە هەر تاڵە قژێکی سەریان دڵی لاوێکی پێوە هەڵواسن، وەک ئاشکرایە ''بۆ قژ و پەرچەمیش چەندین ئەفسانەی جادوویی و ورووژاندن هەن، کەواتە سەرپۆش چ واتایەکی هەیە؟ بۆچی ئەم قژە چڕ و پڕە لەنیگای چاوەکان دەشارێتەوە. لە کاتێکدا هەر تاڵە موویەکی سەدان دڵی گیرۆدە کردووە'' (تجور، ١٩٩٩: ٣١٧). جگە لەمەش '' زوڵف یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی جوانی و قەشەنگی و لە هزر و چێژی جوانیدا پەسندکراوە، جێگای باسکردنی جوانیناسان بووە، هەر لە وێنە و

پەیکەرەکانی مرۆڤی کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، زوڵف جێگای سەرنج ڕاکێشانی زەوق و سەلیقەی شاعیران و نوسەران بووە'' (جهانمرد، محبوبه، ١٣٩٦: ١٠٠). لە لایەکی دیکەوە جوانیی ئەم قژ و پەرچەمەیان بۆتە بابەتی چەندەها بەرهەمی شیعری و ئەدەبی و هونەری مەزن و ناوازە. تەنانەت لە بەرهەمی هیچ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندێک دا نییە کەم تا زۆر ڕەنگی نەدابێتەوە. جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی تاڕادەیەکی زۆر شەیدای قژ و پەرچەمی ئافرەتان بووە و لە شیعرەکانیشدا پانتاییەکی گەورە و فراوانی هەیە. وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

(١)

هاتم بۆ لات لەوێ نەبووی،

خۆزگە دەتزانی ئەو ڕۆژە،

چ خەمێکی بێ وێنە بووی!

هاتم بۆ لات..

وەک منداڵێ دەرگا بگرێ،

بۆ قەسب و نوقلی شەو بەرات.

هاتم بۆ لات،

لە دڵە بچکۆلەکەمدا،

گەردونێکم خۆشەویستی حەشار دابوو،

هەزار ئاسکی حەز و تاسە،

بۆ **بژوێنی قژی خاوت**

لە باز و گەرمەغار دابوو (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ١١٠).

(٢) یاخود دەڵێ:

که قژ

شانە دەکەیت،

گوێم لە شڵپە شڵپی،

هەموو ڕووبارەکانی دنیایە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٠٢).

جەلیزادە لەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا قژ و پەرچەمی لە چەند وێنەیەکی شیعری جیاواز و جواندا بەکار هێناوە، لە هەموو وێنەکانیشدا شاعیر جەخت لە جوانی و دڵگیری و ڕازاوەیی قژ و پەرچەمی ئافرەت دەکاتەوە،

لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر ئاسکی حەز و تاسە و خۆزگەکانی بەرەو بژوێنی قژی خاوی خۆشەویستەکەی ڕادەکات و بە ئاواتەوەیە پێی بگات.

لە کۆپلەی دووەمیشدا شاعیر لە چوارچێوەی ئەندێشەیەکی قووڵ و فراواندا قژی ئافرەت بە شەپۆلی ڕووبارەکان دەچوێنێت کاتێک شانەی دەکات.

## ـ چاو و برۆ:

چاو و برۆ لەو ئەندامە ئەفسانەیانەی جەستەی مرۆڤە کە زیاتر لە واتایەک و زۆرتر لە خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت. چاو کانگایەکی قووڵی پڕ لە جوانیی و نیگای هەمەچەشنە، لە پشت هەر نیگایەکیشەوە چیرۆکێکی دوور و درێژ هەیە. بە شێوەیەک''زۆرێک لە شاعیران گیرۆدەی سیحری چاوەکانی ئافرەت بوون و لەگەڵیدا لە جەنگ دابوون، یان کەشێکی جادوویی و پیرۆزی لە لا دروستکردوون، لەلای بەشێکی زۆریش لە کۆمەڵگا و میللەتانیش، تەواوی جەستە و بوونی ئافرەتیش لە چاوەکانیدا کورتکراوەتەوە، بەشێوەیەک سەراپای جوانیی ئافرەتیان لە چاوەکانیدا بینیوە، ئافرەت لە نیگای چاوەکانییەوە دەڕوانێتە جیهان و دەبێتە پڕشنگی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا و ڕووناکایی و ناز و خۆشەویستی، لە هەمان کاتدا چاوەکانیی ئافرەت دەبێتە کورتکراوە و پوختەی جوانییە شاراوە و داپۆشراوەکانی جەستەی ئافرەت کە لە پشت باڵا پۆشییەکی چڕ و پڕدا تەنراوە و دەست بەسەر جەستە و ڕۆحدا دەگرێت. هەر بۆیە چاوی نێرگزی کارێک بە مرۆڤ دەکات، کە نە مەی و شەڕاب، نە تیر هاوێژەکان پێیان نەکردبێت'' (سلمێ، ٢٠١٦: ٣٧). بۆیە چاو و برۆ

لەو ئەندامانەی جەستەیی ئافرەتە کە گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەری لە سەر ڕەگەزی بەرامبەردا هەیە. لە هەمان کاتدا پێگەیەکی بەرزیشی لە بواری شیعری و ئەدەبی و هونەریدا هەیە. بەتایبەتیش لە شیعرەکانی جەلیزادەدا گەیشتۆتە ترۆپک، لە کۆی شیعرەکانیدا (٦٠٨) جار وشەی چاو و برۆی بەکارهێناوە، وەک لەم نموونە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(١)

لە **چاوەکانی** تۆدا،

هەموو ڕەنگەکان دەبینم،

ئیدی من،

نە پێویستیم بە پایزە.

نە بە دارستان،

نە بە ئەستێرە و نە ئاسمان (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٧٤).

(٢)یاخود دەڵێ:

بمدەیە،

لە گۆزەی **چاوە** مەستەکانت،

پێکێکم بدەیە،

تا ژنی ڕەز بە ڕووتی ببینم (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢١).

(٣)

بمدەیە،

شمشێری **برۆکانتم** بدەیە،

تاسەری ئەو دێوانەی پێ بپەڕێنم،

کە گەرووم پڕ دەکەن لە ژەهری پیری.(جەلیزادە، ٢٠١٢: ١٩).

لێرەدا لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵ و ورد بۆ ئەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوە چەند ڕاستییەکمان لە لا بەرجەستە دەبێت، وەک حەز و ئارەزووی لە ڕادەبەدەری شاعیر بۆ جەستەی ئافرەت لە نێویشیاندا چاو و برۆ، وێڕای نائومێدی و ڕەشبینی شاعیر بۆ گەیشتنی بەو چاوە جوانانە، جەلیزادە لە چاویی ئافرەتدا هەموو ڕەنگەکان و جوانییەکان دەبینێ، بۆیە کاتێک دەبێتە خاوەنی چاوە جوانەکانی ئافرەت ، ئیدی شتیکی دیکە نامێنیت پێویستی پێیی بێت، بەلایەوە گرنگ بێت. جگە لەمە شاعیر کاتێک چاوی یاری هەیە، ئیدی پێویستی بە مەی و شەراب و مەیخانە نییە. جگە لە مانەش شاعیر برۆکانی یارەکەی بە فریاد ڕەس و شمشێری ڕزگار بوون لە پیریی دەزانێت و پێی وایە تەنیا بە هۆی چاو و برۆی یارەکەیەوە دەتوانێ سەری ئەو دێوانەییە بپەڕێنێت کە گەرووی پڕ دەکات لە ژەهری پیری.

## ـ گۆنا و ڕوومەت:

گۆنا و ڕوومەت لەو بەشە جوان و دیار و سەرنجڕاکێشانەی ئافرەتن، کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ڕەگەزی بەرامبەردا هەیە. ئەمەش وای کردووە لە جوانییدا بە گوڵاڵە سوورە یان سێوە لاسوورە و زۆر شتی دیکەی جوان بچوێنرێت. بێگومان ئەم ئەندامەی جەستەی ئافرەت بایەخێکی گەورەی لە لای شاعیراندا هەیە، هەمیشە لە نێو شیعرەکانیدا پێدا هەڵگوتووە و ستایش و خۆشەویستی خۆیان بۆ دەربڕیوە و جوانیی ئافرەتیان لەوێدا دیوە، لەهەمان کاتدا گۆنا و ڕوومەتەکانی دەرخەری ڕاستەقینەی جوانی و ناسکی و نەرم و نیانی ڕەسەنایەتی مێیینەتی ئەون '' (سلیمان، ٢٠٠٥: ٣٣٥). ئەمەش بەتەواوەتی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا ڕەنگیداوەتەوە وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێت:

(١) بە تەنێ،

لە ڕۆخی ڕووبارەکە،

دادەنیشم..

دەست بە **ڕوومەتی** ،

ئەو پەلکە گیایە دادەنێم،

کە هێشتا مەمکی نەکردووە (جەلیزادە، ٢٠١٧: ٣١).

(٢) یاخود دەڵێ:

جوانترین،

گوڵی یاسەمینە،

**__رووومەتە__** خڕەکانی ئەو ژنە.

دێم بۆماڵە سپیەکەت..

گوێ لە چریکەی کەناریەکانت ناگرم،

ڕوو دەکەمە  تۆو پێت دەڵێم؛

تکایە، گۆرانییەکی خالقیم بۆ بچڕە (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٦٣٩).

(٣)یاخود دەڵێ:

زستانان،

گۆزەیەک باران و سەبەتەیەک بەفرت،

بۆ خڕدەکەمەوە.

هاوینان،

گوڵەکانی **__گۆناتی__** پێ ئاو دەدەم (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٥٢٠).

(٤)یاخود دەڵێ:

کە دەرگای،

ژوورەکەم دەکەمەوە،

تەنیایی نیوە ڕووت،

خۆی داوێتە باوەشم،

بۆینباخەکەم دادەکەنێ،

قۆپچەی کراسەکەم دەکاتەوە،

**__ڕوومەتی__** دەخاتە سەر سنگم(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٥٠١).

لەم کۆپلە شیعرانەدا، وەک دەردەکەوێت شاعیر لە هەموو شتێکی جواندا وێنەی گۆنا و ڕوومەت و کولمی یارەکەی بەدی دەکات، لە هەمان کاتدا گۆنا و ڕوومەتی یارەکەی بە هەموو ئەو شتە جوان و دڵگیرانە دەچوێنێ، کە لە سروشتدا هەن، بە تایبەتی گوڵ و هاوشێوەکانی.

لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر پەنا بۆ جوانی سروشت دەبات و لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری جوان و ڕۆمانسی و خەیاڵاویدا دەست بە ڕوومەتی ئەو پەلکە گیایە دادەنێت، کە هێشتا مەمکی نەکردووە، بەمەش بە هۆی بەکەسکردنی ڕەگەزەکانی سروشتەوە، تابلۆیەکی شیعری جوانی کێشاوە.

لە کۆپلەی دووەمیشدا جەلیزادە بەهۆی هونەری لێکچواندنەوە و لە وێنەیەکی شیعری ڕازاوەدا، ڕوومەتە خڕەکانی ئەو ئافرەتەی خۆشی دەوێت بە گوڵی یاسەمین دەچوێنێت.

لە کۆپڵەی سێیەمدا، شاعیر سوودی لە ڕەگەزەکانی سروشت وەرگرتووە، بە یارمەتی هونەری لێکچواندنەوە دیمەنێکی جوانی ڕووی ئافرتمان پیشدان دەدات، کاتێک دەیەوێ بە هۆی باران و بەفرەوە گوڵی گۆنای یارەکەی ئاو بدات.

لە کۆپلەی چوارەمیشدا نەک تەنها بە سوود وەرگرتن لە شتە مادییەکان. بەڵکو بە سوود وەرگرتن لە شتە واتاییەکانیش دا وێنەی شیعری جوان و کاریگەری هێناوەتە کایەوە، کاتێک دەڵێ: تەنیایی قۆچپەی کراسەکەم دەکاتەوە و ڕوومەتی دەخاتە سەر سینگم.

**_ لووت:**

دیاره لە هەر کۆمەڵگایەکدا شێوازی جوانیی لووت جۆرێکە، کە بە داب و نەریت و کەلتوور و ئاستی فیکری ئەو کۆمەڵگایە وابەستەیە، بەڵام جوانیی لووت بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی ئاستی جوانیی ئافرەتدا هەیە، لە هەمان کاتدا ڕووبەرێکی گەورەی لە شیعر و ئەدەبیاتدا داگیر کردووە و کەم تا زۆر لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە، جەلیزادەش لەو شاعیرانەیە کە ئاماژەی بەو ئەندامەی جەستەی ئافرەت کردووە. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

قەرەباڵغتر؛

لە ئاتەشگە و لە کڵێسا و

لە نوێژگەی مزگەوتەکان،

ژنەکان، کە دەچنە بەر ئاوێنە،

جنێو دەدەن بە **<u>کەپوویان</u>**،

ئالتوونەکانیان دەفرۆشن،

دۆلار کۆ دەکەنەوە،

خودایە، چاوێک بە نەقشی **<u>لووت</u>** بخشێنەوە،

وەک **<u>لووتێکی</u>** جوانت نەدا بە ژنەکانمان،

بیدە نەوەکانی داهاتوو،

عیادەی دکتۆرەکانی جوانکاری،

قەرەباڵغترن؛ لە باڕەکان،

لە کۆڕی شیعر، لە هۆڵەکانی شانۆ(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٥٥٩).

لەم شیعرەدا شاعیر بەزمانێکی سادە و ساکار، بەڵام بە شێوازێکی جوان، باسی بەها و گرینگی و پێگەی لووت لە لای ئافرەت دەکات، ئەمە لە لایەک، هەروەها لە لایەکی دیکەوە بە

پێوەرێکی سەرەکیی جوانیشی داناوە. چونکە لووت لەو ئەندام و بەشە زۆر زەق و دیارەکانی مرۆڤە کە پێش هەموو بەشەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ دەچەقێتە چاوی بینەر و سەرنج لێدەرەوە، ئەمەش وای کردووە کاریگەری و لێکەوتەی زۆر لە سەر دیاری کردنی ئاستی جوانیی ڕوخساری ئافرەت بەرجەستە بکات، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی شاعیر بەم شێوەیە گوزارشت لەم بەشەی جەستەی مرۆڤ بکات، کە چۆن ئافرەتی بە لووتییەوە سەرقاڵ کردووە، وای لێکردووە بەردەوام ڕەخنە بگرێت و لە خەمی جوانکاری و جوان پێشاندانی لووتی دابێت، زۆر زیاتر لەوەی لە بیری ڕۆشبیری و ئەدەبی و تەنانەت ئایینەکەشییەوە بێت.

## ـ گوێ:

گوێ یەکێکە لەو بەشانەی دیکەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەی هۆکاری بەرجەستەکرنی هەستی بیستنە، لەهەمان کاتدا بە پێی لێکۆڵینەوە زانستی و بایۆلۆجییەکان ئەندامێکی وروژێنەریشە و کاریگەری لە سەر وروژاندنی هەستی سێکسیدا زۆرە. جگە لەمەش لە دیاری کردنی ئاستی جوانیی ئافرەتیشدا ڕۆڵی خۆی بینیوە، ئەمەش وای کردووە لە بواری شیعری و ئەدەبی و هونەریدا و لە شیعرەکانی جەلیزادەشدا ڕەنگبداتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

نەرمەی **<u>گوێکانی</u>** دەگەزم و

بۆنی مووە ڕەشەکانی بن باڵی دەکەم،

بە دوو پەنجە گۆ قاوەییەکانی دەگوشم و

مەمکەکانی ڕادەتەکینم،

پێش ئەوەی بەهار،

درەختە ڕووتەکانم،

لێ بشارێتەوە (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٧٠٦).

لەم کۆپلە شیعرەدا، شاعیر لە وێنەیەکی شیعری جوان و ڕۆمانسیدا، ئاماژە بە جوانی و نەرمی و وروژێنەری ئەم ئەندامە هەستیارەی جەستەی ئافرەت دەکات، کە گوێ یە، بە بێ

پەردە حەز و ئارەزوو و تامەزرۆیی خۆی بۆ گەزینی ئەم بەشەی جەستە پێشان دەدات و لەوێوە دەیەوێ بۆ بن باڵی و گۆیە قاوەییەکانی ژن نەک هی کچ، چونکە گۆیی قاوەیی زیاتر ئاماژەییە بۆ مەمکی ژنان، هەروەها بەرەو ڕاتەکاندنی مەمکەکانی شۆڕبێتەوە و گڕی هەوەس و حەزەکانی دامرکێنێتەوە، پیش ئەوەی لە دەستیان بچێت.

**ـ دەم و لێو:**

دەم و لێو هەردووکیان بە یەکەوە بوونەتە سومبولی جوانیی دەم و چاو و ڕوخساری ئافرەت. زۆرجار وەک خونچە یان گوڵ یان نوقڵ و شەکر و هەنگوین ئاماژەی پێکراوە. ''لێو یەکێکە لەو ئەندامانەی کە توانیویەتی ببێتە جێگای بایەخی شاعیران و دڵ و هۆشی شاعیران بە سیحری جوانی خۆی ببات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرێک لە مرۆڤەکان پێیان وایە دەم کانییەکە لە چێژ و خۆشی لە پاڵ لچ و لێو و ددانە سپی و بریقەدارەکانیدا.(الحوفي، ٢٠٠٢: ٤٥). بەهاو پێگەی ئەم جوانییەی دەم و لێویش پانتایەکی فراوانی لە شیعری شاعیراندا هەیە و لە شیعرەکانی جەلیزادەشدا بە ڕادەیەکی زۆر فراوان ڕەنگی داوەتەوە، بە شێوەیەک تەنها لە یەک تاکە شیعردا کە بەناونیشانی (وڵاتی ڕەژوو)ە لە دیوانی شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، شاعیر (٤١٦)جار وشەی دەمی بەکارهێناوە. ئەمەش حەز و تامەزرۆیی شاعیر بۆ ئەو بەشەی جەستەیی ئافرەت پێشان دەدات، جگە لەوەی لە شیعرەکانی دیکەشی دا لە ئاستێکی بەرزدا بەکارهاتووە. وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ:

(١)

<u>دەم ،</u>

ئینجانەی ماچە،

نەک ئەشکەوتی ووشە!(جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٩١)،

(٢) یاخود دەڵی:

ژنێک،

خۆشی دەوێم،

ژنێک،

**دەم** گەرمتر لە ئاگردانی گوڵ و

دەنگ بە جۆشتر لە مۆسیقای ئاگر(جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٧٤٧).

(٣) یاخود دەڵێ:

**دەمتم** ماچ کرد...

لەو دەمەوە،

کە قسە دەکەم،

حەرفێکم گوڵە و

حەرفێکم پەپوولە(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٠١).

(٤) یاخود دەڵێ:

پەرداخێک،

شەرابی **لێوتم** بدەیە،

تا پڕ ببمەوە،

لە جریوە جریوی لاویەتی.(جەلیزادە،٢٠١٢، ١٩).

لەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا وشەکانی دەم و لێو زیاتر لە واتایەک و زۆرتر لە ڕەهەند و مەدلولیکیان هەیە،

لە کۆپڵەی شیعری یەکەمدا، دەم وێڕای ئەوەی وەک سیمایەکی جوان و سەرنجڕاکێش خراوەتە ڕوو ، دوو ڕەهەند و واتای دژ بەیەکەشی لە خۆگرتووە، دەم لە ڕەهەندی یەکەمدا بە ئینجانەی گوڵ چوێنراوە و بەهایەکی خۆشەویستی و ڕۆمانسی و سۆزداری هەیە، بۆتە ڕەمزی چێژ و خۆشی و جوانیی ژیان، بەڵام دەم لە ڕەهەندی دووەمدا وەک ئەشکەوتی وشە نیشاندراوە و ئاماژەیە بۆ خراپە و نەزانی و تاریکی کە شاعیر دژیەتی.

له کۆپلەی دووەمیشدا، شاعیر له وێنەیەکی شیعری جوان و خەیاڵیدا، دیمەنی مەعشوقەکەی پیشان دەدات، که دەمی گەرمتره له ئاگردانی گوڵ و دەنگیشی به جۆشتره له مۆسیقای ئاگر.

له کۆپلەی سێیەمدا شاعیر بەها و پێگەی ئەم بەشەی جەسته بۆ پلەیەکی باڵا تر بەرز دەکاتەوە، پێی وایه لەو ساتەوەی دەمی خۆشەویستەکەی ماچ دەکات، که قسه دەکا پیتێکی دەبێته گوڵ و پیتەکەی دیکەی دەبێته پەپووله. ئەمەش ئاماژەیه بۆ بەهای دەم و لێو له جوانی و چێژ و خۆشەویستی و ژیاندا.

شاعیر له کۆپلەی چوارەمدا ئاستی ئەم بەشەی جەسته که دەم و لێویی ئافرەته له ڕۆمانسییەت و هەوەسبازیش تێدەپەڕێنێ و بەرەو زیندوویەتی نەمری دەبات و به شێوەیەک شەڕابی دەم و لێوی یارەکەی به ئاوی حەیات و بەقا دەزانێت.

**ـــ گەردەن:**

ئەمەش ئەندامێکی دیکەی جەستەیی مرۆڤه که بۆته جێگای سەرنج و تێڕوانینی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و کاریگەری له سەر دیاریکردنی ئاستی جوانیی ئافرەتدا هەیه. تاڕادەیەکی زۆریش له شیعرەکانی جەلیزادەدا ڕەنگی داوەتەوە. وەک لەم کۆپله شیعرەدا دەردەکەوێت که دەڵێ:

(١)

گەر تۆ،

(پەت)یش بیت من دێم،

تا به **<u>گەردنت</u>** هەڵم بواسی و

به گۆرانی بملاوێنیتەوە،

بەڵێنت پێ دەدەم،

دەست بۆ شاباڵی دەرباز بوون،

درێژ نەکەم (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٠٢).

(٢) یاخود دەڵێ:

ئەوان دەستیان،

گەیشتۆتە **گەردەنی**،

ژنە **گەردەن** شوشەکان.

ئێمە هێشتا،

پێکە سپییەکانمان،

زین نەکردووە بۆ سەفەر (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٢٥).

(٣) یاخود دەڵێ:

بە هەناسەی گەرم..

لەسەر **گەردنت** نوسیم:

خۆشم دەوێی،

تاقانەکەم (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٣٥٠).

(٤)یاخود دەڵی:

ماچەکانم؛

دەخ

لیس

کێن و

وەک گوڵی،

ناز

ناز

دەڕژێنە کۆشتەوە.

گەردەنت چەند لووس و خزە،

ئەزیزم (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٣٤٨).

لەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا، شاعیر لە چەند وێنەیەکی جیاوازدا دیمەنی جوانیی گەردەنیی ئافرەتی بە وشەی ناسک و جوان و ڕەنگاو ڕەنگ کێشاوە، لە کۆپلەی یەکەمدا، جەلیزادە ئاماژە بە گەردەنی ئافرەت دەکات وەک سەنگی محەک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و تاسەی بینینی خۆشەویستەکەی گەیشتۆتە لوتکە، بە شێوەیەک حەزدەکا خۆی بە گەردەنییەوە هەڵواسێ، بەڵێنیش بە دڵبەرەکەی دەدات هەرگیز دەست بۆ شا باڵی دەرباز بوون نەبات و بیر لە ئازادی و ڕزگار بوون لە ژێر دەستی خۆشەویستەکەی نەکاتەوە. تەنانەت ئەگەر لە ئامێزیشیدا بمرێت.

لە کۆپڵەی دووەمدا شاعیر لە چەند وێنەیەکی شیعریدا بە شێوازی لێکچوواندن و لە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەدا ئیرەیی بەو کەسانە دەبات کە دەستیان گەیشتۆتە ئەو ئافرەتانەی کە گەردەنیان لە جوانی و لووسی و ڕەونەقدا لە شووشە دەچێت. کەچی ئەوان هێشتا پێکە سپییەکانیان ئامادە نەکردووە بۆ مەست بوون.

لە کۆپڵەی سێیەمدا شاعیر تابلۆیەکی پڕ ئەوین و جوانیمان بە وشە پیشان دەدات، کاتێک بە هەڵمی هەناسەی لە سەر گەردەنی یارەکەی دەنووسێت خۆشم دەوێی.

لە کۆپڵەی چوارەمدا شاعیر لە وێنەیەکی جوان و ڕۆمانسیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە گەردەنی خۆشەویستەکەی هێندە لووس و خزە، کاتێ ماچی دەکات ماچەکانی وەک گوڵە ناز ناز دەخلیسکێنە کۆشی دڵبەرەکەیەوە.

**ـ مل:**

ئەمەش بەشێکی گرنگ و جوانیی بەخشە لە پێکهاتەی جەستە و ''حەلقەی پەیوەندی نێوان سینگ و دەم و چاوە، ملی درێژ زیاتر جێگای سەرنج و پەسندکردنە، کاریگەری جوانییەکەشی لە ئاستێکی بەرزدایە، کە زۆرجار لەجوانیدا بە ئاسک چوێنراوە (الاعشی، ١٩٩٣: ٨٣). وێڕای ئەمانەش پێوەری دیاریکردنی جوانیی مل بە پێی جیاوازی کۆمەڵگاکان و کلتوور و سەردەمەکان دەگۆڕێت. ئەمەش وای کردووە تاڕادەیەک لە بەرهەمی هەر شاعیر و میللەتێکدا بە جۆرێکی جیاواز ڕەنگ بداتەوە. لە ئەدەبیاتی کوردیشدا مل وەک بەشێکی جەستە ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە. لە شیعرەکانی جەلیزادەشدا پێگەیەکی بەرزی هەیە. وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا خۆی دەنوێنێ، کە دەڵێ:

(١)

بەر لەوەی بەهار،

جلوبەرگی ئامادەکراوی خۆی ببەخشێتەوە،

بە پەلی دەوەن و لکی دار،

دەچمەوە نێو جەنگەڵستانێکی ڕووت.

لە پشتڕاوە،

باوەش دەکەم،

بە نێو قەدی درەختێک و

**پشتە <u>ملی</u>** دەلێسمەوە (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٧٠٥).

(٢) یاخود دەڵێ:

بەر لە ماڵئاوایی لە نیشتیمان،

تەسبیحێک،

لە دوو هەزار،

دەنکە قەزوان دەهۆنمەوە و

دەیکەمە **ملی** دایکم (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٣٢).

لەم کۆپلّە شیعرانەدا، شاعیر لە هەموو ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سروشت سوود و بەهرە وەردەگرێت و بە کەسیان دەکات، بەشێوەیەک لە هەموو توخمێکی سروشت دا جوانیی جەستەیی ئافرەت دەبینێت.

لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر لە وێنەیەکی شیعری ڕۆمانسیدا لە چوارچێوەی هونەرەکانی لێکچوواندا هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە. بەشێوەیەک هەموو لق و قەد و دار و درەختەکان وەک ئەندام و جەستەی ڕووتی ئافرەت دێتە پێش چاو. یان بە کەسیان دەکات و لە قالّبی ڕەگەزی مێینەدا بەرجەستەیان دەکات. بۆیە حەز و خولیای ئەوە دەکات پێش ئەوەی بەهار بە جل و بەرگی پۆشتە دایان پۆشێت، لە پشت ڕاوە باوەش بە قەد و بالّایان دابکات و پشتە ملییان بلێسێتەوە، کە ئەمەش ڕەهەندێکی سێکسی هەیە، کە لە وشەکانی (ڕووت، لە پشترا، باوەش، نێو قەد، پشت، مل، لێسینەوە) بەدی دەکرێت.

هەروەها لە کۆپلەی دووەمیشدا شاعیر مل وەک بەشێکی پیرۆزی جەستە دەبینێت، بە تایبەتی لە وەسفی دایکدا، چونکە شاعیر زۆرجار دایکی لە ئاستی نیشمان یان زیاتریش داناوە، بۆیە حەزدەکات کاتێک مالّئاوایی لە نیشتمان دەکات، تەسبیحێکی دوو هەزار دەنکی بخاتە ملی دایکی، کە ڕەمزە بۆ خۆشەویستی و پیرۆزی.

**ـ سینگ و مەمک:**

سینگ و مەمک لەو ئەندامە هەرە هەستیار و سەرنجڕاکێش و ورووژێنەرانەی جەستەی ئافرەتە، کە پێگەیەکی گەورە و فراوانی لە جوانی ئافرەتدا هەیە. بە شێوەیەک کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دروست کردووە. تا ئەو ڕادەیەی زۆرێک لە شاعیران وەسف و ستایشی جوانی دەم و چاو و ڕەنگ و ڕوخساری ئافرەتیان تێپەڕاندووە و بەرەو ئەندامە هەستیار و ورووژێنەر و پاوانکار و قەدەغەکراوەکان شۆڕ بوونەتەوە، ستایشێکی ورد و تەواویان کردووە، کە سەرچاوەی زۆرترین سەرنج و بزاوتن

و  ورووژان و  فیتنەیە. وەک سینگ و مەمک و شوێنە هەستیارەکانی دیکە،.(الاعشی، ١٩٩٣: ١٣١). بەتایبەتیش جوانیی  جەستە و ئەندامە هەستییارەکانی جەستەیی ئافرەت، وەک سینگ و مەمک...هتد،  پانتاییەکی بەرینی لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە، بە ڕادەیەک تەنها لە یەک شیعردا  کە بە ناونیشانی وڵاتی ڕەژووە لە دیوانە شیعری شەهید بەتەنها پیاسە دەکات، (٢٤١) جار وشەی مەمکی بەکار هێناوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:

(١)

بەقەد،

__**مەمکەکانت،**__

سەرسامیان نەکردم.

هیچ هەڕەمێک (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٦٦).

(٢)یاخود دەڵێ:

لێم گەڕێن ،

با گلەیی لە __**مەمک**__ بکەم،

نەیتوانی پەنجەی عاشقێک و پەنجەی بازرگانێک،

ل ێ ک ج و دا،

بکاتەوە (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٢٩٢).

(٣) یاخود دەڵێ:

تا مانگ،

لە جاران جوانتر بێت،

هاتووە سەر بە __**سینگت**__ بکات،

تکایە پەنجەرەکە دامەخە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٧١).

(٤) یاخود دەڵێ:

بەیەکەوە،

**<u>سینگیان</u>** خڕ دەکەن..

دار هەرمێکان و

کچە عازەبەکانی گوند (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٥٨١).

(٥) یاخود دەڵێ:

لەرەی **<u>مەمکت</u>**،

سییەکانمی خستە پار یەک،

پەراسووەکانمی هاڕیم،

پەرداخی دڵمی شکاند (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٢٩٠).

(٦) یاخود دەڵێ:

پێش کازیوە،

**<u>مەمکت</u>** بەخەبەر دێن،

دەنوک لە لێوی تەنیایی دەدەن(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٦٩١).

(٧) یاخود دەڵێ:

سەنگەرەکەم،

بەقەتماغەی بیرەوەرییەکانم،

پڕ دەکەمەوە،

تفەنگەکەم بە لکی دار زەیتوونێکەوە هەڵدەواسم،

دێم لە نێو **<u>مەمکەکانی</u>** تۆدا،

سەنگەرێکی نوێ لێدەدەم.(جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٤١١).

(٨) یاخود دەڵێ:

**<u>مەمک،</u>**

گەورە و بچوک،

بەیەکەوە ژێر دەکاتەوە.

**<u>مەمک</u>** نەبوایە،

دەمیش نەدەبوو،

لە هەر ماڵێکدا **<u>مەمک</u>** نەبوو

نارنجۆکێک هەیە (جەلیزادە، ٢٠١٢: ١٩٧).

(٩) یاخود دەڵێ:

باخەوان هەناری خۆشدەوێ،

پێشمەرگە، نارنجۆک،

من **<u>مەمکی</u>** تۆ (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٢٥٥).

(١٠) یاخود دەڵێ:

کەس،

سەیری گوڵەکان ناکات،

ئاخر بەدەرەوەیە،

**<u>مەمکی</u>** ژنێک (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٢٨٣)،

(١١) یاخود دەڵێ:

(مەمک)

بەردەوام **<u>مەمکت،</u>**

تک..

تک..

دەڕژێتە نێو دەمم،

کەچی نە **<u>مەمکت</u>** بچووک دەبێتەوە،

نە دەمم تێر دەبێت!!(جەلیزادە،٢٠٠٧: ٥٤٤).

(١٢) یاخود دەڵێ:

ئاخر دەترسم؛

ماچێکم بەسەر پشتی دەستەوە،

لیکم لە چاڵی کەمەرت،

چپەم لەناو ستیانەکەت،

هەناسەم لەبن باڵت،

دێڕە شیعرێکم بە پووزتەوە و

تاڵێک قژی سپیم،

بەسەر گۆپکی **<u>مەمکتەوە</u>**، جێبهێڵم (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٠٩).

لەم کۆپلە شیعرانەدا، جوانبیری و جوانبینی و جوان نووسیی شاعیر لە بابەتی جوانیی جەستەی ئافرەتدا لە ئاستێکی بەرز و فراواندا بەدی دەکەین.

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا شاعیر ئاست و ڕێژەی سەرسامی خۆیمان بەرامبەر بە شوێنە هەستیارەکانی جەستەی ئافرەت، بەتایبەتی مەمکەکانی پیشان دەدات، بەڕادەیەک هیچ هەرەمێک کە یەکێکە لە حەوت شتە سەیر و سەمەرەکانی دنیا، هێندە سەرسامییان نەکردووە. ئەم خولیایەش بە تەواوەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

بێگومان هەر لەبەر ئەمەشە ''جەلیزادە بەشاعیری ئیرۆتیک یان شاعیری جەستەی ژن و بە تایبەتی باخی سێوان ناوبانگی دەرکردووە، وێنە هونەرییەکانی ئەم بابەتەی لە چاوشاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی زۆر بوێرانەتر بەرجەستەکردووە'' (موکریانی،٢٠٢٠: ١٢). بە شێوەیەک زۆر جار ئەم جۆرە بابەتانە بەرە و ڕەهەندی سێکسی و شەهوەتبازی شۆڕبۆتەوە.

لە کۆپلەی دووەمیشدا، جەلیزادە لە ڕوانگەیەکی مرۆڤ دۆستی و خۆشەویستییەکی بەرزدا و بە ئاڕاستەی پیشاندانی ئەو دیاردە و ڕووداو و گۆرانکارییانەی جیهانی گرتۆتەوە، کە لە ژێر سیبەری بەرژەوەندی تایبەتی و بیری سەرمایەداریدا بەرجەستەبووە، دەیەوێ هاوار و ڕاز و گلەیی و سکاڵای خۆی بە گوێی ئەوانەی کە تەنها لە ڕوانگەی خودپەرستی و بەرژەوەندییەوە شتەکان دەبینن، یان مەمک کە بەکەس کراوە بگەیەنێت، کە ناتوانێت پەنجەی عاشقێک و پەنجەی بازرگانێک لە یەکتری جیا بکاتەوە.

لە کۆپلە شیعری سێیەمدا شاعیر ئەرک و ڕۆڵ و پێگە و هێزی جوانی شتەکانی لە بنیاتنانی هونەری لێکچوواندا ئاوەژووکردۆتەوە، چونکە لە بری ئەوەی وێنەی دووەم کە ئافرەتە بچوێنێ بە وێنەی یەکەم کە مانگە، هاتووە وێنەی یەکەم کە مانگە چواندوویەتی بە

وێنەی دووەم کە ئافرەتە، بۆ ئەوەی جوانیی لە ئافرەتەوە وەربگرێت، بە هۆی ئەوەوە لە جاران جوانتر بێت.

لە کۆپڵە شیعری چوارەمدا شاعیر لە وێنەیەکی جوانیی لێکچوواندن و ڕۆمانسیدا بە شێوەیەکی ئیرۆتیکانە هەردوو دیمەنی لێکچووی دار هەرمێییەکان و کچە عازەبەکانی گوند دەخاتەڕوو کاتێک سینگ و مەمکیان خڕ دەکەن. کە بێگومان هەر یەکە لە هەرمێ و مەمک لە خڕی و توند و ڕەقیدا لە یەک دەچن.

لە کۆپلە شیعری پێنجەمدا جەلیزادە شوێنەوار و لێکەوتە و کاریگەری مەمکمان لە سەر خودی خۆیدا پیشان دەدات، چونکە هەر کاتێک کە لەرەی مەمک دەبینێت، سییەکانی دەچێتەوە پاڵ یەک و پەراسووەکانی دەهاڕدرێ و پەرداخی دڵی دەشکێت.

لە کۆپڵە شیعری شەشەمدا شاعیر بە شێوەیەکی هونەری جوان و لە وێنەیەکی شیعری سەرنجڕاکێشدا هەر یەکە لە مەمک و تەنیایی بە کەس دەکات. کاتێ دیمەنی مەمکمان پیشان دەدات، کە پێش کازیوە و هەڵاتنی خۆر لە بەیانیاندا دەنوک لە لێوی تەنیایی دەدات. کە ئەمەش وەک ئاماژەیەکە بۆ ڕۆڵی مەمک بۆ نەهێشتن و کۆتایی هێنانی تەنهایی.

لە کۆپلە شیعری حەوتەمدا شاعیر بێزاری و بێ توانایی خۆی لە شۆڕشی چەکداری و خەباتی ئازادیخوازی دەردەبڕێت. بۆیە دەیەوێ ئەم بۆشاییەی لەم بوارەدا دروست بووە، بە قەتماغەی یادەوەرییەکانی پڕ بکاتەوە و کۆتایی بەو هەمووە نەهامەتی و ناخۆشییە بهێنێت و تفەنگەکەی بە لکی دار زەیتوونیکەوە هەڵواسێت، کە زەیتوون هێمای ئاشتییە. واز لەم سەنگەرە کۆنە بهێنێت و سەنگەرێکی تازە لە نێو مەمکەکانی خۆشەویستەکەی لێبدات و ئیتر لە پێناوی جوانیی جەستەی ئافرەتدا بژی و بمرێت.

لە کۆپڵە شیعری هەشتەمدا شاعیر بەهۆی خەیاڵێکی فراوان و زمانێکی کاریگەر و سادە و ساکارەوە، وێنەیەکی شیعری جوانمان بۆ دەکێشێ و ڕۆڵ و ئەرکی مەمکمان زیاتر و زۆرتر لەوەی کە دەیبینین پیشان دەدات، چونکە مەمک لە گۆشەنیگای شاعیردا تەنها ئەرکی گەورە کردن و پەروەردە و خۆراک بەخشین و ژیرکردنەوەی منداڵ نییە، بەڵکو مرۆڤ لە قۆناغی منداڵییەوە تا هەرزەکاری و پیریش پێویستی بەمەمک هەیە و ناتوانێت بێ مەمک بژی، مەمک هۆکاری هەبوون و زیندوویەتی و بەردەوام بوونە، ئەگەر مەمک نەبێت دەم و ژیانیش نابێت، جگە لەوەش مەمک سەرچاوەی خۆشی و ئاشتیشە، چونکە لە هەر ماڵێک مەمک نەبێت نارنجۆکێک، یان شەڕ و ماڵ وێرانی هەیە.

له کۆپله شیعری نۆیەمدا جەلیزادە بە پێچەوانەی هەموو کەس و دابونەریت وکۆمەڵگایک، بە پێچەوانەی هەموو جوتیار و پێشمەرگەیەک لە بری هەنار و نارنجۆک تەنیا و تەنیا مەمکی خۆش دەوێت، چونکە لە تێڕوانینی شاعیردا ئەوەی فریای دەکەوێت و دڵخۆشی دەکات و زامەکانی سارێژ دەکات و کۆتایی بە خەم و مەینەتییەکانی دەهێنێت، جگە لە مەمک هیچی دیکە نییە.

لە کۆپلە شیعری دەیەمدا شاعیر مەمک بە جوانترین و خۆشترین و باشترین دڵگیرترین و ورووژێنترین شت دەزانێت، بۆیە پێی وایە کاتێک مەمک بەدەرەوە بێت کەس سەیری هیچ شتیک ناکات و هیچ شتێکیش نرخ و بەهای نامێنیت. ئەوەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە مەمک بەشێکە لە جەستە یان دیوی دەرەوەی جوانیی ئافرەت نرخ و بەهای زیاتر و کاریگەرترە لە جوانیی ناوەوەیی ئافرەت.

لە کۆپلە شیعری یازدەهەمدا شاعیر باسی ئەوە دەکات، لە گەڵ ئەوەی مەمک بەردەوام و تک تک دەڕژێتە نێو دەمیەوە، بەڵام نە مەمک بچوک دەبێتەوە نە دەمیشی پڕ دەێت، ئەمەش ئاماژەیەکی هاشا هەڵنەگرە بۆ حەز و ئارەزوو و هەوەسیی بێ کۆتایی شاعیر  بۆ جەستە و جوانیی ئافرەت و تێر نەبوونی لە چێژ و خۆشیی جوانیی جەستەیی ئافرەت.

لە کۆپڵە شیعری دووازدەهەمدا دوو وێنەو دوو ڕەهەندی شیعری جیاواز بەدی دەکەین کە زیاتر لە خوێندنەوەیەک و زۆرتر لە واتایەکی هەیە، شاعیر کاتێک باسی ترس دەکات لەوەی ماچێکی بەسەر پشتی دەستەوە و  لیکی لە چاڵی کەمەری، کە مەبەستی مژینی ناوکییەتی و  چپەشی لە ناو ستیانەکەی و هەناسەشی لە بن باڵیدا  و  بەجێمانی تاڵێک قژی سپییەتی بە سەر گۆپکی مەمکی دڵخوازەکەیەوە هەن. کە ئەمانە  هەموویان  ئاماژەی ڕوون و ئاشکران  بۆ ئەوەی  کە ئەو کەسە هاوسەری خۆی نییە، بۆیە ترسی لە ئاشکرابوونی ئەم شتانە هەیە، لە لایەکی دیکەوە   واتای ئەوەیە کە  حەز و تاسەی شاعیر بۆ ئافرەت سنووری نییە و نازانێت تەمەن و پیری و گەنجی و  دوور و نزیکی و  ئایین و  نەتەوە و ڕەش و سپی چییە. هەموو ئەو تێڕوانین و لێکدانەوانە سەبارەت  بە بەها و کاریگەری و پێگەی مەمک وەک بەشێک لە جەستەی ئافرەت  لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

**پێگە و کاریگەری مەمک**

- **هیچ هەرەمێک بە قەد مەمک سەرسامت ناکات.**
- **کاریگەری مەمک لەسەر لایەنی دەروونی.**
- **ڕەنگدانەوەی مەمک لە سروشتبینی شاعیردا.**
- **لەرەی مەمک، سییەکان دەخاتە پاڵ یەک، پەراسووەکان دەهاڕێ.**
- **مەمک دەنووک لە تەنیایی دەدات.**
- **مەمک تفەنگت پێ فڕێ دەدات و دەستت بە خۆیەوە توند دەکات.**
- **مەمک گەورە و بچوک بە یەکەوە ژێر دەکاتەوە.**
- **لە هەر ماڵێکدا مەمک نەبوو نارنجۆکیک هەیە.**
- **باخەوان هەناری خۆشدەوێ، پێشمەرگە نارنجۆک ، من مەمکی تۆ.**
- **کە مەمک بە دەرەوە بێت، کەس سەیری گوڵ ناکات.**
- **نە مەمک بچووک دەبێتەوە. نە دەمیش تێر دەبێت.**
- **مەمک پیاو بە قژی سپییەوە کێش دەکات بۆ لای خۆی.**

## _ شان و باڵ:

شان و باڵ لەو ئەندامە جوانانەی جەستەی ئافرەتن کە جێگای سەرنج و تێڕامانی ڕەگەزی نێرینە یان پیاوان بووە. بەتایبەتی ئەو شان و باڵانەی و نەرم و نۆڵ و لووسن، جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی هێندەی تامەزرۆیی جوانیی جەستە و شۆخ و شەنگی و ئافرەت پەرست بووە، نیو هێندە خۆویست و خۆپەرست نەبووە. بۆیە هەمیشە شاعیر مردنی لە

سەر شان و باوەشیی ئافرەت زۆر پێ خۆشتر بووە، لە ژیانێک لە دووری جوانیی جەستەی ئافرەت، هەروەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

(1) حەز دەکەم،

ئەو شەوەی دەمرم،

بەسەر **شانی** کچێکی ڕووتەوە،

تاتۆی پەپوولەیەک بکێشم (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٣٨٧).

(٢) یاخود دەڵێ:

لووسترین ئەندامی لەشت،

**شانەکانتن،**

کە ماچیان دەکەم،

ماچەکانم؛ وەک پۆلێک دەنکە گێلاس دەخلیسکێن و

لە ناو دەستە خڕەکانتا،

خڕ دەبنەوە.

ئیدی سەرقاڵی مژینی **شانەکانت** دەبم،

زۆر ماندوون،

با تاوێک پشوو بدەن،

مەمکەکانت (جەلیزادە، ٢٠٢١: ٢٤٩).

شاعیر لێرەدا لەم کۆپلە شیعرانەدا چەندین جار ئاماژەی بە جوانی و چێژ و خۆشی ئەو ئەندامەی جەستەیی ئافرەت کردووە، حەز و ئارەزووی شاعیر بۆ شان و باڵی ئافرەت لە زۆر جێگادا دەگەیەنێتە ئاستی جوانی و چێژ و خۆشیی مەمک و ئەندامە هەستیارەکانی دیکە.

له کۆپلەی یەکەمدا وێڕای بەدی کردنی حەز و ئارەزووی هەوەسبازی بۆ جەستەی ئافرەت، پەیامێکی بەرز و پیرۆزی مرۆڤایەتیش لە وێنەی پەپوولەدا دەبینین، چونکە لە وشەی پەپوولەدا چەندین دال و مەدلول و ڕەهەندی جۆراوجۆر دەخوێنینەوە.

له کۆپلەی دووەمدا جەلیزادە شانەکانی ئافرەت بە لووسترین و ورووژێنترین بەشی جەستەی مێینە دەزانێت، کە زۆرجار لە بڕی مەمک و بۆ حەسانەوە و پشوودانی مەمک پەنای بۆ دەبات، لەوانەشە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە حەزی شاعیر بە چێژگۆڕکێوە هەبێت. بۆیە شاعیر کاتێک ماچیان دەکات وا هەست دەکا ماچەکانی وەک کۆمەڵە گێلاسێک دەخلسکێت و لە ناو دەستە نەرم و نۆڵ و خڕەکانی ئەودا کۆ دەبێتەوە، جگە لەمەش بۆیە شاعیر حەزدەکات شانەکانی ماچ بکات و بمژێ، تا پشوویەک بە مەمکی دڵخوازەکەی بدات، کە زۆر هیلاک و ماندووی کردوون.

## _ دەست و پەنجە و مەچەک:

دەست و پەنجە و مەچەک: چ وەک ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت، چ وەک دال و سیمبول بۆ کۆمەڵێک مەدلول و واتا و خوێندنەوەی جیاواز نرخ و بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە. بە شێوەیەک دەکرێت و دەشێ لە پاڵ خۆشویستن و جوانبینیی هەموو دەستێکدا چەندین ڕەهەندی ئینسانی و ئەخلاقی و مەعریفی و کۆمەڵایەتیش بخوێنینەوە، چونکە هەر لە کۆنەوە دەست و پەنجە لە بەرهەمی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و دەقە ئەدەبییەکاندا کۆمەڵێک واتای نەستەق و ئیدیۆمیشی هەڵگرتووە. بۆیە لێرەدا لە شیعرەکانی جەلیزادەدا دەشێ هەمان تێڕوانین و خوێندنەوە بۆ ئەم شیعرانە بکەین و زیاتر لە گۆشەنیگایەکەوە هەڵی بسەنگێنین، لەبەرئەوەی شاعیر بۆ زیاتر لەمەبەست و ئامانجێک وشەی دەستی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

<u>**دەستی**</u> ژنێکم خۆشدەوێ..

خۆر دەسگیر دەکات و

لە سەر شۆستەیەکی تاریکدا،

دەیکا بە پەیکەری ڕووناکیی.

ئەستێرە کۆدەکاتەوە،

لە پارکێکی نووستوودا،

دەیکا بە درەختی جریوە،

من **دەستێکم** خۆش دەوێ،

بەرد دەکا بە پەڕەسێلکە،

گەڵا دەکا بە پەپوولە،

دیوار دەکا بە ئاوێنە (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٥٩٢).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بۆ دەست و پەنجە دەڕوانێت و پێی وایە کە دەست و پەنجە و مەچەک هەم وەک بەشێکی گرنگ لە جەستە، هەم وەک هێما و ڕەمزیش لە بواری شیعری و ئەدەبی و هونەریدا، زیاتر لە ڕۆڵ و ئەرکێک دەبینێت و زۆرتر لە واتا و مەبەستێک لە خۆدەگرێت. بۆیە شاعیر لەم کۆپلەدا لە پاڵ ئەوەی کە مەبەستییەتی جوانی و نەرم ناسکی و لووسی و ڕەونەقداری دەست و پەنجەی ئافرەت پیشان بدات. دەشیەوێت دەستیی ئافرەت وەک سیمبولی بەخشندەیی و میهرەبانی و هاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامی و ئاسودەیی داهێنان و گۆڕانکاری بناسێنێت، لە کاتێکدا ئافرەت ڕۆژ و شەوی لەسەریەک داناوە بۆ ئەوەی خۆر دەستگیر بکات و بیکاتە چەقی ڕووناککەرەوەی شەقامەکان و دنیای تاریکی پێ ڕۆشن بکاتەوە، یان ئەوەتا ئەستێرەکانی پێ کۆبکاتەوە، جۆش و خرۆش و جریوە جریو بخاتە پارکێکی نووستوو، یان بەرد بکا بە پەڕەسێلکە و گەڵا بکا بە پەپوولە و دیواریش بکا بە ئاوێنە.

## ـ سک و پشت و کەمەر:

ئەمانەش لەو ئەندامانەن کە زیاتر ڕەهەندی سێکسیان هەیە، چونکە تا لە سەرەوە بەرە و ناوەڕاستی جەستە شۆر بینەوە، یان تا لە خوارەوە و بنی پێوە بەرەو ناوەراست و بۆ سەرەوە هەوراز بچین، ئاست و ڕێژەی هەستیاری سێکسی ئەو ئەندامانە زیاتر و زۆرتر

بەرز دەبنەوە، بە تایبەتی کەمەر و دەوروبەری کەمەر بە ناوەڕاست و چەقی ئەندامە هەستەوەرە بەرزەکان دادەنرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەدا، ئەمەش وای کردووە ببێتە جێی تەماحی ئەوانەی زیاتر خولیایی هەوەسبازی چێژ و خۆشی و جوانیی جەستەن. بێگومان ئەو ئەندامانە تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعرەکانی جەلیزادەش ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هەوێنی خەون و خەیاڵی شاعیر، وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ:

(1)

وردە وردە ڕۆیشتی...

دڵۆپ دڵۆپی ئاو،

بە تاڵ تاڵی قژتەوە زەنگوڵی ئاواز بوون،

بەسەر **پشت** و نەرمایی سینگتا، گلۆر دەبوونەوە.

گۆمی شین... خوڕ، خۆڕ، ئەشکی ڕشت. تا بووە یەوە دەریا.

ماسیەکان کەوتنەوە مەلە, گەرای تازەیان دانا.

دەریا، وەک پشیلەیەکی چاو شینی ڕەشەمە،

بۆنی بە شوێن پێتەوە دەکرد.

لەگەڵ هەموو قۆرتەکانی قەراخ، جووت بوو.

بە تۆماوی لەزەت، **سکی** پڕ کردن (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٥٩).

(2) یاخود دەڵێ:

چلێک هەتاو،

هاتۆتە بەر پەنجەرە..

ژنێک،

مەمکبەند و دەرپێیەکەی،

خستۆته بن بالیفەکەی و

ڕووت ڕووت،

لەسەر گازەرەی **پشت** ڕاکشاوە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٢٨).

(3) یاخود دەڵێ:

من بۆنم،

به **پشت و کەمەری** گوڵەکانەوە دەکرد،

لە هەموو درزێکی لەشیدا،

شووشە عەترێک ڕژابوو(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٢٢٦).

(٤)یاخود دەڵێ:

**پشتت ،**

پارچەیەکە لە پەنیر،

تیایدا ئاو، دلۆپ ، دلۆپ،

بە مەندیلی کەفەوە،

بۆ بەرزاییەکانی خوار کەمەرت،

کڕنووش دەبەن(جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٢١٦).

لە هەر یەکە لەم کۆپلە شیعرانەدا، ئەگەر لە دیدگای هونەریی شیعری و ئەدەبییەوە سەیرییان بکەین و شرۆڤەیان بکەین، لە پاڵ ڕەهەندی سێکس و ئیرۆتیکییەتدا چەندین تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاوازی دیکەمان لە لا بەرجەستە دەبێت، کە دەچنە خانەی مرۆڤ بوون و هزر و مەعریفەی ئینسانییەوە. بە شێوەیەک ئافرەت لێرەدا لەگەڵ ئەوەی بە

کانگای چێژ و خۆشی و جوانی و بەختەوەری دانراوە. لە هەمان کاتیشدا تەوژمێکی زیندوویەتی و بەردەوامی و گەشەپێدانی گەورەی تێدا بەدی دەکرێ، بەو ڕادەیەی هەموو ئەندام و بەش و شتەکانی ئافرەت لە دیدی جەلیزادەدا واتای ژیان و چێژ و لەزەت و خۆشی و شادی و جوانی و گۆڕانکاری و بەرهەمداری و داهێنانی لێ دەتکێتەوە.

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا: شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵە وشە و دەستەواژەیەکی وەک ( تاڵی قژ، سەر پشت، نەرمایی سینگ، گۆم، ماسی، مەلە، گەرا، بۆن پێوە کردن، قۆرتەکانی جووت بوون، تۆماوی لەزەت، سک پڕ بوون) کە هەر هەموویان لە گەڵ ئەوەی ئەندامی جەستەی مرۆڤن یان ڕەگەزەکانی سروشتن، ڕەهەندی سێکسییان هەیەو ئاماژەن بۆ وروژاندنی سێکسی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە دیوی دووەمی ئەم فۆڕمەوە، وێنەیەکی ئینسانی و مەعریفی بەرز دەبینین، کە ئاستی فکری و ئیستاتیکییەتی شیعرەکانی شاعیری بەرزکردۆتەوە

لە کۆپڵەی دووەمدا جەلیزادە بەهۆی کۆمەڵێک وشەی هەستیار و وروژێنەرەوە زیاتر بەرەوقوڵایی دیمەنە سێکسییەکان ڕۆیشتووە و وێنەیەکی ئیرۆتیکی جوانیی ئافرەتی خستۆتە ڕوو کاتێک بە بینینی چڵێک هەتاو کە بە کەس کراوە و ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر، ئافرەتێک خۆی ڕووتڕووت کردۆتەوە و مەمکبەند و دەرپێیەکی خستۆتە بن بالیفەکەی و لەسەر گازەرەی پشت ڕاکشاوە، کە خۆی لە خۆیدا دەستەواژەکانی ڕووت ڕووت و لەسەر گازەرەی پشت و ڕاکشان، پیشاندانی قۆناغێکی هەستیاری و وروژاندن و ئامادەسازیی کرداری سێکس و جووت بوونە، کە وەک بەشێک لە جوانیی ئافرەت دەریخستووە.

هەرچی کۆپلەی سێیەمە شاعیر زیاتر سوودی لە هەستی بۆنکردن وەرگرتووە بۆ خستنەڕووی جوانیی ئافرەت هەم لە ڕووی مادییەوە و هەم لە ڕووی واتاییشەوە، واتە جەلیزادە لەڕێی بۆن و بەرامی جەستەی ئافرەتەوە لە یەک کاتدا دەیەوێت هەم چێژ و خۆشی لە جوانیی دەرەوەی ئافرەت ببینێت و هەم تام و بۆن و جوانیی ژیانیش لە جوانیی ئافرەدا چڕ بکاتەوە، چونکە لە دیدی شاعیردا ژیان بێ ئافرەت بێ بۆن و بێ تام و بێ ڕەنگە. ئافرەت شووشە عەترێکە ڕژاوتە ژیانەوە.

لە کۆپڵەی چوارەمدا جوانی و چێژ و خۆشی جەستەی ئافرەت لەو مەبەستە ڕووکەشانەیە کە شاعیر ئاماژەی پێکردووە و حەزوو ئارەزوو و خولیای خۆی لەم

بارەیەوە  لە چوارچێوەی وێنەیەکی ئیرۆتیکی و ڕۆمانسیدا و بەهۆی هونەرەکانی لێکچوواندنەوە خستۆتە ڕوو. کاتێک پشتی دڵبەرەکەی  بە پارچەیەک پەنیری دەچوێنێت،  کە دڵۆپە ئاوەکانی سەری بە مەندیلی کەفەوە  بۆ بەرزاییەکانی خوار کەمەر کە مەبەستی سمتە، شۆڕ دەبنەوە و بۆ خوارەوە. کە ئەمانەش هەر هەمویان ڕەهەندی سێکسیان هەیە و شاعیر وەک کەرەستەیک بۆ بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بە شیعرەکانی بەکاری هێناون.

**_ ناوک:**

ناوک لەگەڵ ئەوەی بەشێکی بچووکە لە جەستەدا، بەڵام هیشتا هەم لە جوانیی بەخشیی ئافرەتدا، هەم وەک ڕەمز و ئیدیۆمیش ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە و بۆتە  سەرچاوەیەک بۆ شیعر و هونەر و کەلەپووری کوردی و تا ڕادەیەکی بەرچاو لە بەرهەمە شیعری و ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەلای هەندێک لە کەلتوورەکان ناوک بە چەقی جوانیی دادەنرێت و حەز دەکەن  هەمیشە بیرازێننەوە و بە دەرەوە بێت، وەک هەندێک لەو هۆز و تیرانەی لە هیندستان دەژین. هەروەها ناوک لە شیعر و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و کوردیشدا بۆتە جێگای بایەخ و گرینگی دان، جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی وەک هەموو بەشەکانی دیکەی جەستە بە چاوی بایەخەوە لە ناوکی ڕوانیوە و لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، وەک دەڵێ:

(١)

هەنوکە دەمم،

لەسەر **<u>ناوکتە</u>**..

نازانم،

لە قژتەوە دابەزیوم،

یا بە پەنجەکانی پێتەوە هەڵکشاوم (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٨٧).

(٢)

یاخود دەڵێ:

ڕوحێکی هەلا هەلام،

هەر لایەم،

کەوتۆتە ناو **ناوکی** کچێک (جەلیزادە، ٢٠١٨: ١٩٧).

لەم کۆپلە شیعرانەدا کاریگەریی پێگەیی ناوک لە سەر شاعیر و لە شیعرەکانی شاعیردا تا ئاستێکی بەرز دەردەکەوێت، بەشێوەیەک لە هەردوو کۆپلە شیعرەکەدا حەز و ئارەزوو و خولیا و هەوەسی شاعیر لە ناوکدا چڕ بووەتەوە،

لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر هێندە تامەزرۆ و مەست دەردەکەوێ بۆ مژینی ناوکی دڵخوازەکەی و بە شێوازێک دەمی خستۆتە سەر ناوکی و خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە، نازانێت و لە بیری نییە کە لە قژ و سەریەوە دەستی پێکردووە و بۆ لای خوارەوە و ناوکی شۆڕ بووەتەوە، یان لە پەنجەکانی پێیەوە بۆ سەرەوە هەڵکشاوە و دەمی خستۆتە سەر ناوکی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە هەردوو باردا ناوک بۆتە کانگای چێژ و خۆشی بەخشین و چەقی وەستان و زاڵگەی گیرۆدە کردنی شاعیر، لە ڕووی حەز و هەوەسەوە.

لە کۆپلەی دووەمدا خواست و ویست و شەحنەیەکی گەورە و بەهێزی جەلیزادە بۆ ڕەگەزی مێینە بە تایبەتیش کچان بەدی دەکەین، تا ئەو ئاستەی سنوری عەشق دەشکێنێ و حەز دەکات گیانی پارچە پارچە و لەت و پەت بێت و هەر لەتێکی بچیتە ناو ناوکی کچێکەوە، کە بێگومان لێرەدا هەڵبژارنی ناوکی کچ لە کۆی بەشەکانی دیکەی جەستەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی شاعیر دەیەوێ ببێتە سەرچاوە و بژێوی ژیانی کچان وەک چۆن دایک بەهۆی ڕایەڵە و دەماری ناوکەوە خۆراک و ژیان بە کۆرپەکەی دەگەیەنێت، شاعیریش بەهەمان شێوە بەردەوامی ژیان بە مێینە دەدات،

## ـ سمت و سۆڵ و ڕان:

سمت و سۆڵ و ڕان لەو بەشە هەرە دیار و زەق و هەستیار و ورووژێنەرەکانی جەستەی ئافرەتە، کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ڕەگەزی نێردا هەیە، بەتایبەتیش لە بواری شیعری و ئەدەبیات و هونەریدا هەر لە کۆنەوە تا ئیستا پانتاییەکی گەورە و فراوانی داگیر کردووە، جگە لەمەش سمت و سۆڵ و ڕان بە پێوانە و پێوەرێکی هەرە گرینگی جوانیی جەستەی ئافرەت لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە ئەژمار کراوە، ئەمەش وای کردووە لە لای جەلیزادەش پێگە و بەهایەکی گەورە و فراوان و کاریگەری هەبێت، ببێتە یەکێک لەو

بابەتانەی سەرنجی شاعیر ڕابکێشێت و ڕووبەرێکی گەورە لە شیعرەکانی داگیر بکات، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(١)

ڕانە ئەستورەکانی،

لێک دەخشێن و

دەتووزێتەوە.

**<u>سمتی</u>** مانگ،

دوو بوخچەی پڕ لە لۆکەن (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٧٠٨).

(2) یاخود دەڵێ:

لە نێوان دوو **<u>ڕانی</u>** ئاگریندا،

خودایە،

ئەو درزە شەرمنەم بدەیە،

چەم بۆ ئەوان، چیمەن بۆ ئەوان (جەلیزادە،٢٠٠٧: ٧٣٥).

(3) هەزار شووشەی،

خنجیلەم کۆکردۆتەوە...

کە ئەمجارە ڕووت بوویتەوە،

پڕیان دەکەم لە بریقەی پشت و

لە نوری <u>سمتت</u> (جەلیزادە،٢٠١٩: ٧٦).

(4) یاخود دەڵێ:

دەستی،

بە **سمتی** شۆڕەبی دا دێنێت،

زمانی خستۆتە،

ناوکی گێلاسەوە، با (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٢٤٧).

لەم کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا شاعیر بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە و لە چوارچێوەی چەند وێنەیەکی ئیرۆتیکیدا گوزارشتی لە هەست و نەست و خەون و خەیاڵ و حەزەکانی خۆی کردووە، ڕاستگۆیانە و بێ پێچ و پەنا هەموو ئەو خۆزگە و ئاواتانەی لە جەستەی ئافرەتدا چڕ دەبنەوە دەرخستووە. جەلیزادە وەک شاعیرێکی عەشقی جەستە، جەخت لە جوانیی ئافرەت دەکات و هەموو جوانیی دنیا لە جوانیی جەستەی ئافرەتدا کۆدەکاتەوە و دەبینێت، چونکە جیهانبینی شاعیر لە جوانیی ئافرەتدا، بەتایبەتیش جوانیی جەستەدا بەرجەستە بووە، بە شێوەیەک دەتوانین بڵێین لە هەموو وشە و دەستەواژە و ڕستەیەک، یان دێڕە شیعرەکانی شاعیردا بۆن و تام و ڕەنگی ئافرەت بەدی دەکەین، ئەمەش بەها و گرینگی جەستەی ئافرەتمان لە شیعرەکانی جەلیزادەدا بۆ دەسەلمێنێت.

لە کۆپلەی یەکەمدا جەلیزادە بە شێوازێک وێنەکانی کێشاوە کە دەتوانرێت چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ بکرێت، لە لێکدانەوەی یەکەمدا شاعیر دڵخوازەکەی بە مانگ و هەردوو لا سمتیشی بە دوو بوخچەی پڕ لە لۆکە چوواندوون. بەڵام لە لێکدانەوەی دووەمدا وێنەیەک دەبینین کە شاعیر هەموو ڕەگەزەکانی سروشتی وەک ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت بێتە پێش دیدەی، وەک چۆن کەسی برسی مانگی وەک نان یان کولێرە دێتە پێش چاو، بیگومان ئەوەش بە ئاستی حەز و تامەزرۆیی و پێویستی بۆ ئەو شتانە وابەستەیە.

لە کۆلەی دووەمدا شاعیر زیاتر لە هەستە سیکسییەکان نزیک دەبێتەوە و زۆرتر بەرە و قوڵایی جەستە ڕۆدەچێت، هەر بۆیە ئاماژە بە نێوانی ڕانەکانی ئافرەت دەکات و وەک تەنێکی گەرم و ئاگرین دەیانبینێت و کاریگەری لەسەر دروست دەکات، ئەمەش هاندەر و پاڵنەرێکی

بەهێزە بۆ ئەوەی دەست بە نزا و پاڕانەوە بکات، تاکو ئەو درزە شەرمنەی  کە مەبەستی عەورەتی ئافرەتە دەستی بکەوێت، چەم و چیمەنیش بۆ ئەوانە بەجێ بهێڵێت کە عەوداڵینە.

له کۆپلەی سێیەمدا شاعیر بەهۆی دەستەواژەکانی (بریقەی پشت، نوری سمت) هەم جوانی و هەم پیرۆزیش بە جەستەی ئافرەت دەبەخشێت و پێی وایە جەستەی ئافرەت چەندە پڕ لە بریقەی جوانییە هێندەش پڕ لە نوری پیرۆزییە، بۆیە لە وێنەیەکی خەیاڵیدا هەزارەها شووشەی خنجیلانە کۆ دەکاتەوە و پڕیان  لە بریقە و ڕووناکیی دەکات.

لە کۆپڵەی چوارەمدا، شاعیر  لە داڕشتنی وێنەی شیعریدا  سوودی لە ڕەگەزەکانی سروشت وەرگرتووە و هەریەکە لە با و شووڕەبی و گێلاسی بە کەس کردوون، بەهۆی وشەی  با کە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر،  وشەکانیی شۆڕەبی  و گێلاسیش کە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی مێ، تابلۆیەکی ئیرۆتیکی نەخشاندووە کە تێیدا با دەست بە سمتی شۆڕەبیدا دێنێت و زمانی خستۆتە ناوکی گێلاسەوە.

## ـــ زێ، ڕەحم ، عەورەت:

ئەم ئەندامە لە هەستیارترین و ورووژێنترین  و سێکسیترین بەشەکانی جەستەی ئافرەتە، کە بە ناوگەڵ ناسراوە و زۆریک لە خەڵک سەرتاپای شەرەف و ڕەوەشتی ئافرەتیان لەم پارچەیەدا چڕ کردۆتەوە،  بەڵام تێگەیشتن و تێڕوانین و لێکدانەوەی شاعیر بۆ ئەم بابەتە بە جۆرێکی ترە. بە شێوەیەک لە هاوکێشەیەکی تەرازوودار و یەکسانی وەرگرتن و بەخشین دا دەیبینێت، هەر بۆیە ئەم بەشەی جەستەی ئافرەت ڕەنگدانەوەیەکی قووڵ و فراوان و بەهێزی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا هەیە. وەک لەم کۆپڵە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(١)

رۆحم تەڕ تەڕ،

لە **<u>عەورەتی</u>** ژن،

دەستم بە دنکە هەنارەکانی گۆنا سور،

چاوێکم چلچرای مەمک و

چاوێکم ڕێژنە بارانی شەراب (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٠٢).

(٢)یاخود دەڵێ:

دەستی جارانم،

هێشووە ترێی دندووک قەلانی،

لە لکی مێو دەکردەوە،

مەمکدانی،

لە مەمکی تورتی کیژۆڵان  دەترازاند،

تەوقەی لەگەڵ زەردەخەنەی ژنان دەکرد،

کارمامزی پەنجەکانم،

لە **چیمەنی شاراوەی بەر سکی** ئەودا دەلەوەڕاند (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٥٠١).

(٣)یاخود دەڵێ:

باران دەمی،

خستە ناو دەمی بەفر،

با مەمکەکانی گوشی،

**ناو گەڵی** بەفر،

تەڕ تەڕ (جەلیزادە، ٢٠١٢: ١٥٩).

(٤)یاخود دەڵێ:

زەنگوڵ زەنگوڵ، ئاو

لە ناوکتەوە،

دەڕژێتە سەر **قۆخێکی قەڵشیوی**،

toوکنەوە (جەلیزادە، ۲۰۱۲: ۳۰۰).

(٥)یاخود دەڵێ:

باوەشت بەس نییە،

بۆ ئارام بوونی ئەبەدی..

تاقەتم چوو،

بمخەرە ناو **ڕەحمی** خۆت،

حەز دەکەم لەناو ئەو بانیۆ گەرم و لینجەدا،

خۆم گرمۆڵە بکەم(جەلیزادە،۲۰۱۹: ٥١٧)

(٦)یاخود دەڵێ:

دەمم پڕ دەکەم لە ئاوی ڕژاوی،

سەر لەش و

**ناو لەشت.**

ئەوە ئاوە یان ڕاوی هەنگوین؟! (جەلیزادە، ۲۰۱۲: ۲۹۸).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرانەدا شاعیر چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی وشە و دەستەواژەکانی ( عەورەت، چیمەنی شاراوەی بەرسک، ناوگەڵ، قۆخێکی قەڵشیوی توکن، ڕەحم، ناولەش) ئاماژەی بە هەستیارترین ئەندامی مێینە کردووە، کە زێی ئافرەتە، لەم

کارەشدا شاعیر زیاتر لە مەبەست و ئامانجیکی هەیە، دیارە ئەگەر ئامانجی سەرەکی لەو ئاماژە کردنەدا سیکس بێت، حەزی هەوەسبازی بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەیام و ئامانجەکانی دیکەی بریتییە لە دەربڕین و گەیاندن و پیشاندانی ئافرەت وەک چاوگ و ژێدەری جوانی و مرۆڤ بوون. بە هۆی ئەو وێنە شیعریانەی کە تەژین خەیاڵ و ئەندێشەی جوان و فراوان.

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا شاعیر هەموو ئەندامانی جەستەی خۆی خستۆتە خزمەتی جوانیی ئافرەت و لە پێناو گەیشتن بە چێژ و خۆشی ئافرەت لە ئەرک و چالاکیدان تا ئەو ئاستەی ڕۆحی تەر تەڕە لە عەورەتی ئافرەت و دەستەکانیشی بە کوڵم و گۆناکانی سوور بووە کە لە دنکە هەناری سوور دەچێت. چاوەکانیشی یەکیان بووە بە چلچرای مەمک و ئەوەی دیکەشیان بووە بە ڕێژنە بارانی مەی و شەراب.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا، جەلیزادە وەک هەموو شاعیرێکی دیکەی ڕۆمانسی دەیەوێ بۆ سەردەمی ڕابردوو لاویەتی بگەڕێتەوە، خەون بەو کاتانەوە دەبینێت بە زەوق و بەهێز و چالاک بوو، هێشووە ترێی لەلکی مێو دەکردەوە و مەمکدانی لە مەمکی توند و تورتی کچان دەکردەوە و دڵخۆشی و ئاسودەیی خۆی بۆ زەردەخەنەی ئافرەتان دەردەبڕی. لەمانەشدا زۆر جار پەنجەکانی هەر وەکو کارمامزێک لە چیمەنی شاراوە و پاوانکراوی خوار سکی دڵخوازەکەی کە مەبەستی بەر و عەورەتی ئافرەتە لەوەڕاندووە، کە بێگومان لێرەدا هەموو ئەو وێنە شیعرییانەی لە چوارچێوەی هونەرەکانی لێکچوواندن و بە شێوەی رۆمانسیزمی و ئیرۆتیکی خستۆتە ڕوو.

لە کۆپلە شیعری سێیەمدا، شاعیر بە سوود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی سروشت و بە کەس کردنی ئەو ڕەگەزانە بە هۆی خیاڵی فراوان و داهێنەرانەوە و بە یارمەتی وشە و دەستەواژەکانی وەک (باران، خستنە ناو، دەمی بەفر، با، مەمک گوشین ، ناو گەڵی بەفر، تەڕ تەڕ) چەند وێنەیەکی ئیرۆتیکی جوانیی ئافرەتی بەرجەستە کردووە.

لە کۆپلەی چوارەمدا، جەلیزادە لە شێوازی لێکچوواندندا، دیمەنی شوێنە هەستیار و ورووژێنەرەکانی جەستەی ئافرەت دەخاتە ڕوو، کە بریتییە لە ناوک و عەورەت، کە دووەمییان بە قۆخێکی قەڵشیوی تووکن چوێندراوە. کە بەرجەستەکردنی وێنەی لەم جۆرەشدا، ڕۆڵ و گرینگی ئەم ئەندامانە لە لای شاعیر دەردەخات.

له کۆپلەی پێنجەمدا، وزە و شەحنەیەکی بەهێزی حەز و خولیای شاعیر بۆ عەورەتی ئافرەت بەدی دەکەین، دوای ئەوەی کە شاعیر تینوویەتی و جۆش و خرۆشی تەنها بە باوەشیی ئافرەت ناشکێ و هێور نابێتەوە، بەڵکو داوا لە دڵخوازەکەی دەکات و خۆزگە و هیوای ئەوە دەخوازێت لە ڕەحمی خۆیدا کە لە بانێۆیەکی گەرم و لینج دەچێت هەڵی بگرێت و خۆی گەرمۆڵە بکات،

له کۆپڵەی شەشەمدا، شاعیر بەشێوەیەکی پۆرنۆگرافی هەست و نەستی ڕۆمانسیی خۆی سەبارەت بە ئافرەت دەربڕیوە و لە چوارچێوەی لێکچوواندندا و بە هۆی دەستەواژەکانی (دەمم پڕ دەکەم،ئاوی ڕژاوی سەرلەش و ناو لەش، ڕاوی هەنگوین)کە هەر هەموویان ڕەهەندی سێکسییان هەیە،ئاستی هەوەس و چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەتی خستۆتە ڕوو.

## ـ لینگ و قاچ و قوڵ و پێ:

لینگ و قاچ و قوڵ و پێ لەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤە، کە بە بەراورد لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی جەستەدا زۆرجار وەک بەشێکی فەرامۆش کراو و پەراوێز خراو لە دەقی شیعری و بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا سەیر کراوە، بەڵام لە لای هەندێک لەو شاعیرانەی کە بەهای جوانیی جەستە لە بەهای جوانی ڕۆح کەمتر نابینن،لینگ و قاچ و قول و پێ وەک هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستە بەرز دەنرخێنن و نرخ و گرینگی خۆی هەیە، بە تایبەتی لەلای جەلیزادەدا هەموو ئەندامێک لە ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت جێگای بایەخە و پانتاییەکی بەرینی داگیرکردووە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(١)

ژن نەیهێشت،

چلوە شەوێکی کانوون،

لە نێو **لینگی** گەرم و گوڕیا،

بترازێم و

سینگی شار ،

به گوڵە پۆستەری شەهید بنەخشێنم (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٢٩٩).

(٢) یاخود دەڵێ:

دەنگت؛

ڕووت ڕووتە..

وەک ئەو گوڵەی ؛

هەردوو **قاچی** هەڵبڕیبێت و

هەنگێک، شیلەی نێوان **ڕانەکانی** هەڵمژێت (جەلیزادە،٢٠٢٠: ٢٠٩).

(٣)یاخود دەڵێ:

لە ناوەڕاستی دەریاوە،

پۆل پۆل شەپۆڵ،

وەک ڕەوە ئەسپێکی سپی،

بە پەلەپەل،

تا خۆیان لە **پێ و پووزی** ژنە ڕووتەکان هەڵبسوون،

ڕووە و کەنار غار دەدەن(جەلیزادە،٢٠١٩: ٤٨٦).

(٤)یاخود دەڵێ:

کە **پێ** دەنێیتە سەر گردەکە ..

گوڵ و

لۆکەو

هەنگوین و

تریفەو

لەزەت،

بەیەکەوە دەبارن (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٦).

(٥)یاخود دەڵێ:

**<u>قاچەکانی</u>**

دوو پلوسکی شیرن،

خوڕ خوڕ دەڕژێنە دوو چاڵی ڕەشەوە،

پڕوشە یان، دەم و چاوم تەڕ دەکەن، (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٦٠٦).

لە کۆپلەشیعری یەکەمدا چێژ و خۆشی جوانیی جەستەیی ئافرەت، بە تایبەتیش نێو لینگە گەرم و گوڕەکانی دەبێتە ڕێگر و بەربەست بۆ ئەوەی شاعیر بتوانێت، پۆستەری شەهید لە تەواوی کوچە و کۆڵانە و شەقامەکانی شاردا بڵاوبکاتەوە، لە شەوە تاریک و درێژەکانی زستاندا دریژە بە خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی لە پێناوی ئازادیدا بدات. ئەمەش ئاست بەرزی کاریگەری جەستەیی ئافرەت بەسەر شاعیرەوە پیشان دەدات.

لە کۆپلەی دووەمدا جەلیزادە لە وێنەیەکی ئیرۆتیکیدا و بە شێوەی لێکچوواندن دەنگ بەکەس دەکات، لە هەمان کاتدا بە تەرزیکی جیاواز بە گوڵی دەچووێنێت، کە گوڵیش خۆی ڕەمزە بۆ ئافرەت، هەنگیش لێرەدا وەک ئاماژەیەک بۆ ڕەگەزی نێر بەکارهاتووە کە هەڵدەستێت بە مژینی نێوان ڕانەکانی، بەمەش تابلۆیەکی شیعری سێکسی و ڕەنگاوڕەنگ و پڕ ئیستاتیکی نەخشاندووە.

له کۆپلەی سێیەمدا شاعیر هێزی کێش کردنی جەستەی ئافرەت بە ڕادەیەک بەرز دەکاتەوە کە کاریگەری دەکاتە سەر هەڵکشان و داکشانی دەریا و زەریاکانیش، یان گیان بە ڕەگەزەکانی سروشت ببەخشێت، وا لە شەپۆلەکانی دەریا بکات وەک ڕەوە ئەسپێکی سپی پۆل پۆل و بە خێرایی و بە پەلە پەل بەرەو کەناری دەریا غار بدەن، تا خۆیان بە پێ و قاچ و قوڵ و پووزی ئافرەتە ڕووتەکانەوە هەڵبسوون.

له کۆپلەی چوارەمدا جەلیزادە جەخت لەوە دەکاتەوە بە دەرخستنی پەراوێزترین بەش و ئەندامی جەستەی ئافرەت کە پێ یە (گوڵ، لۆکە، هەنگوین، تریفە، لەزەت) بەیەکەوە دەبارن، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە جوانبینی شاعیر بۆ ئافرەت لە ئاستێکی باڵا دایە و هیچ سنوورێکی نییە.

له کۆپڵە شیعری پێنجەمدا شاعیر لینگ و قاچەکانی ئافرەت لە شیرینی و سپیەتی و تەڕ و لووسی بە تامیدا بە دوو پلوسکی شیر دەچوێنێ کە بە خوڕ دەڕژێنە خوارەوە. پڕوشەیان دەم و چاوی تەڕ دەکەن، کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەرسامی و وروژاندنی شاعیر بە قاچەکانی ئافرەت و پیشاندنی ئاستی کاریگەری جەستە لە سەر بەرزکردنەوەی شەهووەت و هەستەوەرەکانی شاعیر.

## پلەی دووەم: جوانیی جلوبەرگ و ئارایشت و ڕازاندنەوە :

جوانیی ئارایشت و ڕازاندنەوە، بەشێکی گرینگ و کاریگەر لە جوانیی دەرەوەی ئافرەت یان جوانیی جەستە پێکدەهێنێت، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا بەشێکی زۆر لە خەڵک لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی جوانیی دەرەوەی خۆیان پەنا بۆ ئارایشت و ڕازاندنەوە دەبن، بە تایبەتی ڕەگەزی مێ تا ڕادەیەکی زۆر بە ئارایشت و ڕازاندنەوەی ڕووکەشی دەرەوە وابەستەیە و بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە گەلێک لایەنی جۆراو جۆر وەرگرتووە، بۆ ئەوەی خۆی شۆخ و شەنگ و جوان و ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش پێشان بدات، وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

### ـ جلوبەرگ:

جلوبەرگ و پۆشاک کاریگەرییەکی بەرز و بەهێزی لە سەر جوان پیشاندانی ئافرەت و شۆخ و شەنگیی ڕازاوەیی ئافرەت هەیە، بۆیە جۆر و شێوە و قەبارە کوالیتی و چۆنیەتی

دوورین و پۆشینی جلوبەرگەکە، لە هەمان کاتدا ڕەنگەکان و گونجاوی و شیاوی لەگەڵ کەسەکاندا و کورتی و درێژی  و تەسکی و فراوانیش ڕۆڵێکی کاریگەریان  لەم بوارەدا هەیە. بە شێوەیەک ڕەنگدانەوەیەکی بەرزیشی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا هەیە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(1)

شەڕە تەقەیە،
لەبەر دەرگاکەمانا،
کەچی من چاوم بڕیوەتە،
**جلە تەڕەکانی** تۆ،
کە بەسەر تەنافێکی پەمەیەوەن(جەلیزادە، ٢٠٢١: ٣٢٢).

(2) یاخود دەڵێ:

ئەگەر تۆ **فستانێکت** لە بەردا بوو،
من بۆم هەڵنەبژاردبووی،
ئەگەر من **قاتێکم** لە بەردا بوو،
تۆ ڕەنگەکەت بە دڵ نەبوو،
ئەوا لەبەری هەردووکماندا،
دەبێ بە کفن،
کفنێکی زەرد،
کفنێکی سوور (جەلیزادە، ٢٠١٢، ٣٤٧)،

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا جگە لەوەی شاعیر چاوی بڕیوەتە جلە تەڕەکانی ئافرەت کە ڕەهەندیکی سێکسی هەیە و حەز و خولیای شاعیر لەمبارەیەوە پیشان دەدات، لە هەمان کاتدا دەتواندرێت چەندین  لێکدانەوە و شرۆڤەی دیکە بۆ ئەم دەقە شیعرییە بکەین کە زیاتر لە واتایەک و زۆرتر لە مەبەستێکی لەخۆگرتووە، مەبەستی یەکەمی شاعیر لێرەدا لە چوارچێوەی هەستێکی ڕۆمانسی بەهێز و خۆشەویستییەکی گەورە بۆ جەستە چڕبۆتەوە، چونکە لەو کاتەی شەڕە تەقەیە لەبەر دەرگای ماڵەکەیان، بەڵام  ئەو هەر چاوی لە سەر جلە

تەڕەکانی دڵخوازەکەیەتی کە بەسەر تەنافێکی پەمەییەوەن، هەرچی مەبەستی دووەمی شاعیرە، لێرەدا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەر هەموو خەڵکەوە لە بری ئەوەی خەریکی شەڕە تەقە و ئاژاوەگێڕی و کوشتن و بڕین و سوتاندنی هەموو شتێکی جوان و وێران کردن و لە ناوبردنی ژیان بێت. چاو دەبڕێتە جوانیی ئافرەت و جلە تەڕەکانی و هەموو ئەو شتە جوانانەی کە سەرچاوەن بۆ عەشق و خۆشەویستی و مرۆڤ بوون و چێژ و خۆشی و جوانی بە مرۆڤایەتی دەبەخشن.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا شاعیر جەخت لە سەر جۆر و شێوە و ڕەنگی جل و بەرگی دڵخوازەکەی و خۆی دەکاتەوە، کە بێگومان کاریگەری لەسەر لایەنی سیکسی هەیە و ئاماژەیە بۆ پێگە و بەهای جل و پۆشاکی ئافرەت لە لای شاعیر لە لایەکەوە و بایەخ و کاریگەری جوانیی دەرەوەی ئافرەت لە لایەکی دیکەوە. بۆیە شاعیر پێی وایە ئەگەر فستانێک دڵخوازەکەی لەبەری بکات و بە دڵی نەبێت، یان قاتێک خۆی لەبەری بکات و خۆشەویستەکەی هەڵی نەبژاردبێت، لەبەریاندا ئەبێتە کفنێکی زەرد یان سوور، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ لەناوچوون و مردن و شەهید بوون.

## ـ زێڕ و خشڵ:

لەگەڵ ئەوەی زێڕ و خشڵ کەرەستە و هۆکارێکی گرینگی ڕازاندنەوەی ئافرەتە، لە هەمان کاتدا پێوەرێکی بەهاداریشە بۆ دیاری کردن و پێوانە و هەڵسەنگاندنی ئاستی شۆخ و شەنگی و نرخ و بایەخ و جوانییەتی ئافرەت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و تازە پێگەیشتوەکاندا، تەنانەت هەندێک بە پێی ڕێژەی ئەو زێڕ و خشڵەی هەیەتی یان پێوەیەتی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. بەڵام جەلیزادە لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لەم بابەتە دەڕوانێت و مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(١)

ئەگەر خڕخاڵێک،

بە پێتەوە درەوشایەوە،

من لە پێم نەکردبووی،

ئەگەر زنجیرێک،

بە ملی مندا شۆڕبوو بۆوە،

تۆ لە ملت نەکردبووم،

ئەوا خڕخاڵ لە پێی تۆ دەبێ بە سندم و

زنجیریش لە ملی مندا بە پەت (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٣٤٦).

(٢)یاخود دەڵێ:

ژنان هەموو گوێیان هەیە...

کەچی ئەستێران حەز دەکەن،

تەنیا و تەنیا،

وەک دوو **<u>گوارەی کریستاڵ،</u>**

بە گوێی تۆدا شۆڕ ببنەوە! (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٣٠).

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا، شاعیر بە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕ و دابونەریتە باوانەی لە نیو کۆمەڵگادا هەیە، بەهای زێڕ و خشڵ لە ئەرک و لێکەوتە و شیوازی بەکارهێنانیدایە، نەک نرخ و بەهای خودی زێڕ و خشڵەکە، بۆیە لە تێڕوانینی جەلیزادەدا ئەگەر خڕخاڵێک لە پێی دڵخوازەکەی درەوشایەوە و خۆی لەپێی نەکردبێت و ئەگەر زنجیرێکیش لەملی دابێت دڵخوازەکەی لە ملی نەکردبێت، ئەوا ئەو خڕخاڵە لە پێی ئەودا دەبێت بە بزمار و زی، زنجیرەکەش لە ملی خۆی دا دەبێتە پەت، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بەها و جوانیی کەسەکان بەهۆی شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێست و ڕەفتارییانەوە بەرز دەبێتەوە، نەک بەهۆی زێڕ و خشڵەوە.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا، شاعیر تایبەتمەندی بە خۆشەویستەکەی دەدات و لە هەموو ئافرەتانی دیکە جیای دەکاتەوە، وەک ئەوەی دڵخوازەکەی لە ڕەگەزی بەشەر نەبێت و لە گەردوونێکی دیکەوە هاتبێت. چونکە لە خەیاڵی شاعیردا، ئەستێرەکان حەزدەکەن تەنیا و تەنیا، وەک دوو گوارەی کریستاڵ بە گوێی دڵخوازەکەی ئەودا شۆڕببنەوە. بەمەش شاعیر توانیویەتی وێنەیەکی جوانی پڕ ئیستاتیکا لە سەرچاوەی جوانیی ئافرەتەوە بەرجەستە بکات.

**ـ بۆن:**

بۆن جادوویەکی شاراوە و جیهانێکی گەورەیە، کە تەنها بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە بەها و پێگەی بەرجەستە دەبێت و کاریگەرییەکەی بە دەردەکەوێت. بۆن لەگەڵ ئەوەی بەشێکی گرنگ لە جوانی و بەهای ئافرەت پێکدەهێنێن. بەڵام زۆر بەکەمی نەبێت ڕۆڵ و ئەرکی بەدەرنەخراوە. ئەگەرچی هەر لە کۆنەوە بۆنەکانی وەک مسک و عەنبەر و کافوور و بۆنەکانی دیکە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە. بۆیە بۆنی ئافرەت لەو بەشانەی جوانیی ئافرەتە، کە ڕەنگدانەوەیەکی فراوان و کاریگەری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا هەیە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(١)

**<u>بۆنی ژن،</u>**

**<u>بۆنێک</u>** گەرمتر،

لە بۆنی شیعر و

سێکسی تر،

لە بۆنی خاک،

**<u>بۆنێک،</u>**

نە دەکرێتەوە نێو شوشە،

نە لەگەڵ بارانا دەبارێ!! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٥٣٩).

(٢) یاخود دەڵێ:

خودایە

**<u>بۆنی</u>** ئەو بن باڵەم بدەیە،

باغ بۆ ئەوان، عەتر بۆ ئەوان. (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٧٣٥).

(3) یاخود دەڵێ:

بن باڵی ژنەکانی تیرانا،

دوو **زنەی عەترن**،

تا حەدی ڕژان،

شوشەی لەش و

شوشەی ڕوحیان،

لێ پڕ دەکەم (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٧٩).

(4) یاخود دەڵێ:

سابوون دەمی تەژی بووە،

لە لینجی حەز،

لیفکە،

خۆی لە **بۆنی** جلەکانت دەسوێ (جەلیزادە،٢٠١٢: ٢٩٥).

(5) یاخود دەڵێ:

هەموو**شوشە عەترەکانت**،

لەخۆم زویر دەکەم و پێیان دەلێم؛

لە بۆنی هەر هەمووتان، خۆشترە.

**بۆنی** گەردنی ئەم ژنە (جەلیزادە، ٢٠١٨: ٣٥١).

لەم کۆپە شیعرانەی سەرەوەدا  تا ڕادەیەکی باش  کاریگەری و سەرسامی و  ئاست و پایەکانی بۆنمان لە شیعرەکانی شاعیردا  بۆ دەردەکەوێت.

لە کۆپڵە شیعری یەکەمدا، جەلیزادە بۆنی ئافرەت وەک بۆنێکی جادوویی و جیاواز لە هەموو بۆنەکانی دیکە هەست پێدەکات، چونکە لە گۆشەنیگای شاعیردا  تەنها بۆنی ئافرەتە کە گەرمتر بێت لە بۆنی شیعر و سێکسی تر بێت لە بۆنی خاک، هەروەها بۆنی ئافرەت تاکە بۆنە کە بە ئاسانی دەستەمۆ نابێت، نە دەتوانرێت بکرێتە نێو شوشەوە و نە لەگەڵ بارانیشدا دەبارێت.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا،جەلیزادە ناخۆشترین بۆنی جەستەی ئافرەت کە بۆنی بن باڵەکانیەتی پێی خۆشترە لە خۆشترین هەرچی بۆنەکانی دیکەیە کە لە دنیادا هەیە، بۆیە نزا دەکات و لە خوا دەپاڕێتەوە، کە بۆنی بن باڵی دڵخوازەکەی بداتێ، کێشە نییە هەرچی بۆنی باغ و عەتر هەیە بۆ ئەوان بێت،

لە کۆپڵە شیعری سێیەمدا، شاعیر زۆر سەرسامە بە بۆنی ئافرەتانی وڵاتی تیرانا،  بۆیە گەورەترین حەز و تاسەی ئەوەیە، تاکو جەستەی کە چواندوویەتی بە شووشەی لەش  پڕ دەبێت لە بۆنی ئافرەت و لە سەری دەڕژێت، بۆنیان بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆنی ئافرەت لە هەر ڕەگەز و ئایین و نەتەوەیەک بێت، ڕەش یان سپی بێت، سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە.

لە کۆپلە شیعری چوارەمدا، شاعیر لە چوارچێوەی وێنەیەکی خەیاڵکردی  چڕ و گەورە و فراوان و ئیرۆتیکیدا هەست و نەستی خۆی بەرامبەر بۆنی ئافرەت دەربڕیوە و هەریەکە لە سابون و لیفکەی بە کەس کردووە و خەسڵەتی مرۆڤی پێ بەخشیون، بەمەش دیمەنێکی ڕۆمانسیزمی هێناوەتە کایەوە.

لە کۆپڵە شیعری پێنجەمدا، جەلیزادە وێڕای ئەوەی جەخت لەسەر بێ هاوتایی بۆن خۆشیی ئافرەت بە بەراورد لەگەڵ هەر بۆنێکی دیکەدا دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری تر و ورد تر و تایبەتی تر جەخت لەسەر بۆنی گەردەنی ئافرەت دەکاتەوە، وەک بۆن خۆشترینی بەشەکانی جەستەیی ئافرەت.

### ١,٢,٣  جەستەی ئافرەت وەک سەرچاوەی  خۆشی و جوانی:

نیشانەکانی جوانیی ئافرەت لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی دیکە جیاوازە، کە ناتوانرێت دیاری بکرێت، یان یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت، کە ئەمەش کارێکی ڕێژەییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕوخساری ئافرەت ڕۆڵێکی گرینگی لە خستنە ڕووی پلەی جوانییەتی ئافرەتدا هەیە، هەرچەندە جوانیی ڕۆح بەشێکی گەورە لە جوانیی ئافرەت پێکدەهێنێت، بەڵام لە تێڕوانینی زۆربەی خەڵکیدا ناگاتە ئاستی جوانیی دەرەوە یان جوانیی جەستە، چونکە ئەوەی لە سەرەتادا  سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ جوانیی ڕوخسار و جەستەیە نەک ڕۆح، ڕەنگە باشترین نموونەش بۆ ئەمە هەڵبژاردن و دیاری کردنی شاجوانە، کە زیاتر لەسەر بنەمای جوانیی دەرەوە نەک ناوەوە دەست نیشان کراوە. هەرچەندە بیر و بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە.

فەیلەسووفی بەناوبانگ ئەرستۆ'' بە جۆرێکی تر دەڕوانێتە جوانی و سێ مەرجی سەرەکیی بۆ داناوە کە ئەمانەن: یەکێتی، ڕێکخستن، ڕێژە'' (عبدالله، ٢٠٠١: ٢٩). بەڵام سەبارەت بە جوانی هیگڵ دەڵێ:''ئێمە هەبین و نەبین، هەستی پێ بکەین و نەکەین پەڕی تاوس جوانە، گوڵ دڵگیر و جوانە، بەڵام بە باوەڕی من شتەکە ڕێژەییە و بە پێی هەڵوێستی خەڵکی و دۆخ و کات و شوێن ئەگۆڕێ و هەندێ شت بەلای منەوە جوانە و هەندێکی تر بەلای خەڵکی وا نییە'' (عزیز, ٢٠٠٥: ٧٤). هەروەها هەر لەم بارەیەوە ''کانت گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەزەتی جوانی بە خودی سەرنجدەرەوە، نەک بابەتەوە بەستراوە'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٢١)، بەم شێوەیە دەبینین گەلێ خوێندنەوە و گۆشەنیگای جیاواز بۆ جوانی هەیە، شاعیری بەناوبانگ بۆدلێر بەم جۆرە گوزارشت لە جوانی دەکا و دەڵێ: ''ئایا لە ئاسمانەوە هاتوویت یان لە دۆزەخەوە ئەمەیان بایەخی نییە، ئاخ ئەی جوانی....!'' (دەشتی،٢٠٠٤: ٤٥٢). هەر لەم چوارچێوەیەدا نووسەری بەناوبانگ شلیگل دەڵێ: ''جگە لە جوانی هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت کارێکی وابکات تەواوی جیهان شاد و ئاسودە بکات'' (محەمەد ،٢٠١١: ٢). هەرچەندە دەزانین تایبەتمەندییەکانی لایەنی فسیۆلۆجی جەستەی ئافرەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت و وەکویەک نییە. لە هەمان کاتدا دەشزانین  زۆربەی ئافرەتان بە شێوەیەکی سروشتی و غەریزەیی حەزدەکەن بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین شێوە دەربکەون، بۆ ئەو مەبەستەش تا ڕادەیەکی زۆر پەنایان بۆ جوانکاری و ئارایشتی کردنی بەشەکانی جەستە بردووە، بەڵام سەرەڕای هەبوونی چەندین شێواز و جۆر و ڕێگا و کەرەستە و پێویستییەکانی جوانکاریی ئافرەتان  بۆ ئەوەی  بەرزترین پلەی جوانی بە دەست

بهینن، بەڵام بەهۆی هەبوونی زۆری پێوەر و پێوانەکانی جوانیی ئافرەت لە کات و شوێن و سەردەم و کەلتوور و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بۆ بڕیاردان لە سەر دیاری کردنی ئاستی جوانیی ئافرەت، کێشە و گرفتی گەورە لەم بارەیەوە هاتۆتە کایەوە، کە ئەمەش وای کردووە بۆچوون و هەڵوێستی جیاواز بێتە کایەوە، بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم کێشەیە. بۆیە ئەم تێڕوانینە لە بواری شیعری و ئەدەبی و هونەریشدا پانتاییەکی بەرینی داگیرکردووە. بە تایبەتی'' تێڕوانینی تازە سەبارەت بە ڕەخنەی نوێی ڕۆژئاوا، سرووش و بەهرە لە جیا نەکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆک وەردەگرێت و پێی وایە جوانیی کاری ئەدەبی لە ئاوێتە بوون و بەیەکداچوونی فۆرم و ناوەرۆک دایە'' (مستەفا، ٢٠٠٩: ١١). ئەگەرچی ئەم تێڕوانینە لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و شیعریدا وەک یەک نییە و هەر شاعیر و نووسەرێک لە ڕوانگەیەکی تایبەتیی خۆیەوە بۆ ئەم بابەتە دەڕوانێت. بە شێوەیەک لە دیدی شاعیردا پێویستە ''هەر هەموومان لەناوماڵەکەی خۆماندا، پەنجەرەیەک بکەینەوە بڕوانینە دوور و کەسێکی دیکەی لێوەوە ببینین. گەر وا نەکەین لەوانەیە ماڵەکەمان ببێتە زیندان. بەو مەرجەی ئەو بوونەوەرەی دەرەوە، بن ساپیتەی ماڵەکەت هەڵنەگرێت. چونکە هێندێک ڕەنگ و بۆن هەیە لەماڵەکەی خۆتا نایدۆزیتەوە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). بەم شێوەیە ''قوباد واتە عەشق بوون و توانەوە لە ئەندێشەی ژن و مرۆڤ بوون، واتە جیهانێک لە خۆشەویستی بۆ ژن و خەمی ژن و خەونی ئەرخەوانی بۆ ژن، کە خۆی تەنها پاشایەتی. ئەندێشەی قوباد ئەندێشەیەکی قووڵ و تیژ و فراوانە ، ئاسمانێکە هەموو دنیای لە باوەش گرتووە ، ئەندێشەی شاعیر لە چاوگەیەکەوە هەڵدەقوڵێ نەسەری هەیە نە بن و تەواوی خەمی ئەو گەردوونەی بەورد و درشتەوە لە کۆڵ گرتووە٠ بەڵام بە شێوازێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی و دژەباو. شیعر لای ئەو ڕەنگدانەوەیەکی واقعی و ڕاستگۆیانە و بێ پێچ و پەنای هزر و ناخ و دڵ و دەروونی شاعیرە، کە بە زمانێکی بەرز و ئەندێشەیەکی فراوان و هەست و سۆزێکی بەهێز و تێڕوانین و وێنەی کاریگەر و نوێ داڕێژراوە، هەر ئەمانەش وای کردووە چێژی ئەندێشەی دەق لەشیعرەکانیدا بگاتە لوتکە، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لە بازنەی ئافرەتدا دەسوڕێتەوە یان بۆ خۆشەویستی و حەزی سێکسی بۆ ژن و پرسی ژن نووسراون (فەتاح، ٢٠١٥: ٧٣). ئەمەش لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت. وەک لە شیعری (ئاگردان )دا دەڵێ:-

بەم نیوە شەوە ،

بەفر،

له پەنجەرەی دەرگا دەدات ،

گەرەکییەتی ،

دەست و پەنجەی تەزیوی،

لە بەر پشکۆی،

مەمکی ژنێکدا،

گەرم بکاتەوە (جەلیزادە،٢٠١٢: ١٥٥).

لەم کۆپلە شیعرەدا جەلیزادە ئاوێتەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوان و هزرێکی داهێنەر و هەستێکی ناسک و زمانێکی ڕەوان و پاراوە، زۆرجار وێنەی شیعری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا وێنەیەکی ڕاستەقینەیە و لە سیحری جوانی ئافرەتەوە سەرچاوە دەگرێ و بەشێوەیەکی ناوازە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، دەیسەلمێنێ کە لە جوانبینی ئافرەتدا پسپۆڕ و بە توانا و لێهاتوو و شارەزایە، لەگەڵ هەست و نەستی ئافرەتدا گەورە بووە و ئیلهامی لە جوانی و ناسکی و جیهانبینی ئافرەتەوە وەرگرتووە.

جەلیزادە لەو شاعیرانەیە توانیویەتی بیرمەندانە و شاعیرانە بەشێوەیەکی بەرز هاوسەنگی نێوان فۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەکانی ڕابگرێت و لە ناو بۆتەی جوانیی ئافرەتدا بیر و هزری خۆی بهۆنێتەوە. چونکە لە ڕاستیدا ''ئەوەی بەر ژن و پیاو دەکەوێ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە جەستە و لەشە، وەک: چاو، دەم، سینگ و مەمک....هتد، هەموو ئەوانی تر سێبەری جەستەن، بەڵام دەکرێ هەڵسوکەوتی نادروست زۆر لە جوانیی جەستە کەم بکاتەوە. یان بە پێچەوانەوە ئاوێتە بوونی جوانی و ڕەوشتی بەرز نموونەیەکی باڵا بەدەستەوە بدات، دیارە کە ڕەوشت پەیوەندی بە جەستەوە نییە. هەر مرۆڤە خاوەنی ڕاستەقینەی جەستەی خۆیەتی، ئازادە چۆنی بەکاردەهێنێت''(جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). کەواتە دەتوانین بڵێین لە تێڕوانینی جەلیزادەدا جەستەی ئافرەت زۆر لە پێش ڕۆحەوەیە و ڕووبەرێکی گەورە و فراوانی لە شیعرەکانیدا داگیر کردووە، وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێ کە دەڵێت:

کە ژنە ڕووتەکە،

چراکەی کوژاندەوە،

ژوورەکە،

ڕووناکتر بوو (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٦٤).

لێرەدا شاعیر بە شێوەیەک وێنەی شیعرەکەی کێشاوە کە زیاتر لە واتا و لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت، لە وێنەی یەکەمدا شاعیر بە شێوەیەکی ئیرۆتیکییانە وێنەی ژنێکی ڕووتی کێشاوە، کە کاتێک چراکە دەکوژێنێتەوە ژوورەکە ڕووناک تر دەبێت، وەک چۆن مانگ تا تاریکایی شەوەزەنگ زیاتر بێت جوانتر و گەشتر و دڵگیر تر دەردەکەوێ، ئەویش بە هەمان شێوە وایە. جگە لەمە دیوی دووەمی وێنەکە ڕەهەندێکی هەوەسبازی و چێژ و خۆشی هەیە، چونکە کوژاندنەوەی چرای ژوورەکە لە لایەن ئافرەتێکی ڕووتەوە، خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ بەرجەستە کردنی کەشێکی هێمن و فەنتازی و چێژ و خۆشی بەخش.

### ٢،٢،٣ جەستەی ئافرەت وەک کەرەستەی سێکسی:

ئافرەت لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەیەکی گەورە و فراوان و بەهێز و کاریگەری جوانیی ڕۆحییە و پێگەیەکی بەرزی لە جوانیی ناوەوەدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جەستەی ئافرەت لە گۆشەنیگای ئەوانەدا کە جوانیی ئافرەت تەنها لە جەستە و ڕوخسار و جوانیی دەرەوەی ئافرەتدا دەبینن، بریتییە لە کەرەستەیەکی سێکسی و بە چاوی سێکسیشەوە دەڕواننە هەموو بەش و ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت و تەنانەت تاکە پێوەر و پێوانەش بۆ جوانیی ئافرەت لە لای ئەمانەدا بەرزی پلە و ئاستی سێکسی و سۆزداری جەستەی ئافرەتەکەیە نەک جوانیی ڕۆحی ئافرەتەکە، چونکە لە تێڕوانینی ئەمانەدا ئەوەی سەرەتا سەرنجی پیاو ڕادەکێشێت جوانیی ڕوخسار و جەستەی ئافرەتە، نەک جوانیی ناوەوە، بۆیە لە تێڕوانیی ئەمانەدا، ئافرەت وەک کەرەستەیەکی سێکسی و جوانیی دەرەوە دەبینرێت، زۆر زیاتر لەوەی وەک سەرچاوەیەکی ڕۆحی و جوانی ناوەوە و مرۆڤ ببینرێت. چونکە ''جەستەی ڕووت تەنها جەستەیەکی تاک و تەنها نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی نزیکی بە جەستەی دیکەوە هەیە، هەریەکێکیش لەمانە پۆشاکێکە بۆ خاوەنەکەی و لە تاکە پۆشاکێکدا کۆبوونەتەوە، بۆیە هەر کامێک لەمانە لە ماڵەکەیدا، لەو کاتەی جەستەی بەهیچ پۆشاکێک دانەپۆشراوە، ڕوو دەکاتە خاوەنەکەی و پەنای بۆ دەبات'' (الوهايبي، ١٩٨٧: ١٧٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت کە جەستە پانتاییەکی بەرینی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە، تا ئەو

ڕادەیەی جوانیی جەستە هەژموونی خۆی بەسەر جوانیی ڕۆح و ناوەوە چەسپاندووە. بە تایبەتی ''لە سەردەمی ئێستادا زۆر بە دەگمەن نەبێت عەشقی پیرۆز و پاک و بێگەرد بەدی ناکرێت. هیچ مرۆڤێکیش لە ئاستی ئەو هەموو سەروەری و قوربانیدانەی ژناندا نەبووە، کە لە پێناو خێزان و منداڵەکانیدا ئەنجامیان داوە. هەروەها خراپترین کاریش لەم کۆمەڵگا خۆپەرستەدا لە ژن ڕوانینە وەک کەرەستەیەکی سێکسی نەک وەک مرۆڤ'' (رسولی پور،روشن، ١٣٩٥: ٢٩). ڕەنگە ئەمەش بۆ نەرم و نۆڵی و سەرنج ڕاکێشی و جوانیی جەستەی ئافرەت و زاڵ بوونی بە سەر جوانیی ناوەوەی ئافرەتدا بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ''نەرم و ناسکی، بەهای جوانییە بە شۆخ و شەنگی ونەرم و نیانی جوڵە و وروژاندنی هەوەسبازی و مێینەتییەوە بەستراوەتەوە، بەرامبەر بە دڵرفێنییە، کە جوانییەکی شکۆدار و سەر سوڕهێنەری هەبێت'' (ابن منظور,٧١١هـ: ٢٤).

هەر لە کۆنەوە جوانبینی جەستەی ئافرەت بە پێی تێپەڕ بوونی مێژوو و ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر چەمکی ئافرەت و تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ ئافرەت داهاتووە. لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە کەلتوور و کۆمەڵگایەکەوە بۆ کەلتوور و کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، ئەمەش وای کردووە، دەق و بەرهەمی هەمەچەشن لەم بارەیەوە بێتە کایەوە. هەڵبەتە شاعیر لەمبارەیەوە دەڵێ:ـ ''لەوەتەی ژن هەیە شیعریش هەیە، ئێمە هەموومان بە نزاریشەوە قەرزاری ئەو یەکەم شاعیرەین کە شیعری بۆ ژن وتووە. هەموو ئەو شاعیرانەی جیهان کە بۆ ژن دەنووسن یەک قەسیدە دەنووسن، هەر یەکەو کۆپلەیەک.کەس کۆپی ئەوی تر نییە، ئەو هەموو جوانییەی ڕوخسار و لەش و دەنگ و بۆن بە پلەی یەکەم دێت ... لە دوای ئەوانە میهرەبانی و خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفا دێت... کەواتە ئەوانەی دواوە سێبەری لەشن. سەرخانی ئەو ژێرخانە پیرۆزەن کە جەستەیە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). بۆیە لە ڕاستیدا '' هەموو ئەندامە هەستیارەکانی جەستە، بە تایبەت مەمک و لەش ( پێش و پاش) وەک ئەندامێکی وروژێنەری پلە یەک نەک وەک مومارەسە، هەروەها لێوی گۆشتن و ڕان و پوزی خڕیش بەهەمان شێوە جێگای سەرنج و بایەخە، بەڵام جیاوازی ڕەنگی پێست گرنگییەکی ئەوتۆی نییە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). لە دیدی شاعیردا ''خۆشەویستیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە جەستە و بەریەک کەوتن بنەما بێت و هەموو ئەوانی دی کە خۆشەویستی و ڕێز و راستگۆییە لەسەر ئەوە پەیدا بوون. جەستە ژێرخانە و سۆز و خۆشەویستی سەرخانەکەیە بەبێ ئەو ژێرخانە شتێک نییە ناوی سەرخان بێت. جەستە کانییەکەیە و گژوگیا و دار و دەوەنیش ئەوانی ترن کە کانییەکە ئاویان دەدا و پێیان

دەگەیەنی. خۆشەویستیی ڕووت بە بێ بەشداری جەستە زوو دەپوکێتەوە و دەمرێ'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی لە گۆشەنیگای ڕووتییەوە دەڕوانێتە ئافرەت و ژیان و دەوروبەری خۆی و چێژ لە ڕووت بینی شتەکان دەبینێ، زۆر جاریش جەستەی ئافرەت وەک کەرەستەیەکی سێکسی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە جگە لەوەی جوانیی جەستەی ئافرەت و سێکس و پرسی ژن و مرۆڤ بوون و دژە باوی ئە و خەسڵەت و کەرستانەن کە لە وێنە شیعرییەکانی شاعیردا هەن و ئیستاتیکییەت و چێژ و خۆشی پێ بە خشیوە و پێی دەناسرێتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت و دەڵێ:

(١)

ژنە شۆخەکانی وڵاتەکەم،

لێم ببورن،

گەر لە نێوان من و ئێوەدا,

هەزاران دیواری بەرلین هەبێ،

من هەر بە ڕووتی دەتان بینم،

بە رووتی ! (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٤١٦).

(٢) یاخود دەڵێ:

من لە ماڵێک لاردەبمەوە،

ماڵی پیاوێکی ترە،

لە ژووری نوستنی ژنێک دەمرم،

لە قۆخێکی گەیو دەچێت. (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٦).

(3) یاخود دەڵێ:

ئەی ئەو ژنەی،

هەموو دووندە ئاگرینەکانی لەشت بە من بەخشی،

ئەی ئەو ژنەی،

هەموو دۆڵە پاڵاوەکانی لەشت بە من بەخشی،

ئەی ئەو ژنەی،

هەموو میوە گەییوەکانی لەشت بەمن بەخشی،

ئەی ئەو ژنەی،

هەموو دەرگا داخراوەکانی لەشت بۆ من کردەوە،

تۆ نیشتمانمی (جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٤٣٥).

(4) یاخود دەڵێ:

بۆنی سێکس و

بۆنی حەمامی لێدەهات!

ژنی ناو مەسعەدەکە (جەلیزادە، ٢٠١٧: ٢٤).

(5) یاخود دەڵێ:

(مانگ)

چۆتە پشتی گەواڵە هەورێکی نارنجییەوە.

من دەڵێم ڕەنگە؛

به باران خۆی بشوات.

یا، جل بگۆڕێت.

یاری به مەمکەکانی بکات،

چووبێته بەر ئاوێنه و

یا، بڕوانێته سمته خڕ و خۆڵەکانیی.

من دەڵێم ڕەنگە؛ تووکەبەری  بتاشێت،

ڕەنگه هەوڵبدات،

بگاته ترۆپکی ئۆرگازم (جەلیزادە، ٢٠١٩: ١٦٦).

له کۆپله شیعری یەکەمدا، شاعیر دەیەوێت بەهۆی وێنەیەکی خەیاڵکردی شیعرییەوە هەست و نەست و حەز و خولیا و ئارەزووە کپکراوەکانی هەموو  نێرینەیەک، یان وێنەی ڕاستەقینەی ناوەوەی هەموو پیاوێک سەبارەت به ئافرەت، به نموونەی  خودی خۆی پێشانی کۆمەڵگا بدات، تا پەردە له سەر ڕووی ئەو ڕاستییە مێژوویيه و فسیۆلۆجییە هەڵبداتەوە که به تۆز و خۆڵی  دابونەریت و کەلتوور داپۆشراوە، ئەویش ئەو تێڕوانین و غەریزە سێکسییەیە، که له ڕەگەزی نێرینەدا هەیه بۆ ئەوەی له گۆشەنیگای سێکسییەوە سەیری  ئافرەت بکات و هەموو ئافرەتێک به ڕووتی ببینن، هەرچەندە بالاپۆش بن و چەندین دیواری وەک بەرلینیش له نێوانیاندا هەبێت.

له کۆپله شیعری دووەمدا، جەلیزادە زۆر به ڕاشکاوی و به بێ پەردە باس  له ئەزموون و سەربردەی ژیانی خۆشەویستی و هەوەسبازی خۆی  له گەڵ ئافرەتاندا،  تەنانەت ئافرەتانی خاوەن مێردیش دەکات، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت که له هەندێ کات و له قۆناغێک دا ''جەستەی ئافرەت له دیدی شاعیردا زیاتر وەک کەرەستەیەکی سێکسی مامەڵەی لەگەڵ کراوە ئەمە له لایەک،  له لایەکی دیکەشەوە کاتێک شاعیر باسی ئەوە دەکات که له ماڵێک لار دەبێتەوە ماڵی پیاوێکی ترە، ئاماژەیه بۆ ئەوەی که حەز و خۆشەویستی شاعیر بۆ جەسته و جوانیی ئافرەت هیچ سنوریکی نییه. وێرای ئەمانەش شاعیر ئاماژە بۆ دۆخێک دەکات، که هەتا ئێستا هیچ شاعیرێکی پێش خۆی لێی نەدواوە. ئەو دۆخەش که شاعیر هێمای بۆ دەکات، له نێو کۆمەڵدا هەیە، بەلام به شێوەیەکی زۆر نهێنی، جەلیزادە له نێو

بەشێک لە شیعرەکانیدا چەندین جار پەیوەندی ڕەگەزی نێر بە ژنی مێردار دەخاتە ڕوو. هەڵبەت شاعیرانی پێش جەلیزادەش بەو بارەدا تێپەڕیون، بەڵام ئەوان خۆیان نەکردووە بە بکەری ڕووداوەکە. ئەگەر شیعریشیان پێدا هەڵگوتبێت.ئەوە بە یار، خۆشەویست،دڵدار و....نێویان بردووە.پەیوەندی شاعیر بەم جۆرە ژنانە، گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی چاوەڕێ بکات، کە لەماڵی خۆی نەمرێت، بەڵکو لە ژووری نوستنی ژنێک، کە بە فەرمی ژنی ئەو نییە'' (موکریانی, ٢٠٢٠: ٦٩).

لە کۆپلە شیعری سێیەمدا، شاعیر وێنەی زۆربەی ئەندام و بەشەکانی جەستەی ئافرەتی لە چوارچێوەی هونەرەکانی لێکچوواندن و بە شێوەیەکی ڕۆمانسیزمی و ئیرۆتیکییانە کێشاوە. کە زۆربەی ئەندامەکانی جەستە ڕۆڵی لێچوویان هەیە و ڕەگەزەکانی دیکەی سروشتیش ڕۆڵی لەوچوویان پێدراوە. وەک چوواندنی ئەندامە بەرز و بڵندەکانی جەستەی ئافرەت بە دوندی ئاگرین. چوواندنی دەرز و کەلێنەکانی جەستە بە دۆڵ. چوواندنی مەمک و زێ یان عەورەت بە میووەی گەیووی وەک سێو و هەرمێ و خۆخ، چوواندنی کونەکانی دەم و زێ و کۆم بە دەرگا داخراوەکان، چوواندنی دڵخوازەکەی بە نیشتمان.

لە کۆپلە شیعری چوارەمدا، جەلیزادە لە دیتن و هەست پێکردنی هەموو شتێکدا بۆنی سێکس دەکات و وەک کەرەستەیەکی سێکسی دەیانبینێت. تەنانەت لەوانەش کە ڕەهەندی سێکسییان هەیە، بە هەمان شیوە تێیان دەڕوانێت. وەک وشەی حەمام کە ئاماژەیە بۆ شوێنی سێکس کردن.

لە کۆپلەی شیعری پێنجەمدا، جەلیزادە دڵخوازەکەی بە مانگ چوواندووە و پێشبینی کۆمەڵێک ئەگەری سێکسی و ئیرۆتیکی خستۆتەڕوو، بە شێوەیەک هەموو ئەو بەشانەی جەستەی ئافرەت کە لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کردوون وەک(مەمک، سمت، تووکە بەر) لە وێنەیەکی شیعری خەیاڵکردی فراواندا، وەک کەرەستە هەرە سێکسییەکانی جەستەی ئافرەت دەبینێت، کە سەرچاوە و هاندەر و پاڵنەری سەرەکیین بۆ هاتنە کایەی کرداری سێکسی و لوتکەی ئۆرگازم.

### ٣,٢,٣ جەستەی ئافرەت وەک تێرکەری سێکسی:

جەستەی ئافرەت جگە لەوەی وەک کەرەستەیەکی سێکسی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لە هەمان کاتیشدا لە لای ئەوانەی لە گۆشەنیگای حەز و ئارەزوو و هەوەسبازییەوە دەڕواننە جەستە وەک تێرکەرێکی سێکسی بەکار هێنراوە'' زۆرێک لە نووسەر و فەیلەسووفەکان پێیان وایە چێژی جوانی لە هەستکردن بە ئاگایی و هەست و سۆز و ئارامی و ئاسودەیی، یان چێژی هەستەکان لە ئەنجامی کاریگەری و تێربوونی غەریزەکان، یان ئامادەیی غەریزەکان لە بوونەوەرەکاندا، ساتی ئاوێتە بوونی هەستەکان بە تێرکردنی غەریزەکان دێتە کایەوە. هەر وەک جان برتلیمی لە بەراوردکردنی نێوان چێژی بەرکەوتن و چێژی جوانیی ڕۆحی بەرنەکەوتوودا ئاماژەی پێکردووە. پێی وایە کە چیژی جوانی دەمانگەیەنێتە جیهانی هونەر'' (شرتح، ٢٠١٥: ٣). بە تایبەتی ''چێژ و لەزەتی بایۆلۆجی، ئەو لەزەتە هەستییە، غەریزەیە، زگماکییەیە، کە لە بابەتەکانیدا چێژێکی سەربەخۆ نییە. یان هیچ بۆشاییەک لە نێوان خۆی و بابەتەکانیدا نییە. سەرباری ئەوەی لە لایەنێکی گەورەدایە، بەڵام ئەم چێژە بە بەکارهێنانی بابەتەکە کۆتایی دێت. وەک تام و چێژی خۆراک و شەڕاب و چێژ و خۆشی و حەز و ئارەزووەکانی هەوەسبازی'' (عبد الرحیم،٢٠٢٠: ١١).

لە تێڕوانینی شاعیردا''مرۆڤ خۆی جەستەیە بەر لەوەی شتێکی تر بێت. ئەوەی ئینتمای بۆ جەستە نەمێنێ بەر لە هەموو کەس خۆی دەسڕێتەوە. ئینتمای ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ بۆ جەستەیە. ڕەت کردنەوەی جەستە و سەیر کردنی وەک بڤە و عەورەت سوکایەتی کردنە بە مرۆڤ خۆی. من دەمەوێ بڵێم جەستە هەر بەتەنیا سەرچاوەی چێژ نێیە بۆ بەرامبەرەکەی، بەڵکو بەردەوام بوونی ژیانە. گەر سەد ساڵ ئەندامی زاووزێی ژن قفڵ دەی ئیتر دانەیەکیش لەو حەوت ملیار کەسە بە گۆی زەوییەوە نامێنێت و وەک دەیناسۆڕەکان مرۆڤیش تەفر و تونا دەبێت. ئەو کاتە زەوی دەبێتە نیشتمانی گیانلەبەرە دەبەنگەکان. سێکسە کە فیکر و داهێنان بە بەردەوامی لەسەر گۆی زەوی دەهێڵێتەوە. فیکر و فەلسەفە و کتێبە پیرۆزەکان و داهێنانی ئەدەبی و زانستی بەرهەمی سێکسن بەرهەمی ئەندامە هەرە هەستیارەکانی دوو ڕەگەزەکەن'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر تا ڕادەیەکی زۆر بڕوای بە لایەنی جوانیی جەستە و ڕوخساری دەرەوەی ئافرەت هەیە و کەمتر بە لای جوانیی ناوەوە یان جوانیی ڕوحی ڕۆیشتووە. هەر وەکو خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە دەڵێ:''من بڕوای تەواوم بە خۆشەویستیی هەیە، بەڵام ئەو خۆشەویستییە نا کە ناویان ناوە خۆشەویستیی ڕوحی. چونکە بوونی نییە. خۆشەویستی پاک و خۆشەویستی ناپاک نییە.

بەبێ بەرکەوتنی جەستە شتێک نییە ناوی خۆشەویستی بێت. کرۆکی خۆشەویستی نێر و مێ تێکەڵبوونی جەستەیە، جەستە لە پەیوەندی خۆشەویستی وەدەرنا ، ئیدی خەون و خەیاڵی پووچە. پیرۆزترین ڕێگایەک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی ئاوێتە بوونی دوو جەستەیە، مرۆڤ لە ساتەوەختی ئاوێتەبوونیدا لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەریدا، پڕ پیرۆزترین ساتی تەمەنیەتی، چونکە پیرۆزترین سەرماییەی دەبەخشێ کە جەستەیەتی. سێکس پیرۆزترین گوزارشتە لە خۆشەویستیی''(جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).

لە ژێر تیشکی ئەم بیروبۆچوونانە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە زۆربەی پەیوەندیەکانی جەلیزادە لەگەڵ ئافرەتانی دیکەدا، جگە لە هاوسەرەکەی خۆی، لە چوارچێوەی حەز و تامەزرۆیی جەستە، لە پاڵ خۆشەویستییدا بووە، بۆیە خودی خۆی دان بەو ڕاستییە دادەنێت و ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ:''هەموو پەیوەندەکان و نزیک بوونەوەم لەگەڵ ژنانا تاقی کردۆتەوە کە زۆرترینیان پەیوەندییە جەستەیەکە بووە، بەڵام هەموو پەیوەندییە جەستەیەکانیش تاڵێکیش بێت خۆشەویستیان لەگەڵدا بووە، چونکە سێکس کردن بەبێ ئەو تاڵە خۆشەویستییە کردەیەکی ئاژەڵانەیە. لەژیانی خۆشمدا چەند خۆشەویستییەکی قووڵم کردووە و ئیستا هەر ئاسەواریان لە ژیانی خۆم و شیعرەکانمدا هەن و ئاسان نییە بسڕێنەوە. من خۆم وەک قوباد پتر حەزم لە نزیک بوونەوەی ژن بووە نەک کچ مەعشوقە، چونکە ژن بۆنێکی تر و ڕەنگێکی تری هەیە کە لە کچاندا نایبینم، دیارە هاوریی ئافرەتیشم هەبووە و ئیستاش هەر هەمە بەتەواوی واتای هاورییەتی. بەڵام دەمەوێ ئەو حەقیقەتە نەشارمەوە زۆربەی پەیوەندییەکانی من هەوەسبازی و چێژ وەرگرتنی جەستەیی بووە نەک شتێکی تر'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). کەواتە دەتوانین بڵێین خودی مەیلی جەلیزادە بۆ ئافرەت بە پلەی یەکەم لە جەستدا کۆ دەبێتەوە، چونکە ڕێژە و زۆری ژمارەی جارەکانی وشەکانی ئەندام و بەشەکانی جەستەی ئافرەت هەر لە لوتکەوە تا بنکە، واتە لە قژی سەرییەوە تا بنی پێی، وەک وشەکانی (قژ و پەرچەم، سەر، چاو و برۆ، لوت و گوێ، ڕوومەت و گۆنا وکولمە، دەم و لێو و ددان، گەردەن و مل، شان و پیل قۆڵ و باسک، دەست و پەنجە، سینگ و مەمک، ناوک و سک و پشت و کەمەر و ناو قەد، سمت و سۆڵ و ڕان، زێ و کۆم، لینگ و چۆک و پووز، پێ) لەو وشانەن کە پێگەیەکی بەرز و بەهێز و کاریگەرییان لە نێو دەقە شیعرەکانی شاعیردا هەیە، فەرهەنگی شیعری شاعیریان پێکهیناوە، جگە لە وشەکانی دیکەی وەک( جوانی، ژن، خۆشەویستی و عیشق و ئەوین، گوڵ، پەپوولە، ستیان، ئەتەک، دەرپێ، ڕووت، ورووژاندن لەزەت، ماچ، تەڕ، جووتبوون، ڕەنگ، مۆر، شین،

با، باران، هاوسەر، نازدار، کچ، ،یار، دڵبەر...هتد) کە هەر هەموویان دەچنە نێو سنووری کۆنتێکستی جوانیی جەستەیی ئافرەتەوە، بەشی هەرە زۆریان ڕەهەندی سێکسییان هەیە. چونکە لە جیهانبینی جەلیزادەدا ”سێکس یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی ژیانی هەردوو ڕەگەزەکە. ئەوانە ڕاستگۆ نین لەگەڵ هەست و ئارەزووی خۆیاندا کە دەڵێن جەستە هیچ نییە، لەوەتەی ژن هەیە جەستەی جێی بایەخ بووە. بۆیە مومارەسە(پیادەکاری)خۆشەویستی لە باخێکی گشتیا دەکەم، بە پێچەوانەی ئەوانەی لە ژووره تاریکەکان و لەکونی دەرگاکانەوە دەڕواننە جەستە. یەکێک لە ئەرکە هەرە پیرۆزەکانی جەستە سێکس کردنە، سێکس غەریزەیە پەیوەندی بە ئابڕو و بێ ئابڕوییەوە نییە. چونکە کردەوەی ئارەزوومەندانەی دوو کەسە، ئیدی گەر یەکێکیان کاڵا بێت ئەوەی تریش هەروایە... بۆیە جەستە و سێکس خۆیان خۆشەویستی و عەشقن“ (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).

لە ڕاستیدا لە ئافرەتبینی جەلیزادەدا سێکس لە ڕۆڵ و ئەرکە هەرە پیرۆزەکانی جەستەیە و بە پێچەوانەی دابونەریت و کلتوور و بیروباوەڕە باوەکانی کۆمەڵگاوە. هیندەی بە غەریزەوە وابەستەیە بە نامووس و ئابڕووە وابەستە نییە، هەر بۆیە ڕەنگدانەوەی جەستە وئەندامەکانی جەستە بەتایبەتی شوێنە زۆر هەستیار و وروژێنەرەکان و شارەوەکان لە شیعرەکانی جەلیزادەدا واتای جوانی و وروژان و ئاوێتە بوون و جوتبوون دەگەیەنێت.

بە لای جەلیزادەوە”هەموو ئەندامە هەستیارەکانی ئافرەت لە ڕووت بوونەوەدا، بومەلەرزەیەکە و ئەژنۆ دەلەرزێنێ. ڕووت بوونەوەی ژن ڕوخانی دنیایە و دروست بوونەوەیەتی. ژن لە هەندێک ساتی ڕووت بونەوەدا پیاو دەخاتە سەر چۆک کە ئەوساکە وەک بەندەیەک خۆت دەبینیتەوە لەبەرامبەر خواوەندێک یان پاشایەک. کە ئەمەش کڕنۆش بردنێکە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆت. پیاو دەیان جار لەو ساتانەدا دەبێ بە مەشخەڵان و خۆڵەمیش. هیچ شتێک ئەوەندەی ڕووت بوونەوەی ژن لە ڕەگەوە هەڵت ناتەکێنێت. بەتایبەت ئەو ژنانەی لەدەرەوەی گرێبەستی هاوسەریدا دەیانکەیە باوەش. دیارە لە جووت بووندا حەرامەکان-لەوانی دیکە پتر ئاگر دەکەنەوە و هەمیشە شیرینتر و چێژدارترن“ (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١).لە بەشی زۆری جیهانی شیعری جەلیزادەدا جگە لە مەیلی جوانی و خۆشەویستیی ئافرەت بە تایبەتیش جوانیی جەستە شتێکی دیکە نییە. ئەمەش لە ئاستێکی بەرزدا لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

(١)کۆپله شیعری یەکەم:

حەز دەکەم،

بە هەمان فڕۆکە بچمەوە کۆیە،

بە جامێکی مس و بەشەربەیەکی ئاوەوە،

سەرکەومە  سەربان،

نیوە شەوان،

گوێ لە هانکە هانکی،

ژن و مێردێکی گەنج و

جیرە جیڕی  تەخت و جیخ بگرم،

لە بڵندترین هوتێلی پێنج ئەستێرە،

دابەزیوم (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٢٠٢).

(٢) یاخود دەڵێ:

گەر من سەگێکی گۆڵ و

تۆ سەگیگی دێڵ بوویتایە،

دەمێک بوو،

لەکەلاوەیەکدا،

جووت بوو بووین (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٢١٧).

(٣) یاخود دەڵێ:

دەنگت،

دەنگی ژنێکی مەستە،

دوای ئۆرگازم،

لەسەر پشت پاڵ کەوتبێت و

بە هەناسەیەکی گەرمەوە، بڵێ:

وەی مردم!(جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٢٠٩).

(٤) یاخود دەڵێ:

با،

ها بەسەریەوە و

تەکان دەدات .

ئاو لە داوێنیەوە،

شۆڕدەبێتەوە ڕووبار.

بەفر لەسەر پشت،

پاڵ کەوتووە (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢١٨).

(٥) یاخود دەڵێ:

کە ڕووت دەبێتەوە هەموو شتێ لینج،

هەوا لینج،

ڕووناکی لینج،

خەیاڵ لینج (جەلیزادە ،٢٠١٢، ٢٨٧).

(٦) یاخود دەڵێ:

لەنێوانی دوو،

ڕووباری شیردا،

لێوەکانم دوو بەرخۆڵەن،

لەچیمەنێکی پاراودا دەلەوەڕێن (جەلیزادە ،٢٠١٢: ٢٨٨).

(٧)یاخود دەڵێ:

ژووره بچووکەکەت  بۆ من..

ژوورێک بە تەنیشت،

سرتە سرتی ڕووت بوونەوە،

ژوورێک لە ڕۆخ هەڵقوڵینی هەنگوینی لەزەت،

ژوورێک دراوسێی ناڵە ناڵی داگیرسان و

دامرکانەوەی جەستە.(جەلیزادە،٢٠١٧: ١٣٦).

(٨) یاخو لە شیعری (ژنێک لە بن دوشی حەمام) دا  دەڵێ:

ڕووت بەرەوە،

وەک ڕووت بوونەوەی خونچەیەک،

لە بەردەم بولبلێکی نێرینەدا.

خێرا دایکەنە هەنگێکی وروژاوم،

کە ڕووت دەبیتەوە،

بەلوعە ئاوی دێتەوە،

ئاو،

ئاو دەڕێژێت.

ناو گەڵی سابوون،

تەژی بووە. لە لینجی حەز،

لیفکە، خۆی لە قەڵشەکانی لەشت دەخشێنێ.

ئاو، پێک پێک،

لە ڕووتیت دەخواتەوە،

خەیاڵی ڕژاوەتە بەر پێت.

حەمام پڕ بووە لە نووری جەستەت،

بارانی شەهوەتە دووش.

هەڵم، بووە بە مینای سەهۆڵی،

قژت مەمکی داپۆشیوی،

داگیرساوە پەنجەرە.

لە ناو هەموو، تنۆکە ئاوێکی سەر سینگت،

پەلکە زێڕینەیەکی داگیرساو.

بە چیمەنی داوێنتەوە،

ڕێژنەیەک، شەونمی ئۆرگازم.

تنۆکە ئاوە خزیوەکان،

لە کانییەکی خنجیلەی گەرمدا،

ئاوێتە دەبن.

لە نێوان هەردوو پێتدا،

لە سەر پشت پاڵ دەکەوم،

دەمم پڕ دەکەم،

لە ئاوی ڕژاوی،

سەر لەش و ناو لەشت،

ئەوە ئاوە یان ئاراوی هەنگوین!

دواتر دەڵێ:

بە لەشی لووستەوە،

ئاو، خەیاڵ، کەف، نوور،

دەخلیسکێن و لەبەر پێتا لەت و پەت دەبن،

لەودیو دەرگاوە،

گوێم لە خورە خوڕی ڕووتی و

شڵپە شڵپی لەزەتە،

لە چاوەڕوانی تۆدا، ڕۆبی حەمام،

خۆی بە قەنارەدا هەڵواسیوە،

قۆڵەکانی ڕەق بوونە.

دێیتە دەرێ،

هەڵم هەورێکی سپییە ، ئاڵاوە لە باڵات،

ئاو فێی لێهاتووە، جورنە وڕێنە دەکات.

پەشتەماڵ دڵی بووە بە ئاو،

گەرماو لە هۆش خۆی چووە،

من بوومەتە، کڵپەیەک ئاگر.(جەلیزادە، ٢٠٢٠: ٢١٢_٢١٨).

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا، هەست و سۆز و خەسڵەت و سیماکانی ڕۆمانسیزمییانەی جەلیزادەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێک خولیای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و منداڵی و هەرزەکاری تەنگ بە ژیانی هەڵدەچنێت و خەون و خەیاڵ و یادەوەرییەکانیشی بۆ ئەو ژیانە سادە و ساکارەی نێو باوەشی زێد و نیشتمانەکەی خۆی کە شاری کۆیە و نیشتمانی کوردستانە، لە پاڵ مەیل و ئارەزووی ئەو دیمەن و دەنگە سێکسیانەی کە بە بەردەوامی لە پێش چاو و گوێچکەکانیدا دێن و دەچن، خوێ بە زامەکانی دادەکەن و دەیکولێنەوە. یان یادەوەرییە سێکسییەکانی هانکە هانک و جیڕە جیڕی تەخت و جیخی ئەو ژن و مێردە گەنجانەی جەلیزادەیان وروژاندووە و جارێکی دیکە جۆش و خرۆشییان پێ بەخشیوە، بۆ ئەوەی لە خۆشترین و جوانترین هوتێلی پێنج ئەستێرەی وڵاتانەوە بە پەرۆشەوە بۆ زێد و نیشتمانەکەی خۆی بگەڕێتەوە و لەوێدا دابەزێت.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا، بێزاری شاعیر لە ئێش و ئازار و ئەشکەنجە دەروونی و ڕۆحییەکانی کەلتوور و کۆمەڵگا و هەڵوێستە ناشیرین و خراپ و سانسۆرە قێزەون و ئازار بەخشەکانی مرۆڤ و کاریگەری زیان و لێکەوتەکانی ژیانی ئادەمیزاد لە لایەک، حەز و خولیای جەلیزادە بۆ ژیانێکی ڕووت و سادە و ساکار و بێ کۆت و بەند و ئازادی ڕەها لە لایەکی دیکەوە، وای لە شاعیر کردووە خۆزگە بەوە بخوازێت بۆ خۆی سەگێکی گوڵ و دلخوازەکەشی سەگێکی دێڵ بووایە. تاکو بیتوانیبووایە بە ئاسانی و بەبێ هیچ سەختی و دژوارییەک بە دڵبەرەکەی بگەیشتایە و لەگەڵی جووت بووایە، کە ئەم وێنە شیعریانەش لە پاڵ هەستە سێکسییەکاندا پەیامێکی گەورەی مرۆڤ بوونیشی لە پشتەوەیە.

له كۆپله شیعری سێیەمدا، جەلیزادە بە بێ هیچ پێچ و پەنایەک و بە بێ گوێدانە داب و نەریت و کەلتووری کۆمەڵگا وێنە و گرتەیەکی سێکسی ئافرەت و پیاوێکمان پێشان دەدات، کە لە کاتی جووت بوون و ئۆرگازمدا ئافرەتەکە لەسەر گازەرەی پشت پاڵ کەوتووە و بە دەنگێکی مەست و هەناسەیەکی گەرمەوە دەڵێ وەی مردم، وەک ئاماژەیەک بۆ گەیشتن بە لوتکەی چێژ و خۆشیی سێکسی.

لە کۆپلە شیعری چوارەمدا، شاعیر بە سوود وەرگرتن لە هەندێک لە ڕەگەزەکانی سروشت وەک وشەی با کە بە هۆی هەبوونی خەسڵەتی توند و تیژی و بەهێزییەوە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر و بەفریش کە خاسیەتەکانی جوانیی و سپییەتی و نەرمی و ناسکی و پاکی تێدایە، ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی مێ، هەروەها بە هۆی و وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی وەک( ها بە سەرییەوە، تەکان دەدات، ئاو لە داوێنییەوە، شۆڕ دەبێتەوە، رووبار، بەفر لەسەر پشت پاڵ کەوتووە). کە هەر هەموویان ڕەهەندی سێکسیان هەیە و کاریگەری لەسەر هەستە سێکسییەکانی مرۆڤ دروست دەکەن، وێنەیەکی شیعری سێکسی کێشاوە و ئافرەتی وەک تێرکەرێکی سێکسی پیشانداوە.

لە کۆپلە شیعری پێنجەمدا، شاعیر لە وێنەیەکی شیعری سێکسیدا ئاست و پێگە و کاریگەری هەستی سێکسی جەستەیی ئافرەتمان وەک تێرکەرێکی سێکسی پێشان دەدات، بە تایبەتی کاتیک خۆی ڕووت دەکاتەوە ئەندامەکانی جەستەی دەردەخات، ئیتر هەموو شتێک دەورووژێت و دەگاتە ئۆرگازم، چونکە ڕووت بوونەوەی ئافرەت پلەیەکی هێندە بەهێز و کاریگەری هەیە، تەنانەت (هەوا، ڕووناکی، خەیاڵ) هەر هەموو شتێک لینج دەکات، کە وشەی لینج ئاماژەیە بۆ ئاو هاتنەوە و تێر بوونی سێکسی و ئۆرگازم.

لە کۆپڵە شیعری شەشەمدا: شاعیر لە ئەنجامی لێکچوواندن و ئاوێتەکردنی ئەندام و ڕەگەزەکانی مرۆڤ و سروشت بە هۆی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی وەک(لە نێوانی دوو ڕووباری شیردا) کە ئاماژەیە بۆ نێوان دوو ڕانی ژن کە لە لووسی و تەڕی و نەرمی و شیرینی و سپییەتیدا، وەک دوو ڕووباری شیر وایە، هەروەها لێوەکانی خۆشی بە دوو بەرخۆڵە چوواندووە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە بەرخ هەمیشەجوان و نەرم و ناسک وبێ زەڕ و بەستەزمانە و بە هێمنی و بە بێ ئەوەی قەپ و گاز بگرێت و ئازار بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، لە چیمەنی پاراوی دڵخوازەکەی کە ئاماژەیە بۆمووەکانی عەورەتی ئافرەت و


دەوروبەرەکەی، دەلەوەڕێن. کە ئەمانەش هەمووی پیشاندانی وێنەی ئافرەتە وەک تێرکەری سێکسی لە پاڵ جوانیی و کاریگەری پێگەی ئافرەت.

لە کۆپلە شیعری حەوتەمدا، شاعیر کاتێک ناتوانێت بە شێوەی بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ بە دڵخوازەگەی بگات و لە ئامێزی بگرێت و ئاوێتەی ببێت، ئیدی لە وێنەیەکی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێشدا، بە هۆی کۆمەڵە وشە و دەستەواژەیەکی سێکسی وەک (سرتە سرت، ڕووت بوونەوە، ڕۆخ هەڵقوڵین، هەنگوینی لەزەت، ناڵە ناڵ، داگیرسان، دامرکانەوەی جەستە) دەیەوێت ئەگەر بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت، یان ئەگەر هەر لە تەنیشت و لە ڕۆخ و لە دراوسێی سرتە سرتی ڕووت بوونەوە و هەنگوینی لەزەت و ناڵە ناڵی دامرکاندنەوەی جەستەوەش بێت. لە لای دڵخوازەکەی بێت.

لە کۆپلە شیعری هەشتەم دا، جەلیزادە بە شێوەیەکی بوێرانە و دژەباو و زۆر بە ڕاشکاوی و بە بی پەردە و پێچ و پەنا، بە بێ گوێدانە کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و فشاری ئایینی، کۆمەڵێک وشە ودەستەواژە و ڕستەی سۆزداری و سێکسی وەک (ڕووت بوونەوە، خێرا داکەندن، هەنگێکی وروژاو، بەلوعە ئاوی دێتەوە، ئاو، ناو گەڵ، سابوون، تەژی. لینجی حەز، لیفکە، خۆی لە قەڵشەکانی لەشت دەخشێنێ. لە ڕووتیت دەخواتەوە، حەمام پڕ بووە لە نووری جەستە، بارانی شەهوەت. هەڵم بووە بە مینای سەهۆڵی، قژت مەمکی داپۆشیوی، داگیرساو. تنۆکە ئاوێکی سەر سینگ، پەلکە زێڕینەی داگیرساو، چیمەنی داوین، ڕێژنەیەک، شەونمی ئۆرگازم. تنۆکە ئاوی خزیو، کانییەکی خنجیلەی گەرم، ئاوێتە ، نێوان هەردوو پێ، سەر پشت، پاڵ کەوتن، دەم پڕکردن لە ئاوی ڕژاو، سەر لەش و ناو لەش، ئاراوی هەنگوین، لەشی لووس، ئاو، خەیاڵ، کەف، نوور، خلیسکان لەبەر پێ، لەودیو دەرگا، خوڕە خوڕی ڕووتی، شڵپە شڵپی لەزەت، چاوەڕوانی تۆ، ڕۆبی حەمام، دێتە دەرێ، هەڵم بوون. هەورێکی سپی، ئالاوە لە بالا، ئاو فێی لێهاتووە، جوڕنە وڕێنە دەکات. پەشتەماڵ دڵی بووە بە ئاو، گەرماو، لە هۆش خۆی چوون، کڵپەیەک ئاگر) بەکارهێناون کە هەمویان لە سەرەتاوە تا کۆتاییهەستی وروژاندن و سێکسی و ئیرۆتیکەتییان لێ دەچۆڕێتەوە و ڕووداو و دۆخیکی پڕ سێکسیمان پیشان دەدات، کە ڕەنگدانەوەی ناخی هەموو ئەو هەستە برسیی و کپ کراوانەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە نێو بەشی زۆری کۆمەڵگەدا پەنگی خواردۆتەوە.

بێگومان له تیگەیشتن و تێڕامان و خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی هەموو ئەو وێنانەی دەربارەی جەستە کێشراون، دەگەینە ئەو ڕاستییەی جەستەی ئافرەت لەم هێلکارییەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

هێڵکاری _٢٥ (جەستەی ئافرەت)




## ٣,٣ ڕەهەندەکانی جوانیی ئافرەت:

جوانیی ئافرەت تەنها لە تاکە شتێک و بەشێک و ئەندامێک و لایەنێک و بوارێکدا چڕ نەبۆتەوە، بەڵکو جوانییەکانی ئافرەت هەمەچەشن و فرە ڕەهەندە و زیاتر و زۆرتر لە گۆشەنیگایەک دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ''دەتوانین ئەزموونەکانی جوانی لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١_ئەزموونی جوانی لە نێو ڕۆژگاردا و لە ماوەی ڕۆژگاردا دێتە کایەوە.

٢_نقوم بوون لە بابەتی جوانیدا، هەر لەگەڵ یەکەم بینین و نیگادا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٣_ساتەکانی ئەزموونی جوانی بایەخدارە، بەشێوەیەک کە پێویستە گرنگییەکی توند و بەهێز بێ لە هەموو ساتەکانیدا.

٤_هۆشیاری و ڕۆشنبیری جوانی لەبابەتیکدا دەوەستێت. بۆ چێژ وەرگرتن، نەوەک بۆ مەبەستی دیکە. هەروەها ڕیتم و ئاواز لە سیماکانی ئەزموونی جوانیی سەرکەوتووە، ئەگەر ئەو ڕیتم و ئاوازە لە سیماکانی ئەو بابەتدا هەبێ، کە لە خەیاڵ و ئەندێشەماندایە، کەواتە ئەزموونی جوانی بە قۆناغێکی گرینگدا تێپەڕیوە'' (زکارية، ١٩٩٨: ٥٠). کە بێگومان لە پاڵ ئەمانەدا دەکرێت ڕەهەندەکانی جوانیی ئافرەت لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

١_ئافرەت و بیری ئازادی. ٢_ ئافرەت و خاک و نیشتمان و نەتەوە. ٣_ ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی سروشت.

### ١,٣,٣ ئافرەت و بیری ئازادی:

ئازادی پێویستییەکی بوونی مرۆڤە، بوونیش هەردەم پێویستی بە لەدایکبوون و گۆڕانکاری و گەشەسەندن و نوێبوونەوەیە. یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی بەردەوامیی ژیان و ململانێی مرۆڤ لە پێناوی مانەوەدا. لە هەمان کاتدا پاڵنەر و هاندەر و پێویستییەکی پڕ بایەخی ئادەمیزادە بۆ بەدیهێنانی هیوا و ئامانج و ئاواتە پیرۆزەکانی. بەشێوەیەک لە خەو و خۆراک بەنرخترە. ژیانی بێ ئازادی وەک ژوورێکی بێ چرا و ئاسمانێکی بێ ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و باخچەیەکی بێ دار و دەوەن گوڵ و گوڵزار و گیا و گۆرانیی مەل و باڵندە و کێڵگەیەکی بێ ئاو و شۆڕشگێڕێکی بێ چەک وایە و هیچ بەهایەکی نییە. ڕۆمانسیزم و لیبرالیەت دوو ڕێبازی ئاوێتەیە و ئامانجیان ڕزگاربوون و ئازادیی مرۆڤە یەکەمیان لە بواری ئەدەب و هونەردا، دووەمیان لە بواری ڕامیاری و بەڕێوەبردنی کارگێڕیی وڵاتدا. (ڕۆسۆ) نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی دەڵێ: ''مرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبێت، بۆیە پێویستە بەئازادی بژیت'' (مرزوق, ١٩٨٧: ١٥). بۆیە ئازادی ئەو دەنگە زوڵاڵ و نەپساوەیە کە هەمیشە وای لە مرۆڤ کردووە، سەر و گیان و ماڵی خۆی لە پێناو بەخت بکات. ئەهوانی دەڵێت : ''ئەفلاتون یەکەم کەس بووە لە مێژوودا کە بانگێشەی ئازادی ئافرەتی کردووە، لەسەر بنچینەیەکی فەلسەفی، لە سروشتی مرۆیی پێویستە فێر ببێت بگاتە پلەی

پاسەوان لەو کاتەدا پەیوەندی ژن و پیاو بە تەواوەتی تەنها لە هاوسەرگیری کورت نەکرابۆوە، پەیوەندی ڕەگەزبازی لە دیندا حەرام نەکرابوو'' (عەبدول مەجید،٢٠١٤: ١٠). هەروەها ''لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە (١٨٥٣) ڕۆزنکرانز توێژینەوەیەکی بەناونیشانی ئیستاتیکای ناشیرین بڵاو کردەوە، کە ئازادی بنەمای بیرۆکەکەی بوو، لە لایەنی جوانی و ناشیرینیدا. لەگەڵ ئەوەی وێنەی ناتەواو یان ئەو وێنەیەی پێویستی بە حەقیقەتێکی سروشتی یان مێژوویی هەیە، کە دوو پلەیە، لەوانەیە کە ئارەزوویان بۆ ناشیرینی هەبێت، دیارە ناشیرینی ڕاستەقینە یان حەقیقی بەردەست نابێت، تا دۆزینەوەی تایبەتمەندی نەبوونی ئازادی لە بوونەوەرێکدا کە توانای ئازادی هەیە'' (اسماعیل، ١٩٨٦: ٥٨). سەرەڕای ئەمانەش چەندین تێڕوانین و بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ئازادی ئافرەت و پرسی ئافرەت هەیە'' فیمینیستە هەڵوەشاوەگەراکان پێیان وایە کە ئازادی لە وەهمێکی خەتەر زیاتر چیدی نییە، بۆیە بەپێی دیدی هەڵوەشاوەگەرەکان پێویستە ئافرەت بەئاگا بێت لە هەڵبژاردنی ئەوەی ئاخو ئازادییەکی نێرانەی هەبێ یان مێیانە و ئەو گرووپە بانگەشەی ئازادی فرەیی دەکەن نە لە ڕەگەز بەڵکو لە بوارەکانی ژیانیشدا '' (حوسێن ،٢٠٠٧: ٥٦). بەم شێوەیە دەبینین بیری ئازادی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەگشتی و ئازادی ئافرەت و تاک بە تایبەتی گۆڕانکاری و گەشەکردنی جۆری بە خۆوە دیوە، بە تایبەتی ''لە دوای سەردەمی ڕێنیسانس لایەنی فیکری لە ژێر کاریگەری عیلمانییەت و جیهانی ماتریالیستیدا گەشەی کرد و بەرەو پێشەوە ڕۆیشت، تایبەتمەندی و پسپۆرییەت سەریهەڵدا، مرۆڤ بۆ ئەوەی لە جیهانی واتایی تێبگات خودی خۆی و نزیکترین کەسی فەرامۆشکردووە'' (ایشانی،طاهرە،١٣٩٤هـ : ١٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە مێژووی زۆر کۆنەوە تاکو سەردەمی هاوچەرخ و نوێ، مرۆڤ بە دوای چەمک و تێگەیشتنی ئازادی مرۆڤەکانەوە، بە تایبەتیش ئازادی ئافرەتەوە وێڵ و گرفتار بووە، کە بێگومان خۆشەویستیش وەک بەشێک لە ئازادی لێکدراوەتەوە. هەر بۆیە'' نووسەرێکی بەناوبانگی ڕووسی دەڵێ: ئەگەر توانیت خۆشەویستی بکەی، ئەوا لە تواناتدا هەیە هەموو شتێک بکەی ، ئەو پێی وایە کە خۆشەویستی ئازادی مرۆڤ فراوان دەکات و بەشێوەیەک هیچ کۆت و بەندێک ناتوانی هێزو توانای کەمبکاتەوە و دیاری بکات '' (الخفاف، ١٩٩٩: ٨٤). هەر چۆنێک بێت دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە کە ئازادیی تاکەکەس، ئازادیی ژیانە، بۆیە هیچ شتێک بێ ئازادی نابێ و گەشەکردن و گۆڕانکاریی پۆزەتیڤانە بە خۆوە نابینێ، چونکە کاتێک مرۆڤ خاوەن بیروباوەڕی ئازادانەی خۆی نەبێت وەک درەختێکی بێ ڕەگ و ڕیشە هیچ جێگا و پێگەیەکی چەسپاو و وەستاوی نابێت. ئافرەت وەک دایک وەک نیوەی کۆمەڵ سەرچاوەی

ژیان و کۆڵەکەی ماڵ و بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگایە و بۆتە میحوەری قسە و باس و لێکدانەوەی بیرمەند و فەیلەسوفەکان و هەوێنی ئیلهامی شاعیر و نووسەران بۆ بەرهەمهێنانی سەدان شاکاری پڕ داهێنان و گۆڕانکاری، لە هەمان کاتدا هۆکاری هاتنە کایەی هەزاران چیرۆکی ئەفسانەیی و داستانی دڵداری و قارەمانی بووە.

ئافرەتیش وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەمیشە جێگای گرنگی و بایەخ بووە، بە تایبەتی لە ڕووی ئازادیی تاکەکەسەوە، بووە بە ترۆپکی مەسەلەکان و وەتەرە هەستیارەکانی بابەت و کێشە و ڕووداوەکانی ڕۆژ لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە تاکو ئەمرۆ. بەڵام هەر لەم ڕووەوە ''کانت لەو بڕوایە دایە لە ڕەوشێکدا کە خەڵک کەڵک لە عەقڵ وەردەگرن ئازاد تر دەبن'' (جەهانبەگلو, ۲۰۰۷: ۹۱). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ چەند بیر بکاتەوە و بە عەقڵ و مەنتق کار بکات، ئەوەندە زیاتر ئازاد دەبێت. دەرگای سەربەستیی لە بەردەم والا دەبێت. بە پێچەوانەش. بەڵام" بە بۆچوونی هیگل ئازادی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بەدی دێت، کە نوێنەری بەهاکان و باوەڕەکانی ئەقڵی هاووڵاتیان بێت'' (جەهانبەگلو, ۲۰۰۷: ۹۱). جگە لەمانەش شیعر و ئەدەبیات پێگەیەکی بەرز و کاریگەری لە هێنانە کایەی ئازادیی ئافرەت دا هەیە، جێگای بایەخی قوتابخانە ئەدەبییەکان بووە، هەر بۆیە دەبینین ئافرەت یەکێکە لە ڕەگەزە زەق و گرنگەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، لە هەمان کاتدا لە ئامانجە هەرە بەرز و پیرۆزەکانیشییەتی. کە داوای لابردنی ئەو زوڵم و ستەم و زۆرداریانە دەکات، کە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا سەپێنراوە، چونکە تاکەکان بە هەردوو ڕەگەزی مێ و نێرەوە بە تایبەتی ڕەگەزی مێ ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت بۆ بنیاتی کۆمەڵگەیەکی دروست و جوان. بەم شێوەیە ''ئازادیی بارودۆخێکی چەسپاوی نییە، بەڵکو لەگەڵ سروشت لە ململانێ دایە. جیاوازیشە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، ئازادی هەمیشە ڕێژەییە و لەگەڵ سەرکەوتنی کێشەدا شیاوە. ئازادی تەنیا بە تێڕامانی یەکێ لە ئاریشەکانی میتافیزیکی و هۆشیاری سروشتی نایەتەدی، بەڵکو دەرئەنجامی ڕێگای ژیانە و لەوێدا دێتە کایەوە'' (جلكنى, انسكو, بدون سنة: ۲۸۹). دیارە ئازادی لە دیدی هەموو کەسێکدا چوون یەک و هەمان ئاست و پایەی نییە و بەشێوەیەکی ڕەها نابینرێت. بەڵکو بەهای ئازادی تاکەکەس بە تایبەتی ئازادیی ئافرەت پێوانەیەکی ڕێژەیی هەیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. بەپێی جیاوازیی ئایدیالۆژیا و کەلتوور و دابونەریتە ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ژینگە و ئەو کات و شوێن و سەردەم و بارودۆخەی کە کەسەکان، واتە شاعیر و نووسەران تێیدا دەژین و ڕەنگی داوەتەوە. دەتوانین بڵێین ئازادیی تاکەکەس بەتایبەتی ئازادیی ئافرەت لە

دید و هزری شاعیردا، ئاست و پایە و نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە و تا ڕادەیەکی زۆر لە کەسانی دیکە ناچێت.

ئافرەت لە لای جەلیزادەدا جیهانێکە لە جوانی و ڕاستی و خۆشەویستی و پیرۆزی، چەندین واتا و دیوی هەیە و جۆرەها خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. هەر لەبەرئەوە جەلیزادە لەم ڕووەوە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕیوە و دەڵێ: ''من شاعیرم هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرمانڕواییم نییە، لەم ڕوەوە لە پەراوێزام و ناتوانم هیچ بە ژن ببەخشم. ئەوەی من بە ژنی دەبەخشم شیعرە. ئەوەندەی توانیومە لە دەوربەری خۆمدا جا چ لە ناو خێزاندا چ لەو فەرمانگانە و ڕێکخراوانەی ئیشم تیا کردووە، وام کردووە ژنەکانی دەورو بەرم خۆیان بە مرۆڤی پلە یەک شان بەشانی پیاو بزانن. من لە ڕیگای شیعرەکانمەوە شەڕم لەسەر ژن کردووە و لەسەر ژنیش شەڕم پێفرۆشراوە.ژن نابێ چاوی هەر لە دەستی پیاو بێ. لەئەزمونی نزیک ٧٠ ساڵەی خۆمدا، گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە ژن شێرە ، بەڵام شێرێکی میهرەبان. بە تەنها خۆی دەتوانێ شەڕی مافەکانی خۆی بکات، هەروەها ژن خۆی خاوەنی ئازادی خۆیەتی وەک مرۆڤ، موڵکی خۆیەتی، من بۆم نییە لێی بستێنمەوە هی منیش نییە تا پێی ببەخشم. ژنانی دەوروبەری من ئازادانە دەژین. ئەو ئازادییەی خۆیان گەرەکیانە'' (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). لە سەرووی ئەمانەوەش جەلیزادە لەو شاعیرانەیە کە هەمیشە و بەبەردەوامی لە بەرهەمەکانیدا گوزارشتی لە جوانیی و ماف و ئازادیی ئافرەت کردووە، لەم بارەیەوە باج و قوربانی زۆری داوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێ:

(١)کۆپلەی یەکەم:

گەر من و تۆ،

سەگ بووینایە،

نە قوماش فرۆشمان دەناسی و

نە بەرگ دروو،

تا هەتا وەک ئاو،

ڕووت ڕووت.

کەس پێی نەدەگوتی:

تەنوورەکەت  بۆ ئەوەندە کورتە،

کەس بە منی نەدەگوت:

دەک بە ژەهرت بێت ئەو پێکە عەرەقە،

گەر من تۆ،

سەگ بووینایە،

کەس چاودێری مۆبایلەکانی نەدەکردین،

سەد جاسوس، بە دوومانەوە نەدەبوو،

کەس هاکی نەدەکردین(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٢١٨).

(٢) یاخود دەڵێ:

بوو بە پەنجەرە،

لەسەر دیواری زیندانێک،

ناوی تۆم نووسی( جەلیزادە، ٢٠١٩: ٣٦٩)

(٣) یاخود دەڵێ:

تۆ،

تیشک و

تریفە و

ڕووناکی چلچرای،

نە بە دەست دەگیرێی و

نه دەکرێی بە تابلۆیەکی قەد دیوار و

نە لە ئینجانەیەکدا،

کۆدەکرێتەوە(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٦٦).

(٤) یاخود دەڵێ:

بۆنی هەموو  شتێکت لێ دەکەم،

بۆنی گوڵ،

بۆنی پەپوولە،

بۆنی پاکیزەیی،

بۆنی تۆ،

تەنانەت بۆنی خۆم،

ئەی بۆ بەرد بارانت دەکەین،

ئەزیزم(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٤٤٥).

(٥) یاخود دەڵێ:

بە تەنیشت بەردە قارەمانەوە،

کۆرژنی ئەسپێکی بریندار،

ژنێک باریکتر لە شمشێر،

حەپسەخانی نەقیبە،

نامە  بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنووسێت(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٦٥٣).

(٦) یاخود دەڵێ:

دەستی ژنێکم خۆش دەوێ،

خۆر دەسگیر دەکات و

لەسەر شۆستەیەکی تاریکدا،

دەیکا بە پەیکەری ڕووناکی،

ئەستێرە کۆدەکاتەوە،

لە پارکێکی نووستوودا،

دەیکا بە درەختی جریوە(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٥٩٢).

جەلیزادە لە هەموو ئەو کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا، بە شێوازی جۆراوجۆر گوزارشت لە بابەت و ڕەهەندەکانی ئافرەت و ئازادی دەکات و وێنای ڕایەڵەکانی پەیوەندی ئەم دووانەیە بە بیری جوان و وشەی ناسک و کاریگەر ڕەنگڕێژ دەکات. بە شێوەیەک لە هەر کۆپڵەیەکدا دەیان چیرۆکی بەسۆز و دیمەنی ئینسانیمان بۆ دەگێڕتەوە و پیشانمان دەدات.

لەکۆپلە شیعری یەکەمدا، جەلیزادە بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی، دەقە شیعرەکەی وا داڕشتووە کە ناتوانێت بە ئاسانی بەسەریدا گوزەر بکەی و تێپەڕیت، ئەگەرچی شێوازی داڕشتنی شیعرەکە لە ڕووی زمانییەوە سادە و ساکارە، بەڵام لە ڕووی هزر و فیکر و فەلسەفەوە پڕ واتا و ڕەهەند و بەرزە، لێرەدا درک کردن بە جوانی و چێژ وەرگرتن لێی، یان تێگەیشتن لەو واتا مەعریفییە و هۆشیارییە قووڵەی لە ناخی شیعرەکەدا خۆی مەڵاس داوە، لە پاڵ ئەو سیما ئیستاتیکیایانەی شیعرەکەی داپۆشیوە، پەیام وەرگر یاخود خوێنەری دەق توشی تێڕامان و بیرکردنەوە و ئەندێشەی قووڵ و فراوان دەکات، چونکە لە دال و مەدلولی وشەکانی ئەم شیعرەدا، لە چوارچێوەیەکی ڕەخنە ئامێزدا کە سەرتاپای بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە بەدبینی و بەدکرداری بەد هەڵوێستی و ئازاربەخشی ئەو مرۆڤانەی کە جوانبین و جوانبیر و جوان ڕەفتار نین و بوونەتە پاڵنەر و هاندەر و هۆکار بۆ هینانە کایەی بارودۆخ و ژینگەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئایینی و فەرهەنگی و کەلتووری وا ناڕیک و ناشیرین و قێزەوەن و نادروست کە مرۆڤ بوون بخاتە قەیرانێکی گەورەوە و بە ڕادەیەک وا لە شاعیر بکات خۆزگە بە سەگ بخوازێت، ژیان و ژینگەی سەگی پێ جوانتر و باشتر بێت، لەو ژیان و ژینگە خراپ و ناشیرین و بن دەستەی خۆی و میللەتەکەی تێیدا دەژی. لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین (بیت القصید) مەبەستی هەرە سەرەکی شاعیر لەم شیعرەدا، لێدانی زەنگی بە ئاگا هێنانەوە و هۆشیاری مرۆڤایەتییە تا

جارێکی دیکە مرۆڤەکان بە بیرکردنەوە و هەڵوێست و کردارەکانیان دابچنەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە مەترسی لە ناوچوون دوور بکەویتەوە و بەرەو کەناری ڕێز و خۆشەویستی و جوانی و ئارامی و ئازادی بچێت.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا، ئافرەتبینی شاعیر لە ئاستێکی جوان و باش و ئەرێنیدا دەردەکەوێت، بە ڕادەیەک لە گۆشە نیگای شاعیردا ئافرەت چاوگی هەموو جوانی ئازادییەکانە، چونکە لە هەر شوێنێک ئافرەت هەبێت جوانی و ڕوناکی و ئازادی هەیە. بۆیە بە بۆچوونی جەلیزادە ژیان بە بێ ئافرەت وەک کونجی زیندان تاریکە، تەنانەت دیواری زیندانەکانیش ئەگەر ناوی دڵخوازەکەی یان ئافرەتیان لێ بنووسی دەبنە پەنجەرەیک بۆ ژیان و ئاسۆی جوانی و ئاسودەیی و شادی و گەشبینی و بەردەوامی و ئازادی بە مرۆڤ دەبەخشن.

لە کۆپلە شیعری سێیەمدا، جەلیزادە لە کلاوڕۆژنەی گەشبینییەوە دەڕوانێتە ئافرەت و پێیی وایە کە ئافرەت کانگای هێزیکی شاراوەی لەبن نەهاتووە و هەموو جوانیی و خۆشییەکان لە بوونی ئەودا کۆبۆتەوە، ئەو بوونەوەرەیە کە بەرەو ئاسۆی ئازادی هەنگاو دەنێت وەک تیشک و تریفە و ڕوناکی چلچرا لە تاریکی یاخی دەبێت و بە ئاسانی دەستەمۆی ژێر دەستەیی نابێت، بە ژیانی کۆیلەیی ڕازی نابێت.

لە کۆپلە شیعری چوارەمدا، شاعیر لە شێوەی نامە شیعرییەکی کراوەدا، بە زمانێکی سادە و ساکار و واتادار پەیامێکی شیعری پڕ لە جوانیی مرۆڤ بوون ئاڕاستەی خەڵک دەکات و جارێکی دیکە پرسی مافی ئازادی و ئاسوودەیی ئافرەت دەورووژێنیت و بە سەرسامییەوە دەپرسێت: لە کاتێکدا بۆنی گوڵ و پەپوولە و پاکیزەیی و تەنانەت بۆنی خۆمیش لەو ئافرەتانە دەکەم کە بەرد بارانیان دەکەین، بەو واتایەی کە کۆمەڵگای ئێمە هیشتا لە چەمکی مرۆڤ بوون و ئازادی ئافرەت نەگەیشتووە، لە ڕوانگەی بیری تەسکی کۆنە پەرستی و پیاو سالاری و خێڵەکیەوە دەڕوانێتە ئافرەت و بە پێی حەز و ئارەزووە سێکسیەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکات و شەرعیەت بە کارەکانی خۆی دەدات.

لە کۆپلە شیعری پێنجەمدا، شاعیر پەنای بۆ کۆمەێیک ڕەمزی نیشتمانی و نەتەوەیی و کەلتووری بردووە، وەک دەستەواژەی (بەردە قارەمان) کە سومبولی بەرخودان و خۆڕاگری گەلی کوردە بەرامبەر دوژمنان و داگیر کەرانی کورد لە پێناوی ئازادیدا،

هەروەها (حەپسەخانی نەقیب)یش سومبولی خەبات و تێکۆشانی ئافرەتی کوردە دژی چەوسانەوە و ژێردەستەیی و بە دەستهێنانی ماف و ئازادی ئافرەتان. کاتێک نامە بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنووسێت و دەیەوێت لەم ڕێگایەوە چالاکی و خەباتی ئافرەتی کورد بەنێو نەتەوەیی بکات و لەو بارودۆخە چەق بەستووەی کە هەیە دەربازی بکات، کە هەموو ئەمانەش ئاماژەیە بۆ ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتی کورد و بیری ئازادی لە شیعرەکانی شاعیردا.

لە کۆپلە شیعری شەشەمدا، جەلیزادە بە تەواوەتی ڕۆدەچێتە جوانیی و وزە شاراوەکانی ئافرەت و پێی وایە کە تاکە دەستێک بتوانێت خۆری ئازادی و بەختەوەری بەدەست بهێنێت و شەقام و ماڵ و شار و نیشتمان و وڵات و جیهانی پێ ڕووناک بکاتەوە و هەموو شتێکی جوان و باش و سەرنج ڕاکێشیش لە دەستەکانیدا کۆبکاتەوە، جریوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و ئاشتی و ئازادی بە ژیان ببەخشێت، دەستەکانی دڵخوازەکەیەتی، یان دەستە بەخشندە و میهرەبانەکانی ئافرەتە، کە هێمایە بۆ هەموو ئافرەتانی دونیا.

### ٢,٣,٣ ئافرەت و خاک و نیشتمان و نەتەوە:

ئازادیی نیشتمان لە سەرووی هەموو ئازادییەکانەوەیە، چونکە نیشتمان دایک و سەرچاوەیە، هەموو هیوا و ئاواتەکان لەوێدا مەیسەر دەبێت و دێتە کایەوە. (ئەدۆنیس) دەربارەی نیشتمان دەڵێ: ''نیشتمان لە لای من ئەوەیە کە تەواو نابێت، وەک خۆشەویستی، وەک شیعر، بە شێوەیەکی ئەبەدی خۆی تازە دەکاتەوە'' (حەسەن، ٢٠٠٠: ١٢٠). هەروەها سۆقرات بۆ پێناسەی جوانی و پەیوەندی بە نیشتمانەوە دەڵێت: "جوانی ئاوەڵناوێکە بۆ کردارێکی داڕێژراوی چاک، لە خۆبردوو ، بۆ نموونە ئازایەتی جەنگاوەر و خۆبەختکردن لە پێناوی نیشتیماندا، دەبێتە کارێکی جوان، چونکە سروشتی جوانی چاکەیەکە لە لای سۆقرات'' (مەتەر، ٢٠١٩: ٣٠). هەر لەم چوارچێوەیەدا لە بابەتەکانی ئافرەت و خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوەدا ''نووسەران و شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە ئەو ڕووداوانە بدۆزنەوە کە نموونەی وێنەی خەباتی کورد بوون لە پێناوی ئازادی و سەربەستی کوردستان، یان ئازایی و قارەمانیەتی خەڵکی کورد، ئەو ڕووداوانە زۆرن لە مێژووی کۆن و تازەی سەردەمی کوردیدا'' (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٣). لە ڕاستیدا تێڕوانینی شاعیر بۆ ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت لە پلەیەکی بەرز و ئەرێنیی دایە، چونکە هەمیشە شاعیر

خۆشەویستی و ئازادیی ئافرەتی لە خۆشەویستی و ئازادیی خاک و نیشتمانیدا جودا نەکردۆتەوە، بەڵکو لە بۆتەیەکدا  تواندویەتەوە. چونکە جەلیزادە لەو شاعیرانەیە کە زیاتر لە ئێش و ئازار و خەون و خولیاکانی ئافرەت تێگەیشتووە و زۆرتر و باشتر لە کەسانی دیکە هەستی بە لایەنەکانی خۆشەویستی و ئەڤینی و نیشتمانی و نەتەوەیی  لە لای ئافرەت کردووە. وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

(١)کۆپلەی یەکەم:

جاران،

ژن هەر هاوڕێی،

گوڵ و پەپوولە بوو،

ئێستاکە،

هاوەڵی کەڵەکێوی و

کەپکە شاخە،

چۆن بووە بە پۆڵا،

لۆکەی نەرم و نیان.

جاران،

تەنیا هەر شەڕەفی پیاو بوو،

نیشتمان.

هەنووکە ،

ئابڕوی ژنیشە،

چەند ئاڵۆزتر بووە،

وجود!(جەلیزادە، ٢٠١٩: ٦٩٧).

(٢) کۆپڵەی دووەم:

ئیدی ڕەنگ ناکـــــەم نینۆکم،

بۆن و عەتـــر نادەم لە خۆم.

لە شەوی ئەنگوستە چـــاوا،

هەر دە پەنجەم دەکەم بە مۆم.

جانتام پڕ دەکـــەم لە فیشەک،

لە جێی ماکیاج و مـــاسکارە،

ڕووبـــاری خوێنم دەبەخشم،


بە گوڵاڵەی ئەم بەهــــــارە (جەلیزادە، ٢٠١٩: ٧١٣).

لە کۆپلە شیعری یەکەمدا، ئافرەتبینی شاعیر لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشاندا و ڕۆڵ و بوون و ئامادەیی ئافرەت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە، بەشێوەیەک ڕەنگدانەوەی وێنەی ئافرەت لە ڕابردوو لە شیعرەکانی شاعیردا، هەمان ڕەنگدانەوەی وێنەی ئافرەت لە ئێستادا لە شیعرەکانی شاعیردا نییە. چونکە لە دیدی جەلیزادەدا جاران ژن نەرم و نیان و بێهێز بوو، هەر هاوڕێی گوڵ و پەپوولە بوو، نیشتمانیش تەنها هەر شەڕەفی پیاو بوو، بەڵام ئێستاکە ئافرەت بە هێز و پتەوە هاوڕێی کەڵە کێوی و کەپکە شاخ و چیا و ژینگە و سروشتی کوردستانە و نیشتمانیش بۆتە ئابڕوی، هەر بۆیە بوونی ئافرەت لە ئێستادا بوونێکی سەخت و ئاڵۆز و پڕ بەرپرسیارییەتی و هەستی نیشتمانییە، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا کە گیرۆدەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و بیری کۆنی خێڵەکی و دواکەوتوویی بوو.

لە کۆپلە شیعری دووەم دا، "جەلیزادە وێنەی کچێکمان بۆ دەکێشێت،کە ئاشتی خوازە، بەڵام ناحەزەکەی باوەڕی بە ئاشتی و مافی گەلان نییە، تەنێ شارەزای زمانی شەڕە، بۆیە هەر لە سەر ڕەوتی جارانی خۆی، سوپای مەرگی خستۆتە سەر، کچە ناچار دەبێت، کە پەنا بۆ چەک بەرێت و ببێت بە پێشمەرگە و جلوبەرگی گەریلا بپۆشێت، جاران تێکۆشانی چەکداری هەر لەئەستۆی پیاوان دابوو، ئەمڕۆ چۆن ئایدیۆلۆژیا و کەرەستەی خەباتکردن گۆڕان، بەمجۆرەش تێڕوانینی ئافرەتی کورد بۆ خەباتی چەکداری کورد گۆڕانی بەسەرداهات، ئیتر نایەوێت هەر بەرکار و بەر کاریگەری کردەوەی ڕەگەزی نێر بکەوێت. جەلیزادە باشتر دوو

وێنەی دژ بەیەکی ئەم کچە گەریلایەمان  بۆ دەکێشێت'' (موکریانی،٢٠٢٠: ٣٨). ئەمەش  بە ڕوون و ئاشکرایی لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

هێڵکاری _٢٦(کچ پێش بوون و پاش بوونی بە پێشمەرگە)



### ٣,٣,٣ ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانیی سروشت:

ئەگەرچی سروشت پانتاییەکی بەرینی لە جوانیدا هەیە. هەموو جوانییەک لە سروشتەوە هەڵدەقووڵێ و چاوی هەڵدێنێ، بەڵام جوانیی ئافرەت لە پاڵ سروشتدا هەر لە سەرەتاوە بۆتە جێگای سەرنج و تێڕامان و بیرکردنەوە و وروژاندنی هەست و نەستی ئەندێشەی مرۆڤ و شوێنەواری ئەم کاریگەرییەی لەلا دەرکەوتووە. هەرچەندە ڕادەی ئەم کاریگەرییەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بەپێی بارودۆخ و کات و شوێنەکان دەگۆڕێ، بە تایبەتی لای شاعیرانی ڕۆمانسیزم و ئەوانەی هۆگر و هاودەم و تامەزرۆی جوانیی ئافرەت و سروشتن، خەون بە دیمەنەکانی سروشتەوە دەبینن ، بێگومان نهێنییەکانی ئەو جوانییە سەرسووڕهێنەرانەی کە سروشت هەیەتی، مەلی خەیاڵ و ئەندێشەیان دەفڕێنێ و ڕامان و لێکدانەوەیان لە لا دروست دەکات،

زۆرجاریش لە لای مرۆڤی هەستیار و شاعیر و فەیلەسووفەکان دەبێتە هەوێنی خورپە و بەهرەی گەورە بۆ خوڵقاندنی بەرهەمی پڕ داهێنان و گۆڕانکاری. بۆیە ڕۆسۆ هەمیشە داوای ''گەڕانەوەی بۆ باوەشی سروشت دەکرد، بە لانەیەکی جوان و پاک و ئارامی دادەنا'' (فیرست, ١٩٨٧: ١٥). لە ڕاستیدا ''هەموو ئەو شتانەی لە گەردووندا هەیە، ئەزموونی جوانی بە مرۆڤ دەبەخشن، هیچ سنوورێکیشی بۆدانانرێت، هەموو هەستەکانمان توانا و ئامادەییان لە هەڵچوونەکانی جوانیدا هەیە. وەک هەستەکانی گەرمی و ساردی، کە لە وانەیە بڵێین لە بابەتی جوانییەوە دوورە، بەڵام تێڕامانێکی کەم بەسە بۆ ئەوەی درک بە سیمای جوانی ئەو هەستانە بکەین، جوانیی خۆر تەنها ڕوناکییەکەی نییە. بەڵکو هەروەها گەرمییە بووژێنەرەکەشێتی'' (حلبي,٢٠٢٠: ١٦١).

جوانیی سروشت وەک هەر هەموو جوانییەک لە دیدی مرۆڤەکاندا ڕێژەییە و لە گۆڕاندایە، کە ئەمەش بۆ گەلێ هۆی خودی و بابەتی دەگەڕێتەوە. واتە ئەو شتەی کە لە لای من جوانە لەوانەیە لە لای کەسێکی تر جوان نەبێت و هەمان ئاست و ژمارەی پێوانەیی نەبێت. بە پێچەوانەوەش لەوانەیە کاریگەری و وروژاندنێکی ئەوتۆ دروست بکات، کاردانەوەی هەبێت. ''بەلای کرۆچێوە، ئەوشتەی لە سروشتدا جوانە مانای ئەوە نییە کە لە هونەریشدا جوان بێ. هەروەها شتێ کە لە سروشتدا دزێو بێت، مانای ئەوە نییە کە لە هونەردا ناشێ جوان بێت'' (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١١٠). بەڵام '' کانت, جوانیی سروشت وا پێناسە دەکات، وەکو دیاردەیەک کە سەرنج کێش دەکات، دەبێت بینەر بە شێوەیەکی باڵا و ئەبستراکت تێی

بڕوانێت، بەڵام هیگل هەوڵ دەدات بەڵگە لەسەر ئەوە بەدەست بێنێت کە جوانیی هونەری بەهێزتر و باڵا دەستترە'' (زیما, ٢٠٠٤: ١٢). کەچی دەبینین ''لای کیتس keats- سروشت سەرچاوەی جوانی و هەموو بەهایەکی خێر و شەرەف و چاکەیە، بەڵام لای (شیللی – shelley) سروشت هێمای ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و تێگەیشتن و گونجانێکی تەواوە. سروشت لای (ۆردز ۆرث – words worth) شتێکی پیرۆزە و چاوگەی هەموو شتێکی چاک و دادپەروەرانەیە'' (مەعروف، ١٩٩٢: ١٩١).

بێگومان سروشت تەنیا ڕووبەرێکی دیاریکراو نییە، هەرچەندە ئەو سروشتە بیابانێکی لماوی و گەرمەسێری سەخت و دژوار و ناخۆش بێ، یان دەشت و شاخ و گرد و چیا و ناوچەیەکی جوان و ڕازاوە و سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن بێت.. بەڵکو لەو کاتانەی غەم و ناخۆشی و مەینەت و ئێش و ئازار هێرشمان بۆ دێنن و دەمانخەنە دڵڕاوکێ و بێزاری و نیگەرانییەوە وەک پەناگەیەکی ئاسوودە و دایکێکی دڵسۆز و میهرەبان خۆی دەنوێنێ. بۆیە ''ولیەم بلێک وای بۆ دەچێ کە سروشت هەر هەمووی واتای خودی خەیاڵە. ئەو جوانیی جیهان لە دنکە لمێکدا و جوانیی ئاسمانیش لە گوڵێکی کێوی دا دەبینێ'' (جلکنی, انسکو, ١٩٨٦: ٢٨٩).

سروشت هێندە فراوان و پڕ نهێنییە، هیچ کەسێک ناتوانێت پەی پێ ببات، مەگەر تەنیا بە خەون و خەیاڵ نەبێت، یان بەهۆی شیعرەوە ڕێنوێنی بکرێت. بۆیە (سولوموس) دەڵێ: ''سروشت سحر و خەون و جوانی و لار و لەنجەیە و لە هەزارەها سەرچاوەوە هەڵدەقووڵێ'' (مجموعة من مؤلفین ، ٢٠٠٢: ٢٢١).

بەم شێوەیە گەلێک بیروڕای جۆراوجۆر دەربارەی جوانیی سروشتی هەیە، ''هەندێک پێیان وایە سروشت هەر لەخۆڕا جوانە، بۆیە سەرچاوەی ئەم جوانییە هەر سروشتە، هەندێکی تریش پێیان وابوو کە جوانی لە لایەن مرۆڤەوە ئاشکرا کراوە، دەربڕاوە'' (ساڵح, ٢٠٠٥: ١٦). بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی ئەگەرچی ''سروشت جوانە، بەڵام دەق هۆیە، وەسیلەیەکە بۆ دەربڕین'' (محەمەد، ١٩٩٨: ٢٦). بۆیە لە دیدی سروشتییەکانەوە، هونەر ڕەنگدانەوەی سروشتە. بە تایبەتی ڕۆمانسیزمەکان لەگەڵ سروشتدا وەک ماسی و دەریا و باڵندە و دارستانن، هیچیان بێ یەکتر هەڵناکەن، ''شاعیری ڕۆمانتیک بەوپەڕی شەیدا و عەشقەوە بە باڵای جوانی سروشتدا دەڕوانێت و تامەزرۆی ئامێزی ژیانی گەرم وگوڕ و پڕسۆزی سروشتە'' (حەسەن، ٢٠٠٧: ٦). بەم شێوەیە کەس نییە جوانیی سروشت هەست و

سۆزی نەبزواندبێ و لە ناخەوە نەی هەژاندبێ و تاڕادەی ئاوێتەبوون بەخۆیەوە پەیوەست نەکردبێ. بەتایبەتی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان پەیوەندییەکی زۆر پتەویان لەگەڵ سروشتدا هەیە. لەگەڵ هەموو دەنگێکی ئەم سروشتە دەیان شیعر و بەرهەم و هەستی جوانی پڕ سۆز و ئاواز. لەگەڵ هەموو ڕەنگێکیدا سەدان وێنە و ڕوخساری ڕۆمانسیزمانەی ناسک و گەش. لەگەڵ هەر تام و بۆنێکیدا بە هەزاران دەربڕین و گوزارشتی نەرم و نیان، لە نەبوونەوە دێتە بوون. ''شاعیرانی ڕۆمانسیزم بە زۆری سروشتی گۆڕاو و غەماویان پێخۆش بوو، کە لەگەڵ دەروونی گۆڕاو و نیگەران و دوور لە واتا و ئاسوودەیی خۆیان دەگونجا. کە ئەمانەش پەیوەندیان بە بیرکردنەوە و چارەنووسی ڕۆمانسیزمییەکانەوە هەبوو. هەر لەبەر ئەوە دەبینین شاعیرانی ڕۆمانسیزم ئاهەنگ دەگێڕن بە شەوانی تاریک و درێژی پایز و ڕووت و زیز و بە گوڵی هەڵوەریوو و کەوتنەخوارەوەی گەڵای دارەکان و ڕەنگی زەردی خەرمانەی مانگ و بە شەپۆلە پچرپچر و شێتەکانی کەنار دەریا، گۆرانی دەڵێن بۆ ڕووباری جوان کە بەردەوام دێت و دەڕوات لە پاڵ ئەماندا شاعیر باس لە ئازار و ناخۆشییەکانی دەکات و چیرۆکی هیوا و خۆزگە و ئاواتەکانی بۆ ژیان دەگێڕێتەوە'' (ابو العزم, ١٩٨١: ١٠٥).

بۆمگارتن ''جوانی بە هاوسەنگی نێوان سیستەمی بەشەکان و پەیوەندی بەرامبەریان و پەیوەندیان لەگەڵ هەموو جوانیدا پێناسکردووە. مەبەست و ئامانجی جوانی، ڕازیکردن و هاندانی حەز و ئارەزووە، باوەڕێک کە بە گوتەی کانت. ڕاست دژی چۆنییەتی سەرەکی و نیشانەی تایبەتی جوانییە. بۆمگارتن لە بارەی دەرکەوتنی جوانییەوە، باوەڕی وایە کە باڵاترین دەرکەوتنی جوانی لەسروشتدا هەست پێدەکەین، بۆیە لەم ڕووەوە، لاسایی کردنەوەی سروشت، بە وتەی بۆمگارتن باڵاترین مەسەلەی هونەرە. باوەڕێکە بەتەواوی بە پێچەوانەی باوەڕی جوانیناسەکانی سەردەمی دواترە'' (حەمەسالح ،٢٠١٣: ٢٩) . جگە لەمەش ''جوانی سروشتی ئامانجدارییەکی وێنەیی تێدایە کە هەر لە سەرەتاوە وا لە بابەتەکە دەکات بەهرەی حوکمدانمان بتوانێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، واتە خۆی لە خۆیدا بگۆڕێ بە خۆشییەکی ئیستاتیکی'' (میراودەلی ،٢٠٠٥: ٥٧). بەڵام نیچە دەڵێ: '' هیچ هونەرمەندێک بەرگەی ڕاستییەکان ناگرێت و ناتوانێت بە تەواوی لەگەڵیدا هەڵبکات، کامۆ دەڵێ: هیچ هونەرمەندێک بە بێ ڕیالیستی ناتوانێ کارەکانی بەرەو پێشەوە ببات.... هونەر چالاکییەکە لە یەک کاتدا هەم ستایشی شتەکان دەکات و هەم ئینکاری لە شتەکان دەکات'' (مارکوزە، ١٣٩٩: ٥٦). هەروەها ''بەلای کانتەوە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ نییە کە جوانی و ڕەوشت

بەیەکەوە گرێ بدات، گرنگیدان بەجوانیی هونەر ئەوە ناسەلمێنی کە خاوەن مەیل نیازێکی چاک یان ڕەوشتێکی بەرزی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا گرینگیدان بەجوانیی سروشت خۆی لە خۆیدا خاسیەتێکی ڕوحی چاکە، کاتێک مرۆڤ لەسەر ژیانی لێ خوردبونەوە و نقوم بوون لە جوانی سروشتدا ڕا دێت، ئەم جۆرە ژیانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ڕەوشت بەرزی لە لای مرۆڤ پەرەبسێنێ، بەڵام مەبەست لە جوانیی سروشت ئەو جوانییە ڕواڵەتییەنیە کە تەنها لێ خوردبوونەوەیەکی هەستی ئەزموونی لە لای ئێمە بەرپا دەکات، جوانی ئەو فۆرم و دیمەنانەی سروشتە کە جۆرە بایەخێکی عەقڵی و ڕەوشتی پەتی بەر پا بکەن، کاتێ مرۆڤ لە جوانی گوڵێکی کێوی یان پەلەوەرێکی کێوی یان زیندەوەرێکی وێڵ ورد دەبێتەوە، ئەو ساتە گرنگییەکی عەقلی ڕاستەوخۆ بەجوانی سروشت دەدا، بە بێ ئەوەی هیچ ڕاکێشانێکی هەستی یان ئامانجێکی کەڵکدار کاری تێ بکات، مرۆڤێک کە تامەزرۆی جوانیی سروشت بێت ئەو جوانییە لە هیچ بەرهەمێکی پیشەی لاسایی کراوەدا بەدی ناکات'' (میراودەلی،٢٠٠٥: ٧٢). بە هەمان شێوە''فلۆتین واز لە هونەرەکان دێنێ و ڕوو دەکاتە جوانیی سروشتی و لەم بارەوە هەمدیس بۆخاڵێکی نێوەکی نێو ئاخنی دەگەڕێتەوە، تاکو بیسەلمێنێ، کە لەسروشتیدا ڕوخساری مەعقولی جوانی هەیە، بەڵام ئەو جوانییە کە لە (ڕۆح) دایە چەند قات پلەو پایەی بەرزتر و ڕێزدارترە'' (ئەحمەدی، بابایی، ٢٠٠٨: ٩٠). جگە لەمانە جوانیی سروشت و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سروشت پانتاییەکی بەرینیشی لە بەرهەمە شیعری و ئەدەبی و هونەرییەکانی کوردیشدا داگیرکردووە، ''زۆربەی هۆنەرانی کورد ئەو سروشتە جوانەی کوردستان کە لە هەر وەرزێکدا بەشێوەیەک خۆی دەنوێنی و خۆی دەڕازێنێتەوە، کارێکی زۆری تێکردوون و هۆنراوەی جوانیان بۆ هۆنیوەتەوە'' (عەزیز، ٢٠٠٧: ١٦).

جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری جوانیی سروشتەوە و دەڵێ: ''من سروشت وەک سێبەری ژن یان تابلۆیەکی کۆپی کراوی ژن دەبینم. ئەم دوانە دوالیزمی بەشێکی زۆری دەقەکانی منن. هێندێ جار درەختێک و ژنێک، کانییەک و ژنێک، مانگێک و ژنێک، ڕووبارێک و ژنێک ، قۆڵی درەختێک و قۆڵی ژنێک وەک یەک دەبینم. لای من دوو جۆگە ڕووباری ئاوێتەن، بەڵام بە ڕەنگی جیاواز، من پێموایە هەموو جوانییەکانی سروشت کۆپییەکی زۆر کاڵی جوانی و جەستەی ژنن، بۆیە لە نووسینی قەسیدەدا لای من، ئەو دووانە ئەوەندە تێکەڵ دەبن، کە ڕەنگە لقی درەختێک و قۆڵی ژنێک یەک ڕەنگ و یەک تامیان هەبێت، زۆر جار (گرد) لای من جگە لە مەمکێکی ژن شتێکی تر نییە، لە ڕێی ئەم جۆرە شیعرانەوە کە وا تێدەگەم تایبەتن بەمن، هەوڵمداوە سروشت بە تەواوەتی لە

جەستەی ژنا بتوێنمەوە، ئیتر شتێک نەبێ بە ناوی کانی و دەشت و مانگ و رووبار بێت‘‘ (جەلیزادە، دیدەنی: ٢٠٢١). بەم شێوەیە تێڕوانین و لێکچوواندن  و ئاویتەکردنی هەریەکە لە ئەندامەکانی  جوانیی جەستەی ئافرەت و ڕەگەزەکانی سروشت لە ئاستێکی هێندە بەرز و بەهێزدایە  کە زۆرجار وەک یەک گیان و یەک جەستە دەردەکەوێت، جوداکردنەوەیان ئەستەم دەبێت، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ:

(1) کۆپڵەی یەکەم:

بەفر ئەو هەمووە جوانییە،

لە کوێوە دەهێنێ؟

کە ئاسمان،

نە باخچەی تێدایە و

نە پۆلێ ژنی ڕووت(جەلیزادە،٢٠٠٧: ٦٠٩).

(2) یاخود دەڵێ:

با

زمان لە ئاونگ دەخشێنێت،

بە ڕووتی گیا لە سەر پشت  پاڵ دەخات،

کۆشی شەنگە بی هەڵدەداتەوە،

دەچێتە ناو گەڵی گوڵەوە،

دەست دەبات بۆ قەڵشی هەنار،

دەرپێ لە پەپولە دادەماڵێ،

ڕوومەتی دەنێتە سەر سمتی خۆخ.

بەسەر لقەوە ستیانی هەرمێ دەڕفێنێ.(جەلیزادە، ٢٠١٧: ١٣٧).

(3) یاخود دەڵێ:

ورووژا هەور،

دەرپێکەی داکەند و

دڵۆپ دڵۆپ

بارانی لەزەتی

ڕژاندە سەر سمتی شۆرەبی.(جەلیزادە، ٢٠١٧: ١٥٢).

(4) یاخود دەڵێ:

چاوەڕێتم پایز،

ڕووت ڕووت،

خۆت بدەیتە بەر دووشی باران،

جۆگە ئاو،

چارشێو و جلک و پێڵاوەکانت ڕامالێ و

لە نێو گۆمی ورووژاندا،

نقومیان کات.

ژن و کچە ڕووتەکانی سەر بلاژ و

ناو حەمامی بێ دەرگا و پەنجەرەی،

شەقام و کۆلان و دارستانی.

جگە لە سەروو،

هەموو دارەکانت،

ژنیکی  ڕووتن و

بە پێوە دەوەستن.

لە ناو تەم و مژی تەنک دا،

مەمک و ڕان و سمتت،

دەبریقێنەوە،

درەختە سەماکەرەکانت،

بە دەم موزیکی کزەباوە،

ئەتەگ و ستیان و  دەرپێکانیان،

فڕێ دەدەنە بەر پێی،

بارانی هەرزەکارەوە،

بێزارم لە زستانی لووت تەڕ و

لە بەهاری حیجاب پۆش و

لە بۆنی بن باڵی هاوین،

خۆشمدەوێی پایز،

پایزی ڕووت،

کەنیشکی بێ دەرپێ(جەلیزادە، ٢٠١٧: ١٤١).

(5) یاخود دەڵێ:

خۆر پێی ئەستەمە ئاوا بێت ...

ئاخر ژنێک،

ژنێک خۆی ڕووت دەکاتەوە!!( جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٦٦٠).

(6) یاخود دەڵێ:

جگە،

لە پارچەیەک ژن،

سروشت،

شتێکی دیکە نییە(جەلیزادە، ٢٠٢١: ١٩٦).

لە هەموو ئەو کۆپلە شیعرانەی سەرەوەدا کە ڕەنگدانەوەی ئاوێتە بوونی جوانییەکانی ئافرەت و سروشتن و لە ناخی ئەوانەوە لە دایک بوون، چەندەها وێنە و دیمەنی هاوبەش و لێکچووی نێوان ئافرەت و سروشت دەدۆزینەوە، کە بە ڕادەیەک بە ناو یەکتریدا ڕۆچوون و تواونەتەوە، جیاکردنەوەیان سەخت و ئەستەمە.

لە کۆپڵە شیعری یەکەمدا، شاعیر بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی دیکە، ئافرەت بە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی هەموو جوانییەکان دەزانێت نەک سروشت، لە هەمان کاتدا پرسێکی فەلسەفی سەبارەت بە بوون و سروشت و گەردوون دەورووژێنێت و لە دووڕیانی جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەتدا سەرلێشێواو و سەرسام دەمێنێت، نازانێت بەفر ئەو هەمووە جوانییەتی و دڵرفێنییە چۆن و بە چ شێوەیەک بەرجەستە دەکات و لە کوێوە دەهێنێت، لەکاتێکدا ئاسمان نە باغ و گوڵستانی تێدایە و نە ئافرەتی ڕووت و جوان و ڕازاوە. کە سەرتاپای ئەم تێڕوانینانەش ئاماژەیە بۆ توانەوەی شاعیر لە دەریایی جوانی و سیحری ئافرەتدا لە پاڵ پێگە و بایەخی جوانیی سروشتدا.

لە کۆپلە شیعری دووەمدا، هەریەکە لە جوانیی ئافرەت و جوانیی سروشت وەک یەک شت و تەن و تووخم دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەک جیاکردنەوەیان دژوارە، ئەمەش لە لایەکەوە بۆ توانا و ئەزموون و لێهاتوویی جەلیزادە لە داڕشتنی ئەم تەرزە شیعرە دەگەڕێتەوە کە شیعری ئیرۆتیکییە، لە لایەکی دیکەوە حەز و خولیا و ئاڵودە بوونی شاعیر بە چێژ و

خۆشیی ئافرەت و جوانیی ئافرەت پێشان دەدات. چونکە شاعیر لە هەموو ڕەگەزەکانی سروشتدا جوانیی ئافرەت دەبینێ و سروشت هەر هەمووی بەسەر یەکەوە وەکو ئافرەتێکی ڕووت دێتە پێش چاو، بە شیوەیەک مەگەر بەدەگمەن نەبێت دەنا زۆربەی ڕەگەزەکانی سروشتی بەکەس کردووە، یان بە ئەندام و بەشەکانی جەستەی ئافرەت چوواندووە، وەک بەکەس کردنی با  کە ئاماژەیە بۆ  ڕەگەزی نێر، کاتێک زمان لە ئاونگ دەخشێنێت، گیا ڕووت دەکاتەوە و دەیخاتە سەر پشت، کۆشی شەنگە بی هەڵدەداتەوە،  دەچێتە ناو گەڵی گوڵەوە، دەست بۆ قەڵشی هەنار دەبات،  دەرپێ لە پەپوولە دادەماڵێت  و ڕوومەتی دەخاتە سەر سمتی خۆخ. کە هەر هەموو ئەوانە وێنەگەلێکی ئیرۆتیکن، کە جگە لە با، کە هێما  و ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر، وشەکانی دیکەی وەک (گیا، شەنگەبی، گوڵ، هەنار، پەپوولە، خۆخ) هەموویان ئاماژەن بۆ ڕەگەزی مێ، جگە لەمەش وشە و دەستەواژەکانی (ڕووتی، سەر پشت، پاڵ خستن، کۆش هەڵدانەوە، چوونە ناو گەڵ، دەست بردن، قەڵشی هەنار، دەرپێ داماڵین، ڕوومەت، خستنەسەر، سمت، خۆخ) ئەمانە هەموویان گوزارشت لە سێکس دەکەن و ڕەهەندێکی سێکسییان هەیە،کە لە ئاوێتەکردنی هەردوو وینەی ئافرەت و سروشت چەندەها وێنەی ئیرۆتیکی سەرنجڕاکیشی بەرجەستەکردووە. کە ئەمەش بۆ توانا و لێهاتوویی و ئەزموونی شاعیر لەم بارەیەوە، دەگەڕێتەوە.

لە کۆپلە شیعری سێیەمدا، جەلیزادە بە سوود وەرگرتن لە هەردوو ڕەگەزەکانی سروشت و ئەندام و ڕەهەندەکانی جەستەی ئافرەت، چەندەها وێنەی ئیرۆتیکی کێشاوە، لێرەدا وشەی هەور ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر و ڕۆڵ و ئەرکی نێر دەبینێت لەو کاتەی کە دەرپێیەکەی دادەنێت و بارانی لەزەت دەڕژێنێتە سەر سمتی شۆڕەبی. کە شۆڕەبیش ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی مێ، هەروەها وشە و دەستەواژەکانی وەک (وڕووژا،  دەرپێ داکەندن، دڵۆپ دڵۆپ، بارانی لەزەت، ڕژاندن، سەر سمتی شۆڕەبی) هەموویان تایبەتن بە پڕۆسەی ئەنجامدانی کرداری سێکسی و ڕەهەندی سێکسییان هەیە، کە ئەمانەش بەڵگەن بۆ بەرزی و گرینگی بەها و پێگەی جوانیی جەستەی ئافرەت لە لای شاعیر و چوواندن و دیتنی سروشت وەک مرۆڤ و ئافرەت لە وێنەی ئیرۆتیکیدا.

لە کۆپلە شیعری چوارەمدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر وێڕای ئەوەی زۆر تینوو و تامەزرۆی  جوانییەتی ئافرەتە و لە جوانییەکانی سروشت و هەموو شتێکدا، جوانیی ئافرەت دەبینێت، بەڵام لە سەرووی هەموو ڕەگەزەکانی سروشت و وەرزەکانی ساڵدا، بە شیوەیەکی سەرەکی و بە پلەی یەکەم، چێژ و خۆشی  لە وەرزی پایزی ڕووتدا دەبینێت، لە

بەرامبەر ئەمەدا شاعیر زۆر بێزارە لە زستانی تەڕ و تووش و لە بەهاری بالآ پۆش و لە بۆنی بن باڵی هاوێن، چونکە پایز وەرزی ڕووت بوونەوەیە، هەموو دار و درەختەکانی پایزیش لە چاوی شاعیردا ئافرەتی ڕووت و قوتن و سینگ و مەمک و سمتییان دەرخستووە و وەک کەنیشکی پێ دەرپێن. کە خواست و ویست و خەونی هەرە بەرزی شاعیرە و بە ئاواتەوەیە دەستی پێ بگات.

لە کۆپلە شیعری پێنجەمدا، ئاستی سەرسام بوون و کاریگەری و باوەڕی لە بن نەهاتووی جەلیزادە بە جوانیی ئافرەت و ڕووت بوونەوەی جەستەی ئافرەت دەردەکەوێت، کە لە وێنەیەکی شیعری نایابدا ئەو هەستی سەرسام بوونەی بە وشە ڕەنگرێژ کردووە، چونکە لە دیدی شاعیردا جەستەی ئافرەت چەقی هەموو جوانییەکانە و هەر هەموو جوانییەکانیش لەو پنتەدا کە جەستەی ئافرەتە چڕدەبێتەوە و سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەرکاتێک ئافرەت خۆی ڕووت دەکاتەوە و جوانییە شاراوەکانی جەستەی بەدەردەکەوێت، هەموو ڕەگەزەکانی سروشت، بە خۆریشەوە، کە خۆر کانگا و سومبولی جوانییەتی و ڕووناکییە پێی ئەستەمە ئاوا بێت و پشت لە جوانی ئافرەت بکات، ئەمەش بەڵگەیەکی هاشا هەڵنەگرە بۆ بایەخدانی شاعیر بە جوانیی دەرەوەی ئافرەت بە پلەی یەکەم.

لە کۆپلە شیعری شەشەمدا، جەلیزەدا بە بەردەوامی و لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە درک پیکردنی جوانبینیدا لە تەواوی جوانییەکانی ئەم گەردوونە فراوان و گەورەیەدا تەنها و تەنها جەخت لەسەر یەک تاکە شت دەکاتەوە، ئەویش جوانیی ئافرەتە کە خۆی لە جوانیی ڕوخساردا دەدۆزێتەوە، چونکە جیهانبینی شاعیر بۆ جوانی لە ئافرەتدا کۆبۆتەوە و هەموو جوانییەکانی دیکە بە جوانی سروشتەوە جگە لەوەی پارچەیەکن لە جوانیی ئافرەت هیچ شتێکی دیکە نییە، ئەمەش ئەوپەڕی سەرسامی و بڕوابوونی جەلیزادە بە جوانیی ئافرەتمان بۆ دەسەلمێنێت.


## خشتەی _٢ سەرجەمی گشتی وشە سەرەکییەکانی کۆنتێکیستی جوانیی ئافرەت لە کۆی شیعرەکانی جەلیزادەدا

| ژ | وشە سەرەکییەکانی | ١-شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات | ٢-باخچەکانی مەلەکتاوس | ٣-هایکۆکانی قوباد | ٤-بەردیک دەگرمە کیسەڵیک | ٥- کۆڵانە شینەکانی منداڵی | ٦-وەرە باببین بە سەگ | ٧- ژنێک لە جنسی باران | ٨- تیپی مۆسیقای خەرتەلە | ٩- ئەو خودایەی دایکم خۆشی دەویست | ١٠-لەگەڕەکی باڵندانە ماڵەکەم | سەرجەمی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جوانی | ٣٧ | ٢٨ | ١١ | ٤ | ١٠ | ١ | ١٢ | ١٦ | ٧ | ٢٥ | ١٥١ |
| ٢ | ژن | ٣٠٨ | ١٢٧ | ٢٦ | ٢٢ | ١٥٤ | ١ | ٧٣٨ | ٧٧ | ٩١ | ١٠٤ | ١٦٤٨ |
| ٣ | خۆشەویستی | ٦٢ | ٣٦ | ٨ | ٣ | ٣٢ | ١ | ١٧ | ١٨ | ٤٣ | ٣١ | ٢٥١ |
| ٤ | گوڵ | ١٦٧ | ٦٨ | ٢٦ | ٢٥ | ٨٩ | - | ١٥٥ | ٢٦ | ٦١ | ٧٣ | ٦٩٠ |
| ٥ | پەپولە | ٣١ | ٣٠ | ١٩ | ١٣ | ٣٥ | - | ٩٧ | ٢٥ | ٢٤ | ١٨ | ٢٩٢ |
| ٦ | ستیان | ١٩ | ٢٦ | ٦ | ٢ | ٨ | - | ٤٨ | ٧ | ٨ | ١٦ | ١٤٠ |
| ٧ | ئەتەک | ١١ | ٥ | ٢ | ١ | ٣ | - | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٣٥ |
| ٨ | دەرپێ | ١٢ | ١٢ | ٧ | - | ٤ | - | ٢٩ | ٤ | ٩ | ٦ | ٨٣ |
| ٩ | ڕووت | ١٠٦ | ٨٥ | ٢٢ | ٣ | ٣٢ | ١ | ١٧٩ | ٤٨ | ٢٨ | ٥٩ | ٥٦٣ |
| ١٠ | وروژاندن | ٤ | ٤ | ٤ | ٢ | ٢ | - | ٢٢ | ٥ | ٣ | ٤ | ٥٠ |
| ١١ | لەزەت | ٩ | ١٠ | ٥ | - | ١ | - | ٩ | ٨ | ٧ | - | ٤٩ |
| ١٢ | ماچ | ٩٦ | ٢٥ | ١ | ٣ | ١١ | ١ | ٣٢ | ٥ | ١٤ | ٦ | ١٩٤ |
| ١٣ | تەڕ | ٢٤ | ١٤ | ٧ | ٦ | ٢١ | ١ | ٤٢ | ١٧ | ٨ | ١٨ | ١٥٨ |
| ١٤ | جووت بوون | ١٤ | ٥ | ١ | ١ | ٢ | ١ | ٦ | ٦ | ٥ | ٣ | ٤٤ |
| ١٥ | ڕەنگی مۆر | ٤ | ٣ | ١ | ١ | ١١ | - | ٦٩ | ٦ | ١٢ | ١٥ | ١٢٢ |
| ١٦ | ڕەنگی شین | ١٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٤١ | - | ٤٦ | ٧ | ١١ | ١٣ | ١٤٠ |
| ١٧ | با | ٤٧ | ٨٤ | ٣٤ | ٩ | ٣٤ | - | ١٠٤ | ٢٩ | ١٤ | ٣١ | ٣٨٦ |
| ١٨ | باران | ٤٥ | ٥١ | ٣٤ | ١٨ | ٤٩ | ١ | ٤٩٢ | ٣١ | ٣٤ | ٢٣ | ٧٧٨ |
| ١٩ | هاوسەر | ١٣ | ٧ | ٢ | ٢ | ٣ | ١ | ٩ | ٢ | ٣ | ٨ | ٥٠ |
| ٢٠ | نازدار | ٢ | ٣ | ١ | - | ٤ | - | ٤ | ١ | ٢ | ١١ | ٢٨ |
| ٢١ | کچ | ٦١ | ١٩ | ٧ | - | ٢ | - | ٢٤ | ١١ | ١١ | ٨ | ١٤٣ |
| ٢٢ | خوشک | ١٥ | ٥ | ٤ | - | ١ | - | ٣ | ٥ | ٤ | ٩ | ٤٦ |
| ٢٣ | یارو دڵبەر | ٧ | ٩ | ٣ | ١ | ٥ | - | ٣١ | ٦ | ٢ | ١ | ٦٥ |
| ٢٤ | دایک | ٢٧ | ١٨ | ٢ | ٥ | ٣٥ | ١ | ١٩ | ٣٢ | ٤١ | ٤٠ | ٢٢٠ |
| | کـــۆ | ١١٣٣ | ٦٧٦ | ٢٣٩ | ١٢٣ | ٥٨٩ | ١٠ | ٢١٩٤ | ٣٩٣ | ٤٤٤ | ٥٢٥ | ٦٣٢٦ |

## خشتەی_٣ سەرجەمی گشتی وشە سەرەکییەکانی جوانیی جەستەی ئافرەت  لە کۆی شیعرەکانی جەلیزادەدا

| ژ | وشە سەرەکییەکانی جەستە | ١ـشەهید بەتەنیا پیاسە دەکات | ٢ـ باخچەکانی مەلەك تاوس | ٣ـ هایکۆکانی قوباد | ٤ـ بەردیك دەگرمە کیسەڵیك | ٥ـ کۆڵانە شینەکانی منداڵی | ٦ـ وەرە باببین بە سەگ | ٧ـ ژنێك لە جنسی باران | ٨ـ تیپی مۆسیقای خەرتەلە | ٩ـ ئەو خودایەی دایکم خۆشی دەویست | ١٠ـ لەگەڕەکی باڵندانە ماڵەکەم | سەرچەمی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جەستە ،لەش ، پاڵا، | ٧٨ | ٢٢ | ٣ | ٧ | ١١ | ـ | ٢٧ | ٩ | ٥ | ١١ | ١٧٣ |
| ٢ | سەر | ٤٨ | ٢٣ | ٢ | ١١ | ٢٦ | ٢ | ١٨ | ١٢ | ٢ | ٩ | ١٥٣ |
| ٣ | قژ، هاو واتاکانی | ١٠٥ | ٤٦ | ٧ | ٦ | ٣٤ | ـ | ٥٢ | ٢١ | ١٧ | ٢٤ | ٣١٢ |
| ٤ | دەم و چاو، ڕووخسار | ٤ | ٣ | ٤ | ٣ | ٧ | ـ | ١٢ | ٣ | ٣ | ٩ | ٤٨ |
| ٥ | چاو | ٢١١ | ٤٤ | ٢٠ | ٦ | ٥٩ | ٣ | ١٢٨ | ٢٢ | ٤٦ | ٦٠ | ٥٩٩ |
| ٦ | برۆ | ١ | ١ | ـ | ـ | ٣ | ـ | ٢ | ١ | ١ | ـ | ٩ |
| ٧ | برژانگ،مژۆڵ | ١١ | ٢ | ـ | ـ | ـ | ـ | ٧ | ١ | ٣ | ـ | ٢٤ |
| ٨ | ڕوومەت،گۆنا | ١٥ | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ـ | ٢٤ | ٦ | ٣ | ٤ | ٦٤ |
| ٩ | لێو،دەم، ددان | ٥٢٢ | ٣٣ | ٢ | ٤ | ٢٠ | ٣ | ٣٧ | ١٢ | ١٨ | ١٠ | ٦٦١ |
| ١٠ | لووت | ١١ | ٦ | ١ | ـ | ٢ | ١ | ٥ | ٤ | ٢ | ٧ | ٣٩ |
| ١١ | گوێ | ٣٥ | ٩ | ٧ | ١ | ٤ | ـ | ١٩ | ١١ | ٥ | ١٢ | ١٠٣ |
| ١٢ | گەردن، چەناگە | ٣٧ | ١٧ | ٦ | ٤ | ١٢ | ـ | ٣ | ٥ | ٧ | ٧ | ٩٨ |
| ١٣ | مل | ١١ | ١٠ | ١ | ١ | ٥ | ـ | ١٦ | ٣ | ٨ | ٣ | ٥٨ |
| ١٤ | شان، قۆڵ، باڵ | ٧٩ | ٤٣ | ١٣ | ٩ | ١٥ | ١ | ١٠١ | ١٩ | ٦٢ | ٧ | ٣٤٩ |
| ١٥ | لەپ، دەست و پەنجە | ٢٠٧ | ١٠٥ | ٢٠ | ٤ | ٤٩ | ١ | ٤٠ | ٢٥ | ١٦ | ٧٠ | ٥٣٧ |
| ١٦ | سینگ | ٧١ | ٣٠ | ٧ | ٢ | ١٣ | ـ | ٢٦ | ٦ | ٣ | ١١ | ١٦٩ |
| ١٧ | مەمک | ٣٨٩ | ٩٤ | ١١ | ٣ | ١١ | ١ | ٢٦ | ١٦ | ٩ | ٢٢ | ٥٨٢ |
| ١٨ | سک، پشت | ٤٦ | ٢٤ | ٥ | ٧ | ١٣ | ١ | ٧١ | ١٢ | ١٤ | ٨ | ٢٠١ |
| ١٩ | ناوک | ٦ | ٤ | ـ | ـ | ٢ | ـ | ٢ | ٣ | ٢ | ١ | ٢٠ |
| ٢٠ | کەمەر | ١١ | ١٢ | ٢ | ـ | ٢ | ـ | ٧ | ٢ | ١ | ٢ | ٣٩ |
| ٢١ | سمت | ٩ | ٧ | ٤ | ١ | ٣ | ـ | ١٨ | ٧ | ٢ | ٥ | ٥٦ |
| ٢٢ | ڕان | ١٣ | ٥ | ٢ | ١ | ٤ | ـ | ٣ | ٥ | ١ | ٤ | ٣٨ |
| ٢٣ | کۆم،قون | ـ | _ | ـ | ـ | ١ | ـ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٨ |
| ٢٤ | زگ و هاو واتاکانی | ٣٤ | ١٢ | ٤ | ٢ | ٤ | ـ | ٧ | ٢١ | ١ | ٤ | ٨٩ |
| ٢٥ | قاچ،لاق | ٢١ | ١٠ | ٤ | ٣ | ٦ | ١ | ٣٨ | ٦ | ٢١ | ١٩ | ١٢٩ |
| ٢٦ | پێ و بەلەک | ٢٧٣ | ٢٩ | ١٣ | ٦ | ٣٢ | ـ | ٩١ | ٢٢ | ٢٤ | ٢٤ | ٥١٤ |
|  | کـــۆ | ٢٢٤٨ | ٥٩٤ | ١٤١ | ٨٢ | ٣٤٤ | ١٤ | ٧٨٣ | ٢٥٦ | ٢٧٧ | ٣٣٤ | ٥٠٧٣ |

**چارتی_١ ڕێژەی سەدی وشە سەرەکییەکانی جوانیی ئافرەت لە کۆی شیعرەکانی جەلیزادە**




11399 = 5073 + 6326

کۆی ژمارەی جارەکانی بەکارهێنانی وشە سەرەکییەکانی کۆنتێکستی جوانیی ئافرەت لە کۆی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا: 6326

کۆی ژمارەی جارەکانی بەکارهێنانی وشە سەرەکییەکانی جوانیی جەستەی ئافرەت لە کۆی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا: 5073

سەرجەمی گشتی وشەکانی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا: 11399

لە ڕاستیدا ئەم ئامار و داتا و پێوانەکاریانەی پێشەوە کە بەشێوەی خشتە و چارت خستووتمانەتەڕوو، هەوڵێکی باشە بۆ ئەوەی تێگەیشتن و زانیاری زیاتر دەربارەی بەهای جوانیناسیی ئافرەت و ڕەهەندەکانی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی جەلیزدەدا بەرجەستە

بکەین، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە توانا و لێهاتووی و ئەزموونی شاعیر لەم بارەیەوە پیشان بدەین، بە تایبەتی لەو بابەتانەی لە چوارچیوەی جوانیی دەرەوە یان جوانیی جەستەدا چڕ بۆتەوە. جگە لەمەش یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆ ڕوونکردنەوە و ئاسان کردنی هەموو ئەو بابەتانەی لەم ڕووەوە لە پێشەوە باس کراون، تا بە خوێنەرانی ئاشنا بکەین.

ئەم خشتە و چارتانە نەخشەڕێگایەکی گونجاوە بۆ دەرخستنی راستی بابەتەکان و سەلماندنیان بە بەڵگە و بە ژمارە و گەیشتن بەدەرئەنجامێکی درووست. کە بەم هۆیەوە توانیومانە پلەی شیعرییەتی شاعیر و ئاستی جوانیناسیی ئافرەت و گرنگی و کاریگەری هەر یەکە لەو بەش و ئەندامانەی جەستەی ئافرەت لە لای جەلیزادە بزانین، لە هەمان کاتدا بەم هۆیەوە توانیومانە ئاست و پایەکانی جوانیی ئافرەت و کاریگەری و لێکەوتەکانی لە سەر باری دەروونی شاعیر بخەینەڕوو. وێڕای ئەمانەش گرنگی جەستە و ئەندامە جیاوازەکانی جەستەی ئافرەت لە لای شاعیر دیاری بکەین کە چەندە و چۆنە؟ چونکە زۆر و کەمی ژمارەی جارەکانی بەکارهێنانی ئەو وشانەی دەربارەی جوانیاسیی ئافرەتە و لەچوارچێوەی جوانیی جەستدا دەخولێتەوە گوزارشت لە ئاستی حەز و خولیا و ناخ و دەروونی شاعیر دەکات، دیوە شاراوەکانی جەلیزادەمان لەم بارەیەوە پیشان دەدات و سەرسامی و عاشق بوونی شاعیرمان بە جوانیی جەستە و دەرەوە زیاتر لە جوانیی ناوەوەی ئافرەت بۆ دە سەلمێنێت.

بۆ نموونە جەلیزادە زۆرترین وشەی ژنی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە کە ژمارەی جارەکانی بەکارهێنانی (١٦٤٨) جارە، هەروەها لە یەک تاکە شیعردا کە بە ناونیشانی وڵاتی ڕەژووە لە دیوانە شیعری شەهید بەتەنها پیاسە دەکات، (٤١٦) جار وشەی دەمی بەکار هێناوە و (٢٤١)جار وشەی مەمکی بەکارهێناوە. ئەمەش حەز و تامەزرۆیی و خۆشەویستی شاعیر بۆ ژن و ئەو بەشانەی جەستەیی ئافرەت زیاتر لە ئەندام و بەشەکانی دیکە پیشان دەدات.

بەڵام بەشیوەیەکی گشتی ئامانجی سەرەکی ئەم خشتە و داتایانە خستنەڕووی تەواوی پێکهاتەو دەرئەنجامەکانی جوانیناسیی ئافرەت و ڕەهەندەکانی جوانیی ئافرەتە، بە تایبەتی جوانیی دەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین و ئاسانترین و خێراترین شێوە ئەم زانیاریانە بە خوێنەران بگەیەنین.

## ٤. ئەنجام

**١.** جوانی لە دیدی جەلیزادەدا ئەو هێزەیە مرۆڤ تووشی سەرسامی و ڕامان دەکات و بە زمانێک دەدوێت کە زمانی جوانییە، لە لای شاعیر هیچ شتێک لە جوانی خاڵی نییە و جوانی لە هەموو شتێکدا بینیوە، بەتایبەتی جوانیی ئافرەت سەرچاوە و دایکی هەموو جوانییەکانە، ژیان بێ ئافرەت تابلۆیەکی بێ گیانی ڕەش وسپییە.

**٢.** چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت، پانتاییەکی بەرینی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا داگیرکردووە، شیعرەکانی بە ئافرەت دەست پێدەکات و بە ئافرەتیش کۆتایی دێت. واتە شیعرەکانی لەو تەرزە شیعرانەیە کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەی بریتییە لە ئافرەت، کە جوانییەکی هەمیشەیی و چێژ و خۆشی و ئارامییەکی بەردەوامی پێ بەخشیوە.

**٣.**خۆشەویستی لە لای جەلیزادەدا، لە تەنها تاکە ئافرەتێکدا چڕ نەبۆتەوە و دەستی پێ نەکردووە و کۆتایی نەهاتووە، ئەمەش وای لێکردووە باوەش بە هەموو ڕەنگە گەرمەکانی خۆشەویستیدا بکات، کە هەر ڕەنگێکی لە لای ئافرەتێکدا بەدی کردووە.

**٤.** شیعرەکانی جەلیزادە گوزارشتە لە خولیا و حەز و ئارەزووەکانی بۆ جوانیی ئافرەت، لە هەردوو لایەنی جوانیی ناوەوە و دەرەوەدا، بەتایبەتیش جوانیی دەرەوە. تەنانەت زۆرجار شێوازی ئەم گوزارشتکردنە لە دۆخێکی ئاساییەوە گۆڕاوە بۆ شێوازێکی تایبەتی جەلیزادانە، کە خۆی لە دژە باوی و ئازادی ڕەها و ئیرۆتیکییەتدا دۆزێتەوە.

**٥.** شاعیر لە شیعرەکانیدا بوون و ماهیەتی جوانیی ئافرەت و خولیا و خواست و مەبەستەکانی ئافرەتی وەک خۆی و بە شێوەیەکی واقعیانە پیشان داوە، کە بە درێژایی مێژوو کپ و خامۆشکراوە.

**٦.** شاعیر لە پاڵ جوانی و دڵگیری بەژنوباڵا و جەستەدا، بە گرینگی و بایەخەوە، لە لایەنی هزری و توانا و لێهاتوویی ئافرەتی کوردی ڕووانیوە و ئافرەتی بە ژێدەری خێر و چاکە و زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویدان زانیوە.

**٧.** جەلیزادە لە بواری هەستگۆڕکێی شیعری و جوانیی ئافرەتدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و مامەڵەیەکی نایابی لەگەڵ بابەتەکانی جوانیی هەست و ئافرەتدا کردووە و سوودی لە هەموو هەستەکان بینیوە، بە پلەی یەکەمیش بە هۆی هەستی بینینەوە توانیویەتی وێنەی جوان و

سەرنجڕاکێش دروست بکات، ببێتە مایەی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعری. جگە لەمە بەشێک لەو وێنە شیعریانەی شاعیر، کە لە هەستەکانی بینین و چەشتنەوە سەرچاوەی گرتووە، لە خانەی شیعری ئیرۆتیکیدان، کە لە لای شاعیرانی دیکەدا، لەو ئاستەدا نییە.

**٨.** شاعیر هەوڵیداوە لەپاڵ جوانیی واتا و بابەتی شیعریدا، فۆرم و ڕوخساری شیعرەکانیشی بە جوانترین و تازەترین شێوە بڕازێنێتەوە و پێگە و بەهای ئیستاتیکییەت و جوانیی ئافرەت بە شێوەیەکی ئیرۆتیکانە و ڕۆمانسییانە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا لە شیعرەکانیدا بەرز بکاتەوە.

**٩.** جەلیزادە بەبێ گوێدانە فشاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، بەشێک لە سنوورەکانی هێڵی سوور دەبەزێنێ و شیعرەکانی ڕووت دەکاتەوە لە پۆشاکی دابونەریت و کەلتوور و بوێرانە قسە لەسەر جوانیی ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی سێکسی و بابەتە قەدەغەکراوەکان دەکات و ئەو بەربەستانەش تێکدەشکێنێت, کە ڕێگری لە دەربڕینی بیروبۆچوون و هەستەکانی لەم بارەیەوە دەکات.
**١٠.** لە شیعرەکانی شاعیردا حەز و ئارەزوویەکی فراوان هەن بۆ ژن, ئاسان نییە بسڕدرێنەوە. شاعیر کەمتر تاسەی کچی کردووە، چونکە مەعشوقە بۆنێکی تر و ڕەنگێکی تری هەبووە کە لە کچاندا نەیبینوە. جگە لەمەش وەک لە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە, زۆربەی پەیوەندییەکانی لە پاڵ خۆشەویستیدا لە چوارچێوەی هەوەسبازی و چێژ وەرگرتنی جەستەیی بووە, نەک شتێکی دیکە.

**١١.** جوانیی دەرەوە و جەستەی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا، بە پلەی یەکەم و لە ترۆپک دایە، ئەوەی پێشی دەگوترێ ڕۆح یان خۆشەویستیی ڕۆحی لای شاعیر جگە لە وەهم و فەنتازیا شتێکی دیکە نییە.

**١٢.** جەلیزادە لەو شاعیرانەیە کە هەمیشە و بە بەردەوامی لە بەرهەمەکانیدا لە پاڵ جوانیی دەرەوەدا گوزارشتی لە جوانیی ناوەوە کردووە، کە خۆی لە خەبات و تێکۆشانی ئافرەت و ماف و ئازادیی ئافرەتدا بینیوەتەوە، لەم بارەیەوە باج و قوربانی زۆری داوە.

**١٣.** زۆربەی کات ئافرەت لە ڕوانگەی شاعیردا نیشتمانی یەکەمە. جوانیی جەستەی ئافرەت سەرنجڕاکێشترین و دڵگیرترین و پڕ چێژترین و پەسندترینە, ئافرەت تاکە سەرچاوەی چێژ و خۆشییە و هیچ هاوشێوەیەک و جێگرەوەیەکی دیکەی نییە.

**١٤.** شاعیر هەموو ڕەگەزەکانی سروشت بە گشتی، وەک ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت یاخود ڕەگەزی مێینە بینیوە، جوانییەکانی سروشتیش بە سێبەر و وێنەیەکی کۆپی کراوی جوانییەکانی ئافرەت زانیوە. ئەم دووانە دوالیزمی بەشێکی زۆری دەقەکانی شاعیرن. هێندێ جار درەختێک و ئافرەتێک، کانییەک و ئافرەتێک، مانگ و ئافرەتێک، ڕووبارێک و ئافرەتێک، لقی دارێک و قۆڵی ئافرەتێک وەک یەک دەبینێت. هەر بۆیە ئافرەتی بە سەرچاوە و هۆکاری سەرەکی چێژ و خۆشی و هەموو جوانییەکان زانیوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ بەزمانی کوردی:**

**أ/کتێب:**


_ ئەحمەدی، بابەک(٢٠٠٨)، هەقیقەت و جوانی، و: مەسعود بابایی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.

_ ئەفروز، کیاندوخت نور( ٢٠١٢)، بەکەم ژماردنی ئافرەت لە درێژایی ڕۆژگارەکاندا، و: وریا قانع، چ١، چاپخانەی ئاوێنە، دەزگای چاپ و بەخشی جەمال عیرفان، سلێمانی.

_ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد( ٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ١، ناوەندی غەزەلنوس، چاپخانەی تاران.

_ ئیبراهیم، زەکریا( ٢٠١٣)، فەلسەفەی هونەر لە فیکری هاوچەرخدا، و: دلێر میرزا، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

_ ئیمام، ئیمام عەبدولفەتاح(٢٠١٣)، ئەفلاتون و ژن، و : هاوار محەمەد، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

_ .ئیمام، ئیمام عەبدولفەتاح( ٢٠١٣)، ئەرستۆ و ژن، و: سەرکەوت جەلیل، چ١، چابخانەی موکریانی، هەولێر.

_ ئاشنا, ئومێد(٢٠٠١), دەربارەی ئەدەب و مێژوو، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

_ ئەلمازی، شوکری عەزیز (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەبی، و: د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

_ بارت، ڕۆلان( ٢٠٠٧)، چێژی دەق، و: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

_ برێسلێر, چارلس(٢٠٠٢), ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخاڵق یعقوبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

_ بۆڵی، غەمگین(٢٠١٤)، جوانیناسی لە ئاوێنەی ڕەخنەوە، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

_ پیربال، فەرهاد (٢٠٠٦)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپخانەی منارە، چ٢، هە ولێر.

_ تەبەری,  ئیحسان(١٩٩١), ئیستاتیک و هونەر، و: هێدی، چاپی یەکەم، ئەڵمان.

_ جەمال، سۆزان(٢٠٠٩)، سایکۆلۆژی و مێیەتی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠٠٧)، شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات، چ ٢، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠١٢)، باخچەکانی مەلەک تاوس، چ١، دەزگای چاپ و بەخشی حەمدی، سلێمانی.

_ جەلیزادە،  قوباد(٢٠١٧)، هایکۆکانی قوباد، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

_ جەلیزادە، قوباد( ٢٠١٨)،  بەردێک دەگرمە کیسەڵێک، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی،

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠١٨)، کۆلانە شینەکانی منداڵی، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

_جەلیزادە، قوباد(٢٠١٩)، ژنێک لە جنسی باران ، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠١٩)، وەرە با ببین بەسەگ، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠٢٠)، تیپی مۆسیقای خەرتەلە، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠٢١)، ئەو خودایەی دایکم خۆشی دەویست، چ١، چاپخانەی تاران.

_ جەلیزادە، قوباد(٢٠٢١)، لە گەڕەکی باڵندانە ماڵەکەم، چ١، چاپخانەی تاران.

_ حەمەد، یوسف عوسمان(٢٠٠٤)، دەروونزانی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، هەولێر.

_ حەمەسالح، میقداد(٢٠١٣)، ئیستاتیکا، چ١، چابخانەی گەنج، سلێمانی.

_ حەوێزی، دەریا جەمال(٢٠٠٩)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات)ی قوبادی جەلیزادە، چ١، چاپخانەی کەماڵ، سلێمانی.

_ حەمەد، یوسف عوسمان( بێ ساڵ)، چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک،هەولێر.

_ حوسێن، هیمداد(٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

_ خەزنەدار, مارف( ٢٠٠٥),  مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

_ دەشتی، کەریم (٢٠٠٤),  ئەدەب و فەلسەفە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

_ ڕید، هێرد بێرد(٢٠٠٧)، مانای هونەر، و: سەربەست خەسرەو عارف، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

_ ڕەسووڵ, عیزەدین مستەفا(١٩٩٠), ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

_ ڕەسول، شوکریە، ١٩٩٠، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

_ زیما, بێرڤی(٢٠٠٤), هەڵوەشاندنەوەی گەرایی، و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای ڕێبین بۆ چاپ و پەخشی کتێب، هەولێر.

_ سەجادی، بەختیار، مەحمودی،  محەمەد(٢٠٠٤)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ،چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ ساڵح، سەلیم ڕەشید(٢٠٠٥ ),  شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

_ شارەزا، کەریم(١٩٩٧)، وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان ،ژ ٩، هەولێر.

_ قەرەداغی، مەهاباد( ٢٠١٨)، ئافرەتیزم،  چ١،  چاپخانەی شەهاب، لە چاپکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەولێر.

_ عەزیز حەمید (٢٠٠٥) , سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

_ عەزیز،  حوسێن محەمەد(٢٠٠٧), یاقووت و زمڕوتی کوردی(سروشتی جوانی)، بەرگی سێیەم، چاپخانەی سیما، کوردستان، سلێمانی.

_ کەریم، ئازاد عەبدولواحید(٢٠٠٥)، سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی لە ڕووی پێوەرە ئاکارەکانییەوە، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

_ گەردی، سەردار ئەحمەد(٢٠٠٤)، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ – ١٩٩١) چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

_ لیۆتۆلستۆی( ٢٠٠٩)، هونەر چییە، و :هەژار ڕەحیمی، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

_ میراودەلی، کەمال(٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلیمانی.

_ میراودەلی، خەسرەو( ٢٠١٢)، ئایین و ئیستاتیکا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

_ موجاهد، موجاهد عەبدول منعەم( ٢٠١٣)، زانستی ئیستاتیکا، و: عەبدوڵا گەرمیانی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_ مەتەر، ئەمیرە حیلمی(٢٠١٩) ,ئیستاتیکا – فەلسەفەی جوانی، و: ڕەمەزان حەمەددەمین، چ١، چاپخانەی چوارچرا.

_ مەلا کەریم، محەمەدی (١٣٩٠) هەتاوی، دیوانی گۆران، چاپخانەی تەهران ئانا، تاران.

_ مەحمود، ئازاد (٢٠٠٥)، بونیادی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ موکریانی، کوردستان(٢٠٢٠)، وێنەی ڕەگەزی مێ لە نێو دیوانی ژنێک لە جنسی بارانی قوبادی جەلیزادە، چ١، خانەی چوار چرا، سلێمانی.

_ هاڵبێرگ ، پیتەر و دانەرانی تر(٢٠١٠)، تیۆری ئەدەبی شیوازناسی، و: ئەنوەر قادر، چ ١، هەولێر.

**ب/ نامەی ئەکادیمی:**

_ تەیب، هەڤاڵ سەلیم(٢٠١٣)، چێژی ئەدەبی لە شیعری نوێی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی دهۆک، کۆلیژی ئاداب، بەشی کوردی, دهۆک.

_ سەعید، زاهیر ئیسماعیل(٢٠١٤)، ڕۆڵی گرووپی نوێخوازی وێران لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلیژی زمان، بەشی کوردی، کۆیە.

_ شێخبزێنی، سەعد فاروق یوسف(٢٠١١ ), بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلیژی ئاداب، بەشی کوردی، هەولێر.

_ عەبدولمەجید، ئاڵا دارا (٢٠١٤)، ئافرەت لە دیدی مەلای گەورە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، هەولێر.

_ کازم, حسین شێخ(٢٠١٧)، جوانیناسیی عیرفانی لەشیعرەکانی شێخ نورەدینی بریفکانی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی، سۆران.

_ مستەفا، ئاسۆ عومەر( ٢٠٠٣)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، هەولێر.

_ مەولود، ڕێزان ساڵح(٢٠١١) ، پێگەی ژن لەدیدی قوبادی جەلیزادە و نزار قەبانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، فاکەلتی پەروەردە، بەشی کوردی. هەولێر.

**ج/ گۆڤار:**

_ ئەدۆنیس(٢٠٠٠), شیعر ئەو ڕەگەزەیە کە دژوارەکان یەک دەخات، و: ئارام سعید، گ. ئاینده، ژ ٦، هەولێر.

_ ئەحمەد، تریفە عومەر، زاهیر ، سازان(٢٠٢٠)، پێکەوە هاتنی ناباو لە شیعردا، ساڵح بێچار و شێرکوبێکەس، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ ٧/٢، گەرمیان.

_ بەرزنجی، عوسمان عەبدول (٢٠١٠)، جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ،گ . زانکۆی سلیمانی ، ژ.٢٧، کانونی دووەم، بەشی ب، سلێمانی.

_ تاتانی، محەمەد حەمەدئەمین، حسێن، ناهیدە ، (ئازاری ٢٠١٦)، ئیستاتیکای وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەد دا ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان ، خولی سێیەم، ژ ٦، بەشی B، هەولێر.

_ حسێن، هیمداد (٢٠١٨)، ئیستاتیکای پەرناسیزمی شیعری گۆران، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ب٢١ ژ ٢ زانکۆی سەڵاحەدین، هەولیر،

_ حوسێن، محەمەد تەها( ٢٠٠٧)، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مێیەتی و هاولاتی بوونی ریان ڤۆت، گۆڤاری مێرگ، ژ٢٣ ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ حەسەن, حەمە سەعید( بەهار٢٠٠٠ ), شیعری رۆمانتیک، گۆڤاری رۆمانسی، ژ ١،هەولێر.

_ جەهانبەگلو, ڕامین(٢٠٠٧)، ئازادی لە ڕوانگەی هیگل و کانتدا، و: ئاکار مەریوانی، گ. سەردەم، ژ ٥٢, سلیمانی.

_ شارەزا، کەریم مستەفا(١٩٨٩), جوانی لە شیعردا، گۆڤاری کاروان، ژ. ٧٩، بەغدا.

_ فەتاح، ڕزگار عومەر(٢٠١٩)، جوانکاریی وشەیی لە شیعرەکانی سامی عەودالّدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەرگی ٢، ژ ١، کۆیە.

_ فەتاح، رزگار عومەر (٢٠١٩)، هەستگۆڕکێ لەشیعرەکانی عەبدوڵا پەشێودا، گۆڤاری زانکۆ سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ٢٣، ژ ٢، هەولێر.

_ فەتاح، رزگار عومەر(٢٠١٥)، چێژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٢، ژ ٤، ڕانیە.

_ گەرمیانی، عادل(٢٠١٠)، ڕۆلان بارت لە نێوان چێژی دەق و خۆشی دەق دا، گ ٠هەنار ، ژ ٥٥، هەولێر.

_ عەبدوڵا، ئیدریس(ئایاری ٢٠١١)، فەلسەفەی جوانی لە ئەدەبی مۆدێرنی کوردی، گ. رامان، خ(٢٣)، ژ(٣)،

_ عەزیز، حەمید (٢٠٢٠) ، فەلسەفەی جوانی هونەر، گۆڤاری ڕامان ، ژ ٢٧٦/٢٧٥، هەولێر.

_ غەفور، سروە تاهیر (٢٠٢٠) ڕەهەندی ئیستاتیکی لە دیوانی دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەسدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ.٧، گەرمیان.

_ مەحمود، فازیل مەجید( ٢٠٠٦)، چەمکی ئافرەت و پەیوەندییەکانی بەنەریتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوە لەشیعری بێکەسدا، گ. زانکۆی سلیمانی، ژ.١٧ ، بەشی B، سلێمانی.

_ محەمەد، عەبدولقادر حەمەئەمین (٢٠٠٩)، ژن لە دەقەکانی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی، ژ ٢٥، بەشی B، سلێمانی.

_ مەعروف، کەمال مستەفا( ٢٠٠٣)، وێنە لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی ،ژ . ١٢، بەشی B، سلێمانی.

_ محەمەد, ئامانج عوسمان( شوباتی ١٩٩٨), سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، گ. ڕامان، ژ. ٢، هەولێر.

**د/ دیدەنی:**

_ دیدەنی لەگەڵ قوبادی جەلیزادەی شاعیر لە ١_٤_٢٠٢١، کۆیە.

**دووەم / بەزمانی عەرەبی: أ/ کتێب:**

_ أفلاطون(١٩٩٤)، حاورة هيبياس الأكبر، ت : شوقي داود تمراز، الأهلية للنشر و التوزيع، القاهرة.

_ أبو ناضر، موريس (٢٠١٣)، اللذه ادبيه كما اختلف حولها المفكرون، ادبها والشعراء، بغداد.

_ ابراهيم، زكريا (٢٠١٤), مشكلة الفن الجمال من المنظور الفلسفي, ط ١, بيروت.

_ اسماعيل, عزالدين( ١٩٨٦), الاسس الجمالية في النقد العربي، ط١, دار الشؤن الثقافية العامة, بغداد.

_ ابي يعلا، محفوض(٢٠١٧), ماهوجمال, مجلة افكار المغريبية, العدد ١٠, مؤسسة مؤمنون بلا حدود. الرباط.

_ ا.نوكس(١٩٨٥), النظريات الجمالية : كانت, هيجل, شوبنهاور, ت: شيا محمد شفيق,ط١, منشورات بجسون الثقافية, بيروت, لبنان.

_ ابو العزم, طلعت عبدالعزيز( ١٩٨١), الرؤية الرومانسيه للمصير الانسانى لدى الشاعر العربى الحديث, الهيئه المصريه العامه لكتاب، القاهرة.

_ بوبنر، روديجر(١٩٨٧)، الفلسفة الالمانيةالحديثة، ت: فؤاد كاميل، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد.

ـ بن عربي، خليفة(٢٠١١), اشكالية الذوق الفنى عند محمود شاكر, ط ١, دار الزمان، دمشق.

ـ بسطاويس، رمضان ـ غانم، محمد(١٩٩١)، فلسفة هيجل الجمالية, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر, مصر.

ـ بهنسي، عفيف(١٩٩٧)، الفكر الجمالى عند التوحيدى، المجلس الاعلى للثقافة, القاهرة.

ـ تجور, فاطمة( ١٩٩٩)، المرأة في عصر الاموي، منشورات اتحاد الكتاب العرب, بدون مكان.

ـ جمعة، ا.د. حسين(٢٠٠٩), التجربة الجمالية قراءة في النشاة والمفاهيم، دمشق, سورية.

ـ جلكنر, روبرت_انسكو, جيرالد(١٩٨٦) الرومانتيكية ؛ ما لها وما عليها،ت؛ د. أحمد حمدي محمود؛ الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

ـ جمال الدين، ابن منضور ابو فضل ـ بن مكرم، محمد( ٧١١هـ ), لسان العرب, دار صادر, بيروت.

ـ الجهاد، هلال( ٢٠٠٧), جماليات الشعر العربي, ط١, مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت.

ـ حاوي، ايليا( ١٩٨٦)، الجمالية في النقد والادب، ط٢, ج٢, دار الكتاب البناني, بيروت.

ـ حسين، خمرى (١٩٩٠)بنية الخطاب النقدي، دار الشؤن الثقافة العامة, بغداد.

ـ الحوفي, احمد محمد( ٢٠٠٢)، الغزل فى العصر الجاهلي، دار القلم, بيروت، لبنان.

ـ الخفاف, عبدالمعطي(١٩٩٩)، الحب والحرية، ط١ ، دار الشرق للنشر و التوزيع, رام الله, فلسطين.

ـ الخوالده, محمود عبدالله_ الترتوري, محمد عوض( ٢٠٠٦), التربية الجمالية علم النفس الجمال، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

ـ دولف، رايسر(١٩٨٦)، بين الفن و العلم، ت: الواسطي, دار المامون للترجمة والنشر , بغداد.

ـ درويش، احمد( ،١٩٩٧)، متعة تذوق شعر، ط١، دار غريب للطباعة و النشر، القاهرة.

ـ ديورانت, ول(٢٠٠٤)، قصة الفلسفة، ت : د.فتح اللةمحمد الشعشع، المعارف، بيروت، لبنان.

ـ درو, اليزا بيث( ١٩٦١) الشعر كيف نفهمه ونتذوقه، ت :الشوش ابراهيم، بيروت.

_ فرحان, محمد جلوب(١٩٨٩)، دراسات فى فلسفه التربيه، مطبعة التعليم العالى، موصل.

_ فيكوف، م.اوفسيا_ نوفا، سمير( ١٩٧٥) موجز تاريخ النظريات الجمالية، ت : باسم السقا، دار الفارابي, بيروت.

_ زكارية، هديل بسام( ١٩٩٨)، المدخل في العلم الجمال، ط١, المعهد الدبلوماسي, الاردن.

_ ستولينتز، جيروم(١٩٨١)، النقد الفني دراسة جمالية وفلسفية, ت: فؤاد زكرياء, المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت, ط٢, بيروت.

_ سليمان، محمد سليمان(بدون السنة)، محاكاة الشعر الجاهلي بين التقليد والابداع، ط١، دار القضاء لدنيا الطباعة والنشر، بيروت.

_ شرتح، عصام عبدالسلام(٢٠١٥)، اللذة الجمالية في الحقول المعرفية, سوريا.

_ شرتح، عصام عبد السلام( ٢٠١٦)، الحس الجمالى عند الشعراء الحداثة المعاصرين, ط١، بدون مكان.

_ شرتح، عصام عبد السلام(٢٠١٦), اللذة الجمالية في قصائد محمد علي شمس الدين, سوريا.

_ شرتح، عصام عبدالسلام(٢٠١٧)، الرؤيا الجمالية في شعر بشرى البستاني, منبر حر للثقافة والفكر والادب، سوريا.

_ شكير، عبد المجيد(٢٠٠٤)، الجماليات، ط ١، دار الطليعة الجديدة, دمشق.

_ الشنيطى، عصام محمد(١٩٧٩), الجمالية والواقعية فى نقدنا الادبى الحديث، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت.

_ الشمري, ليث(٢٠١٧), في جوهر الاستاطيقا, ط ١, بغداد.

_ الظاهري، أبو عبدالرحمن ابن عقيل(١٩٩٧), مبادئ في نظرية الشعر والجمال, رياض, مملكة السعودية.

_ عبد المال، عبد المال عبد الرحمن( ٢٠٠٥)، الانسان لدى فلاسفة اليونان في العصر الهيليني، مطبعة الوفاء، الاسكندرية, مصر.

_ عبد الرحيم، ياسر(٢٠٢٠)، معاير تحديد الجمال، مطبعة جامعةحلب, سوريا.

_ عبدالله، أمجد حميد(٢٠١٠)، نضرية التراسل الحواس – الاصول – الانماط – الآجراء، ط١، دار مكتبة البصائر، بيروت، لبنان.

_ عكام، فهد(١٩٨٥)، نحو معالجة جديدة للصورة الشعرية، انماط الصورة فى شعر أبي تمام، مجلة تراث العربي، عدد ١٨، دمشق.

_ الأعشى الكبير, ميمون بن قبس(١٩٩٣), شاعير مهدى محمد ناصرالدين، ط٢، دار الكتب العلمية ،بيروت، لبنان.

_ العتوم, ميسون(٢٠١٦), جسد المراة والدلالات الرمزية, جامعة عمان, الاردن.

_ الغزالي, محمد بن محمد(٢٠٠٣), احياء علوم الدين, ط١ , دار هلال, بيروت.

_ غزوان، عناد(١٩٩٤)، مستقبل الشعر والقضايا النقدية، ط١، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.

_ فتحي، نضال محمد(٢٠٠٩)، قراة النص الادبي، ط١ , دار وائل للنشر، الاردن.

_ قبانى، نزار(١٩٨٤)، المراة في شعري وفي حياتي, ط٣, منشورات نزار قبانى، بيروت, لبنان.

_ كانت(٢٠٢٠)، الجمال عند هيجل، ت: حمدان، فراس، موسوعة ستانفورد للفلسفة, بيروت.

_ الكيلانى، فالح(٢٠١٦)، مواطن جمال المراة في الشعر الجاهلي, وزارة الثقافة, بغداد, العراق.

_ موران, ادغار (٢٠١٩), في الجماليات، ت: تبيس، يوسف، ط١، وزارة الثقافة, القطر.

_ محمد، فاطمة(٢٠٢٠)، المراة بلسان الشعراء عبر العصور الادبي، الايام السوريه، ع٣، بغداد.

_ مكي، اطياف(٢٠١٤)، جماليات المكان في شعر نزار قباني، ط١، بغداد.

_ مطر، أميرة حلمي(٢٠٠٣)، فلسفة جمال اعلمها ومذاهبها، ط ١، مكتبة الاسرة، مصر.

_ محسن ، حاتم حميد(٢٠٢٠)، هل الجمال ذاتي ام موضوعي, مؤسسة النبأ للثقافة و الاعلام، بغداد، العراق.

_ محمود, على عبدالرزاق (١٩٩١), النقد الادبي الحديث ، دار الحكمه للطباعه و النشر، بغداد.

_ محمود, على عبدالرزاق(١٩٩١)، النقد الادبى الحديث دار الحكمه للطباعه و النشر، بغداد.

_ مصلوح، سعد(١٩٨٠) دراسة السمع والكلام، ط١، عالم الكتب، القاهرة.

_ مجموعه من مؤلفين(٢٠٠٢)، تأريخ الاداب الاوروبيه، القسم الثالث، ت: صباح الجهيم، وزاره الثقافه، سوريه، دمشق.

_ مرزوق, حلمى(١٩٨٧), الرومانتيكيه والواقيعيه فى الأدب، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

_ الموسى, خليل(١٩٩١), الحداثة في حركة الشعر العربي المعاصر, ط١, مطبعة الجمهورية, دمشق.

_ هيغل(١٩٧٨)، المدخل الى العلم الجمال، ت: الطرابيشى، جورج، ط ١، دارالطليعه، بيروت.

_ هويسمان، دني(١٩٧٤)، علم الجمال، ت: ظافر حسن، منشورات هويدات، ط١, بيروت.

_ الهاشمي، علوي(١٩٨٨)، ايقاع اللون في القصيدة العربية الحديثة، دار الحرية للطباعة، بغداد.

**ب/ نامەی ئەكاديمى:**

_ اديبيسي، احمد كمال الدين(٢٠١٢ ), الجمال عند ابن الرومي وشكسبير, رسالةماجستر, الجامعة الاسلامية, نيجيريا.

_ بن عربي، محي الدين(٢٠٠٩ ), التجربة الجمالية في العرفان الصوفي, رسالة ماجستر، جامعة عبد الحميد بن باديس مستغانم, كلية الآداب و الفنون, قسم اللغة العربية و آدابها, الجزائر.

_ بن عبداللة، زهية(٢٠٠٥), الجمال والجسد الانثوي, رسالة ماجستر, جامعة وهران, قسم علم الاجتماع, الجزائر.

_ بوزقزى، خيره(٢٠١٥)، الجمالية السيميائية في شعر نازک الملائكة, رسالة ماجستر, جامعة الجيلالي بونعامة بخميس مليانة, كلية الاداب, قسم اللغة العربية وادابها, الجزائر.

_ بن قلية، احمد(٢٠١٨)، صورة المراة في ديوان الاعشي الكبير, رسالة الماجستر, جامعة قاصدي مرباح, كلية الاداب واللغات, قسم اللغة العربية.

_ بنت عبد العزيز، رضية(٢٠٠٢), الاسس الجمالية في النقد الادبي عندالجاحظ, رسالة ماجستر، جامعة ام القرى، كلية اللغة العربية, قسم الدراسات العليا, السعودية.

_ بنت عبداللة، جواهر(١٤٢٢هجري), الام في الشعر السعودي الحديث, رسالة الماجستر، جامعة ام القرى, كلية اللغة العربية، قسم الدراسات العليا السعودية.

_حسن، هشيار زكى(٢٠١٠), البنية الموضوعية للجمال في الشعر الصوفي من القرن ٣_٨ هجري, رسالة دكتورا, جامعة كوية, كلية اللغات, قسم اللغة العربية, كوية.

_ الحوراني, هيا عطية صالح(٢٠٠٧), اثر عبادة الانثى في شعر الجاهلي و الاموي, رسالة ماجستر, جامعة الاردن, كلية الاداب, قسم الغة العربية, الاردن.

_ الرياطي، عزالدين عيد مسلم (٢٠١٨), التشكيل الجمالي في شعر ناجي علوش, رسالة ماجستر, جامعة الاقصى, كلية الاداب, قسم اللغة العربية, غزة, فلسطين.

_ الفريدى, نوير عبد المرزوق(١٤٣٦ه)، بلاغة التراكيب في كتاب الايمان من صحيح مسلم، رسالة ماجستر، جامعة القصيم، كلية اللغة العربية و الدراسات الاجتماعية، قسم اللغة العربية والادابها، المملكة العربية السعودية.

_ المحادين، عدنان محمد علي(١٩٨٦)، الصورة الشعرية عند السياب، رسالة ماجستر، جامعة بغداد, كلية الاداب، قسم اللغة العربية, بغداد.

_ رفاعي، انصار محمد عوض(٢٠٠٣), الاصول الجمالية والفلسفية للفن الاسلامي, رسالة دكتورا, جامعة حلوان, كلية التربية الفنية, قسم التربية الفنية, مصر.

_ زهر، فارس (٢٠٠٥ )، الصورة الفنية في شعر عثمان لوصيف, رسالة ماجستير، جامعة قسنطينية ,كلية التربية، قسم اللغة العربية، الجزائر.

_ زيادة، سارة حامد حامد(٢٠١٠) , القيم الجمالية للتعبير عن المراة, رسالة ماجستر, جامعة قناة السويس, كلية التربية, قسم التربية الفنية. مصر.

_ زروقي، محمد(٢٠١٣)، الجسد عند ادونيس، رسالة الماجستر, قسم اللغةالعربية, كلية الاداب, جامعة وهران, الجزائر

_ سلمى, بوقلقول( ٢٠١٦)، صورة المراة في شعر الاعشى, رسالة ماجستر, جامعه العربي بن مهيدى, كلية الاداب، اللغة العربيه, الجزائر.

_ الشمراني، فوزية بنت عبداللة بن عايض(٢٠١٠), الاخلاق في شعر حافض ابراهيم, رسالة الماجستر, جامعة أم القرى, كلية التربية, قسم دراسات, السعودية.

_ عبد المولي، أمينة(٢٠٠٣), أدب المراة النثري, رسالة ماجستر, جامعة البيت، كلية الاداب, قسم اللغة العربية, السعودية.

_ عبدالجبار، كادى قادة(٢٠١٥)، فلسفة الثقافة والجمال, رسالة الماجستير, جامعةوهران, كلية العلوم الاجتماعية, قسم الفلسفة, الجزائر.

_ عبد المولي، أمينة(٢٠٠٣), أدب المراة النثري, رسالة ماجستر, جامعة البيت، كلية الاداب, قسم اللغة العربية, فلسطين.

_ عبدالله، ليلى عثمان( ٢٠٠١), شعر الطبيعة بين ابراهيم ناجى و گوران، رساله الماجستير، جامعه سليمانييه، كلية اللغات، قسم اللغة الكردية، السليمانية.

_ العياضي، احمد(٢٠١٣), القيم الجمالية في الشعر الجزائري المعاصر, رسالة دكتورا, جامعة محمد خيضر, كلية الاداب واللغات, قسم الاداب واللغة العربية, بسكرة, الجزائر.

_ فضيلة، بوجلخة (٢٠١٨), التشكيل الجمالي في الشعر الجزائري الحديث, رسالة دكتورا, جامعة الحاج الخضر باتنة, كلية اللغة والاداب والفنون، قسم اللغة العربية، الجزائر.

_ القداح، محمد مرشد قسيم(٢٠١٥), القيم الجمالية في شعر ابن المعتز, رسالة الماجستر, جامعة جرش, كلية الاداب, قسم اللغة العربية.

_ محمد، نوروز شوكت(٢٠١١)، جماليات الوصف، رسالة دكتورا, جامعة السليمانية, فاكلتى العلوم الانسانية، قسم اللغة العربية. السليمانية.

_ مصطفى، مصطفى يحيى( ٢٠١٧)، التشكيل الجمالى فى شعر على فوده، رساله الماجستر، الجامعة الاسلامىية, الكلية الاداب، قسم اللغة العربية، غزة.

_ مصطفى، جمال سليمان,٢٠٠٣, جماليات النص, رسالة الماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية اللغات، قسم اللغة العربية، اربيل.

ـ مصطفى  پەری طه(۲۰۰۹)، جماليات اللون فى شعر نازک الملائكة, رسالة الماجستير, جامعة صلاح الدين, كلية اللغات, قسم اللغة العربية, اربيل.

ـ محى الدين، سهى صلاح( ۲۰۱٤)، الحب والكرة في شعر ابي فراس الحمداني، رسالة ماجستر, جامعة صلاح الدين كلية التربية, قسم اللغة العربية، اربيل.

ـ نور، محمد(۲۰۱۰)، جماليات الشعرالفصيح و العامي، ديوان الجواهري نموذجا، رسالة دكتوراة, جامعة ابي بكر بلقايد تلسمان، كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية, قسم الثقافة الشعبية, الجزائير

ـ الوهايبي، المنصف(۱۹۸۷), الجسد المرئي والجسد المتخيل في شعر ادونيس, رسالة الماجستر, الجامعة التونس, كلية الاداب, قسم اللغة العربية, التونس.

ـ ياسين، ربا محمود (۲۰۱٤)، أثر ادراک الأوان ,رسالة الماجستير ,جامعة دمشق ,كلية التربية، قسم علم النفس. دمشق، سوريا.

**ج/ گۆڤار:**

ـ جاسم، محمود عبدالرزاق( ۲۰۱۹), معاير و اسس قيم التربية الجمالية, مجلة كلية التربية, العدد ۳٥, جامعة بغداد.

ـ جيدوري، صابر( ۲۰۱۰)، الخبرة الجمالية و أبعادها التربوية، مجلة جامعة دمشق – المجلد ۲٦ ، العدد الثالث.

ـ جابي، حياة جابي(۲۰۱٦) , الرؤية الاستطيقية والعمل الفني, مجلة الخطاب، العدد ۲٥، جامعه لمين دباغين ، سطيف، الجزائر.

ـ حلبي، احمد طعمة(۲۰۲۰), التجربة الجمالية, مجلة التراث العلمي العربي, العدد ٤٥، جامعة قطر . قطر.

ـ رجوب، عهد الناصر (۲۰۱٥)، قراءه فى الجمالية الحديثة والمعاصرة, مجلة جامعة دمشق, المجلد ۳۱، العدد ۲, دمشق، سوريا.

ـ شرتح، عصام (۲۰۱٥)، الفاعلية الجمالية عند الشعراء الحداثة المعاصرين, مجلة بصرياثا, العدد ۲۳، سوريا.

_ عرفت پور، زينت ، سليمانى، امينه، ٢٠١٤، ضاهرة تراسل الحواس في شعر ابي القاسم الشابي وسهراب سبهري، مجلة اضاءات النقدية، سنة الرابعة. تهران.

_ عبيد، عبد الحسن خضير(٢٠٠٧) القيم الجمالية في شعر عمر النص, مجلة كلية التربية، المجلد ١٨ ,شهر ١، جامعة بغداد.

_ عبدجاسم، منتهى(٢٠١٢), فلسفة فن عن جون ديوي, مجلة كلية الاداب, جامعة مستنصرية, العدد ١٠١, بغداد.

_ قاسمي، ليلي ,ممتحن، مهدي (١٣٩٠) , الجمال اللوني في الشعر العربي من خلال التنوع الدلالي، مجلةجامعة أزاد ,سنة الثالثة، العدد ٩، تهران.

_ كايد، فؤاد فياض(٢٠١٧)، جمالية القبح في الشعر العربي القديم, مجلة جامعة الحسين بن طلال للبحوث, المجلد ٣, العدد ٢،الاردن.

_ مصطفى، مصطفى جلال(٢٠١٨), رؤية فكرية وفلسفية ونقدية معاصرة، مجلة الحوار المتمدن، العدد ٦٠٢٦، بغداد.

_ محمد، محفوض_حامد، اسامة (٢٠٠٣)، قياس التذوق الجمالي, مجلة ابحاث كلية التربية, المجلد ٢, العدد ١, جامعة الموصل، العراق.

_ مراد، حاكم(١٩٩٠)، الاختيار فى العمل الفنى، مجله الثقافة, العدد ٣, السنة ٦، الجزائر.

_ نقرش، عمر محمد(٢٠١٣)، جماليات القبح فى النص المسرحى، مجلة دراسات العلوم الانسانية والاجتماعية ,مجلد ٤٠, العدد ٢، بغداد.

_ الهلالي، وسام محمد منشد(٢٠٠٧), الجمالية في النص الشعري, مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربية, العدد ٣_٤ , المجلد ٦، جامعة القادسية، العراق.

**سێیەم / زمانی فارسی:**

أ/ کتێب:

_ابراهاموڤ، بنیامین(۱۳۸۸) عشق الهی درعیرفان اسلامی بنیامین، ت : حمیرا ارسنجانی، چاپ ۱، تهران.

_ کریمي، پرستو(۱۳۸۷)، حواس پنجگانه و حسامیزی در شیعر، پژوهشی گوهرگویا، سال دوم، شماره ۸، تهران.

_ مارکوزه، هربرت، (۱۳۹۹)، بعد زیباشناختی، ت: مهرجونی، داریوش، چاپ ۸، چاپ رسام، تهران.

_ هیوم، دیوید(۱۳۹۹)، جستارهای زیبایی شناختی، ت: کرمی، محسن، نشر کرگدن، تهران.

_خواجات، بهزاد(۱۳۹۱)، شعر مؤنث، نقش شاعران زن در شعر امروز ایران، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال چهارم، شماره پازدهم بهار ۱۳۹۲، دانشگای ازاد اسلامی، تهران، ایران.

_ رسولی پور، رسول روشن، محمد(۱۳۹۵) ارزشناسی جایگاه زن (همسر) در شعر معاصر فارسی و عربی، کاوش نامه ادبیات تطبیقی ، سال ششم، شمارة ۲۲ تابستان، دانشگده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه.

_ صبور، داریوش،۱۳۸۲، آفاق غزل فارسی، چ اول، زوار، تهران.

**ب_ گۆڤار: -**

_ ایشانی، طاهره(۱۳۹٤)، انتقاد در شعر شاعران زن پس از انقلاب (فاطمه راکعی و سپیده کاشانی)، پژوهش نامه زنان پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال ٦، شماره ۲، تهران، ایران.

_ ابراهیمی، مختار(۱۳۹۲)، گرایش فمنیستی در شعر سیمین بهبانی، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال٤، شماره ۱٦ ، دانشگاه شهید جمران، گروه زبان و ادبیات فارسی، دانشگده زبان و ادبیات فارسی، اهواز ، ایران. _دشت خاکی، علی ضیاء الدینی( زمستان

١٣٩٥)، بررسی تطبیقی الرسوله بشعرها الطویل حتی الینابیع از انسی الحاج و آیدا در آینه از احمد شاملو، نشریه ادبیات تطبیقی، سال٨ ، شماره ١٥، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر کرمان، ایران.

_ عطاشی، عبد الرضا (١٣٩٦)، سیمای زن در شعر معاصر مصر ، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ ، سال٨، شماره ٣١، گروه زبان ادبیات عرب، دانشگاه ازاد اسلامی، آبادان ، ایران.

_ قارەمانی جعفەر_شێخ ئەحمەدی، سەید ئەسعەد، ١٣٩٦ هەتاوی، بژوهشنامه ادبیات کردی، سال سوم، شماره ٤، پایز و زمستان.تهران.

_ کروچه(١٣٩٣)، کلیات زیباشناسي، ت: فؤاد روحاني, شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

_ گراهام، گوردن(١٣٩٤)، فلسفه هنرها، ت: مسعود علیا، چاپ اول، چاپ شمشاد، انتشارات ققنوس، تهران.

_ هگل گ. و .ف(١٣٩٤)، مقدمه‌ای بر زیبایی شناسی، معصومی ستاره، چاپ دوم، انتشارات نگاه، تهران.

_ جهانمرد، محبوبه(١٣٩٦)، اشتراکات زیبایی شناسی و مضمون پردازی، زلف معشوق در شعر فارسی و عرب، فصلنامه‌ی علمی، پژوهش های ادبیات تطبیقی، دانشگاه پیام نور، زرین شهر، دوره ٥، شماره ٣، ایران.

_ متحد، شیوا حسن، کاوس، کیانی حسین(١٣٩٦)، وجه زنانه نمادها در شعر معاصر فارسی و عربی، بانگاهی به شعر احمد شاملو و عبد الوهاب البیاتی، فصلنامه پژوهش های ادبیات تطبیقی، دوره ٥، شماره ١، گروه زبان و ادبیات عربی، دانشگاه شیراز، ایران.

_ رخشنده‌نیا، سیده اکرم – نعمتی قزوینی، معصومه(١٣٩٣)، تحلیل مقایسه‌ای اشعار نازک الملائکه و فروغ فروغزاد از منظر نقد اجتماعی، پژوهش نامه زنان پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال ٥، شماره ١، دانشگاه پیام نور، ایران.

ب/ ئینتەرنێت:

_-هديل بكري, ٢٠٢٠, ماهي علامات الجمال عند المرأة, https//mawdoo3.com:/

How to Be Beautiful", www.wikihow.com, Retrieved 10,-12,-2018" _

چوارەم /زمانی ئینگلیزی:

_Guyer, Paul (2014), 18th Century German Aesthetics. Stanford: .Encyclopedia of philosophy.

_Thomas Munro, "Aesthetics", The World Book Encyclopedia, Vol. 1, ed. A.

_ Richard Harmet, et al, (1986), Chicago: Merchandise Mart Plaza.

_ Slater, Barry Hartley. "Aesthetics". Internet Encyclopedia of Philosophy.

_ Riedel, Tom (Fall 1999), "Review of Encyclopedia of Aesthetics.

_ vol. Michael Kelly". Art Documentation: Journal of the Art Libraries .Society of North America. 18 (2): 48.

_ Shelley, James (2017), "The Concept of the Aesthetic", in Zalta, Edward N. (ed.), The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Winter 2017 ed.), Metaphysics Research Lab, Stanford University, retrieved 9 December 2018.

_ Hume ,1963, philosophy of David Hume ,London.

_ Deleuze et Guattari(1993) “Qu’est ce que la philosophie? Cérès editions-Tunis.

_ O'Malley, G,( 1957). Literary synesthesia. The journal of aesthetics and art criticism, 15(4). -

_ Marks, L.E.( 1984), Synesthesia and the arts. Advances in Psychology, 19. -

## ملخص الرسالة:


هذه الرسالة المعنونة ب (جمالية المرأة فى شعر قوباد جليزادة) هي فرصه سانحة للتعرف على جمال المراة، ومدى قيمتها واهميتها ودورها في الشعر, واكتشاف المفاتيح والرموز الجمالية الفنية الشعرية وامكانياتها، وتجليات الجمالية الشعرية عند الشاعر, والنعرف على القيمة الحقيقية للشاعر ومكانته. وان الغرض الرئيسي في هذا المشروع هو اظهار المواضيع الغامضة فى جمالية المرأه وفلسفتها في اشعار الشاعر، وفي جانب آخر اظهار الجوانب المخفية لجمال المراة عند الشاعر الكبير، ومقدرة الشاعر وكفاءته و خبرته وسليقته من ناحية اخرى.

ولانجاز هذا البحث اعتمدنا على المذاهب الوصفية والتحليلية لغرض تجسيد الاهداف الادبية التى تكون اسبابا رئيسية لخدمة الموضوع . واهمية الموضوع تكمن في انة يتناول قضية حساسة وذو شان كبير ولم يكتب عنه بالشكل المطلوب والاكاديمى في الشعر الكوردي. لذلك هدفنا في البحث هو اظهار دور واهمية جمالية المراة في الشعر عامة وفى شعر قباد جليزادة على وجه الخصوص .

والرسالة تتكون من ثلاثة اقسام ومقدمة، القسم الاول نظرى ومتكون من ثلاثة محاور: يتناول الاول عن تعريف الجمالية و مفهومها و تاريخها, المحور الثانى يتحدث عن المباديء و الاسس الجمالية, ويتكون من اسس: (النفعية، التعليمية، الاخلاقية، التاريخية، النفسية، الاجتماعية و الثقافية)، واما المحور الثالث فيتناول المشاكل الجمالية، خصوصا المشاكل المتعلقة بالمستوى الجمالية ومكانتها، مثل: ( اللذة الجمالية واثرها فى المؤلفات الفنية، جمالية التعقيد، مشاكل الحق و الخير و الاحساس).

أما القسم الثاني فمخصص للتأثيرات و مبادئ جمالية المرأه في اشعار جليزاده، ونسعى فيه تطبيق مبادئ و مفاهيم موجوده في النظريه الجمالية في اشعار الشاعر والمتعلقة باللذة والسعادة في النص الشعري بحسب الاحاسيس. وهذا القسم متكون من ثلاثة محاور: في المحور الاول تتناول اللذة الجمالية في اشعار الشاعر، اما المحور الثاني فتلقي الضوء على المرأة وجمالية الاحاسيس في اشعار جليزادة، بالاخص الاحساسيس العاليّة. و المحور الثالث يتناول عن الاحساس الدانية.

وفي القسم الثالث تحدثنا على بعض المبادى و المصادر الجمالية للمرأة في اشعار الشاعر وخصوصا فى المجالات الجمال الداخلي والخارجي للمرأة، التى كانت لها أهميه كبيره ومكانة عالية فى الادب، ومتكون من ثلاثة محاور: المحور الاول خصص للجمالية الداخلية للمرأه مثل: المرأه والحياة، والمرأه كانسان و كأم، المراءة كفرد، المرأه كنصف المجتمع،المرأه كالمسكينه. وفي المحور الثانى تحدثنا عن دورجسد المراة كمصدر للذه و السعادة، والمحور الثالث خصص للابعاد الجمالية للمرأه ويلقي الضوء على المواضيع: (المرأه و أفكار الحرية، المرأه و الارض و الوطن والامة، المرأه وجمال الطبيعه). وفي النهاية عرضنا نتائج البحث وقائمة المصادر وخلاصة البحث باللغتين العربية ، الانجليزية .

## Abstract

This dissertation is titled ‘woman aesthetic in Qwbadi Jalizada’s poems’. It is a valuable attempt to understand and gain insight into the women aesthetic in Jalizad’s poems and to determine the pillars and the levels of woman aesthetic from the perspectives of this outstanding poet. It also aims at figuring out the key and the code of artistic aesthetic in his poems to open the treasure chest of the aesthetics in the poems of the poet in order to reveal the real value and the prominence of the poet’s poems. Based on the scientific and technical requirements of this topic, this dissertation adopts a qualitative descriptive method. This dissertation consists of an introductory part and three chapters.

The first chapter is a theoretical introductory devoted to the aesthetic and the philosophy of aesthetics by considering the concept of aesthetics, its history and etymology, the bases, and characteristics. To fulfill this purpose, this study makes use of the scholars’ and authors’ perspectives. This chapter consists of three sections. The first section identifies the concept of aesthetics, the women aesthetic and the development of this topic throughout history. The second section is concerned with the principles of aesthetic which involves conferring benefits, ethical, historically, psychologically, societally and educationally. The third section is devoted to the aesthetics problems by considering these issues that have impact on the level, the status and the criteria of the aesthetic, such as the problems of: aesthetic taste, artistic products, heavy aesthetic, virtuousness, and senses.

Chapter two is devoted to the influence and the principles of woman aesthetic in Jalizada’s poems. It takes all the artistic and signs into consideration that are helpful to catch a sight of the influences of woman aesthetic. This chapter consists of three sections: the first section is about woman and the taste of beauty in the concerned poet’s poems; whereas the second section is allocated to the women connected with the beauty of the senses, the impact of senses of vision, and audition.the third section about low senses.

Chapter three examines the principles and the sources of women aesthetic in Jalizada’s poems that concentrating on both inner and outer beauty of women that occupy a great position in his poems. This chapter consists of three sections: the first section is allocated to woman inner beauty such as woman and life, woman as a mother, woman as an individual, woman as a half of society, woman as a pain killer; the second section concentrates on the physical beauty of woman as a source of taste and pleasure; and the third section is devoted to the dimensions of woman aesthetic including women and the feeling of freedom; women, homeland and patriotism, and woman as a source of natural beauty. Finally, this dissertation ends with the list of the used sources, and with English and Arabic abstract.

إقليم كــــــوردستـــان- العـــــراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جـــــامعة سوران_ فاكلتي الاداب

# جمالية المرأة في شعر قوباد جليزادة

رسالة تقدم بها

## رزگـار عــمر فــتاح

إلى مجلس فاكلتي الاداب في جامعة سوران، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الدكتورا الفلسفة في الأدب الكردي

بإشراف

## أ.د. يادگار رسول حمدامين

٢٧٢٢ك ٢٠٢٢م ١٤٤٣هـ

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Soran University/ Faculty of Arts
Kurdish Department

# Woman Aesthetic in Qwbadi Jalizada's Poems

A thesis

Has Submitted to the Council of the Faculty of Arts at Soran University in Partial Fulfillment of the Requirements for Doctora Degree in Kurdish Literature

By

**Rzgar Umer Fattah**

Supervised By

**Prof.Dr. Yadgar Rasool Hamadamin**

2022 AD 2722 Kurdish 1443 Hijri